# کتێبخانە

**لە نێوان سەرهەڵدان و ناسیندا**

# کتێبخانە

## لە نێوان سەرهەڵدان و ناسیندا


ئامادەکردنی

**جەزا ئەحمەد قەرەداغی**

پیاچونەوەی زمانەوانی

**د. محەممەد احمد سەعید کەساس جەباری**

پیاچونەوەی زانستی

**سەعدوڵڵا نووری**



چاپی دووەم

**بژارکراو ، زیادکراو ،ڕەنکاوڕەنگ**

**سلێمانی** 2013

025
ق 929
قەرەداغی، جەزا ئەحمەد.
كتێبخانە : لە نوان سەرهەڵدان و ناسیندا / ئامادەكردنی جەزا ئەحمەد قەرەداغی ؛
محەمەدجەباری (پێداچوونەوە) ، سەعدوللا نووری .- 2.- سلێمانی: چاپخانەی شفان ، 2013 .
523 ل : ونە(رەنگاورەنگ)، خشتە + پاشكۆ : 18سم × 25سم ،.
1. كتێبخانە – زانست 2.جەباری،محەمەد كەساس (پێداچوونەوە)
3. سەعدوللا نووری (پێداچوونەوە) أ. ناونیشان .


- ناوی كتێب: كتێبخانە.. لە نوان سەرهەڵدان و ناسیندا
- ئامادەكردنی: جەزا ئەحمەد قەرەداغی
- بابەت: زانستی كتێبخانە
- مۆنتاژی كۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان و كامران اشرف قارەمانی
- دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: 1000دانە
- نرخ: 10000 دینار
- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە
- چاپی یەكەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی 2012
- چاپی دووەم: چاپخانەی ( شفان ) ساڵی 2013 (بژاركراو، زیادكراو ، رەنگاورەنگ)
- كوردستان _ سلێمانی
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەگشتییەكان ژمارە(2641) ی ساڵی 2012 پدراوە

# پێشکەشە بە:

- نێرراو و سەروەری مرۆڤایەتی پێشەوا محەممەد (د.خ)
- ئەوەی کە پێیدا دەنازم و خۆشم دەوێ و ناوی بەرز ڕادەگرم ولاٌتەکەم
- بە خاوەن جوانی و بەرزی و پارێزەری گشت بەرهەمە فیکرییەکان کتێبخانەکان
- بە ماندونەناسان و ڕووە فریشتەکانی بەخشینی زانیاری فەرمانبەرانی کتێبخانەکان
- بەپیرۆزترین شت لەلام کارکردن
- هەموو ئەوانەی فێری پیت و وشە و ڕستە و زانین و زانیارییان کردم مامۆستاکانم
- بەو مرۆڤەی هەمووومان قەرزاری ئەوین م. ئیبراهیم ئەمین باڵدار
- بەو کەسەی بەهەشت لە ژێر پێیدایە و بەوەش کە بە ناویەوە ناسراوم دایك و باوکم
- ئەو چرایەی کە ژیانمی ڕۆشن کردۆتەوە خێزانەکەم
- بە ئەستێرە بەرزەکانی نێو ئاسمانی ژینم ئۆژین، کاڵێ، کانی
- بە هەموو ئەوانەی کە خۆشم دەوێن چاوەکانی. ...
- بە تۆش.

## سوپاس و پێزانین:

- ✓ سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانەی پێش چاپکردنی ئەم بەرهەمە، بژاری کۆمەڵێك دەستەواژە و ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕستەی ناڕێکیان لە نێو ئەم بەرهەمەدا بۆ کردم.
- ✓ هەموو ئەوانەی بە هەر شێوەیەك بێ: بە هاندان.... بە سەرچاوە.... بە گفتوگۆ و بە لێدوان کۆمەکیان کردم.
- ✓ ئەو هاوڕێیەی کە بە پەنجە باریکەکانی پیتچنیی ئەم کتێبەی بۆ کردم.

ڕێز و پێزانینم بۆ گشت لایەك

## پەیڤێک

پەندێکی سویدی هەیە دەڵێت: شەرمەزارییە بۆ مرۆڤ ئەگەر دوای خۆی، شتێك بۆ مرۆڤایەتی بەجێ نەهێڵێت کە مایەی شانازی بێت، ئەم ڕستەیە کاریگەری لەسەرم بەجێهێشت کەم تا زۆر، بەڵام ئومێدێکی لە دڵمدا چاند، بەحوکمی ئەوەی شارەزای زانستی کتێبخانەم، لە توانامدا هەیە شتێك گەڵاڵە بکەم و بیبەخشم، نزیکەی 20 ساڵێك زیاترە لە کتێبخانەی زانکۆدا کار دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا شارەزای وردی ئەم بوارە هێندە کەمەم بەپەنجەی دەست دەژمێررێت.

هەرکاتێکیش کە خولێك دەربارەی زانستی کتێبخانە کرابێتەوە، وەك مامۆستا بەشداری وانە وتنەوەم کردووە، گومانیشم نییە پەیامێکم گەیاندووە بە بەرامبەر.

پاش کردنەوەی بەشی کتێبخانە و زانیاری لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی، شانازییە بۆم کە لە دەستەی دامەزێنەردا بەشدار بووم، وانەم وتۆتەوە بە بەردەوامی تا ئەم ساتە کە ساڵی2012یە، بەڵام گەورەترین گرفتی خوێندکاران نەبوونی سەرچاوەی پێویستە بە زمانی دایك و مامۆستای پسپۆڕی کتێبخانەیە.

هەر بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە دەبێت سەرچاوەیەك بۆ یاریدەدانی پرۆسەی خوێندن و بەرچاو ڕوونیی بۆ خوێندکارەکانمان ئامادە بکەم کە لە قۆناغەکانی خوێندندا سوودمەند بن لێی، ئەمە جگە لە سەرجەم فەرمانبەرانی گشت جۆرەکانی کتێبخانە، تا بە تەواوی لە ناسنامەی کتێبخانە و ئەرك و ئامانج و کارەکانیان شارەزا بن و بتوانن خزمەتێك پێشکەش بە خوێنەرانی کتێبخانەکانیان بکەن.

بە هیوای سەرکەوتن

# پێشەکی

سوپاسی بێ پایان بۆ خوای گەورە کە توانیم پاش هەوڵێکی کەم تا زۆر، ئەم بەرهەمە بێنمە بەر، وەك دەزانین سەرەتای هەموو کارێك گرانییەکی پێوە دیارە، بە تایبەتی بۆ من کە یەکەم جارمە کتێبێك بەرهەم بێنم چ جا بە وەرگێڕان و ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و یەکخستنی زانیارییەکان بێت، چونکە سەرچاوە لەسەر زانستی کتێبخانە کەمە. وا بزانم کارێکی ئاسان نییە و سەرکێشییەکی گەورەیە، نازانم تا چەند خوێنەر ڕازییە لەم کتێبە و چەند هەواداری دەبێت و خوێنەر پەسەندی دەکات.

ڕاستی ئەوەیە کە هەموو کەس ئەم کتێبە ناخوێنێتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە کاریان پەیوەستە بە کتێبخانەوە یان ئەوانەی کتێبخانەیان لەماڵەوە هەیە، ئەم پێشەکی نووسینە بەلامەوە زۆر قورسە، چونکە ڕۆحی کتێب پێشەکییەکەیەتی، هەر بۆیە هەندێ نووسەر پێشەکی کتێبەکانیان بە پێنووسی نووسەرێکی تر نووسراوە. لێرەدا نووسەری شارەزا ڕاستەوخۆ دەتوانێ قۆرخی خوێنەر بۆ ناو بابەتەکەی بکات، بەلاّم چۆن ئەمە گرنگە.

لەمەش ناخۆشتر بەلامەوە ناولێنانی ئەم کتێبە بوو، تا چەند ڕۆژێکیش پێش چاپکردنی هیچ ناوێکم بۆ لێ نەدەنرا، چونکە وەك م. گۆران دەفەرموێت: "هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم"، بۆ من قورس بوو، هیچ شتێك نەدەهات بە بیرمدا کە پڕاوپڕ وەك خۆی بێت، دوایی وشەی خەڵوەتگەی بیرم هەڵبژارد، چونکە وەك ڕووناکبیری عەرەب (عەبدوڵلاّ کنون) دەڵێت: (المكتبه هى معبد الفكر و معتكف المفكرين)، وا بزانم پڕاوپڕ جێی خۆی گرتووە کە کتێبخانە لانکەی هاوەڵەکانییەتی کە ئەوانیش ڕۆشنبیران و ڕووناکبیرانن، بە هیوای ئەوەی بە دڵی خوێنەر بێت.

لێرەوە دەچمە ناو باسەکەوە و دەڵێم:

ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەی ئەمڕۆ جیهانی گرتۆتەوە کە شۆڕشی گۆڕانکارییەکانە لە نوێبوونەوە و داهێناندا، کتێبخانەکانیشر یی، چ بە سەرچاوەی چاپکراو بێت، یا بە

سەرچاوەی ئەلکترۆنی، یان بە سیستەمی ئەلکترۆنی و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بێت، کاریگەری تەواوی بەجێهێشتووە.

بەڵام گرنگی کارەکە لە چۆنییەتی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی تەندروستدایە. واتە چۆن بتوانین سوودمەندی یەکەم لەم گۆڕانکارییانە خوێنەر بێت بەپلەی یەکەم، بە ئاسانترین شێوە بگاتە سەرچاوەی مەبەست. کتێبخانە هەمیشە پەنجەرەیەکی والاّیە بە ڕووی سوودمەنداندا و کە خوێنەر و توێژەران لە هەوڵی دابینکردنی پێداویستییە مەعریفییەکانیاندا بوون.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا کەلێنێکی گەورە لەم زانستەدا دروست بووە، کەم تا زۆر هەستی پێ دەکرێ، بەلاّم نەبۆتە بابەتی ڕۆژ، بەداخەوە گرنکی بە زۆر شتی کەم بەها دەدرێ، بەلاّم کتێبخانە زۆر کەم، چونکە خەمخۆرانی کتێبخانە کەمن، یا ڕاستر بلێم گوێیان لێ ناگیرێت تەنها لە بۆنەکاندا نەبێت، ئەویش لەبەر (میدیاکان)ە.

وەك زانراوە هەموو هەوڵێکی حکومەت بۆ پێگەیاندنی خەلکی تەندروستە بە زانست و زانیاری، مەخابن تەندروستیی ڕۆشنبیریی کەمتر بایەخی پێ دەدرێ، ئەوەتا هەریەك لە وەزارەتەکانی پەروەردە — خوێندنی بالاّ— ڕۆشنبیری— ئەوقاف - مافی مرۆڤ، ئەمانە کار بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی پڕچەك بە زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری دەکەن، بەلاّم ژینگەی ڕۆشنبیری لەبار ناسازێنن وەك پێویست، زانکۆ هەیە، بەلاّم داهێنان نییە یاخود کەمە، سیستەمی پێشکەوتووی خوێندن هەیە، بەلاّم عەقلی پتەو و تۆکمە بۆ وتنەوەی کەمە، خوێندەوار هەیە، بەلاّم ژینگەی خوێندنەوە کەمە یان لاوازە، ئەمانە گرفتی ئەمڕۆن، لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا، کتێبخانە ناوەندی بیری نوێیە بە تایبەتی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ.

ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی لەچاو کتێبخانەکانی دنیادا لە سادەترین ئاستدایە، هەژارە بە هەموو تەکنەلۆژیایەکی سەردەم (داتە بەیس)، هێزی زانستکار (پسپۆڕ و ڕاهێنراو)، هەروەها بە کەرەستە و باڵەخانە و بە ژینگەی خوێندنەوە و بە سەرچاوەوە، بەتایبەتی سەرچاوەی زانستی کتێبخانە. بۆیە دەلێم با کار بۆ کتێبخانەی سەردەمییانە بکرێ بەکردار نەك بە وتە، بەتایبەتی لە شارەکاندا کە یەك کتێبخانە نابێتە دابینکەری پێداویستییەکانی خوێنەر.

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە، بەشی یەکەمی دەروازەیەکە بۆ ناساندنی سەردەمی داهێنان و دروستبوونی نووسین و ئەو کەرەستانەی کە بەکاریان هێناوە لە نووسیندا، هەر لە ناولێانانیان لە نێو شارستانییەتە جیاجیاکانی وەك سۆمەر و میسر و یۆنان و ڕۆمان... هتد. گرنگی کتێبخانە لە ڕوانگەی ئەوانەوە باس دەکات، دواتر باسی سەردەمی سەرهەلّدانی چاپ و

چاپخانە لە جیهاندا و هاتنی چاپخانە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کوردستان بە تایبەتی، ئەمە جگە لە ئاماژەکردن بۆ کتێبخانەی کوردی لە پێش زاییندا.

بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوەی فیکری هەریەك لە (کتێب، دەستنووس، تێزی زانستیی، گۆڤار، ڕۆژنامە، سی دی) و چۆنیەتی تۆمارکردنیان لە کتێبخانەدا، و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆیان، لەگەڵ پێدانی چەند ئامۆژگارییەك بۆ دەرباز بوون لە هەر گرفت و کێشەیەك کە دێتە ڕێگا.

بەشی سێیەم تایبەتە بە هەڵبژاردنی سەرچاوە ی زانستی و ڕۆشنبیری بۆ کتێبخانەکان.

بەشی چوارەم تایبەتە بە وەرگێڕان و چۆنییەتی هەڵبژاردنی کتێبی وەرگێڕراو بۆ کتێبخانەکان.

بەشی پێنجەم تا کۆتایی، باس لە جۆرەکانی کتێبخانە دەکات کە بۆ هەر یەکەیان ناسنامەو سەرهەڵدان و گرنگی و کار و ئەرك و ئامانج و دیاریکردنی سەرچاوەی پێویست، لەگەڵ گیروگرفت و کێشەکانیان دەستنیشان کراوە. بەهیوای سوود وەرگرتن، وە توانیبێتم کەلێنێك لە دوو بواردا پڕبکەمەوە، یەکەم لە بواری زانستی کتێبخانە، دووەم وەك ڕێبەرێك لە کتێبخانەی کوردیدا لە بواری زانستی کتێبخانەدا.

# پێشەکی چاپی دووەم

کتێب ئەو هاورێ و هاودەمە خۆشەویست و بەکەڵکەی ئێمەی مرۆڤە کەهەمیشە کەلێنێکی گـەورەی لە ژیانماندا پڕکردۆتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوزانست و فیکرورۆشنبیرییەی پێمان دەبەخشێت، ئاسـتی وشیاری و تێگەیشتنی تاکی کۆمەڵگەش بەرزوفراوانتردەکات، هەرچی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەیە بیرمەندو داهێنەرورۆشنفکران هەرلەرێی کتێب و لاپەڕەکانی کتێبەوەیە کەتوانیویانە بیگەیێننە نەوەکان و کۆمەڵگەش پێشڤەچوونە جیاجیاکان بەخـۆیەوە ببینێت. هـەروەك دەزانین بەهاو پیرۆزی سەرچاوەکانی کتێب و کتێبخانەکان لەوەدایە کەوەك دامـەزراوەو سـەنتەرێکی زانستی، رۆشنبیریی، پەروەردەیی، کەلتووری و کۆمەلاٌیەتی دەرگا بەڕووی سەرجەم خەڵکیدا ( بەبێ ڕەچـاو

کردنی ڕەگەزو ئایین و نەتەوەو جۆری بیرکردنەوە) دەکاتەوەو زەمینەی چۆنییەتی کەڵك وەرگـرتن لەو سەرچاوەو زانیارییانەی لەخۆی گرتووە فەراهەم دەکات بۆئەوەی هەم سوودیان لێببینن و هـەم لە بەهاو بنەماکانی چەمکی کتێبخانەش بگەن.

بۆ ئەوەی ئێمـەش لەڕەوتی پێشـکەوتن و گۆڕانکارییەکـانی زانستی کتێبخـانە دانەبڕێین و، وەك کۆمـەڵگەیەکی مـۆدێرن و پێشـکـەوتوو لەم سەردەمـەی پڕتەکنەلۆژیـاو زانستەدا نەهێڵین کتێبخـانەکانمان تەنیا بریتی بێت لە ئەمـبارکردنی کۆمـەڵێك کتێب و گۆڤـاروبلاٌوکـراوە ئەوا دەبێ دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی لەو نووسەرو وەرگێڕانە بکەین کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ نووسین و ئامادەکردن و وەرگێرانی ئەوکتێب و سەرچاوانەی کەبابەتەکانیان پەیوەستە بە کتێبخانەو زانستی کتێبخانەوە کە بیگومان ئەمەش بەشێکە لەو گرنگیدان وخەمخۆرییەی کە بەرامبەربە زانستی کتێبخـانە ئەنجام دەدرێت و ئەو زەمینەیەش دەرەخسێ بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە رێی فێربـوونی زانسـتی کتێبخـانەوە دەتوانن کۆلێکشنی کتێبخـانەکانیان لەسەر سیستەمێکی سەردەمی و زانستییانـە رێك بخەن و خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی سەردەمییانە پێشکەشی سوودمەندانی کتێبخانەکانیان بکەن تاوەکو ئـەو ئەرك و پەیامە پیرۆزەی کەکتێبخانەکان لە پیناویدا کاری بۆدەکات بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە بەجێی بهێنێت و زۆرترین زانیاریش لەبەردەستی توێژەرو خوێنەرانی دابنێت.

خوێنەری هێژا ئەم کتێبەی لەبەردەستت دایە نموونەی ئەو سەرچاوە زانستییەی کتێبخانەیە کە چەندین زانیاری تایبەت بە کتێبخانەو سەرچاوەکانی کتێبخانەی لە خۆگرتووەو دەتوانرێت لەچەند

لایەکەوە سوودی لێوەربگیرێت ، هەرچەندە ئەم کتێبە چاپی یەکەمی بەر لە ئێستا بلاّوکراوەتەوە بەڵام لەبەر چەند نارێکییەك لە ڕێکخستنی بابەتە کانیدا ، دووبارە دەستکاری ڕێکخستنی بابەتەکانی کراوەتەوەو بابەتەکان بەشێوەیەکی زانیستی و ڕێکخراوەتەوەو چەندین بابیەتی دیکە ی بۆ زیاد کراوە وەك : دەست نووس و دانانی وێنەی تازەی پەیوەست بە بابەتەکان لەگەڵ خشتەی پۆلێنی دیوی دەیی کە لە چاپی یەکەم بەزمانی عەرەبی بوو لەم چاپەدا کراوە بەکوردی و وەك پاشکۆیەك لەکۆتای کتێبەکەدا دەبینرێت بۆیە چاپی دووەمی ئەم کتێبە بەشێوەو فۆڕمێکی جیاوازتر لە چاپی یەکەمی خراوەتەبەردەستی سوودمەندو کارمەندانی کتێبخانەکان تاوەکو بتوانن زیاتر سوودی لیّ ببینن ، هەروەها ئەم چاپە چاپێکی بژارکراو، بۆزیادکراوو ڕەنگاوڕەنگە. لەکۆتاییدا دەستخۆشی و هیوای سەرکەوتن بۆ مامۆستا جەزا .

سەعدوللّا نووری پیرداوود
پسپۆڕی زانستی کتێبخانە
هەولێر / 19 حوزەیرانی 2013

# بەرگی یەکەم

## بەشی یەکەم

**پاری یەکەم : کورتەیەك لە مێژووی نووسـين و سـەرهـەڵدانی کتێب**
**پاری دووەم : بەشەکانی کتێب**

# ناوەرۆك


| | | |
|---|---|---|
| 4 | پێشکەشە | |
| 6 | پەیڤێك | |
| 7 | پێشەکی | |
| 10 | پێشەکی چاپی دووەم | |
| 11 | نـاوەرۆك | |
| 21 | **بەرگی یەکەم– بەشی یەکەم** | |
| 22 | پاری یەکەم / دەستپێك | |
| 27 | کورتەیەك لەمێژووی نووســین و ســەرهــەڵدانی کتێب | |
| 37 | چاپ و مێژووی سەرهەڵدانی | |
| 40 | سەرهەڵدانی چاپ لە وڵاتە عەرەبییەکاندا | |
| 42 | چاپ و چاپخانە لە کوردستاندا | |
| 45 | پاری دووەم /بەشەکانی کتێب | |
| 52 | **بەشی دووەم : پاری یەکەم/ چەمکی هەڵبژاردنی کتێب لە کتێبخانەدا** | |
| 53 | چەمکی هەڵبژاردن | |
| 55 | گرفتەکانی هەڵبژاردنی هەندێ بابەتی پێویست بۆ کتێبخانە | |
| 59 | کێشەکانی هەڵبژاردنی کتێبی زانستی | |
| 60 | گرفتەکانی هەڵبژاردنی چیرۆك لەبەردەم ئەمینداری کتێبخانەدا: | |
| 63 | کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردنی کتێبی سایکۆلۆجی | |
| 64 | گرفتەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لای ئەمینداری کتێبخانە | |
| 65 | **پاری دووەم / ڕێگاکانی پاراستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە:** | |

| | | |
|---|---|---|
| 66 | پرۆسەی ئەژمار کردن، یان ئاماژەدان بە بوون | |
| 70 | ماوەی ئەژمارکردن - سوودەکانی ئەژمارکردن | |
| 71 | کارتی زانیاری گیرفانی کتێب | |
| 72 | رێساو شێوازەکانی گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە | |
| 73 | هۆکارەکانی خراپبوون و تێکچوونی لاپەڕەی نووسراوەکان و کتێبەکان لە کتێبخانەکاندا | |
| 75 | بەرگ تێگرتن یان جزوبەند کردن - گرنگیەکانی جزوبەند کردن | |
| 76 | زیانەکانی جزو بەند - بنیادنانی بەشی جزوبەند لە کتێبخانەدا | |
| 77 | تایبەتمەندیەکانی سەرۆك بەشی جزوبەند لە کتێبخانەدا: | |
| 77 | کرداری دوورخستنەوە و بژارکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە | |
| 78 | هۆکارەکانی دوورخستنەوەی سەرچاوەکان | |
| 79 | **بەشی سێ یەم–پاری یەکەم– بەشی سەرچاوەهاتوەکان(تزوید)**<br>**کلێشەی پەیکەری ڕێکخستنی کتیبخانە** | |
| 82 | بەشی سەرچاوە هاتووەکان. | |
| 83 | بەشی (سەرچاوەهاتووەکان یا بەدەستهاتووەکان) تزوید | |
| 84 | ئەرکەکانی بەشی سەرچاوەی بەدەستهاتوو | |
| 88 | **پاری دووەم / تۆماری سەرچاوەکانی کتێبخانە** | |
| 90 | تۆماری کتێب | |
| 92 | خشتەی تۆمار | |
| 113 | تۆماری سەرچاوەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارو سی دی و نامەی زانکۆیی و دەستنووس | |
| 117 | گۆڤار | |
| 119 | خشتەی تۆماریC.D | |
| 123 | بەشی تێزە - نامەی زانکۆیی- | |
| 126 | بەشی تۆماری سەرچاوەکانی دەستنووس | |
| 132 | **بەشی چوارەم – پاری یەکەم – سەرچاوەی هاتن المصادر** | |
| 135 | گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست (دارشتنی پلانێکی) گونجاو بۆ وەرگرتنی دیاری | |
| 136 | کڕین | |

| | | |
|---|---|---|
| 137 | سەرچاوەکانی کڕینی کتێب | |
| 138 | ئاڵو گۆڕ | |
| 142 | سپاردنی یاسایی – الایداع القانونی | |
| 143 | ئامانجەکانی سپاردنی یاسایی | |
| 144 | ژمارەی سپاردن (رقم الایداع): | |
| 145 | **بەشی چوارەم : پاری دووەم / وەرگێڕان** | |
| 146 | وەرگێڕان چییـــە | |
| 148 | مەرجەکانی وەرگێڕان لە کەسی وەرگێڕدا- کلیلی دەروازەکانی وەرگێڕان | |
| 149 | وەرگێڕ کێیە؟ | |
| 150 | جۆرەکانی وەرگێڕان | |
| 151 | ئەرکەکانی وەرگێڕ | |
| 152 | پێوەرەکانی هەڵبژاردنی کتێبی وەرگێڕراو لای ئەمینداری کتێبخانە | |
| 158 | **بەرگی دووەم–بەشی یەکەم–پاری یەکەم: بنکە زانیارییەکان–پاری دووەم : سەرچاوە زانیاریەکان** | |
| 160 | سەرچاوەکانی زانیاری – جۆرەکانی سەرچاوەکانی زانیاری | |
| 162 | ئامانجەکانی بنکە زانیارییەکان | |
| 163 | زانیاری | |
| 164 | شێوەکانی زانیاری - جۆرەکانی زانیاری | |
| 166 | خاسیەتەکانی زانیاری | |
| 167 | **پاری دووەم / بنکەی پاراستنی دەست نووس** | |
| 167 | دەست نووس | |
| 170 | پێکهاتەکانی دەستنووس: | |
| 175 | چەند نموونەیەك لە وێنەی دەستنووسەکان لە نێو کتێبخانەکاندا | |
| 176 | جۆرەکانی دەستنووس | |
| 177 | ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی نەمانی دەست نووسەکان دەدات. | |
| 182 | هۆکارەکانی لەناو چوونی دەستنووس | |
| 184 | گرنگترین ئامانجەکانی خانەی دەست نووس - کارەکانی خانەی دەست نووس | |

| | | |
|---|---|---|
| 185 | شوێن و جێگەی پاراستنی دەست نووس | |
| 187 | گرنگی دەستنووس | |
| 190 | بەڵگەنامە دەست نووسەکان | |
| 191 | جۆرەکانی بەڵگەنامە و ئەرشیف | |
| 193 | چۆنیەتی پۆلێن کردنی دەستنووسەکان | |
| 194 | سیفەتەکانی کەسی لێکۆڵەر لە بەڵگەنامەو دەست نووسەکان | |
| 195 | بنەماو شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە دەست نووسەکان | |
| 199 | پۆلێن کردنێکی وەسفی دەستنووسەکان | |
| 204 | پرشنگدارکردنی وێنە و هونەری جوانکاری وێنەکێشان و زێرکەفت کردن ... | |
| 205 | جزوبەندکردن (بەرگ تێگرتن) - نوژەنکردنەوەو چاککرنی دەست نووسەکان | |
| 206 | نوژەنکردنەوەو چاککرنی دەستنووسەکان | |
| 207 | لە نمونە دەگمەنەکانی دەست نووس | |
| 208 | بنەماکانی پێرست و پۆلێنی دەست نووسەکان | |
| 213 | پۆلێنی دەست نووسەکان | |
| 217 | **بەشی دووەم – پاری یەکەم / کتێبخانە گشتیەکان** | |
| 221 | جیاوازی نێوان سەرچاوەی ئەلکترۆنی و کتێب | |
| 222 | کتێبخانە گشتییەکان لەرووی قەبارەوە دەکرێن بە چوارجۆرەوە | |
| 227 | کتێبخانەی گشتیی قەبارە گەورە | |
| 226 | کتێبخانەی گشتیی قەبارە ناوەند- کتێبخانەی گشتی قەبارە بچووك | |
| 229 | ئامانجەکانی کتێبخانەی گشتیی | |
| 231 | سەرچاوەکانی کتێبخانە گشتییەکان | |
| 235 | کتێبخانەی لقەکان | |
| 238 | ڕێنمایی خواستن | |
| 239 | کێشەو گیرو گرفتەکانی کتێبخانە گشتییەکان- پێشنیازو چارەسەر بۆ گیرو گرفتەکانی کتێبخانە گشتییەکان | |
| 241 | **پاری دووەم / کتێبخانەی منداڵان** | |
| 252 | سەرچاوەکانی کتێبخانەی منداڵان- کاریگەری کتێبخانە لەسەر منداڵ | |

| | | |
|---|---|---|
| | کەرەستەکانی کتێبخانە (مێز و کورسی ) | 253 |
| | سیستەمی خواستنی سەرچاوەکان | 255 |
| | ڕێنمایی خواستنی سەرچاوە | 256 |
| | توماری سەرچاوەکان | 258 |
| | پێشنیار و چارەسەر | 259 |
| | **پاری سێ یەم / کتێبخانەی گەڕۆك** | 260 |
| | مێژووی سەرهەڵدانی کتێبخانەی گەڕۆك | 261 |
| | پەیامی کتێبخانەی گەڕۆك | 264 |
| | تایبەتمەندییەکانی کتێبخانەی گەڕۆك | 266 |
| | پۆلێنی سەرچاوەکان | 268 |
| | هاوکارانی کتێبخانەی گەڕۆك | 271 |
| | ئامانجەکانی کتێبخانەی گەڕۆك | 272 |
| | ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوەکان | 264 |
| | گرنگی کتێبخانەی گەڕۆك- پلانی کتێبخانە پێش دەرچوون بۆ جێگا دەستنیشانکراوەکان | 273 |
| | هەڵسەنگاندنی کتێبەکان بە پێی پێویست و خواستی دانیشتوانی ناوچەکە بێت | 274 |
| | ئەمینداری کتێبخانەی گەڕۆك | 275 |
| | چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گەڕۆك | 276 |
| | پێداویستی و پێکهاتەکانی کتێبخانەی گەڕۆك | 277 |
| | کارمەندەکانی کتێبخانەی گەڕۆك - ئەرکەکانی کتێبخانەی گەڕۆك | 280 |
| | لایەنە خراپەکانی کتێبخانەی گەڕۆك | 281 |
| | کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەڕۆك | 273 |
| | **پاری چوارەم / کتێبخانەی نەخۆشخانە** | 283 |
| | کتێبخانەی نەخۆشخانە چ رۆڵێکی هەیە | 284 |
| | نەخۆشییە جەستەییەکان- نەخۆشی دەروونی | 285 |

| | | |
|---|---|---|
| 288 | ئەرکەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە | |
| 289 | کارمەندانی کتێبخانە | |
| 290 | جۆری خواستن | |
| 292 | ئامانجی کتێبخانەی نەخۆشخانە | |
| 293 | بودجەی کتێبخانەی نەخۆشخانە | |
| 294 | نەخۆشییە دەروونییەکان | |
| 299 | شێوازەکانی چارەسەر بە خوێندنەوە | |
| 300 | جۆرەکانی سەرچاوەی فیکری کە بەکاردێت لە چارەسەر بە خوێندنەوەدا | |
| **304** | ئامانجەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە | |
| **305** | کارەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە | |
| **306** | چەند سەرنج و تێبینییەك | |
| **307** | **پاری چوارەم / کتێبخانەی زیندان = بەندیخانە** | |
| **309** | پێناسەی کتێبخانەی بەندیخانە | |
| **310** | ئامانجەکانی کتێبخانەی بەندیخانە | |
| **311** | بەندیخانە قوتابخانەی تێگەیشتنە لە ژیان | |
| **312** | کارەکانی کتێبخانەی بەندیخانە | |
| **314** | مافی بەند کراو | |
| **315** | لێپرساوی کتێبخانە – هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانەکە | |
| **316** | ئەو سەرچاوانەی کە نابێت بوونیان لە کتێبخانەی بەندیخانەدا هەبێت | |
| **317** | کەرەستە و پێداویستییەکانی کتێبخانە | |
| **319** | دەرئەنجام | |
| **320** | **بەشی سێ یەم –پاری یەکەم / کتێبخانەی زانکۆ .** | |
| **323** | ئەرکەکانی کتێبخانەی زانکۆ | |
| **324** | پێکهاتەی سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەی زانکۆ | |

| | | |
|---|---|---|
| | کێ بەشداری ئەکات  لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا | 325 |
| | مەرجەکانی شیاوێتی بەڕێوەبەری  کتێبخانەی  زانکۆ | 328 |
| | پەیکەری پێکهاتەی کتێبخانەی  زانکۆ | 329 |
| | تەلاری کتێبخانە | 330 |
| | هەڵبژاردنی سەرچاوە لە کتێبخانەی  زانکۆدا | 332 |
| | بنەماکانی هەڵبژاردن لە کتێبخانەی  زانکۆدا | 333 |
| | کتێبخانەی تایبەتمەند = المکتبە المتخصصە | 335 |
| | جۆرەکانی کتێبخانەی تایبەتمەند | 336 |
| | ئەرکەکانی کتێبخانەی تایبەتمەند | 337 |
| | مەرجەکانی ئەمینداری کتێبخانەی تایبەتمەند | 338 |
| | سەرچاوەکانی کتێبخانەی تایبەتمەند | 340 |
| | جیاوازی ئەم کتێبخانەیە لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا. | 341 |
| | هەڵبژاردن لە کتێبخانەی تایبەتمەندا | 342 |
| | **پاری دووەم/  کتێبخانەی نیشتمانی** | 345 |
| | کارو ئەرکەکانی کتێبخانە | 346 |
| | ئامانجەکانی کتێبخانە | 349 |
| | نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانیی لە کوردستاندا | 351 |
| | پێشنیار | 353 |
| | **پاری سێ یەم  /  کتێبخانەی قوتابخانە** | 354 |
| | جۆرەکانی کتێبخانە - جۆری یەکەم / کتێبخانەی ناوەندی قوتابخانە | 356 |
| | جۆری دووەم / کتێبخانەی بابەت | 357 |
| | جۆری سێیەم/ کتێبخانەی پۆل | 358 |
| | جۆری چوارەم / کتێبخانەی گشتیی خوێندنگەکان | 359 |
| | ڕێنماییەکانی وەرگرتن و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان | 364 |

| | | |
|---|---|---|
| 367 | ئامانجەکانی کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگەکان | |
| 371 | سەرچاوەکانی کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگەکان | |
| 372 | دیاریکردنی شوێن و جێگای کتێبخانە لە قوتابخانەدا | |
| 373 | کێشەو گیرو گرفتەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکان | |
| 376 | بەرپرسی کتێبخانە | |
| 377 | سەرچاوەکانی کتێبخانە | |
| 378 | مەرجەکانی خواستن لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا | |
| 379 | چوارچێوەی یاسایی کتێبخانەی قوتابخانە | |
| 384 | هەڵبژاردن لە کتێبخانەی قوتابخانەدا | |
| 385 | جۆرەکانی هەڵبژاردن بۆ کتێب و گۆڤار لە کتێبخانەدا | |
| 387 | مەرجەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوە | |
| 389 | **پاری چوارەم / کتێبخانەی کەسایەتی** | |
| 390 | ڕێگاکانی بەدەستهێنانی کتێب | |
| 392 | بەراوردێك لە نێوان سەرچاوەکانی ئەم جوچرە کتێبخانەو کتێبخانەکانی تردا | |
| 392 | جۆرەکانی کتێبخانەی تایبەت، کتێبخانەی ناولێنراو (کتێب فرۆش) | |
| 392 | کتێبخانەی نێو ماڵ | |
| 293 | سەرهەڵدانی کتێبخانەی تایبەت | |
| 395 | کتێبخانە تایبەتەکان و هێرشی هۆلاکۆ | |
| 396 | کتێبخانەی تایبەت لە سەردەمی نوێدا | |
| 397 | ئامانجەکانی کتێبخانەی کەسیەتی | |
| 399 | مەرجەکانی کتێبخانەی کەسیەتی | |
| 401 | سەردەمی ستەمکاریو کتێبخانەی کەسیەتی | |
| 403 | بابەتەکانی کتێبخانەی کەسیەتی | |
| 404 | ڕێکخستنی سەرچاوەکان - مەرجەکانی خواستن | |

| | | |
|---|---|---|
| 405 | تۆماركردنی سەرچاوەكانی كتێبخانەی تایبەت- كێشەو گرفتەكانی كتێبخانەی كەسیەتی | |
| 407 | بابەتەكانی ناو كتێبخانەی كەسیەتی - خاوەن كتێبخانەكان چی دەڵێن | |
| 409 | سەرنج و پێشنیار | |
| 410 | **پاری پێنجەم/ كتێبخانەی مزگەوت و ئەوقاف (كتێبخانەی مزگەوت)** | |
| 414 | كتێبخانەی ئەوقاف | |
| 471 | **پاری شەشەم / كتێبخانەی مۆزەخانە**– مۆزەخانەی نیشتمانی عێراقی | |
| | | |
| 422 | هۆڵەكانی مۆزەخانە | |
| 423 | مۆزەخانەی منداڵان | |
| 424 | كتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی | |
| 428 | گرنگی كتێبخانەی مۆزەخانە | |
| 429 | ئامانجەكانی كتێبخانەی مۆزەخانە | |
| 430 | دوا ووشە | |
| 431 | پاشكۆ | |
| 531 | سەرچاوەكان | |

# دەستپێك

پێویستە زۆر بە باشی پێناسەی کتێب لە هەموو کەس باشتر بکەم لە ڕووی زانستی و پێکهاتەو فەلسەفەوە، لەبەر ئەوەی پسپۆڕییەکەم لە بواری زانستی کتێبخانەدایە

سەرەتا دەڵێن: کتێب زادەی بیرو هۆشی مرۆڤە.

هاوڕێیەکی خۆبەخشە کە بێ بەرامبەر دەرگای ماڵی زانیارییەکانت بۆ دەکاتەوە، وەڵامی هەر پرسیارێکی لە خۆگرتووە کە خوازیاری بیت و بە دوایدا وێڵ بیت، لەگەڵ ئەوەشدا کتێب بەرهەمی کۆکراوەی هزرو فیکری مرۆڤە، کتێب کاسەیەکی پڕ حیکمەتە خواردنەوەی قومێك لەم کاسەیە پشوویەکی خۆش بە ڕۆح و بە فیکر دەدات، مەستی دوای هەوڵەکان دەبین، بۆت دەردەکەوێت پێش خواردنی ئەم حیکمەتە ژیان چ مانایەکی هەبووە، ئێستاش چ مانایەکی هەیە.

دەستت دەگرێ و هەموو دەرگاو دەروازەکانی خۆیت نیشان دەدات و سەر بە هەموو بابەتێکدا دەکات و سەرجەم زانیاری باشت نیشاندەدات و بە ماڵی ناوداران و زانایان و نووسەراندا گوزەر دەکەیت و سەر لە هەوارە چۆڵەکانی ئێستا دەدەیت، کە کاتی خۆی چ کاروان سەرایەك و چ تەلارێك بوون، ئێستا وا خامۆش و بێکەسن.

بە ناو باخچە ڕازاوەکانی دونیادا دەتگەڕێنێ و شورا و قەڵا و تەلار و کۆشکە شاهانەکانی سەردەمی کۆنت نیشان دەدا و ئامۆژگاریت دەکات لە لەخۆبایی بوون و چارەنووسی سەرجەم میر و پاشا و دەسەڵاتەکانت پێ دەڵێ و چارەنووسیانت بۆ ڕوون دەکاتەوە.

بەڵگەی سەلمێنەرت دەداتە دەست بۆ دەرباز بوون لە هەر کێشەیەك و چرای زانستت دەداتە دەستەکەی ترت تا ڕووناکی تاریکە شەوەکانی ژیانت بۆ ڕوون بکاتەوە و وات لێ دەکا لە فەلسەفەی ئایین و ژیان و شارستانییەتەکان باش تێ بگەیت، لە گێلیی و نەفامیی خۆت بەرامبەر بە تێگەیشتنەکانت وشیار دەکاتەوە

دڵی ئەم هاوڕێ دڵسۆزە قەت مەشکێنە، چونکە هەمیشە تۆ پێویستت پێی هەیە، با پردی پەیوەندیتان زۆر بە هێز بێ و هەوڵی لاواز بوونی مەدە، چونکە چ هێندەی خان دەوڵەمەند بی و چ گەدا بیت، ئەو زانیاریت لێ ناشارێتەوە، زۆر جار هێندە پیرۆزە لەسەر جێگا چاوانت لە ناو دێڕی لاپەڕەکانیدا مەلە دەکات و نوقم دەبێ لە دەریای باس و خواس دا، زۆر جاریش دەتخاتە گریان، گریانێك کە هەر خۆت ئازارەکەی دەزانیت کە چەندە سەختە بە تایبەتی لە مەسەلە ووروژێنەکاندا کە پەیوەندی بە ویژدان و خۆشەویستی و عاتیفە و سۆز و ئەویندارى هەیە بۆ کەسی بەرامبەر بێ ئەوەی بیناسی، تۆ لێرەوە فرمێسك دەڕێژیت یان ئاخ و حەسرەت و داخ دەڕێژی لەدەست ژیان و دونیا و خەڵك و ستەم.... هتد. زۆرجاریش لەوپەڕی بێدەنگیدا، بیدەنگی دەشکێنی و لە زرەی زنجیردارەکان

و هاواری بەندییەکان بەئاگا دێیت. جار جارەش خۆشت دەخاتە قاقای پێکەنین. نێوانی تۆ و ئەو نووسەرەی کە بەم دەردەت دەبات سەدان هەزار مەتر،یان کیلۆمەتر دوورن.

ئافەرین نووسەرانی بلیمەت، چ گێژاوێکتان خولقاند، میر و پاشا و گەدا و مامۆستا و جووتیارانتان بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە تووشی شۆك و گریان کرد. زۆرجار ئەوەی کتێب پێی بەخشیوین، هیچ کەس فێری نەکردووین، بە ژیانم ئامۆژگارییەکی خراپی نەکردووم، هەمیشە ڕێ نیشاندەرم بووە، خۆشم دەوێ، چونکە پارە بەهەر شتێك بدەی بە دەستی خۆت فرێی دەدەی، تەنها کتێب بە دەستی خۆت پارەی تێدا خەرج دەکەی،پیرۆزی کتێب لەوەدایە کە خوای گەورەش خاوەنی کتێبە. زۆر پێناسە بۆ کتێب کراوە، بەڵام لای من کەس وەك مامۆستا (هەژار ی موکریانی) نەیپێکاوە کاتێك دەڵێت:

{ دۆستی ڕاست و بێ منەت کتێبە و بەس — باسی چیرۆکت بۆ دەکات، مێژووت بۆ دەگێڕێتەوە، ئامۆژگاریت دەکات، بەڵام هەرگیز منەتت بەسەردا ناکات }.[1]

کتێب جوانترین دیاری و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە.

کتێب مامۆستایەکی بێدەنگ و هاوڕێیەکی بەڕێزە. کتێب لە ڕووی ناسینەوە ڕێکخراوی یونسکۆ ئاوا پێناسەی دەکات { هەر بەرهەمێکی فیکری کە لە دوو توێی دوو بەرگدا بێت و ناونیشان و نووسەرێکی هەبێت، و کۆی گشتی لاپەڕەکانی بگاتە پەنجا لاپەڕە، ئەوا بە کتێب دادەنرێت }[2]

بەڵام لە ڕووی فیکرەوە پێناسەی زۆری بۆ کراوە.

کتێب بریتییە لە زادەی بیر و هۆشی مرۆڤ و لە پێناو لەبیرنەچوونەوەو پاراستنیان لە فەوتان دەخرێتە سەر لاپەڕەکان. زۆر لەسەر کتێب نووسراوە و زۆری لەسەر دەگێڕنەوە، بەڵام مشتێك نموونەی خەروارێکە، ئەوەی لەسەری نووسراوە هەر زانایان دەزانن چی و چییە، ئەوەشی لە سەری دەگێڕنەوە ڕاستییەکانی ژیانە کە بە ئەزموون بۆمان نووسراونەتەوە و پابەندین پێوەی.

خوێندەوارانی جاران، کتێب پێی گەیاندوون،[3] جا کتێب لە مزگەوت بێ، یان خوێندگە، هەر خزمەتی کردووە. ئەم مامۆستا بەڕێزە (واتە کتێب)، چەند ئامانجێکی هەیە بۆ خوێنەرانی و حەز دەکات پشت بەو بەڵگانە ببەستن کە ئەم دەیانداتێ، یان ئەو بەڵگانە باش بپارێزن و لە کاتی پێویستدا بەکاری بهێنن، چونکە وەك وتراوە ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، بەڵگەش بۆ کاتی پێویست هەمیشە فێری قسەت دەکات و فێرت دەکات لە چ کاتێکدا پێی بێیتە وەڵام و چۆن سەرنجی

---

[1] هەژار موکریانی. چێشتی مجێور/ هەژار موکریانی - پاریس:《ب. ب》، 1991

[2] عبدالكريم الامين والاخرون ، الاجراءات المكتبية / الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، 1980

[3] - باخی کتیب ، کەناڵی کوردسات ، د عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ -2009

بەرامبەرەکەت ڕادەکێشێت، کە چۆن گوێت بۆ شل بکات و فێری خوێندنەوەی کەسایەتییەکانت دەکات. ئاگاداری ژیانی ڕۆژانەت دەبێت سەوداو مامەڵەی بازاڕیش فێر دەبیت. کەواتە دەتگۆڕێت لە نەزانەوە بۆ زانا، لە نەشارەزاوە بۆ شارەزا، لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، لە دوورەوە بۆ نزیك، لە نزمییەوە بۆ بەرزی، لە کەوتنەوە بۆ هەستان، لە ستەمەوە بۆ شۆڕش بۆ ژیان. .. هتد.

گەنجینەکەی قارون کەس نازانێ چەندی ماوە، بەڵام وتەی ناودارەکان زۆربەیان پارێزراون، ئای لەم گەنجینە جوانە کە چیی تیا نییە، ئەم فەرهەنگە بەپێزە باسی چی ناکا، وەك پیرەدار ڕازی کێی لە ژێر سەردا نییە و گوێی لە باس و خواسی کێ نەبووە. دەتوانم بڵێم کتێب هەرگیز پێناسەکەی دوایی نایەت، هەر کە کردتەوە، وەك دڵۆپێك لە دەریا وایە، نازانی بە کوێدا ڕابگەی و سەوڵ بۆ کوێ لێ بدەی، کەواتە دەبێت بڵێین: ئەی ئەبێ کتێبخانە چی بێت؟

پێناسەکردنی کتێبخانە لای من وەك ئەوە وایە پێناسەی ڕاستی خۆت بکەی، بەو پەڕی جورئەتەوە باشی و خراپییەکانی خۆت دەستنیشان بکەی، لەمەش قورسترە، چونکە کاتێك کە پێناسەی شتێك ئەکەین بە زهنی خۆمان پێناسەی دەکەین، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە خوێندومەتەوە، یان دەستم کەوتووە، یان لامە، بۆیە پێناسەی کتێبخانە بە درێژی دەکەم لام چاکترە وەك لە کورتی و پڕ واتا بێت. بۆئەوەی خوێنەر باش لێم تێبگات، با پێناسەیەکی خێرای بۆ بکەم.

کتێبخانە :-

ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فیکرییەیە، کە تێیدا زۆربەی زۆری بەرهەمە فیکرییەکانی مرۆڤایەتی تێدا کۆکراوەتەوە و ڕێکخراوەو پارێزراوە، ئەرکی ڕێکخستن و ئامادەکردنی بە مەبەستی بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆیانی لە ئەستۆدایە، بە پێی سیستەمێکی جیهانی سەرچاوەکانی پۆلێن دەکات و بەپێی سیستەمی دیاریکراو بەکار دێت، چالاکییەکانی بەپێی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدرێ، ئەرکی پاراستنی ئەم سەرچاوانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ئەستۆی ئەودایە.

کتێبخانە ئاوێنەی شارستانییەت و پێشکەوتنی گەلانە، کتێبخانە پێویستییەکی لەبن-نەهاتووی ژیانە، کتێبخانە لانەی بیرمەندان و ڕووناکبیرانە. هەروەها پێوەری کۆمەڵگەیە، واتە ئاستی ڕۆشنبیری و زانیاری کۆمەڵگەی پێ دەپێورێ، هەتاوەکو کتێبخانەکەت سەردەمیانە بێت لە سیستەمداو پڕ زانیاری بێت لە سەرچاوەدا و بە ناونیشان و بابەت دەوڵەمەند بێت وەك لە ژمارەی کتێبدا، ئەوا کتێبخانەیەکی نموونەییت هەیە، جا لەمە باشتر ئەوەیە زوربەی زۆری سەرچاوەکان دانراو بن، چاکترە وەك لەوەی وەرگێڕراو بێ، هەرچەندە وەرگێڕان بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە ناسینی کولتووری گەلاندا.

کتێبخانە ماڵە جوانەکەی، یان شارە جوانەکەی نووسەران و بیرمەندان و شاعیران و مێژوونووسان و زمانزان و دەروونناس و مافناس و سیاسەتمەدار و هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوییە، بە گشت

چین و توێژ و ئایین و خێڵ و ناوچە و چیانشین و گوندنشین و سەرجەم گەڕیدە و فەلەکناس و زەویناس و ئەستێرەناسەکانەوە. ئەم مەملەکەتە چیرۆکی زۆر خۆشی لە خۆی گرتووە، عیشق و ئەوین و دلداری - بۆ - ژن — ژیان — مان — مانەوە — مردن لە پێناو سەربەرزیدا. شیعری پڕ بەهاو شانامەی زۆر گەورە و پەند و ئامۆژگاری بەوپەڕی جوانییەوە دەستڕەنگینی لە دروستکردندا پێوەی دیارە. خوای گەورەو بەهرەکانی، دەستکردەکانی، موعجیزەکانی پێغەمبەران، بەهەشت و جەهەننەمەکەی، فریشتەو ئەهریمەنەکەی چیرۆکەکانیان لێرەدایە. هەر ئەوەندە هاتیتە ناو ئەم شارەوە، ئەدرەسی شار لە پرسگەی شار و لە بەردەم دەروازەی چوونە ناو شار وەردەگریت و ڕێ و شوێنی خۆت دەستنیشان دەکەی.

لە پرسگە کە جەمسەری پێشوازیکردنە لە نێوان کتێبخانە و دەرەوەیدا، یان خاڵی زانیاری وەرگرتنە، لێرە هەواڵ بپرسە و بڵێ: دەمەوێ سەرێ لە مەزاری عاشقانی فڵانە بابەت بدەم، خێرا بەرەو وێستگەی پێڕستەکانت دەبا و بەرەو ماڵی ئەو بابەتە ڕێنیشاندەرت دەبێ.

ئەگەر تۆ خۆشت شارەزا بیت، هەنگاو هەنگاو بە ڕێدا دەڕۆی تا دەگەیتە بەرماڵی ئەو عیشقەی کە تۆ ڕێگەت بۆ بڕیوە. گەورەیی و بچووکی کتێبخانەکە کاریگەری هەیە لەسەر کەمی و زۆری بەشەکانی کتێبخانە، کە بە پێی پێویست دروست کراون، زۆر جار بودجە تەحەکوم بە زۆر شتەوە دەکا و زۆرجاریش ڕێگرە لە پێشکەوتن. لە کتێبخانەدا ئەم بەشانە هەیە:-

1. تەزوید- سەرچاوەی بەدەستهاتوو (دابینکراو)
2. پێڕست و پۆلێن
3. سەرچاوە فەرهەنگییەکان
4. خواستن
5. خولاوەکان
6. تێزە
7. سەرچاوەی بینەری و بیستەری
8. بەشی چەزوبەند کردنی سەرچاوە
9. سەرچاوەی ئەلکترۆنی
10. بەشی ئەرشیف
11. پەیوەندییەکان — زۆرجار لەگەڵ بەشی تەزویدایە و زۆرجار سەربەخۆیە
12. بەشی منداڵان — لە کتێبخانەی گشتییدا.

ئەمە جگە لەوەی کە زۆر کتێبخانە مۆزەخانەی خۆی هەیە دواتر باسی دەکەین.

دەتوانین بڵێین بەشە سەرەکییەکانی کتێبخانە دوو بەشە:
1. بەشی هونەری
2. بەشی خزمەتگوزاریی خوێنەر
بەشی هونەری:- بەشەکانی تەزوید و پێڕست و پۆلێن دەگرێتەوە.
بەشی خزمەتگوزاری خوێنەر: خواستن -ئینتەرنێت— خولاوەکان — سەرچاوە فەرهەنگییەکان — تێزە — بینراو و بیستراو — ئەلکترۆنی دەگرێتەوە.
هەرچی بەشی ئەرشیفە تایبەتە بە کتێبخانە خۆی، بەڵام بەشی پەیوەندیەکان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پێشانگەی کتێب. پەیوەندیش دەبەستێت لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و لەگەڵ نووسەراندا.
ماوەتەوە بڵێین، چەند یەکەیەکی تر هەن لە کتێبخانەدا، وەك بەشە کارگێڕییەکان کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن ئەوانیش بریتیین لە:
1. پرسگەی کتێبخانە.
2. خۆیەتی.
3. کارگێڕی.
4. ژمێریاری.
5. دابینکردنی پێداویستیەکان.
6. کارگوزاری.
7. (چاککردنەوە).
لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند وشەیەك دەربارەی پرسگە ڕوون بکەینەوە، چونکە خاڵی ڕووبەڕوو بوونەوەی خوێنەر و کتێبخانەیە. پرسگە جەمسەری سەرەکیی پێشوازیکردنە لە خوێنەر بەستەرێکە لە نێوان کتێبخانە و دەرەوەیدا، لە هەندێ کتێبخانەدا پێی دەڵێن خاڵی زانیاری - زانیاری بەخش.
لەم جێگەیەدا وەڵامی سەدان پرسیاری سوودمەندان یا هاموشۆکەرانی کتێبخانە دەدرێتەوەو ڕێنمایی پێویست بە وەرگرتن بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیانەوێت وەردەگرن، پرسگە ئاوێنەی نێوان کتێبخانە و جەماوەرەکەیەتی، بۆ ئەوەی ڕوویەکی گەش نیشانی خەڵکی بدات، دەبێت کەسانێکی دەروونناس و بە ئەزموون لێرەدا کار بکەن، تاوەکو بەپێی پێویست لە خزمەت خوێنەران و هاموشۆکەرانی کتێبخانەدا بن.
لە هەندێ کتێبخانەدا تیانووسی ئامادەبوون دادەنرێ و مەبەستی هاتن لە لایەن خوێنەرانەوە ڕوون دەکرێەوە لەوانە: "خواستن/ گێڕانەوەی سەرچاوە/ خوێندنەوە/ سەردان و بینین/ بەکارهێنانی ئینتەرنێت/ بەشی منداڵان/ بەشی سەرچاوە فەرهەنگییەکان.....هتد. تاوەکو لە کۆتایی مانگدا ڕێژەی سەردانیکەران بزانرێ و ئامانج و مەبەستەکانیان یەکلایی ببێتەوە بۆ کتێبخانە کە بۆ ئامار بەکار دێت.

## كورتەیەك لە مێژووی نووســین و ســەرهـەڵدانی كتێب:

چاپ واتە نووسینی بیرۆكە و بابەتی هزری بە ئامێری چاپكردن، یان بڵاوكردنەوەی لە ڕێگەی جیاوازەوە بەدەر لە دەست. پێش نووســین و داهێنانی هێماكان و بەكارهێنانی لە نووســیندا كە ئەمانە هەمووی گوزارشــت لە دەربڕین دەكەن، زمانی ئــاخـافـتن تەنیا ئــامراز بووە بۆ گواســتنەوەو ئــاڵوگۆڕكردنی بیروڕاكــان، واتە قســەكردن یەكەم ئامراز بووە كە مرۆڤ توانیویەتی لــەم ڕێگــەیەوە بیروباوەڕ و بۆچوونەكانی خۆی بە كەسی بەرامبەرەكەی بڵێ.[4] بەڵام پــارێزگــاریكردن لەم بیروڕایــانە زۆر گران و قورس بووە، چونكە بە مردنی مرۆڤــەكــان بیرو بۆچوونەكانیش لەناو چوون، كەواتە لە پێناو پاراستنیاندا مرۆڤ بیری كردەوە كە دەبێت ڕێگــەیەك بدۆزێتەوە تاكو پــارێزگــاری لەو بیرانە بكــات لە كاتی پێویســتدا بیهێنێتەوە بەردەســتی. ئەو ڕێگەیەش نووســین بوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو مێژوونووســان دەركەوتنی نووسـین بە ســەرەتای مێژووی مرۆڤــایەتی ناوزەد دەكەن. ئەمە وای كرد بیرو بۆچوونەكان و هەموو بەرهەمەكان بنووســرێنەوەو لە فەوتان بپارێزرێن، نەوە دوای نەوە هەڵبگیرێت و لـــە كاتی پێویســـتدا بەكــار بێت.

یەكەم قۆناغـــی نووســین، نووســینی وێنەیی بوو. ســەرەتــا مرۆڤــ بیرو بۆچوونەكانی خۆی لــەســەر شــــێوەی وێنە وێنا دەكرد، كە ئــەمەش هەڵدەكۆڵــرا لەسەر دیواری ئەشكەوتەكان و تەختەدار و پێستە و ئێسقان، پاشان پێشكەوتنی بە خۆوە دی بە حوكمی ئەوەی وێنە گوزارشتە لە بیركردنەوەو دەربڕین و مانای شاراوەی تێدا دەبینرێت و هێماش ئاماژەیە بۆ بیركردنەوە.

پاشان ئەم قۆناغە تێپەڕی و پیت داهات كە گوزارشت لە فۆنەتیكی دەنگ دەكــات، هەر پیتەی دەنگێك پیشــان دەدات كە خۆی لە شــێوەی هێمادایە، بــەڵام زۆری پیتەكان پەیوەســتە بە ژمــارەی دەنگەكــانەوەو بەســتنەوەی چەند پیتێك بە یەكەوە وشــەیەك دروســت دەكــات، و چەند وشــەیەك ڕســـتە پێكدێنیت كە مانای تەواو دیــاری دەكــات، لــێرەوە ســەرەتــای نووســینی ڕاســتییانە وەكو خۆی دەســـتی پێ‌كرد.

ســـۆمەرییەكان كۆنترین گــەلـــن لە ناوەڕاســـت و خوارووی عـــێراقدا ژیاون، لـــە كۆتایی هەزارەی چوارەمـــی پێش زایینی و ســەرەتای هەزارەی ســـــێیــەمدا، و پێشتر بە (عێراقیان)

---

[4] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

وتووه ولاّتی نێوان دوو ڕووبار،[5] یان (میزوپۆتامیا)، بــەڵگەنامە مێژووییەکان دەیســەلمێنن کە ســـۆمەرییەکان یەکەم گەلن کە نووســـینیان داهێناوە، و ئەو خەتەی کە پێیان نووسیوە خــەتی مێخی بووە (مســـماری) کە پیتەکان هەمووی هێما و وێنە بوون ئــامــاژەکــار بوون.

لەم سەردەمەدا نووسین چەند شێوە و شێوازێکی وەرگرتووە، دەتوانین بیکەین بە دوو بەشەوە:

1-نووسینی وێنەیی {Sema Sijography} ئەم جۆرە نووسینە بریتییە لەو هێما و نیشانانە کە گوزارشت لەو شتانە دەکەن کە وێنەیان لە سروشتدا هەیە، یان لە دەوروبەری مرۆڤ خۆیدا هەیە، وەك بازنە کە گوزارشت لە خۆر دەکات کە سەرچاوەی ژیانە. ئەم جۆرە نووسینە لە نووسینی مێخیی سۆمەری و هیرۆگلۆفیی میسریدا بەدیار دەکەوێت.

2-نووسینی دەنگی {Phonography} ئەو هێمایانە بەکارهاتووە کە گوزارشتی دەنگین زیاتر.

نووســـینی سۆمەرییەکان لــەســـەر تاتە قوڕ بە قەبــارەی جیـــاواز نووســـراوە، ئەم تاتە قوڕینانە بەرهەم هێنراون لـــــە خۆڵێکی پــاك، کە بــاش بێژراوەتەوەو ئەوجا شێلراوە، دواتر لـــە قـــالّب نراوە، کە قالّبی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوون. دیــوی دەرەوەی تاتەکان بە ئــاو ساف و لووس کراوە، پـــاشـــان چەند کونێکی بچووکــیان تێکردووە بۆ ئەوەی ئەو هەڵمـــەی کە لەناو قوڕەکەدایە بێتە دەرەوە نەبێتە هـــۆی درزبردن و شەقبردن. پــاشـــان دەســـتیان کردووە بــەنووســـــین لــەســـەری، ئەمجا لــەبەر خۆر دایاننــاوە تا وشـــك بێتەوە. هەندێ ســـەرچاوەی تر دەڵێن، پــاش وشـــکبوونەوە، خراونەتە ناو کوورەی ئـــــاگـــرینەوە تا بە تەواوی ســـوور ببنەوەو ڕەق ببن و بەرگەی گــواســـتنەوە بگـــرن لــە شـــوێنێکەوە بۆ شـــوێنێکی تر، چونکە هەندێکیان قـــەبـــارەیـــان گەورە بووە، ترســـی شـــکانی لیّ کـــراوە[6]

نووســـین لەسەر ئەم تاتە قوڕانە بە پێنووســـێکی نووك کانزایی بووە، یان تەختەدارێکی نووك تیژ، چونکە نووســـینەکان لەسەر قوڕەکە دەبوو شـــوێنەکە چاڵ بکەن. ئەم تاتە قوڕینانە پاشئەوەی وشـــك دەبوونەوە، دەهێنرانە ناو هۆڵی گەورەوە بەپێی بابەتی نووســـینەکە جیـــا دەکرانەوە. دەتوانین بڵێین ئەم تاتە قوڕینانە ڕۆڵی کتێبیان بینیوە، چونکە بە ســـەدان وشـــــە لەیەك تاتە قوڕدا نووســـراوە، هەروەها کۆکردنەوەیان لە هۆڵێکی گەورەدا ئـــاماژەیە بە بوونی جێگــای تابلۆ قوڕینەکان کە لەلایەن پەرســـتگـــای ســـۆمەرییەکانەوە ســـەرپەرشـــتی دەکـــرا، ســـۆمەرییەکان ناوێکیان لەم جێگەیە نابوو ئـــەویـش "خانەی تابلۆ گەورەکان"ە، لەبەر ئەوەی پڕ بوو لە تابلۆی گەورەی بە قوڕ دروســتکـــراو.

---

[5] ـ عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات ـ عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

[6] ـ عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات ـ بغداد، مكتبة الرواد ـ 1982

شـوێنەوارناسـەکان کاتێك پشـکنینیان بۆ شـارەکانی لاکش و ئور کـرد کە دەکەوێتە باشـووری عێراقەوە، جێگـای لەم شێوەیەیان دۆزییەوە. وەك ئەوەی بوترێ کە کتێبخانەی شـارەکە بوویێت، مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سـەردەمـی فەرمانڕەوایی ئـورنامـو. کە نزیکەی 2000پ.ز فەرمانڕەوایی کـردووە لـەو ناوچەیەدا، لـەو کتێبخـانەیەدا زۆر شـتی نایاب و گـرنگ دۆزرانەوە، لەوانە تۆمـارەکانی دەوڵـەت. هەروەهـا لە شـاری "ینبور" هـەر لـە بـاشـووری عێراق، ژوورێکیان دۆزییەوە کە کۆمەڵێکی زۆر تاتە قوڕی تێدا بوو، کە ئـاماژەیە بە کتێبخانەکەی شـارو خـانەی بەڵگەنامەکان. مێژووی ئەم تاتە قوڕینانە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی زیاتر لە چـوار هـەزار سـاڵ پێش ئێستا.[7]

هەموو ئەم تۆمارانە دروسـتکرابوون لە تابلۆی قوڕی **Clay tablets**، تابلۆی قوڕی بریتییە لـە تاتە قوڕێکی پـاك و سـاف، کـە بە ئـاو سـاف کرابێت و پـاشـان دەخرێتە ناو قـاڵبێکی تایبەتەوە. (چـوارچـێوەی لـە دار دروسـتکـراو لە شـێوەی خشـت) کە بۆ ئەم مەبەسـتە ئـامادە کـراوە.[8]

یـەکەم کتێبخـانەی سۆمەرییەکـان ناوی "تللـو" بووە، کە لـەناو پەرسـتگـای سـەرۆکی سـۆمەرییەکـاندا بووەو "30000" سـی هـەزار تـابلۆی قـوڕی تێدا بووە.[9] ئەم زانیـاریـانەی لـەسـەر تۆمـارکـراو بـوون لـەوانە: دەنگ و بـاس و هـەواڵی خـواوەندەکـان و هەندێ ڕووداوی مێژوویی وەك مـانگ گیران و خۆرگـیران و لافـاو و گـرانی و وشـکە سـاڵی و دروستکردنی گالیسکە، لـەگەڵ جـادوو و ئەفسـانە... دوای سۆمەرییەکان لـە عێراقـدا ئـاشـوورییەکان هـاتوون، کە ئەمانیش کتێبخـانەیـان هـەبووە شـارسـتانییەکی زۆر گـەورەو گـرنگ بوون لـە نـاوچەکەدا، بەڵام لە نـاوەڕاسـت و باکووری وڵاتـی میـزوپـۆتامیادا بوون کتێبخـانەکەیـان لە شـاری نەینەوا بووە کە مـوسـڵی ئێسـتایە، تا ئێسـتاش شـوێنەواری مـاوە لـەو شـارەدا. ئەم کتێبخـانەیە پڕ بووە لـە تـاتە قـوڕی زۆر گـرنگ و جێی بـایەخ، کە بە کتێبخـانەی ئـاشـور پـانیپـاڵ نـاسـرابوو، بـەڵام هەزار ئەفسـوس، ئەم کتێبخـانەیە کە مێژوویەکـی پـڕشـانـازی شـکۆمەندی گـەلی "میزوپـۆتـامیا"یە، کە هەر ئەم گـەلـەش بووە جیـهانی فێری خوێندەواری کـردووەو مرۆڤـایەتی قـەرزارێتی، چونکـە جگـە لە نووسـین یـاسـا و

---

[7] - عامر ابراهیم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

[8] - محمود صالح اسماعيل، محاضرات في علم المكتبات والمعلومات- عمان ، الاهلية للنشر 2004

[9] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

بنەمای خوێندنیان بە مرۆڤـایەتی پێشــکەش کــرد، بە داخەوە کالڤـامی و نەزانین و باش هــەڵنەســەنگـاندنی نرخــی ئەم تــاتە قــوڕینانە، لەلایەن خەڵکی عێراق و دەســتەڵاتدارانی ســەدەکانی پێشــووەوە، وای کرد ئەم تــاتە قـــوڕینانە بە نرخێکی زۆر هەرزان بفــرۆشــرێن و ئێســـتا لە مۆزەخـانەکـانی وڵاتــانــی ئەوروپــادا نمایش دەکــرێن، لەوانە مۆزەخانەکانی (لەندەن-لۆڤەر).

ئیمپراتـــۆری بەریتانیـــا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبوو لە بە تـاڵانبردنی شـــوێنەوارو کـەرەســتە مێژووییەکـانی میـــزوپۆتامیـا، هەر لــە ســەرەتای داگیــرکردنی عــێراق لە جەنگـــی جیــهانی یەکەم (1914-1918)و دواتـــریش سەردەمــی دروســتکردنی حکومەتی عێراق بە ئێســـتاشـــەوە.

جگـە لە شـارســتانی ســـۆمەری شـارســتانییەکی تر پێشبڕکێی فیکری لەگەڵدا دەکـــرد ئەویش شارستانییەتی میسر بوو (فەراعینە). میسرییەکان هاتن بیرۆکەی نووسینیان لە سۆمەرییەکان وەرگرت، واتە لە جیاتی خەتی مێخی (مسماری) خەتێکی تریان دانا کە ناویان نا خەتی (هیرۆغلێفی)، ئەمە یەکەم خەت بووە کە نووسینی پێ کراوە، بەڵام ڕوون نییە چەند ساڵ دوای داهێنانی نووسین ئەمان ئەم بیرۆکەیان قۆستۆتەوە بۆ خۆیان [10] جگە لەم خەتە بۆ نووسین، نووسینی تریان هەبووە وەك "الهيراطيقية يان الكهنوتية" هەروەها الديموطقية.

هەر یەك لەم سێ نووسینە گرنگی و ڕازی خۆی هەبووە. سەرەتا نووسینی:

1- هیرۆغلێفی بەوە ناسرابوو کە زۆر وێنەدار بووەو نیگارە پیرۆزەکانی فیرعەونییەکانی تیا کۆبۆتەوە، (بە واتایەکی تر پڕ بووە لە وێنە و نیگاری زۆر پیرۆز کە فیرعەونییەکان لایان بایەخدار بووە).

2- الهيراطيقية يان الكهنوتية: ئەمەش جۆرە نووسینێکە کە زۆر بە خێرایی دەبێت و لە لایەن کاهینەکانەوە بەکار هاتووە بۆ نووسینەوەی نامە و تێڕوانین و لێکۆڵینەوە و باسکردن.

3- الديموطيقية: لە لایەن تەواوی خەڵکی میسرەوە بەکارهاتووە بۆ ئیش و کارەکانی خۆیان. بەڵام میسرییەکان وەك سۆمەرییەکان نەهاتوون لەسەر تاتە قوڕ نووسینەکانیان بنووسن، بەڵکو ئەمان لەمەشدا جیاواز بوون و مادەیەکی تریان بەکارهێناوە ئەویش تا ئەمڕۆ ماوە و لەبەر دەستدایە کە پێك دێت لە گەڵای ڕووەکێك بە ناوی بەردی (نبات البردى) کە جۆرە ڕووەکێکە لەو سەردەمەدا لە کەناری ڕووباری نیل زۆر بڵاو بووە، قەدێکی بەرزی هەبووە و تا ڕادەیەکیش ئەستوور بووە،

---

[10] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

درێژیی قەدەکەی لە نێوان 6-10مەتردا بووە، پێشی وتراوە (لفائف البردی)، واتە پێچراوەی بەردی، چونکە بە شێوەی بازنەیی بە سەر یەکدا لوول دەکرێن و ئەغریقەکان پێیان وتووە **paperos**.

میسرییەکان هاتوون قەدی ئەم ڕووەکانەیان تووڵ تووڵ کردووە و بەکار هێناوە، پاشئەوەی کە کردوویانە بە چەند تووڵێکی تەریب بە تەنیشتی یەکەوە دایان ناوە و ئەوجا بە کەرەستەی سافکردن سافیان کردووە، تا ڕیشـــاڵی نەمێنیَ، دواتر کەتیرەیـــان بە ســـەردا ڕژاندووەو بڵاو کردۆتەوە، کە ئەمیش بۆ دوو مەبەســـت بووە: بۆ بەهێزکردنی تەنکەدارەکە و بریقەهەڵهێنانی بووە. هەروەها بۆئەوەی لە کاتی نووسیندا مەرەکەبەکە بڵاو نەبێتەوە، نووسینەکە نەشێوێت و بە ئاسانی بخوێنرێتەوە وەك خۆی.[11] پاشان لەبەر خۆر دایان ناوە تا وشك ببێتەوەو ئامادە بێت بۆ لەسەر نووسین.

باشییەکانی ڕووەکی بەردی، یان گەڵای بەردی، بریتیە لە: جۆرەکەی زۆر باشە. زۆر نەرمە. زۆر بەرگە دەگرێت.[12] بەڵگەش بۆ ئەمە، تا ئێستا لەم چەشنە مادەیە لـــە مـــۆزەخـــانەی قـــاهـــیرە مـــاوە. میسرییەکـــان ئەم نـــووســـراوانەیـــان لـــە جێگـــایەك داناوە ناویـــشـــیان لێناوە، بەڵام ناوەکـــانیـــان بەپێی ســـەردەمەکان گـــۆڕانی بەســـەردا هـــاتووە، ســـەرەتـــــا ناویان نابوو (بیت الکـــتابات) واتە خـــانەی نووســـراوەکـــان، ئەم ناوە مێژووەکـــەی دەگـــەڕێتەوە بـــۆ خـۆفـــۆ-ی گەورە، ئەو فیرعەونەی کە هەرەمە گەورەکـــەی شـــــــاری (جیزە)ی بەناوەوە نراوە و کتێبخـــــــانەکە لـــە شـــاری جیزەدا بووە، کـــە ئێســـــتا لەگەڵ شـــاری قـــاهیرە یەکیان گـــرتووەو ســـنوور لە نێوانیاندا نییە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بـــۆ 2200 ســـاڵ پێش زایینی.[13]

میسر ســـێ کتێبخـــانەی مەزنی هەبووە ئەوانیـــش: (جیزە، طیـــبة ، ممفیـــس)، ناوی (ممفیس) وەك خۆی نەماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانەی دوای ئەمە هـــاتوون ناوی کتێبخانەیان گـــۆڕیوە بۆ چـــەند ناوێك لەوانـــە: یەکەم: محفوظـــات الآســـلاف، واتە ئەم بەرهەمانە کە لای ئەمان پـــارێزراوە، لـــە باپیرانەوە بۆیـــان جێماوە، ئەوانیش بەرهەمـــــی فیکـــرین.[14]

---

11 - ســـوند دال. مێـــــژووی کتێـــــب - وەرگێـــڕانـــــــی ئەدهـــەم ئـــەمین. هەولێـــــر: چـــاپخانەی شـــەهاب ، 2008

12 - هەمان ســـەرچاوەی پێشوو

13 - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

14 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

دووەم: قـــاعــە الکتابات المصـر، هــۆڵی نووســراوە میسرییەکــان، یــان البیت الکـــتابات المقـدســـە، واتە، خـانەی نووسـراوە پیرۆزەکـان، دواتر فیرعـەون ڕەمسـیـسـی دووەم (1200 پ.ز) کتێبخــانەیەکی هەبوو لـــە تەلارەکەیدا. لـــە شـاری طيبة نزیکەی (20000) هەزار پێچراوەی بەردیی تێدابووە. ئەم کتێبخـانەیەی نـاو نـا (مکــان انعــاش الروح) کە گـوزارشــت لــە ناوەڕۆکـــی نووسـینەکـانی دەکات، واتە ئەو جێگەی ڕۆحی تێدا دەژێتەوە، یان (ئەو شوێنەی ڕۆح تێیدا ئاسوودە دەبێت)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەکانی ئەو کتێبخانەیە لە بابەتەکانی ئایین دەدوان، یان بابەتی فەلسەفەو فیکر و ئەدەب و گشتی و ئەستێرە و گەردوونناسی بوون، یان تەنها تۆماری ئەرشیف و پارێزراوە گرنگەکان و دۆکیومێنتە حکومییەکان بووە.

ماوەتەوە بڵێین، ئەم شارستانییەتە هەمیشە لە داهێنان و بە دواداچووندا بووە، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانین نهێنییە مێژووییەکانی شارستانیەتییەکان بخوێننەوە، تا زیاتر دەوڵــەمەندمان بکات بە خــۆیان.

بەڵام لای یۆنانییەکـــان، کتێبخـــانە مانایەکی ترو ناوێکی تری لێ نرا. پێی دەوترا (ئەو جێگەیەی کتێبی لێیە- مکـــان توضــع فيه الکتب)، وشــــەی کتێبخـانە کە یۆنانییەکان بەکاریان هێناوە (**Biblion Theca**) مانای کتێبخـانەیە، لای ئەوان لــــە دوو بڕگە پێك هــاتووە، یەکەم **Biblion** واتە کتێب. دووەم **Theca** یــــان **Theca** مــانای ئەو جێگەی کە کتێبی تێدایە، یان (جێگـــا یـــان پـاراســتن). لـــە جیهانی لاتینیدا ئەم وشـــەیەش تاوەکو ئێســـتا بەکـار دێت، بــۆنمونە کتێبخـانەی نیشــتمانی لە فەڕەنســا**BiBlio Theca National** یــان کتێبخـانەی لــوند لـــە ســـوید **Lunden BiBlio Theca University**. ئــەم وشـــەیە تــا ئێســتاش لــە زۆربەی ئەوروپــادا بەکـار دێت جگــە لــە وڵاتـــی بریتانیا.[15]

بەڵام ڕۆمـــانییەکـان وشـەی **Libri**یـان بەکـار دەهێنـا بۆ کتێبخـــانە کــە لە بنچینەدا وشــەیەکی لاتینییەو مـــانای کتێب دەگرێتەوە، بەڵام ئەوانەی بە زمـانی ئینگلیزی قســـە دەکەن وشــەکە داتاشــراو ڕێك دەخــەن بۆ بــەکـارهێنان کە ئەویــش **Library** بۆ کتێبخــانە

بەکـار دەهێنن، واتە ئەو جێگـایەی کە کتێبی تیایە و خوێندنەوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجـام دەدرێ و ســـەرچـاوەی لێوە بەدەســت دێت، بەڵام وشـــەی **Book Shop** یـان **Book Store** کتێبخـانە نییە، بەڵکــو فرۆشـیاری کتێبە، یــان بریکـاری دەزگـای چـاپە بۆ فرۆشـــتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، چ جـا (کتێب، گـۆڤـار، ڕۆژنامە) بێت - بە فەڕەنسی پێی دەڵێن **Libroirie**.

[15] - محمود صالح ئیسماعیل. محاضرات فــي مبادئ علـــم المکتبـات ــ ج2. بغداد: مکتب الرواد للطباعة، 1982

لــه جيهانی عــهرهبيدا، عــهرهب وشــهی كتێبخــانه (مكتبه)يان بهكــار نههێناوه تاوهكو ســهدهی نۆزدهھــهم، پێش ئهم مێژووهو پێش ئيســلاميش عــهرهب نووسينی نهبووه و تۆماری زانياری لــهبهردهستدا نييه كه بيســهلمێنێت پێش ئيســلام نووســينيان ھــهبووه.[16]

شــتێك نييه ئێمه لــهســهری برۆين ســهرهتای ســهرھهڵدان و ھــاتنی ئــاينی پيرۆزی ئيســلام يــهكهم كتێب كــه دهســتيان كــرد به نووســينهوهی قــورئــان بووه، كه ئهمه ســهرهتای مێژوويهكی عــهرهبييه، تهنانهت لــه پێناو لــه بيرنهچوونهوهو نهفــهوتاندنی ئــايهت و حهديسه پيرۆزهكــاندا نهيانهێشــت ئهو كــهســانهی ئــايهت و حــهديسی لــهبهره بهشــداری جهنگ بكــات، ئهمه كــاتێك ڕووی دا دوای جهنگــی (ئوحود) بوو كــه ژمــارهيهكی زۆر موســڵمان كوژران، پــاشــان دهســت كــرا به نووســينهوهی قورئــان، ئهمه ســهرهتای ســهردهمی نووســينهوه بوو، ئهم نووســينانه لــه مزگــهوتهكــاندا ھــهڵدهگيــران و دهپــارێزران، زۆربوونی نووسينهكان به شێوهيهكــی بهرچــاو زيــادی كــرد، تا وای لێھــات ناوێكيان لیَ نا، وشــهی ماڵ (بيت) مــاڵ، يان خانه (دار) يان گهنجينه (خزانه)يان بــهكــار ھێنا كــه ئــامــاژهيه بۆ كتێبخــانه لــه جيهانی ئيســلامدا. بۆنمونه:

- كتێبخـــانهی "بيت الحكمه" خهليفه مهنســور دروســتی كرد، لهســهردهمــی خهليفه ڕهشــيد دا گــهورهكراو لــه ســهردهمــی مــهئموندا پهرهی پیَ درا، يــان الدار العلــم، يــان (خزانة الكتب فــی القــاھــره).
- كتێبخــانهی "دار الحكـمة" لــه ميسر لــه لايهن الحــاكم بأمــر الله خــهلــيفهی فــاطمــی دامــهزرا بــۆ بــهربهرهكــانيی كتێبخــانهی (البيت الحكمه) و زۆر بهخێرايی گــهشــهی كــرد تــا وای لێھــات كه كتێبهكانی ناو كتێبخــانهكه گهيشــته نزيكهی يهك مليۆن و شــهش ســهد ھــهزار كتێب.[17]

بــهڵام ئهو زاراوهيــهی كه زۆر بهكــار ھــاتووهو زۆر بڵاو بووه له وڵاته ئيسلاميهكاندا وشهی (خزانه) واتا گهنجينه بووه. واته (شوێنی پاراسستن له ونبوون) ئهگهر سهرنج بدهين ئێستاش لهم سهردهمهدا له چهرخی 21، دهبينين وشهی (دار) واتا خانه ئاماژهيه بۆ كتێبخانه له ئێستادا، بۆ نمونه (دار الكتب و الوثائق) خانهی كتێب و بهڵگهنامه له قاھيره، كه كتێبخانهی نيشتمانی دهگرێتهوه، يان (دار الظاھرية) له ديمهشق له سوريا.

ئهگهر سهرنج بدهين دهبێت وشهی (دار)، يان (بيت) مهبهست شوێنی ھهڵگرتن و پاراستنی كتێبهكان بۆ خوێندنهوهو وهرگرتن و سوودلێوهرگرتن، به تايبهت ئهمڕۆ له گشت شوێنێكدا بهكاردێت،

---

[16] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

[17] - ھهمان ســهرچاوهی پێشوو

بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە دەبینین جیاوازی لە نێوان فرۆشیارانی کتێب و کتێبخانە ناکرێ و بە هەردووکیان دەوترێت کتێبخانە، لە کاتێکدا پێویستە بە فرۆشیاری کتێب بوترێ کتێبفرۆش، بەڵام بۆ کتێبخانە وشەی کتێبخانە، یان نامەخانە، یان پەڕتوکخانە ڕاسترە، یان بانکی زانیاری دروست ترە.[18]

با ئەوەش بڵێین کە مزگەوت لە کۆندا تەنها شوێنی خواپەرستی و نوێژکردن نەبووە، بەڵکو جێگای زۆر باس و خواسی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بووە، بەڵکو زۆرجار بنکەی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی دەوڵەتیش بووە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان، ئەمە جگە لەوەی وەك پەیمانگەیەك زانستی فراوان و حدیث و شیکار و شەریعە و اصول و بلاغە و فقە ... هتد، تیدا وتراوەتەوە، ڕاو بۆچونی جیاوازیشی تیا دەرکەوتووە.[19]

لە گرنگترین ئەو کتێبخانانەی کە لەناو مزگەوتەکاندا هەبووەو ناوبانگیان دەرکردووە و ئیسلام ناسیویەتی بریتییە لە:-

1-کتێبخانەی مزگەوتی عەمیریەو مستنصریە لە بەغداد.
2- کتێبخانەی مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق.
3- کتێبخانەی جامع الزیتونە لە تونس.
4- کتێبخانەی جامع طلیطلة وقرطبة اندلس.
5- کتێبخانەی فسطاس وئەزهەر و ابن طولون لە میسر

سەبارەت بە کوردیش وەك هەر میللەتێکی تر، لە کۆندا دابڕاو نەبووە لە سەرچاوەکانی بیرو هۆش و ئەوەی کە دەیسەلمێنێت کورد (نووسراوی) هەبووە ئەمانەن: -

1- لای کوردەکان کە ئاڤێستا زمانی ئاینیان بووە، وشەیەکیان بەکار هێناوە بە ناوی (دژنبشت)[20] ئەمیش بەو شوێنە وتراوە کە نووسراوەی تێدا بووە و پارێزراوە، نووسراوەکانی ئەو سەردەمەش بە پێی بەڵگەنامەکان، زیاتر لەسەر پێستی ئاژەڵ نووسراون (یەکێك لە نووسراوە گرنگەکان کە لە دژنبشتدا پارێزراوە ئاڤێستایە (بیروباوەڕی زەردەشت).

بەڵام ئەم گەنجینەیەش لەسەر دەستی ئەسکەندەردا لە ساڵی 330 زاینی کە ناوچەکە داگیردەکات، دەسوتێنرێ، بەڵام نازانرێ ئایا هیچ نووسراوێك ڕزگاری بووە یان نا. بەرگی دووەمی

---

[18] - - هەمان سەرچاوەی پێشوو

[19] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

[20] - حەمەد محەمەد ، گەنجینەی نوزێ ، گۆڤاری دژنبشت – ژ (1) ، ساڵی 2004

ئاڤێستا کە لە (گەنج شپیکان) دانراوە، یۆنانییەکان بردوویانەو وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان. ئەمیش نازانرێ ماوە یان فەوتاوە .[21]

(2) دوو بەڵگەنامەی زۆر گرنگ هەن لەسەر کتێبخانەی کوردی ئەوانیش:

1- دۆزینەوەی شوێنەواری کتێبخانەی شاری (نوزێ) کە لە لایەن شوێنەوارناسان و مێژوونووسانی بیانی و ناوخۆوە دۆزراوەتەوە، بە هاوکاری چەند تیمێکی بیانی (فەرەنسی — ئینگلیزی) و بەهاوکاری حکومەتی عێراق لەساڵی ( 1936 - 7 195)،پاش گەڕان و پشکنینێکی زۆر توانرا شوێنەواری شاری (نوزێ) و بە تایبەتی کتێبخانەکەی بدۆزرێتەوە، پاش پشکنین توانرا (6000) هەزار پارچە نووسراوی مێخی بدۆزرێتەوە، کە گوزارشت لە زۆر شت دەکەن لەوانە: یاسا، بڕیارەکانی دادگا، گالیسکە، چەك، ناوی هەندێك لە شەقامەکانی شاری نوزێ و لە یەکێك لەم تابلۆیانەدا ناوی شاری (ئارابخا) هاتووە کە شاری کەرکوکی ئێستایەو دۆزراوەتەوە کە (ئارابخا) پێتەختی هەندێك لە مەلیکەکانی دەوڵەتی (حوری) بووە. کتێبخانەکە کەوتۆتە بەشی ڕۆژئاوای شاری کەرکوك بە دووری 13کم لە ناوچەیەکدایە پێی دەڵێن (یۆغان تەپە).

مێژووی ئەم کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی پێش زایین، واتە 2500 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، هەروەها لەناو ئەم تابلۆیانەدا کتێبخانەی هەردوو برا (تحیب تلا و شوکری) دۆزراوەتەوە کە کۆی نووسراوەکانی نزیکەی (1000) هەزار نووسینی مێخی بووە و ئەمە بە یەکەمین کتێبخانەی تایبەت هەژمار دەکرێ هەتا ئەمڕۆ لە کوردستاندا. ئەم کتێبخانەیە کە لە شاری نوزێ بووە، نوزێ بۆخۆی پێیتەختی دەوڵەتی (حوری) یا (خوری) بووە، واتە بەشی ڕۆژهەلآت لە دەوڵەتی میتانی کە ئاری نەژاد بوون.[22]

ئەوەی جێگەی سەرنجە، یەکێك لەو شتانەی کە سەرنجی بەرامبەر بۆخۆی ڕادەکێشێت بەڵگەنامەیە، جا چ بە نووسین بێت، یان بە هەر مادەیەکی تر، و لە بەرامبەردا بێدەنگی تێدا بەرقەرار دەبێت.

ئەگەر سەرنج بدەین، دۆزینەوەی تاتە قوڕێك ئاڕاستەی چەند شتێك بە دیوێکی تردا دەبات. بۆنموونە:

یەکێك لەو تاتە قوڕینانەی کە دۆزراوەتەوە لە کتێبخانەی نوزێ، بە مێخی نووسراوە، وێنەی نەخشەی شاری (ئارابخا) و شاخەکانی ڕۆژهەلآتی تێدایە، هەروەها زنجیرە چیای حەمرین کە کۆنترین نەخشەی توبۆغرافیایی ناوچەکەیە، لەگەڵ جۆگە کۆنەکانی زێ کە جیا کراونەتەوە بۆ ئاودێری، ئەم

---

[21] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

[22] - حەمەد محەمەد ، گەنجینەی نوزێ ، گۆڤاری دژنبشت — ژ (1) ، ساڵی 2004

تاته قوڕینه گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کوردستان، کە دەیسەلمێنێت کەرکوك بەشێکە لە کوردستان.[23]

ماوەتەوە بڵێین، سەبارەت بەو تیمەی کە بە یارمەتی حکومەتی عێراق پشکنینەکەیان ئەنجام داوەو ئێستا نموونەی ئەم تابلۆیانە لە مۆزەخانەکانی بریتانیا (لەندەن) و پاریس (لۆڤەر)دا دەبینرێ ئەم گومانەمان لا دروست دەکات:

1- ڕەنگە لەو تاتەقوڕینانەی کە بیرو بۆچونەکانیان (فکر) یان نزیکە لە یەکەوە و لە بنچینەدا یەکن لەوانە بە مۆزەخانەی عێراق درابێت، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە ئەو تیمە بۆ خۆیان شارەزاو پسپۆڕ بوون لە بوارەکەدا و ڕۆحی ئیشەکەیان ناسیوە، هەرچەندە خەڵکی عێراقیشیان لەگەڵدا بووە.

2- ڕەنگە ئەم تیمە (کە بەشێك لە نووسراوەکان بۆ ئەوان دەبێت) باشترین و گرنگترین نووسراویان بۆ خۆیان لادابێت.

هەروەها پێش ئیسلامیش کورد کتێبخانەی هەبووە، وەك کتێبخانەی پەرستگای زەردەشتی، لەم پەرستگایەدا (ئاڤێستا) خوێندراوە، شانبەشانی ئەمیش بابەتەکانی وەك مێژوو، پزیشکی، ئەستێرەناسی، فەلسەفە، جوگرافیا، خوێنراوە. ئاڤێستا لەسەر (12000) هەزار پارچە چەرمی {گامێش، گا، بزن} نووسراوەتەوە، ئەم نووسینانە هەڵکۆڵراون (حفر) کراون و زێڕئاو کراوە، واتە ناو حفرەکە پڕ زێڕ کراوە. ئەو نووسراوانەی لەسەر پێستە نووسراون و ئێستا لە کتێبخانە گەورەکانی جیهاندا هەڵگیراون و پارێزراون، وەك کتێبخانەی (طوب قابوسرای) لە تورکیا.[24]

لە سەردەمی ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا کتێبخانەی زۆر مەزن و پڕ بایەخمان هەبووە لەوانە:

- کتێبخانەی شاری (دیاربەکر و ئامێدی) کە نزیکەی 10040000 کتێبی دەستنووسی تێدا بووە.[25]
- کتێبخانەی شاری (فارقین) کە پێیتەختی دەوڵەتی دۆستەکی بووە.
- کتێبخانەی (قەرتەمین) لەلایەن قەشەیەکەوە بەڕێوە براوە بە ناوی (مارشلیمۆن) لە ساڵی 1020 لە ناوچەی (طور عبدین طوری) لە شاری ماردین ژیاوە.

- کتێبخانەی میرنشینی بدلیسی / ئەم کتێبخانەیە (17) قورئانی نەخشداری (زغرفە) تێدا بووە کە بۆ پادشاکان نووسراون، هەروەها سەرجەم کتێبەکان مۆری خانی بەدلیسی پێوە بووە، لە

---

[23] - روپاك غفور سـعید ، مێژووی کتێبخـانەکانی کوردستان- گۆڤـاری دژنبشـت ، ژ 4 ساڵی 2007

[24] - مصطفى مرتضى ،المخطوطـات العربيـة – بغداد، مطبعـة العمال المركزيـة ، 1986

[25] - مەحمود ئـەحمەد محـەمەد ، گۆڤـاری رۆشتنبیری نوێ – ژ 102 سـاڵی 1984

خۆشنووسە ناسراوەکانیش کە کاریان لەم کتێبخانەدا کردووە وەك: یاقوتی موستەعسەمی، عمانۆئێل ئاسرین بوون.

- کتێنخانەی میرنشینی بابان.
- کتێبخانەی قوبان (قبهان) لە ئامێدی.

## چاپ و مێژووی سەرهەڵدانی

ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا باوە ئەوەیە، کە ئەوروپییەکان خاوەن داهێنانی چاپن، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە زانای ئەڵمانی یوحەننا گۆتەنبێرگ، یەکەم داهێنەری چاپەو مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەیەم (1442) ز [26] (بەڵام ئەمە ڕاست نییە)، ڕاستی ئەوەیە داهێنانی چاپ، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەوانیش وڵاتانی بابل و میسر ئەگرێتەوە. [27] چونکە بابلیەکان ئەو مۆرانەی کە دروستیان کردبوو، نەخش و نووسینی لەسەر هەڵکۆڵرابوون و کاتێك بەسەر تاتە قوڕینەکاندا دەیانهێنا، وێنەی مۆرەکە وەك خۆی دەبینرا (نەخش و نووسینی سەر مۆرەکان بە هەڵگەڕاوەیی دەردەکەوتن (واتا بارز بوون). بەکارهێنانی ئەم چەشنە مۆرانە، بۆ سەلماندنی ئەو تۆمارە حکومییانە بوو، ئەم مۆرانە شێوەو قەبارەی جیاوازیان هەبووە، زۆرتر مۆری لولەکی (خلخلۆکەیی) بەکار هێنراوە، و لە بەرد یان (کانزا — معدن) دروستکراوەو ناوەڕاستەکەی لەسەر باری درێژی کون کراوەو پەتێکی تێکراوە، و لە کاتی بەکارهێناندا ئەمسەرو ئەوسەری پەتەکە گیراوەو فشارێکی زۆری لەسەر دروست کراوە، تاوەکو سەرجەم نەخش و نووسراوەکان وەك خۆیان دەربکەون.(مۆرە لولەکییەکە بە مەرەکەب نەخشێنراوە)،پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو قاڵبیان بەکارهێناوە، لەسەر قاڵبەکان نووسین و نەخشیان کێشاوە، ئەمجارە بە پێچەوانەی جاری پێشووەوە نووسینەکان چاڵ کراون، تاوەکو لە کاتێکدا بەکاریان دەهێنا لەسەر تاتە قوڕەکان لکاندویانە بە قوڕەکەوە دوای فشارێکی کەم لابردنی قاڵبە نووسینەکە بە دەرکەوتوویی (بارزی) دەردەکەوت. [28]

سەبارەت بە میسرییەکان ئەوان مۆری دار، یان تەختەیان بەکارهێناوە لە چاپکردندا، ئەمەش بەم شێوەیە، لەسەر پارچە دارەکە یان تەختەکە، هاتوون چوار دەوری نووسین و وێنەو نەخشەکانیان چاڵ

[26] - عامر ابراهیم قندیلجی والاخرون، الکتب والمکتبات، مدخل الی علم المکتبات والمعلومات – بغداد، مکتبة الرواد – 1982

[27] - عبدالحافظ سلامة، اساسیات علم المکتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلیة للنشر ، 2002

[28] عامر ابراهیم قندیلجی والاخرون، الکتب والمکتبات، مدخل الی علم المکتبات والمعلومات – بغداد، مکتبة الرواد – 1982

کردووه بۆ ئەوەی نووسینەکە دەربکەوێ، پاشان چوارچێوەی مۆرەکەو سەرجەم نووسین و وێنەکانیان ڕەنگ کردووە بە مەرەکەب، پاشان خستوویانەتە سەر ئەو جێگەیەی کە مەبەست بووە، پاش دەست لێ هەڵگرتن نووسین و وێنەکانیان وەك خۆی دەرکەوتووە {سەرجەم نووسین و وێنەو نەخشەکان بە پێچەوانەوە دروستکراوە، بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێناندا نووسینەکە بە ڕاستی دەربکەوێت، تاوەکو ئەمرۆش هەمان سیستەم لە مۆردایەپرەو دەکرێ }.[29]

چینییەکانیش چاپیان زانیوە، بەڵام مۆرەکانیان لە قوڕ دروست کردووە، لەبەر ئەوەی پیتەکانیان (نوختەدار – منقط) بوون، و ژمارەی پیتەکانیان زیاتر لە 40 چل هەزار پیت بووە، بەکار هێنانی زۆر قورس بووە، بۆیە وازیان لەم بیرۆکەیە هێنا، پیتی تەختەداریان بەکار هێنا.[30]

لە سەدەی سیازدەیەمدا بیرۆکەی چاپ گواسترایەوە بۆ ئەوروپا، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کاروانە بازرگانیانەی لە نێوان سەمەرقەندو ئێران و سوریا، پاشان لە ڕێگەی ئەندەلوسەوە بە یارمەتی گەڕیدە (رحالە) ئیتالیەکان، وەکو(مارکو پۆلۆ) بیرۆکەکە گوێزرایەوە. لەبەر ئەوەی کە (کلێسە) کۆنترۆڵی تەواوی بەرهەمە فیکریەکانی ئەوروپای کردبوو و ڕێگەیان نەدەدا بە دەرکەوتنی هیچ بیرێکی نوێ ئەگەر لە خزمەت ئاینی مەسیحیدا نەبێت، جگە لە تابلۆ ئاینییەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بزوتنەوەی ئاینیدا چاپ لە خزمەت تابلۆ ئاینییەکاندا بووە، کە قەبارەیان مام ناوەندو گەورە بوون، بە کلێشەی گەورە دروست کرابوون، کاتێ کە چاپ دەکران دواتر دەهاتن بەدەست ڕەنگاوڕەنگیان دەکردن و دەیانڕازاندنەوە، لەناودارترین ئەو جۆرە تابلۆیانە تابلۆی (عذراء بروكسل)ە لەساڵی 1418.

ئەوروپێییەکان پیتی جیاجیایان بەکارنەهێناوە بۆ نووسینی یەك بەدوا یەك، تا نیوەی دووەمی سەدەی پازدەیەم، کە لە لایەن گۆتەنبێرگی ئەڵمانییەوە (1400 -1468) ز، توانی لە تەختە پیتەکان دروست بکات دواتر گۆڕی بە کانزا، ئەمە سەرەتای چاپە بە کانزا، دواتر توانرا پەرە بە بیرۆکەکە بدرێ و پێشکەوتنی تیادا بکرێت، یەکەم داهێنانی پیت لە جیهاندا لەسەر دەستی فینیقیەکان بووە.[31]

هەروەها داهێنانی کاغەز (پەڕە) لەسەر دەستی (تسای لون) ی چینی بووە لە ساڵی 105ز[32]

دواتر لەسەر دەستی (ولیەم کاکستون) یەکەم چاپخانە دروست کرا لە ئینگلتەرە لە ساڵی 1471ز، بە جیاوازی پیتەکانیشەوە، پاشان بیرۆکەکە بە ئەوروپادا بڵاو بووەوە، یەکەمجار بۆ ئیتاڵیاو

---

[29] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

[30] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

[31] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

[32] - هانم عبدالرحيم ابراهيم ، تأريخ الكتابة والمكتبات وأوعية المعلومات – مركز الاسكندرية للكتاب- الاسكندرية2005

دواتر بۆ فەڕەنساو هۆڵەندەو بەلیجکا و ئیسپانیا، پاشان دانیمارك و سوید. بەڵام شێوەی کتێبی چاپکراو لە سەدەی پازدەیەمدا زۆر جیاواز بوو لەوانە:

قەبارەی گەورە و ئەستوور بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نیگاری زۆر سەرنجڕاکێشی تێدابوو، پێیان دەوت **(Incunabula)**.

کتێبەکان لاپەڕەی ناونیشانی نەبوو، لاپەڕەیەك لە دوای بەرگەکەیەوە بە بەتاڵی بەجێ دەهێڵرا، تەنها ناوی نووسەرەکەی لەسەر دەنووسرا، وشەی **(Incipit)** واتە لێرەوە دەست پێدەکات دەنووسرا کە ئێستا پێی دەڵێن **(Flyleaves)**، بەڵام هیچی لەسەر نانووسرێ، لە کۆتایی کتێبەکەدا لاپەڕەیەك بەجێ دەهێڵرا کە پێیان دەووت **(Colophon)**، ئەم زانیاریانەی لەسەر دەنووسرا، کێ چاپی کردووە، لە چ جێگەیەك، و کەی چاپکراوە.[33]

لەسەر بەرگەکان زەخرەفەی زۆر نایاب دروست دەکرا، بە بۆیاخ (مەرەکەبی) ڕەنگاو ڕەنگ دەنەخشێنراو زۆر لە ڕەنگەکان بە شێوەی دیار دەبینران وەك ئەوەی کە چاو وێنەی دەگرێ، لەگەڵ ئەمانەشدا بەردی زۆر بە نرخ لە کتێبەکەدا دەچێنراو دەبەسترایەوەو هەندێ جێگە (نوکی،بەرگەکە،پاژنەی کتێبەکە) بە ئاڵتون دەڕازێنرایەوە، پاشان قۆماشێکیان بەکار دەهێنا لە کاتی بەرگ تێگرتنەکەدا کە زۆر گرانبەها بوون، ئەمە وای دەکرد کە نرخی کتێبەکە زۆر گران بێ و هەموو کەس توانای کڕینی نەبووە تەنها خانەوادە دەوڵەمەندەکان نەبێ، (چونکە ئیشی دەست تێچوونی زۆر بووە، بە تایبەتی وێنەو نەخش و نیگارەکان کە چەندان کاژێر کاتی ویستووەو ئەوپەڕی کارامەیی و لێهاتوویی تێدا بەکار هاتووە، چ جا ئەگەر کتێبەکە ئایینی بوایە، یان بۆ پاشاو میرەکان بنووسرابان، لە کۆشکدا هەڵگیرابان.[34]

چاپخانە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی گەلانی ئەوروپا لە سەدەی شازدەدا، کاتێك فەرمانڕەوایانی وڵات و کڵێسە هەستیان بەم پێشکەوتنە بەرچاوە کرد، کۆمەڵێك گرفت و کێشەیان بۆ پەکخستنی چاپ ئەنجام داو سەریشی گرت، دواتر ئەو گەشەسەندنە لەژێر فشاردا مایەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، پاش سەرهەڵدان و گەشە کردن، جارێکی تر سەری هەڵدایەوە، ئەمەش بە هۆی گۆڕینی باری سیاسی و شۆڕشی پیشەسازییەوە بوو، لە دوای سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، پێشکەوتنی بەرچاو لە ئامێرەکانی چاپدا ڕووی داو چاپخانەی زۆر پێشکەوتوو هاتە گۆڕێ و دواتر چاپی ئۆفسێت دەرکەوت بە چاپی ڕەنگاو ڕەنگ و ئۆتۆماتیکی، هەتا ئەم سەردەمەی ئەمڕۆ

33 - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

34 - سوند دال. مێژووی کتێب - وەرگێڕانی ئەدهەم ئەمین. هەولێر: دەزگای موکریان، 2008.

چاپخانە بە شێواز و شێوەی زۆر پێشکەوتوو، سات بە سات دوای خۆی نوێ دەکاتەوە، ڕۆژانە چاپ لە زیاد بووندایە.

کە چاپخانە هاتە ناوچەی ڕۆژهەلاتەوە، لەسەرەتاوە سولتانەکانی عوسمانی زۆر ئەترسان و سلیان ئەکردەوە، بە تایبەت لە ولاتە موسلمانەکاندا، تا کار لەوەش تێپەڕی، سولتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کفر دادەنا، بە تایبەت کتێبخانەی ئاینی، هەندێ سەرچاوەی تورکی باسی ئەوە دەکەن چۆن سولتان محەمەدی چوارەم 1648- 1687 فەرمانی داوە، هەموو ئەو قورئانانەی کە کەسێکی ئەوروپایی بە چاپکراوی لەگەل خۆی هێناویەتییە ئەستەمبولەوە، تورِ بدرێتە ناو دەریاوە، هەر بە فەرمانی ئەویش ئەو پیتە عەرەبیانەی بە دیاری لە ڤینیسیاوە بۆیان نارد، فرێ دراونەتە ناو دەریاوە.[35]

## سەرهەلدانی چاپ لە ولاتە عەرەبییەکاندا

### لوبنان

لەناو ولاتە عەرەبییەکاندا، لوبنان پێشەنگ و ڕچەشکێن بووە، هەروەك چۆن ئێستاش وایە، مەشخەلی گەشەی کتێبی لە دەستی هۆلەندییەکان سەندەوەو ئێستا لەدەستی خۆیدایە، لە ژێر ناونیشانی (بلد يقرأ بلد يعيش)، ئەمسال لوبنان مەشخەلی چاپی بەدەستەوەیە، لە ئەمڕۆدا کۆی ~~گشتی دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوەی دەگاتە (600) شەشسەد دەزگاو (750) حەوت سەدو~~ پەنجا چاپخانە کە لە لوتکەدایەو تاکە ولاتێکە سانسۆر لەسەر بەرهەمەکانی دانانێت، و ئازادی نووسین تێدا بەدی دەکرێ.

لوبنان یەکەم ولاتی عەرەبییە کە چاپخانەی تێدا بنیاد نراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سالی (1610) ز، کەپیاوێك بە ناوی (دير قزحيا) لە باشوری تەڕابلس پیتی سریانیان بەکارهێناوە، یەکەم کتێب کە چاپکراوە بەناوی (المزامير) بووە.[36]

یەکەم چاپخانە کە بە زمانی عەرەبی پیتەکانی بەکار هێناوە لە لوبناندا بە ناوی دێر (مار يوحنا الصايغ) لە سالی 1733، کە ئەمەش بە هەول و کۆششی (شماس عبدالله) بنیاد نرا.

### سوریا :

---

[35] – کمال مظهر احمد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا - بەغداد / 1978.

[36] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

یەکەم شار کە چاپخانەی لێ دانرا شاری (حەڵەب) بوو لە ساڵی 1706 بە ناوی چاپخانەی (دباس) وە، تەنها (10) دە کتێبی بەرهەم هێنا دواتر لەکار وەستا.
گومان لێرەدا ئەوەیە، ئایا 10 دە ژمارە کتێب، یان 10 دە ناونیشانی کتێبی کە بە چاپ گەیەنراوە ئاخۆ چەند ژمارەی لێ دەرکراوە بۆ هەر ناونیشانێك؟

**میسر:**

هاتنی چاپخانە بۆ میسر، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناپلیۆن بۆناپارت لە ساڵی 1798، کە ئەمەش تەنها بۆ دلّدانەوەو سەرنجڕاکێشانی گەلانی عەرەبی بوو، هەم بۆ پڕوپاگەندەی شۆڕشی فەرەنساش بوو، چاپخانە باشترین ئامانجی بۆ ناپلیۆن پێکا، ئەویش بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا بوو.
یەکەم چاپخانە ناوی (المطبعة الشرقية) چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، بنیادنرا لەسەر دەستی بۆناپارت. دواتر چەندان ناوی تری لێ نرا، یان ناسرا بە (المطبعة الشرقية الفرنسية، مطبعة الأهلية)، ئیتر چاپخانە نەهاتۆتە میسر تا ساڵی 1815 لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا.
چاپخانەی (بۆلاق)- یەکەم چاپخانەیە کە میسر ناسیویەتی دوای حەملەی فەرەنسی، ساڵی 1821 بنیاد نراوە، چەندان کتێبی پرۆسەی خوێندن و زانستی سەربازی چاپ کردووە، لە کتێبە ڕۆژهەڵاتییە ناسراوەکانیش بەرهەمی هەبووە، وەك لەچاپدانی کتێبی (کەلیلە و دیمنە)، لەگەڵ حیکایەتی (هەزارو یەك شەوە).
چاپخانە لە میسردا تووشی دەیان گرفت و کێشە بووە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ باری سیاسی نائارام و ناجێگیر، کە بۆتە هۆی پەکخستنی چاپخانە، هەتا ساڵی 1952 پێشکەوتنی بە خۆوە نەدیوە، دواتر گەشەی کردووەو ڕووی لەبەرەو پێشچوون بووە. ئێستا میسر لە دوای لوبنان پێشەنگی چاپ و چاپخانەیە لە دنیای عەرەبیدا.[37]
سەبارەت بە عێراق :
چاپخانە زۆر بە درەنگ لە عێراقدا دەرکەوتووە، ئەمەش بەهۆی داگیرکاری عێراق لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، چونکە نەیانویستووە باری ڕۆشنبیری و فیکری لە عێراقدا گەشە بکات ئەویش لە ترسی ڕاپەرین و پێکهێنانی شۆڕش.
چاپخانەی (حەجەری) لە کاظمیة لە بەغدا، یەکەم چاپخانە بووە لە ساڵی 1830دا کە عێراق ناسیویەتی، یەکەم کتێب کە بە چاپی گەیاندووە بەناونیشانی (دوحة الوزراء في التأريخ وقائع الزوراء) لە دانانی شێخ ڕەسوڵ ئەفەندی کەرکوکی بووە.

---

[37] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

سالّى 1856 له موسلّ له لايەن (ڕەهبان دومنيكون) چاپخانەيەك دامەزرا بە هەموو سيفەتەكانيەوە، واتە (بەرگ تێگرتن) (چزو بەند كردن) و ڕووپۆشكردنى بە ئالّتون. يەكەم كتێب كە چاپكرا بەناوى (رياضة درب الصليب) ەوە بوو0

لە سەردەمى مەدحەت پاشادا، يەكەم چاپخانە بە ناوى (ولايەت) بنياد نراوە، ئەم چاپخانەيە يەكەم ڕۆژنامەى عێراقى بەچاپ گەياند كە ناوى (الزوراء) بوو بە هەردوو زمانى عەرەبى و توركى، ئەم ڕۆژنامەيە ژمارە (1) ى لە ڕۆژى 3 سىٚ شەممە بەروارى 16ى حوزەيرانى سالّى 1869 دەرچوو، ئەم ڕۆژنامەيە 49 سالّ ژياوەو بەردەوام بووە لە دەرچوون (2606) ژمارەى لىٚ دەرچووە. لەناو ڕۆژنامەكانيشدا، يەكەم ڕۆژنامە كە وێنەى بلاّو كردبێتەوە ڕۆژنامەى (صحيفە العرب) بووە بە زمانى عەرەبى لە سالّى 1918 دا.[38]

## چاپ و چاپخانە لە كوردستاندا

يەكەم چاپكراوى كوردى ڕۆژنامەى كوردستانە كە لە قاهيرە دەرچووە لە 22ى نيسانى سالّى 1898 لەسەر دەستى خوالێخۆشبوو ميقداد مەدحەت بەدرخان، يەكەم ژمارەى لە چاپخانەى (الهلال) كە پيتى عەرەبى بووە بە چاپ گەيەنراوە.

بەلاّم وەكو چاپخانە لە كوردستانى باشووردا [39] كە دەركەوتبىٚ، يان دامەزرابىٚ، چاپخانەكەى {مێجەرسۆن)ە، كە لە 20ى نيسانى سالّى 1920دا خستيە گەڕو يەكەمين ڕۆژنامەى بە ناوى (پێشكەوتن) بەچاپ گەياند و بۆ ماوەى دووسالّ بەردەوام بوو لە دەرچوون.

پاشان يەكەم كتێب كە بەچاپ گەيەنراوە { ديوانى مەحوى} بووە لە سالّى 1922، بە قەبارەى (22× 15 سم) كە بە زارى كرمانجى خواروو چاپ كراوە بە پيتى عەرەبى.

ئەم چاپخانەيە بەردەوام بووە لە كاركردن تا ڕۆژى 30ى ئەيلولى 1922، كاتێك كە لە شارى سلێمانى حكومەتى كوردستانى جنوبى لەلايەن شێخ مەحمودى نەمر دادەمەزرىٚ، چاپخانەكە دەكەوێتە ژێر ڕكێفى حكومەتى كوردستانەوە، هەردوو ڕۆژنامەى (بانگى كوردستان و ڕۆژى كوردستان)يان پىٚ لە چاپ داوەو بلاّو كردۆتەوە. هاوڕێيانى شێخ، دواى بۆمبارانەكەى سلێمانى لە

---

[38] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

[39] – ئەسعەد جەبارى، سەرەتايەك بۆ مێژووى ئامێرى چاپ- چاپى 1، كەركوك(ب، ب) 2009

24 /3 /1923 دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، چاپخانەکەیان گواستۆتەوە بۆ جێگایەکی ئارام کە ئەویش ئەشکەوتی {جاسەنە} بووەو لەوێ ڕۆژنامەی {بانگی هەق}ی پێ لەچاپ دراوە، دواتر لە مانگی مایس دا ئینگلیزەکان هێنایانەوە سلێمانی، لە ڕۆژی 6/17 /1923 دا، دیسان کورد ئینگلیزەکان لە سلێمانی دەردەکەن، بەڵام پێش ڕاکردنیان ئینگلیزەکان میلێکی چاپخانەکە دەردەهێنن بۆ ئەوەی کوردەکان نەتوانن کاری پێ بکەن، بەڵام دوای دوو ڕۆژ میلەکە لەلایەن وەستا ساڵحی سلێمانی چەخماخسازەوە دروست دەکرێتەوەو یەکەم ڕۆژنامەی {ئومێد ئیستقلال} لەدایك دەبێت و بڵاو دەکرێتەوە، لە کۆتایی مانگی مایسی ساڵی 1924 دا، جارێکی تر ئینگلیزەکان سلێمانی کۆنترۆڵ دەکەنەوە و چاپخانەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، یەکەم ڕۆژنامەی {ژیانەوە} لە 18 /ئاب /1924دا بڵاو دەکەنەوە.[40]

تا ئێرە لە سلێمانیدا هەر ئەم چاپخانەیە هەبووەو چاپخانەی بەلەدییەش کە بڵاوکراوەی دەرکردووە هەر هەمان چاپخانەی مێجەرسۆن بووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئینگلیزەکان لە ڕێگەی شارەوانییەوە لە دوای بەرواری 21 /1 /1926 ەوە، ڕۆژنامەی {ژیان}یان دەرکردووە. تا ساڵی 1937 کە خوالێخۆشبوو پیرەمێرد چووە بەغداو لەوێ چاپخانەیەکی نوێی کڕیوە، ئەو کاتە هەر ئەم چاپخانەیە لە سلێمانیدا هەبووە، کە بەوەی پیرەمێردەوە دەکاتە دوو چاپخانە.

چاپخانەی کوردستان ئەو چاپخانەیەیە کە خوالێخۆش بوو مامۆستا {حوسێن حوزنی موکریانی} لە ساڵی 1925دا، لەسەر داوای (سەید تەهای شەمزینی) کە قایمقامی قەزای ڕەواندوز بووە، چاپخانەکەی لە شاری حەڵەبەوە هێناوەتە ڕەواندوز، یەکەم ڕۆژنامەی بەناوی {زاری کرمانجی} لە ساڵی 1926دا دەردەکات و (24) ژمارەی تۆکمەی لێ دەردەچێت بە پیتی کوردی، چونکە ئەمە تاکە چاپخانەیە کە پیتەکانی (پ، گ، ژ،ڤ، چ)ی تێدایە، خوالێخۆشبوو ئەم چاپخانەیەی لە وڵاتی ئەڵمانیا کڕیبوو بە (120) لیرەی تورکی عوسمانی، لە ساڵی 1915 داو لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، لە ئەڵمانیاوە گواستیەوە بۆ شاری حەڵەب[41] پاش هەڵسەنگاندنی پیتەکان، بۆی دەرکەوت کە ئەم پیتانەی تێدا نییە و خۆی شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو لە هەڵکەندنی پیت و دروست کردنی مۆرو وێنەکێشان، وێنەگرێکی شارەزاو خۆشنووسێکی سەردەمی خۆی بووە، بۆیە زۆر بە وریایی قاڵبی پیتەکانی داڕشت و قاڵبەکان و چاپخانەکەی بردەوە بۆ ئەڵمانیا لە هەمان ساڵدا کە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم بوو، توانی دیزاینی پیتەکان ئەنجام بدات و چاپخانەکەی هێنایەوە بۆ حەڵەب، و یەکەم کتێب کە بە چاپی گەیاندووە {مەم و زین} ی ئەحمەدی خانییە بە پیتی کوردی،

---

[40] - کمال مظهر احمد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا - بەغداد - 1978.

[41] – ئەسعەد جەباری، سەرەتایەك بۆ مێژووی ئامێری چاپ- چاپی 1، کەرکوك(ب، ب) 2009

ئەم چاپخانەیە تا ساڵی 1947 لە ڕەواندوز بوو، دواتر پاش کۆچی دوایی مامۆستا حوسێن حوزنی، مامۆستا گیوی موکریانی برای لە ساڵی 1947 بەدواوە چاپخانەکە دەگوازێتەوە بۆ شاری هەولێر و ناوی دەنێت {چاپخانەی کوردستان}.

ئەوەی ماوەتەوە بیلێین ئەوەیە، کە ئەم چاپخانەیە بەردی بناغەی ماڵی کتێبخانەی کوردییە، چونکە تاکە چاپخانە بووە کە پیتە کوردییەکانی تێدا بووە، بە بەتەمەنترین چاپخانەی کوردی دادەنرێت کە تا ئێستاش هەر پارێزراوە، ئەمە جگە لەوەی کە (6) شەش ڕۆژنامەی پێ لەچاپ دراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەرهەمەکانی بە کوردی و هی نووسەرانی کورد بووە.

درووود بۆ گیانی پاکی مامۆستا موکریانی کە بە ڕاستی ئێمە هەمووومان قەرزاری ئەم زاتە پاکەین و لەسەر خەرجی خۆی لە ڕۆژگارێکی وەك جەنگی جیهانی یەکەمدا وڵاتانی تەی کردووەو گەڕاوە بە دوای ساغکردنەوەو چاپکردنی بەرهەمە کوردییەکانداو گواستنەوەی چاپخانەکە لە ئەوروپاوە بۆ سوریاو پاشان بۆ کوردستان هەروا بە ئاسانی نەبووە، درووود بۆ گیانی پاکی خەمخۆران و پارێزەرانی سەرچاوە کوردییەکان لە فەوتان و ڕزگار بوونیان لە نەمان.

پێش ئەم دوو چاپخانەیەو چاپخانەی کوردستان کە لە قاهیرە بووە، دوو چاپخانەی تریش هەن کە خاوەنەکانیان کورد بوون، بەڵام چاپخانەکان لە کوردستاندا نەبووە، ئەوانیش:

(1) چاپخانەکەی بەڕێز د. عەبدوڵلا جەودەت بووە لە جنێف، کە بڵاوکراوەی نووسەرە کوردەکانی بە زمانی عوسمانی پێ لە چاپ دراوە. کە ناسرابوو بە چاپخانەی {ئیجتیهاد — اجتهاد} چونکە یەکەم گۆڤاری ئیجتیهادی پێ لەچاپ درا لە ساڵی 1904 دا لە شاری جنێف لە وڵاتی سویسرا.[42]

(2) چاپخانەی { تعاون و ترقی } ساڵی 1908 لە ئەستەنبوڵ، کە ئەمە لە لایەن { خەلیلی خەیاڵی و —کۆمەڵێك ڕووناکبیری هاوڕێیەوە} دروست دەکرێ بە ناوی جمعیە تعاون و ترقی) بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆگرام و بیرو باوەڕەکانی ئەم جەمعیەتە چاپخانەیەکیان دامەزراند بەم ناوەوە.

مێجەرسۆن کە هاتۆتە کوردستان (2) دوو چاپخانەی کۆنی هێناوە، یەکێکیانی لە شاری کەرکوك داناوەو دووەمیانی لە ساڵی 1919 هێناوەتە سلێمانی.

---

[42] - فەرهاد پیرباڵ ، باسێك لە ڕۆژنامەی کوردییەوە

## پاری دووەم : بەشەکانی کتێب

کتێب لە چەند بەشێکی سەرەکی پێك دێت کە بریتین لەمانەی خوارەوە: -

بەشی یەکەم / بەرگ (الغلاف - **Binding**)
دەتوانین دابەشی بکەین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:

أ- بەرگی کاغەزیی دەرەوە (الغلاف الورقی الخارجی)، ئەم بەرگە ناسك و ڕازاوەو نەخشێنراوەو سەرنجڕاکێشە، تەنها دیوی دەرەوەی نووسراوی لەسەرە، زۆر بە ئاسانی لێ دەکرێتەوە — دەگیرێتە کتێب.

زۆرتر دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو پەخش و چاپەمەنیی بیانی بەکاری دەهێنن، ئێستا دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بەکاری دەهێنن، وەك (لوبنان، میسر ، ئەردەن).

ئەم بەرگە ڕازاوەو ناسکە چەند سودێکی هەیە لەوانە:

- پارێزگاری کردن لە بەرگەکە.
- پاراستنی لەپیسبوون.
- پارێزگاری لە مانەوەی دەکات.

بۆ کتێبخانەش سوودی هەیە لەوانە:

1- لە بۆردی بانگێشەدا هەڵدەواسرێت بۆ ئەوەی خوێنەری کتێبخانە بزانێت ئەم سەرچاوەیە هاتووە.

2 - زوربەی زۆری زانیاریەکانی لەسەرە، وەك ناوی نووسەر، وەرگێڕ، کۆکەرەوە، لێکۆڵەر... هتد ناونیشانی کتێبەکە، شوێنی چاپ و دەزگای چاپ و ساڵی بەچاپگەیاندن لەگەڵ وەسفی چاپدا. ماوەتەوە بڵێین بۆ دوو مەبەست دروست دەکرێ:

أ. بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر (چاوبەست لە خوێنەر دەکا).

ب. کەمی تێچوون لە نرخدا، چونکە زۆربەی جار ئەم بەرگانە تەنها ئەو زانیاریانە لەسەری نووسراوەو لە بەرگەکەدا هیچ زانیارییەك نییە، کاتێك کە لای دەبەیت دەبینیت کتێبێکی سادەیە، تەنها زانیاری سەر پاژنەی کتێبەکە نەبێت.

3- بەرگی کتێب (جلد الکتاب)، مەبەست لەم بەرگە ئەو بەرگە ئەستورەیە کە سەرجەم لاپەڕەکانی کتێبەکەی بەستۆتەوە، دەیپارێزێت لە هەڵوەشان، ئەم بەرگە لە چەند مادەیەکی

سەرەكی پێك دێت (چەرم - نایلۆن - موشەما - مقەبای ئەستوور، مقەبای تەنك)، بەڵام بە ڕەنگاو ڕەنگ و ڕازاوەو جوانكارییەوە.

چەرم: باشترین جۆری بەرگە، كە لە كۆنەوە بۆ پارێزگاری كتێب بەكار هاتووە، مانەوەی زۆرە بەڵام نرخی گرانە.

نایلۆن: چەندان جۆر نایلۆن هەیە، بەڵام باشترینیان ئەوەیە كە نەرم و ساف و ڕەنگی كاڵ نەبێتەوەو (نەرمی)ی تێدا هەبێت.

مقەبا: ئەمڕۆ زۆر بەكار دێت، بە تایبەتی لە بواری بازرگانیدا، چونكە تێچوونی كەمە بە ئاسانی بەكار دێت.

جـ) پاژنەی كتێب (كعب الكتاب - **Spine**)

مەبەست لە پاژنەی كتێب، شانی بەشی خوارەوەی كتێبەكەیە كە دەتوانێ لەسەر شان بوەستێت. ئەم زانیاریانەی لەسەر دەنووسرێ:

ناوی نووسەر، ناونیشانی بڵاو كەرەوە، زنجیرە ئەگەر هەبوو، ساڵی چاپ. كە لە كتێبخانەكاندا ژمارەی پێڕست و پۆلێنی بۆ زیاد دەكرێ لە بەشی خوارەوەی.

ئەو لاپەڕەیەش كە نووساوە بە بەرگی كتێبەكەوە لە دیوی ناوەوە **and papers** ئەمە ئەو لاپەڕەیەیە كە نووساوە بە بەرگی كتێبەكەوە (زیاتر كتێبی بەرگ تێگیراو) دەگرێتەوە، هەندێجار زانیاری لەسەر دەنووسرێت لەلایەن دەزگای چاپەوە، وەك خشتە، نەخشە، یاسای زانستی، ئەم لاپەڕەیە چەند سودێكی گرنگی هەیە وەك:

1- گیرفانی كتێب بەم شوێنەدا ئەلكێنرێت كە (2) دوو كارتی زانیاری كتێبەكەی تێدایە و لە كاتی (استعارە) وەرگرتنی كتێبدا بەكار دێت.

2- گیرفانێكیان بۆ هەڵگرتنی نەخشەو خشتە تێیدا.

3- بۆ هەڵواسینی ئەو سیدیانەی (**C d**) كە لەگەڵ كتێبەكەدایە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە بەرگەكە پتەوەو نانوشتێتەوە.

بەشی دووەم / ئەو لاپەڕانەی كە دەكەونە پێش دەقی كتێبەكەوە - **Preliminary pages**

أ) لاپەڕەیەكی سپی بەتاڵ **Flyleaves** :

ئەم لاپەڕەیە ڕاستەوخۆ دوای بەرگی كتێب دێت و هیچ شتێكی تێدا نانووسرێ،لە (دوای) بەرگەكەش دووبارە دەبێتەوە، لە سوودەكانی:

1- پارێزگاریكردنە لە لاپەڕەی ناونیشانی بچوككراوە.

2- زۆرجار لە لایەن خوێنەرەوە لەسەر لاپەڕەكانی شت دەنووسرێ، یان پارچەیەك لە كاغەزەكە دەكرێتەوە ئەم جێگەی ئەو كارە دەگرێتەوە.

ب) لاپەڕەی ناونیشانی کورتککراوە (صفحه العنوان المختصره - **Half title page**)

دووەم لاپەڕەیە لە دوای بەرگی کتێبەوە دێت، ناونیشانی کتێبەکەی لەسەر نووسراوە لە بەشی خوارەوەی پەڕەکەدا بە بچوکی، ئەگەر زنجیرەی کتێب هەبوو لە شانیدا دەنووسرێ، سوودی ئەمیش پارێزگاریکردنە لە ناونیشانی سەرەکی و لاپەڕەی ناونیشان لە دڕان و پیس بوون،

جـ) لاپەڕەی ناونیشان (صفحه العنوان - **Title page**)

بەشێکی زۆر گرنگە لە کتێب، ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە دەگرێتە خۆی، یان تێیدا کۆبۆتەوە، لەوانە:

1- ناوی نووسەر، یان نووسەران.
2- ناوی وەرگێڕ، کۆکەرەوە، لێکۆڵەر، نازناو (لقب)، هەروەها پێگەی زانستی.
3- ناونیشانی کتێب.
4- ناونیشانی یاریدەدەر، ناونیشانی بەرامبەر.
5- ناوی ئەو کەسەی کە بە پێنووس نووسیویەتییەوە.
6- ناوی بڵاوکەرەوەو ساڵی بەچاپ گەیاندن.

* پشتی لاپەڕەی ناونیشان - **Verso**

لەم لاپەڕەیەدا تەنها ساڵی چاپ و جۆری چاپەکەو ژمارەی چاپ دەنووسرێ.

* لاپەڕەی دیاری و پێشکەشە بە – صفحة الأهداء - **Dedication paper** پێشکەش دەکرێ بە کەسێك، بە وڵاتێك، بە دەزگایەك، بە...

*لاپەڕەی ڕێزو سوپاس و ستایش لەلایەن نووسەری کتێبەکەوە.

ئەو کەسەی کە سەرەتا ناوی دێ لە نووسەرەکان، لەهەموو ئەوانی تر جێی بایەخدارترە.

* لاپەڕەی - پێش بار – التمهيد **Preface**

لێرەدا نووسەر باسی هەموو ئەو هۆکارو پاڵنەرانە دەکات کە وای لێکردووە ئەم بەرهەمە بنووسێ، یان بەرهەمی بهێنێ، کێش لێی سوودمەند دەبێت. .

* لاپەڕەی ناوەرۆك – صفحه المحتويات **Table of Contents**

ئەم لاپەڕەیە جاری وا هەیە چەند لاپەڕەیەکیش ئەگرێتەوە، بە پێی زۆری و کەمی بابەتە باسکراوەکانی ناو کتێبەکە، خۆی لە خۆیدا ئەم ناوەرۆکە نیمچە ڕێبەرێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو لاپەڕانەی کە بابەتەکانی تێدا باس کراوە، وەك خشتەیەك دروست دەکرێ تیایدا ناوی بابەت، یان ناونیشان و بە تەنیشتیەوە ژمارەی لاپەڕەکە دیاری دەکرێت. خوێنەر دەتوانێت یەك یەك

ناونیشانەکان بخوێنێتەوەو بە ئاسانی بزانێت لە چ لاپەڕەیەکدا ئاماژەی پێ دراوە، هەروەها زۆرجار کتێبەکە کراوە بە چەند بەشێکەوە، هەر بەشەش بە چەند پارێکەوە، هەر پارەی چەند ناونیشانێك لەخۆ دەگرێت، بەرامبەر هەر ناونیشانێك ژمارەی لاپەڕەکە دەست نیشان کراوە.

* لاپەڕەی پێشەکی - مقدمە - **Introduction**

لەم لاپەڕەیەدا دەروازیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکە دەکرێتەوەو بە شێوەیەکی سەرپێیانە بەگشتی باسی کتێبەکە دەکات کە دەیەوێت چی بکات، واتە پێشەکی مانای ڕونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێب ڕوون دەکاتەوە بۆ خوێنەر، جاری وا هەیە یەك لاپەڕە هەندێجار 2-3 لاپەڕە دەبێت. بەڵام زۆرجار بۆ بەهێزکردنی کتێبەکەو ناوهێنانی کەسانی شارەزاو بەتواناو ناسراوی ناو کۆمەڵگە بە پێنووسی یەکێك لەمانە پێشەکی دەنووسرێ. زۆرجار بۆ هەڵسەنگاندن، یان بۆ ڕێزدارکردن دەنووسرێ.

بەشی سێیەم / دەقی کتێب – متن الکتاب - **Text**

ئەمەش لە سەرەتای دەستپێکردنی کتێبەکەوە دەگرێتەوە بە هەموو بەش و پار و یەکەکانی ناو کتێبەکە، تا دواهەمین وشە کە نووسەر نووسیویەتی.

بەشی چوارەم/ پاشکۆو ئەو لاپەڕانەی کە لە دوای دەقی کتێبەکەوە دێت- **Auxiliary or reference Material**

ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- پاشکۆکان -الملاحق – **Appendixes** :

پاشکۆ بریتیە لە کۆمەڵێك زانیاری کە لە دەقی کتێبەکەدا ئاماژەی پێدراوەو بە چەند لاپەڕەیەك نووسراوەتەوە، خوێنەر سوودی لێ وەردەگرێت بۆ بەرچاو ڕوونی لە بابەتەکە.

پاشکۆ زۆر جار لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرێ و بەدیاری دەبەخشرێت بە کڕیاری گۆڤارەکە یان ڕۆژنامەکە، بە خەتێکی دیار لەسەر (گۆڤار – ڕۆژنامە) دەنووسرێت پاشکۆی لەگەڵدایە.

زۆر جار ئەم پاشکۆیانە وێنەیەك، یان (ساڵنامە – تقویم)، یان ڕوونکردنەوەیان لەگەڵدایە، بەڵام لە کتێبدا زۆربەی جار لە دوای دەقی کتێبەکەوە دەنووسرێ، جاری واش هەیە بە کتێبی بچووك لە لاپەڕەدا هاوپێچە لەگەڵیدا، بە قەبارە، قەبارەی بەقەد کتێبەکەیەو بە هەمان وێنەی دیوی دەرەوەی بەرگەکەی لەسەرە، بەڵام لەسەری نووسراوە پاشکۆ.

ب - ليستى زاراوەكان- قائمة المصطلحات - **Glossary**

هەندێ كتێب بە تايبەتى زانستيەكان، لە كۆتايى كتێبەكەدا لە دواى دەقى كتێبەكە ئەگەر پاشكۆ نەبوو، ليستێك ئامادە دەكەن بە ناوى سەرجەم ئەو زاراوانەى كە لە كتێبەكەدا ئاماژەى پێ كراوە بە پێى پيتى (ئەبجەدى) ڕيزبەند دەكرێ، جا ئەو زاراوانە بيانى بێت، يا هەر زمانێكى تر، لە بەرامبەريدا واتاى ديار ئاماژەى پێ دەكرێ.

زۆرجار جگە لە زمانى كتێبەكە بەچەند زمانێكى دى واتاكان شى دەكاتەوە و ڕيزبەنديان بە پێى پيتى زمانى ئاماژە پێكراوە. زۆرجار ئەم زاراوانە شيكارێكى كورتى بۆ دەكرێ بە پێى پێويست.

جـ- ليستى پەراوێزو تێبينى - الهوامش والملاحظات - **Foot – Notes**

زوربەى نووسەران لە كاتى دوان لە بابەتەكان، لە كۆتايى ڕستەكانياندا، هێمايەك، يان نيشانەيەك، يان ژمارەيەك دەنووسن لە نێوان دوو كەوانەدا، ئەگەر لە كۆتايى لاپەڕەكەدا ئاماژە بەمانە نەدات كە مەبەستەكەى تێدا ڕوون بكاتەوە، ئەوا لە كۆتايى كتێبەكەدا ليستێك دروست دەكات بە پێى ڕيزبەندى، يان ناوهێنانى ژمارەكان، يەك يەك شيكاريان بۆ دەكات، زۆرجار هێمايەك نيشانەيە بۆ مەبەستێك، يان ژمارەيەك هێمايە بۆ ئەو سەرچاوەى كە خاوەنى ئەم نووسراوەيەيە.

د- ليستى سەرچاوەكان —چاوگ— المصادر أو المراجع أو الببيبلوغرافيا —
**Reference Bibliography**

ئەمەش ناوى هەموو ئەو كتێب و گۆڤاروناميلكەو ڕۆژنامە و سەرچاوانەيە كە نووسەر پشتى پێ بەستوون لە كاتى نووسينى كتێبەكەدا.

ڕيز بەندى ئەم سەرچاوانە بە (2) شێوە دەبێت:

يان بەناو نيشانى بابەتەكە، يان بە ناوى نووسەرى بابەتەكە. ئەگەر بەناونيشان بوو، ئەوا بە پيتى هيجائى ناونيشانەكان ڕيزبەند دەكات بەم شێوەيە:

ناونيشان، ناوى نووسەر، شوێنى، ناوى بلاوكەرەوە، جۆرى چاپ، سالى چاپ. لەگەل ژمارەى ئەو لاپەڕەيەى كە سوودمەند بووە لێى.

ئەگەر بە نووسەريش بێت، ئەوا نازناوى نووسەر دێتە پێشەوە، يان ناوى كۆتا دێتە پێش، پاشان، ناوەكە بەردەوام دەبێت دواتر ناونيشانى (---)، شوێن، بلاو كەرەوە، جۆرى چاپ و بەرگ، يان سالى چاپ، دواتر ژمارەى لاپەڕە.

هـ - ڕێبەر (الكشاف أو الكشافات) - **Index**

بە یەكێك لەبەشە گرنگەكانی كتێب دادەنرێ، كە دەكەوێتە كۆتایی كتێبەوە، هەروەها ڕێبەرێكە بۆ خوێنەر لە چۆنییەتی دۆزینەوەی بابەتەكان بە شێوەیەكی ڕاست و دروست، ئەو ڕێبەرانە بابەتەكانی بە شێوەی هیجائی ڕێكخراوە، لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەكانیدا، چەند جۆرێك (ڕێبەرمان) هەیە، بۆ نمونە ڕێبەری بابەت، ڕێبەر بەناوی ناوچە جوگرافییەكان، یان ڕێبەری ڕۆژانە. ..... كتێب هەیە زیاد لە ڕێبەرێكی هەیە بۆنموونە (موسوعە - فەرهەنگە گەورەكان) كە بەناونیشان و بابەت ڕێبەریان هەیە.

# بەشی دووەم

**پاری یەکەم : چەمکی هەڵبژاردنی کتێب لە کتێبخانەدا**

**پاری دووەم : ڕێگاکانی پاراستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە**

# پاری یەکەم :

# چەمکی هەڵبژاردنی کتێب لە کتێبخانەدا

پرۆسەی هەڵبژاردنی کتێب بۆ کتێبخانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە پشت ئەستوور بێت بە:

1) شارەزایی و سەلیقە.

2) زیرەکیی و بیرمەندیی.

3) زانیاری گشتی.

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرچاوە لەکتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر جیاوازە، جیاوازییەکەش دەکەوێتە سەر جۆری کتێبخانەکەو ئامانجەکانی، هەروەك دەبینین لە کتێبخانەی زانکۆیی و گشتی و تایبەتمەندا بەجیاوازی نێوان جۆری بابەتەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە خزمەتی پێشکەش دەکات.

لە کاتی هەڵبژاردنی کتێبی زانستیدا یەکەم شتێ کە پێویستە ڕەچاو بکرێ لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە، ناسینی نووسەری سەرچاوەکەیە. ئەو کەسەی کە هەستاوە بە نووسین و دانان و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە، دەبێت موئەهیلاتی بزانرێ، ئایا سەلیقەو شارەزایی وایلێکردووە ئەم سەرچاوەیە بێنێتە بوون، یان بەخوێندن و توێژینەوە کارەکەی ئەنجامداوە، دەبێت ڕەچاوی پلەی زانستی لەکەسی نووسەردا بکەین، چونکە پلەی زانستی پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو نووسەرەیە لە بوارەکەدا.

لەزۆر کتێبی زانستیدا لەسەر بەرگی دوواوە کورتەی ژیاننامەی نووسەر ئاشکرا کراوە لەگەڵ وێنەیەکی نووسەرەکەدا، کە تێیدا مێژووی لەدایکبوون و بڕینی پلەکانی خوێندن و بەدەستهێنانی سەرجەم بڕوانامەکان و هەموو ئەو پۆستانەی کە وەریگرتووە، لەگەڵ ناوهێنانی سەرجەم بەرهەم و توێژینەوەکان و ئەندامێتی لە ڕێکخراوە ناوخۆو جیهانییەکاندا، ئەمە جگە لە شارەزایی و پسپۆڕی ورد لە بواری تردا.

ئەم جۆرە زانیاریانە زۆر پێویستە بۆ ناسینی ئەو نووسەرانەی کە پێشتر لەلایەن کتێبخانەوە نەناسراوە، خاڵێکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە، ئەگەر هاتو لە سیڤییەکە ناوی سەرچاوە بڵاو کراوەکانی نمایشکرابوو، ئەوا ئەو نووسەرە باگراوندێکی زانستی باشی هەیەو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە یەکەم جاری نییە بەرهەم دەنووسێت و ئەمە پێوەرێکی پەسەندە لەهەڵبژاردندا

کە ئەمە ئەوە دەردەخات ئەم نووسەرە چەند پەیوەستە بەکارەکەیەوە،

هەندێ پرسیار هەیە کە دەبێت ئەمینداری کتێبخانە لە کاتی هەڵبژاردندا ئاگاداری بێت لەوانە، ئایا ئەم نووسەرە تا چەند پەیوەستە بەبوارە زانستیەکەوە؟ ئایا بەمەبەست سەرچاوەی نووسیوە یان هەندێ تێبینی لا دروست بووەو ئەنجامی داوە؟

ئایا بەڕێژەی (٪) چەند ئەم زانیارییانە تێگەیشتووە، یان بەکاری هێناوە (تاچەند باوەڕی بە نووسین و بیرۆکەی نووسینەکەی هەیە بە پراکتیکی؟)

ئایا ئەمە ڕاوبۆچونی خۆیەتی، یان خۆی جیا گرتووە لەبابەتەکەو وەك بینەرێك سەیری ماددەکە دەکات؟

ئایا نووسەر کتێبی تری هەیە لەسەر هەمان بابەت؟

ئایا جگە لە خۆی کەسی تر بەشداری لەگەڵدا کردووە لە نووسینەکەدا، یان خۆی لەگەڵ نووسەری تردا بەشداری هەبووە لەبەرهەم هێنانی سەرچاوەی زانستیدا؟

موئەهیلاتی ئەو نووسەرانەی تر کێن کە لەگەڵ ئەمدا بەشداری نووسینی ئەم سەرچاوەیان کردووە. ئایا نووسەرە بەشداربووەکان بەرهەمی زانستی تریان هەیە، یان بەشدارییان کردووە لە پاککژکردن و ڕاستکردنەوەی سەرچاوەی زانستی تردا؟

ئەمەو چەندان پرسیاری جۆربەجۆر لە کاتی هەڵبژاردنی پۆلێنی نووسەردا خۆی دەبینێتەوە. ئایا ئەم کتێبە (پێداچوونەوە) ی هەیە، کەسێك هەستاوە بە پێداچوونەوەی بابەتەکە بۆ ڕاستکردنەوەی دەستەواژەو بیرو بۆچون و هاوکێشەکان. چونکە بوونی (مرجع) زۆر گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبی زانستی، کە وەك فلتەرێك وایە کەهەڵەکان دەپاڵێوێت (لە بوارەکەی خۆیدا).

ئایا ئەم کتێبە لەدەرگای گشت بەشە جۆربەجۆرەکانی بابەتێك دەدات، یان چمکێکی بابەتەکەی گرتووەو لەسەر ئەو بەشە دەدوێ، بەگشتی یان بە تایبەتی، ئایا جگە لەم بابەتە هیچ بابەتێکی تر لە خۆ ناگرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی بە بابەتە سەرەکییەکەوە هەبێت.

ئایا ئەم کتێبە پوختەیە، یان بە درێژی باسی بابەتەکە دەکات، ئەم سەرچاوەیە بۆ سەرجەم خەڵکی نووسراوە بە (گشتییە)، یان بۆ پۆلێکی تایبەت نووسراوە کە سوودی لێ وەربگیرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مێژووی چاپی سەرچاوەکە زۆر گرنگە، چونکە تازەیی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە.

## چەمکی هەڵبژاردن:

لە نووسەردا:

لە دوای ناوی نووسەر پشت بە نووسەری بەشدار بوو دەبەستین، دواتر ناوی کۆکەرەوە، یان لێکۆڵینەوە. لەدوای ئەمانە سەیری ناوەرۆکی کتێبەکە دەکەین، سەرنج دەدەین تا بزانین ناوەرۆکەکە لە دەرگای چەند بابەت و باسی داوە، هەتاوەکو ناوەرۆکی کتێبەکە دەوڵەمەندتر بێت بە تەوەرە، ئەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بابەتە وەڵامی ژمارەیەکی زۆر پرسیار دەداتەوە کە خوێنەر سوودمەند دەبێت.

کاتێکیش کە ژمارەی لاپەڕەکان دەکەینەوە پاش دەست نیشان کردنی تەوەرێك، یەکەم پێوەری بەهێز بۆ هەڵسەنگاندن بریتیە لەمانەی خوارەوە:

- چەند سەرچاوە ناویان هاتووە لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا.
- شیکاری بابەتی بۆ هیچ واتاو دەستەواژەیەك کراوە.
- ناوی سەرچاوەکە وەك خۆی هاتووە، یان کەم و کوڕی تێدایە.
- جگە لە کتێب، پشتی بە چ سەرچاوەیەکی تر بەستووە، وەك گۆڤار، ڕۆژنامە، نووسراو.... هتد.
- هیچ ئاماژە بە چاوپێکەوتن، یان بەرهەمی تاقیگە دەدات.

بوونی ئەمانە پێوەری هەڵسەنگاندنە بەبێ هیچ شیکارێك.

کەواتە سەرچاوەکە پەسەندە لە ڕووی ناوەرۆك و پشت بەستن بە ناوەرۆکی سەرچاوەکان.

هەتاکو جۆری چاپی و ژمارەی چاپەکە زۆر بێت، گرنگی سەرچاوەکە لەڕووی زانستییەوە بایەخدار دەبێت. بۆ نموونە:

چاپی (27) بیست و حەوت، چاپێکی تازەو نایابە، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دواهەمین زانست و زانیاری لەسەرچاوەکەدا بەدی دەکرێ، جگە لەوەی کە نووسراوەکە تازەیە، واتە بابەتی نوێی تێدایە، کە لە چاپەکانی پێشوودا نییە، جگە لەنایابییەکەی کە مانای وایە زۆر شت بەرێکوپێکی تێدا ئەنجام دراوە، بۆ نموونە جۆری ڕەنگ و ڕوونی نەخشەو خشتەو زاراوەو دواهەمین تازەگەری تێدا ڕەچاو کراوە. ڕەنگە **C.D** یەکی لەگەڵدا بێت بۆ بەرچاو ڕوونی و زیاتر شیکاری بابەتیانە ئەنجام دەدات.

گرنگیدان بە ڕووخساری دەرەوەی سەرچاوە بەشی خۆی گرنگی هەیە: لەوانە ئایا چاپێکی باشە، ڕوونە، بەشێوەیەکی ڕوون نووسراوەتەوەو زوو لێی تێ دەگەن، ئایا بابەتەکە بەشێوەیەك نووسراوەتەوە کە خوێنەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت، یان ئاڵۆزو هەڵوەشاوە و زانیارییەکان لەیەك ترازاون و زۆر ڕوون نییە. دووبارە بوونەوەی زۆر تێدایەو بێزاری دروست دەکات. ئایا ناوەرۆکەکەی خشتەو وێنەی ڕوونکاری تێدایە کە خوێنەر ئارەزووی خوێندنەوەی بکات. ئایا بە چ شێوازێك واتاکان ڕوونکراوەتەوە، ئایا کێشەو هاوپێچ و زاراوەو لیستی بیبلۆغرافیاو نەخشەی پێویستی تێدایە بۆ کار ئاسانی، ئایا ئەم کتێبە بەمانای وشە پراکتیکییە، یان ڕۆشنبیرییەکی نوێیە.

ئایا خوێنەر بە گشتی، یان بە تایبەت سوودی لێ وەردەگرێ، یا جۆرێ لە خوێنەر سوودمەندە لێی، یان ئەوانە سوودمەندن کە سەرەتای دەست پێکردنیانە بەم جۆرە زانیاریانە. ئەمانە هەمووی سەبارەت بەسەرچاوەی زانستی جیاوازە، وەك لە سەرچاوەی ئەدەبیی کە زیاتر چیرۆك و لێدوان و هزرو بۆچوون و ڕەنگدانەوەو شیکارن.... هتد، دەگرێتەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە. پێوەرەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرچاوەی ئەدەبیی جیاواز وەك لە کتێبی ڕاستی و زانستی، چونکە ئەمینداری کتێبخانە لەهەڵبژاردنی ئەم جۆرە سەرچاوانەدا گرنگی بەچەند شتێك دەدات و پشت دەبەستێت بە:

*ناونیشانی بابەتەکە

* شێوازی نووسینەکە

* کوالیتیی سەرچاوەکە

* ڕوونیی نووسینەکە، کە گوزارشت کردنە لەگەڵ چۆنییەتی دارشتنی بابەتەکە بە شێوەیەکی ئەدەبی ڕەسەن ، بۆ نموونە ئەم چیرۆکە ئایا لەگەڵ ڕاستی ژیاندا نزیکە یان خەیاڵە. چەند کاردانەوەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەیە. ڕاستە نووسەر لەهەموو سەرچاوەیەکدا (زانستی، فکر، فەلسەفە، ئاین، ئەدەب) پێوەری سەرەکییە، چونکە خاوەن بابەتەکەیە، واتە بیرۆکەی بابەتەکە ئەم خاوەنداری دەکات، بۆیە پێویستە لەهەموو ئان و زەمانێکدا ڕەچاو بکرێ.

- پلەی دووەم: وەرگێڕی بابەتەکە یە.
- پلەی سێیەم: پیاچوونەوەو دارشتنی بابەتەکە.
- پلەی چوارەم: لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوە.
- پلەی پێنجەم: هەڵسەنگاندن و بیرو بۆچوون.
- پلەی شەشەم: خوێنەری بابەتەکە تا چەند بەلایەوە گرنگە.
- پلەی حەوتەم: چاپ و بڵاو کراوەو جۆری پەڕەو ڕەنگو بەرگ و نایابی لە ڕێکخستنندا.

ئەمانە هەمووی پێوەری ڕووخساری دەرەوەی سەرچاوەکانن.

## گرفتەکانی هەڵبژاردنی هەندێ بابەتی پێویست بۆ کتێبخانە

أ -کتێبی مێژوویی-

گرفتەکانی هەڵبژاردنی کتێبە مێژووییەکان ئەو کتێبانە دەگرێتەوە کە باس لە چیرۆکی ژیانی ڕابردووی ئادەمیزاد دەکات، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، ئەوەندەی لەسەر ئەم بوارە نووسراوە لە بژاردن نایەت و سەرژمێر ناکرێ، چونکە مێژوو چەندان لق و پۆپی لێ دەبێتەوەو هەموو سەرچاوەیەکیش (بابەتێك) بۆ خۆی مێژوویەکی هەیە، بۆ نموونە مێژووی فەلسەفە، مێژووی وڵات، مێژووی پزیشکی، مێژووی شارستانییەکان، کە بە سەرهەڵدانی دەستپێدەکات و بە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە تێیدا ڕوویداوە کۆتایی دێت.

<u>ئەو کێشانەی کە دێتە بەردەم ئەمینداری کتێبخانە لە کاتی هەڵبژاردنی کتێبی مێژووییدا:</u>

1. نووسەر / بارێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی نووسەری کتێب، چونکە کتێبی مێژوویی کە باس لە بابەتێك دەکات، هەندێ زانیاری دژوار تێیدا بەدی دەکرێ، بەبەراورد لەگەڵ کتێبێکی تردا لەسەر هەمان بابەت کە نووسەرێکی تر نوسیویەتی، ئەمەش مانای وایە زۆر لە مێژوونووسان یاری بە ڕاستییەکان دەکەن و چۆنیان بوێت خوێنەر چەواشە دەکەن. زۆر جار ڕاستییەکان دەشارێتەوەو لایەنگری بەرامبەر بە نووسراوەکانەوە دیارە.

2. کتێبی مێژوویی/ زۆر لە کتێبە مێژووییەکان باس لەسەردەمانێك دەکەن و ئەو زانیاریانە ڕوون دەکەنەوە کەلەو سەردەمەدا ڕوویداوە، گرنگی هەر سەردەمێکیش ڕوون دەکاتەوە. بۆیە پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە هەندێ سەرچاوە لەم بوارەدا بۆ کتێبخانە دابین بکات، نەك هەرچی لەسەر مێژوو بوو ئەوا لە کتێبخانەی دانێ، بەڵکو دەبێت ئەوە ڕەچاو بکات کە ئایا کتێبخانە هەموو سەرچاوە مێژووییەکانی پێویستە ؟ یان دەبێت هەر کتێبێك باسی سەردەمێکی دیاریکراوی کرد دەبێت بکڕێت ؟ یان کتێبێك دەربارەی سەردەمێکی دیاریکراو.
3. کێشەیەکی تر کە تووشی ئەمینداری کتێبخانە دەبێت ئەوەیە، ئایا ئەم سەرچاوەیە (کتێب) بۆ هەموو خەڵك نووسراوە بە گشتی، یان بۆ بەشێکی دیاریکراو و تایبەتمەند نووسراوە لە کۆمەڵدا. ئایا ئەم سەرچاوەیە بەڕێگەیەکی سادە و ساکار نووسراوە کە خەڵك بە گشتی سوودی لێ وەربگرێ ؟ دەبێت بە دوای ئەو سەرچاوە مێژووییانەدا بگەڕێت کە شتێکی زیادەی ئاشکرا نەکراوی تێدایە لەسەر ئەو بابەتە، کە یارمەتی توێژەران دەدات بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکانیان.
4. ئەو ناوچەیەی کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکە دەیگرێتەوە: چونکە بە گشتی کتێبی مێژوویی باس لەناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی دەکات، وەك: مێژووی کوردستان، مێژووی عێراق، مێژووی هەرێمی ئێرلەندە.
5. بابەتە مێژووییەکە: هەموو مێژوویەك باس لە بابەتێکی دیاریکراو دەکات، وەك مێژووی هونەرو مێژووی فەلسەفەو مێژووی دراو.... هتد.

بۆ ئەمینداری کتێبخانە وا باشترە هەندێ مەرجی سەرەکی هەیە لە کتێبی مێژووییدا لە کاتی هەڵبژاردندا ڕەچاوی بکات لەوانە:

1- ڕەسەنیی سەرچاوەکەو وردی لە زانیاریدا.
2- ئاشکرایی پێوە دیار بێت، وە بە شێوازێکی ئەدەبیی زۆر جوان ڕاستیەکان دەربخات.
3- بە ئاگابوون لە ئامانجەکانی کتێبخانەو ناسینی قەبارەو جۆری ئەو کۆمەڵگەیەی کە کتێبخانە تێیدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، وا باشتریشە کتێبخانەی مێژوویی کە تایبەتمەندە، زۆرتر سەرچاوەی مێژوویی لە خۆ بگرێ بەڕەچاو کردنی بابەت، زەمەن، شوێن، تایبەتمەندی خوێنەر لەبەرچاو بگرێ.

2-کتێبی ئاینیی:

نووسین لەسەر بواری ئایینیی زۆرو فراوانە، چونکە هەموو ئاین و بیرو باوەڕە جیا جیاکان دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەدا، وەك دەبینین لەم دواییەدا، واتە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، نووسینێکی زۆر لە بوارە جیا جیاکانی ئاییندا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی لە هەندێ بواری فیکرو لێکۆڵینەوەدا ڕای جیاوازی دروستکردووە.

ئاین بابەتێکی بێ کۆتاییە، نووسین لەسەری زۆرە، بە زۆربوونی ئەم نووسینانەش گرفت بۆ ئەمینداری کتێبخانە دروست دەکات لە کاتی هەڵبژاردنی کتێبدا لەوانە:

1) ئەوەی لەسەر ئەم بوارە (ئاین) نووسراوە لە ژماردن نایەت.

2) دەرکەوتنی هەندێ کتێبی فکری لەچەند بوارێکی ئایینیی دا کە جێگەی لێکۆڵینەوەیە (مناقشە)، بەڕای هەندێ لە بیرمەندان هەندێ بابەت قابیلی موناقەشە نییە.

3) ئەو کتێبانەی کە لە لایەن گروپ و کۆمەڵەو هەندێ لەخەڵکانەوە پێشکەش بە کتێبخانە دەکرێ، دەبێت هەمان مامەڵەی کتێبی کڕاوی لەگەڵدا بکرێ. و تۆماریش بکرێ لە کتێبخانەدا.

4) ئەو کتێبە ئایینییانەی کە بە شێوەی چیرۆك نووسراوەتەوە، مۆرکی میللی پێوەدیارە زۆر بابەتی پیاهەڵدان و زیادە ڕۆیی پێوە دیارە کە ئەقڵ زۆرجار قەبوڵی ناکات، ئەمەش گرفتە لەناوخەڵکدا، چونکە سەرچاوەی بەرامبەر بەو شێوەیە نادوێ.

5) هەندێ کتێبە ئایینی وا لەخەڵك دەکات کە پەیوەست بن بەیەك ئاین و یەك مەزهەب و توند بن بەرامبەر زۆر لەباسە هەنووکەییەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتە بۆ کاردانەوەو توندو تیژی.

6) ئایینە جیاوازەکان، ئایا ئەمینداری کتێبخانە دەتوانێت هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان ئایینەکان و ئایینی فەرمی دەوڵەتدا.

7) دیاریکردنی کتێبی ئایینیی گرنگە بەلای ئەمینداری کتێبخانەوە، چونکە دەبێت ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت کە درێژە پێدەری پەیامە ئاسمانییەکانە (قورئانی پیرۆز، ئینجیل، تەورات، زەبوور) دەبێت ئەوە باش بزانین کە ئەم سەرچاوەیە باس لەبەخشندەیی و لێخۆش بوون و گەورەیی پەیامەکانە، یان باس لە بابەتە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دەکات لە ڕووی ئایینێکی دیاریکراوەوە.

8) ئەمینداری کتێبخانە زۆر کۆنترۆڵی کتێبی ئایینی پێ ناکرێ، چونکە پڕوپاگەندە بۆ کتێبی ئایینیی زۆر بە دەگمەن ئەگەر بکرێ لەبەر ئەوەی ئاین تایبەتە بە بیرو باوەڕو یەکتاپەرستی ئەو کەسە خۆیەوە.

9) نرخی کتێبە ئایینییەکان هەمیشە گرانە، ئەمەش زۆرتر لەبەر باشی بەرگ و جۆری لاپەڕەو بوونی زەغرەفەی نایاب و ڕەسەنی چاپە، بۆیە پێویستە ئەمینداری کتێبخانە پەلە لە کڕین و هەڵبژاردنیدا نەکات تا دڵنیا دەبێت.

10) پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە خۆی بە دوور بگرێت لە لایەنگری مەزهەب و ئاین و کەوتنە ژێر کاریگەری هەر هۆکارێکی ئایینیی لە کاتی هەڵبژاردندا.

نەبوونی سەرچاوەی ئایینیی پێویست لە کتێبخانەدا بۆ سێ خاڵ دەگەڕێتەوە:-

1- نەبوونی نووسین لەلایەن نووسەرانی باوەڕدار بەو ئایینانەوە.

2- هەڵنەبژاردنی سەرچاوەی ئەو ئایینانە بۆ کتێبخانە، لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە.

3- نەبوونی خوێنەری پێویست و کەمی داواکاری لەسەر ئەو بابەتە ئایینییانە.
دەبێت ڕەچاوی چڕی دانیشتوان بکرێ لە کاتێکدا کە زۆرینەی خەڵك ئاین پەرستن و پەرستگاو شوێنەواری پیرۆزی ئایینیی لەو جێگەدایە، بۆیە پێویستە زوربەی سەرچاوەکان ئایینیی بن، چونکە کۆمەڵگەکە وا دەخوازێ. هەروەها دوور خستنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بواری فکری و لێکدانەوەی دژ بە ئاین دەخاتە ڕوو، لە بەرچاوی خوێنەران لابرێ. کتێبی ئایینیی ڕەسەن کە بە وردی و بە ڕوونی باس لە ئاین دەکات، پێویستە لە کتێبخانەی تایبەت بە ئاییندا بێت.

4- کتێبی زانستیی: ئەم سەردەمەی کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، بەسەردەمی تەکنەلۆجیای زانیاری ناو دەبرێ، زانست هەمیشە لە داهێنان و نوێبوونەوەو بەرەو پێش چووندایە لە دنیای زانستدا، دوێنێ بە بەراوورد بە ئەمڕۆ، زانیارییەکان کۆنە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو جۆرە کتێبخانەیەك بڕێك، یان کۆمەڵێکی باش لەسەرچاوەی زانستی لە خۆ بگرێ بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری کتێبخانەو قەبارەی کتێبخانەکە، باشتر وایە سەرچاوەکان زیاتر بە شێوازێکی سادەو ساکار نووسرابن، تاوەکو زۆرترین کەس سوودی لێ وەربگرێت.

ئەرکی سەرشانی ئەمینداری کتێبخانەیە کە هەوڵ بدات ژمارەیەکی باش سەرچاوەی وەك کتێب و گۆڤاری زانستی و توێژینەوەی بە پێز بۆ خوێنەرانی کتێبخانەکەی مسۆگەر بکات، تاوەکو بێبەش نەبن لە تازەترین و نوێترین هەواڵ و زانیاری نوێ. لە گرنگترین ئەو بابەتە زانستیانەی کە پێویستە بوونیان لە کتێبخانەدا هەبێت، زانستی { ماتماتیك— زانستی گەردوون ناسی— زانستی بایۆلۆجی — جیۆلۆجی — کیمیا — فیزیا... هتد }.

زانستیی بیرکاری، یەکێکە لە زانستە کۆنەکان، کە لە چەرخەکانی کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ کە ڕۆژانە بەکاردێت بەکارهاتووەو پشتی پێ بەستراوە بۆ شیکارکردنی گشت کاروبارەکانی ڕۆژانە.

بیرکاری لە زۆر زانستی تردا بەشداری دەکات وەك، فیزیا — ئامار — بایۆلۆجی — زانستەکانی تریش هیچیان لە بیرکاری کەمتر نییە وە بەرەو پێش چوونی ڕۆژگار داخوازی زیاتر لە لێکۆڵینەوە لەسەر هەر کام لەم زانستانە دروست بووە، بۆ نموونە (جیۆلۆجی — زەوی ناسی) ئێستا زۆر لە وڵاتان گرنگی تەواو بەم بوارە دەدەن بۆ پێشخستنی ئابووری وڵاتیان، ئەویش بەگەڕان و پشکنینی ناوچەکانیان بەدوای سامانی سروشتیدا.

## کێشەکانی هەڵبژاردنی کتێبی زانستی

1- نووسینێکی یەکجار زۆر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوەو زۆر گرانە ئەمینداری کتێبخانە بەهەموو بوارەکانی ئەم بابەتەدا پێ ڕابگات.

2- گرنگیدان بە نوێترین جۆری زانیاری و تازەیی لەبابەتدا هەمیشە لە پێشکەوتندایە، ئەمە وا دەکات ئەوەی دوێنێ بەچاو ئەمڕۆ وە نوێ نەبێت. بۆیە پێویستە زۆر بە ئاگا بین لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستی و پارێزگاری لە ڕێگەی نوێ بکات.

3- زۆر لە ئەمیندارانی کتێبخانە سەلیقەو شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر بابەت و زانستیە نوێیەکان، بەڵکو پسپۆڕییان تەنها لە کتێبخانەدایە.

4- هەڵبژاردنی کتێبی زانستی دەبێت زۆر بە زمانێکی سادەو ساکار نووسرابێ و وێنەو شیکارو نەخشەو خشتەو بابەتەکانی ناوی زۆر ڕوون بێت، تا بە ئاسانی خوێنەر سوودی لێ ببینێت زۆر بە وردی.

5- دەرکەوتنی هەندێ کتێب کە دەچێتە خانەی خەیاڵ و گومانەوە. لێرەدا پێویستە ئەمینداری کتێبخانە بڕیار بدات بە بوونی، یان نەبوونی لە کتێبخانەدا.

6- گرفتی جۆری سەرچاوە زانستییەکە زۆر قورسە، ئایا لە شێوەی کتێبدایە، یان ڕاپۆرت و توێژینەوەی زانستییە، یان کتێب لە شێوەی نامیلکەدایە، بۆ گشت خەڵك نووسراوە، یان بۆ چینێکی تایبەت. هەندێ جار ئەم جۆرە سەرچاوانە بە کڕین دەست ناکەوێ، چونکە لەلایەن دەزگا زانستییەکانەوە بە خۆڕایی دابەش دەکرێ، بۆیە پێویستە پەیوەندی نێوان کتێبخانەو دەزگا زانستییەکە پتەو بێت، تا بێبەش نەبێت لەم جۆرە زانیاریانە.

7- ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی کە لە بواری تەکنەلۆجیای زانستیدا ئەنجام دەدرێت، وا دەکات ئەمینداری کتێبخانە بە شێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون بۆ بابەتی نوێ بکات.

دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە کتێبی زانستی لە نرخدا زۆر گرانە، ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە: -

ا- هەموو زانیارییەکان بە پراکتیکی ئەنجام دراوە، ئەمەش وا دەکات بڕی تێچوونی ماددی زۆر بێت.

ب- ماوەی ئەنجامدان کاتی زۆر ویستووە.

ج- زوربەی زانیارییەکان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

د- گرانی جۆری لاپەڕەو بەرگ و چاپ و شیکاری کۆمپیوتەری ولاپەڕەی شەفاف تێیدا.

بۆیە پێویستە لە کاتی هەڵبژاردندا دەست بە بودجەوە بگیرێت، بە تایبەتی ئەو کتێبخانانەی کە بودجەیان دیایکراوە یان لاوازە. پێویستە ئەمینداری کتێبخانە هاوسەنگی نێوان بابەتە زانستییەکان بە پێی خواستی خوێنەرو جۆری کۆمەڵگەکە ڕابگرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پێویستە جێگەی کتێبی زانستی لە کتێبخانەی زانستی بێت.

زۆر گرنگە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە سەرچاوانەدا ئەمینداری کتێبخانە ڕاوێژ بەدەورو بەرەکەی خۆی بکات و لە گرنگی کتێبەکە دڵنیا بێت، چونکە هەر کتێبێك با زانستیش بێ، کە خوێنەری نەبوو ئەوا پارەی خەرجکراو لۆك دەبێت و تەنها جێگە لە کتێبخانە داگیر دەکات، بێ ئەوەی کەسێك سوودی لێ وەربگرێت.

## کێشەکانی هەڵبژاردنی کتێبی ئەدەبیی

بواری ئەدەب لەبەر ئەوەی بوارێکی فراوانە، نووسینێکی بێ شوماری لە خۆگرتووە، لەوانە (چیرۆك – شیعر – پەخشان – شانۆ و.... هتد)، ئەمە جگە لەئەدەبی بێگانە کە ئەوانیش سەنگی خۆیان هەیە.

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوەی ئەدەبیی زۆر جیاوازترە لەهەڵبژاردنی بوارەکانی تر، چونکە لەئەدەبدا کاریگەری حەزو هونەرو چێژ وەرگرتن لەبابەتەکەدا ڕەنگدانەوەی هەیە.

ئەگەر چیرۆکێك هەڵبژێرین بۆ ناو ڕەفەی کتێبخانە، دەبێت بزانین کە ئایا ئەمە چیرۆکێکی ڕاستییەو لەگەڵ بنەماکانی ژیاندا دێتەوە؟

ئایا ئەم چیرۆکە دەبێتە چارەسەری کۆمەڵێك گرفتی دەروونیی و وەڵامی پرسیارە شاراوەکانی دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەداتەوە؟ تا چەند مرۆڤەکان بە دیاردە نادیارەکان دەناسێنێت؟ چی لای خوێنەر دروستدەکات؟ هەستکردن بە ئازاری بەرامبەرەکەمان کە لێیان تێ ناگەین، یان هەستکردن بە میهرەبانی ئەوانەی تا ئێستاش ناتوانین پێناسەیان بۆ بکەین، ئەمەو چەندان پرسیاری تر.

## گرفتەکانی هەڵبژاردنی چیرۆك لەبەردەم ئەمینداری کتێبخانەدا :

1) گرفتی جۆری چیرۆکەکە: ئایا چیرۆك لە جۆری ئەدەبی گەلان، یان بیانی هەڵبژێرێت، یان لە جۆری نوێ، یان لە جۆری ناوخۆیی بێت.  دەتوانین بڵێین ئەدەبی ڕەسەن و سەرکەوتوو، ئەو ئەدەبەیە کە لە ناو جەماوەردا ڕەنگدانەوەی هەیە کە ئەمەش ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت تاوەکو خەڵك بەباشی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، دواتر ناوبانگ پەیدا دەکات. لە چیرۆکدا نووسەری بەتوانا شێوازی بنیادنان و وێنەی ڕووداو دروستکردنی کەسایەتی و دەرخستنی گرفتەکان بەسەلیقەو شارەزایی خۆی ئەنجام دەدات. بۆیە پێویستە خەلفیەتی نووسەرانی بوارەکە شارەزا بین. هەندێ ڕۆمان و چیرۆك ناوبانگی جیهانی هەیە، وە لە ڕۆمانە بەنرخ و بە پێزەکان هەژمار دەکرێ، ئەمەش پاش خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرانەوەو هەڵسەنگاندنێکی باش ئەم نرخەی بۆ پەیدا بووەن بۆ نموونە ڕۆمانی (دایك، براکوژی، سەد ساڵ لە تەنیایی، بێ نەوایان، خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ... هتد). لێرەدا ئەمینداری کتێبخانە دەتوانێت سوود لەڕاو بیرو بۆچونی خوێنەرانی ئەم بوارە وەربگرێت، بە تایبەتی ئەوانەی

خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکن، تا لە سەرنج و ڕەخنەو هەڵسەنگاندن و باس و لێکدانەوەکانیان سوودمەند بێ و لەسەر ئەم بنەمایە چەند وێنەیەك لەو چیرۆکە بکڕێ.

ب- کێشەی ژمارە: چەند ژمارە بکڕێت بۆ کتێبخانەکە، ژمارەیەك، یان دوان، یان زیاتر، جا چیرۆك بێت یان شیعر یان پەخشان، خوێنەری کام لەم بوارانە زۆرترە، ئەوەی لێرەدا گرنگە هاوسەنگی نێوان بابەتەکانە بە گشت جۆرو قەبارەکانیانەوە. ئەگەر کتێبخانەکە ئامانجێکی پەروەردەیی هەبێت گوێ بە ژمارە نادات، بەڵکو دەیەوێت زۆرترین خزمەت بە خوێنەرانی بکات، بەڵام ئەگەر زانستی بێ یان هەر ئامانجێکی تری هەبێ لەپاڵ ئەم سەرچاوانەدا سەرچاوەی زانستیش پەیدا بکات تا خوێنەرانی بێبەش نەبن.

ج- بوونی هەندێ کتێب لەسەر سێکس و کۆمەڵگە، کە زوربەیان بۆ بواری بازرگانی نووسراون و وروژێنەرن و خوێنەر تووشی لادان دەکات و هیچ بنەمایەکی ئەقڵانی دروستی لە پشتەوە نییە، بۆیە پێویستە ئەمینداری کتێبخانە خۆی لەم جۆرە کتێبانە بە دوور بگرێت بە تایبەتی لەهەندێ چیرۆکدا. ئەگەر کتێبەکە بەدروستی و بە شێوازی زانستیانەوە وەك زانست باسی بابەتەکەی کرد، هیچ لاریەك نییە لەبەردەم کڕینیدا.

د- گرفتی شانۆ: کتێبی شانۆ خوێنەری کەمە لەهەموو دنیادا، خەڵك زیاتر حەز بە بینینی دەکەن وەك لە خوێندنەوەی، چونکە زۆرجار دەقەکان بە پێی کولتوورەکان ڕازانەوەو چێژی هونەری بۆ دروست دەکرێ، بەڵام ئایا کتێبخانە چ جۆرە شانۆیەك هەڵبژێرێت، شانۆ جیهانییەکان کە وەرگێڕراوە، یان هەر بەزمانی ڕەسەن نووسراوەو خوێنەری دانسقەی خۆی هەیە، یان شانۆ ناوخۆیی و میللییەکان هەڵبژێرێت.

ل- شیعر: خوێنەری ئەم بابەتەش کەمە ئەمەش بە هۆی گۆڕانکاری لە نووسین و لە ناوەرۆکیدا، لێرەدا شیعری کۆن و شیعری شاعیرە نوێکان دەبینرێت، کامەیان مەبەستە کۆن یا نوێ، ئەمە پەیوەندی بە خواستی خوێنەرو جۆری شیعرەکانەوە هەیە، وەك باکگراوندێك دەبێت، وێنەیەك لەسەرجەم دیوانە کۆنەکان لە کتێبخانەدا بوونی هەبێت بەتایبەتی لە گشتی دا.

ك- پەخشان: جۆرێکە لە نووسینی ئەدەبیی، کەم کەس خۆی لە قەرەی دەدات، خوێنەریشی زۆرە، بەڵام ژمارەی کەمە، بۆیە پێویستە پەخشانە بەناوبانگەکان و ناسراوەکان هەڵبژێرێت و جیاوازی بکرێ لە نێوان پەخشان و نووسینی ئەدەبیدا.

سەبارەت بە کتێبی بێگانە زۆر پێویستە بە وەرگێڕاوی بێ، یان وێنەی ڕەسەن وێنەیەك لەناودارترین و ناسراوترین بەرهەمە فکرییە بێگانەکان لە کتێبخانەدا بوونیان هەبێت، بە تایبەتی لە کتێبخانەی گشتیدا کە گشت لایەك ڕووی تێ دەکەن.

هەموو ئەمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەئاستی خوێندنەوەو شارەزایی و وردبینی لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرتر دەبێت.

4-کتێبی فەلسەفە: یەکێکە لەبابەتە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەی ئادەمیزاددا لەدایك بووە، نمونەی ئەو پرسیارانەی کە مرۆڤ لەخۆی کردووە، هۆکاری بوونی لەسەر زەوی، دەبێ پەیڕەوی چ بیرۆکەیەك بکات، کێ دروستیکردووە، گەردوون چۆن دروست بووە، چۆن دروست کراوە. ئەمەو سەدان پرسیاری فیکری تر. هەندێ بابەتی فەلسەفیی بە شێوازێکی وردە داڕێژراو نووسراون، هەندێکیشیان سادەو ساکارن و مرۆڤ بەئاسانی لێی تێدەگات، هەندێکی تریشیان ئاڵۆزە. هەر لە ناو فەلسەفەدا چەندان جۆرە فەلسەفە هەیە لەوانە، فەلسەفەی وجودی، فەلسەفەی ماددی، فەلسەفەی میپالی .. هتد. بۆیە پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە پێشینەیەکی زانستی فەلسەفی هەبێت، هەم بۆ خودی خۆی و هەم بۆ زانیاری گشتیش پێویستە.

گرنگترین ئەو گرفتانەی کە دێنە پێش لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی فەلسەفیدا بریتییە لە:

1- بۆ بابەتێکی فەلسەفیی دەستنیشانکراو، چۆن بتوانین کتێبی ئاسان هەڵبژێرین.
2- فەلسەفە بۆ خۆی بابەتێکی فیکری ئاڵۆزە.
3- زوربەی ئەمینداری کتێبخانە زانیارییان نییە دەربارەی ڕێچکەکانی فەلسەفەو لقەکان و ناوی فەیلەسوفەکان نازانن.
4- پێویستە ڕاوێژ بکا بە خەڵکانێك کە شارەزای بوارەکە هەن، تاوەکو زانیاری بە سوودیان لێ وەربگرێت لە کاتی هەڵبژاردندا.
5- خوێنەری ئەم بابەتە زۆر نییە، نرخی سەرچاوەکانیش گرانە، بۆیە دەبێت ئاگامان لە زیادە ڕۆیی بێت لە کڕیندا، چونکە کار لەکورتهێنانی بودجە ئەکات.
6- فەلسەفە چەندان ڕێچکەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی هەیە، بۆیە زۆر پێویستە بزانین ئێمە خوێنەرەکانمان کام ڕێچکە دەگرن.

5) کتیبی دەروون ناسی: یەکێکە لە زانستە نوێیەکان کە بەم دواییە سەری هەڵداو لە کۆلێجەکانی ناو زانکۆکاندا وەك بەشێکی زانستی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە خودی مرۆڤەوە دەخوێنرێ.

ئەم زانستە تویژینەوە لێکۆڵینەوەکانی، تایبەتە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، وە لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەکان ورد دەبێتەوەو شیکاری دەروونی و زانستییان بۆ دەکات کە مرۆڤ بۆ خۆی کەرەستەی تاقیکردنەوەیە.

لە ئەنجامی زۆر بوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کارەساتەکان گرنگیدان بەم زانستە لەبەرەو پێش چوندایە، هەتاوەکو کێشەو ئاڵۆزی ڕووی خودی مرۆڤ بگرێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویست بوون بەم بابەتە لە زۆر بووندایە بۆ دەرباز بوون لە گرفتەکان، زۆر کەس حەز بەم زانستە ناکەن، چونکە وەك تانە تەماشای دەکەن، یان خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی مرۆڤە بە شێوەیەکی جیا کە لە بەهای کەم دەکاتەوە.

## کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردنی کتێبی سایکۆلۆجی:

1- دەبێت ئەو سەرچاوانە هەڵبژێرین کە بە شێوازی سادەو ساکارو دوور لە ئالۆزی نووسراون و نووسەرەکانیان پێشینەیەکی زۆر باشیان هەیە.
2- هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی کە لەگەڵ عەقڵدا تەندروستەو گومان دروست ناکات.
3- خۆ بەدوور گرتن لەو کتێبانەی کەباس لە زانستی شاراوە دەکات، وەك زانستی ژمارەو دەست خوێندنەوەو زانستی ئەستێرە ناسی و قاوە گرتنەوە و فڕو فێڵ و جادووگەری و بەخت و چارەنووس. ئەمانە کۆمەڵگە بەرەو لادان و چارەنووسی نادیار دەبات.
4- ئەو کتێبانەی کە لەسەر بنەمای زانستی ڕووت باس لە پرۆسەی سێکسی و سێکس بە گشتی دەکەن، نمونەیان لێ هەڵدەبژرێت و دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە کێ نووسیویەتی، چونکە هەندێ لەم سەرچاوانە بۆ وروژاندن و کاری بازرگانییە، نابێت لە کتێبخانەدا بوونی هەبێت.
6)کتێبی شاز: ئەو کەسانەی کە جیاوازن لەهەر کەسێکی تر و دەناڵێنن بەدەست گرفتێکەوە کە زۆر دەگمەنە، بۆیە پێویستە نموونەی ئەم جۆرە کتێبانە لە کتێبخانەدا هەبێت.
7) زانستی کۆمەڵایەتی: یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردودا گرنگیەکی زۆری پێ دراوە، بە تایبەتی لەو بوارە هەستیارانەی کەلە خۆی گرتووە، ئەم زانستە زانستەکانی وەك ئامار، ڕامیاری، ئابووری، یاسا، کارگێڕی و پەروەردەو فێرکردن و داب و نەریت و کولتوورو بازرگانی و چەندان بابەتی هاو شێوە لە خۆ دەگرێ، لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا زۆر لە وڵاتانی داگیر کەری ئەوروپی ئەم زانستەیان پەرە پێدا بۆ ناسینی خوو ڕەوشت و داب و نەریت و باری کۆمەڵایەتی گەلان، تاوەکو بە ئاسانترین شێوە کۆنترۆڵی سەروەت و سامانیان بکەن.
ئەم زانستە هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و چەندان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی تێدا ئەنجام دراوە و لە گۆڤارو ڕۆژنامە بڵاوکراوەکاندا پەخش کراوە، تاوەکو خوێنەری ئەم بوارە سوودمەند بێت. لە نێوان زانستەکانیدا نزیك بوونەوەی بابەتی هەیە وەك ڕامیاری، ئابوری، یاسا، کە ئەمانە چەندان نووسینیان لەسەر نووسراوە. بە نموونە زانستی ئابووری ئەو زانستەی کە گرنگی دەدات بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ. چەندان تیۆری تاقیکردنەوە لە خۆ دەگرێت.

## گرفتەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لای ئەمینداری کتێبخانە

1- فراوانی ئەم بوارەو زۆری بابەتە نووسراوەکان ئاڵۆزییەکی زۆر دروست دەکات.

2- نووسراوەکان چ لە شێوەی کتێبدا بێت، یان هەر چاپکراوێك دیدو بۆچوونی نووسەران ئاوەژۆ دەکات و ڕەخنەو پەرچە کرداری ئەدەبیی دروست دەکات و ڕای پێچەوانەوە ئاماژە پێ دەکات.

3- هەڵبژاردنی سەرچاوە ئایدیاییەکان دەبێ لایەنگری پێوە دیار نەبێت و هاوسەنگی نێوان بابەتەکانی بپارێزێت، کە زۆرجار ئەستەمە دروست دەکات، پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە لە کاتی هەڵبژاردندا ئاگاداری:


1) زانیاری هەبێت لەسەر نووسەری بابەتەکەو شارەزایی هەبێت لەسەر هەڵوێست و دیدو بۆچوونە جیاوازەکان.

2) خاڵە بەهێزو لاوازەکانی سەرچاوەکە دەستنیشان بکات، ئایا تیۆری بابەتەکەی شیکردۆتەوە، یان بە پراکتیکی، تا چەند لەگەڵ واقیعی بابەتەکەیدا دەگونجێت.

3) گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوانەی کە کێشەو گیرو گرفتەکان چارەسەر دەکەن لە ئەمڕۆو داهاتوودا بۆ کۆمەڵگە.

4) پێویستە سەرچاوەکە نوێ بێت و بیرو باوەڕی نوێی تێدا جێ بووبێتەوە، چونکە زانستی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە پێشکەوتن و بەرەو پێش چوندایە.

ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکییانە بوون کە پێویستە ئەمینداری کتێبخانە تێبینی بکات لە هەڵبژاردندا.



## پاری دووەم : ڕێگاکانی پاراستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە

1) ئەژمار (جرد) کردنی سەرچاوە.
2) بژارکردن و دوور خستنەوەی سەرچاوە.
3) بریتییە لە دوو بەش :
   أ. پاراستن و ڕێکخستنی سەرچاوەکانی بە دروستی.
   ب. بەرگ تێگرتنی سەرچاوەکان (تجلید)

### 1 ) ئەژمارکردن، یان بژاردن ( جرد ) :(Stock Taking ):

پرۆسەی گەڕان بەدوای هەموو تۆمارکراوەکاندا، گرتنەبەری ڕێگایەکە بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە کتێبخانەدا تۆمار کراوە و ژمارەی تۆماری وەرگرتووە، (کتێب یان هەر چاپکراوێك) ئەمەش بە بەراوردکردنی ژمارەی تۆمار لەگەڵ تۆماری زانیارییەکاندا، یان لەگەڵ پێڕستی گشتی کتێبخانەدا هەن.

بۆ دڵنیا بوون لە بوون و نەبوونیان، هەروەها دەستنیشان کردنی ئەو سەرچاوانەی کە بەرەو هەڵوەشاندن و شیتەڵ بوون و ڕزین و تالیف بوون دەچێت، ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ناوخۆییە لە نێو کتێبخانەدا ئەنجام دەدرێت، لە بەشێك لە بەشە دەستنیشانکراوەکاندا.

مەرجێکی ئەژمارکردن (جرد) کە زۆر گرنگە ڕەچاو بکرێ ئەوەیە، دەبێت سەرجەم سەرچاوە خوازراوەکان کە لە لای خوێنەرانە بگەڕێتەوە بۆ کتێبخانە تا دڵنیا بین لە بوونیان، چونکە هەندێ سەرچاوە کە پێشتر خوازراوە ڕەنگە کە لای خوێنەر (فەوتابێ یان نەمابێ) هەرچەندە ئیمزای وەرگرتنی کراوە، بەڵام دڵنیا نین لە بوونی، لەبەر ئەوە پێویستە سەرچاوەکان بگەڕێتەوە و ببینرێن و دڵنیا بین لە بوونیان. یان هەندێ سەرچاوە براوە بۆ بەرگ تێگرتن کە ئەمەش پێویستە بگەڕێتەوە، یان لیستی نێرراو بۆ ئەژمارکردن (جرد) ئاماژەی پێ بدرێ.

### ڕێگاکانی ئەژمارکردن ( جرد ):

چوار سەرچاوەی سەرەکی هەیە کە پشتی پێ دەبەسترێت و لە کتێبخانەکاندا پیادە دەکرێ:
1. تۆماری گشتیی کتێبخانە.
2. پێڕستی گشتیی کتێبخانە یان پێڕستی چاپکراو.

3. کارتی زانیاری بەشی سەرچاوە هاتووەکان (تزوید)، کە بۆ هەر سەرچاوەیەکی تۆمار

| |
|---|
| ژمارەی تۆمار:<br>ژمارەی پۆلێن:<br>ناوی نووسەر:<br>ناونیشان:<br>شوێنی چاپ:<br>ساڵی چاپ:<br>بەش یان بەرگ:<br>ژمارەی لاپەڕە: |

کراوپێناسەیەك لە سەر کارت دروست دەکات ئەگەر چەند وێنەیەکی هەبێت.

4. ئەژمار کردنی ئەلکترۆنی بە (کۆمپیتەر):

کارتی زانیاری بەشی سەرچاوە هاتووەکان (تزوید) بریتییە لە:
کارتێکی﴿ 7.5 ×12.5 سم﴾ ئەم زانیارییانەی لەلایەکی کارتەکە بە چاپکراوی لەسەرە:

## پرۆسەی ئەژمارکردن، یان ئامادەکردن بە بوون:

1) تۆماری زانیاری فەرمی بەشی سەرچاوە هاتووەکان (تۆماری گشتی)

سەرەتا تۆماری گشتی ئامادە دەکرێ بەپێی زمانی نووسراوەکان، پاشان زمانی سەرەکی دەستنیشان دەکرێ دواتر زمانەکانی تر.

لەم کاتەدا لە ڕەفەی سەرەتاوە دەست پێ دەکات کە بە خوێندنەوەی ژمارەی تۆمار ئەنجام دەدرێت، پاشان کەسی دووەم دڵنیایی کەسی یەکەم دەکاتەوە لە ژمارەکە پاشان داوای زانیاری (ناونیشان، ناوی نووسەر، چاپ، شوێن، ژمارەی لاپەڕە) دەکات بۆ دڵنیا بوون لە ڕەسەنی ژمارەکە، پاش دڵنیا بوون دەچینە سەر کتێبێکی تر .

لێرەدا بە پێنووسێکی دیاری کراو هێمایەك لە تەنیشت ژمارە خوێندراوەکان دادەنرێ کە مانای دڵنیا بوونە لە بوونی.

ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی سەرجەم کتێبەکان، دواتر پشکنین بۆ تۆمارەکە دەکرێ، هەر سەرچاوەیەك هێمای ئاماژەی لە سەر نەبوو دەکرێ بە لیست بەم شێوەیەی خوارەوە.

(ژمارەی تۆمار، ژمارەی پۆلێن، ناوی نووسەر، ناونیشان، شوێن، چاپ، ژمارەی لاپەڕە).

دواتر سەرجەمیان بەپێی بابەت جیا دەکرێتەوە جارێکی تر بەدواداچوونی لە نێو ڕەفەکاندا بۆ دەکرێ بۆ دۆزینەوەی، تا دڵنیا بین لە بوون و نەبوونی.

پاشان ئاماژەی پێ دەدرێت کە بوونی هەیە یان نا، ئەو کات سەیری لیستی کتێبە خوازراو و ڕۆیشتووەکان دەکرێ کە ڕۆیشتووە بۆ بەشی جزوبەند (تجليد) بۆ دڵنیا بوون ئەگەر بوونی نەبوو، ئەو کات بە ون بوو لە قەڵەم دەدرێت.

ئەم پرۆسەیە زۆر قورس و گرانە چونکە:

1) دەبێت سەرجەم کتێبەکان دابگیرێت و ئەمجا بخوێنرێتەوە.
2) گەڕانەوەیان بۆ شوێنی گونجاوی خۆی.
3) هەندێجار کتێب بە هەڵە دانراوە، دیسان دەبێت ئەویش بگەڕێتەوە شوێنی تایبەتی خۆی.
4) زۆرجار کتێبەکان تۆز و خۆڵیان لە سەرە، ئەمەش بۆ تەندروستی خراپ و قورسە.

لە هەمان کاتدا گەڕان بە دوای کتێبە هەڵوەشاو و تووشبوو بە نەخۆشی، کە ئەمانیش جیاکردنەوەیان پێویستە. بۆیە زۆرجار لە کتێبخانە گەورەکاندا فەرمانبەرێك بۆ ئەم کارە ڕادەسپێرن، تاوەکو ئەو سەرچاوانەی کە گرفتی هەیە دەربهێنرێت و بنێررێت بۆ چارەسەر کردن.

ئەم کارە چەند فەرمانبەرێکی پێویستە کە ژمارەیان لە (3) سێ فەرمانبەر کەمتر نەبێت بۆ هەر زمانێك.

2) پێڕستی گشتی کتێبخانە:

ئەگەر پێڕستەکە چاپکراو بێت زۆر ئاسانترە لە کاری ئەژمار (جرد) کردندا، چونکە بە خێرایی دەتوانین بگەینە هەر سەرچاوەیەك کە پۆلێن کراوە و بوونی لە کتێبخانەدا هەیە، چونکە پێویستە کە لە ژمارە (... تا 999) یەك بە دوای یەك تۆمار کراوەو هیچ پەڕاندنێکی تێدا نییە، بەڵام لە پێڕستی گشتی کتێبخانەدا زۆر کارتی پێڕست بوونی هەیە، بەڵام سەرچاوەکە لە کتێبخانەدا بوونی نەماوە بە هەر هۆیەك بێت.

ئەم پرۆسەیە پشت بە ژمارەی پۆلێن و پێڕست دەبەستێت وەك ژمارەی تۆمار و هەموو کتێبێکیش کارتێکی پێڕستی هەیە، بەڵام دەبێت یەك جۆر پێڕست هەڵبژێرین، یان بە ناونیشان، یان بە نووسەر.

لەم کاتەدا دەبێت کابینەی پێڕستەکان ئامادە بکرێت و پاشان ڕیزبەندییان ڕێك بخرێت، دواتر دەربهێنرێت بۆ کارکردن لە سەریان، ئەم جۆرەیان هیلاکی زۆر دەدات بە کارمەندی پرۆسەکە. دەبێت لەم کاتەدا کتێبەکە هێما (تأشیر) بکەین. کە ئەژمار (جرد) کراوە.

کارتی پێڕستەکە لە کابینەی پێڕست دەربهێنرێت، ئەگەر کتێبەکە دیار نەما بوو، یان ون بوو بوو.

3) کارتی زانیاری بەشی سەرچاوە هاتووەکان (تزوید):

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەم کارتە ئەو زانیاریانە لە خۆ دەگرێت کە بە زمانی نووسراوی چاپەمەنییەکان ئاماژەیان پێکراوە.

لە بەشی سەرچاوە هاتووەکان (تزوید) بە پێی ژمارەی زمانی نووسراوەکان کابینەی کارتی زانیاری بوونی هەیە و هەر کابینەیەش کراوە بە چەند چەکمەجەیەکەوە، لەسەر چەکمەجەکان نووسراوە کە لە ژمارە (؟) تا ژمارە (؟) تێدایە.

ئەم کارتانە بۆ هەموو کتێبێکە کە ژمارەی وەرگرتبێ، بەڵام ئەگەر هاتو کتێبێك تووشی هەر گرفتێك بوویێت:

- ❊ تالف.
- ❊ ون بوون.
- ❊ ڕۆشتوو، یان بەخشراو.
- ❊ نەخۆشی.

ئەوا کارتەکە لە جێگەی خۆیدا هەر دەمێنێت، بەڵام ئاماژەی لەسەر نووسراوە کە بۆچی کتێبەکە دوور خراوەتەوە، یان دیار نەماوە، و ڕیزبەندی ژمارە و کارتیش دەپارێزرێ لە هەموو زمانەکاندا.

پرۆسەی کار کردن لەسەر ئەم کارتانە بەم شێوەیەیە:

کارتەکە ڕیزبەند و ئامادە کراوە بەپێی زمان، ئەو کەسەی کە لەسەر شێڵفەکان کار دەکات، یەکەم کتێب کە سەرەتای پرۆسەکەیە دەردەهێنێت و ژمارەی تۆماری دەخوێنێتەوە

کەسی دووەم ژمارەی کارتەکە بە زمانی نووسراوەکە دەردەهێنێت و کارتەکە تەسلیم بە کەسی یەکەم دەکات، ئەو دەیهاوێتە یان دەیخاتە ناو کتێبەکەوە و چمکێکی کارتەکە دیار دەبێت.

بەم شێوەیە سەرجەم کتێبەکان دەخوێنرێتەوە و کارتی زانیاری خۆی وەردەگرێت تا کۆتایی کتێبەکان.

لێرەدا هەرچ کارتێك مایەوە لە ناو چەکمەجەی کابینەکاندا ئەوە ئاماژەیە بەوەی کە، یان:

- ❊ کتێبەکە دیار نییە.
- ❊ کتێبەکە خوازراوە.
- ❊ کتێبەکە لە جزوبەندە.

دواتر لیستێك بۆ سەرجەم ژمارەی کتێبەکان لەگەڵ کارتی زانیاری دروست دەکرێ و ئاماژە بە نادیارییان دەدرێت پاش ئەوەی کە چێکی خوازراو و ڕۆیشتووی جزوبەند کۆتایی دێت.

بانەوێ و نەمانەی کتێب لە کتێبخانەدا هەر ون دەبێت، چونکە هەمیشە لە گەڕانەوە و وەرگرتنەوەدایە.

بەڵام دەبێت ئاماژە بە ڕێژەیەکیش بدەین لە هەزار کتێب لە (04 ٪ -7. ٪) دیار نەمان زۆر ئاساییە، بەڵام لەمە زیاتر جێگەی بە دواداچوونە، ئەمەش بۆ کتێبخانەیەك کە ژمارەی کتێبەکانی لە (5000) پێنج هەزار کەمتر نەبێت.

4) ئەژماری ئەلەکترۆنی (بژاردن بە کۆمپیوتەر):

نوێترین جۆری ئەژمار کردنە کە لە ڕێگەی ئامێرێکی کۆمپیوتەرەوە (لاپتۆپ) بە هاوکاری چەند کارمەندێکی کتێبخانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەنجام دەدرێت، بێ هەڵەو کەم و کووڕی.

وە هەرچ زانیارییەك کە بخوازرێ ئەنجامی دەدات.

ئەویش لە ڕێگەی کارشەرێکەوە کە بەستراوە بە کۆمپیوتەر (لاپتۆپ) ەکەوە، یان پێناسێکی تیشکیی کە ئاماژە بە بوونی کتێبەکان دەدات.

بیرمان نەچێت هەموو کتێبێك لە کتێبخانەدا کە تۆمار دەکرێ (سیمێکی) ئەلەکترۆنی لەناو کتێبەکەدا جێگیر دەکرێ، و لە ڕێگەی خوێندنەوەی (سیمەکەوە) کە لە شانی کتێبەکەدا جێگیر کراوە خوێندنەوەکە ئاماژە دار دەبێت. هەرچ زانیارییەك کە پێشتر تۆمار کراوە لەناو کتێبەکەدا لێرەش لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە دووبارە دەبێتەوە.

ئەم سیستەمە بە تەنها کاری ئەژمارکردن ئەنجام نادات، بەڵکو خۆی لە بنەڕەتدا پرۆگرامێکی دارێژراوە بە خواستی کتێبخانە ئەنجام دەدرێت و داواکاریەکان جێبەجێ دەکات بە پێی ئەو بەرنامەیە (داتا بەیسێکی دارێژراوە).

لەبەر ئەوەی کلێشەی زانیاریەکان بەرنامە ڕێژە و هەموو خانەکان بە پێی پێویست پڕ دەکرێتەوە، دەتوانرێ داوای هەرچ زانیارییەك بکەیت کە پێشتر تۆمار کراوە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەیهێنێتە پێش چاو دوای کۆتایی هاتنی ئەژمارکردن (جرد) کە چەند سەعاتێك، یان ڕۆژێك دەخایەنێت کۆمپیوتەرەکە لیستێك ئامادە دەکات بە ناوی:

1) هەموو نادیارەکان کە پێشتر بوونی هەبووە و ئێستا لە کوێن.

أ) خوازراون و لای خوێنەرانن.

ب) نێرراوە بۆ جزوبەند.

ج) لە گەنجینەدا هەڵگیراوە.

د) ڕۆشتووە بۆ جێگایەکی تر.

2) جگە لەمە لیستێك ئامادە دەکات وەك سەرژمێریی و ئامار دەیخاتە پێش چاو، لەوانە:

أ) ژمارەی تەواوی کتێبە تۆمار کراوەکانی کتێبخانە.
ب) ژمارەی تەواوی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە پۆلێنی (دیوی)دا یەك ژمارەن.
ج) ژمارەی تەواوی کتێبە تالفەکان (پێشتر و ئێستا) کە خۆمان ئاماژەمان پێداوە.
د) ژمارەی تەواوی دیار نەبووەکان (ئەژمارکردن (جرد) + ئێستا).
ه) ژمارەی تەواوی ئەو کتێبانەی کە بەکەڵکی خواستن (استعارە) نەماون (خۆمان ئاماژەمان پێداوە)
و) ژمارەی کتێبە تازە هاتووەکان بۆ کتێبخانە لە ماوەی یەك ساڵدا.

## ماوەی ئەژمارکردن ( جرد ):

دەکرێ پرۆسەی ئەژمارکردن یان بژاردن (جرد) ساڵانە، یان (2) ساڵ، یان (3)ساڵ، یان (4-5) ساڵ جارێك بێت، ئەمەش لە پێناو دڵنیابوون لە بوونی سەرجەم سەرچاوەکانی ئەم پرۆسەیە بەپێی:

1) قەبارەی کتێبخانە.
2) ژمارەی پێکهاتەی.
3) ژمارەی سەرچاوەکان و کارمەندەکان دەگۆڕێت.
4) ژمارەی خوێنەرانی کتێبخانە و هاموشۆکەرانی کتێبخانە.

لەو کتێبخانانەی کە سەرچاوەکانیان کەمە کە چەند هەزار کتێبێکە، دەکرێ ساڵانە ئەنجام بدرێت، وەك: کتێبخانەی قوتابخانەکان و زانکۆ و کۆلێژەکان لە پشووی هاویندا بکرێت باشتر و لە بارترە.

چونکە خوێندکاران لە پشوودان و کتێبخانە بەکار ناهێنن، بەڵام لە کتێبخانە گشتیەکاندا لە هەر وەرزێکی ساڵدابێت پرۆسەیەکی بێزار کەرە بە ڕووی خوێنەراندا. چونکە بێبەش دەبن لە سەرچاوە بۆ ماوەیەکی نادیار. تێچوونی ماددی زۆرە و پێویستی بە توانای مرۆیی زۆر هەیەو کاتی زۆر دەوێت و خوازراو نییە بە لای خوێنەرانەوە.*

## سوودەکانی ئەژمارکردن ( جرد ):

هەموو ئەژمارکردنێك چەند سوودێکی تێدایە کە کتێبخانە دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ ڕۆژانی دوایی کەپێویستی پێیەتی لەوانە:

1) زانینی ژمارەی کتێبە نادیارەکان بۆ چارەسەر کردن و دۆزینەوەیان.
2) دۆزینەوەی ئەو کتێبانەی کە بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، یان تالف بووە، یان لەگەڵ کۆمەڵگەی خوێنەراندا ناگونجێ، و ڕزگار بوون لێیان بەشێوەی فەرمی.
3) بە دواداچوون بۆ ئەو کتێبانەی کە پێویستییان بە چاککردن، یان جزوبەند کردن هەیە (تجلید).

4) زانینی ئەو کتێبانەی کە ژمارەیان زۆرە و کەم بەکاردێت، دانانی ڕێگە چارە بۆ دوورخستنەوەیان، چونکە ڕەفەکانیان قەرەباڵغ کردووە و هێشتنەوەی وێنەیەك، یان دووان.

5) زانینی ئەو کتێبانەی لە کتێبخانە باوەکاندا (تقلیدییەکاندا) گیرفانیان بۆ نەکراوە و کارتی زانیاری تێدا نییە، تاوەکو کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدرێت.

## کارتی زانیاری گیرفانی کتێب:

کارتێکی قەبارە (7×11سم) ە و تێیدا (ژ.پۆلێن، ژ.تۆمار، ناوی نووسەر، ناونیشان) لە بەشی سەرەوەیدا نووسراوە و لە بەشی خوارەوەیدا خشتەیەکە کراوە بە سێ بەشەوە (ناوی خوێنەر، مێژووی گەڕانەوە، ئیمزای خوێنەر) ی لەسەرە، بە دوو وێنە یەکێك لە کتێبەکەدا دەمێنێتەوە تا خوێنەر بزانێت ڕۆژی گەڕانەوەی چەندی مانگە، ئەوی تر لای کتێبخانە دەبێت.

**ژمارەی تۆمار:**

**ژمارەی پۆلێن:**

**ناوی نووسەر:**

**ناونیشان:**

| | ناویخوێنەر | ✍ واژۆ | م.گەڕانە |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

**✍واژۆی دەکەم سەرچاوەکە بێ کەم کوڕی بگێڕمەوە لە کاتی خۆیدا.**

# ڕێسا و شێوازەکانی
# گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە :

1. سپاردنی یاسایی.
2. کڕین و بەشداریکردن لە کڕیندا.
3. دیاری.
4. ئالوگۆڕ.

بە دواداچوونی سەرچاوەکان و پارێزگاری کردنیان:

هەموو ئەو سەرچاوانەی کە دێنە کتێبخانە بە هەر ڕێگەیەك بێت (سپاردن، دیاری، کڕین، ئاڵوگۆڕ) پێویستە بە دواداچوونیان بۆ بکرێ تاوەکو لە پاراستنی سەرچاوەکان ئاگادار بین و ڕێو شوێنی گونجاو بگرینە بەر، بۆ هەر گرفت و کێشەیەك کە ڕووبەڕووی سەرچاوەکان دەبێتەوە لەناو کتێبخانەکاندا: لەوانە :

1) هەڵبژاردنی سەرچاوەکان لەسەر بنچینەیەکی داڕێژراو لەوانە:

أ) شێوەی دەرەوەی (ڕووکاری دەرەوەی).

ب) بەرگێکی بەهێزی هەبێت.

ج) شانی کتێبەکە چنرابێت، یان بە باشی دورابێتەوە.

1) پشکنینی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان لە کاتی هاتنیاندا بۆ کتێبخانە لە ڕێگەی (سپاردن، دیاری، کڕین، ئالۆ گۆڕ) و دڵنیا بوون لەوەی بە کەڵکی بەکار هێنان دێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

2) دڵنیابوون لە تۆکمەیی ڕەفەکان لە کاتی دانانی سەرچاوەدا و پاراستنی ڕیزبەندیی ئاسۆیی و ستوونی سەرچاوەکان تا بە دوور بین لە چەمانەوە.

3) دڵنیابوون لە باشی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە لایەن خوێنەرانەوە، دانانی ڕێو شوێنی پێویست بۆ پارێزگاری کردنیان، تاوەکو لە فەوتان و دڕاندن بپارێزرێ و چاکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە زەرەدمەند دەبێت لەلایەن خوێنەرەوە بە خوێنەر خۆی.

## هۆكارەكانی

## خرا پبوون و تێكچوونی لا پەڕەی نووسراوەكان و كتێبەكان لە كتێبخانەكاندا :

هەموو سەرچاوەیەكی تێكچوو، یان توشبوو بە نەخۆشی، یان تالف بوو، دەرەنجامی كۆمەڵێك هۆكارە، هەندێكیان ناوخۆیی و هەندێكیشیان دەرەكین:

### هۆكارە ناوخۆ ییەكان:

1) تێكشكان و تێكچوونی سروشتی لاپەڕەكان:

مەبەست لێرەدا هەتاوەكو تەمەنی لاپەڕەكان زۆر بێت، ژیانیان بەرەو كۆتا دەڕوات، ئەگەر پارێزگاری یان كەشی لەباری بۆ دروست نەكرێت، لەو هۆكارانەش كە دەبنە هۆی لە ناوچوونی لاپەڕەكان:

1) تیشكی خۆر، تیشكی دەستكرد:

لە مێژە ئەوە زانراوە كە تیشكی خۆر و ڕووناكی كاریگەری خراپ لەسەر پەڕەكان بە جێدەهێڵن، بە تایبەتی ئەو پەڕانەی كە لە كەرەستەی ڕووەكیی و توێكڵەدار و ئاوریشم و سلیلوز دروست كراون. چونكە ڕەنگی پەڕەكان زەرد دەبێت و نەرمی تێدا ناهێڵێت و نوشتانەوەیان ئاسان نابێت و بەرگرییان كەم دەبێتەوە، زۆر پێویستە كتێبەكان لە جێگەیەكدا بن كە تیشكی خۆریان بە هیچ شێوەیەك بەر نەكەوێ، یان تیشكی دەستكردی زەرد. لە كاتی پێویستدا گلۆپی نیۆن بەكار بێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەكان بەپێی پێویست.

2) شێ:

باشترین و لەبارترین كەش بۆ پارێزگاری كردن لە سەرچاوەكانی نێو كتێبخانەكان دروست كردنی كەشێكی لەبارە بۆ كتێبەكان لە نێوان (40-65)پلەی سەدی جێگیر كراوە و نابێت ڕێژەی شێ زیاتر بێت،چونكە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندان جۆری كەڕوو، كە لەسەر بەرگەكان دروست دەبێت.

3) پلەی گەرما:

بەپێچەوانەی شێوە، ڕادەی شێ لە نێو پەڕەكاندا ناهێڵێت و دەبێتە هۆی وشكبوون و زەردبوونی پەڕەكان، ئەمەش دەرەنجامی پلەیەكی گەرمای بەرزە بە تایبەتی لە هاویندا، كە كارلێكردنی كیمیاوی ڕوو دەدات لە نێوان جۆری مادەكان و پلەی گەرمی دا، كە دەبێتە هۆی وشكبوونی پەڕەكان، باشترین پلەی گەرمی بۆ ناو گەنجینەی كتێبخانەكان بەگشتی دەبێت لە نێوان (18-24) پلەی سەدی دا بێت.

4) بوونی چەند جۆرێك لە گازی زیانبەخش و ژەهراوی لەوانە گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و ئۆزۆن.

که له سووتاندنی پەترۆڵدا بەدەردەکەوێت و کاریگەری خراپ بە جێدەهێڵێت، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا. لەسەر مرۆڤ و سەرچاوەکان بەگشتی باشترین چارەسەر دوورخستەوەی سۆپای نەوتی و زەیتییە لەناو کتێبخانەدا وە بەکارهێنانی ئامێری ساردی و گەرمی (سپلێت) لەم کاتەدا.

5) تەپ و تۆز:

زیان بەخشە بەرامبەر بە سەرچاوەکان و چەندان جۆری میکرۆب لە نێوانیاندا بلاودەبێتەوە، دەنیشێتە سەر سەرچاوەکان، پاکردنەوە (سڕین) دادیان نادات، باشترین چارەسەر بەکارهێنانی هەواکێشە بۆ دوورخستنەوەی لە گەنجینەی کتێبخانەدا.

6) مێروو- مێرووە قرتێنەرەکان:

ئەم جۆرە مێرووانە زیاترلە پلەی گەرمی زۆردا تەشەنە دەکەن و بەچاو نابینرێت زیاتر لە کرۆك و بەرگی کتێبەکاندا دەژین و چالّی دیار دەکەنە ناو کتێبەکان و توانای بڕینی پەڕەکانیان هەیە زۆر بە ئاسانی، ئەو پەڕانەی کە لە پێکهاتەدا لەبار و گونجاوە وەك مادە زیاتر دەتوانن زیانی پێ بگەیەنن.

بۆ وەستاندنی ئەم مێرووانە، دەبێت بە هەلّم، بۆنێکی زۆر لەناو کتێبەکاندا ئەنجام بدرێت تا ببێتە هۆی وەستان و گەشە نەکردنیان.

وە دەتوانین (کلۆریدی سۆدیۆم) یان (نیشاستە) بەکار بهێنرێت لەسەر ڕەفەکان، تاوەکو ڕێگری بکات لە گەشەکردنیان.

## هۆکارە دەرەکییەکان:

1) ئاگر:

بە یەکێك لە هۆکارە دەرەکییەکان ئەژمار دەکرێ کە دەبێتە هۆی لەناو چوونی کتێب و سەرچاوە جۆ بەجۆرەکانی کتێبخانە بە هەموو شێوە و قەبارەکانیەوە.

پێویستە ڕێوشوێنی توند و تۆڵ بگرینە بەر بۆ پارێزگاریکردن لە سەرچاوەکان لەوانە:

أ) دانانی زەنگی ئاگادار کردنەوە لە بوونی هەر ئاگرێك لە کتێبخانەدا.

ب) دانانی ئاگر کوژێنەوە لە زۆر جێگەی کتێبخانە و ئاگادار بوون لە ماوەی بەسەرچوونیان بۆ کاتی پێویست.

ج) بەکار نەهێنانی سۆپای نەوت و دار و غاز و زەیت بە هیچ شێوەیەك لە کتێبخانەدا.

2) شۆڕتی کارەبا:

یەکێك لە هۆکارە چاوەڕوان نەکراوەکانە کە زۆر جار بە هۆی هەڵەی تەکنیکییەوە ڕوودەدات و دەبێتە هۆی سوتاندنی گەنجینە بەتایبەتی لە شەودا.

پێویسته له كاتی بەجێ هێشتنی گەنجینەدا، سەرجەم سویچ پلاك و ئامێره كارەباییەكان به كوژاوەیی بەجێ بهێڵین.

## 2 ) بەرگ تێگرتن، یان جزوبەند كردن ( تجلید ) ( Binding )

بریتییه له كرداری كۆكردنەوه و بەیەكەوه بەستنی سەرجەم لاپەڕەكانی چاپكراوێك، یان نووسراوێك،بە دەست خەت له دوو توێی بەرگێكی ڕەقدا كه له مقەبا، یان تەختەداری تاشراوی تەنك، یان پلاستیكێكی دروست كراو.

زۆر جار ئەم بەرگانه به پێستی خۆش كراو، یان قوماش، یان نایلۆن، ڕووپۆش كراوه، دیوی ناوەوەی به هێلمی كەتیرەیی (غەره) دەلكێنرێت به پارچه كاغەزێكی سپییەوه و ناوەڕاستی دووتوێی بەرگەكه به هێلمی كەتیرەیی (غەره) ڕووپۆش دەكرێ، دواتر كتێبه به یەكەوه بەستراوەكه لەسەری دادەنرێ، پاشان بەدوو پارچه له هەردوو لاشانی كتێبەكه دەبەسترێتەوه به بەرگەكەوه بۆ ئەوەی له كاتی بەكار هێناندا بەئاسانی لاپەڕەكان بكرێتەوه و له بەرگه سەرەكییەكه جیا نەبێتەوه.

ئەو سەرچاوانەی كه پێویسته جزوبەند بكرێت له كتێبخانەدا بریتییه له:

1) كتێب به هەموو شێوەكانییەوه زیاتر ئەوانەی كه زۆر بەكار دێت له لایەن خوێنەرانەوه.
2) گۆڤارەكان.
3) ڕۆژنامەكان.
4) تۆماری گشتیی كتێبخانه.
5) كوڕڕاسەكان.
6) تێزەكان.
7) دەستنووسەكان.
8) هەر سەرچاوەیەكی تری گرنگ.

## گرنگیەكانی جزوبەند كردن:

كرداری جزوبەنكردن بەكارێكی بەرز و به نرخ تەماشا دەكرێ لەلایەن سەرجەم خوێنەرانەوه و گرنگی و بایەخی خۆی هەیه لەوانه:

1) سەرچاوەكه زۆر بەئاسانی دەتوانێت لەسەر شان له نێو ڕەفەكاندا بووەستێت.

2) شانی کتێبەکە بە ئاسانی ناوی نووسەر و ناونیشان و ساڵی چاپی لەسەر دەنووسرێ، کە ئەمەش یارمەتی کارمەند دەدات بەئاسانی ناونیشانەکە بخوێنێتەوە.

3) پارێزگاری کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپکراوە گرنگەکان دەکات کە زۆر بەکار دێن، ئەمەش وا دەکات بە درەنگ خراپ ببن و لەناو بچن.

4) تەمەنی سەرچاوە جزوبەند کراوەکان درێژ دەکاتەوە.

5) ئەو سەرچاوانەی کە لە شێوەی ڕۆڵێدان وەستانیان زەحمەتە و دەنووشتێنەوە، هەروەها ئەو سەرچاوانەش کە لاپەڕەکانیان نایلۆنە و بەرگەکانیان زۆر نەرمە، بەڵام کتێبی (تجلید) کراو ئەم گرفتەی نییە.

6) هەڵگرتن و گواستنەوەیان لە ڕەفەکاندا زەحمەت نییە و ئاسانە.

## زیانەکانی جزو بەند:

کاری جزوبەند تەنها هەر قازانج بە کتێبخانە ناگەیەنێت، بەڵکو هەندێجار لایەنی خراپی هەیە لەوانە:

1) بڕی تێچوون:

نرخی تێچوونی ناردن بۆ جزوبەند بۆ جزوبەندکردن و گەڕانەوەیان خەرجی دەوێت.

2) جزوبەندکردن دەبێتە هۆی دواخستنی سەرچاوەکان بۆ بەردەستی خوێنەران، و بێ بەش دەبن لە بەکارهێنانی سەرچاوەکە کاتێك کە تازە گەیشتووەتە کتێبخانە.

3) لەبەرگرتنەوەی وێنەیەك لە نووسراوەکان کردارێکی گرانە.

4) زۆر جار بڕی تێچوون زیاترە لە نرخی کتێبە بەرگ تێگیراوەکە.

5) هەندێ سەرچاوە کە جزوبەند دەکرێ لاپەڕەکانی هەڵدەوەشێت بە دەستەوە بەتایبەتی سەرچاوە کۆنەکان.

6) ئەگەر جزوبەندەکە لە دەرەوەی کتێبخانە بکرێ هەندێ سەرچاوەی تێدا ون دەبێت

## بنیادنانی بەشی جزوبەند لە کتێبخانەدا:

زۆر لە کتێبخانەکان بۆ جزوبەندکردنی کتێبەکانیان پەنا دەبەنە بەر بەرگ تێگرێکی شارەزا لەناو شاردا، کە جێگەی متمانەی کتێبخانەکەیە و دەشکرێت بەشی جزوبەند (تجلید) لەناو کتێبخانە خۆیدا بێت و لە شوێنێکی دیاری کراو، یان لاچەپدا بێت، چەند سوودێکی هەیە لەوانە:

- کەمی تێچوون لە نرخدا.
- کەمی کات لە گواستنەوە و گەڕانەوە و چێك کردندا.

ئەو سەرچاوانەی کە لە دەرەوەی کتێبخانە جزوبەند دەکرێ بە لیست و بە ژمارەی کتێب تەسلیم بە بەرگ تێگرەکە دەکرێ و بە (2) وێنە دەبێت سەبارەت بە کتێبخانە قەبارە گەورە و زەبەلاحەکان تەنانەت ناوەندەکانیش، باشتر وایە بۆ خۆیان خاوەن بەشی بەرگ تێگرتن بن کە لە بنەڕەتدا ئەم بەشە بەشێکی هونەرییە لە کتێبخانەدا.

پێویستە کەرەستە (مواد) ی ڕەسەن و تۆکمە بەکار بهێنرێت.

چونکە هیچ شتێك لە دنیادا خراپ نییە تەنها کەرەستە (مواد) خامەکەی نەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی سەرپەرشتیاری جزوبەند، باشترین جۆری چەرم و مقەبا و هێلمی کەتیرەیی (غەرە) ڕەسەن بەکار بهێنێت، چونکە دەبێتە هۆی:

- ناوداربوونی بەشەکە لای خوێنەران.
- تەمەنی سەرچاوەکە درێژ دەکات.

هەروەها دەبێت بەرگ تێگر نرخەکانی گونجاو بێت و لە کاتی دیاری کراودا سەرچاوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ کتێبخانە، یان ئاگاداریان بکات.

## تایبەتمەندیەکانی سەرۆکی بەشی جزوبەند لە کتێبخانەدا :

1) پێویستە لە بوارەکەی خۆیدا شارەزاو بە سەلیقە بێت لەکارکردندا.

2) پێویستە لە بەڕێوەبردنی پیشە و کارەکانیدا بەتوانا و لێهاتوو بێت و بتوانێت لەگەڵ فەرمانبەرەکانیدا گونجاندن دروست بکات لەکاردا.

3) پێویستە شارەزای تەواوی بواری جزوبەند بێت بە گشت جۆر و شێوەکانیەوە.

4) دەست پێوەگرتنی هەبێت بە کەرەستەکانی بەشەکەوە بتوانێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات.

## 3- کرداری دوورخستنەوە و بژارکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە :

**(التعشیب او الاستبعاد= Weeding )**

کرداری دوورخستنەوە:

گەڕان و پشکنینە لە نێو سەرچاوەکانی کتێبخانەدا بەمەبەستی ڕزگاربوون لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییە زانستییەکانی کۆن و لاوازە و جێگەی گومانە و زۆر (دقیق) نییە بەرامبەر بە دنیای ئەمڕۆ. تاوەکو جێگەیەك بەتاڵ بکرێ بۆ دانانی سەرچاوەی نوێ لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانە. هۆکاری ئەنجامدانی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ:

1) دڵنیا بوون لە سەرچاوەکان لە بارێکی جێگیردان.
2) لە لایەن خوێنەرانەوە بەکار دێت.
3) زانیاریەکانی ناوی تازە و ڕاست و دروستن و جێگەی گومان نییە.
4) ژمارەی تەواو لە بەردەستدا هەیە بۆ خواستن.

ئەو سەرچاوە ڕۆشنبیرییانەی کە دوورخستنەوە دەیانگرێتە:

پرۆسەی دوورخستنەوەی سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان ئەم سەرچاوانە دەگرێتەوە:

1) ئەو سەرچاوانەی کە دووبارەن، یان وێنەیان زۆرە و زۆر بەکەمی داخوازییان لە سەرە.
2) لابردنی چاپە کۆنەکان لە کاتێکدا کتێبخانە خاوەنداری چاپی نوێ دەکات لەهەمان سەرچاوە، بەتایبەتی سەرچاوە زانستی و ڕۆشنبیرییە نوێیەکان.
3) ئەو سەرچاوانەی لاپەڕەکانیان نیشانەی (ستۆك) بوونیان پێوە دیارە بەکەڵکی خواستن نەماون.
4) ئەو کتێبانەی کە بە هیچ شێوەیەك خواستی لەسەر نییە و نەخوازراوە.
5) ئەو سەرچاوانەی بە کەڵکی بەکار هێنان نەماون.

بەڵام لە کتێبخانە بیانییەکاندا، ڕێژە و بڕی ئەو سەرچاوە و چاپکراوانەی کە پێویستە دوور بخرێنەوە. لە کتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر جیاوازە، جیاوازیەکەش دەکەوێتە سەر قەبارەی کتێبخانەکە و جۆری کتێبخانەکە و ژمارەی سەرچاوەکان و مێژووی سەرچاوەکان لە چاپ و لە جۆری چاپدا. زۆر لە پسپۆڕان ژمارەی ئەو کتێبانەی کە پێویستە ساڵانە دوور بخرێنەوە لە کتێبخانە بە ڕێژەی (5٪) ی سەرچاوەکان دادەنێن.

## هۆکارەکانی دوورخستنەوەی سەرچاوەکان:

هەندێ هۆکاری سەرەکی هەیە کە وادەکات کتێبخانە هەستێت بە دوورخستنەوەی سەرچاوەکان لەوانە:


1) جێگە: ئەمەش لە پێناو فراوان بوونی ڕووبەری ڕەفەکان.
2) بۆ نوێکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە چاپی کۆنن و چاپی نوێ لەبەر دەستدایە.
3) لابردنی سەرچاوە (تالف) بووەکان و دانانی سەرچاوەی نوێ.
4) گرنگیدان بە جۆر نەك ژمارە. واتە گرنگیدان بە زۆربوونی ناونیشان نەك ژمارەی دانە، (چۆنایەتی نەك چەندایەتی).
5) بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا وا دەکات ئەمینداری کتێبخانە زۆرترین سەرچاوەی نوێ بۆ کتێبخانە دابین بکات.

6) هەندێجار (چاودێری چاپەمەنی) کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە (پشێوی یان نەگونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا) دروست دەکات.



## بەشی سێ یەم :پاری یەکەم : بەشی سەرچاوە هاتووەکان.( تزويد ) ( Acquisition )

# کلێشەی پەیکەری ڕێکخستنی کتێبخانە



ئەم هێڵکاریەی سەرەوە ئاماژە دانە بە گەورەیی و بچووکی هەر کتیبخانەیەك ، چونکە تاوەکو ژمارەی بەشەکان زۆرتر بێت بەڵگەی گەورەیی کتیچبخانەکە نیشان دەدات لە ئاستی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکانیدا ،بە پێچەوەنەوەتاوەکوو ژمارەی بەشەکان کەمتربێت ئاستی خزمەت گوزارییەکانیش کەم دەبێت ، دیارە لێرەدا پشت بە هێزی زانستکار و ژمارەی سەرچاوەکان دەبەستێت .

دیارە لەم کتێبەدا باسی هەریەك لەم بەشانەی کتێبخانە کراوە، بەڵام بە پێی پێویست و لە شوێنی خۆیدا ناوی هەر یەکەیان هاتووە بە تایبەتی لە بابەتی جۆری کتێبخانەکاندا ،بەڵام لەبەر گرنگی بەشی سەرچاوە هاتووەکان و نزیك بوونی لە هەموو ڕێنمایەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوە و وەرگرتن و داواکردنیان تەنها ئاماژە بەم بەشە کراوە.

# بەشی سەرچاوە هاتووەکان.( تزويد ) ( Acquisition )

## ( بناء مقتنيات المكتبة ( التزويد ) Library Collection Bulding

بەشەکانی کتێبخانە: لەبەر گرنگی و پێویستی کتێبخانە بە بەشی سەرچاوە هاتووەکان، بەم بەشە بەم شێوەیە شرۆڤە دەکەین وەك لای خوارەوە:

أ. پێناسەی بەش

ب. کارەکانی بەش

ج. ئەرکەکانی بەش

د. ئامانجەکانی بەش

هـ. گرنگی بەش

و. کێشەو گیرو گرفتەکان

ز. هۆکارو چارەسەر

ح. پێشنیار (بۆ هەر گرفتێك)

## گ. بەشی ( سەرچاوەهاتووەکان یا بەدەستهاتووەکان ) تزوید

زۆربەی زۆری پسپۆڕییەکانی تایبەت بە زانستی کتێبخانە ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە بەشی تزوید بە یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی کتێبخانە دادەنرێ، بە تایبەتی کتێبخانەی زانکۆ [43] چونکە زیادکردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی کە لە ڕێگەی کڕین، دیاری، ئاڵو گۆڕ بەدەستی دەگات، ئەم بەشە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی لە بەردەم خوێنەرانیدا کە ئەوانیش بریتین لە، مامۆستا، خوێندکار، لێکۆڵەرەوە. .. هتد. کە ئەمەش کارێکی پێویست و ژیارییە.

بەشی سەرچاوەی بەدەستهاتوو بەرپرسیارە لە پێشکەوتنی سەرچاوەی زانستی لە کتێبخانەدا، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دوو کاری گرنگ هەیە کە دەیکات ئەوانیش:

1- هەڵبژاردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی کە بە لیست لە بەشە جیاوازەکانی ترەوە پێڕست و پۆلێن، سەرچاوە فەرهەنگیەکان، خواستن بۆی هاتووە، واتە (هەڵبژاردنی کتێبە باشەکان لەناو لیستەکاندا). [44]

2- داواکردنی ئەم سەرچاوە دیاری کراوانە ـ پێکهاتەکانی بەشی سەچاوەی بەدەستهاتوو:

أ- بەشی عەرەبی

ب-بەشی کوردی

ج — بەشی بیانی

د - بەشی خولاو

ه - دیاری و ئاڵو گۆڕ

و- سپاردن

ز- پەیوەندییەکان

---

[43] - عبدالكريم الامين والاخرون ، الاجراءات المكتبية / الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، 1980

44 - ربحي مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات – ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

## ئەرکەکانی بەشی سەرچاوەی بەدەستهاتوو

1- بەشداریکردن و یارمەتیدان بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستی.

2- پێشکەشکردنی زانیاری تەواو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە کەتەلۆك و فرۆشیارەکانی کتێب و نرخ و زانیاری پێویست بۆ لیژنەی هەڵبژاردن، کە تایبەتن بە کڕینی کتێب بە پێی پسپۆڕیی بەشەکە.

3- هاوکاریکردن لە (کڕین، دیاری، ئاڵوگۆڕ) کردنی کتێب لەگەڵ لایەنی داراییدا.

4- ناردنی نامە بۆ دەزگاکانی چاپ و فرۆشیارەکانی کتێب.

5- وەرگرتن و تۆمارکردنی هەموو ئەو بابەتانەی کە کتێبخانە هەیەتی لە سەرچاوەی زانستی.

6- دانانی نەخشەی گونجاو بۆ کڕین (کڕینی باشترین کتێب بە کەمترین نرخ و بە زووترین کات).

7- دانانی نەخشەی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی چاپەمەنی. (ئەو سەچاوانەی کە لەگەڵ ئامانجەکانی کتێبخانەدا یەك ناگرێتەوە).

8- دانانی ڕێو شوێنی گونجاو بۆ وەرگرتنی دیاری و سەرچاوەی زانستی (سوپاسنامە).

9- دەرکردنی بلاوکراوەیەکی مانگانە و دەوری یانەی تایبەت بەو کتێبانەی کە بەدەست گەیشتووەو تۆمار کراوەو بوونی لە کتێبخانەدا هەیە.

10- هەڵواسینی بەرگی کتێبە تازە هاتووەکان (نوێیەکان) لە (بۆردی بانگێشەدا) بۆ ماوەی یەك مانگ تا کۆتایی تۆمارکردنیان.

11- ئەو چاپەمەنییانەی کە گەیشتۆتە بەشی سەرچاوەی هاتوو لە ڕێگای دیاری و ئاڵوگۆڕ – پێویستە لیستێکی بۆ دروست بکرێت { بنوسرێت ژمارەی چەندە و هەڵدەگیرێت لەگەڵ لیستی کڕیندا }.

12- سەبارەت بە (خولاوەکان) بەشی سەرچاوەی هاتوو بەرپرسە لە داواکردن و پەیوەندیکردن بە دەزگا جیاوازەکان کە هەڵدەستن بە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە، کە کتێبخانە پێویستی پێیەتی، پێویستە جەخت لە گەیشتنی گشت ژمارەکانی بکاتەوە، لە نەهاتنی هەر ژمارەیەك

دەزگای بەرپرس ئاگادار بکاتەوە لەگەڵ گەشتی ژمارەی یەکەم لەهەر گۆڤارێك پاش تۆمارکردن دەنێرێت بۆ بەشی پێرست و پۆلێن، بۆ ئەوەی ژمارەی تایبەت وەربگرێت، پاشان دەنێرێت بۆ بەشی خولاوەکان و ئەم ژمارەیە بەکاردێت لەگەڵ گشت ژمارەکانی دواتریدا، هەمان ژمارە وەردەگیرێت کە پێشتر وەری گرتووە.

13- هەموو کەتەلۆك وپێرستی گشت کتێبەکان بە ڕیزبەند ڕێك دەخرێ و سەرۆکی بەشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە.[45]

هەر چاپکراوێك لە (50) لاپەڕە کەمتر بوو، لەهەر ڕێگەیەکەوە گەیشتبێتە کتێبخانە (دیاری – کڕین – ئاڵوگۆڕ)، دەخرێتە خانەی (الملف الرئیسی – vertical File) واتە لە ڕیزی نامیلکەو کتێبی بچوك دادەنرێ، بەڵام ئەگەر هاتو زانیاری زۆر وردو بەپێزی تێدا بوو، پێشتر لە هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەدا بڵاو نەکرابوونەوەو نرخێکی زانستی و مێژوویی چەسپاوی هەبوو، ئەوا بە کتێب دادەنرێ و ژمارەی تۆمار دەکرێ.[46]

کارەکان و ئیجرائاتی بەشی تەزوید:-

## سەرەکیترین ئیجرائاتی بەشی تەزوید:

1- داواکاری – طلبات.

أ) ڕاپۆرتێك پێشکەش دەکات بەو کتێبانەی داوای کردووە، پاش وەرگرتنی کتێبەکان بەشی خۆی هەڵدەگرێت و ئەوانی تری دابەش دەکات بەسەر کتێبخانەی کۆلێژەکاندا. (لە کتێبخانەی زانکۆدا)

---

[45] - حسن عبدالله ، الاجراءات الفنية في المكتبات ومراكز المعلومات، التزويد، الفهرسة ، التصنيف – عمان : مكتبة البشائر 1988

[46] - عبدالكريم الامين والاخرون ، الاجراءات المكتبية / الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، 1980

ب) فەرمانبەرێك هەڵدەستێت بە پڕکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە بەشەکەدا تۆمار کراوە (یان لە داواکاریەکاندا هاتووە) .[47]

جـ) پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی هەڵبژاردن، ئەو داواکارییەی هاتووە فەرمانبەرێك چێك دەکات لە نەبوونی ئەو ناونیشانە لە کتێبخانەدا ئەویش بە هۆی : پێڕستی گشتی [48] تۆماری تەزوید.

عـ) ئەگەر هاتو یەکێك لەو ناونیشانانە بوونی هەبوو لە کتێبخانەدا، ئەوا ئاگاداری خاوەن داواکارییەکە دەکرێتەوە کە کتێبەکە لە کتێبخانە هەیەو ژمارەی پێڕست و پۆلێنی پێ دەدرێ و دەتوانێ کتێبەکە لە بەشی خواستن وەر بگرێ.

هـ) لە کاتێکدا ئەو ناونیشانانەی کە داواکرابوو و لە لیستی پێشنیاردا هەبوو، بەڵام کتێبەکە نەگەیشتبووە کتێبخانە، کەسی داواکار ئاگادار دەکرێ بە گەیشتنی کتێبەکە.

و) ئەگەر کتێبەکە وەرگیرابوو، ئەو کەسە هەر ئاگادار دەکرێتەوە.

ی) لە کاتێکدا ئەگەر ناونیشانێك نەبوو، و زۆر خواستی لەسەر بوو ئەوا (داواکاری بە پەلەی) بۆ دەکرێ، وەئاگاداری سەروو خۆ دەکرێ کە ڕەزامەند بن بە کڕینی ناونیشانەکە و پەیوەندی دەکرێ بە دەزگای بڵاو کەرەوەو بەم شێوەیە.

- ناوی نووسەر
- چاپخانە
- نرخی یەك دانە پێش داشکاندن (  ٪؟ )
- ناونیشان
- ساڵی چاپ
- چاپ
- ژمارەی دانە
- ناوی داواکاری کتێبەکە

47 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

48 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2- وەرگرتن - استلام

أ- دوای وەرگرتنی کتێبەکان بەراوردی سیفەتەکانی لیستی داواکراو دەکرێ لەگەڵ کتێبەکاندا.

ب- مێژووی وەرگرتنەکە تۆمار دەکرێ.

ت- پاش تۆمارکردنیان دەنێررێن بۆ بەشی پێڕست و پۆلێن بۆ جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکان پاشان بۆ بەشی خواستن.

پ- ئەو لایەنانەی داوایان کردووە ئاگادار دەکرێنەوە.

ج- پسووڵەی پارە دراوەکان هەڵدەگیرێ و وێنەیەك دەنێررێ بۆ بەشی ژمێریاری کتێبخانە بۆ خەرجکردن.

ح- وێنەیەك لە داواکارییەکان (دەپارێزرێ) و هەڵدەگیرێ لە کتێبخانە بۆ بەسەردا چوونەوە.

## جۆرەکانی داواکاری - انواع الطلب

1- داواکاری بەردەوام - مستمر

2- داواکاری ئاسایی – اعتیادی

3- داواکاری بە پەلە - مستعجل

4- داواکاری بە هاوکاری – تعامل

5- داواکاری بە تەلیفۆن.[49]

6- داواکاری دوای پشکنینی کتێب.

7- داواکاری بە ئیمێڵ.

---

[49] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

تایبەتمەندییەکانی سەرۆك بەش:-

- زیاتر لە دوو ساڵ لەو بوارەدا کاری کردبێت.
- پسپۆڕ بێت لە بواری کتێبخانەدا.
- شارەزایی بازاڕی ناوخۆو دەرەکی بێت لە کڕیندا.
- زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر گشت بەرهەمە فکرییەکان لەناو کتێبخانەدا.
- بێجگە لە زمانی کوردی و عەرەبی زمانێکی تر بزانێت.[50]

## پاری دووەم : تۆماری سەرچاوەکانی کتێبخانە

هەموو ئەو سەرچاوانەی کە دێنە کتێبخانە بە فلتەرێکدا تێدەپەڕن، ئەویش فلتەری بەشی سەرچاوە بە دەستهاتووەکان (تزوید). ئەم بەشە بە یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی کتێبخانە دادەنرێ لەلایەن زۆربەی زۆری پسپۆڕانی کتێبخانەوە، چونکە هەموو سەرچاوەیەکی هاتوو بەم بەشەدا گوزەر دەکات، ئەوەی کە تۆمار بیگرێتەوە لێرە تۆمار دەکرێ و ئەوەی کە لەبەشەکەی خۆیدا تۆمار بکرێ وەك بەشی دەوریات (گۆڤارو ڕۆژنامە) لێرە تەنیا ئاماژە بە هاتن و وەرگرتن و پێدانی بەو بەشە و بە لیست ئەژمار دەکرێ.

ئەو سەرچاوانەی کە تۆمار کردن دەیانگرێتەوە بریتین لە کتێب بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە، لەگەڵ دەستنووس و تێزەو کەرەستەی بینەری و بیسەری، هەروەها تۆماری گۆڤارو ڕۆژنامە، لەگەڵ نامیلکە لە بەشی دەوریات تۆمار دەکرێ، یان لە بەشی سەرچاوە فەرهەنگییەکان.

سەرەتا دەبێ بپرسین ئەو سەرچاوانە کامانەن کە تۆمار کردن دەیانگرێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەر سەرچاوەیەکی فیکری کە لە دوو توێی بەرگێکدا چاپ بکرێ و ناونیشان و نووسەری هەبێ، کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی لە 49 لاپەڕە کەمتر نەبێت تۆمار دەیگرێتەوە.

[50] - حسن عبدالله ، الاجراءات الفنية في المكتبات ومراكز المعلومات، التزويد، الفهرسة ، التصنيف – عمان : مكتبة البشائر 1988

ئەوەی ئاشکرایە ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی 1964دا ڕایگەیاند، هەموو سەرچاوەیەکی چاپکراو کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە 49 لاپەڕە کەمتر نەبێت، بە کتێب ئەژمار دەکرێ، خۆ ئەگەر لەوە کەمتر بوو، بەڵام بابەتەکە (بابەتێکی زانستی و مێژوویی) زۆر گرنگ بوو، کە لە هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندندا باس نەوترابێت، ئەوا بە کتێب ئەژمار دەکرێ.

کەواتە بۆ تۆماری سەرچاوەکان دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە چ سەرچاوەیەك تۆمار دەکرێ.[51]

سەرەتای دەستپێکردن بە تۆماری سەرچاوەکان، بە تایبەتی بۆ کتێب، دەبێت ئاگاداری ئەم خاڵانە بین:-

1) دەبێت بزانین کتێبخانەکەمان پێشتر ئەو سەرچاوەی تۆمار کردووە، یان نا.

أ- ئەگەر تۆماری کردبێت دەبێت بە پێی پێویست ژمارەی کتێب تۆمار بکەین.

ب- دەبێت ڕەچاوی جێگە بۆ کتێبەکان بکرێ.

جـ - بواری فراوانبوون (مجال التوسع)ی ئەو بابەتە کە کتێبەکەی تیا تۆمار دەکرێ، دەبێت ڕەچاو بکرێ[52] بۆ نموونە لەسەر ئابوری، دەبێت بزانرێ چەند کتێب هەیە و چەند بوار بۆ کتێبی تر دەهێڵێتەوە لە ئایندەدا.

2) ئەگەر ژمارەیەکی زۆر کتێبمان بەدەست گەیشت بە هەر ڕێگایەك هاتبێت {دیاری، ئاڵوگۆڕ، کڕین }، دەبێت بە پێی پێویست ژمارەی لێ تۆمار بکرێ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت لە گەنجینە هەڵبگیرێ.

3) نابێت هیچ کات ژمارەی کتێبە دانراوەکان (یەك ناو نیشان) لە (3-5) ژمارە زیاتر بێت.

4) تا بۆمان دەکرێ لە پێش تۆمارو پێش پێڕستکردندا (چزو بەند) بکرێت، تاوەکو خاوێنی و تۆکمەیی کتێبەکە پارێزراو بێت.

5) هەموو کتێبێکی (دیاری) کە بە دەستمان گەیشتووە، وەك کتێبێکی (کڕدراو) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.[53]

---

[51] - - ماجد مصطفى شامان الريبسدار ، علم المكتبات وما يحتاجه امين المكتبة – عمان – دار الفرقان 2004

[52] - ربحي مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات –ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

(ا) دەبێت كۆی ژمارە دانراوەكان (1-49) نووسرابێت  بە لاپەڕە، كۆی گشتی پەڕەكان بكاتە (49) لاپەڕە.

(ب) ئەو كتێبانەی لەلایەن هەر گروپ و ڕێكخراو، یان حزب و. .. هتد، دێت بۆ كتێبخانە، دەبێت هاوشێوەی كتێبەكانی تر تۆمار بكرێ و بخرێنە بەرچاوی خوێنەران، ئەگەر نا ئەو (گروپ و ڕێكخراوانە.....) دەتوانن داوا لەسەر كتێبخانە تۆمار بكەن بەپێی یاسا، بە تۆمەتی ئەوەی بیروباوەڕو فكری ئەمان دەشارێتەوە لە خوێنەر، كە خۆیان ڕێگە پێدراون.

6) پاش تۆماركردن سەرجەم سەرچاوەكان لە بەشی سەرچاوە هاتووەكانەوە دەنێرێن بۆ بەشی پێڕست و پۆلێن بۆ وەرگرتنی ژمارەی پێڕست و پۆلێن بۆ ئەنجامدانی كاری پێویست.

7) پاش تەواوكردنی كارەكانی لە بەشی پێڕست وپۆلێن، سەرجەم سەرچاوەكان دەنێررێن بۆ بەشە پەیوەندیدارەكان بە پێڕست و پۆلێنكراوی وەك: گۆڤارەكان بۆ بەشی گۆڤارو ڕۆژنامە.، تێزەكان بۆ بەشی تێز. فەرهەنگ و سەرچاوەكان و ئیسكلۆپیدیاكان بۆ بەشی فەرهەنگ، كتێب و هاوشێوەكانی بۆ بەشی خواستن. **CD**، **DVD** یەكان بۆ بەشی دەنگ و ڕەنگ.

هەروەها بەشی منداڵان، بۆ لانەی منداڵان بە هەموو جۆرەكانییەوە

## تۆماری كتێب

سەرەتا با بزانین كتێب چۆن تۆمار دەكەین:

بۆ تۆماركردنی كتێبەكان پێویستمان بە هەڵهێنجان، یا دەرهێنانی ئەم زانیاریانە هەیە لەناو كتێبەكەدا كە نووسراون لەوانە:

ناوی نووسەر، یان وەرگێڕ.

ناونیشانی كتێب.

ئەو شوێنە، یان ئەو شارەی كە كتێبەكەی تێدا بە چاپ گەیەنراوە.

[53] - حسن عبدالله ، الاجراءات الفنية في المكتبات ومراكز المعلومات، التزويد، الفهرسة ، التصنيف – عمان : مكتبة البشائر 1988

- ساڵی چاپکردنەکەی.
- جۆری چاپ و ژمارەی چاپ.
- بەرگ.
- بەش.
- ژمارەی لاپەڕەکان بە نووسراوی لەگەڵ پاشکۆکان.
- سەرچاوەی هاتنی کتێبەکە بۆ کتێبخانە.
- دیاری.
- ئاڵو گۆڕ.
- کڕین.
- نرخی کتێبەکە.
- ژمارەی پێوەری نێو دەوڵەتی کتێب.
- پاشکۆکان.
- بابەتی کتێبەکە.
- مێژووی هاتنی کتێبەکە بۆ کتێبخانە.
- مێژووی تۆماری کتێبەکە.

ئەمانە پێویستییە سەرەکیەکانی زانیاریی ناو کتێبەکەن بۆ تۆمار کردن.

سەرەتا هەموو کتێبخانەیەك پێویستی بە تۆمارێك (سجلێك) هەیە بۆ تۆمار کردنی سەرچاوەکانی، بەڵام دەبێت بە کلێشەیەکی زۆر وردو تۆکمە، تاوەکو وەك کارتی زانیاری کتێبەکە سەیر بکرێ و لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێ.[54]

ژمارەی ئەم تۆمارە دەبێت بە پێی ژمارەی زمانەکانی ناو کتێبەکان بێت کە کتێبخانە خاوەنییەتی، واتە بەچەند زمان کتێب و سەرچاوەمان هەیە دەبێت ئەوەندە تۆمار (سجل) ی کتێبیان هەبێت،

بۆ نمونە:

---

[54] - ماجد مصطفى شامان الربيسدار ، علم المكتبات وما يحتاجه امين المكتبة – عمان – دار الفرقان 2004

کتێبخانەیەك کتێبی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، تورکی، هەیە، ئەو کات دەبێت (5) سجلی تۆماری هەبێت بۆ هەر زمانێك، تۆمارەکانی ناو سجلەکە دەبێت بەو زمانە بێت کە کتێبەکەی پێ نووسراوە.

بەڵام ئەگەر هات‌و ژمارەی کتێبە بیانییەکان، بۆ نموونە فارسی، تورکی، هندی، ئیتالی، ڕوسی، چەند دانەیەك بوو، ئەوا دەتوانین بۆ هەر یەکێکیان لە سجلێکی دا کە بە زمانی کوردی، یان عەرەبی نووسرا بێ یەك بە دوای یەك.

## خشتەی تۆمار

ئەم کلێشەیەی خوارەوە خشتەی تۆماری سەرچاوەکانە، وێنەی کلێشەکە بە هەر سێ زمانەکە، سەرەتا هەموو کتێبێك کە تۆمار دەکرێ ژمارەیەك وەردەگرێ لە بڕگەی ژمارەی تۆمار (رقم التسجيل —Accetion No.) دا دەنووسرێ.

| رقم التسجيل | [illegible] | [illegible] | العنوان | [illegible] | الناشر | سنة النشر | الطبعة | [illegible] | [illegible] | عدد الصفحات | مصادر | | | الثمن | تاريخ الورود | تاريخ | [illegible] | [illegible] | الموضوع |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | الشراء | التبادل | الإهداء | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| بابەت | ژ.پ.ن.ك | تێبینی | مێژووی تۆمار | مێژووی هاتن | نرخ | سەرچاوەی هاتن | | | ژمارەی لاپەڕە | بەش | بەرگ | جۆری چاپ | ساڵی چاپ | بڵاوکەرەوە | شوێن | ناونیشان | نووسەر یا وەرگێڕ | ژمارەی داواکراو | ژمارەی تۆمار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئاڵوگۆڕ | دیاری | کڕین | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

| | Call.no | Author. | title | place | Publisher | date | Edition | part | Volume | Pages.no | Refrence | | | price | D.Received | D.Record | Notes | I.S.B.n | Subject |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | Purch | gift | Excha | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

## 1- ژمارەی تۆمار

سەرەتای دەستپێکردن بە ژمارە (1 یەك)، و بە پێی زمانی نووسراوەکە بۆ زمانی بیانی ژمارە بە ئینگلیزی دەنووسێ بۆ تۆمار کردن، سەرەتا دەبێت بزانین ئەو سەرچاوەیە تۆمار کردن دەیگرێتەوە

یان نا، و دەبێت تۆمار بە پێی پێویستی کتێبخانە بێت نەوەك سەرجەم سەرچاوەکان تۆمار بکرێ، ئەگەر گرتیەوە ئەوا تۆمار کردن بەردەوام دەبێت تا کۆتایی بڕگەکە کە بڕگەی بابەتەکە بەم شێوەیەیە:

أ- بۆ هەر کتێبێك یەك ژمارە دادەنرێت، واتە (چەند کتێب بوون، ئەوەندە ژمارە وەردەگیرێت).

ب- بە هیچ شێوەیەك بۆ یەك ناونیشان (عنوان)، لەیەك ژمارە زیاتر وەرناگیرێت، ئەگەر ژمارەی ناونیشانەکە زۆر بوو، ئەوا هەر ناونیشانە و ژمارەیەك وەردەگیرێت.

نموونە، (5) کتێبمان هەیە یەك ناونیشانە، (مێژووی ئەدەبی کوردی)، لە دانانی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلادین سجادییە، بۆ هەر مێژوویەك ژمارەیەك وەردەگیرێت واتە:

مێژووی ئەدەبی کوردی

مێژووی ئەدەبی کوردی

نەوەکو بچین هەر (5) دە ژمارەکە، مێژووی ئەدەبی کوردی یەك ژمارەی لێبدەین، واتە سەرجەم (مێژووەکان) یەك ژمارە بێت.

جـ- لە کاتی تۆمارکردندا خانەکان ڕیز بەند(ترقیم) ناکەین بە هیچ شێوەیەك، تا دوا زانیاری ناو کتێبەکە وەردەگرین، ئەگەر چەند خانەیەکیش بگرێتەوە.

عـ- هیچ نامەیەکی زانکۆیی (رسالة جامعية) (تێزە) لە تۆماری کتێبدا تۆمار ناکرێت، بەڵکو سجلی تایبەتی خۆی هەیە کە زانیاری دروستی لەسەر تێزەکە تێدایە.

ز- هیچ دەستنووسێك (**مخطوطة**) لە سجلی کتێبدا تۆمار ناکرێ، (ئەمیش بەهەمان شێوە) سجلی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تۆمار کردن و زانیاریەکانی جیاوازە.

ر) ئەو سەرچاوانەی کە **C.D**، یان **DVD**، یان فلۆپی، یان نەخشەیان لەگەڵدایە، لە حەقلی تێبینی دا دەنووسین، ئەم کتێبە (**C.D**) لەگەڵدایە و ژمارەی تۆماری(**C.D**) یەکە لە حەقلی تێبینی دا دەنووسین، پاش ئەوەی کە ژمارەیەکمان لە خانەی تۆماری (**C.D**) دا نووسی، دەنووسین ئەم (**C.D**) یە، (**C.D**) کتێبی ژمارە (؟) یە.

ف) ئەگەر کتێبێك (3) سێ دانە زیاتری هەبوو لە کتێبخانەدا، ئەوا بۆ تۆمارکردن بە پێی پێویست ژمارەکانی تر تۆمار دەکەین ئەویش بە ڕەچاوکردنی:

1. خواستی خوێنەر.
2. ئەگەر زانیاری نوێی تێدا بوو (چاپی نوێ) بوو.
3. ئەگەر بواری دانانی هەبوو (ڕەچاوی جێگە) سەرچاوەکانی کتێبخانە ڕێگەمان پێ بدات.*

ق) هەر کتێبێك کە ژمارەی وەرگرت، مۆری تەزویدی لێ دەدرێ لە دوو جێگا:

1 پشتی لاپەڕەی ناونیشان.

2 ژمارەیەکی دیاریکراو بە نهێنی ئەمەش بەم شێوەیە:

ئەگەر لە 100 لاپەڕە کەمتر بوو، ئەوا لە یەکێك لەم شوێنانە لاپەڕە 49 -50 -51

ئەگەر لە 100 لاپەڕە زیاتر بوو، ئەوا لە یەکێك لەم ژمارانە 75 – 99 -100 -101، بەلاّم (لاپەڕەی نهێنی بەپێی پلانی ئەو کەسە خۆیەتی کە لە کتێبخانەکەدا کاردەکات، لە چ لاپەڕەیەکی دەدات و لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام دەبێت).(لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کتێبخانە سەربەستە لە دەستنیشانکردنی ژمارەی نهێنییدا).

- مۆری بەشی سەرچاوەی هاتوو دوو جۆرە، یەکەم ئەم زانیاریانەی لەسەرە:
- ژمارەی کتێب
- مێژووی هاتن
- ژمارەی پێڕست و پۆلێن

بەلاّم مۆری نهێنی تەنها ناوی کتێبخانەکەو ژمارە نهێنییەکە ژمارەی کتێبەکەیە .*

---

* ئەگەر (تەرقیم) ڕیز بەند کرا، ئەوا جاری وا هەیە ناونیشانەکە (2) خانە دەگرێتەوە، کەواتە (2) ژمارە درا بە یەك کتێب، کەواتە یەك کتێبمان هەیەو (2) دوو ژمارەی هەیە بێ ئەوەی بزانین. (ئەمە گەورەترین هەڵەیە).

* ئەمەش بۆ ڕزگاربوون لەوەی، نەکا خوێنەر یاری بە ژمارەکانی تۆماری کتێبەکە بکا، باشتر وایە ژمارەکان بە نووسین بنووسرێت (ئەزموونی ژیان ئەم ڕاستییەی سەلماندوە) { 224 دەکرێ بە 424 یان 2240، و زۆر شێوەی تریش یان کردنی بە 1224، یان 2204، کە ئەمانە هەمووی کتێبێکی تر دەگرێتە خۆی و کێشە دروست دەکات. لەو کاتەدا }.

ك- ئەگەر سەرچاوەیەك بە دوو زمان، یان زیاتر نووسرابوو، بە تایبەتی لە فەرهەنگدا، ئەوا ئەفزەڵیەت بۆ زمانی یەکەمە. نموونە:

فەرهەنگی ئازادی، فەرهەنگێکی (ئینگلیزی کوردییە)، دەبێت بە ئینگلیزی تۆمار بکرێ، بەڵام ئەگەر هاتوو، کوردی — ئینگلیزی بوایە، ئەوا بە کوردی تۆمار ئەکرا.

م) لە کاتی (ونبوون، تلف (ڕزین)، توشبوون بە نەخۆشی، فەوتان)

لە تەنیشت ژمارەی تۆمارەوە، هێمایەك بە ڕەنگی سوور دادەنێین کە گوزارشت لە نەمان، یان ئاماژە کردنە بۆ یەکێك لەوانەی سەرەوە، ڕوونکردنەوەی ئەم هێمایە لە بڕگەی تێبینی دا دەنووسین کە چی بەسەر هاتووە.

هـ) ئەگەر بەڕێکەوت ژمارەیەك دووجار دووبارە بووەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە ژمارەی دووەم پوچەڵ دەکەینەوە.

ع) ئەو کتێبانەی بەشی پێویستی لێ تۆمار کرا* زیادەکانیان تۆمار ناکرێ لە سجلی تەزویدا، بەڵکو دەخرێتە گەنجینەی کتێبخانەوە (کۆگا)، تەنها ژمارەی دانەکانی دەنووسرێت لە تۆمارێکی تایبەتدا بۆ ئەوەی بزانین چەند ژمارەمان ماوە و لە کاتی پێویستدا بەکاریان بهێنین :

1. بۆ مەبەستی بەخشین (دیاری).
2. بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕ کردنی سەرچاوەی تر کە نیمانە و خواستی لەسەرە.
3. بەمەبەستی بەشداریکردن و فرۆشتنیان لە پێشانگەی کتێبدا، کە کتێبخانە خۆی ئەنجامی دەدات، یان بەشداری تێدا دەکات.

---

ئەگەر شتی وا ڕویدا، دەبێت بە نووسەر، یان ناونیشان لە سجلی تەزویدا بۆ کتێبەکە بگەڕێین و هەموو لەیەکچوونەکان دەربهێنین، تا ژمارە ڕاستەکە دەردەکەوێت و چاکی بکەینەوە. بەڵام لە کتێبخانەی دیجیتاڵیدا هەرگیز ئەم کێشانە ڕوو نادات.

* لە سجلی تۆماردا، بە هیچ شێوەیەك سڕینەوەو ڕەشکردنەوەو کوژانەوە قبوڵ نییە و بە ساختە دادەنرێت.

**تێبینی**/ ئەگەر ژمارەیەك لە ڕیزبەندا پەڕی، ئەوا لەنێوان هەردوو ژمارەکە- ژمارەی سەروو- ژمارەی خواروو، هێمایەك ■ ♦ ✶ دادەنێین بەڕەنگی سوور، کە ئاماژەیە بۆ نەبوونی ئەو ژمارەیە.

## 2- ژمارەی داواکراو:

رقم **الطلب**:

**Call. No.:**

لە کاتی تۆمارکردنی سەرچاوەدا ئەم برگەیە هیچ ژمارەیەکی پێڕیست و پۆلێنی تێدا نانووسرێت، ئەگەر هاتو سەرچاوەکە پێڕست و پۆلێن کرابوو، چونکە هەر کتێبخانەو سیستەمێکی تایبەتی (شێوازێکی پۆلێن + تعدیلات +خشتە) بەکار دەهێنێت و کاری پێ دەکات، لە کاتێکدا ژمارەکان دەنووسین کە کتێبەکان پێڕست و پۆلێنیان تەواو بووبێ و (*) بە لیست تەسلیم بە بەشی خواستن بکرێ، لەو کاتەدا وێنەیەك لەو لیستە دەنێررێ بۆ بەشی تەزوید بۆ ئاگادار بوونی لەوەی کە کتێبەکان دراوە بە بەشی خواستن و خوێنەر دەتوانێت بەکاری بهێنێت.

لەم کاتەدا کە ئەم لیستە ناوی کتێبەکانی تێدایە، ژمارەی پێڕست وپۆلێنیشی لەسەرە، ئێستا دەتوانین ژمارەی پێڕست و پۆلێنەکان لەم خانەدا تۆمار بکەین ئەویش بە پێنووسی ڕەساس، نەك بە جاف،چونکە ئەم ژمارەیە قابلی گۆڕانە، بە پێی (تعدیلات نظام) گۆڕانکاری سیستەمەکە دەکرێ.

مۆری تەزویدەکە لە پشتی لاپەڕەی ناونیشانی دەدرێ، ژمارەی پێڕست و پۆلێن لەسەر مۆرەکە هەیە و بەشی پێڕست و پۆلێن بە قەڵەم ڕەساس خۆیان ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، کاتێك ژمارەکە دەخەنە سەر پاژنەی کتێبەکەو تەسلیم بە بەشی خواستن دەکرێ.

## 3-نووسەر یان وەرگێڕ:

## مۆلف أو مترجم: Author & Translator :

بۆ زانینی ناوی ئەو کەسەی کە خاوەنی بیرۆکەکەیە، یان نووسەری کتێبەکەیە، دەبێت زۆر بە وردی بە دوایدا بگەڕێین، چونکە کتێبەکە بەرهەمی فیکری ئەو کەسەیە، زۆرجار ئەوانەی لە دوای نووسەرەوە ناویان دێت مافی نووسەرەکە دەخۆن، یان ناوەکەی ناهێنن، ئەمەش بە مەبەستی دەرکەوتنی ناوی خۆیانەو زیاتر ناساندنی بەرهەمەکەیە بەناوی ئەوانەوە.

لە کاتی تۆمارکردندا دەبێت ئاگاداری ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بین، تاوەکو لەهەڵە بە دوور بین.

- هیچ کاتێك پشت بەناوی سەر بەرگ نابەسترێت کاتێك کە ناوی نووسەری لەسەر نووسراوە، چونکە زۆرجار ناوی نووسەرەکان بە کورتکراوەیی هاتووە، بۆیە دەبێت پشت بە لاپەڕەی ناونیشانی ببەستین. ئەگەر هاتو کتێبێك دوو نووسەری هەبوو، ئەوا تەنها ناوی نووسەری یەکەم لای دەستە ڕاستی کتێبەکە وەك خۆی دەنووسین، بێ ئەوەی هیچ هێنانە پێشەوەیەکی (نازناو، یان لقب) ە کەیان بهێنینە پێشەوە.

- جگە لە لەقەبی زانستی (دکتۆر)، هەموو لەقەبەکانی تر لادەین، لەم کاتەدا کورتکراوەی دکتۆر پیتی (د.) دادەنێین، وشەکانی تر وەك (المحامی – المهندس – **القاضي** – العقید- الطیار- الشیخ)، ئەمانە تایبەتن بە پیشە بۆ خۆیان، نەك بۆ کتێبخانە، بۆیە تەنها نازناوی زانستی وەردەگرین.

- لە کاتی تۆمارکردنی سەرجەم دیوانە شیعرییەکاندا، لە شوێنی ناوی نووسەر خاوەن دیوانەکە وەردەگرین، نەك ئامادەکار، یان ئەو کەسەی کە کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو ڕێکیخستووە – ساغی کردۆتەوە، لەم کاتەدا ئەم وشانە بەکار دێنین:

- ئامادە کردنی
- لێکدانەوەی
- کۆکردنەوەی
- ساغکردنەوەی
- ڕێکخستنی

کەواتە ناوی شاعیرەکە دەبەین وەك خۆی، بۆ نموونە، دیوانی گۆران لە حەقلی نووسەر دەنووسین (عەبدوڵڵا گۆران)، یان دیوانی نالی ئەنووسین (خدر ئەحمەد شاوەیس- مەلا خدری ئاڵبەگی میکایلی).

• ئەگەر سەرچاوەیەك لە 2،4،3.، نووسەر زیاتری هەبوو، ئەوا تەنها ناوی نووسەری یەکەم دەنووسین کە سەرەتا دەردەکەوێت لای ڕاست.

• جاری وا هەیە دەنووسرێ: (بەقەڵەمی، یا پێنوسی فلان کەس نووسراوە)، لەم کاتەدا ئاماژەی پێ دەدەین.

• ئەگەر هاتو نووسەر نەبوو، ئەوا پەنا دەبەینە بەر وەرگێڕی کتێبەکە.

زۆرجار وەرگێڕ مافی نووسەر دەکات بە ژێرەوە، یان دەیخوات لە پێناو دەرکەوتنی ناوی خۆیدا، واتە ناوی نووسەر ئاماژە پێ نادات، لەم کاتەدا دەبێت سەرجەم پێشەکی کتێبەکە بخوێنرێتەوە، تاوەکو ناوی نووسەر ساغ بکرێتەوە، یان بدۆزرێتەوە. بۆ نموونە:

کتێبی — بێ سەرپەرشتان، مامۆستا محەمەدی شەلماشی لە فارسییەوە کردویە بە کوردی. بەڵام ناوی نووسەری کتێبەکەی نەهێناوە، کە نووسەرەکەی (قدسی نەسیری) یە.

• ئەگەر هاتو نووسەر، یان وەرگێڕ، هیچیان نەبوو، ئەوا لەم کاتەدا پەنا دەبەینە بەر یەکێك لەمانەی خوارەوە: -

• ئەم ناوانە لە لاپەڕەی ناونیشاندا بەرچاو دەکەون، بەڵام تەنها یەك دانەیان لێ وەردەگرین وەك خۆی:

- جامع: کۆکردنەوەی
- اعداد: ئامادەکار
- **وضع**: دانان
- دراسە وتحقیق: لێکۆڵینەوە
- لجنە: لیژنە
- **وزارة**: وەزارەت
- **جمعية أو منظمة**: کۆمەڵە یا ڕێکخراو

- الاحزاب: ئۆرگانی ناوەندی پارت
- هيئة من التدريسين: دەستەیەك لە مامۆستایان (بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالاّ) زیاتر بەکاردێت.
- مديرية: بەڕێوەبەرایەتی
- الناشر: دەزگای چاپ و پەخش
- **جامعة**: زانستگا — زانکۆ — دانیشگا

ئەگەر هیچ کامیان نەبوو، ئەوا بە بەتاڵی خانەکە بەجێ دەهێڵین.

بەڵام بە هیچ شێوەیەك پشت بە نووسەری سەر بەرگەکە نابەستین، چونکە لەسەر بەرگ ناوێکەو لە لاپەڕەی ناونیشان ناوەکە یان گەورە دەبێت، یان دەگۆڕێت بۆ نموونە: لە کتێبی (**البحث العلمي**) لەسەر بەرگ نووسراوە محمد الصيرفی، لە لاپەڕەی ناونیشان نووسراوە محمد **عبدالفتاح حافظ الصيرفي**. یان لەسەر بەرگ نووسراوە جواد هادی، لە لاپەڕەی ناونیشان نووسراوە د. جواد عبدالهادی الدليمی، بەم شێوەیەو ...... هتد.

## 4- **ناونیشان (العنوان) Title** :-

بۆ تۆمارکردنی ناونیشانی هەر سەرچاوەیەك، پشت نابەستین بەناونیشانی سەر بەرگی کتێب (سەرچاوە) کە، چونکە زۆر جار وا دەردەکەوێت ناونیشانی سەربەرگ و ناونیشانی سەرەکی جیاوازییان زۆرە، زۆرجار هەر لەیەك ناچن، لەبەر ئەوە پشت بە لاپەڕەی ناونیشان و ناونیشانی سەرەکی دەبەستین، هەرچییەکیش نووسرابوو وەك خۆی دەینووسینەوە.

ناونیشانی کتێب، دەکرێ بەسێ بەشی سەرەکییەوە:

- ناو نیشانی سەرەکی، یان نووسراو
- ناونیشانی یاریدەدەر: ڕوونکردنەوەیە بۆ ناونیشانی سەرەکی، واتە ناونیشانێك بە دوو شێوە گوزارشت لەیەك شت بکا وەك، سلێمانی: شاری هەڵمەت و قوربانی.
- ناونیشانی بەرامبەر (موازی): واتە ناونیشانەکە بە دوو زمانی جیاواز نووسراوە نموونە:

صفحات الخادم النشط = **Active Server Pages**

التعليم الالكترونى والتعليم الجوال = **E –learning & M – learning**

هەندێ ناونیشان هەیە بەرامبەرەکەی وشەی (یا) دەکەوێتە نێوانیان، مەبەست لەمە بۆ ڕوونکردنەوەیە، واتە بەمەش دەناسرێ، نموونە: فەلسەفەی جوانی و هونەر یا ئیستاتیکا.

بۆ ناونیشانی بەرامبەر (موزای)، دەبێت زمانی دووەم کە بیانییە، بەخەتی سوور بنووسین لەگەل هێمای = دا

لە کاتی تۆمارکردندا ناونیشانەکە وەك خۆی دەنووسین بێ پەڕاندن، یان قرتاندنی وشەکان، ئەگەر چەند خانەیەکیش داگیر بکات، بەڵام نابێت بە هیچ شێوەیەك خانەکان ڕیز بەند بکرێت تا کتێبی یەکەم تەواو نەبێت لە تۆمار ناچینە سەر کتێبێکی تر.

لە کاتی تۆمارکردندا بە هیچ شێوەیەك ئەگەر دوو کتێب یان زیاتر لەیەك بوو، واتە یەك ناونیشان بوو، ئەوا هێمای (״) یان (=) بەکار ناهێنین لەناو خانەکاندا بۆ کتێبی دووەم، یان سێیەم، یان پێنجەم. چونکە لە کاتی **ابطال** کردندا، واتا کاتێك کتێبەکە تووشی یەکێك لەم حاڵەتانە دەبێت { ون دەکرێ، توشی نەخۆشی دەبێت، دەفەوتێت، ژمارەکەی لێ دەسەنرێتەوە }. ئەگەر کتێبێکی تر لە بری تۆمار بکرێ، ئەوا ئەوانی ژێر خۆی، یان دوای خۆی، هەموو دەبێت بەناونیشانە تازەکە، واتە وا دەردەکەوێت کەلەو کتێبە تازە بەقەد ژمارەی (״) یان (=) ئەوەندە کتێبمان هەیە کەواش نییە.

## 5- **شوێنی چاپ - مكان النشر- Publisher Place**

مەبەست لەم ناوە، ناوی ئەو شارەیە کە کتێبەکەی تێدا بە چاپ گەیەنراوە، واتە جێگا یان شوێنی بلاوکردنەوەکە بۆ نمونە سلیمانی بغداد، قاهیرە، هەولێر... هتد.

بۆ نووسینی شوێنی چاپ، ئەوا تەنها یەك ناو دەنووسین، زۆر جار وا ڕێکدەکەوێت کتێبێك دێتە بەردەست یەك چاپخانەیە، بەڵام لەچەند شارێك لقی هەیە، ناوی هەموو شارەکانی بردووە، بە تایبەتی لە کتێبە بیانییەکاندا، لەم بارو دۆخەدا تەنها ناوی شاری یەکەم دەبەین، یان دەنووسین.

ئەگەر ناوی شار لەسەر کتێبەکە نەهاتبوو، ئەوا بۆ کوردی لە نێوان دوو کەوانەدا ( ) دەنووسین {ب. ج } یان { ب.ش}، واتە بێ جێگە- بێ شار (بێ شوێن)، بۆ عەرەبیش دەنووسین { د.م} واتە: دون المکان.

## 6- بڵاو کەرەوە - الناشر - Publisher

لەم خانەیەدا ناوی دەزگای چاپەکە دەبەین کە کتێبەکەی بڵاوکردۆتەوە، یاخود چاپی کردووە، ئەگەر سەرنج بدەین لە وڵاتی خۆماندا 90٪ زیاتری کتێبەکان هەتا ساڵی (2000)، ناوی دەزگای چاپی لەسەر نییە، بەڵکو تەنها چاپخانە نووسراوە، ئەمە نەك تەنها لە کوردستاندا بەڵکو لەهەموو عێراقدا.

یەکەمجار ناوی چاپخانەکە هاتووە لە کتێبە عەرەبییەکاندا(**مطبعة**)، واتە لە کاتی نووسیندا دەنووسین چاپخانەی (...) یان مطبعة (...)

بەڵام دواترچاپخانەی گەورە دامەزراو ڕۆڵی دەزگای بینیوە، وشەی (دار) واتە خانە بەکار هێنراوە، یان دە بیستریێت لەوانە: دار الحرية للطباعة، دار العدالة

لە دەزگا کوردییەکانیش دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغداد، لە هەولێریش ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان.

کەواتە لەم حاڵەتەدا تەنها ناوی دەزگای چاپ، یان چاپخانە دەنووسین، ئەگەر نەبوو ئەوا لە جێگای چاپخانە ئەم دوو ڕێگەیە دەگرینە بەر، بەلام ئێستا دەیان دەزگای چاپی پێشکەوتوومان هەیە لەوانە سەردەم،موکریان، ئاراس، خاك.... هتد. ئەگەر ناوی دەزگای چاپ لەسەر کتێبەکە نەهاتبوو، ئەوابۆ کوردی لە نێوان دوو (.....)- دەنووسین { ب. چ } یان { ب.ب} واتە بێ چاپخانە، یان بێ بڵاو کەرەوە، بۆ عەرەبیش دەنووسین { د.ن} واتە دون ناشر.

سەبارەت بەو کتێبانەی کە دوو دەزگای چاپی لەسەر نووسراوە، دەبێ دڵنیابین لەوەی کامیان ئێستا ئەم کتێبەی بە چاپ گەیاندووە (بەرهەمەکەی بەردەستمان هی کام دەزگایە).

دەبێت لەوە دڵنیابین لەوەی کە دواهەمین دەزگا کامیانە، ئەگەر لەیەك ساڵێشدا چاپ کرابێ، ئەگەر بۆمان ساغ نەبووەوە، ئەوا ناوی هەردووکیان دەنووسین لەگەڵ هەردوو شارەکەدا.

## 7- **ساڵی چاپ – سنة النشر –** **Publish Date**

هەموو سەرچاوەیەك كە چاپ دەكرێ، ساڵی چاپی لەسەر دەنووسرێ، ئەوانەی لەسەر كتێب، یان لاپەڕەی ناونیشان، یان دوای لاپەڕەی ناونیشان دەردەكەوێت بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| • ساڵی زاینی | السنة الميلادية | 2012 م |
| • ساڵی كۆچی | السنة الهجرية | 1433 هـ |
| • ساڵی كوردی | السنة الكردية | 2711 ك |
| • ساڵی هەتاوی | السنة الشمسية | 1392 ف |

ئەم ساڵانە لە زۆر شوێنی كتێبدا دەنووسرێت، یان نووسراوە وەك:

(1) شانی كتێب

(2) لاپەڕەی ناونیشان

(3) پشت لاپەڕەی ناونیشان

(4) دوا لاپەڕە. *

لە كاتی تۆمار كردندا دەبێت:

- شایستەیی بۆ ساڵی زاینی بێت، چونكە ساڵێكی جیهانییەو لە گشت جیهاندا بەكار دێت. (ئەگەر زاینی نەبوو ئەوا دەتوانین بیگۆڕین بۆ كۆچی)
- ساڵی كۆچی (هیجری) دادەنێین ئەگەر ساڵی زاینی نەهاتبوو.
- ساڵی كوردی ئەگەر هیچیان نەبوو.

---

* تێبینی: لە كاتی تۆمار كردنی ساڵدا بە هیچ شێوەیەك ژمارەی سپاردن وەرناگیرێت بۆ ساڵی چاپ ئەگەر هیچ ساڵێك نەبوو ئینجا دەنووسین (پشت بە ساڵی سپاردن دەبەستین) بەم شێوەیە:

{ أی الایداع. .. ؟ 1999) یان دەنووسین {د.ت } واتە دون تأريخ.

{ساڵی سپاردن 1999 } یان دەنووسین { ب. س) بێ ساڵ.

- سالّی هەتاوی ئەگەر سالّی کوردی لەسەر کتێبەکە نەبوو، یان هیچ سالّێك نەنووسرابوو.

## 8- چاپ – الطبعة - Edition

بە یەکێك لە گرنگترین مەرجەکانی هەڵسەنگاندنی نرخ و بەهای کتێب دادەنرێت، چونکە زۆر شتی گرنگ لە خۆ دەگرێت.

هەموو کتێبێك کە بلاّو و چاپ دەکرێتەوە، بۆ یەکەمجار چاپی یەکەمە، ئەگەر نەشنووسرێ ئاساییە، بشنووسرێ دەنووسرێ یەکەم یان 1، بەلاّم گرنگیەکانی چاپ لەمانەدا خۆی دەبینێت:

1- کوالیتییەکی نایابە.

2- جۆری لاپەڕەکانی زۆر باشە.

3- وێنەکانی ڕوون و جوانن.

4- دیزاینی نووسینەکان مایەی بێزاری نییە بۆ خوێنەر.

5- قەبارەی پیتەکانی نووسین پەسەندن.

6- جۆری چاپی بەرگەکە نایابە.

7- پاژنەی کتێبەکە تۆکمەیە.

8- قەبارەی کتێبەکە مام ناوەند، یان ئاساییە.

9- ڕەنگ یا نیگارە دەست کردەکانی سەر بەرگەکە ڕازاوەو سەرنج ڕاکێشە.

10- بەرگی دەرەوەی کاغەزێکی پرشنگدارە، یان درەوشاوەیە.

## جۆرەکانی چاپ: Types of Typing

لەسەر لاپەڕەی ناونیشان، یان پشتی ئەم لاپەڕەیە، زۆرجار لەسەر بەرگی دەرەوە بە تایبەتی لە کتێبە بەرگ تێگیراوەکاندا دەنووسرێت چاپێکی ئاوایە ناونان لەم جۆرە چاپانە بە پێی کتێبەکە دەخوێنرێتەوە لەوانە: -

طبعة مزيدة: زيادەی خراوەتە سەر

- **طبعة مقحة**: پاكژكراوە
- طبعةمزيدة ومنقحة: پاكژكراوەو زيادەی خراوەتە سەر
- طبعةالعربية: عەرەبیە
- طبعةجديدة: نوێ
- **طبعةمصورة**: وێنەدارە
- **طبعة ملونة**: ڕەنگاو ڕەنگە
- **طبعة مصورة وملونة**: وێنەدارو ڕەنگاو ڕەنگ
- طبعةتجارية: بازرگانییە
- **طبعةخاصة**: تایبەتە
- **طبعةنادرة**: دەگمەنە
- طبعةتربوية: پەروەردەییە
- **طبعة خاصة ونادرة (نفيسة)** - (دانسقەیە).
- **طبعة بالعداد**: واتە ناوی ژمارەی چاپەكە دەبات كە چاپی چەندە، نمونە چاپی یەكەم - چاپی حەوتەم. ... هتد.

لە كاتی تۆماردا دەنووسین چ1 چ7 هیچی تر.

ئەگەر هاتو ژمارە لە پێش ناوی جۆری چاپەكەوە هات، ئەو كات دەنووسین، بۆ نموونە: **طبعة الرابعة**طبعة جديده، یان**طبعة الخامسة مقحة**

| 4 جديده | 5 منقحه | بەم شێوە |
|---|---|---|

تێبینی :

چاپی بازرگانی – طبعة التجارية **Trade. Ed**دوو2 جۆرە:

1- كۆپی كردن زیاتربۆ مەبەستی پارە پەیداكردن بەكار دێت.

2-چاپێکی بازرگانی گران بەهایە بەکار دێت بۆ چاپکردنی (کتێبی زانستی – کتێبی نێو تاقیگەکان – ئینسایکلۆپیدیا – فەرهەنگی زانستی) ئەم جۆرە چاپە لاپەڕەکانی نایلۆنن و گەورەن لەقەبارەداو لەجۆرێکی زۆرباشن، وەلەچاپەکەی پێشووتری گرانترە لە نرخدا.

## 9- بەش - أجزاء - Part

بڕگەیەکی ترە لە بڕگەکانی تۆماری تەزوید، کە تێدا ئاماژە بەژمارەی (بەش، **جزء**) دەکا.

بۆ زانین ئەگەر کتێبێك لەچەند بەشێك پێك بێت، هەر بەشەی ژمارەی تایبەت بە پێی ڕیز بەندی تسلسلی خۆی وەردەگرێت.

- **جزء** 1    168 رقم التسجيل
- **جزء** 2    169 رقم التسجيل
- **جزء** 3    170
- **جزء** 4    171

بەڵام ئەگەر دوو **جزء** (بەش) یەك کتێب بوو، ئەوە هەردووکیان یەك ژمارەی تۆمار وەردەگرێت و دەنووسین {جوزئی 1، 2}.

وە لە ژمارەی لاپەڕە دەنووسین **جزء** 1 -------156ل

- **جزء** 2------- 157 -358ل
- **جزء** 3 ------- 359 – 512. ....... هتد

ئەگەر هاتو کتێبێك 10 **جزء** بوو، و یەك عینوانی هەبوو، ئێمە لە حەقلی عینواندا دەنووسین

ناونیشانی سەرەکی / ناونیشانی **جزء** 1

ناونیشانی **جزء** 2-3-4-5-6. .... هتد.

بۆ نمونە /

- حەمەدۆك    بەشی یەکەم    گریان لە لاپەڕە 1-----345
- حەمەدۆك    بەشی دووەم    346 -----677
- حەمەدۆك    بەشی سێیەم    678 -----879
- حەمەدۆك    بەشی چوارەم    880-----1122

## 10- **بەرگ - مجلد - Vol**

مەبەست لە "**مجلد**" واتە کتێبێکێك بەیەك ناونیشان ناسراوە، بەڵام هەر جلدەی لەژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدایە. بۆ نموونە: الموسوعة القضائية

- **مج الاول** -------- الموسوعة القضائية
- **مج الثاني** -------القوانين الاحوال الشخصية
- **مج الثالث------- رافعات وحكم القانون**
- **مج الرابع** ------الجرائم والحكم الجريمة في القانون

هەمیشە **مجلد** یەك ناونیشانی چاپ وەردەگرێت و بە ناوەرۆکی ناونیشانی **مجلدەکە** دەستنیشان دەکرێ وەك نموونەی سەرەوە.

نموونەیەکی تر/ سەیری ئەم معجم و مەوسوعاتانە بکە:

- الموسوعة الفقهية –**مج/ الاول/ائمة-اجزاء**
- الموسوعة الفقهية –**مج/ الثانى /اجل – اذن**
- الموسوعة الفقهية –**مج الثالث / ارادة** - استظهار

بەڵام جیاوازی نێوانیان لەگەڵ **جزء** بریتییە لە:

| **جزء** - بەش- **part** | بەرگ- **مجلد** **Vol.** |
|---|---|
| هەموو بەشەکان یەك ناونیشانە | هەموو بەرگەکان بەناونیشانێکی سەرەکی دەناسرێت و هەر**مجلد**ەو ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە |
| هەر بەشەو ژمارەی تۆماری تایبەت وەردەگرێت | هەر بەرگەو ژمارەی تۆماری تایبەت وەردەگرێت |
| شوێنی چاپ وچاپخانەو ساڵی چاپی دەگۆڕێت | چەسپاوە |

## 11-**ژمارەی لاپەڕە – عدد الصفحات** – **Page**

ئەم خانەیە تەنها ژمارەی تەواوی لاپەڕەکانی کتێبەکە، یان سەرچاوەکەی تێدا دەنووسرێت، لەگەڵ ئاماژەدان بە پیتی ل بۆ لاپەڕەو (ص) بۆ صفحە، بەڵام بۆ بیانی هەر پیتی **P** بەکار دێت.

چۆنییەتی ژماردن یان ئەژمارکردنی لاپەڕەکان.

لەبەر ئەوەی هەندێ نووسەر پێش دەستپێکردن بە دەقی کتێبەکە هەندێ لاپەڕەی (تحریف) ڕیزبەندی پیت کردووە، یان بڵێین بە پیت ڕیز کراوە، پاشان بەژمارە دەست پێ دەکات، یان بە ژمارەی لاتینی ڕیز کراوە، یان دوای کۆتایی هاتنی دەقی کتێبەکە چەندان لاپەڕە بە بیانی (ئینگلیزی)، یان بە ڕۆمانی، یان بە جیا ژمارەیان وەرگرتووە. ... هتد.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دەبێت لە ژمارە (1- تا کۆتایی بنووسین). گریمان 256 لاپەڕەیە + هەژمار کردنی لاپەڕەکانی دوای دەقی کتێبەکە، واتە بژاردنیان چەند بو دەنووسین + ؟ گریمان 18 لاپەڕە بوو دەنووسین

256 + 18ل یا (ا-گ) +182ص

جاری وا هەیە پاشکۆی لەگەڵدایە دوایی لاپەڕەکانی دەست پێدەکات لەم حاڵەتەدا دەنووسین

ژمارەی تەواو + ژمارەی لاپەڕەکانی پاشکۆ + ژمارەکانی تر.

ئەگەر هاتو کتێبێك بە چاپتەر چاپکرابوو بە تایبەتی کتێبە بیانییەکان، ئەوا چاپتەر چاپتەر دەیبژێرین و لە حەقلی لاپەڕەدا دەینووسین کۆی گشتی بۆ نموونە:

**Ch1 - 75 Ch2–100 Ch3**96 تا کۆتایی چاپتەرەکان. **p**271

ئەگەر هاتو کتێبێك بە دوو زمان نووسرابوو، گریمان 180 لاپەڕەیە 85 لاپەڕەی ئینگلیزییە 95 لاپەڕەی کوردییە، لە هەردوو سەری کتێبەکەوە تەرقیم کرابوو بە کوردی و بە ئینگلیزی، لەم حاڵەتەدا سەرنجی نووسەر دەدەین بزانین بەرهەمەکە زمانی ڕەسەنەکەی کامیانە، ئینگلیزییەو کراوە بە کوردی، یان کوردییەو کراوە بە ئینگلیزی، یان تەرجەمەیە.

ئەگەر هاتو کتێبەکە نووسەرەکەی کوردبوو بابەتەکەی وەرگێڕابووە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەوا بە کوردی تۆماری دەکەین دەنووسین: 180ل

بەڵام ئەگەر کتێبەکە وەرگێڕابوو ئەوا بە زمانی بیانی تۆماری دەکەین و لاپەڕەکان وەك خۆی دەنووسینەوە.

وشەی ل بۆیە بە تەنیشت ژمارەکانەوە دەنووسین، تاوەکو بزانین ئەوەندە لاپەڕەیە، چونکە پەڕە لە دوو لاپەڕە پێك دێت، هەروەك لە عەرەبیدا وەرەقە بریتییە لە دوو سەفحە و لە ئینگلیزیدا **Paper** دوو **Page**.

بەڵام لە کاتی تۆماری دەستنووسدا هەندێ دەستنووس هەیە تەنها یەك دیوی نووسراوی لەسەرە، ئەو کات دەنووسین ئەوەندە پەڕە، یان وەرەقە، یان **Paper**.

سەبارەت بە کتێبە زانستییەکان وەك پزیشکیی، ئەگەر لە (6) ساڵ زیاتر تەمەنی هەبوو، ئەوا تۆمار نەکرێ زۆر باشترە، چونکە ئەم زانستە، تاکە زانستێکە کە ڕۆژانە لە پێشکەوتندایەو گۆڕانی نوێ تۆمار دەکات.

ماوەتەوە بڵێین ئەو کتێبانەی کە لاپەڕەکانیان ماندووەو بەرەو ستۆك بوون(ڕزین) دەچێت، باشتر وایە تۆمار نەکرێ، ئەگەر زۆر گرنگ بوو بەلای کتێبخانەوە، با وێنەیەکی لەبەر بگیرێتەوە، یان سکان بکرێ، ئەسڵەکە هەڵبگیرێت لە شوێنی تایبەتداو بپارێزرێ.

## 11- سەرچاوەی هاتن – المصادر – Reference

کۆمەڵێك ڕێوشوێن هەیە، کە زۆر لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکان دەیگرنە بەر بۆ بەدەست هێنانی سەرچاوە بۆ کتێبخانەکانیان لەوانە:

ا-دیاری - هدایا – **Dontion**

ب-کڕین –**شراء** – **Purchase**

ج-ئاڵو گۆڕ – تبادل – **Exchange**

د-سپاردن –الایداع –**Legal Deposit**

ئەم خانەیە ڕێگاکانی هاتنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە نیشان دەدات کە دەبێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە ئەوانیش بریتین لە:

ا-دیاری - هدایا – **Dontion**

ب-کڕین –**شراء** – **Purchase**

ج-ئاڵو گۆڕ – تبادل – **Exchange**

هەر یەك لەم بڕگانە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە ڕوونکردنەوەی تەواو نیشان دەدات سەبارەت بە هاتنی سەرچاوەکە بۆ کتێبخانە لە چ ڕێگەیەکەوە.

**1- دیاری - الهدایا – Dontion**

ئەم بڕگەیە بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە کە هەر سەرچاوەیەك بە دیاری هاتبێتە کتێبخانەو دیاریەکە ڕێنمایی تۆمارکردن بیگرێتەوە، ئەوا لێرەدا ئاماژەی پێ دەکرێ بە دانانی نیشانەی (√) لەناو ئەو بڕگەیەدا.

**2- کڕین – شراء – Purchase**

بڕگەی کڕین تەنها ئاماژەی (√) لە بڕگەی کڕین دەکەین، بە تەنیشت ئەم بڕگەیەوە سەرچاوەی هاتن هەیە نووسراوە (نرخ – الپمن)، لێرەدا نرخەکە دەنووسرێت کە کڕاوە بەچەند.

بۆ زانینی نرخی کڕاو دەبێت ئەوە بنووسین کە بە چ پارەیەك کڕابوو، ئەوا ئەو پارەیە دەنووسین، بۆ نموونە ئەگەر دۆلار بوو دەنووسین ($) واتە ژمارەی دۆلار لەگەڵ هێماکەی:

بۆنموونە (10 دۆلار) دەنووسین (10$) یان (10 یورۆ) دەنووسین (10€)، بەڵام ئەگەرپارەی تمەن، یان دینار بوو دەنووسین (18000 تمن)، یان (12000) هەزار دینار. کەواتەپارە بە هێمای خۆی دەنووسین وەك خۆی.

**3-ئاڵوگۆڕ – المبادله – Exchange**

بڕگەی ئاڵوگۆڕ تەنها ئاماژەی (√) لە بڕگەی ئاڵوگۆڕ دەکەین و لە خانەی تێبینیدا ئاماژە دەدەکەین بەو کتێبخانەیەی کە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵدا ئەنجام دراوە.

**13- نرخ - الثمن - price**

لێرەدا تەنها نرخی کتێبەکە دەنووسین بەو پارەیەی کە کڕاوە، دینار /$ یا هەر نرخێکی تر.

**14- مێژووی هاتن- تاریخ الورود - Data**

مەبەست لەو ڕۆژەیە کە سەرچاوەکانی تێدا هاتووە بۆ کتێبخانە..

**15- مێژووی تۆمار – تأریخ التسجیل - Record**

خانەیەکی تر لە خانەکانی تۆماری سەرچاوە مێژووی تۆمارە، واتە لەکەیدا تۆمار دەکرێ، بۆ ئەوەی بیرچونەوە پەیت پێ نەبا، هەمیشە لەسەر ئەم حەقلە بنووسە (ئەمڕۆ)، واتە مێژووی تۆماری ڕۆژ، ئەمڕۆ چەندی مانگە بنووسە ئەوەندە، واتە تۆ لەم ڕۆژەدا کتێبەکەت تۆمار کردووە.

جاری وا هەیە لەپاش مانگێك لە هاتنی کتێبەکە تۆمار دەکرێ، جاری واش هەیە هەفتەیەك، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوە زۆر لە پێش ئەمەوە هاتۆتە کتێبخانەو بەڵام نەگەیشتۆتە سەرەی تۆماری ئەم سەرچاوەیە، جاری واش هەیە لەپاش ڕۆژێك لە هاتن تۆمار دەکرێ، یان هەمان ڕۆژ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەی هاتوو لەبەر دەستدا نەبووە بۆ تۆمار کردن.

بە بەرواری مێژووی تۆماردا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕۆژێکدا چەند سەرچاوە تۆمارکراوە، یان کار کراوە، ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەفتانەدا یان مانگانەدا بۆ بەڕێوەبەری کتێبخانە لە کاتی تۆمارکردندا کە چەند کار کراوە، یان کتێب تۆمار کراوە.

تێبینی:- بەڵام لە کاتی تۆماری کتێبەکەدا لە پشتی ناونیشانی کتێبەکەدا کە مۆری تەزویدی لێ دەدرێ مێژووی تۆمار ناونووسین، بەڵکو مێژووی هاتنی کتێبەکە ئاماژە پێ دەدەین.

## 16- خانەی تێبینی - ملاحظات – Notes

بە یەکێك لە گرنگترین بڕگەکانی تۆماری زانیاری بەشی تەزوید دادەنرێت، چونکە چارەنووسی هەموو سەرچاوەیەك لە (فەوتان، ون بوون، تەلەف، تووشبوون بە نەخۆشی کەڕوو، **فطریات**، هەڵوەشاندن، دزین، بەخشین، لەناوبردن لەلایەن لیژنەوە یان دوورخستنەوەی، ئاڵو گۆڕ) تیایدا دیاری دەکرێ وەکو مەرجەعێك (سەرچاوەیەك) دەتوانین سەیری بکەین. هەر کێشەیەك یان گرفتێك بەسەر هەر سەرچاوەیەکدا بێ، دەتوانین لەخانەی تێبینی (**حقل ملاحظات**) دا وەك یاریدەدەر، یان پاڵپشتێکی بەهێز بەکار بهێنین بۆ ڕوونکردنەوە و چارەسەر کردن.

نموونە:- کتێبێك دیارییە، لەم حەقلەدا دەنووسین، دیاری کێیە، یان ئاڵو گۆڕە، یان کڕاوەو بەچەند کڕاوە ؟ کەی کڕاوە ؟ کێ کڕیویەتی ؟ لە چ شوێنێك کڕاوە ؟ لێرەدا دەینووسین، یان کتێبەکە تالف کراوە دەنووسین چ لیژنەیەك تالفی کردوە ناوی دەبەین، یان چەند لاپەڕەیەکی فەوتاو، یان دڕاوە، ئاماژەی پێ دەدەین یان خشتەی لەگەڵە یان C.D لەگەڵدایە، دەنووسین ئەمانە هاوپێچیەتی.

## 17-ژمارەی پێوەری نێودەوڵەتی کتێب ( ژپنك ) رقم الدولی المعیاری للکتب ( ردمك )

.( International Standard Book Number (ISBN**

ئەم ژمارەیە لە (10) دانە پیت دێت لەگەڵ پیتێکدا، کە بەم شێوەیەیە:-

1-3-3-3- دەست پێ دەکات.

هەر یەك لەمانە گوزارشت لە شتێك دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

I — III- III- III

1- ژمارەی وڵاتە، یان شوێن، یان جێگای جوگرافیا لەگەڵ زمان بەکاردێت.

2- بۆ دەزگای چاپ بەکاردێت (ناشر- **Publisher**

3- بابەتی کتێبەکە واتە (**موضوع** — **Subject**)

4- وردبینی.

ئەم ژمارانە لە کتێبدا بە تایبەتی لە بیانییەکاندا لە دوو جێگادا بە ڕوونی دیارە:

أ) پشتی لاپەڕەی ناونیشان لەبەشی خوارەوە نووسراوە **I.S.B.N 9567534012**

ب) بەرگی کتێبەکە بەشی کۆتایی لای خوارەوە لە وێنەی شریتی فیلم دەچێت و ژمارەکان وەك خۆی نووسراوە.[55]

## 18- بابەت - الموضوع – Subject

بۆ زانین و ناسینی سەرچاوەکە پەنا دەبەینە بەر ناوەڕۆکەکەی، تا بزانین باسی چی دەکات و بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم کێبەکە سەر بە چ بابەتێکە دەنووسین ئەو بابەتەیە.

[55] - شاهۆ عوسمان ، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری — هەولێر، چاپخانەی شەهاب 2009

## تۆماری سەرچاوەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارو سی دی و نامەی زانکۆیی و دەستنووس

ئەو خشتانەی کە بۆ سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی تر بەکاردێت و بە گوێرەی تایبەتمەندیان جیایان دەکەینەوە، هەر خشتەی ناوی جۆری ئەو سەرچاوەی لەسەر دەنووسین کە ئاماژەی پێ دەدەین.

### خشتەی یەکەم/ تۆماری ڕۆژنامەکان

باشتر وایە تۆمارێکی تایبەت دابنێین بۆ تۆمار کردنی سەرجەم ئەو ڕۆژنامانەی کە دێتە کتێبخانەوە، هەر ڕۆژنامەی لە جێگە یان لاپەڕەیەکی تایبەتدا خشتە بکەین کە بۆ ماوەی یەك ساڵ بەکار دێت .خشتەی تۆمارەکە وەك ئەم کلێشەیەی خوارەوە دروست دەکەین، بەڵام پێشتر لە لاپەڕەیەکدا لەدوای بەرگەوە ناوی سەرجەم ڕۆژنامەکان ڕیز بەند دەکەین بە پێی هاتنیان بۆ کتێبخانە، یان بە پێی هیجائ

خشتەی هاتووی ڕۆژنامەی ( ) ساڵی ( ) ڕۆژنامەیەکی ( ) دەردەچێت لە لایەن ( )

| مانگەکان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك2 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| شباط | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ازار | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| نيسان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| مارس | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| حزيران | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| تموز | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ئاب | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| أيلول | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ت1 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ت2 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ك1 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

هەموو ئەم بۆشاییانە پڕ دەکەینەوە لەگەڵ یەك زانیاری زیاتر کە ئەویش تەعریفەی ڕۆژنامەکەیە، تا بزانین ئەم ڕۆژنامەیە کۆمەڵایەتییە، سیاسییە، گشتییە، کولتوورییە، یان چ جۆرە ڕۆژنامەیەکە.

هەندێ ڕێنمایی تۆمارکردنی ڕۆژنامە هەیە دەبێت بیزانین بۆ ئەوەی لە هەڵە بەدووربین لە کاتی تۆمار کردنیدا.

باشتر وایە لەوخانانەی کە دەستنیشان کراوە لەناو خشتەکانیدا کە بەرامبەر هەر مانگێك ڕۆژێك دەستنیشان کراوە، چاکتر وایە لە جیاتی هێمای (√) لەناو چوار گۆشەکە ئاماژە پێ بدەین کە مانای هاتنی ڕۆژی ؟ مانگی ؟ دەکات، ژمارەی ڕۆژنامەکە بنووسین لەبەر دوو هۆ:

1- بۆمان دەردەکەوێت کە لەو ڕۆژەدا ژمارە چەندی دەرچووە هەیە یان نا.

2- لە کاتی گەڕاندا بە دوای وەڵامی پرسیاری خوێنەرێك بەسێ شێوە دەتوانین دڵنیابین لە بوون و نەبوون و هاتن و نەهاتنی ئەو ژمارەیە ئەویش:

أ- ئەگەر خوێنەر تەنها ڕۆژانی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بزانێت، ئێمە دەتوانین ئەو ڕۆژەی کە ڕۆژنامەکە هاتۆتە کتێبخانەکە یان نا؟ (مەبەست لەمە، جاری وا هەیە ڕۆژنامەکە ئەو ڕۆژە دەرچووە، بەڵام نەگەیشتۆتە کتێبخانە تا تۆمار بکرێت).

ب- تەنها ژمارەی ڕۆژنامەکە بزانێت ئێمە دڵنیا دەبین لە بوونی و نەبوونی لەگەڵ جێگەی لە کتێبخانەدا ئەگەر هەبوو.

ج- هەموو ڕۆژنامەیەك ڕۆژێکی پشووی هەیە بە هاتنی ژمارەکانی ئاماژەیان پێ دەدەین ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژنامەکە دەرناچێ لە چوار گۆشە بەتاڵەکەدا دەنووسین { پشوو }.جاری وا هەیە خوێنەر ڕۆژی ڕۆژنامەکە دەڵێت، سەیر دەکەین ئەو ڕۆژە پشووە، کەواتە خوێنەر لێرەدا هەڵەیە، دەبێت خۆی ساغ بکاتەوە.

خشتەکە هاوپێچەو نموونەیەکە بۆ ڕۆژنامەیەك، تاوەکو بزانین چۆن چۆنی بەکاری دەهێنین لەگەڵ ئاماژە پێ کردنەکانیدا.

| ملگكان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ك2 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| شباط | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| اذار | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| نيسان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| مارس | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| حزيران | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| تموز | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ئاب | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| أيلول | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ت1 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ت2 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| ك1 | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |

---

**تێبینی:**

ڕۆژنامەیەکی... سیاسییە/ کۆمەلایەتییە/ گشتییە/ ڕووناکبیرییە... بەلام ئەگەر هاتو ڕۆژنامەکە لە هەفتەیەکدا دووجار دەرچوو، ئەوا لە خشتەکەدا ئاماژە دەدەین تەنها بەو دوو ڕۆژە لە هەفتەی ئەو مانگەدا، بۆ نموونە ڕۆژی یەك شەممە و چوارشەممە دەردەچێت، ئێمە لە خشتەی تۆماردا ڕۆژی یەك شەممە چەندی مانگی کرد، ئەوا لەو ڕۆژەدا تەنها ژمارەکەی دەنووسین لەگەڵ ڕۆژی چوارشەممە چەندی مانگە، هەموو یەك شەممەو چوارشەممەیەکی ئەو مانگە و ژمارەکانی تر بەم شێوەیە

* ئەگەر لە هەفتەیەکدا یەکجار دەرچوو، ئەوە لە ڕاستیدا هەفتانەیە نەك ڕۆژانە، چونکە ڕۆژنامە واتە نامەی ڕۆژ، یان هەواڵی ڕۆژ، ئێستا لە دنیادا ڕۆژنامە بە چەندان کات دەردەچێت، بەیانیان، ئێواران، شەوان، جگە لە جۆری بابەتیانەی جێگەکان، بۆ نموونە ڕۆژنامەی گەشتوگوزاری لەم کاتەدا تەنها ئاماژە بەو ڕۆژە دەدەین.

## گۆڤار

بڵاوکراوەیەکە کە خۆی پێناسە دەکات بەچەند شێوەو ڕەنگێك و خۆی دەناسێنێ کە، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری هەمە ڕەنگ، تایبەتمەند، گشتی، وەرزشی .... هتد.

وەکاتی دەرچوونی ئاماژەی پێ دەکات کە هەفتانەیە، مانگی دووجار، یان مانگانەیە، یان دوومانگ جارێ، یان وەرزییانەیە، واتە سێ مانگ جارێ، یان لە ساڵێکدا دوو جار دەردەچێت.

بۆ تۆمارکردنی گۆڤارەکان ئەم خشتەیە بەکار دێنین، کە ئەگەر بەکارت بێت جوانترو مۆدێرنتر ئەگەر لە سجلێکدا بێ، ئەوا تۆکمەترە

ئەم خشتەیە دەتوانێ یەك لاپەڕە بۆ هەر گۆڤارێك بۆ 15-20 ساڵ بەکار بهێنین بێ هیچ گرفتێك، بەڵام بە شێوەی دروست بەکار دێت زانیاریەکانی ناوی بریتیە لە:

- ناونیشانی گۆڤار:- خاك
- گۆڤارێکی:- کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری
- شوێنی دەرچوونی:- سلێمانی
- نرخی یەك دانە:- 1500 دینار
- دەزگای بڵاو کەرەوە:- ناوەندی ڕاگەیاندنی خاك
- نرخی بەشدار بوون:- 20000
- دەرچوونی بە/ هەفتانە ( ) مانگانە ( ) وەرزی ( ) ساڵانە( )

| ساڵ | بەرگ | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم | تێبینی | پاشکۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2000 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2001 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2002 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2003 | | | | | | | | | | | | | | | |

وەك چۆن ژمارەی ڕۆژنامەکان لە خشتەکەدا ئاماژە پێ دەدەین، لێرەش تەنها ژمارەی گۆڤارەکە لەناو چوارگۆشەی مانگەکەدا ئاماژەی پێ دەدەین تا کۆتایی ساڵی هەر ساڵێك بێت، ئەمە ئەگەر گۆڤارەکە مانگانە بوو بەڵام:

※ ئەگەر هاتو دوو مانگ جارێ دەربچێت، ئەوا دەبێ بزانین کام دوو مانگە، بۆ نموونە مانگی 1 و2 واتە کانونی دووەم و شوبات پێکەوە دەردەچێت، ئێمە لە خشتەکەدا ئاماژە بە هەردوو مانگەکە دەدەین بە بەستنەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:-

- ئەگەر هاتو گۆڤارەکە سێ مانگ جارێ دەرچوو، ئەوا دەبێ بزانین کە وەرزییە، واتە سێ مانگی یەکەم بە یەکەوە یەك ژمارە دادەنێین بەم شێوەیە

| ساڵ | بەرگ | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم | تێبینی | پاشکۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |

ئەگەر لە ساڵێکدا دووجار دەرچوو بەهەمان شێوە

لە کاتێکدا ئەگەر هات‌و پاشکۆی لەگەڵدا بوو، ئەوا ئاماژە بە جۆری پاشکۆکەو تێبینی ئەو ژمارەیەی کە پاشکۆکەی لەگەڵدایە دەنووسین، ناومانگ، ژمارەکە دەستنیشان دەکەین + پاشکۆ

| ساڵ | بەرگ | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەمموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم | تێبینی | پاشکۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2011 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2012 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2013 | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |

## خشتەی تۆماری C.D

خشتەی تۆماری **C.D** لە تۆمارێکی سەربەخۆدا دەبێت، باشتر وایە ئەمانیش بە پێی زمانی تۆمارکراوی **C.D** یەکە دەستنیشان، یان ئاماژەی پێ بدرێ، باشترە بۆ کاری پراکتیکی، کەواتە بێ هیچ سێ و دوویەك سێ تۆمارمان پێویستە، بەڵام جۆری کتێبخانەکە دەستنیشانی تۆمار دەکات، ئەمەش بە پێی کەم و زۆری سیدیەکانە لە ئێستاو ئایندەدا.

ئەم خشتەیەی خوارەوە کە بە زمانی شیرینی کوردی دروستی ئەکەین، بۆ ئەوەیە کە من دڵنیام 3\2 زیاتری ئەو بەڕێزانەی کە لە کتێبخانەکاندا کار دەکەن بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، و ⅓ کەی تریش هەمە چەشنە .یان خولێك بەشداری کردووە یان هیچ، کەواتە زۆر شارەزایی لەم بوارەدا نییە، بۆیە بەم زمانەش ئەم بابەتانەم نووسیوە تاوەکو سادەترین کەس گەر بیەوێت کار بکات هیچ

ئاستەنگێکی بۆ دروست نەبێت. زۆر خۆم لە دەستەواژەو زاراوەو بەکارهێنانی فەلسەفەی وشك و قسەی نووسراوی بێ‌مانای مانا نابەخشی ناخۆش پاراستووە، ناشمەوێ هیچ کەس پێم بڵێ ئەمەی ئەکادیمی نییەو ئەمەی وایە، من بۆ خۆم و بۆ ئەو کەسانەم نووسیوە کە سەرەتای دەست پێکردنیانە بەکاری پراکتیکی لەم بوارەدا، ئەگەر ئێوەش دەتوانن خزمەتێ بکەن، فەرموون چمکی بابەتێك بگرن

| ژمارەی تۆمار | ژمارەی داواکراو | ناوی بەرهەم هێن کەس | ناونیشان | کۆمپانیا منتج | مارکە | تراك | جۆری مادە C.D یان D.V.D | کات | سەرچاوەی هاتن | | نرخ | مێژووی تۆمار | تێبینی | بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | دیاری | کڕین | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |

با لەمەی من باشتر بێت. ڕاستی و دروستی ئەمەیە کە دەیڵێم، خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زانیاری و کتێبخانە (10٪) ئەم وانەیە وەك خۆی دەخوێنن کە ئێستا خۆم دەیڵێمەوە، ئەو دێڕانەی سەرەوەش بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان نییەو بە هیوای کاری باشترین. ئەمەش وەك سەرچاوەی زانستی مامەڵەی تۆماری لەگەڵدا دەکرێ و هەر **C.D** یەکیش ژمارەی تایبەتی خۆی وەردەگرێت وەك کتێب، کەواتە با بزانین چۆن تۆماری بکەین. یەکەم **C.D** یەکە ژمارەی تۆمار وەردەگرێت پاش کردنەوەی بە کۆمپیوتەر سەیری ناونیشان و هەموو زانیاریەکانی ناوی دەکەین، ئینجا دەست دەکەین بە تۆمارکردن.

1- ژمارە وەردەگیرێت بە پێی ڕیزبەندی هاتنی لە کتێبخانەدا.

2- ژمارەی داواکراو کاتێك دادەنێین کە پۆلێنی تەواو بزانین، واتە ساغ ببێتەوە کە چ بابەتێکە با دڵنیابین، ئەگەر لەگەڵ کتێبدا بوو، ئەوا ژمارەی پێڕست و پۆلێنی کتێبەکە چەند بوو هەمان ژمارە لەسەر **C.D** یەکە دەنووسین بێ هیچ گۆڕانێك.

3- ناوی بەرهەم هێن زۆر شت دەگرێتەوە لەوانە:

أ- ئەگەر **C.D** یەکە لەگەڵ کتێبدا بوو ناوی نووسەری کتێبەکە.

ب- ئەگەر تێزە بوو، ناوی توێژەر، یان خوێندکاری باڵاکە دەنووسین.

ج- ئەگەر سیمینار بوو، ناوی ئەو کەسەی کە ئەنجامی دەدات.

د- ئەگەر کۆڕ بوو، ناوی خاوەن کۆڕ دەنووسین.

هـ- ئەگەر فیلم بوو، ناوی نووسەری فیلمەکە، یان خاوەن بیرۆکەکە، واتە دەرهێنەر (مخرج) ەکە.

و- ئەگەر هیچ شتێك ڕوون نەبوو، ئەوا هیچ نانووسین.

ز- ئەگەر چەند کەسێك بەشداربوون، یەکەم ناوی ڕاستی بۆ کوردی و عەرەبی و لای چەپ یەکەم ناو وەك خۆی بۆ بیانی.

ناونیشان:- واتە ناونیشانی سەرەکی **C.D** یەکە چی بوو وەك خۆی دەینووسین، ئیتر ئەگەر ناوی فیلم بوو یا ناوی کۆڕ، یان سیمینار، یان ناونیشانی کتێب ... هتد.کۆمپانیا یان بەرهەمی **C.D** یەکە واتە ئەگەر فیلم بوو بەرهەمی چ کۆمپانیایەکە، ئەگەر (تێز) بوو ناوی زانستگاکە، یان وەزارەتەکە، یان ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە ئەنجامی داوە.

- مارکە:- مەبەست لەوەیە ئەم **C.D** یە چ مارکەیەکە، ڕەسەنە یان کۆپی یە لەگەڵ مارکەکە**Sony –Sunny**، یان چ مارکەیەکە وەك خۆی دەینووسین.
- تراك:- هەندێ **C.D** گۆرانییە یان قسەیە یان هەر شتێکە، کە خۆی دەینووسێت بە نووسراو؟ ئەوەندە تراکە ئێمەش دەنووسین ؟ تراك، بۆ نموونە 4 تراکە دەنووسین 4 تراك.

**C.D** یان **D.V.D**:- هەندێ سەرچاوە لە شێوەی **C.D** یان **C.V.D** دایە بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر ئەم خانەیەم داناوە، کەچی بوو دەینووسین، هەر کامێکیان بێت.

- سەرچاوەی هاتنی **C.D** بۆ کتێبخانە دوو جۆرە، یان دیارییە، یان کڕاوە.

ئەگەر دیاری بوو ئاماژەی (√) دادەنێین لە بڕگەی دیاری، بەڵام ئەگەر کڕا بوو، ئەوا دەنووسین (√) لە بڕگەی کڕین نرخی چەند بوو لە نرخدا دەنووسین ئەوەندە (نرخەکەی $،دینار) وەك خۆی.

- کات:- زۆر گرنگە کە بزانین ئەم **C.D** یە چەند خولەکە بۆ ئەوەی ماوەی **C.D** یەکە بزانین و هەر تراکەی چەند خولەکە.
- مێژووی تۆمار:- کەی ئەو **C.D** یە گەیشتە دەستمان لە کاتی تۆمار کردندا، مێژووی تۆمارەکە کە ئەمڕۆیە دەنووسین.

تێبینی:- بە گرنگترین بڕگەی تۆمار دادەنرێت لەسەرچاوەی تۆمارکردنی هەر سەرچاوەیەکدا، چونکە بەرچاوڕوونی ڕوونکردنەوەکانە. بۆ نموونە: **D.V.D** دوو فیلم یان زیاتری لەسەر بوو، ئێمە لە حەقلی ناونیشاندا ناوی فیلمی ناسراو کە یەکەمە دەنووسین، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەناوی هەردوو فیلمەکەی تر دەدەین.

یان کتێبێك **C.D** لەگەڵدایە، ئێمە لێرەدا دەبێ زۆر بە ئاگا بین یەکەمجار کتێبەکە تۆمار دەکەین، کە گەیشتینە سەر بڕگەی تێبینی دەنووسین ئەم کتێبە **C.D** ی لەگەڵدایە و بە ژمارە (؟) تۆمار کرا.

دێین سەیری سجلی تۆماری **C.D** یەکە دەکەین، دواهەمین ژمارە چەند بوو دوای ئەوە ژمارەی نوێی بۆ وەردەگرین، بۆ نموونە گەر ژمارەی تۆماری **C.D** یەکە گەیشتبووە 267 ئێمە دەنووسین 268، کەواتە لە تێبینی کتێبەکەدا دەنووسین **C.D** ژمارە 268 تۆمارکرا و لە حەقلی تۆماری **C.D** دا لە ڕیزی **C.D** ژمارە 268 لە حەقلی تێبینی یەکەدا دەنووسین ئەم **C.D** یە **C.D** ی کتێبی ژمارە (؟) یە.

کتێبی ئەم **C.D** یە ژمارە چەندی وەرگرتبوو ئێمە دەنووسین کتێبی ژمارە (؟) ە بە شێوەیەکی تر. ئێمە ژمارەی تۆماری کتێبمان گریمان گەیشتۆتە ژمارە 4352 کتێب بە تۆمار کراوی، کەواتە بۆ کتێبێکی نوێ ژمارە 4353 وەردەگیرێت. ئەگەر ژمارە تۆماری **C.D** یەکەمان گەیشتبووە ژمارە 475، ئەوا تۆماری نوێ لە 476 دادەنێین. ئەگەر کتێبێك **C.D** لەگەڵدا بوو دەنووسین لە حەقلی تێبینی دا ئەم کتێبە **C.D** لەگەڵدایە و  بە ژمارە (476) تۆمار کرا. لە سجلی تۆماری **C.D** دا لە حەقلی تێبینی دا دەنووسین ئەم **C.D** یە **C.D** کتێبی ژمارە 4353 یە.

- بابەت:- دواهەمین بڕگەی خشتەی تۆمار، پاش ساغ بوونەوەی بابەتەکە ئەگەر پۆلێن کرابوو دەنووسین {؟ } ناوی بابەتەکە هەرچییەك بوو.

لێرەدا دەمەوێت بلێم هیچ کارێك بە گران وەرمەگرەو زۆر بە هێمنی کار بکە، هەچ کاتێك زانیت کۆنترۆڵی بابەتەکەت پێ ناکرێ کار مەکە با لە هەڵە دوور بیت، چونکە ئەم تۆمارە هەڵەو کوژاندنەوەو سڕینەوەی زانیاری قبوڵ ناکاو بە ساختە هەژمار دەکرێ. (بۆ زانین).

## بەشی تێزە = نامەی زانکۆیی = أطروحة = Thesis

ئەم بەشە تایبەتە زیاتر بە کتێبخانە ئەکادیمییەکانەوە، وەك کتێبخانەی زانکۆو پەیمانگەکان، بەڵام ئێستا زۆر لە کتێبخانە گشتیەکان، گەورەکانیش ئەم سەرچاوانەیان لەلا دەست دەکەوێت. یان خاوەنی ئەم تێزانەن بە هەچ ڕێگایەك بێت.

تێزە، یان نامەی زانکۆیی (رسائل الجامعیە) یان (**أطروحة**)، خۆی لە خۆیدا دەرئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستییە کە خوێندکارێکی خوێندنی باڵا - دبلۆمی باڵا — ماجستێر یان دکتۆرا

| ژمارەی تۆمار | ژمارەی داواکراو | ناوی توێژەر | ناونشان | ناوی سەرپەرشتیاری یەکەم و دووەم | جۆری توێژینەوەکەی | زانستگا یا زانکۆ | کۆلێج | ساڵی بەرهەم | ژمارەی لاپەڕە | سەرچاوەی هاتن | | مێژووی هاتن | مێژووی تۆمار | تێبینی | بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | دیاری | کڕین | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | |

ئەنجامی دەدات لەسەر یەکێك لەبابەتە هەستەوەرەکان زۆر بە وردی. بۆ تۆمار کردنی زانیاری ئەم تێزەیە کە کتێب نییە، بەڵام لە شێوەی کتێبدایە، پێویستمان بە تۆماری تایبەتە بۆ تۆمار کردنی زانیاریەکانی ناوی وەك ئەم خشتەیەی خوارەوە :-

ئەوەی لێرەدا هەستی پێ دەکرێ و تازە دێتە پێش چاو بریتییە لە:

1- ناوی توێژەر، لە جیاتی ناوی نووسەر ناوی توێژەر دێت، واتە ئەو کەسەی کە نامەکەی ئەنجامداوە دەنووسین.

2- ناوی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە پێش چەند ساڵێك هەموو توێژینەوەیەکی زانستی یەك سەرپەرشتیاری هەبوو، بەڵام لە دوای ساڵی 2004 بەدواوە، کرا بە دوو سەرپەرشتیار، خۆی لەخۆیدا شتێکی باشە. ئێمە لێرەدا ناوی هەردوو سەرپەرشتیارەکە دەبەین، یەکەمجار سەرپەرشتیاری یەکەم، پاشان سەرپەرشتیاری دووەم، بۆنامەی دکتۆرا زیاتر.

3- جۆری نامەکە:- لێرەدا ئاماژە دەدەین بە جۆری نامەکە هەر کامێکیان بوو هێمای (√) ی بۆ دادەنێین ئەمەش سوودی زۆرە لەوانە:

| جۆری توێژینەوە | | |
|---|---|---|
| دبلۆم | ماجستێر | دکتۆرا |
| | | |
| | | |
| | | |

أ- بۆمان دەردەکەوێت چەند نامەی دبلۆممان هەیە

ب- بۆمان دەردەکەوێت چەند نامەی (ماجستێر) مان هەیە

ت- بۆمان دەردەکەوێت چەند نامەی (دکتۆرا) مان هەیە.

پ- بە پێی زمانەکانیش دەردەکەوێت چەند زمانی بیانی و کوردی و عەرەبیمان هەیە.

* تێبینی

أ- کڕین لە نامەی زانکۆییدا مەحاڵە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کۆپیەکی لێ بگیرێتەوە، لەو کاتەدا نرخی کۆپی + تجلید کردنەکەی و نووسینی سەر بەرگەکە هەمووی دەبێت بەیەك نرخ و دەنووسین (؟) نرخەکەیەتی بەدینار یان بە $

ب- هەندێ توێژینەوە لەبەر گرنگی بابەتەکەی بۆ کۆمەڵانی خەڵك، زۆر جار زانکۆ بڕیار دەدات کە چاپ بکرێ و وەك کتێب مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، دوای ڕاستکردنەوەی سەرجەم کەمو کورتیەکان لەلایەن لیژنەی گفتوگۆوە. دەکرێ بە کتێب و چاپ دەکرێ و لە کتێبخانەکاندا دەفرۆشرێت، بەڵام وەك کتێب نەك وەك نامەی زانکۆیی. بۆ نموونە: نامەی زانکۆیی بەڕێز - فەرەیدوون عەبدوڵلاّ - کە تێزێکی ماجستێر بوو لەژێر ناونیشانی بارودۆخی سیاسی کوردستان لە ساڵی 1970 دا کرا بە کتێب، و لە تۆماری کتێبدا تۆمار دەکرێ نەك تێزە.

5- له جێگای شوێن یان جێگای چاپ واته (مكان النشر) – ناوی ئەو زانستگایە یان، زانكۆیە دەبەین كە توێژینەوەكەی تێدا ئەنجام دراوە، یان ئەو خوێندكارە لەو زانكۆیەدا بڕوانامەی وەرگرتووە.

6- كۆلێج:- مەبەست لەمە ئەو كۆلێجەی كە خاوەنی كارەكەیە، یان بابەتی توێژینەوەكە لەسەر ئەو كۆلێجەیە (یەكێك لەبەشەكانی).

7-ساڵی بەرهەم:- واتە ئەو ساڵەی كە گفتوگۆكەی تێدا ئەنجام دراوەو قبوڵ كراوە.

## بەشی تۆماری سەرچاوەکانی دەستنووس:

بەشی کۆتایی تۆمارەکانمان تۆماری دەستنووسەکانە، بەڵام جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم و سەرجەم سەرچاوە زانستیەکاندا بەدی دەکرێ و وردبینی زۆرو کاری زۆری دەوێ، چونکە زۆر هەستیارە.

ئەمەش وەك ئەوانی تر (سەرچاوەکان تۆماری تایبەتی هەیە بەڵام زانیاریەکانی (29) بڕگەیە بە جیاوازی لەگەڵ کتێب کە (19) بڕگەیە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

| ژمارەی تۆمار | ژمارەی داواکراو | ناى نووسەر | ناونیشان | ناوی ناسخ | شار جێگە | ناوی مزگەوت یا حوجرە یا دیوان | مێژووی نوسخ | ژمارەی لاپەڕە | ستوون | دێر | پەراوێز | وێنە | نەخش و نیگار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | |

| قەبارەی پەڕە | جۆری مەرەکەب | جۆری خەت | بەرگ | بەش | ژمارەی-دەروازە | سەرچاوەی هاتن | | | نرخ | جۆری دەستنووس | تێبینی | بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | کرین | دیاری | ئالوگور | | | | |
| | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | |

ئەو زانیاریانەی کە هەندێك ڕوونكردنەوەی دەوێت بریتیە لە:

| رقم التسجيل | رقم الطلب | المؤلف | العنوان | اسم الناسخ | مكان | اسم الجامع او ديوان | تاريخ النسخ | عدد الورق | عمود | سطر | هوامش | صور | زغرفة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | |

| قياس الورق | لون الحبر | نوع الخط | مجلد | جزء | عدد ابواب | مصادر | | | الثمن | نوع المخطوطة | مێژووی هاتن | مێژووی تۆمار | الملاحظات | الموضوع |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | شراء | اهداء | تبادل | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | |

**مكان** : جێگە:ـ واتە ئەو شارەی کە دەستنووسەکەی لێنووسراوە.

مسجد یان حوجرە یا دیوان:- مەبەست ئەو شوێنەیە کە تێیدا نووسراوەتەوە و ڕۆڵی ناشر دەبینێت.

**تاريخ النسخ** :- لەچ ساڵێکدا نووسراوە، ساڵی کۆچی، یان هەر ساڵێکی تر.

**عدد الاوراق** - زۆر لە دەستنووسەکان یەك دیو نووسراوە، یان هەردوو دیوی بەهەردوو دیوەکە دەڵێن (وەرەقە یا پەڕە) لێرەدا حسابی وەرەقە دەکرێ.

عمود:- زۆر دەستنووس وەك ڕۆژنامە بە ستون نووسراوە زۆرتر دوو ستونن بۆ ئاماژە پێکردنە.

**السطر** :- واتە دێڕ، بە گشتی لاپەڕەکانی بەچەند دێڕ نووسراون، جاری وا هەیە دەستنووسێك هەر لاپەڕەی 14 دێڕە، دەنووسین **14سطر.**

**حاشيه** :- بەشی خوارەوەی زۆر جار نووسراوی لەسەرە وەك پەراوێز (هوامش) ئەگەر بوو ئاماژەی پێ دەدەین.[56]

صور :- واتە وێنەی تێدا بێت، جا وێنەکە کەس بێت یان ئاژەڵ، هەردووکیان دەنووسین وێنەدارە (مصوره) یا (مص) یان (**مص مل**) واتە (**مصورة ملونة**) وێنەدارو ڕەنگاو ڕەنگە.

زغرفە:- بۆ ڕازاندنەوەو جوانکاری بەکاردێت، بە تایبەتی لە کتێبە ئایینیی و شیعرو شانامەکاندا ڕەچاو دەکرێ

قياس الورق :- قەبارەی پەڕەکان بە سم دەپێورێت، واتە چەند بەچەندە دەینووسین بۆ نموونە:

28 × 22 سم، یان 35 × 25 سم

**لون حبر**:- ڕەنگی مەرەکەبەکانە کە بەکار هاتووە، ئایا هەمووی یەك ڕەنگە، یان چەند ڕەنگێکی بەکار هێناوە. ئەو کات دەنووسین (اسود)، یان ڕەش، یان دەنووسین أزرق + احمر+ اسود + **اخضر** .... هتد.

**نوع الخط**: - واتە نووسراوەکە بە چ جۆرە خەتێك نووسراوە، بۆ نموونە خەتی فارسی – **کوفی** – **روقعی** – دیوانی - ثلث ... هتد.

**مجلد** : - ئەگەر مجلد بوو ئەوا ژمارەی مجلدەکە دەنووسین، بۆ نموونە مجلدی یەکەم دەنووسین (**مج** 1) یان (مج 2) بەلاّم ئەگەر تجليد (چزوو بەند) کرابوو دەنووسین (تج) یان (چزو بەند).

**جزء**:- بەش دەنووسین بەشی چەندە لەگەڵ ژمارەی بەشەکە دەنووسین **جزء الثاني** ج 2 بەرگی دووەم.

عدد أبواب:- ژمارەی بەشەکانی ناو هەندێ دەستنووس (فهرست)، یان ناوەرۆکی بۆ دەستنووسەکە کردووە نووسیویەتی چەند فصلە ئێمەش دەنووسین ( ) فەصلە یان (ئەوەندە) بەشە.

**نوع المخطوطة**:- جۆری دەستنووسەکە زۆر گرنگە بزانین ئەم دەستنووسە چ جۆرە دەستنووسێکە چونکە شەش جۆردەستنووس هەیە، لەوانە:-

---

[56] مصطفى مرتضى موسوى الاخرون ، المخطوطات العربية – بغداد مطبعة العمال المركزية، 1986

- (دەستنووسی دایك **مخطوط ألام** ).
- (دەستنووسی وەرگیراو **مخطوط المنسوب** )
- (دەستنووسی لەنگ **مخطوط مبهم** )
- ( قۆناغ بە قۆناغ **مخطوط مرحلی** )
- (دەستنووسی وێنەدار **مخطوط مصور** )
- (دەست نووسی بەرگ بەرگ **مخطوط علی شكل مجلدات** )

.....................

عدد الاوراق: - زۆر لە دەستنووسەكان یەك دیو نووسراوە، یان هەردوو دیوی بەهەردوو دیوەكە دەڵێن (وەرەقە یا پەڕە) لێرەدا حسابی وەرەقە دەكرێ، وە بەپێویستی دەزانیین جۆری وەرەقەكان ناوبهێنین بۆناساندنیان لای ئەمینداری كتێبخانە ،ئەوانیش بریتین لە وەرەقی :

1- خۆراسان
2- سلێمانی
3- تەڵحی
4- فیرعەونی
5- جەعفەری
6- تاهیری
7- بەغدادی
8- عەلون
9- ئەلعەتین

سەبارەت بە هەر(3) سێ بڕگەی (دیاری ،ئاڵوگۆڕ ، كڕین) هەمان ڕێوشوێنی كتێب دەگرینەبەر هەر لەبەر ئەمەش دووبارەمان نەكردەوە، وە بەپێویستمان نەزانی.

**نرخ - الثمن -price :**

لێرەدا تەنها نرخی دەست نووسوکە دەنووسین بەو پارەیەی کە کڕاوە، دینار / $ یا هەر نرخێکی تر.

**مێژووی هاتن- تاریخ الورود - Data**

مەبەست لەو ڕۆژەیە کە دەست نووسەکانی تێدا هاتووە بۆ کتێبخانە، لەگەڵ ئاماژەدان بەو نوسراوەی کە هاوپێچیانە .

**مێژووی تۆمار – تأریخ التسجیل - Record**

خانەیەکی تر لە خانەکانی تۆماری سەرچاوە مێژووی تۆمارە، واتە لەکەیدا تۆمار دەکرێ، بۆ ئەوەی بیرچونەوە پەیمان پێ نەبا، هەمیشە لەسەر ئەم حەقلە دەنوسین (ئەمڕۆ)، واتە مێژووی تۆماری ڕۆژ، ئەمڕۆ چەندی مانگە دەنوسین ئەوەندە، واتە تۆ لەم ڕۆژەدا دەست نووسەکەت تۆمار کردووە.

جاری وا هەیە لەپاش مانگێك لە هاتنی دەست نووسەکە تۆمار دەکرێ، جاری واش هەیە هەفتەیەك، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوە زۆر لە پێش ئەمەوە هاتۆتە کتێبخانەو بەڵام نەگەیشتۆتە سەرەی تۆماری ئەم سەرچاوەیە، جاری واش هەیە لەپاش ڕۆژێك لە هاتن تۆمار دەکرێ، یان هەمان ڕۆژ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەی هاتوو لەبەر دەستدا نەبووە بۆ تۆمار کردن.

تێبینی:- بەڵام لە کاتی تۆماریدەست نووسدا ئەمانیش وەك کتێب لە پشتی ناونیشانی دەست نووسەکەدا کە مۆری تەزویدی لێ دەدرێ مێژووی تۆمار ناونووسین، بەڵکو مێژووی هاتنی کتێبەکە ئاماژە پێ دەدەین.

**حەقلی تێبینی - ملاحظات – Notes**

بە یەکێك لە گرنگترین بڕگەکانی تۆماری زانیاری بەشی تەزوید دادەنرێت، چونکە چارەنووسی هەموو سەرچاوەیەك لە (فەوتان، ون بوون، تەلەف، تووشبوون بە نەخۆشی کەڕوو، فگریات، هەڵوەشاندن، دزین، بەخشین، لەناوبردن لەلایەن لیژنەوە یان دوورخستنەوەی، ئاڵو گۆڕ) تیایدا دیاری

دەكرێ وەكو مەرجەعێك (سەرچاوەیەك) دەتوانین سەیری بكەین. هەر كێشەیەك یان گرفتێك بەسەر هەر سەرچاوەیەكدا بێ، دەتوانین لەخانەی تێبینی (حقل ملاحقات) دا وەك یاریدەدەر، یان پاڵپشتێكی بەهێز بەكار بهێنین بۆ ڕوونكردنەوە و چارەسەر كردن.

نموونە:- دەست نووسێك دیارییە، لەم حەقلەدا دەنووسین، دیاری كێیە، یان ئاڵو گۆڕە، یان كڕاوەو بەچەند كڕاوە ؟ كەی كڕاوە ؟ كێ كڕیویەتی ؟ لە چ شوێنێك كڕاوە ؟ لێرەدا دەینووسین، یان دەست نووسە  تالف كراوە دەنووسین چ لیژنەیەك تالفی كردوە ناوی دەبەین، یان چەند لاپەڕەیەكی فەوتاو، یان دڕاوە، ئاماژەی پێ دەدەین یان خشتەی لەگەڵە یان **C.D** لەگەڵدایە، دەنووسین ئەمانە هاوپێچیەتی. هەر تێبینییەكی ترمان هەبوو كەلە خشتەكەدا ئاماژەی پێ نەكرابوو، لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەین.

### بابەت = موضوع :

دەستنووسەكە سەر بە چ بابەتێكە كە ساغ بۆتەوە دەینووسین (ناوی بابەتەكە) وەك خۆی.

# بەشی چوارەم :

## پاری یەکەم : -    سەرچاوەی هاتن ( المصادر )Referenc

## پاری یەکەم : - سەرچاوەی هاتن – المصادر – Referenc

کۆمەڵێك ڕێوشوێن هەیە، کە زۆر لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکان دەیگرنە بەر بۆ بەدەست هێنانی سەرچاوە بۆ کتێبخانەکانیان لەوانە:

أ. ا- دیاری - **الاهداء**– Dontion

ب. کڕین –**الشراء** – Purchase

ج. ئاڵو گۆڕ –**التبادل** – Exchange

د. سپاردن –**الایداع** –Legal Deposit

ئەم خانەیە ڕێگاکانی هاتنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە نیشان دەدات کە دەبێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە ئەوانیش بریتین لە:

أ. دیاری - **الاهداء** – Dontion

ب. کڕین – **الشراء** – Purchase

ج. ئاڵو گۆڕ –**التبادل** – Exchange

هەر یەك لەم بڕگانە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە ڕوونکردنەوەی تەواو نیشان دەدات سەبارەت بە هاتنی سەرچاوەکە بۆ کتێبخانە لە چ ڕێگەیەکەوە.

### ا- دیاری – الاهداء – Dontion

یەکە یان لقێکی سەربەخۆیە لە ناو بەشی سەرچاوەهاتووەکاندا ، دیاریەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گەشە کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە ، دیاری گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە کەم کردنەوەی ئەو قورساییەی کە دەکەوێتە سەر بودجەی دەستنیشان کراوی کتێبخانە ، لەگەڵ ئەمەشدا هاوکارێکی باشە بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی ئامانجەکانی کتێبخانە.

هەموو جۆرە کتێبخانەیەك بۆ دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەکانی پشت بەم یەکەیە دەبەستێت چونکە لە توانایدا هەیە دەستە بەری زۆرێك لە سەرچاوەکان بکات ، ئەمەشلەڕێگەیپەیوەندیەکانەوە ئەنجام دەدرێت ، لەگەڵ ئەمەشدا دیاری بە دوو جۆر وەردەگیرێت ، یان لەڕێگەی داواکاریەوە کە

کتێبخانە پێشکەش بە لایەنی بەرامبەر ( کەسایەتی ، رێکخراو ، وەزارەت ، دەزگای چاپ ، .......هتد) دەکات ، یان ئەم سەرچاوانە (کەسایەتی ، رێکخراو ، وەزارەت ، دەزگای چاپ..... ) بۆ خۆیان دیاری پێشکەش بە کتێبخانە دەکەن ، لێرەدا ئاماژە بە جۆری دیاریەکان و شێوازی وەرگرتنیان دەکەین .

دیاری بە چەند رێگەیەك دەگاتە کتێبخانە، وا لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەین کە بریتیە لە:

أ)

1 - کەسایەتیەکان ( زانایەك – نووسەرێك – پسپۆڕێك – خاوەن میراتی (**وارث**) - وەرگێڕێك ،. ..... هتد.

2- کۆمەڵەکان ( کۆمەڵەیەکی پیشەوەری - کۆمەڵەیەکی خێرخوازی - کۆمەڵەیەکی. .... هتد).

3- رێکخراوەکان ( ناوخۆیی یان جیهانی – مەدەنی، یا سیاسی –یان دەولی......هتد) .

4- فەرمانگە ( فەرمانگەی شوێنەوار –کەشناسی –ژینگە. .................. هتد).

5- وەزارەتێك ( مافی مرۆڤ – شەهیدان - پەروەردە – خوێندنی بالاَ – تەندروستی.... هتد).

6- دەزگای چاپ ( دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - ناوەندی ڕاگەیاندنی خاك. ...هتد) .

7- خانە کان ( خانەی وەرگێڕان –خانەی گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان. ....... هتد).

8- شاندەکان ( شاندیی فەرمی کە سەردانی کتێبخانە دەکات و دیاری بەجێ دەهێڵێت کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی ) .

9- کۆمەکی خەڵك ( لە کاتی بانگەشەو پڕوپاگەندە کردن بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە، یان سەرەتای دامەزراندن ) .

ب) – وەرگرتنی کتێبخانەی تایبەتی (کەسایەتییە ناودارەکان، یان ناسراوەکان لە کۆمەڵگەدا).

لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەم سەرچاوانەدا کتێبخانە هەڵدەستێت بە پێدانی سوپاسنامەیەکی ڕێزو پێزانین بۆ کەسی بەرامبەر لە بری ئەو سەرچاوانەی کە بەخشیویەتی بە کتێبخانە، کە بۆتە هۆی دەوڵەمەندبوونی کتێبخانەکەو پڕ کردنەوەی کەلێنەکانی.

کلێشەی ئەم سوپاسنامانە بە دوو شێوە دەبێت :

1- بۆ سەرجەم هاوولاَتیان، کەسایەتیەکان.

2- بۆ فەرمانگەو وەزارەت و شوێنە فەرمیەکان بە نووسراوی فەرمی سوپاسنامەیان ئاڕاستە دەکرێ.

# گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست (دارشتنی پلانێکی) گونجاو بۆ وەرگرتنی دیاری

پێویستە لەسەر کتێبخانە پلانێکی دارێژراوی تۆکمەی هەبێت بۆ قبوڵ کردن و وەرگرتنی ئەو سەرچاوانەی کە لەلایەن خەڵکەوە دەبەخشرێت بە کتێبخانە.

لێرەدا پێویستە کتێبخانە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات بە وەرگرتنی، یان وەرنەگرتنی ئەو سەرچاوانە کە دەبەخشرێت بە کتێبخانە، پێش هەموو شتێك دەبێت لەگەڵ ئامانجی کتێبخانەدا بگونجێ. نەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەو گرفت لە بەردەم کتێبخانەدا، بەتایبەتی لەم ڕووانەی لای خوارەوە.

1) ئەگەر هات و سەرچاوەکان پەیوەست بوون بە بابەتێکی دەست نیشان کراوەوە کە پەیوەندی بە پێکهاتەکانی کتێبخانەوە نەبوو، یان لەگەڵ خوێنەرانی ئەو کتێبخانەیەدا نەگونجێ لە ڕووی بابەتەوە، لێرەدا کتێبخانە سەرپشکە لە بڕیارداندا.

2) ئەگەر هاتو کتێبە دیاریەکان دووبارە بوونەوەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکە بوون کە وێنەیان زۆرە.

3) لەوانەیە کتێبە بەخشراوەکان کتێبی زۆر باشی تێدا بێت، دەگمەن و نایاب بن لە بابەتدا، بەڵام لە لایەن خودی بەخشێنەرەوە چەند کوت و بەندێك دابنێت لە سەر کتێبخانە لەوانە:

أ) دانانیان لە جێگەی تایبەت.

ب) لەسەر نووسینیان کە دیاری فلان کەسە.

ج) پێڕستی تایبەتیان بۆ بکرێت.

د) خەڵکی تایبەت بەم سەرچاوانە دەست نیشان بکرێ بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری خوێنەر.

4) مەرج دانان بەوەی کە نابێت ئەم سەچاوانە چینێك لە خەڵك، یان خوێنەر بیان خوێنێتەوە، یان سوودیان لێ وەبگرێت، ئەو چینانەش (گروپێکی ئاینی ناسراو، یان خاوەن بیرو بۆچونێکی ناسراو، یان خوێنەرانێك لە سالێکی تەمەنی دەست نیشان کراودا بن)

5) سەرچاوەکان بمانەوێت یان نەمانەوێت، پێویستیان بەکارتی پێڕست و پۆلێن و جزوبەند و تۆمارکردن و دروست کردنی کارتی زانیاری هەیە، کە هەموو ئەمانە کات و پارە و توانای مرۆیی خەرج دەکەن، چ جا ئەگەر دووبارەش بن، ئەوا باشترین چارەسەر دەرباز بوونە یان قبوڵ نەکردنیانە.

6) لەوانەیە سەرچاوە بەخشراوەکان زانیاریەکانیان لەگەڵ داب و نەریت و کولتوور و کۆمەڵایەتی و ئاین و نەتەوەدا جیاوازی زۆر دیار بکات و لەگەڵ بارو دۆخی سیاسیدا نەگونجێت.

7) لەوانەیە سەرچاوەکان زۆر کۆن بن، یان زۆر شڕو دارزاو بن و بەکەڵکی بەکار هێنان نەیەت و بالانسی سەرچاوەکانی کتێبخانە ڕوو لە زیاد بوون نەکات.

8) دوا بڕیار لای ئەمینداری کتێبخانەیە لە گشت کاتێکدا، هەرچەندە دیاری پارەی پێ نادرێ، بەڵام زۆرجار پارەی تیا خەرج دەکری.

## ب - کڕین – الشراء – Purchase

یەکێك لە کارەکانی بەشی سەرچاوە هاتووەکان کڕینی سەرچاوەی جۆراوجۆرە بۆ کتێبخانە ، ئەمەش لە ڕێگەی پلانێکی دارێژراوەوە ئەنجام دەدرێت کە بڕیاری بۆ وەرگیراوە ، هەرچەندە ئەم سەرچاوانە ووردبینیەکی تەواوی بۆ کراوە بەلاّم دەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی کتێبخانەدا یەك بگرێتەوە لەگەڵ بودجەی کتێبخانەدا هاوسەنگی هەبێت ، چونکە زیادە ڕۆی کردن لە کڕیندا دەبێتە هۆی بە هەدەردانی بودجەی تەواوی ساڵ ، هەر بۆیە لێرەدا پێویستە کتێبخانە بەرنامەی دارێژراوی ساڵ ئامادە بکات و پێشبینی هەموو بۆچونێکی نەخوازراو بکات .پلانی بەرنامەکانی بەم شێوەیە بێت :

- تەرخان کردنی پارە بۆ ( هاوبەشی کردن لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان) دا
- تەرخان کردنی پارە بۆ ئەو پێشانگا چەسپاوانەی کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت.
- تەرخان کردنی پارە بۆ جزوبەند کردن .
- تەرخان کردنی پارە بۆ کڕینی سەرچاوەی دانسقە.
- تەرخان کردنی پارە بۆ کڕینی کتێبخانەی تایبەت.
- تەرخان کردنی پارە بۆ کڕینی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە پارساڵ نەکڕاوەو لە بەرنامەی ئەم ساڵدا دەبێت بکڕدرێت.
- تەرخان کردنی پارە بۆ پێداویستیەکان لەوانە ( پەڕاوگە ، کەل ەپەل، کەرەستە،....)
- تەرخان کردنی پارە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە پێشتر خوێنەریان بەبووە ئێست پێویستن .

ئەمانە و چەناد خاڵی تر کە پێویستن ، هەموو ئەمانە بە ئامانجی پێشکەش کردنی باشترین و چاکترین جۆری خزمەت

وزاریە بۆ خوێنەران و سوودمەندان ، هەر لەبەر ئەمەشە یەکەی کڕین بە کۆڵەکەی سەرەکی بنیادنانی کتێبخانە ئەژمار دەکرێت.

## سەرچاوەکانی کڕینی کتێب

- پێشانگەی کتێب.
- فرۆشیاری کتێب – بائع الكتب (*)
- نووسەر، یان وەرگێڕ
- دەزگای چاپ و چاپخانەکە
- بریکارەکانی دەزگاکانی چاپ (ناوخۆیی ولآت - بیانی).
- نامە – پەیوەندی.
- تۆڕی ئینتەرنێت

## چەند تێبینییەك لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە کڕاوە:-

1- هەموو سەرچاوەیەکی کڕاو، ژمارەیەکی تۆمار وەردەگیرێت بە ژمارەی زمانی نووسراوەکە. نرخەکەی بەچەند کڕابوو دەنووسرێت بەو نرخە کڕاوە دوای داشکاندن (بعد الخصم).
2- ئەگەر لە پسوولەی کڕیندا کتێبێك چەند دانەیەك بوو، واتە یەك ناونیشان و چەند ژمارە دانەیەك و یەك جار نووسرابوو بۆ هەموویان ئەوا، پارەکە دابەشی کۆی گشتی دەکەین وەچەندی کرد
3- لەبەرامبەر هەریەکەیاندا لە بڕگەی نرخدا دەنووسین ئەوەندە؟ (بڕی خەملێنراو) ئاماژەی پێ دەدەین بەهەر پارەیەك واتە دینار، دۆلار، یان یورۆ.
4- وێنەیەکی ئەم پسوولآنە کۆپی دەکەین و لە فایلی کتێبی کڕاودا هەڵی دەگرین(سەرچاوەی کڕاوی ساڵی 2010)، و وێنە ڕەسەنەکە(أصلیه) دەدەین بە بەشی ژمێریاری کتێبخانە بۆ کاری پێویست. لە خانەی تێبینی دا دەنووسین، ئەم کتێبە کڕاوە لە (پێشانگە – دەزگای چاپ. ..... هتد) لە لایەن لیژنەی کڕینی کتێبەوە لەبەرواری / ؟ / ؟ /2010 فلآنە کەس، یان فلآنە لیژنە، کڕیویەتی.
5- ئەم پسوولآنە هەڵدەگیرێت و لەبەر دەستدا دەبێت تا کۆتایی ساڵ، ئەمەش بە مەبەستی خستنە بەردەستی (چاودێری دارایی) بۆ وردبینی کردن لەگەڵ ژمێریاری کتێبخانەدا.
6- ماوەی ئەم پسوولآنە (4-5-6) ساڵ هەڵدەگیرێت، ئەمەش بە پێی پلانی وەزارەتی دارایی، سیستەمی جێبەجێکردن دەبێت نەفەوتێت، دواتر لەناو دەبرێ.
7- چاکترین کار کە ئەمینداری کتێبخانە ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی تووشی هیچ کێشەیەك نەبێت، لە کاتی تۆمارکردنی سەرچاوەکاندا کە ژمارە وەردەگرێت لەسەر پسوولەی کڕین لەبەرامبەر ناونیشانی کتێبەکەدا ژمارەی تۆمار لەسەر پسوولەکە بنووسن، ئەوە باشترین بەڵگەیە کە کتێبەکە یان :

- وەرگیراوە.
- تۆمار کراوە.

لەهەموو ساتێکدا کۆدەکەی لەبەر دەستدایە و تووشی هیچ گرفتێکی کارگێڕی نابێت.

بە هێزی و لاوازی کۆڵێکشەکانی کتێبخانە پەیوەندی تەواوی هەیە بە زۆری ناونیشانی کتێب نەك زۆری ژمارەی دانەکانی کتێب.

واتە هەتاکو بەناونیشان ژمارەی کتێبەکانمان زۆر بێت، ئەوا بە هێزی سەرچاوەکانمان دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر بە ژمارە سەرچاوەمان زۆر بوو، و بە ناونیشان کەم بوو، ئەوا لاوازی کتێبخانەکە هەستی پێ دەکرێ. بۆ نموونە:

ئەگەر کتێبخانەکەمان 15000 هەزار دانە کتێبی هەبوو، کۆی گشتی سەرجەم ناونیشانەکان بە هەموو زمانەکانەوە 4000 چوار هەزار ناونیشان بوو، ئەوا سەرچاوەکانی کتێبخانەکەت لاوازە، بەڵام ئەگەر (5 ر7 بە 5 ر7) بوو، ئەوا ناوەندە. وەك ئەم خشتەیە: -

| ناونیشان | ژمارە | تێبینی | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 5000 | 15000 | لاوازە | 10000 | 15000 | زۆر باشە |
| 7000 | 15000 | ناوەند | 12000 | 15000 | بەهێزە |
| 9000 | 15000 | باشە | 13000 | 15000 | تۆکمەیە |

## ج - ئاڵوگۆڕ – التبادل – Exchange

واتە گۆڕینەوەی سەرچاوەیەك بە سەرچاوەیەکی تر بە پێی پێویست، یان نەگونجاندنی ئەو سەرچاوەیە لەگەڵ جۆری ئەو کتێبخانەیەو نەخواستنی ئەو سەرچاوەیە لەلایەن سودمەندانی کتێبخانەکەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:

1- زانیاری ناو سەرچاوەکە هێندە کۆنە، یان نزمە، کە لە ئاست خوێنەرانیدا نییە (بۆ نموونە زانکۆ).

2- زانیاریەکانی ناوی هێندە بە هێزە خوێنەر توانای زانستی بەسەردا ناشکێت.

3- ئەو جۆرە کتێبە خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە.

4- لەگەڵ تەمەن و عەقڵی خوێنەر ناگونجێ (کتێبخانەی قوتابخانە).

5- کۆنی و ناشیرینی جۆری چاپ، کە زۆر جار خوێنەر بێزار دەکات لە خوێندنەوەی.

6- بەسەرچوونی ئەو زانیاریانەی ناوی.

مەرجە ئاڵوگۆڕ لەسەر بنچینەی سەرچاوە بەسەرچاوە بگۆڕێتەوە، واتە کتێب بە کتێب، هەندێ یاسا هەیە کە لە گۆڕینەوەدا دەبێت ڕەچاو بکرێت.

- کتێب بە کتێب - واتە گۆڤار بە کتێب نابێت، یان هەر بابەتێکی تر.
- چزو بەند کراو بە چزو بەند کراو.
- ساڵی چاپ بە ساڵی چاپ. (2000*2000)
- ژمارەی لاپەڕە بە ژمارەی لاپەڕە (ئەگەر 25-50) لاپەڕە کەمو زیاد بوو گرفت نییە.
- نرخی کڕراو بە نرخی بەدەستهاتووی سەردەم، واتە (ئەگەر کتێبەکە بە 10 دۆلار کڕرابوو، ئایا ئێستا ئەوەی کە وەری دەگرێت 10 دۆلارەکە دەکات).

ئەمە جگە لەچەند خاڵێکی تریش.

بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەمینداری کتێبخانە سەر پشکە لە گۆڕینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە زیادە لەگەڵ کتێبخانەیەکی تردا به پێی:

- داخوازی خوێنەر
- نەبوونی سەرچاوەکە.
- پڕکردنەوەی کەلێنەکان بە تایبەتی لە کتێبخانەی گشتیدا.

زۆرجار کتێبخانەیەکی زانکۆیی دەیان کتێبی بەدەست گەیشتووە، یان هەیەتی کە خوێنەر نایخوێنێتەوە لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد دەیگۆڕێتەوە لەگەڵ کتێبخانەیەکی گشتیدا بەچەند سەرچاوەیەکی بژێراو چەند دانەیەك لە بری کتێبەکان وەردەگرێت.

بۆ کاری تۆمار کردن هێما بەرامبەر ژمارەی کتێبە ڕۆیشتووەکان دادەنرێت، لە بڕگەی تێبینی دا دەنووسین: ئەم کتێبە ئاڵوگۆڕ کراوە بە کتێبی ژمارە (؟) () کتێبخانە (؟) بە نووسراوی (؟) لەبەرواری (200؟/؟/؟ ).

بۆ هاتووەکانیش (گۆڕاوە بەدەست هاتووەکان)، مۆرو ژمارەی کۆن دەسڕێتەوە و مۆرو ژمارەی نوێ وەردەگرێت بە بەرواری ڕۆژی تۆمارکردن. لە لیستی کتێبەکان کە ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە هەڵدەگیرێت لە بۆکس فایلی ئاڵوگۆڕدا، چونکە بۆ کاتی سەرژمێری کردن (جرد) زۆر پێویستە، دەبێت ئاماژە بە لەناوچوونیان بدەین و بۆ هەر جێگەیەك ڕۆیشتووە لەگەڵ نووسراوەکانیدا.

کتێبخانە دەتوانێت لە کتێبە زیادەکانی ناو گەنجینەی پارێزراو سەرچاوە هەڵبژێرێت، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕ کردن و بەخشینی لەو کتێبانەی کە ژمارەی دانەکانی یەکجار زۆرە.

بەشێوەیەکی تر ئاڵوگۆڕ:-

بریتییە لەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان دوو کتێبخانەدا ڕوو دەدات، ئەمەش بە ئاڵو گۆڕ کردنی سەرچاوەی زانیاری ناو کتێبخانە، لەو سەرچاوانەی کە زۆریان هەیە لە کتێبخانەدا واتە ژمارەیان زۆرە و پێویستیان پێی نییە، یان خوێنەری نییە. بە بێ ئەوەی پارە بکەوێتە نێوانیان.

## گرنگی ئاڵو گۆڕ:-

1- بەدەستهێنانی کۆمەڵێك سەرچاوە کە دەبوو بکڕرایە بۆ کتێبخانە.
2- بەشداریکردن لە چارەسەری گرفتی دارایی و ئاڵوگۆڕی دراوی قورس کە هەندێ کتێبخانە کێشەی پارەی بێگانەیان هەیە و ناتوانن بە دەستی بێنن.

ئەم پرۆسەیە بۆچارەسەر کردنی ئەو سەرچاوانەیە کە لە کتێبخانەدا ژمارەیان زۆرەو خوێنەریان نییە کتێبخانە پێویستی پێی نییە، و لەبەرامبەردا دەست کەوتنی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستی پێی هەیەو خوێنەری زۆرە.

## کرداری ئاڵو گۆڕ:-

1- دەستنیشانکردنی ئەو کتێبخانەیەی کە کرداری ئاڵوگۆڕەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت، باشتر وایە جۆری کتێبخانەکە نزیك بێ لەیەکەوە، وەك کتێبخانەیەکی زانکۆ لەگەڵ کتێبخانەی زانکۆیەکی تردا، یان مەڵبەندێکی توێژینەوەی زانستی دا. کە نزیك بن لە ئامانجدا.
2- ئامادەکردنی لیستی ئاڵوگۆڕ، کە ئەمەش ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە لە خۆیان زیاترە، یان پێویستیان پێی نییە، سەرچاوەکان دەکرێ بە لیستێك بە ژمارە ناونیشان یان بە بابەت بە پیتی هجائی ڕیز بەند دەکرێ.
3- دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستمان پێی هەیە لەناو لیستەکەداو پاشان کردنی بە لیستێك کە لە دواییدا بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ گۆڕینەوە

## بنەماکانی ئاڵو گۆڕ کردن :-

1) سەرچاوە بەسەرچاوە، یان بەڵگەنامە بە بەڵگەنامە (کتێب بە کتێب).
2) هەر سەرچاوەیەك بە نرخی خۆی، واتە (نرخ بە نرخ).
3) ئاڵو گۆڕ بێ مەرج ئەنجام ئەدرێ ئەگەر هەردوولا ڕازی بن.
4) لە کاتی وەرگرتنی لیستی ئاڵو گۆڕدا کە هەڵمان بژاردووە، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بین:
   أ. هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی کە زۆرترین خواستی لەسەرە.

ب. بوردبینی کردنی -----پێڕستەکان بۆ زانین و دڵنیابوون لە نەبوونی ئەو سەرچاوانەی کە هەڵمان بژاردووە بۆ ئاڵوگۆڕ.
ج. لە کاتی بەدەست گەیشتندا (کوژاندنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لە لیستی داواکراو لەلایەن خوێنەرانەوە داواکرابوو) بۆ پەیدا دەکەن.
5) وەرگرتنی سەرچاوەکان لەلایەنی یەکەم.
6) تۆمارکردنی سەرچاوەکان لە تۆماری ئاڵوگۆڕ و تۆماری گشتی بەشی تەزویدا لە کتێبخانە و ناردنیان بۆ بەشە پەیوەندیدارەکانی ناو کتێبخانە وەك (پێڕست و پۆلێن).
7) ناردنی ئەو سەرچاوانەی دەستنیشانکراوە بۆ ئاڵوگۆڕ بۆ کتێبخانەی بەرامبەر، وەك گەیشتن ئاگادارمان بکاتەوە.

کاتێك پەنا دەبرێتە بەر ئاڵوگۆڕ کردن کە هەندێ سەرچاوە بلۆك بووە، واتە خوێنەری نییە، ئەمەش بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:-
1- یان زانیاری ناو سەرچاوەکە هێندە کۆنە خوێنەر ئارەزوی خوێندنەوەی نییە.
2- یان زانیارییەکانی ناوی هێندە بەهێزە خوێنەر توانای بەسەردا ناشکێت.
3- یان ئەو سەرچاوانە لەو کۆمەڵگەیەدا خوێنەری نییە.
4- یان بە زمانێك نووسراوە کە خوێنەر باش لێی تێ ناگات ((وشکە)).
5- یان زانیارییەکانی جێی گومانەو باوەڕی پێ ناکرێت و دەچێتە خانەی ئەفسانەوە. .... هتد.
6- یان دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی نووسیوە.
7- یان لە ڕۆحێکی فاشستی و شۆڤێنی تێدایە بەرامبەر بە خەڵك..... هتد.
ئەمانە هەموویان ڕۆڵ و کاریگەری هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ کردن.

گرنگی ئاڵوگۆڕ:

هەندێك هۆکاری گرنگ هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین کە هانی کتێبخانەکان دەدات تاوەکو ئاڵ و گۆڕ بە سەرچاوەکانیان بکەن لەوانە:
1) هەندێ سەرچاوە هەیە ناتوانرێت بکڕێت، چونکە لە بازاڕدا وێنەی نەماوە، یان نییە و بە ئاسانیش دەستەبەر ناکرێ، بۆیە بیر لە گۆڕینەوەی دەکرێ، ئەویش بە ڕێگەی بەخشیش، یان ئاڵ و گۆڕ.
2) زۆر لە کتێبخانەکان بە دەست کەمی بودجەوە دەناڵێنن، کە ئەمەش وا دەکات بیر لە ئاڵ و گۆڕ بکرێتەوە.

3) بوونی چەند بەربەست و کۆسپێکی کارگێڕی، کە لە زۆر وڵاتدا پەیڕەو کراوە کە ناهێڵێت کتێبخانەکان دەست کراوە بن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، ناچار پەنا دەبەنە بەر ئەم ڕێگەیە.
4) نەبوونی پارەی بیانی بەدەست کتێبخانەکانەوە (لە زۆر وڵاتدا تەنها بەرهەمی ناوخۆیی بوونی هەیە لە کتێبخانەدا) تا سەرچاوەی پێویستی پێ دابین بکەین.
5) هەندێ جار کتێبخانەیەك لە سەرچاوەدا زۆر دەوڵەمەندە، کتێبخانەیەکی تریش هەژارە بیر لە پڕکردنەوەی کەلێنی پێداویستیەکانی یەکتر دەکەنەوە و ئەم کردارە ئەنجام دەدرێت.

## سەرچاوەکانی ئاڵوگۆڕ:

ئەو سەرچاوانەی کە ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ:
هەندێ سەرچاوە و چاپەمەنی جۆراوجۆر هەن کە لە لایەن کتێبخانەکانەوە ئاڵوگۆڕیان پێ ناکرێت لەوانە:

1) تێزی زانکۆیی (نامەی زاکۆیی).
2) چاپکراوەکانی ناو زانکۆیەك، یان دەزگایەك کە کتێبخانە پەیوەستە پێوەی.
3) ئەو سەرچاوانەی کە وێنەیان زۆرە، یان دووبارەن لە گۆڤار و کتێب.
4) ئەو چاپکراوانەی کە کتێبخانە بۆ خۆی بەچاپی گەیاندوون.
5) ئەو وێنە دووبارانەی کە لە کتێبخانەی نیشتمانی وڵاتدا بوونی هەیە.
6) چاپکراوی دەزگا گشتیەکان و ڕێکراوە حکومی و نا حکومی و حیزبیەکان کە وێنەیان زۆرە.
7) چاپکراوی بەشە زانستیەکان کە لە ناو زانکۆدا بوونی هەیە یان بەچاپ گەیەنراوە.
8) هەرچی چاپکراوێك کە خوێنەری نەبێت و لەگەڵ ئامانجەکانی کتێبخانە یەك نەگرێتەوە.

## د – سپاردنی یاسایی – الایداع القانونی – Legal Deposit

ناوەرۆکی سپاردنی یاسایی: بریتییە لە یاسایەك کە نووسەر، یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە مل کەچی دەکات بە سپاردنی وێنەیەك، یان چەند وێنەیەك لەو سەرچاوانەی کە بەرهەمی هێناوە و بەنیازە بڵاوی بکاتەوە. بە کتێبخانە نیشتمانی بەبێ بەرامبەر و بە پێی چەند مەرجێکی دیاریکراو.

له بەرامبەردا کتێبخانەی نیشتمانی ژمارەك دەسپێرێت بەو کتێبە بە پێی ڕیزبەندی لە مێژووی هاتنی ئەو ساڵەدا.

مەرجەکانی سپاردن:

مەرجەکانی سپاردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترجیاوازە یان دەگۆڕێت. لەو وڵاتانەی کە دیموکراتی تیایدا سەقام گیرە، نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە بەرامبەر هەر پەرچەکردارێك کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە لایەن دەزگا و خەڵك و ڕێکخراوەکانەوە (ژمارەی سپاردن وەرناگرێت).

بەڵام لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان وڵاتانی پەیوەست بەیاسا جیاوازە لەوانە:

- نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو چاپکراوە دژ بە ((ئاینی وڵات، نەتەوە، کولتوور، ڕەگەز، زمان، سیاسەتی دەوڵەت بێ))
- نابێت پشێووی دروست بکات لە نێو نەتەوە جیاجیاکاندا.
- نابێت ببێتە هۆی تێك چوونی پەیوەندی نێوان وڵات و وڵاتانی دراوسێ.
- نابێت هێرش کردن بێت بۆ سەر (سەرۆك کۆمار، وەزیران، پەرلەمان) و زۆر شتی تریش.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت سەرچاوەکە پێش لە چاپدانی بە فلتەرێکدا تێپەڕێت کە پێی دەوترێت (چاودێری فکری) یان (چاودێری چاپکراوەکان) (الرقابە)، کە دەسەڵاتی یاسایی و کارگێڕی پێبەخشراوە لەلایەن دەوڵەتەوە.

بۆ دوورخستنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە لەگەڵ بیر و بۆچوون و ئایدۆلۆجی دەوڵەتدا ناگونجێت، بەڵام کە گونجا ژمارەی سپاردن وەردەگرێت.

ئەم وێنەیە کە وەرگیراوە، یان ئەم چەند وێنەیە پاش چاپکردن، دەنێررێ بۆ سەنتەری بیبلۆغرافیای نیشتمانی کە سەر بە کتێبخانەی نیشتمانییە. ناوی دەخرێتە ناو (بیبلۆغرافیایی نیشتمانییەوە) و سەرچاوەکەش پارێزراو دەبێت بۆ هەتا هەتایە، چونکە بەرهەمی نیشتمانی ئەو وڵاتەیە.

## ئامانجەکانی سپاردنی یاسایی:

بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکان خۆیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

1) پاراستنی بەرهەمی فکری نیشتمانی.
2) دروست کردنی سەنتەری بیبلۆغرافیای نیشتمانی لە هەر وڵاتێك لە جیهاندا.
3) زانینی ئاماری سەرچاوە بڵاوکراوەکانی ساڵێك لەهەر وڵاتێکدا.
4) پاراستنی مافی نووسەر.
5) دەوڵەمەند کردن و پێش خستنی پێکهاتەی کتێبخانەکان و سەرچاوەی زانیاریەکان.

## ژمارەی سپاردن (رقم الايداع):

لە دنیای بەخشینی ژمارەدا لە نێو کتێبخانەکان تەنها ژمارەی سپاردن زۆر بڵاوە و ناسراوە، چونکە بە یاسا دەردەچێت، ئەمەش زیاتر لە لایەن کتێبخانەی نیشتمانییەوە. بەڵام ئەگەر هاتو کتێبخانەی نیشتمانی بوونی نەبوو، ئەوا تەنها یەك کتێبخانەی گەورە (زانکۆ، کتێبخانەی گشتی) لە وڵاتێکدا دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئێستا لە زۆر کتێبدا نووسراوە:

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی (؟) شار (.......) یە.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوە لەسەر هەردوو ژمارەکە بدەین.

دەبێت ژمارەی سپاردن تەنها یەك کتێبخانە بیبەخشێت، بەڵام کە بوو بە دووان شەرعیەت نامێنێ، چونکە دەبێت بە ناوچەیی.

لەبەر ئەوە ئەو ژمارانەی کە دەدرێت بە کتێبەکان ئەوە ژمارەی ڕەزامەندیە نەك ژمارەی سپاردن.

# پاری دووەم : وەرگێڕان

پێش ئەوەی باسی وەرگێڕان بکەین،پێویستە ئاوڕێك بەلای زماندا بدەینەوە، چونکە وەرگێڕان بەشێکە لەزمان، دەتوانین بڵێین زمان بەرچاوترین تایبەتمەندیی مرۆڤە، تایبەتمەندییەك کەدەتوانێت لەهەمەمو بوونەوەرەکانی ترمان جیابکاتەوە، بەبێ زمان بەهیچ کلۆجێ نەمان دەتوانی جیهانێك پێك بهێنین کە ئەمڕۆ دەیناسین.[57]

پێشکەوتنەکانمان لەهەمەموو شتێکدا، جا لە هونەرەوە بگرە تا زانستی تەکنەلۆجیا بەبێ زمان نەدەبوو، یەکەمین ئامراز بووە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕاکان، هەر ئەمیش دەمانکاتە مرۆڤ و جیامان دەکاتەوە لەهەمەموو بوونەوەرەکانی تر، زمان ئامرازی سەرەکی خەڵکی جیهانە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتری دا، وە ئەم پەیوەندییەش بێ گومان وەرگێڕان ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

چونکە وەرگێڕان بریتییە لە گۆڕینی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

ئەگەر سەرنجی مێژووی وەرگێڕان بدەین دەبینین، لەپێشدا بەشێوەی ئاخاوتن بووە، مەبەست و خواست و ئامانجی کەسەکانی بەدیهێناوە، ئەمەش کارێکی سروشتی بووە چونکە ﴿نووسین﴾ نەبووە لەو کاتەدا.

ئەگەر باسی مێژووی وەرگێڕان بکەین لەجیهاندا، ئەوا یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕراو بۆ نزیکەی ﴿3000﴾سێ هەزار ساڵ بەر لەزایین و بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری کۆنی میسری دەگەڕێتەوە،

بەڵام لە ڕۆژئاوادا ﴿300﴾ساڵ بەر لە زایین و کاتێك ڕۆمەکان بەشێکی زۆری وڵاتی یۆنانیان خستە ژێر دەستی خۆ یانەوە کولتوورێکی زۆریان چنگ کەوت و کاری وەرگێڕانیان بەدەست هێنا.[58]

لات شاراوە نەبێت کە بەرگی دووەمی ئاڤێستا کەیۆنانییەکان بردوویانەتە لای خۆیان، وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی خۆیان نزیکەی هەزار ساڵ پێش زایین.

عەرەبەکان لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتیدا بەگەرمییەوە دەستیان دایە وەرگێڕانی کتێبەکانی یۆنان و ڕۆمان و سریان و هندو فارس بۆ سەر زمانی عەرەبی.[59]

---

57 - جەمال نەبەز ،وەرگێڕانی هـونەری...(ب-ش)(ب.ب) 1958

58 – هەمان سـەرچاوەی پێشوو

59 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات ـ عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

ئێستا زۆر پێویستمان بە پەیمانگەی وەرگێڕان هەیە بۆ هەردوو بواری زانستی و ئەدەبی، تاوەکو شان بەشانی بوارە زانستییەکان ئێمەش هەنگاو بنێین و بێ بەش نەبین لەو پێشکەوتنەی کە ئەمڕۆ جیهانی گرتۆتەوە بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆجیادا.

کەواتە ئەم پەیمانگەیە ڕۆڵی شۆڕشێکی هۆشیار کردنەوە و ناساندنی گەلان بە وڵات و زمان و مێژووی

خۆمان دەگرێتەوە، و بە پێچەوانەشەوە دەتوانێ سەرجەم بەرهەمە پڕ شانازییەکانمان بە گەلان بناسێنێ.

هەمان سەرچاوەیە کە سەنتەری وەرگێڕان کە لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا دروستکرا لە لایەن خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی معاویەوە بوو .[60]

ڕەسووڵ هەمزەتۆف کە داغستانی نووسی دەڵێت: قەد بەتەمای ئەوە نەبووم کە داغستان وەربگێڕرێتە سەر ئەو هەموو زمانەی دنیا، من بۆیە داغستانم نووسی، تا یەك کەس لەدەرەوە بزانێ داغستان چییە.

بەڵام ئەوەی وایکرد داغستان بەم شێوەیە لەدنیادا دەنگ بداتەوە، شێوازی نووسینی نووسەرەکە بوو بە دنیا، چونکە هەموو شتێکی تێدایە (شیعر، فەلسەفە،پەخشان، چیرۆك، ئامۆژگاری، پەند، وتەی بەنرخ)

لە هەر کات زیاتر پێویستمان بەناساندنی خۆمان هەیە لای ئەو گەلانەی کە بەهەڵە ئێمەیان ناسیوە، یان وەسفی ئێمەیان بۆ کراوە، بۆیە دەبێت کار بۆ ناساندنی گەل و وڵات و کولتوور و سامانی فکری خۆمان بۆ جیهان بکەین.

## وەرگێڕان چییــە:

بریتییە لەوەرگێڕانی نووسراوێك لە زمانیکی بنەڕەتییەوە بۆ زمانی مەبەست، بەبێ ئەوەی واتاکەی دەستکاری بکرێت. یان گۆڕین و گواستنەوەی دەقێك لەزمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی تر وەك خۆی ﴿وەرگێڕان جۆرێکە لە گەڕان بەدوای حەقیقەت دا﴾ [61]

وەرگێڕان:- هەم هونەرە هەم زانست: چونکە کە دەڵێن هونەرە، واتە هیچ کەس نازانێت هونەر بکات تەنها هونەرمەند نەبێت، بەشێوەیەکی تر، واتە هەموو کەس ناتوانێت ببێتە وەرگێڕ. کە

---

[60] – هەمان سـەرچاوەی پێشوو

[61] - یاسین فەقێ سـەعید، تیۆرە مێژووی وەرگێڕان – گۆڤاری سـەردەم، ژ 2 ساڵی 1999

دەڵێین زانستە، چونکە دەبێت شارەزایی تەکنیکی زمان بین و ئاگاداری ئەو دەقەو کارەکانی نووسەرەکە بین، بزانین ڕستەسازی چۆنە و لە داڕشتن دا شارەزابین، وەرگێڕان هونەرێکی دژوارە.

بۆ ناسینی چەمکی وەرگێڕان، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ زانستی زمانەوانی، چونکە بێ ئەم زانستە وەرگێڕان هیچ مانایەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە بەستراوە بە زانستی زمانەوە. وەك کۆڵەکەی سەرەکی سەیر دەکرێ.

## سودەکانی وەرگێڕان:

1- بەهێزکردنی شێوەی داڕشتن، لەدوو زماندا لە هەمان کاتدا

2-بەراوردکردنی ڕێزمانی زمانێك لەگەڵ ڕێزمانی زمانێکی تردا

3-ورد بوونەوە لەو بیرو دەستەواژە ئیدۆمیانەی کە لە زماندا بەکار دێت

4-گۆڕینەوەی زانیاری بیروڕا دەربڕین و گواستنەوەیان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر

5-ئاوێتە کردنی کولتوورەکان،

وەرگێڕەکان هەریەکەیان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی وەرگێڕان بۆ نمونە:

**محەمەد ئەرکۆن دەڵێت:**

وەرگێڕان بریتییە لە مەسەلەی ناپاکیی یان دەستپاکیی«خیانەت یان ئەمانەت» دەبێت یەکێکیان هەڵبژێریت «بەو مانایەی وەرگێڕان مەسەلەیەکی ئەخلاقی کەسییە».[62]

**مەسەلەی مەعریفە ، یان نەبوونی مەعریفە.**

هەموو وەرگێڕانێکی ڕاستەقینە دەبێت لە قاڵبە ئەسڵییەکەی بێتە دەرەوە. بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو ڕەها لەزمانی دووەمدا بتوێتەوە، دەبێت بەرگێکی نوێ لەبەر بکات و لەقاڵبی سێیەمدا دەربکەوێت.

[62] - هاشم ساڵح، وەرگێڕانی زانستی /گۆڤاری سەردەم ژمارە 19 ساڵی 2002

## مەرجەکانی کەسی وەرگێڕ:

وەرگێڕان کارێکی هەروا ئاسان نییە هەموو کەس دەستی بداتێ، چونکە وەك وتمان هەم هونەرە و هەم زانستە، مرۆڤ دەبێت هونەرو زانست باش بزانێت، بەلایەنی کەم شارەزای تەواوی بابەتەکەو زمانی نووسراوەکە بێت، ئەمجا دەست پێ بکات. [63] لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك مەرج هەیە دەبێت لەکەسی وەرگێڕدا هەبێت، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی نووسراوەکاندا، حەقی نووسراوەکە و نووسەرەکەی پێشێل نەکات و بابەتەکە بەزیندوویی وەك خۆی بگەیەنێت.

1- ئارەزووی لە کارەکەدا هەبێت.
2- لانەدان و دەرنەچوون لە سنووری ئەو دەستوورەی کە بۆی دانراوە.
3- پێویستە زانیاری تەواوی لەسەر بابەتەکەو زمانی بابەتەکە هەبێت، جگە لەمەش شارەزای تەواوی هەبێت لە شێوازی نووسینی نووسەرەکە، واتە بزانێت نووسەر مەبەستی چییە.
3- گواستنەوەی دەقەکە بێ دەستکاری کردنی ﴿گەیاندنی پەیامەکە وەك خۆی ﴾وەك چۆن **حافظ ئیبراهیم** لە پەسنیات وەسفی بابەتێکی ئەدەبی دا دەڵێت ﴿بابەتەکەو وەرگێڕەکە وەك کیژێکی شۆخو شەنگ وایە لەبەردەم ئاوێنەدا﴾
4- پێویستە وەرگێڕ خۆی لەوەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێت، کە هەم زیان لە واتای دەقەکەو هەم زیان بە جوانیی دەربڕینیش دەگەیەنێت.
5- پێویستە وەرگێڕ بە ئەمانەتەوە دەقەکە لەزمانی وەرگیراوەوە بۆ زمانی مەبەست بگە یەنێت
6- لەڕێگای هەڵبژاردن و وشە گەلی گونجاوەوە کاریگەری بەرامبەر و گونجاو بە دەقی سەرەکی وەرگێڕان ببەخشێت، یان دروستی بکات.

## کلیلی دەروازەی وەرگێڕان

1-هەڵهێنجان
2-وەرگرتن- کۆپی کردن
3-گۆڕینەوە
4-نزیکبوونەوە
5-هاوسەنگی هاوکێشەکان تەریب بێت بە بابەتەکان

[63] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر ( د. ت)

بێگومان وەرگێڕەکان دەتوانن گەلان بەیەکتری بناسێنن و ئاشنای کولتوورەکانی یەکتریان بکەن لەڕێگەی وەرگێڕانی سامانە فکرییەکانەوە،[64] هیچ گەلێك نییە ئەمڕۆ لەدنیادا پێویستی بە وەرگێڕان نەبێت، هەرچەندە زۆر دەوڵەمەندیش بێت لەکولتوورو زانستدا، چونکە هەتاوەکو بەرهەمی گەلان زۆرتر بۆ خۆت وەربگێڕیت، زۆرتر دەوڵەمەند دەبیت بە گشت بوارەکانی ژیان، ئێمە لە وەرگێڕاندا زۆر هەژارین، ئەگەر خۆمان بەراورد بکەین بە وڵاتێکی وەك یابان، ئەو وڵاتەی بەگەورەترین وڵاتی وەرگێڕان دادەنرێت، ئێمە زۆر چاك ئاستی زانین و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دەزانین کە چۆن ڕکابەری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا دەکات، کەپێشتر شتی لێ وەردەگرتن و دواتر لاسایی دەکردنەوە، بەتایبەت لەبواری زانستی و تەکنەلۆژیادا.

هەندێ لە زانایان دەڵێن، وەرگێڕان دیاردەیەکە لە دیاردەکانی زمانی ئادەمیزاد، نەك لای ئەو کەسانەی کە هەرگیز کاری وەرگێڕانیان نەکردووە.

## وەرگێڕ کێیە؟

ئەو کەسەیە کە دوو زمان وەك یەك شارەزایە و لە کولتوورو دابو نەریتی هەردوو لادا قاڵە، واتە کار بۆ گۆڕینی نووسراوێك دەکات لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ زمانی مەبەست.

﴿زۆر قورسە باوەڕ بەوە بکرێت کە ڕەخنەگری وەرگێڕان بۆ خۆی وەرگێڕ نەبێت ﴾[65]

وەرگێڕان کاتێ ڕوودەدات کە ئەو بابەتە زۆر گرنگ بێ و سوودبەخش بێ، یاخود نووسەرەکەی بەناوبانگ بێت، یان ناوەڕۆکی بابەتەکە بەپێزو دەگمەن بێت، یان بابەتی سەردەم بێت، لە جیهاندا باسو خوازی زۆر لەسەر بێت، لە هەموو کاتێکدا پێویستیەکان وا دەکەن وەرگێڕان بکرێت، هەروەها بەرزیی ئاستی سەرچاوەکەش هۆکارێکی ترە.

---

[64] - حوسین یەعقوبی، زمـانی وەرگێڕان و پەیوەندییە کلتوورییـەکان

65 - بهنام باوندپور، گەڕان بە دوای حەقیقـەتی وشـەدا - و: محەمـەد کـەریم، گۆڤـاری سـەردەم ، ژمـارە 24 - ساڵی 2002

* تێبینی: ڕەنگە نزیك بوونەوەیەك لە نێوان ئەرك و مەرجەکانی وەرگێڕاندا هەبێت، بەڵام سروشتی کارەکـە وا دەخوازێت کە بەم چەشنە بێت کولتووری نووسەر کاریگەری هەیە لەسەر خوێنەر﴿لەبیر کردنەوەدا﴾ جـاری واش هەیـە نووسەرێکی بێگانە نووسینەکانی پەسەند نییە، چونکە لەگەڵ کولتوورەکەدا ناگونجێت.

## ﴿جۆرەکانی وەرگێڕان﴾

تا ئێستە خشتەیەك یان یاسایەك و بنەمایەکی سەرەکی لەبەر دەستدا نییە لە سەداسەد دانی پیابنرێت بڵێین وەرگێڕان ئەوەندە جۆرە، بەڵکو بەپێی باوەڕ هێنان بە گفتارەکان، هەر کەسەو قەناعەتێکی لا دروستبوو بۆ جۆری وەرگێڕان.

بۆ نمونە بەڕێز کۆرشی سەفەوی لە کتێبەکەیدا دەڵێت وەرگێڕان دوو جۆرە

جۆرەکانی وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| 1- وەرگێڕانی زارەکی: | 2- وەرگێڕانی نووسراو |
| أ- وەرگێڕانی هاوکات | أ- وشە بە وشە |
| ب- وەرگێڕانی نا هاوکات | ب- ڕستە بۆ ڕستە |
| ج- دەق یان مەفهوم | |

وەرگێڕانی زارەکی:-1

أ وەرگێڕانی هاوکات:-

واتە وەرگێڕانی وشەیەك، یان قسەیەك لە زمانی بنەڕەتەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، بە مەرجێك کاریگەری ئەو وتەیە، یان ئەو قسەیە، لەسەر گوێگری زمانی بنەڕەتەوە بگوێزرێنەوە بۆ سەر زمانی گوێگری مەبەست. ﴿واتە کاریگەری قسەکە ون نەبێت﴾

ب- وەرگێڕانی نا هاوکات:-

واتە بەشێکە لە وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕ کاتێکی زۆر تری لە بەردەستایە بۆ وەرگێڕان.

﴿جیاوازی نێوان وەرگێڕانی هاوکات و وەرگێڕانی نا هاوکات﴾

| هاوکات | نا هاوکات |
|---|---|
| 1- لەڕووی کاتەوە ماوەی وەرگێڕان زۆر کورتە | 1- ماوەی هەیە بۆ وەرگێڕان |
| 2- کورت کردنەوەی تیا ئەنجام دەدرێت وە لە مەبەستی مەفهوم دەرنەچێت | 2- زۆر بەدەگمەن ئەمە ڕوو دەدات |

جۆری دووەم وەرگێڕانی نووسراو:-

بریتییە لەوەرگێڕانی واتایەك لەزمانی بنەڕەتەوە بۆ زمانی مەبەست، بە نووسراوێك کە چەند پێوەرێکی هەیە ئەمانەن:-

أ- وەرگێڕانی وشە بە وشە:

بریتییە لەوەرگێڕانی پیت و دەنگ و چۆنیەتی خوێندنەوەی وشەکان بۆ ئاشنابوون بەزاراوە و فێربوونی زمان کە لە وشەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ زیندووکردنەوەی وشە کۆنەکە، بەتایبەتی لە قاموس دا کە بە زۆری بۆ دەقی یاساو فەرهەنگ بەکاردێت، وشە بە وشە ماناکە ڕوون دەکرێتەوە، یان بلێین وەردەگیرێن پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نییە، واتە وشە بۆ پێوەر وەردەگرین بە واتای هەر وشەیەك لە زمانی بەرامبەر وشەیەکی بۆ دادەنرێت لە زمانی مەبەست دا.

﴿مانای ڕستە بۆ وشە لەم بارەدا مانا ناگەیەنێت﴾

ب- وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە:

لەم قۆ ناغەدا ڕستە پێوەری وەرگێڕانە.

لەم قۆناغەدا ڕێزمان و شێوەی داڕشتنی وشەکان لە زمانی مەبەستدا ڕەچاو دەکرێ، واتە ڕستەی زمانە بنەڕەتیەکە دیاری دەکرێ.

ج-وەرگێڕانی مەفهومیی، یان واتای{دەق}:

لەم حاڵەتەدا، وەرگێڕ هەوڵدەدات تەنها واتای دەقەکە بگەیەنێتە خوێنەر، بەمەرجێك کاریگەری مەفهومیی خۆی لە دەستنەدات، کە لە زمانی بنەڕەتدا هەیەتی کاتێك وەریدەگێڕێتە سەر زمانی مەبەست، هەندێ جاریش بەسەریدا بسەپێنرێت.

## ئەرکەکانی وەرگێڕ :

1-وەرگێڕ پێویستە دەقی زمانی بنەڕتی بێ کەمو کوڕی وەرگێڕێتە سەر زمانی مەبەست، واتە {بە ئەمانەتەوە ماناکە وەك خۆی بگەیەنێت }.

2-ناوەڕۆك و کاریگەری زمانی بنەڕەتی پێویستە بەتەواوی بگوازێتەوە سەر زمانی مەبەست.

3- شێوازی نووسینی زمانی بنەڕەتی پێویستە لە زمانی مەبەستدا ڕەچاو بکرێت.

4-پێویستە ئەو پێکهاتنە ڕێزمانییەی لە وەرگێڕاندا بەکارهێنراوە، پێکهاتەیەکی باو بێت و کاریگەری ڕێزمانیی زمانی بنەڕەتی بەسەرەوە نەبێت.

5-بۆ مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر، باشتر لە زانیاریەکان پێویستە وشەی زیاد بەکار بهێنرێت.

6-لایەنی سۆزو عاتیفەی دەقەکە گۆڕانی بەسەردا نەیەت.

7-گەیاندنی پەیامێك بۆ خوێنەر کە پێی ئاشنا نییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا محەمەد ئەرکۆن دەڵێت:

نەزانیی و بێ ئاگایی ناتوانێت وەرگێڕانێکی ڕاست و دروست بەرهەم بهێنێت. وەرگێڕی بابەتی فیکریی دەبێت خۆیشی ڕووناکبیر بێت، یان پێویست ناکات بچێتە دنیای وەرگێڕانەوە، وەرگێڕان

پرۆسەیەکی نێگەتیڤی هەڵچوو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پۆزەتیڤی کاریگەرە. ئێمە هەر لە ئێستەوە تا ساڵانێکی دوورو درێژی ژیان پێویستمان پێیەتی، مادامەکی بەرهەمی خۆمان بۆ فیکری سنوردارە.

کاتێك وەرگێڕان بە پێویست لەناو کۆمەڵگەدا دادەنرێت کە کۆمەڵێك سەنتەرو پەیمانگەی تایبەت بە وەرگێڕان بنیات بنرێت. توێژەران و وەرگێڕان بۆ ساڵانێکی زۆری خۆیانی تەرخان بکەن.

8-لەسەر وەرگێڕ پێویستە مافی نووسەر نەخوات، واتە لابردن و ناو نەهێنانی ناوی نووسەر، دەچێتە خانەی خیانەتەوە.

9-وەرگێڕانی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستییەکانی خوێنەر پڕ دەکاتەوە، کەلێنێك لە کتێبخانە دەگرێت:

بۆ نمونە، شیعرەکانی عومەر خەیام کە هەژار کردوویەتی بەکوردی، جوانییەکەی لەوەدایە هەژار هەم وەرگێڕە و هەم شاعیر.

## پێوەرەکانی هەڵبژاردنی کتێبی وەرگێڕدراو لای ئەمینداری کتێبخانە

سێ پێوەری گرنگ هەیە کە پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستی و رۆشنبیری بیانی وەرگێڕراودا ئاگادار بێت لێی لەوانە:

1. وەرگێڕ و تواناکانی لە بواری زمانەوانی دا، واتە (تێگەیشتنی لە هەردوو زمانەکە، زمانی بنەڕەت و زمانی مەبەست):

پێویستە لەسەر وەرگێڕ ئەمین بێت لەگواستنەوەی زانیارییەکاندا و مەبەست وەك خۆی بگوازێتەوە بێ لەنگیی، جگە لەمە شارەزاییەکی باشی هەبێت لەو ماددەیەی کە وەریدەگرێت. چونکە خوێنەر وەرگێڕانێکی ورد و دروستی دەوێت لەوەرگێڕانەکەدا و زاراوەکان بەباشی مانای خۆیان بگەیەنن.

ئێمە بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی پێشووتری وەرگێڕ هەڵدەسەنگێنین و دەزانین خوێنەر چەند ڕازییە لە وەرگێڕانەکەی، یان بەپێچەوانەوە.

لە وەرگێڕانی بابەتەکاندا بەتایبەتی بواری زانستی، قرتاندن و پەڕاندن و لابردن بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نییە، چونکە دەستەواژەکان لەنگ دەکات، بەڵام لە بوارە ئەدەبییەکاندا، وەرگێڕ دەتوانێت یاری

بە وشەکان، یان کەم و زیاد کردن، یان دارِشتنەوە بە شێوەیەکی جوانتر، دەتوانێت بەرجەستە بکات، کە سەرنجی خوێنەر رِادەکێشێت.[66]

بۆیە ناسینی وەرگێرِ زۆر پێویستە لە هەڵبژاردنی سەرچاوە وەرگێرِاوەکە بۆ کتێبخانەکانمان.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە لای خوێنەر بۆ وەرگێرِ، دەبێت خوێنەر هەست نەکات کە وێنەی دووەمی کتێبەکە دەخوێنێتەوە، بەڵکو وا بزانێت وێنە ئەسڵییەکەیە لە بەردەستیدایە.

2. بابەتە وەرگێرِراوەکە: پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ئایا ئەم بابەتە بەرِاستی دەبێتە هۆی پرِکردنەوەی کەلێنێك لە کتێبخانە یان نا؟ لەگەڵ ئەمەش دا زۆربەی زۆری کتێبە وەرگێرِراوەکان دەبنە هۆی چارەسەرکردنی قەیرانی کەمیی بابەت لەناو سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

زۆرجار خوێنەر وێڵی دوای بابەتێك دەبێت، بەڵام سەرچاوەی لەسەر بابەتەکە دەست ناکەوێت، ئەگەر هەش بێت بەزمانی نووسراوەکەیە، رِەنگە نەبێتە هۆی پرِکردنەوەی پێداویستییەکانی ئەم، لێرەدا پەنا بۆ کتێبی وەرگێرِراو دەبات، تا پێداویستییەکانی جێبەجێ بکات، لە هەمان کاتدا خوێنەر دەیەوێت زانیاری تەواوی لەسەر ئەو وڵاتە دەست کەوێت، بۆ نمونە: لەسەر زمان، ئاین، ئەدەب، ژمارەی دانیشتوان، زۆر شتی تریش، لێرەدا کتێبی وەرگێرِراو ئەم خواستە جێبەجێ دەکات.

3. ئەم کتێبە وەرگێرِراوانە چەند خوێنەری دەبێت: ئایا خوێنەری دەبێت یان نا؟ ئەوەی مەبەستە دەپرسین، ئایا ئەم کتێبانە داخوازییەکانی خوێنەر بەدی دێنێت، یان دەبێت وەك پێداویستی بۆ کتێبخانە لە کتێبخانەدا بوونی هەبێت وەك بابەت، ئەگەر سەرنج بدەین لە کتێبخانەکانی وەك زانکۆی تایبەتمەند و سەنتەرەکانی زانیاری، خوێنەر زۆر مەیلی بەلای کتێبی زمانی دایك دا هەیە وەك لەکتێبی وەرگێرِراو چونکە:

أ. رِەنگە وەرگێرِەکە نەیتوانی بێت دەقەکە وەك خۆی وەربگێرِێت.

ب. ئەزموونێکی باشی لە بوارەکەدا نەبێت.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە کۆمەڵێك سەرچاوەی وەرگێرِراو دابین بکات بۆ کتێبخانەکەی، تاوەکو کەلێنە بابەتیەکانی ناو شێڵفەکان پرِبکاتەوە نەك بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ دوا رِۆژیش، لە کتێبخانەی گشتی دا شتێك هەیە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی کتێبخانەی گشتی خزمەت بەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات، پێویستە بۆ بابەت دانەمێنێت واتە دەبێت لە هەموو بوارەکاندا سەرچاوەی هەبێت کەم تا زۆر، بەڵام ئەوانەی کە زۆر خواستی کۆمەڵایەتی لەسەرە ناوخۆیی بێت یان دەرەکیی بابەتەکانی بوونی هەبێت، رِەچاوکردنی کۆمەڵگە لێرەدا زۆر پێویستە، ئێمە دەبێت بزانین خزمەت بە چ جۆرە کۆمەڵگەیەك دەکەین.

---

66 - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر ( د. ت)

لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێك خاڵ دەکەین کە پێویستە ئەمینداری کتێبخانە زۆر بەوردی تێبینی بکات، نابێت بەسەریدا تێپەڕێت.

1. ئاگاداری جۆری وەرگێڕانەکە بێت: بزانێت چ جۆرە وەرگێڕانێکە و هەندێ لە بابەتەکان بەسەر بکاتەوە و خۆی دوور بگرێت لە وەرگێڕانی وشە بە وشە.

2. دیاردەی قرتاندن و پەڕاندن و لابردن: زۆر لە وەرگێڕەکان لە بابەتە ئەدەبییەکاندا پەیڕەوی دەکەن، باشتر وایە ئەو بابەتەی کە وەرگێڕراوە بزانین سەرچاوە ئەسڵییەکە چەند لاپەڕەیە بۆ بەراورد کردن.

لەگەڵ ئەمەش دا دەبینین زۆر بابەتی وەکو چیرۆك، ڕۆمان، شانۆگەری، بابەتی ڕۆشنبیری، ئەم دیاردەیەی زۆر تێدا ڕوو دەدات، جاری وا هەیە ڕۆمانێك لە دەقە ئەسڵییەکەدا (300) سێ سەد لاپەڕەیە، کەچی کراوە بە (200) دوو سەد لاپەڕەی وەرگێڕراو، یان زۆر کتێبی وەرگێڕراو پێشەکییەکەیان لابردووە.

3. دووبارە بوونەوەی وەرگێڕان: هەندێ کتێب ناوبانگی جیهانیی هەیە، ئەمەش بەهۆی نووسەرەکەیەوە، چونکە بیرۆکەکە ناوبانگەکەی بۆ دروست کردووە، دەبینین وەرگێڕێك هەستاوە بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانێك، پاش ماوەیەکی تر یەکێکی تر وەریدەگێڕێت، واتە لەلایەن چەند کەسێك وەرگێڕراوە، هەر وەرگێڕەو کتێبەکەی کردووە بەچەند لاپەڕەیەك، لەوانەیە نزیکی لە نێوانیان دا زۆر کەم هەبێت، خوێنەر لێرەدا خۆی بڕیاری خۆی دەدات کە کام سەرچاوەیان بخوێنێتەوە، چونکە شارەزایی و سەلیقەیی وەرگێڕ، سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت.[67]

بۆ نموونە، چوارینەکانی خەیام زۆر کەس کردوویەتی بە کوردی، لەوانە: مامۆستا گۆران، سەلامی شاعیر، هەژار موکریانی، بەلاّم کامیان وەك خەیام دەق و ئاوازو ڕۆحی شیعرەکانی پاراستووە و جوانتر هۆنیویەتییەوە، بێگومان خوێنەر بڕیار دەدات، ئەگەر بڵێین هەژار ڕاستیمان وتووە، وەنەبێت مامۆستا گۆران و سەلامی شاعیر سەلیقەیی و شارەزایی شیعرییان نەبێ، نا، بەڵکو شتێك هەژاری سەپاندووە کە قابلی مناقەشە نییە، ئەویش ئەوەیە، هەژار فارسی زمان بووە و یاری بە وشەکان کردووە و زۆر لەژێر کاریگەری شیعرەکانی خەیامدا بووە، (ناسری حیسامی) دەڵێت: {خەیامیش بۆ خۆی هەر وای وتووە وەك ئەوەی کە هەژار فەرموویەتی}.

ئەمە نموونەیەك بوو تا ئەمینداری کتێبخانە بزانێت کام وەرگێڕ لەناو خەڵك دا دەنگی هەیە، لە کتێبی عەرەبی دا گەر سەیر بکەین کتێبی (قصە القوزاق) کە (ئیبراهیم زەکی خورشید) کردوویە بە عەرەبی، چاپی یەکەمی لە (42) بەش و (256) لاپەڕەدا، کەسێکی تر هاتووە هەمان کتێبی (قصە القوزاق) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە (16) بەش و (160) لاپەڕە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دیاردەی لابردن و قرتاندن و تێهەڵکێش کردن چەند پەیڕەو کراوە.

---

[67] - ناسری حیسامی، چاوپێکەوتن لە کەناڵی سلێمانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - PUK TV

4. پیاچوونەوەی کتێبەکە لەلایەن کەسێکەوە کە پسپۆڕی لەو بوارەدا هەبێت سەنگێك بۆ کتێبەکە زیاد دەکات، پێویستە ناوی ئەو کەسە لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسرێت، چونکە ئەم هەستاوە بەپشکنینی سەرجەم بەش و پاری ناو کتێبەکە، بە بەراورد لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکەدا. زۆر وەرگێڕ ئەم کارە ناکات، بەڵام بێگومان بە هەڵەشدا دەڕوات، چونکە چاکتر وایە هیچ کەس خۆی بەشارەزا نەزانێت لە بوارەکەی خۆیدا، چونکە لەویش شارەزاتر و زمان زانتریش هەیە، بۆیە پێویستە وەرگێڕەکان ئەمە بزانن.[68]

5. زۆر جار لە بێ ئاگایی وەرگێڕەکان لە یەکتری، بە هەر شێوەیەك بێت، کتێبێك لەلایەن دوو وەرگێڕەوە لە کاتێکی زۆر نزیك دا بە چاپ دەگەیەنرێت و دەکەوێتە بازاڕەوە، پێویستە لەسەر کتێبخانە، ئەو وەرگێڕە هەڵبژێرێت کە خوێنەری زۆرە، یان لای خوێنەر ناسراوە و دەبێت چەند دانەیەك لەو بەرهەمە بکڕێ، سەبارەت بە وەرگێڕی دووەمیش وێنەیەك بکڕێ بۆ کتێبخانە ئەگەر زانی خوێنەری هەیە ئەوا لە ماوەیەکی دیاریکراودا چەند دانەیەکی تر لەو بەرهەمە دەکڕێ بۆ کتێبخانەکەی.

6. خۆ بە دوور گرتن لەو کتێبانەی کە وەرگێڕ ناوی نووسەری کتێبەکەی نەهێناوە، ئەمەش بە مەبەستی خۆ دەرخستن و شاردنەوەی ناوی نووسەر تاوەکو لەم ڕێگەیەوە ئەم مەرامانەی ئەنجام بدات:

- دەرکەوتنی ناوی ئەم لەبری ناوی نووسەر.
- لە کاتی دروستکردنی کارتی پێڕستی کتێبخانەدا، ئەم جێگەی نووسەر دەگرێتەوە.
- مافی لە چاپدان دەپارێزێت بۆ خۆی.[69]

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێ بدەین ئەمانەیە:

1. تەنها کەسێك ڕۆڵی وەرگێڕان نابینێت، بەڵکو زۆر جار دوو کەس یەك کار ئەنجام دەدەن، یان دەزگایەك چەند وەرگێڕێکی تایبەتی خۆی هەیە لە جیاتی ناوی وەرگێڕەکان ناوی دەزگاکە پەخش دەکرێ بەناوی دەزگاکەوە دەناسرێت، واتە (کاری وەرگێڕانەکە دەزگاکە دەیکات، ئەمەش لە پێناو دەرکەوتن و ناساندنی دەزگاکەیە لای خوێنەران.

2. دەبێت ئەمینداری کتێبخانە شارەزایی هەبێت لە ناونیشانی بابەتی وەرگێڕاو کە بابەتەکە هی چ زمانێکە، یان چ وڵاتێکە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانێت لە کام زمانەوە وەرگێڕراوە، بۆ نموونە، ڕۆمانی (دایك) کە (مەکسیم گۆرکی) نووسیویەتی بە ڕووسی، باشترین چاپی وەرگێڕان بۆ خوێنەری ئێمە ئەوەیە کە لە ڕووسییەوە کرابێت بە کوردی، نەك لە ڕوسییەوە کرابێت بە ئینگلیزی پاشان لە

---

[68] – د عیزەددین مستەفا رەسوڵ ، بەرنامەی باخی کتیب – بەشی دووەم ، کەناڵی کوردسات ، – 2009

[69] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر( د.ت)

ئینگلیزییەوە کرابێت بە عەرەبی و دواتر بە فارسی ئەمجا بە کوردی، لێرەدا تامی دەقەکە نامێنێت، وەك چێشتی گەرم کراوە وایە کە چەند جارێك گەرم کرابێتەوە و هەر جارەی بە ئاگرێك.

بۆیە پێویستە ئاگاداری زمانە ئەسلییەکە بین کە لێوەی نووسراوە و وەرگێڕراوە بۆیان، هەندێ وەرگێڕ هەیە ئەوەندە پێیەوە متمانەی هەیە لە کۆمەڵگەدا، هەر بابەتێك وەربگێڕێت، خوێنەر سێ و دووی لێ ناکات دەیکڕێت و دەیخوێنێتەوە، چونکە لە زمانی وەرگێڕانەکەی شارەزا بووە، دەزانێت چەند جوان وشەکان بکات بە ڕستی بابەتەکەوە، وەستایانە ماڵی بابەتەکە دەڕازێنێتەوە و لەگەڵ کولتوور و حەز و عیشق و خۆشەویستی خوێنەردا تێکەڵی دەکا بۆ نموونە: مامۆستا (عەبدوڵلا حەسەن زادە) سەیری بەرگی یەکەمی (حەمە دۆك) بکە، دەڵێیت لەبەر دەمتا ڕوودەوەکان ڕوودەدەن.

3. وەرگێڕ ئەگەر دەرچووی بەشی وەرگێڕان بێت خراپ نییە، بەڵام دەبێت سەلیقە و شارەزایی تەواوی هەبێت لەو بوارەی کە دەیەوێت وەریبگێڕێت، ئەگەر نا، با دەرچووی ئەو بوارەش بێت گومانمان نییە کە سەرکەوتوو بێت.

زۆربەی زۆری وەرگێڕەکانی دونیا، سەلیقە و کارکردن و شارەزا بوون لە بوارەکەی خۆیاندا، لەگەڵ پێویستییان بە بابەتی هاوشێوە، هانیداون کە دەست بدەنە ئەم بوارە و قۆڵی لێهەڵماڵن، وەرگێڕی زۆر بە توانا و بەهێزمان هەیە، بۆ یەك ڕۆژیش زانکۆی نەدیوە، یان وانەیەکی زانستی نەخوێندووە لەزانکۆدا، کەچی کە تەماشای بەرهەمەکانی دەکەیت، گومانت لا دروست نابێت، دەڵێیت کاری خواکردە هێندە بە پێز و جوان و ڕازاوە و بەنرخە.

ئەزموون مرۆڤ فێری کاری باش دەکات و لە تاڵییەکان سود وەردەگرێت، سەرەتای هەموو کارێك دەبێت لە سادەیی و ئاسانییەوە بێت، ئەگەر نا سەرکەوتو نابێت بۆ یەکێك کەسەرەتای کاری وەرگێڕان بکات.[70]

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەمڕۆ هەموو ئەو چاپکراوانەی کە لە بازاڕدا دەبینرێت تا چەند خزمەت بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی دەکات، دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی کە ئەمڕۆ وەریدەگێڕین، سەر بە بابەتەکانی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ئاینی و فکر و فەلسەفە لەگەڵ مێژوو، هەندێکیش لە یاداشت، بەڵام بوارەکانی زانستی کە ئەمڕۆ لە هەموو شت زیاتر پێویستیمان پێی هەیە فەرامۆش کراوە، یان زۆر بەکەمی سەرچاوەی بۆ وەردەگێڕرێت، بە تایبەتی لە بوارەکانی وەك (پزیشکی، ئەندازیاری، کشتوکاڵ، زەوی ناسی، ڕووەك، کیمیاء بایۆلۆجی، فیزیاء، بیرکاری، گیانەوەرزانی، پزیشکیی ئاژەڵیی، پزیشکی ددان،. ... هتد)

ئەمڕۆ کتێبخانە لە هەموو شت زیاتر پێویستی بەم بابەتانەی سەرەوە هەیە.

[70] - جەمال نەبەز ،وەرگێڕانی هـونەرە . (ب-ش)(ب.ب) 1958

خوێنەری کتێبخانە زۆر بێبەشە لەم بابەتانە، بە تایبەتی لە گشت قۆناغەکانی خوێندنی دوا ناوەندی و زانکۆیی، کە هیچ سەرچاوەیەکی بە زمانی دایك دەست ناکەوێت تا وەك هاوکارێك بەکاری بهێنێت بۆ تێگەیشتن و فێر بوونی بابەتەکە.

لێرەدا ڕەنگە وەلاّمێکمان چنگ بکەوێت ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەم بوارانەدا کەسانی پسپۆڕ و نووسەری بە توانا و وەرگێڕی بە سەلیقە و شارەزامان ڕەنگە زۆر کەم بێت، چونکە جیهانی ئەم بابەتانە پڕە لە زاراوەی زۆر و بە زمانی بابەتەکە نووسراوە، ڕەنگە زۆر زاراوە هەر هاوشێوەی لە زمانی ئێمەدا نەبێت، یان شیکردنەوەی زاراوەیەك بەچەند دێڕێك نووسین بکرێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەمانەش دا پێویستمان بە فەرهەنگی هەر یەك لەم بابەتانەی کە ناومان برد هەیە، چونکە بە دڵنیاییەوە جگە لە فەرهەنگی کیمیاء کە مامۆستا (جەمال عەبدول) کردویەتی زۆر بەکەمی بوارەکانی تر بەدی دەکەین، سەرچاوەیەك یان دوو سەرچاوە گەر هەبێت، یان نا، بۆیە دەبێت داوا لە سەرۆکایەتی زانکۆکانمان بکەین کە مامۆستایانی پسپۆڕ هان بدەن هەرچی لە توانایاندا هەیە لە بواری وشەسازیی و داڕشتن و لێکدانەوەی زاراوە زانستییەکاندا لە دوو توێی فەرهەنگێکی گشتی، یان تایبەتمەند بەو بوارەوە ڕێك بخەن.

# بەرگی دووەم

## بەشی یەکەم

### پاری یەکەم : بنکە زانیارییەکان

### پاری دووەم : سەرچاوە زانیاریەکان

## پاری یەکەم : بنکەکانی زانیاری : مراكز المعلومات = Information Center

بریتییە لەو یەکانەی کە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و زانیاری ورد لە ئاستێکی بەرزدا و لە بوارێکی دەستنیشانکراو لە هەموو بوارەکانیدا.

دەتوانین بڵێین:

ئەو دامەزراوەیە کە هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانیاری، بە هەموو شێوە جیاوازەکانیەوە ((تایبەت بە بوارێکی دەستنیشانکراو، یان چەندان بواری جیا جیا لە پسپۆڕیدا)).

جۆرەکانی بنکە زانیارییەکان:

1) سەنتەری زانیاری گشتیی:

سەنتەر نییە لەڕووی گرنگی پێدانی بابەتەوە، بەڵکو لەڕێگەی گەشەپێدانەوە سەنتەرە بۆ ئەو بابەتە، واتە هەڵدەستێت بە گەشە پێدان و فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ سودمەند بووان لە ڕێگەی ئەو بەشە بودجەیەی کە لە بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ ئەم سەنتەرە تەرخان کراوە.

لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بایەخ بە دوو جۆر سەنتەری زانیاری دەدەن:

1) سەنتەری زانستیی تەکنەلۆجی.

2) سەنتەری زانستیی کۆمەڵایەتی.

دەشتوانرێت سەنتەری نیشتمانیی لە کەرتێکی تایبەتدا بکرێتەوە:

وەك سەنتەری زانستی (پزیشکیی، کشتوکاڵیی، ئابوریی. .......... هتد)

2) سەنتەری هاوشێوەی زانیاری گشتی:

ئەو سەنتەرە زانیارییانە دەگرێتەوە کەپەیوەستە بە کۆمەڵەو ڕێکخراو و دەزگا زانیارییەکانەوە، زیاتر گرنگی بە بواری پسپۆری ئەندامەکانی ئەم دەستانە دەدات (کۆمەڵەو ڕێکخراو.....) زۆر بە کەمی زانیارییەکانی خۆی دەخاتە بەر دەستی خەڵکانی تر.

3) سەنتەری زانیاری تایبەت:

ئەو سەنتەرانە دەگرێتەوە کە خزمەتگوزاری زانیارییەکانیان تایبەتە تەنها بۆ کارمەندەکانی خۆیان لە ڕووی زانستی،ئابوری و، هونەرییەوە، وەك:

کۆمپانیای (بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل) و (بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر).

4) سەنتەری زانیاری ناوخۆ:

زیاتر گرنگی دەدات بەو بەرهەمە فکریانەی کە دەزگاکان بۆ خۆیان ئەنجامی دەدەن، وەك (سەنتەری توێژینەوەی زانستی)، ئەم زانیاریانە بەهیچ شێوەیەك بلاّو ناکرێتەوە لە شوێنانی تر وەك (توێژینەوە، تێبینی بەدەستهاتووی ناو تاقیگەکان، ڕاپۆرتی چاودێری کار. .......... هتد)

## سەرچاوەکانی زانیاری:

سەرچاوەی زانیاری، زاراوەیەکی بەربلاّو و فراوانە، هەموو ئەو سەرچاوە هۆشدارییی و کەرەستەو سەرجەم ئەو کەناڵ و نووسراو و بینراو و تۆمارکراو و ئامێرە ئەلکترۆنییانە دەگرێتەوە کە بە هۆیانەوە دەتوانین ئەم زانیارییانە بگوازینەوە بۆ کەسی سوودمەند (خوێنەر)، یان بۆ تاکی کۆمەڵگە، تاکو سوودمەند بن لێی.

لەکتێبخانەدا سەرجەم سەرچاوەکانی بیرو هۆش و کەرەستەکانی زانیاری بینراو و بیستراو دەگرێتەوە، کە لە لایەن کارمەندانەوە ڕێك دەخرێت و پۆلێن دەکریّ و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی دەخرێتە بەر دەستی خوێنەران بەئاسانترین ڕێگە.

کەواتە: سەرچاوە زانیارییەکان چاوگی کتێبخانە و بنکە زانیارییەکانن لە کۆمەڵگەدا و زۆر ناویان لێناوە لەوانە: (کەناڵی زانیاری، بنکەی زانیاری، کۆمەڵەی کتێبخانە)، بەلاّم سەرچاوە زانیارییەکان بەر بلاّوترین و گونجاوترین ناوە.

سەرچاوەی زانیاری چەند جێگرەوەیەکی هەیەلەوانە:

1) کەرەستە هۆشداریەکانی کتێبخانە.
2) سەرچاوەی زانستی و زانیاری.
3) سەرچاوەکانی بیرو هۆش.

## جۆرەکانی سەرچاوەی زانیاری :

هاوڕاییەك نییە لە نێوان پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارەدا بەوەی جۆرەکانی وەك یەك بناسێنن، بەڵکو هەر نووسەر و شارەزایەك بە جۆرێك جیاوازی جۆرەکانی سەرچاوەکان بە خوێنەر دەناسێنێت

بۆیە بە باشی دەزانین پۆلێنی سەرچاوە زانیارییەکان لە ڕووە زانستیەکەیەوە بناسێنین باشترە، وەك ڕیزبەندی بێ شیکار. جۆرەکانی سەرچاوەکان بریتین لە:

1. سەرچاوەی زانیاری بیر و هۆش: = (لایەنی فکری): تویژینەوەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کەلایەنی بیر و هۆش نووسراو نییە وەك (بەڵگەنامە)، بەڵکو زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر بەرامبەر بە تایبەتی قسەکردن و گویّ گرتن لە یەکتر، کاریگەری زیاتری هەیە وەك لە خوێندنەوە و نووسین.

ئەم زانیارییە لە دوو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت:

**أ)** سەرچاوەی فەرمی (حکومی): بریتییە لەو زانیاریانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دا لە لایەن دەوڵەتەوە بلاْو دەکرێتەوە، لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر کەرەستەی بیستەری (وەك ئەوەی کە لەناو فەرمانگە فەرمیەکاندا بلاْوە).

**ب)** سەرچاوەی نا فەرمی: بریتییە لە هەموو ئەو گفتوگۆ و لێدوان و باس و خوازانەی کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەکرێ لەناو خۆیاندا،بەتایبەتی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیران، وە زیاتر پەندو ئامۆژگاری و بەڵگەی بەهێز بەکار دەهێنن لە نێو قسەکانیاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی بابەتی لێدوانکراو.

پوختەی باس: ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ئاڵو گۆڕ دەکرێ بە شێوەیەکی زارەکی، وە هیچ بەڵگەیەکی فەرمی (نووسراو) بەکار نایەت تەنها هێنانەوەی بەڵگەی فکری و باوەڕ پێکراو نەبێت.

2. لایەنی بەڵگەنامەیی: سەرجەم ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە وەك دەستنووس و بلاْوکراوەکان و چاپکراوەکان کە لە شێوەی کتێب، گۆڤار، بەڵگەنامە و وێنە و سەرجەم تۆمارە دەنگیی و ڕەنگییانەی کە لە شێوەی) شریت، فیلم، قەوان، جام، **D.V.D**، **C.D**) دەگرێتەوە کە هەموو کات لە شێوەی بەڵگەدان ((چاپکراو، بینراو، بیسراو)).

لایەنی بەڵگەنامەیی دەکرێ بەدوو لقەوە:

**A.** سەرچاوەی زانیاری سەرەتا یی: یەکەم بەڵگەنامەیە کە بلاْودەکرێتەوە لە سەر بابەتێك، چ جا ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەك بێت، یان ڕووداوێك کە ڕوویدابێت.

یان: نیشاندانی شێوازێکی نوێیە بۆ جێبەجێ بوونی بیرو ڕایەك، یان گۆڕانکاری لە بیرو ڕایەکدا، هەروەها: ئەو بەڵگەنامەو چاپکراو و وێنە و نووسراوانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنچینەی زانیاری نوێ و شیکاری نوێ خۆی دەنوێنێت، یان هەموو ئەو سەرچاوانەن کە لێکۆڵەر هەستاوە بە بەدەستهێنان و تۆمارکردنی لەسەر بناغەی ئەو تێبینی و تاقیکردنەوانەی کە ئەنجامیداوە.

شێوەکانی ئەم سەرچاوە زانیاریانە:

1) توێژینەوەی زانستی پراکتیکی (نامەی زانستی، تێزی ماجستێر، دکتۆرا).
2) توێژینەوەی مەیدانی.
3) خولاوەکان بە هەموو شێوەو جۆرەکانییەوە.
4) چاپکراوە فەرمییەکان.

5) کاری کۆنگرەکان.
6) ڕاپۆرت و وتار. ...... هتد.

**B.** سەرچاوەی یاریدەدەری زانیاری: ئەمەش دووبارەبوونەوەی زانیارییە سەرەتاییەکانە بەشێوازێکی نوێ و بەشێوەیەکی گونجاو نیشان بدرێت، زیاتر بواری فراوانبوونی ئاسۆی زانیاری تیادا ڕەچاو دەکرێ، یان بەشێوەیەکی کورتکراوە زانیارییەکان پەخش دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرچاوە زانیارییەکان لە زۆربوون و فراوانبووندان لە دەرئەنجامی زیادبوونی قەبارەی هەموو ئەو بەرهەمە فکرییە جیهانییانەدا کەلێکۆڵەرەوان ناتوانن بە ئاسانی زاڵبن بەسەریاندا.

## ئامانجەکانی بنکەی زانیاری:

هەموو بنکەیەکی زانیاری پەخش ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، کە بەردەوام کاری بۆ دەکات، بەلاّم لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی تر جیاوازە، جیاواز لە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانیاریدا.

بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکان بریتین لە:

1) دەستەبەر کردنی زانیاری گونجاو بۆ سوودمەندان.
2) خێرایی گەیاندنی سەرچاوە زانیارییە نوێیەکان بە گونجاوی و بەدروستی بۆ دەوروبەر.
3) هەستکردن بە پێداویستییە گۆڕاوەکان و نوێیەکانی سوودمەند بووان.
4) بە ئاگابوون لە وردی ئەو زانیارییانەی کە پێشکەش دەکرێ (هەندێجار پێدانی زانیاری هەڵە یان نادروست یان لەنگ سوودمەند بەرەو هەڵدێر دەبات).
5) دەرهێنان و لابردنی ئەو زانیارییانەی کە دەرەنجام گرژیی و ئاڵۆزیی دروست دەکەن لە نێوان دەزگاکانی بلاّوکردنەوەی زانیاریدا (نقل معلومات لازمە).
6) یارمەتیدانی سوودمەند بووان لەو گیروگرفتانەی کە دێنە ڕێگەیان وەك (گرفتی زمانەوانی، زاراوەیی) وەپێشکەش کردنی زانیاری گونجاو و فرە چەشن، کە پێویستییەکانی خوێنەر دابین دەکات.
7) هەڵگرتن و گەڕانەوەی زانیارییەکان لە کاتی پێویستدا.

## زانیاری:

وشەیەکی زۆر فراوانە و بۆ زۆر مانا بەکار دێت، کە زیاتر پەیوەندی هەیە بە (مانا، زانست، تێگەیشتن. لە فەرهەنگی (منجدا) هاتووە (هەموو نادیارێك کە مرۆڤ بەدوایدا وێڵە).

زانیاری: بریتییە لە کۆکراوەی هەموو ئەو ئەزموون و نووسراوانەی کە لە کۆن و نویٚ دا بوونیان هەیە و بە هەر شێوەیەك بێت وەك (کتێب، نووسراو، بینراو، بیسراو، ئەزموون) و لەڕێگەی زانیارییەکانەوە هەموو شتە نادیارەکان دەدۆزینەوە.

زانیاری: بریتییە لەچەند وشەیەکی کۆکراوەیی ڕێکخراو، بە مەبەستی بەخشینی ناوەڕۆکی ئاماژە بۆ کراو (زانیاری) بە کەسی مەبەست.

زانیاری بۆ زۆر مانا بەکار دێت، لەوانە: (ناوەڕۆك، تێگەیشتن، زانیاری) بەمانایەکی تر:

زانیاری: ڕێنیشاندەری بەرامبەرە بە داواکاریەکانی،کە خوێنەر پێویستی پێیەتی لە سەرچاوە و ڕوون کردنەوە و گەیشتن بە ئەنجام.

زانیاری: بریتییە لە هەموو نادیارێك کە مرۆڤ بە دوایدا وێڵە.

## گرنگی زانیاری:

گرنگی زانیاری لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ وەڵامدەری پرسیارەکانە و بە دەست کەوتنی ئەم زانیاریانە لای تاکی کۆمەڵگە دەتوانرێ ڕەوشی کۆمەڵگە بە ئاڕاستەیەکی باشتردا بەرێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی (فکر، پیشەسازی، خزمەتکردن)

گرنگی زانیاری لە دوو خاڵدایە:

1) گەیشتن بە ئەنجام.

2) گەیشتن بە بڕیار بەپێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدایە و بەپێی قۆناغەکانیش گرنگی خۆی پەیدا کردووە. بە مانایەکی تر تێرکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی کەسی داواکارە کە بە دوای دەرئەنجام و زانست و بەدواداچوون و هەڵهێنجان و ڕێکخستن و مانای تەواودایە کە بە دوایدا وێڵە.

زانیاری 100٪ ناتوانین بڵێن دروستە، داتاو بابەتە نەگۆڕەکان نەبێت، چونکە هەندێجار بە نیوە ناچڵی وە هەندێجار بە پچڕ پچڕی یان بە لاوازی دەگاتە بەر دەست، بۆیە هیچ کات پشت بەو زانیارییانە نابەستین کە بنەمای دروستی نییە، چ جا زارەکی، نووسراو، یان بینراو.

## شێوەکانی زانیاری:

لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری لە بەڵگە سەلمێنراوەکان و بە دەستهاتووەکانە، کەچی ڕاستییەکی بینراویشە لە هەمان کاتدا، و پرۆسەی گەیشتنە بەدوای ڕاستییەکاندا لە پێناو نوێبوونەوەو زیادکردنی زیاتردا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بوونی هەر بنکەیەکی زانیاری لە هەر شارو ولاتێکدا نیشانەی پێشکەوتن و دەوڵەمەندبوونە بە جیهانی لە بن نەهاتووی زانست و زانیاری.

زانیاری بە زۆر شێوەو ڕەنگ خۆی دەنوێنێت لەوانە:

1) زانیارییە ئاڕاستە کراوەکان (بۆ بەرامبەر).
2) زانیارییە فەرمییەکان (حکومی).
3) زانیارییە فێرکارییەکان (قۆناغەکانی خوێندن).
4) زانیارییە ڕامیارییەکان.
5) زانیارییە سەرنج ڕاکێشەکان (بۆ بینەر).
6) زانیارییە بیردۆزەیی و گریمانەکان (فیزیا، فەلەك، بیرکاری).
7) زانیارییە ڕاپۆرتییەکان.
8) زانیارییە بە دەستهاتووەکان (دەرئەنجام).
9) زانیارییە توێژینەوەییەکان (تێزی زانستی، ماستەر، دکتۆرا).
10) زانیارییە پەرە پێدراوەکان (داهێنان و نوێبوونەوە و پێشکەوتن).

## جۆرەکانی زانیاری:

1) زانیاری گشتی: هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە گشت تاکەکانی ناو کۆمەڵگەوە و زۆر بوار دەستنیشان دەکات لەوانە (ئابووری، تەندروستی، ئاینیی، پەروەردەیی، فێرکردن، ڕۆشنبیری، هونەری. ....... هتد.
2) زانیاری تایبەت: تایبەتە بە یەك بوار و یەك پلەی زانیاری لە یەك زانستدا (پزیشکی ـ چاو، گلێنە، بیلبیلە، شلەی چاو) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێ زانیاری تایبەت بە کەسێك، دەزگایەك، ناوەندێك، بنکەیەك. ......هتد.

3) زانیاری نهێنی: ئەم جۆرە زانیاریانە درکاندنی مەحاڵە و مەترسیدارە و کێشە دروست دەکات لە زۆر کاتدا. هەندێجار پەیوەندی بە کەسانێکەوە هەیە هەندێجار بە بابەتێکەوە وە یان گروپێکەوە یان کۆمپانیایەکەوە. .......... هتد.

4) زانیاری سیاسی: پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ناوەندی بڕیاردانەوە.

5) زانیاری ئاڕاستە کردن: بەخشینی ئەم زانیارییە بۆ لایەنی بەرامبەرە بە هەرچی مەبەستێك بێت

6) زانیاری بە بەرهەم: ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە وەك دەستکەوت بە دەستهاتووە لە پاش ماندوو بوون و سەرف کردنی کات.

7) زانیاری سیستەماتیك: پەیوەندی بەسیستمی زانستییەوە هەیە، کە لە ڕێگەیەوە لێکۆڵەر، یان توێژەر لێکۆڵینەوەکەی وردتر بە ئەنجام دەگات.

8) زانیاری گەڕان: بریتییە لەو توێژینەوەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی کە مرۆڤ لە کارێکدا ئەنجامی دەدات و بە ئەزموون دەگاتە ئامانج، هەندێجار ئەم زانیارییانەی لە یەکێکی ترەوە وەرگرتووە بۆ نمونە: زانیاری نێو نامەیەکی زانکۆیی کە توێژەرێکی تر بەکاری دەهێنێت و سودمەند دەبێت.

9) زانیاری بیر: ئەو دەرئەنجام و بەرهەمانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ڕێگەی بیرەوە بە دەستی دەهێنێت وەك (ڕێگاکانی زاڵبوون بە سەر قەیراندا).

10) زانیاری فێرخوازی: سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە کە خوێندکار پێیدا تێپەڕ دەبێت و لە ڕێگەیەوە فێری زانست و زانیاری دەبێت.

11) زانیاری بە ئەنجام گەیاندن: زانیارییەکە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ بڕیاردان، یان بەئەنجام گەیاندنی کارێك، یان پڕۆژەیەك.

12) زانیاری گەشەکردن و پێشکەوتن: وەك خوێندنەوەی وتارێك، کتێبێك کە دەبێتە هۆی وەرگرتنی زانیاری و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن و لە ڕێگەیەوە خۆی پڕچەك دەکات.

13) زانیاری ناوخۆیی.

14) زانیاری دەرەکی.

15) زانیاری کۆکراوە: وەك (ئینسایکلۆپیدیا، یان ڕاپۆرتێکی پۆلیس)

## خاسیەتەکانی زانیاری:

دەبێت زانیاری لەچاوگێکی سەرەکی باوەڕ پێکراوەوە وەربگیرێت و ئەم خاسیەتانەی تێدابێت:

1) وردی: دەبێت زۆر بەباشی پەیامەکەی خۆی بەڕاستی و دروستی بگەیەنێت.
2) سەلمێنراو بێت: هیچ گومانێك لای بەرامبەر دروست نەکات.
3) ڕونی: هیچ لێڵی تیادا بەدی نەکرێت و ئاشکرا بێت.
4) بابەتی بێت: بتوانێت دەستنیشانکراو دەوڵەمەند بکات بە بابەتی.
5) شایانی لێکۆڵنەوە بێت: واتا لە بەدواداچووندا دروستی خۆی نیشان بدات.
6) ئاسان بێت: زۆر بە سانایی بگاتە بەرامبەر و زۆر بە ئاسانی زانیاری تر وەربگرێت.
7) ڕاست بێت: تەندروست بێت دوور بێت لە هەڵە.
8) زانیاری خاسیەتی ئەوەی هەیە کە ناگاتە خاڵی دڵنیایی، هەر بۆیە تەنها بڕیار لە سەر بەشێکی دەدرێت.
9) جیاکردنەوەی زانیارییەکان لەیەکتری و ڕێکخستنیان بەپێی پێویست لە بواری دەستنیشانکراودا.
10) دەرهێنانی زانیاری دروست لە نێو زانیارییە هەڵەکاندا وپوختەکردنی ئەم ڕاستییانەو خستنە بەر دەستی خوێنەر.
11) دەتوانرێت زانیاری ڕاست لەزانیاری ناڕاست یان ناڕون دەربهێنرێت، ئەویش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای سەرچاوەکان و پاکردنەوەی لە ناڕوونییەکان
12) بە پێچەوانەی سەرچاوەکانی ماددەوە، کە بە بەکارهێنان لەناو دەچێت، زانیاری خاسیەتی نویێ بوونەوەی هەیە بە بەکارهێنان هەمیشە لە زیاد بووندایە.
13) زانیاری خاسیەتی زۆر و بۆری هەیە، کە ئەمەیان پەیوەندی بە لایەنی ئابورییەوە هەیە، هەر بۆیە بەرهەم هێنەران هەوڵ دەدەن شتێکی دەگمەن بەرهەم بهێنن.
14) زانیاری بەئاسانی تێکەڵ بە یەکتری دەکریێ، بۆ نمونە تێکەڵکردنی دێرێکی تازە بە دێرێکی کۆن.
15) زانیاری خاسیەتی نەرم و نیانی تێدایە، و خاوەنی هێزێکی گەورەیە بۆ دروست کردن، بۆ نمونە زانیاری خۆی دەبینێتەوە لە وێنا کردنی شتەکان، یان وێنەی کاریکاتێری.[71]

---

[71] - عبدالله اسماعيل الصوفي، التكنولوجيا الحديثـة ومراكز المعلومات – عمان ، دار المسيرة للنشر والتوزيع - 2001

# پاری دووەم :
# بنكەی پاراستنی دەستنووس

## دەستنووس

ئەوەی ئێمە باسی لێوەدەکەین و لێیدەکۆڵیونەوە ڕۆڵ و کاریگەری بنکەی پاراستنی دەستنووسە لە پاراستنی سەرچاوە نادیارو دەگمەنەکاندا، ئەو سەرچاوانە مانەوەیان وەك یەکێك لە بەڵگەنامەکان لە هەرکات و سەردەم و شوێنێکدابێت گرنگی خۆی هەیە لە یەکلایی کردنەوەی چەندین بۆچون و لێکدانەوەدا، ژیان و بەردەوام بونەکەی پێویستی کردووە لەسەر مرۆڤ هەمیشە لە بزوتن و تێڕاماندابێت بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە بوون بە مایەی هەمەجۆر کردنی ڕەوتی ژیان.

لەڕاستیدا لێوردبوونەوە و تێڕامان یەکێکە لە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کە مرۆڤایەتی هەر لەسەرەتای ژیانەوە گرنگی پێداوە، هەرکاتێکیش مرۆڤ هەر لێکۆڵینەوە و باسێك لەبارەی بابەتێکەوە ئەنجام ئەدات ئەوا پێویستی بە کۆمەڵێك کەرەستەی جیاواز دەبێت کە ئەو باس و لێکۆڵینەوەیە چوارچێوەیەکی زانستیانە وەربگرێت لە سەرەکی ترین پێویستیەکانی لێکۆڵینەوە (سەرچاوەی بابەتەکانە) کە لێیەوە وەرگیراوە و بۆچونی دەربارە دەردەبڕێت، وە ئەو سەرچاوانەش زۆرن کە دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت ،وەك زانراوە مێژووی دەست نووس دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی وە کۆتایی دێت بە سەدەی سیانزەی کۆچی*

سەرچاوە دەگمەنەکانیش وەك بەڵگەنامەو دەستنوس و کتێبی کۆن و وێنەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێویستە لەسەرمان بیان پارێزین و لێکۆڵینەوەیان لەسەربکەین، سامانی بەلگەنامەودەست نووسی کوردی،لەبەرهەلومەرجی نالەباری کوردستان ونەبونی ناوەندێك بۆ

* المخطوطات العربية / مصطفى مرتضى .- بغداد: مطبعة العمال المركزية، 1983.

کۆکردنەوەو پاراستن و بوژاندنەوە یان دووچاری فەوتان و لەناوچون بووەو لێرەو لەوێ ناڕێك وپێك و بەکەموکوڕی و پەرش و بلاّوی ماوەتەوە .

وەك دەزانین هەر دەزگایەکی ڕۆشنبیری هێمایەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ناساندنەوەو جیاکردنەوەی لەکەلّ دەزگاکانی تردا، هەر بۆیە پێویستە بنکەی پاراستی بەلّگەنامەکان لۆگۆی تایبەت بە خۆیان هەبێت کە گوزارشت لە بیرو هزری بەجێماوبکات ،ئەوانیش دەست نووس و نوسراوەبەجێماوەکانن.

ئەمڕۆدنیا لەسەردەمی جیهانگیریدا دەژی کە سەرتاسەری گۆی زەوی دەگرێتەوە، هاتنە ناوەوەی کلتوری ڕۆژئاوا بە دیوێکدا لایەنێکی باشی هەیە،بەدیوێکی تردا لایەنێکی خراپی هەیە،میللەتان ئەگەر ڕابردوو کەلەپوری شارستانییەتی خۆیان نەپاراستبێ مێژوویان دۆڕاندووە، هەر لەم ڕوانگەوە دامەزراندنی بنکە بۆ پاراستن و ڕونکردنەوەی ڕابردوو زیندووکردنەوەی شانازییەکانی مێژوو بایەخی بەرچاوی خۆی هەیە وەك کۆمەلاّنی پێشکەوتوی دونیا.

ئەم باسە ئەم تەوەرانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت لەوانە :

(1) پێناسە و ناسینی ئەم گەنجینەی زانیاریە گرنگەی ئەمڕۆ لەبەر دەستماندایە ولە شێوەکی کتێبدایە و پێی دەوترێت دەستنووس وە لە کتێبخانەکانەو بنکە وخانەکانی پاراستندا دەبینرێت .

(2) ناسینی هەموو ئەو کتێبخانانەی کە لە کۆنداگەنجینەی ئەم دەست نووسانەبوون و لە ئێستاشدا بنکەی پاراستن و هەلّگرتنیانن.

(3) ناسینی پیشەسازی کاغەز و جۆرەکانی لەگەلّ جۆری مەرەکەب و کەرەستەکانی نوسین و جۆرەکانی خەت .

(4) شێوازی پێرست و پۆلێن کردنی دەستنووسەکان لەگەلّ ناساندی جۆری پێرستەکان ،ئەمە جگە لە شیکاری بابەتیانە .

(5) کارکردن بۆ ساغکردنەوەی دەستنووسەکان و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ناوی ، لەگەلّ کۆپی کردن و سکان کردن و چزوبەند کردنی ئەو سەرچاوانەی کە بەرەو ڕزین و لەناوچون دەچێت کە دواتر وێنەدەگیرێن و دەخرێنەسەر مایکروفلم ،مایکروکارد،مایکروفش،تاوەکو توێژەران وسوودمەندان سودمەند بن لێیان .

**پێناسە :**

دەستنووس بریتی یە لەنوسراوێك یان قەوالّەیەك یان کتێبێك کە بە دەست نوسراوەتەوە ،وەلەلایەن خودی نوسەرەکەوە یان بەخەتی کەسێکی تر (ناسخ) ێك نوسراوە کەلە دوو توێیدا بابەتێکی هزری گرنگ لە خۆ دەگرێت . یان زادەی بیرو هۆشی مرۆڤە لەپێناو پاراستن و لە بیر نەچونەوەیاندا پەنابراوە بۆ گواستنەوەیان بۆ سەر مەوادێك تاکو لە فەوتان ڕزگاری بێت، ڕێدەکەوێت

وێنەیەك بێت یان چەند وێنەیەكی لەلایەن چەند كەسێكەوەلەبەر نوسرابێتەوە لەسەر خواستی (فەرمانڕەوایەك ، پاشایەك ،دەسەلاَتدارێك) .

سەرەتای سەرهەلّدانی دەستنووس دەگەڕێتەوە بۆئەو كاتانەی كە مرۆڤ بۆیەكەم جار ئاشنایەتی لەگەڵ نوسیندادروست كرد، یان بلّێین پیتەكانی دروست كردوناوی نان ،وەدواتر كە فێری نوسین و خوێندنەوە بو و لەپێناوله ناو نەچونی هەموو ئەو زانیاریانەی لەلا گەلاّلە ببوو وەنەفەوتێت ، بیری لە نوسینەوەیانی كردووە تاوەكو لە كاتی پێویستدا بتوانێت جارێكی تر بەكاریان بهێنێتەوە ، چونكە بە مردن یان لەناوچونی ئەو كەسانە هەموو زانیاریەكان لەناو دەچن .

نوسین یەكەم زەنگی بە ئاگاهێنانەوەی مرۆڤە بۆ بەرەو پێش چوون و ئالۆگۆركردنی بیروڕاو و سوود وەرگرتن لە بەرامبەرەكەی ، زۆر نوسراوو دەستنووس هەیە بە زمانە لەناو چوەكان نوسراون و ئێستا لە بنكە و كتێبخانە گەورەكانی جیهاندا پارێزراون.

هەروەك دەزانیین مێژووی ئەم گەنجیینەزانیاریانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش داهێنانی چاپ و چاپخانە ، بەلاّم لەو ولاّتانە یان ئەو ناوچانەی كە چاپخانەی لیّ نەبووە سەرچاوەكان هەر بە دەست خەت نوسراونەتەوە ، هەر بۆیە ئەو سەرچاوانەی بەدەستخەت نووسراون پێیان دەوترێت دەست نووسن بەلاّم ئەو چاپكراوانەی بە دەست چاپكراون (گابعە) پێیان دەوترێت چاپكراو ( دەست چاپ ، چاپ نووس) .

سەرەتای سەرهەلّدانی دەستنووس (بە شێوەی كتێب) دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی زاینی تا كۆتایی سەدەی سانزەیەم ، لەدوای ئەم مێژوەوە چاپ دێتەپێشەوەو چاپخانە بەدەر دەكەوێت ،كە مێژوەكەی بۆسالّی ( 1450 ) دەگەڕێتەوە .

هەندیّ سەرچاوە ئەوەیان ئاشكرا كردووە، كە كۆنترین دەستنووسی عەرەبی كەدۆزاوەتەوە نووسراوی لەسەر بووە، لەسەر وەرەقەی بەردین بووە، كە لە 27 وەرەقە پێك هاتووە، مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (884)ی هیجری، بەلاّم لەسەر شێوەی لەفاف نەبووە، بەلّكو لەسەر شێوەی كراس بووە.

ئەم دەستنووسانە لەسەر پێستی ئاژەڵ یان تاتە قوڕ (نوسراوی قوڕی ) یان توێكلّ و گەلاّی دارو ئێسقان وكاغەز نوسراوە.

## پێکهاتەکانی دەستنووس:

ئەو مادده سەرەکییانەی لەکاتی نوسیندا بەکاریان هێناوە

1. پێستە.
2. کاغەز
3. مەرەکەب.
4. قەڵەم- قامیش- پەڕی باڵندە.
5. مەرەکەب دان ( شوێنی هەڵگرتنی مەرەکەب )

• پێستە: بریتیە لە پێستەی ئاژەڵ (مەڕ ، بزن، ئاسك، مانگا....هتد) ، پاش ئەوەی مووەکەی لێ دەکرێتەوە، خۆشە دەکرێ و وشك دەکرێتەوە،ئامادە دەکرێت بۆ نوسین وە پاشان لەسەری دەنووسرێت، بەلاَم لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی تر بەپێی گەورە و بچووکییان جیاوازییان هەیە، پێستی ئاسك باشترە، چونکە نەرمەو (مرونە) ی تێدایە، ڕەنگی مەرەکەبەکە لەسەری بلاَو نابێتەوە.

• کاغەز : هەروەك دەزانین چینییەکان یەکەم گەل بوون لە جبهاندا کە کاغەزیان داهێناوە، وەلەلایەن (تسایلون )ەوە بوو، زۆربوون و سەریهەڵدان و بەکارهێنانی دەگەڕێتەوەبۆ چارەکی کۆتایی چەرخی دووەم ، پاشان گەلانی ناوچەکە ئەم پیشەسازیەیان قۆستەوەوهێنایان بۆوڵاتانی ڕۆژهەلاَت ن دواتر بە هەموو جیهاندا بلاَوبووەوە.

کاتێك کە دەسەلاَتی ئیسلام فراوان بوو ،توانیان شاری ( سەمەرقەند ) لە ساڵی 87کۆچی بخەنەژێر ڕکێفی خۆیانەوە ، ئەوکاتە لە سەمەرقەند دا کارگەی دروست کردنی کاغەز هەبوو ،کواتە سەمەرقەند یەکەم شاری ئیسلامی بوو کە کاغەزی بەرهەم دەهێنا .

سەرچاوەمێژووییەکان دەیسەلمێنن کە هاروونە ڕەشید یەکەم کەس بووە کە کارگەی بەرهەم هێنانی کاغەزی لە بەغداد بنیادناوە ،لە سەردەمی عەباسیەکاندا وێنەی ئەم کارگانە لە بەغدادا بەدەر کەوتن ، ئەمەش بوە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی نوسیندا ، چونکە ئەم کارگانە بوونە هۆی گەشەکردنی بازاڕی بیر و هزر ن لەلایەکی تریشەوە پەرەی بە بزوتنەوەی وەرگێڕان دا ،ئەمەجگە لەوەی بە سەدان کەس سوودیان وەرگرت ، لەوانە :

زۆرکەس خۆی بە کڕین و فرۆشتنی کاغەزەوە خەریك کرد ، ئەمەبێجگە لەوانەی خۆیان بەکاری ( خۆش نووسین ، چزوبەند کردن، کڕین و فرۆشتنی کتێبەوە ( دانراو و وەرگێڕراو )وە خەریك دەکرد.

( ابن ندیم ) لە کتێبەکەیدا ( الفهرست ) باس لەوە دەکات کە بەغداد لەم سەردەمەدا بووە بە پێشەنگی مەزن ترین دەزگای زانستی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەلاَتدا ، هەروەها باس لە جۆرەکانی

کاغەز دەکات و ناوی جۆرەکانی دەهێنێت ، کۆمەڵێك خەڵك دەرکەوتن لە بەغداد کەخەریك بوون بە وەرەقە و نوسین (کتابە) و بەرهەم هێنانی کتێب (صناعەت)ی کتێب ، بەمانەیان دەوت (الوراقون).

بەلاَم کاغەزی بەغدادی لە باشترین جۆرەکانی کاغەز بووە وەتایبەتمەنێی خۆی هەبووە لەوانە :

* لە قەبارەدا گەورە بووە .
* زۆر تەنك نەبووە.
* توانا نوشتانەوە و لول کردنی هەبووە بیٚ ئەوەی کاریگەری لەسەر کاغەزەکە دروست بکات .
* زیاتر بۆ نوسینی قورئانی پیرۆز بەکارهاتووە .

جۆری ئەو مادەخامەی کە کاغەزەکەی لێدروست کراوە بەڵگەی سەلمێنەرە کە تەمەنی کاغەزەکە چەند دەمێنێتەوە ، ئەو مادانەش زیاتر لۆکە و ئاوریشم و مادەی سلیلۆز و هاڕاوەی تەختەبوون ، کە ئەمانە پێك هاتەیەکی توند و بتەو بەکاغەزەکە دەبەخشن ،وەتەمەنی درێژ دەکات ، هەر بۆیە دەڵێن ئەم کاغەزانە مادەیەکی ئۆرگانیە بە بەراورد بە کاغەزی ئێستا ،کە زۆر تەنکە و ئەو مادانەی تێدا بەکارنایەت وە تەمەنیان کورت ترە، هەروەك دەزانیین ڕێگاکانی بەرهەم هێنان چونکە ڕازە بە هیچ کەس ناوتریٚ .

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك سەرچاوە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە کۆنترین دەستنووسی عەرەبی کەدۆزراوەتەوەو نوسراوی لەسەر بووە لەسەر وەرەقی بەردین بووە کەلە (27) وەرەقە پێکهاتووە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(884) ی هیجری.

ئەوانەی کەهەستاون بەنوسینەوەی دەستنووسەکان و فرۆشتنەوەیان و فرۆشتنی وەرەقی دەست نووسەکان پێیان دەوترا(الوراق)، بەغداد بازاڕی گەورەی الوراقی بەخۆیەوە بینی زیاتر لە (100) شوێنی هەبووە ئەمکارەی تیا ئەنجام دراوە بەتایبەتی لەسەردەمی مێژوو نووس (الیعقوبی) ئەم چینە ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە مێژووی ڕۆشنبیری ئیسلام.

## جۆرەکانی کاغەز بریتین لە :

1. سلێمانی
2. طلحی
3. فرعەونی
4. جەعفەری
5. تاهیری
6. بەغدادی
7. السمیك
8. المتین
9. کالعلون
10. عەتین
11. خۆراسان
12. الصغیل .
13. طری

1

• **مەرەكەب (حبر)** : بريتى يە لەهەندێك ماددەی جياواز وەك خەڵوز ، ڕەنگی گوڵ كەوەكو مەرەكەبی ئەم سەردەمە سوديان لێوەردەگرت ئەويش پاش ئەوەی دەيان كوڵاندو ئاوەكەيان دەگرت دواتر لەكاتی نوسيندا بەكاريان دەهێنا ، زۆرترين ڕەنگ كە بەكارهاتووە ڕنگی ڕەش بووە ، چونكە بەئاسانی دروستكراوەو ڕەنگێكی پەسەند بووە لای نوسەران وناسخ و خۆشنووسەكان .

گرنگی مەرەكەب لەوەدايە كە مادەيەكی بنەڕەتيەو شوێنی خۆی لەسەر لاپەڕەكان بەجێ دەهێڵێت ،هەر بەهۆی ئەميشەوە دەتوانيين ڕەسەنی سەرچاوەكان و بەڵگەنامەكان بسەلمێنيين ، ئەمەش بەهۆی تەمەن و پێك هاتەكەوەيە ، ( قلقشندی) لە كتێبی ( صبح الاعشى فى صناعه الانشا) ئاماژە بە چۆنيەتی دروستكردنی مەرەكەب دەكات ، هەروەها ( ابن باديس) ناوی (30) سی جۆر ڕێگا دەهێنێت بۆ دروست كردنی مەرەكەب لەوانە مەرەكەبی ( ڕەنگاوڕەنگ، مەرەكەب كە سيفاتی نهێنی تێدا بێت ،لەگەڵ مەرەكەبی وشك و سوور و ئاڵتونی و ياقوتی و فستقی و چەندان جۆری تر لە ڕەنگ) .

هەر لەگەڵ دروست كردنی مەرەكەبدا مرۆڤ بيری لەوەش كردۆتەوە بۆ كوژاندنەوەی هەڵەكانی سەر كاغەز ژێر بەكار بهێنێت ، لەبەر ئەمە بير لە مادەيەكی تر كراوەتەوە كە وەك شتێ سوودی لێ وەرگيراوە و مەرەكەبەكەی نەهێشتوە و كاڵی كردۆتەوە ، هەندێ جاريش پارچە كاغەزێكی تەنك بەكەتيرە لكێنراوە بە نوسراوەهەڵەكەوە دواتر نوسينيان لەسەر نووسيوە و هيچ ئاسەوارێكی هەڵە بەديار نەكەوتووە .*

جۆرەكانی مەرەكەب:

1. مەرەكەبی كاربۆن.
2. مەرەكەبی حديد(لەپيشەسازی ئاسن وەرگيراوە)
3. مەرەكەبی حفصی.
4. مەرەكەبی سوور.
5. مەرەكەبی چاپ نووس.

• **قەڵەم** : هۆكارێك بووە بۆ كاتی نووسين بە كاريان دەهێنا ،وە سودێكی زۆريان لێوەر دەگرت لە تۆماركردنی نوسينەكاندا، هەروەها پيرۆزترين ناووكەرەستەيە كە بۆ پاراستنی سەرچاوە هزری و بيريەكان بەكارهاتووە ، هێندە پيرۆزە تەنانەت خوای گەورە سەێندی پێ دەخوات (ن و القلم وما يسگرون ) ، قەڵەم ڕۆڵێكی گەرەی گێڕاوە لە نوسينەوەی كەلەپورو بەرهەمی زانستی هەر نەتەوەو

گەلێکدا ، قەڵم چەکی بیرە کە خاوەن هزرێکی مەزنە بۆ گواستنەوەو گەیاندنی هەموو پەیامەکانی مرۆڤایەتی .

جۆرەکانی قەلەم کە بەکارهاتووە لە لایەن نوسەران وناسخەکانەوە ئەمانەن :
1. پەڕی باڵندە.
2. قامیش.
3. کانزا.
4. تەختە داری تایبەت بۆ ئەم مەبەستە .

- مەرەکەبدان : (کەرەستکانی پاراستنی مەرەکەب) .

مەبەست لەم ووشەیە تیاهەڵگرتنی مەرەکەبە وەك (شووشەدان ) یان هەر کەرەستەیەکی تر کە مەرەکەبی تێدا هەڵبگیرێت بۆنمونە ڕەنگە لە قوڕی سوورەوەکراو لە شێوەی پەرداخدا دروست کرابێت ، یان پاراستنیان لە ناو گوێزی هیندیدا کە بۆئەم مەبەستە سازێنرابێت ، یان لە کانزای وەك مس و زیو دروست کرابێت ، بەمە وتراوە ( محبره)

شێوەکانیشیان جیاواز بووە لەوانە ( بازنەیی ، چوارگۆشەیی ن لاکێشەیی ) ، جگە لەم کەرەستەیە ئەم کەرەستانەی تریشی لەگەڵدا بەکار هاتووە .
*شوێنی دانانی قەڵەم .
* ڕاستە بۆهێڵ کێشان .
* قەڵم دادان ( کە ڕەنگە زیاتر بە چەقۆ دادرابێت) .

- **خەت و نووسین :**

خەت هونەرێکە لە هونەرە ڕەسەنەکان ، چونکە بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی گواستنەوەی زانیاری دادەنرێت ، لەگەڵ ئەمەشدا هونەری جوانکاری تێدا بەکاردێت بۆکاتی خوێندنەوە . چونکە کاریگەری خێرا خوێندنەوە بەجێ دەهێڵێت .

خەت و خەت نووسین لە کۆنی ونوێدا بووە بە پیشە بۆ هەندێ کەس ، چونکە بۆ بژێوی ژیانیان سوودیان لێ وەرگرتووە بەمانە دەڵێن: ( خۆش نووس) . بەڵام ئەمڕۆ ئەم خۆشنووسانە زیاتر تەنها کاری تابلۆو لافیتە ئەنجام دەدەن ، چونکە ئەو تەکنەلۆجیایەی ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە کاری (نوسنی دەست )ی پەك خستووە وبەکارنایەت . بەڵام لە ڕابوردودا هەموو کارێك بە دەست ئەنجام دراوە ، لەبەر ئەوە ئەم پیشەیە هونەری زۆری تێدا بەکارهاتووە ،تاوەکو خوێندنەوەی خێراو حەزی خوێندنەوە

زۆرتر دروست ببێت لای بەرامبەرەکەی ، هەر لەبەر ئەمەشە کەخۆش نووسەکان هەڵسان بە جیاکردنەوەی خەتەکان و دانانی یاسا و ڕێسای تایبەت بەم کارە ،تاوەکو جیاکاری لە نوسراوەکاندا بکرێت ،ئەمەش بەهۆی جۆری خەتەکانەوەبوو.

خەتی عەرەبی کە لەسەرەتای هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆزدا بەکار هێنراوە هیچ نوختە و سەرو بۆرێکی نەبووە دواتر هاتوون بۆیان زیادکردووە ،ئەمەش بەمەبەستی لەڕاست خوێندنەوەی ئایەتەکان بووە .

خۆش نووسەکان لەکاتی نوسیندا پەیڕەوی بۆشایی نێوان وشەکان و نێوانی نێو نێوانی نێو دێڕەکان و گەورەی و بچوگی پیتەکان وەك یەك دەکرا ،تاوەکو جوانیەکی نازدار بە نوسینەکە ببەخشێت .

ئەو دەست نووسانەی ئەمڕۆ لە کتێبخانە و خانەکانی دەستنووسدا دەبینرێن زیاتر نوسیەنەکانیان بۆ سەردەمەکانیان دەگەڕێتەوە ،چونکە لە هەر سەردەمێکدا جۆرە خەتێك باوبووە .، نمونەیەك لەو جۆرانەش :

(1) خەتی کوفی :

ڕەچەڵکی ئەم خەتە عەرەبیە ، وەلەشاری کوفەی عێراق داهێنراوە ، واتا کوفییە . بەهۆی ئاسانی نوسین و سادەی پیتەکانیەوە هەر زوو بلاْوبوەوە ،وە زۆر لە ناسخەکان پەیڕەوی یاساکانیان کردو وێنەو گوڵ و گەڵای جوانیان لە چوارچێوەی لاپەڕەکاندا دەنەخشاند .

(2) خەتی نسخ :

لەبنەڕەتدا لە خەتی ( نبگی ) وەرگیراوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و زیاتر بۆ نوسینی ( قورئانی پیرۆز )بەکار هاتووە بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمەویەکاندا .

(3) خەتی منسوب

بۆیە پێی دەوترێت (منسوب) چونکە زۆر گونجاوە لە ڕوی ئەندازیاری پیتەکانەوە و ڕێچکەکانی گۆشەی تێدا پەیڕەو کراوە ، وە لە خوێندنەوەدا زۆر ئاسانە ، لە نمونەی جۆرەکانی تریش کە بەکار هاتووە ئەمانەن( مغزی ،دیوانی ، فارسی ، رقعە ، حیجازی، سولْتانی،ئەندەلسی ، مغربی، سولْتانی ، قورتبی ،.......هتد).

## چەند نموونەیەك لە وێنەی دەستنووسەکان لە نێو کتێبخانەکاندا











## جۆرەكانی دەستنووس :-

- •دەستنووسی ڕەسەن: ئەم جۆرە دەستنووسە بەدەستی نوسەر خۆی نوسراوە، زۆرترلەناو گەنجینەی سولتانەكاندا هەبووە .
- •دەستنووسی وەرگیراو: ئەم دەستنووسە لەدەست نووسی یەكەم وەرگیراوە وەك خۆی نوسراوەتەوە بەبێ هیچ زیادو كەمێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت وەك نوسخە ئەسڵییەكەی.

- دەستنووسی لەنگ: ئەو دەستنووسەیە کەبەشێك یان لاپەڕەیەك یان چەند لاپەڕەیەکی لێ دڕاوە یان قرتاوە هەندێك جار لاپەڕەی نوێ نوسراوەتەوەو خراوەتە جێی ئەو لاپەڕەیەی کە دڕاوە،ئەم دەستنووسە اعتماد ناکرێتە سەری چونکە زانیارییەکانی هی خۆیەتی زۆرجار ئەم دەستنووسانە ناوی خاوەن دەستنووسەکەی ئاشکرانییە یان ساڵی نوسینەکەی بە خەتی ئاشکرا نەنوسراوەو دیارنییە.
- دەستنووسی قۆناغی: ئەو دەستنووسانە دەگرێتەوە کەنوسەر لە قۆناغێکدا نوسیویەتی پاشان لەقۆناغێکی تردا یان دوای چەند ساڵێك دەستنووسێکی تردەنوسێت واتە بەفتراتی زمنی دەردەچێت بەلاّم لەژێر یەك ناونیشاندا زیادە دەخاتە سەری.
- دەستنووسی وێنەدار: بریتی یە لەو دەستنووسەی کە کۆمەڵێك وێنەی لەخۆ گرتووەیان لە چوارچێوەی دەستنووسەکان بە زەخرەفە نەخشێنراوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی دەست نووسەکان هەندێك نوسین بەچواردەوریدا نوسراوە.
- دەستنووس بە شێوەی زنجیرە: بریتی یە لەو دەستنووسانەی کە بە چەند زنجیرەیەك دەرچووە ئەمیش بە هەمان شێوە لە ژێر یەك ناونیشاندایەو باسەکانی تەواوکەری یەکترن.[72]

## ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی نەمانی دەستنووسەکان دەدەن.

هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی کە خاوەن دەست نووس و بەرهەمی بیر و هزرە نوسراون ، سوورن لەسەر پاراستن و پارێزگاری کردنیان لە فەوتان و لە ناوچوون ،چونکە ئەم سامانە جارێکی تر بەم شێوە و سێوزازە بەرهەم نایەتەوە وە بە کەلەپوور و شارستانی بوباپیرانمان هەژمار دەکرێت .

هەموو گەلێك شانازی بە چەند شتێکی خۆیەوە دەکات لەوانە ( مێژوو ، شارستانی ، دەوڵەتداری ، دەسەلاّت ،داهێنان لە هەر بوارێکدا ،ژینگە ، سامانی سروشتی ...هتد) .بەلاّم لەمانە گرنگتر شانازیە بە بەرهەمی زانایان و ناوداران و بیرمەندانەوە کە توانیویانە بەهۆی بیر و باوەڕە جیاوازەکانیانەوە کاریگەری باش لەسەر خەڵك بەجێ بهێڵن و نەوە لەدوای نەوە ڕەنگدانەوەی هەبێت .

یەکێك لەم کارانە مانەوەی دەست نووسەکان و چۆنیەتی پارێزگاری کردنیانە ،هەبۆیە دەبیستین و دەخوێنینەوە کە زۆر لە میرەکان و دەسەلاّتدارەکان هانی ( ناسخ)ەکانیان داوە کە باشترین جۆری

---

72 فضل كليب، المخطوطات والدليل العلمي والعملي للفهرسة

كاغەزو مەرەكەب و كەرەستەی نوسین و جۆری خەت بەكاربهێننله نوسینەوەی دەست نووسەكاندا ،تەنانەت هانی لەبەرگرتنەوەشیان داوە بە چەند وێنەیەك ،بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی بە سەرچاوەی سەردەم دەناسرا ،وە خەرجی ئەم تێچونەیان بۆ دابینكردو لەگەڵ بژێوی ژیاندا ،ئەمە وەك هاندانێك بۆ برەودان بە ڕەوتی زانست و زانیاری .

وەك دەزانیین دەست نووسەكان لە پێكهاتەدا لە مادەی ئۆرگانی زیندوو دروست كراون ،ئەمانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەڕووی تەمەنەوە ، چونكە هەتاوەكو بچنەناو تەمەنەوە زیاتر لەبارتر دەبن بۆ لەناوچوون وە نەرمییان نامێنێت و ڕەنگی لاپەڕەكان زەردهەڵدەگەڕێت ، كە ئەمە هۆكارێكە بۆ لەناوچوون .

لەگەڵ ئەمەشدا بەرزی پلەی گەرما و بونی تیشكی خۆری بەردەوام یەكێكی ترە لە هۆكارەكان ،هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە كە كتێبخانوبنكاكانی پاراستنی دەست نووسەكان كەشێكی ئارام و لەبار بۆ دەست نووسەكانیان دروست دەكەن ،ئەمەش بە ڕاگرتنی پلەی گەرما و دانانی ڕوناكی دەستكرد و بلاْوكردنەوەی دەرمانی تایبەت تاوەكو ڕێگری لە هەڵهێنانی كەڕوومشەخۆر بكات لە ناو گەنجینەكاندا ،چونكە بوونی شێ ی زۆر یارمەتی دەلرێكی زۆر باشە بۆ گەشەكردنی ( مێرووەكان ) لە ناو گەنجینەكاندا .

لێرەدا ئاماژە بە هۆكارە سەرەكیەكانی لەناوچوونی دەست نووسەكان دەدەین وە بەپێی پێویست ڕوونكردنەوە یان بۆ دەكەین :

1- ڕووناكی خۆر.
2- كەش و هەوا.
3- گۆڕانكاری كتوپڕ.
4- شێ.
5- تەپ و تۆز.
6- زیادبوونی گازی بەخش.
7- (مشە خۆر).
8- ڕووداوی سروستی.

1- ڕووناكی خۆر:- ئەو ڕووناكییەی كە دەیدات لە دەستنووس كاریگەری خراپی هەیەبە تایبەتی لەسەر ئەو كاغەزانەی كە دروستكراوە لەكرۆكی دارو ناوەكەی بۆشە، چونكە مادە سلیلۆز و ترشەلۆكی تێدایە وەكاریگەری تەواو لەسەر لاپەڕەكان بەجێ دەهێڵێت. ، وە زووتر تووش دەبن ، لەگەڵ ئەمەشدا ڕووناكی دەستكردیش تیشكی سەرو وەنەوشەیی لە خۆ دەگرێت وەك تیشكی ( فلورسنت ) هەروەها لە تیشكی خۆری سروشتیشدا بوونی هەیە ،هەموو ئەمانە

زیان بەخشن ئەگەر بە دروستی بەکار نەیەت ، چونکە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ کەم بونەوەی ڕادەی شیّ و وشك بوونەوەی کاغەزەکان و زەردهەڵگەڕانی پەڕەکان و کاڵ بوونەوەی مەرەکەبی وێنە و نوسراوەکان .

کەواتە پێوستە دەستنووسەکان دوور بن لە ڕووناکیی خۆر و ڕووناکیی دەستکرد، واتە (گڵۆپ)ی زەرد بەکار نەیەت بەس گڵۆپی سپی، ئەویش بەپێی توانا، بپارێزرێ لە ڕووناکی سەروو وەنەوشەیی لەجێگایەك دابنرێ کە بەپێی پێوست ڕووناکی لێی بدات و بۆ ماوەیەکی دریاری کراو بێت. وەباشترین شوێن بۆ ئەم مەبەستە (ژێر زەمینە).

2- کەش و هەوا:- گەرمی زۆر دەبێتە هۆی زەرد بوونی وەرەقەکان، بەشێوەیەك هەموویان ڕەق دەبن و هیچ شێیەکی تیا نامێنێ کە یارمەتی نووشتانەوەیان بدات. لەبەر ئەوە پێویستە پلەی گەرمی جێگیر بێت، یان نەگۆڕ بێت، بە شێوەیەك لە نێوان (20-24) پ. س دا بێت. بەلاّم بەپلەی گۆڕاو ئەبێتە هۆی زیان بەخشین بە ناوەڕۆکی لاپەڕەکان

3- گۆڕانکاری کتوپڕ لە پلەی گەرما: یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی تێکچونی لاپەڕەکان وە ڕێگە خۆشکەرە بۆ زەردهەڵگەڕان و ستوّك بوونی پەڕەکان بە گشتی .

4- شیّ، ڕتوبەت:- پێویستە شیّ لەهۆڵەکەدا (30٪) کەمتر نەبێت و (75٪) زیاتر نەبێت، بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، کەمیش بێت.

لەبەر ئەوەی شیّ — ڕتوبەت، یارمەتی گەشەکردنی کەڕوو، یان مشەخۆر دەدات لەسەر دەستنووسەکان وە کار دەکەن بۆ گوڕینی ڕەنگیان، وە بەجێهێشتنی گەرا لەسەر وەرەقەکان، کەئەمەش بەپێی زەمەن ئەبێتە هۆی لەناوچوونی.

5-تەپ و توّز ( توّزوخوّڵ) :- یان تەپ و توّز کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر دەستنووسەکان، لەسەر دیوی دەرەوەی دەستنووسەکە، کە ئەبێتە هۆی تێکچوونی دەستنووسەکان.

6- زیادبوونی گازی بەخش: زیادبوونی ئەو گازانەی کەزەرەرو زیان بەئاو و هەوای شوێنەکە دەبەخشیّ، وەکو گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و نایترۆجین.

7- مێروو— مشەخۆر:- یەکێکە لەسەرەکیترین دوژمنی دەستنووسەکان، لە سەرەکیترین دوژمنە نادیاریەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرەها کەڕوو دەژین و گەشە دەکەن لەسەر لاپەڕە و بەرگی دەستنووسەکان کە بەئاسانی بەرگ و پەڕەکان دەبڕن. وە دەبێتە هۆی کون کردنی دەستنووسەکان لەم دیو بۆ ئەو دیو، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکچوون، پێویستە ناو گەنجینەی دەستنووسەکان بۆ چەند ساتێکی دیاریکراو، یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەرمان بڕێژێت تا زیندەوەرەکان لەناو بچن و قەلاچۆ بن.

بەشێوەیەکی تر هۆکارە بایۆلوجیەکان وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە ( کەڕوەکان ، بەکتریا ، مێرووەکان ) دەگرێتەوە ،ئەمانە هیچیان لەوانی تر کەمتر نیە بۆ لەناوبردنی دەست نووسەکانن چونکە کەڕووەکان بەچاو نابینرێن تەنها بە میکرۆسکۆب نەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی پێناکرێت تاوەکو بەتەواوی ئیشی خۆی دەکات ،لەبەر ئەوەی لە بۆشایی ناو گەنجینەکاندا (لە هەوا)دابلاۆدەبێتەوە ، ئەم زیندەوەرانە بە بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ گەشە دەکەن ولەگەڵ ئەم گەشەیەدا یەکانگیر دەبن ( مانەیان لەسەر بەرگ و لاپەڕەکان) ،چونکە لە بنەڕەتدا ئەم مادانە لە (پرۆتین و سلیلۆز و ئۆرگانی ) زیندوو دروست بوون وە هەمیشە لەبارن بۆ دروست بوونی (کەڕو، مێروو)چونکە پرخواکترین سەرچاوەن بۆ ژیانی کەڕوەکان وەلە کۆتاییدا دەبنە هۆی پچڕاندن و لێبونەوەی پەڕەکان لە یەکتر.

هەروەها لەبەر ئەوەی مێروەکان زیندەوەرێکی بەهێزن و توانا لەناوبردنیان زۆر بەهێزە ،جگە لەمەش ئەو دەست نووسانەی کە لە جێگەیەکی ترەوە هێنراوە بۆ ئێرە وە پشکنینیان بۆ نەکراوە وە لە گەنجینەکاندا دانراون ،هۆکاری گواستنەوەی مێروون بۆ ناو دەست نووسە ساغەکان پێویستە بەبەردەوامی بەدواداچون و پشکنین بۆ سەرچاوەکانی ناو گەنجینەکان بکرێت وە لە هەموو بارودۆخێکی نەخوازراو ئاگاداربن

وەك دەزانیین ئەم زیندەوەرانە جۆریان زۆرە لەوانە ( ئەسپێی سپی ، سیسرك ، مۆرانە ، قرتێنەری ماسی زیوی (کە جۆرێکە لە مێرووە زیان بەخشەکان ) ،ئەماە بە گشتی ڕوخێنەر و لەناوبەری سامانە رۆشنبیر و هزرییەکانن.

پێویستە سەر شێلفەکان خاوێن بکەینەوە بەمەوادی دژە مێروو، بە بەکارهێنانی سۆدیۆم بۆ لەناوچوونیان.

8-ڕووداوی سروستی:

لە ڕوداوە سروشتیەکان ( ڕوداوە کتوپڕەکان ) وەك : ( لافاو ، بومەلەرزە ، زریان ، بورکان ، ئاگرکەوتنەوە، ..........هتد). ئەمانە هەموو بە لەناوبەری سەرچاوەکان و کەرەست رۆشنبیریەکان هەژمار دەکرێن ، وەچاککردنەوە یان زۆر سەخت و دژوارە .

جگە لەم هۆیانە خراپی بەکارهێنانی دەست نووسەکان لەلایەن خەڵکەوە دەبێتەهۆی هەڵوەشاند ن و دڕاندن و تەنك بوونی لاپەڕەکان ،سەرەڕای پیس بونیان بە جێگە پەنجەکە شوێنەواری چەوری بەجێ دەهێڵێت وە کریگەری خراپی هەیە لە ئایندەدا .



جگە لەمانە نەزانینی بەکارهێنانی دەست نووسەکان لەسەر ئامێری کۆپی کردن نکە دەرئەنجامی پەستانێکی زۆر لەسەر دەست نووسەکە دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنی  یان پچڕاندنی پەتی کەمەرەیی دەست نووسەکە.

هەروەها دانانی دەست نووسەکان لەسەر شێڵفەکان بە نەشارەزایی دەبێتە هۆی پسانی بەژن و لاربوونەوەی قەد و شانی دەست نووسەکە .

پێویستە دەست نووسەکان لەسەر شان دابنرێن وە بۆشایی (شاشی ) لە نێوانیاندا هەبێت ،تاوەکو هەوای تەواولێیان بدات ، بەتایبەتی ئەو دەست نووسانەی کە بەرگەکانیان لە چەرمی ساغ دروستکراوە .

وەك دەبینین ئەم دەست نووسانە بۆ ئەوەی ڕادەی شێ کاریگەریان لەسەر دروست نەکات وە قەبارەکانیان گەورە نەبێت ، هاتوون  دووپارچە ئاسنی بچوکی تێهەڵکێشیان داناوە بە لێواری بەرگەکانەوە تاوەکو  بۆ داخستنی دووتوێ ی بەرگەکان سوودی لێوەر بگیرێت ( کە ڕۆڵی کلۆم) دەبینێت.



زۆر خاڵی تریش هەیە کەکاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێت لەوانە دوکەڵی جگەرە و هەوای خنکاو و نەبوونی هەواکێش ،ئەمانە هەموو لە هۆکارە سەرەکیەکانی لەناو چونی دەست نووسەکانن.

• تدوین/ بریتییە لەو سەردەمەی کە موسڵمانەکان قورئانیان لەبەرکردووە، لەگەڵ حەدیسەکاندا لەسەردەمی پێغەمبەردا (ص) پاراستویایە لە فەوتان کە بەخەتی کوفی نووسراوە، لەبەر ئەوەی مەرغووبترین خەت بووە لەو ڕۆژەدا، یان لەو سەردەمەدا.

## هۆکارەکانی لەناو چوونی دەستنووس

1- تێنەگەیشتی خەڵك لەناوەڕۆکی دەستنووسەکان و نەزانین لەبەهای دەستنووسەکان.
2- بەهەند وەرنەگرتن و نەبوونی دەزگایەك (خانەی دەستنووس، یان دەستنووسنامەیەك) کە بە هۆی نەبوونی دەسەلاتی سیاسییەوە ئەمەیان نەکراوە، بۆ کۆکردنەوە و پارێزگاری کردن لە مانەوەیان.
3- چاوچنۆکی تاجرەکان و بەتالاَن بردنی دەستنووسەکان لەلایەن تاجرەکانەوە و بەبازاڕکردنی دەستنووسەکان، دواتر فرۆشتنەوەیان.
4- ڕەنگە نووسراوەکان بیروڕای جیاوازی زۆری تێدابێت کە لەگەڵ بیر و ڕای خەڵکدا نەگونجابێ، چ لەڕووی ئاینیی، یاخود هەر هۆیەکی ترەوە بێت.

5- سووتانی کتێب و لەناوبردنی دەستنووسەکان لەسەرەتای هاتنی ئیسلام دواتر بە فارسی کردنی کولتوور و دەستنووسە ئاینییەکان لەلایەن (هەخمانشین) (پارس) و دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانەوە.[73]

6- زۆر خوێندنەوەی دەستنووسەکان و بێزاربوون لەناوەرۆکەکەیان، بەتایبەتی دیوانی شیعر، وایکردووە جارێکی تر بکرێتەوە بە هەویری کاغەز.

7- لەبەر ئەوەی یەك وێنە یان چەندوێنەیەکی کەمی لەسەر نووسراوەتەوە ،بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەم سەرچاوانەش تەمەنیان بەرەو لەناوچوون چووە دەرەنجامی زۆری بەکارهێنانیان ،لەگەڵ ئەمەشدا هۆکارە سروشتیەکان کاریگەری خراپی لەسەریان هەبووە ،چونکە هەموو ئەم سەرچاوانە مادەی ئۆرگانیین و مشەخۆر کاریگەی لەسەریان هەبووە بۆ لەناو بردنیان ، وە ئەگەر ئەم جۆرەسەرچاوانە لەبەری نەنوسایەتەوە ئەوا زۆر بەئاسانی بەرەو نەمان دەچن .

4) هەمووئەو جەنگانەی بەسەر ئەم ولأتانەدا سەپێنراون ،هۆکارێك بووە بۆ لەناوچوونی ئەم بەرهەمەبیر وهزریانە بۆنمونە : هاتنی هۆلاکۆو گرتنی بەغداد بووە هۆی لەناوچونی سەدان هەزار دەست نووسی گرنگ و جێ بایەخ کەبەسەرچاوەی بنەماکانی ڕەتی زانست دادەنران ،وەوەك دەڵێن دیجلە بە کتێب سوور هەڵگەڕا، هەروەها کاتێك تورکەکان میسریان داگیر کرد زۆربەی زۆری سەرچاوەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەریەیان بەتالأن برد بۆ خۆیان لەڕێگەی دەریاوە ،دواتر ئەو کەشتیەی کە ئەم سەرچاوانەی پێ گوێزرایەوە لە ئاودا غەرق بوو نئەمەش بووە هۆی لەناوچونی هەزارەها دەست نووسە کۆن و بەبایەخی ئەم کتێبخانەیە[74]

چۆنییەتی (خواستنی) دەستنووس لەلایەن خوێنەرانەوە.

دەستنووس، بەهیچ جۆرێك ئیستیعارە ناکرێت (نابرێتە دەرەوەی هۆڵی دەستنووسی کتێبخانە)، تەنها لەکاتێکدا ڕێگەی پێ دەدرێت کە کەسێك بیەوێت بۆ تەنها ساتێك لاپەڕەیەکی لێ بگرێتەوە (کۆپی) بکات، ئەمەش تەنها بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی بالأ (ماجستێرو دکتۆرا)، کە لە لایەن ئەمینداری کتێبخانەوە ڕێگەی پێ بدرێت، ئەو نوسخەیەشی لێی دەگرێتەوە مۆرێکی تایبەتی ئەو کتێبخانەی لێ دەدرێت، بۆ ئەوەی نەتوانرێت بازرگانی پێوە بکرێت.

---

[73] هەژاریی کتێبخانەی کوردی لەڕووی دەستنووسەوە، لێکۆڵنەوەی سەرياس عەلی.

[74] المخطوطات العربية / مصطفى مرتضى .- بغداد: مطبعة العمال المركزية ،1983

## گرنگترین ئامانجەکانی خانەی دەستنووس :

1. خانە ئامانجییەتی ببێت بە سەنتەرێکی مێژووی گرنگ بۆپاراستنی دەست نووسەکان .
2. بەدەست هێنانی هەر سەرچاوەیەك كە لەسەر(باباتێكی دەست نیشان ) كراو نوسرابێت.
3. ناساندنی ناسنامەی مێژووی ئەو ولاْتە  بە جیهان و گەلانی دونیا.
4. كۆكردنەوەو پاراستنی ئەو دەستنووسانەی لای بنەماڵە ناودارەكانن بە هەر ڕێگەیەك بێت.
5. وێنەگرتنەوەی ئەو دەستنووسانەی كە پەیوەندیدارن بەم ولاْتەوە و وێنەیان لە بنكەكانی پاراستنی دەست نووسی ولاْتانی تردا هەیە .
6. كۆكردنەوەی ئەو بیبلیۆگرافیایانەی كە ئاماژە بە بوونی دەستنووسی نووسەرانی ئەو ولاْتەدەكات لەو بنكەیەدا یان ئەو خانەی دەست نووسەدا .

## كارەكانی خانەی دەستنووس :

- جیاكردەوەی دەستنووسەكان بەپێی ( بابەت ، زەمەن یان مێژوو ، زمان،........هتد) .
- پێرست وپۆلێنكردنی دەست نووسەكان بە پێی سیسەمی دیوی .
- (تەهمیش) پەراوێز نوسینی شیكاری بابەتیانە بۆسەرجەم دەست نووسەكان، كەوەك پاشكۆ هەڵدەگیرێت.
- تۆماركردنیان بەپێی خشتەی تۆماری دەستنووس،لەگەڵ ڕەچاوكردنی جۆری زمانی نوسینەكەدا.
- لەچاپدانەوەبە بەردەوامی یان كۆپی كردن یان سكانكردنی ئەو دەستنووس و كتێبانەی كە كۆنن بەرەو فەوتان دەڕوات .
- بنیاتنانی پێرستی یەكگرتوو بۆسەرجەم سەرچاوەكان (دەست نووس، قەوالە، نوسراو ،.....هتد).
- كارئاسانی كردن بۆهەمووئەوكەسانەی كە ڕوولەم جێگەیە دەكەن .
- سەرپەرشتی كردنی بەشی جزروبەند و چاككردن و هێنانەوەسەر وێنەی پێشوی دەست نووسەكان بەبەردەوامی ،تاوەكو بەهای زانستی و مێژوییان وەك خۆی بمێنێتەوە.
- هەوڵدان بۆ بەرەوپێش چوونی چالاكی یەكانی خانەی دەست نووس.
- بەشداری كردن لە خولی مەشق و ڕاهێنان ( لە دەرەوە و ناوەوەی ولاْت)یان لە ناوزانكۆكانی ناوخۆدا لەسەر پرۆسەی پاراستن و مانەوەی دەست نووسەكان وەك خۆی.

# شوێن و جێگەی پاراستنی دەستنووس

شاراوەنیە لای خوێنەرێکی زانستی و توێژەرێکی ئەکادیمی کە زۆربەی زۆری خانە و بنکەکانی پاراستنی بەڵگەنامە و دەست نووسەکان و ئەو کتێبخانانەی کەخاوەنی دەست نووسن نئەم سامانە نەتەوایەتیە هزریە گرنگە لە ژێرزەمینەکاندا هەڵدەگرن و دەپارێزن ، کە جێگەیەکی گونجاووشیاوە بۆئەم مەبەستە ، ڕەچاوی هەموو جۆرە کارەساتێکی نەخوازراوی بۆکراوە هەر لە ئاگرکەوتنەوەی (سروشتی یان دەستکرد) بێ لەگەڵ دابینکردنی ڕوناکی دەستکرد و ڕاگرتنی ڕادەی شێو پلەی گەرمی و پاراستنیان لە مشەخۆر .

پاراستی دەست نووسەکان :

بۆ پاراستنی بەڵگەنامەو دەستنووسەکان لە بنکە و خانەکانی دەست نووسدا جیهازێك هەیە بەناوی ا(**kardex**)کە توانای هەڵگرتن و پاراستنی دەیان دەست نووس لە خۆ دەگرێت ،وەلە دوانزە خانە پێکهاتووە و پاسۆردی لەسەرە بۆ کاتی کردنەوەو بینینی دەست نووسەکان . .



زۆر لە کتێبخانەگەورەکان بۆ دانانی دەستنووسەکان لەسەر شێڵفەکان شێڵفی ئاسن بەکار دەهێنن ،چونگە بەتوانایەو ماوەیەکی نەبڕاوە دەمێنێتەوە ،هیچ ئاسەوارێکی خراپ بەدوای خۆیدا بەجێ ناهێڵێت ، هەرچی شێڵفی تەختەیە جوانیەکی قەشەنگی هەیە و نایاب و سەرنج ڕاکێشە ،بەلاّم

بەزۆربوونی ڕادەی شێ لە ناو شێڵفەکاندا یارمەتی دروست بوونی مشەخۆر دەدات ، بەلاّم ئەگەر ڕێوشوێنی پێویستی بۆبگیرێتە بەر هیچ کێشەیەك بۆ دەستنووسەکان دروست ناکات .


گەنجینەی دەست نووسەکان تۆکمە دروست کراوەو تایبەتە بۆ ئەم مەبەستە نهەر لەبەر ئەم هۆیەشە هیچ خوێنەر و توێژەرێك ناتوانێت دیوی ناوەوەی گەنجینەی دەستنووسەکان ببینێت ن بەڵکو لە ڕێگەی داخوازیەوە لە جێگەی تایبەت کە بۆ بینینی دەست نووسەکان دروست کراوە ،دەتوانێت سەرچاوەکە بینێت و زانیاری لێوەر بگرێت ، ئەم ژوورە کۆنترۆڵ کراوە بە دەگای کۆددار و ئاوێنەی ڕاستەو خۆ و کامێرای شاراوە ، تاوەکو هیچچ کەس نەتوانێت زیان بە نووسراوەکان یان دەست نووسەکان بگەیەنێت ، لەکاتی گەڕانەوەی سەرچاوەکەدا دەبێت لەپێشدا سەرچاوەکە لە پەنجەرەی ژورەکەوە بگەڕێنێتەوە ، پاش پشکنین دەگەڕێنرێتەوەبۆ گەنجینە دوای ئەوەی لە شوێنی خۆیدا دانرا ،ئەمجا دەرگای چونەدەرەوە بۆ توێژەرەکە دەکرێتەوە .

لە نمونەی ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆرن کە بەم شێوازە کاردەکەن وەك کتێبخانەی زانکۆی (لوند) لە ولاّتی سوید.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە بەتەنها هەر نوسراونین بەڵکو بە سەدان دەستنووسی تێدایە کە لەسەر پێستە نەخش و نیگاری زۆر قەشەنگی تێدا کێشراوە و تەمەنێکی یەکجار زۆریان هەیە کە بۆنزیکەی ( 200 - 300 ) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە ،دەتوانیین سوود لەم وێنانەی خوارەوە وەربگرین کە هیچ گومانێك ناهێڵێت .



وێنەی ئەتڵەسە توێکاریەکەی زانکۆی لوّند - سوید



ئەم ئەتڵەسە وێنەی چەندان مرۆڤی تێدایە کە توێکاری جەستەیی بۆکراوە لە هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ) ، ئەم وێنانە بۆ هاوکاری کردنی پزیشکەکانی ئەوسەردەمانە بووە کە زانست هێندە پێشکەوتوو نەبووە ،وەزیاتر پشتیان بەم وێنانە بەستووە کە توێکاری جەستەی مرۆڤە بە هەمووکۆئەندامەکانیەوە وەك( کۆئەندامی دەمار ،هەرس، مێشك ، .....هتد ). وێنەکێشەکانیش سەرکەشیەکی زۆر ترسناکیان کردوە هاتوون بە دزییەوە جەستەی مرۆڤە مردوەکانیان لە گۆڕ دەرهێناوەو پاشان توێکاریان بۆکردووە ،ئەمە بۆهەمووتەمەنەکان ئەنجام دراوە وەك ( منداڵ ، ئافرەتی سك پڕ ، پیاوی توکن ، ........هتد) .

## گرنگی دەستنووس:-

- گرنگی دەستنووس لەوەدایە کە ڕەسەنەو چاپ نی یە (دەست خەتە).
- سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوو یەکلاکەرەوەیە لە سەلماندی زانیاریەکاندا.
- بەهۆی ئەو واژۆو مۆر وپەراوێزانەی لەسەری دەبینرێت گومان لە ڕەسەنایەتەکەیدا نامێنێ
- جۆری وەرەقەکان سەلمێنەری ئەو سەردەمەن کە تیایدا بەکار هاتووە.
- سامانێکی بیر و هزرییە وبوونی لە کتێبخانەدا شێوە و گرنگی ئەو کتێبخانەیە بەخوێنەر ئاشنادەکات.

- مێژوویەکی دێرینی هەیەو دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش ئێستا.
- ئەو بەرهەمە بەرهەمی فیکری نوسەرەکە خۆیەتی لە هیچ شوێنێکی تردا ئەو زانیارییانە دەست ناکەوێت.
- تاك وێنەیەو دەگمەنە ، بەتایبەتی ئەو دەست نووسانەی بۆ پاشا و خانەن شکۆکان نوسراون
- لە لایەکی ترەوە بەهۆی تەمەنی پەڕەو جۆری خەتەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆئەو سەردەمە کە چ جۆرە خەتێك باوبووە.

زۆرجار ئەم دەسەڵاتدارانە فەرمانیان کردوە بە لەبەرگرتنەوەی وێنەیەك یان چەند وێنەیەك لەو کتێبە ، وە ڕاستەوخۆ داخوازییەکەی بۆ جێبەجێ کراوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاوازی لە نێوان ئەم دەست نووسە لەبەرگیراوانەدا بەدی دەکرێت ، چونکە هەر وێنەیەك لە لایەن کەسێکەوە نوسراوەتەوە و ڕەنگە لەکاتی نوسینەوەکەدا ووشەی لەبیر کردبێت یان پەڕاندبێت یان فریای نوسینەوەی نەکەوتبێت ، زۆر جاریش وێنەو نیگارەکانی ناو ئەم دەستنووسانە وەك وێنەی یەکەم بە ئەنجام نەگەیەندراوە ، هەربۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەست نووسێك وێنەی هەبێت مەرج نیە 100٪ وەك خۆی بێت ، چونکە لەوانەیە ناسخەکە لە وێنە نەزانێت یان وێنەکێش نەبێت ، هەروەها زۆرجار جیاوازی لە پەراوێزەکانیشدا بەدی دەکرێت ، لەبەر ئەوە دەبینین زۆر گرانەئەگەر دەست نووسێك ( 2 ) دوو وێنەی لە یەك وڵاتدا دەست بکەوێت ، چونکە وێنەکانی تر پاش تەواوبونیان نێردراوەبۆ شوێنانی تر کە ئەگەری زۆر هەیە بونیان لە کتێبخانەو گەنجینەی دەست نووسەکاندا نەمابێت .

هەروەها ئەگەر لەناوەڕۆکی دەستنووسەکان وردبینەوە ئەو بابەتانەی کە ئاماژەی پێکراوە خەڵکانی سەردەمی خۆی سودمەندبوون لێی کە لەوسەردەمەدا تازەترین زانیاری بووە کە بڵاوکراوەتەوە وئەو زانیارییانەش جیاوازن وەك:(فەلسەفی ،ئاینی ، زانستی،بیرکاری،ئەندازیاری ،پزیشکی...هتد) یان هەرچەشنە زانیارییەك بێت کەلەسەردەمی خۆیدا گرنگ بووە.

ئەم دەستنووسانەلە زۆر تەوەر دواون و زۆر بابەتی سەردەمیانەی ئەو کاتەیان لەخۆ گرتوە، ئەمەش بۆئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە کە دەست نووسەکەی تێدا نوسراوە، وە ئەمڕۆ دەتوانیین سوودیان لێوەربگرین ، تەنانەت جۆری دەست خەتەکان و بەکارهێنانی جۆری خەتەکان لە هەر سەردەمێکدا مۆدێلی پێوەدیار بووە، خەتەکانیش وەك : (نوسخ ، منسوب ، روقعە ، دیوانی ، کوفی ، پلپ،.........هتد) . ئەمە جگە لە زمانی بیانی کە بە جۆرەها خەت نوسینیان کردوە.

ئەو بابەتانەش کە نوسراوەتەوە زۆر پەیوەست بووە بەو شوێنەوەبۆ نمونە لە کۆشکی پاشا و میرەکاندا زۆر بابەت لە کتێبخانەکانیاندا بوونی هەبووە لەوانە : ( دەسەڵات ، یاسا ،ڕێنمایی ، مامەڵەی بازرگانی ، هونەری جەنگ، ئامۆژگاری ن ئەدەب بە هەموولقەکانیەوە ، فەلسەفە ،

...هتد ) ئەمە بێجگە لە بابەتەکانی وەك نۆژداری و دەرمانسازی و تەلارسازی و بیرکاری و گەردوناسی و ئەستێرەناسی و........ ).

دەستنووس لەڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوادا بلاّوبونەوەی خێرای بەخۆیەوە بینی وە زۆربەی گەلانی بە خۆوە خەریك کرد ، لەڕۆژهەلاّت گەلانی وەك : چین ،فارس،عەرەب، تورك، هیند ......هتد.، لەڕۆژئاواش یۆنان و ئەو گەلانەی بە لاتینی دەنووسن .

هەندێ دەست نووس با مێژوویەکی دێرینیشی هەبێت ئەمە زۆر گرنگ نیە وەك ئەوەی ناوەڕۆکەکەی جێ بایەخ بێت چونکە هەمیشە جێ بایەخەکان مایەی لێکۆلینەوەن لە ناوەڕۆکەکانیان بە تایبەتی ئەو دەست نووسانەی باس لە بابەتە هەستیارەکانی وەك ( شەریعەت ، یاسا ، ڕاڤە و لێکدانەوەی فەرمودەپیرۆزەکان و ڕاوبۆچون و تێگەیشتن لە فەلسەفە و ساغ کردنەوەی بیر وباوەڕ و بەڕێوەبردنی ولاّت ..... ) دەکەن .

دەستنووس و بەلّگەنامەی ڕەسەن خۆی خۆی دەسەلمێنێت وە زۆر پێویستی بە شیکاری لێکۆلەرەوان نیە ،چونکە ناوەڕۆك و شێوەی داڕشتن و کلێشەی نوسراوەکان سەلمێنەری ڕاستیەکانن، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پێویستە بەلّگەنامەو دەست نووسەکان زۆر تەقدیس نەکرێت باشە ، چونکە ناوەڕۆکەکەی ئەم دۆخە دەسەلمێنێت نەك لێکۆلّەر کە پشت بە شیکاری هزری خۆی دەبەستێت .

بەهۆی گرنگی ناوەڕۆك و ناوبانگی دەستنووسەکانەوە بزوتنەوەی وەرگێڕان لە جیهاندا سەری هەلّدا ، بۆنمونە : کتێبی (کەلیلە و دیمنە ) کە دانراوی فەیلەسوفی هیندی مەزن ( بەیدەبا ) یە بەهۆی ناوداری نووسەرەکەو ناوبانگی ناوەڕۆکەکەیەوە بووئەو هەموو ناوداریەی پەیدا کرد ، تا کار گەیشتە ئەوەی میر و پاشاکان بیریان لە پەیاکردنی دەکردەوە بە هەر ڕێگەیەك بێت. وەك زانرا شای ئێران نێردراوێکی تایبەتی نارد بۆ پەیا کردنی ئەو کتێبە و هەموو کارئاسانیەکی بۆکرد ، پلانەکەش لە کۆتایدا سەری گرت .

زۆربەی زۆری ئەو دەستنووسانە بە بەلّگەنامە دادەنرێت کەلەسەردەمێکدا نوسراوەو ئەرکێکی زۆری پێوە کێشراوە تەنها تەرکیزیان کردۆتە سەر فیکرو هزری خۆیان کەئەمەش دەبێتە هۆی ماندووبونێکی زۆر بۆ نوسەرەکە ، ئەمەش بەهۆی نەبوونی تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنی سەردەمییانەوە.

نوسینی دەستنووسەکان لایەنی هونەری تەکنیکی زیاتر تێدابەکارهێنراوە تابەشێوەی تۆمارکراوی ئەندازەیی بخرێتە بەردەستی خوێنەر وزەغرەفەو نەخش و نیگاری زۆری بۆ کێشراوە بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت ، هەروەهاخوێندکارانی خوێندنی بالاّو توێژەران دەتوانن سودی لێوەربگرن.

دەستنووس بایەخێکی جیهانی هەیەو وەکو سەرمایەیەکی نەتەوەیی تەماشادەکرێت لەهەموو سەرمایەیەك بەنرخترە وە مامەلّەی پێوە بناکرێت چونکە دەستنووس سامانێکە لەنرخ نایەت.

دەستنووس کەرەستەیەکی گرنگە لە زۆربەی ئەو بوارانەی کە هەستی پێناکەین بەتایبەتی لە مێژوودا ، ئێمە بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر زاناو ڕوناکبیری کارامەمان هەبووە لە بوارەکانی شەریعەو زانستە دینییەکان ومێژوو فۆلکلۆروفەلسەفە و ئەدەب دا ئەمانە بەشی زۆریان دەستنووسیان هەبووە و لەدوای خۆیان جێیان هێشتووە کەزۆر لایەنی گرنگی تێدا بووە ، پاراستنی ئەم دەست نووسانە تەنها ئەرکی حکوومەت نییە هێندەش پەیوەندی بە هۆشیاری خێزان و ئەو خانەوادەوە هەیە کەخاوەنی ئەو دەستنووسەن ئەو کەسانەی لەو خانەوادەدا دەستنووسیان لایە لەپاش نەمانی خۆی دەبێت بەمولکی ئەو خەڵکە بۆیە پاراستن و سودوەرگرتنی زۆر گرنگە.

بەداخەوە تائێستا ئێمە خانەیەکی ئەرشیفمان نییە کەوا دەستنووسەکان وەك پێویست پۆلێن بکات،ڕاستە چەندساڵێکە ئێمە ئەرشیفی نەتەوەییمان هەیە تاڕادەیەك توانیویەتی هەنگاو بنێت بەڵام لەچاو ئەو ئەرشیفانەی کەلە دنیای پێشکەوتوودا هەیە هیچ جۆرە تەکنەلۆجیایەکی وامان نییە بۆ فۆتۆ کۆپی و وێنەگرتنەوە وموعالەجەی ئەو دەستنووسانەیپێبکرێ کەبەشێکی زۆریان خەریکە بەرەو فەوتان دەچێت بۆیە هەرچەند باس لەگرنگی دەستنووس بکەین لەهەربوارێکدا بۆئەو بابەتەی کەبۆی نوسراوە کەمەو ناتوانین بەتەواوەتی حەقی خۆی بدەینێ.

مێژووی دەستنووس بەگشتی مێژووی بەرلە هاتنە کایەی ئامێری چاپ کردنە ، دیارەهەموو ئەو دەست نووسانەی ئەمڕۆ لە کتێبخانە و بنکەکانی پاراستنی دەست نووس و بەڵگەنامەکاندا دەبینرێن گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کە ئەمانە بەرهەمی بیر و هزری مرۆڤن و لە پێناو لەبیرنەچونەوەو پاراستنیان لە فەوتان نوسراوەتەوەو هەڵگیراون،

هەرلەبەر ئەم هۆیەش بووە بیرۆکە و ئەزموون و پەندەکانی ڕۆژگاری لەسەر پێستەو ئێسقانی ئاژەڵ و گەڵای درەخت و تاتەقوڕ .... وەلەکۆتایدا کاغەزی بەرهەم هێنا ، پاشان خۆی ڕزگارکرد لەم سەرچاوەباوانە ،دواتر بۆهەڵگرتن و پاراستنیان سەرچاوەی تەکنیکی بەکارهێنا وەك( شریت ، قەوان ، فلیم ، c.d....).

## بەڵگەنامە دەست نووسەکان ( الوثائق المخطوطة )

مەبەست لەو قەواڵەو بەڵگەنامانەیە کە بەدەست نوسراون لە سەردەمەکۆنەکاندا لەلایەن لایەنێکی دەسەڵاتدارەوە یان کەسایەتەدیارەکانەوە .

ووشەی ئەرشیف زیاتر لە ناو هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دا بەکاردێت ، ئەرشیف (Archiviam) لە لاتینیەوەوەرگیراوە وە ووشەی ارکیان ( Archeian) یۆنانیە بە رامبەر بە

(کاغەز و قەواڵە ) دێت، بەلاَم ووشە یۆنانیەکە بە مانا زمانەوانیەکەی ( جێگە یان قەواڵەدانراوەکان ) دەگرێتەوە.

ئەم ووشەیە لە سەدەکانی ناوەڕاست و نویَ دا گۆڕانکاری بەسەر هات و بەمانای ئەو قەوالاَنە دێت کە لەکاری دەزگاکانی حکومەت و دەوڵەتدا بەرهەم دەهات وە مامەڵەی پێدەکرا .

ئێستا ووشەی ئەرشیف هەموو ئەو قەواڵە و بەڵگەنامەو دەستنووس و نوسراو و هەروەها ئەو تۆمارە پارێزراوانە دەگرێتەوە کە لە خانەی پاراستنی بەڵگەنامەحکومی و دامەزراوەگشتیەکاندا بونیان هەیە ، کەواتە ئەرشیف بریتیە لە گەنجینەی گشت قەواڵە و بەڵگەنامەکان کە بە شێوەیەکی رێك و پێك رێکخراوەو ریزبەندی بە پێی بابەت ، ناونیشان ، ژمارەی پۆلێن بۆکراوە بە شێوەیەك کە لەکاتی پێویستدا بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین ماوە بگاتە دەستی توێژەر و لێکۆڵەر .

ئەرشیف دەرەنجامی چالاکی کۆمەلاَیەتی بەرهەم هاتووە و ڕەنگدانەی کەلەپوری کۆمەڵگان بە هەموو شێوەو ڕوەکانیەوە هەر لە ڕووی ڕامیاری ، سەربازی ، کۆمەلاَیەتی ، ئابووری ، پەروەردەیی , رۆشنبیریەوە ، وە پەیامەکەی بریتیە لە ( ان یکون فیها مکان لکل شئ فی مکانه) واتە ( هەموو بەڵگەنامەیەك جێگەی خۆی هەبێت ) .

نرخاندی ئەم جۆرە بەڵگەنامانە بەپێی گرنگی جۆری بەڵگەنامەکە تەماشا دەکرێت و ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بە هەند وەردەگیرێت ، سەرەڕای بونی ئیمزاو مۆر کە سەلمێنەری بەڵگەنامەکەیە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کتێبخانە نیشتمانیە گەورەکاندا بەشی ئەرشیف کۆمەڵێك لقی لێدەبێتەوە کە زۆر تایبەتمەندەو سەرچاوەکانی ناوی زۆر گرنگ و دەگمەنن ئەم سەرچاوانەش دابەش دەبن بۆ هەریەك لە مانەی خوارەوە :

# جۆرەکانی بەڵگەنامە و ئەرشیف :

*** بەڵگەنامەی هەمیشەیی:**

بریتین لەو بەڵگەنامانە کە دەبێت بۆ هەمیشە هەڵبگیرێن ،چونکە بایەخێکی گرنگی زانستی و مێژووی هەمیشەییان هەیە و سەرچاوەیەکن لە سەرچاوە مێژوویەکانی نیشتمانی و هەمیشە و بەردەوام پێویستمان دەبێت ، وەلەکلتی پێویستیدا بۆیان دەگەڕێینەوە و زانیاریەکانی لێوەر دەگرین و بابەتەکانی پێ چارەسەر دەکۆێت .

*** بەڵگەنامەی کاتی :**

بریتین لەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆماوەیەکی دیاریکراو هەڵبگیرێن و بپارێزرێن تا ئەو کاتەی توێژەران و لێکۆڵەرەوان بۆ بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی پێویستیان دەبێت . دوای

تەواوبونی ئەو ماوەیە سودی کارگێڕی و بەهای مێژووی خۆی لە دەست دەدات و بەکارنایەنەوەو کاتیان بەسەر دەچێت.

## * بەڵگەنامەی پێویست نەبووەکان :

ئەو بەڵگەنامانەن کە هیچ کاتێك بایەخ و پێویستیەك و بایەخێکی ئەوتۆیان نیە و بەکارنایەن لەڕووکاری یاسایی و مێژووی و کارگێڕی . پێویس ناکات هەڵبگیرێن وە لەناو دەبرێن .

بەلاّم هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لە کتێبخانەی نیشتمانیدا هەن لە جۆری یەکەمن وە بایەخی زۆری پێدەدرێت، وە چەند کارێکیان لەسەر ئەنجام دەدرێت لەوانە :

*دەبێ بەڵگەنامەکان تۆمار بکرێ و ژمارەی زنجیرەیان بۆدابنرێ .

*دەبێت ئاماژە بەو سەرچاوانە بکرێت کە بەڵگەنامەکەی لێوە هاتووە بۆ بەشی ئەرشیف

*دەبێت ناوی ئەو دەستە و دامەزراوانەیان لەسەر بنوسرێت کە ئەو بەڵگەنامەی نوسیوە.

* باسکردن و نوسینی بار و سیفەتی بەڵگەنامەکان ،ئایا بەڵگەنامەی بنەڕەتیە ،وێنەگیراوە ، چاپکراوە ،دەست نووسە، تەواوە یان ناتەواوە .

*هەر تێبینیەکی تر کە یارمەتی تێگەیشتن لەو بەڵگەنامەیە بدات .

وەك ئاشکرایە بەڵگەنامە زۆر هەوڵی ساختەکردنی تێدا دراوە ، ئەمەش زیاتر بەمەبەست و مەرامی سیاسی بووە کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە یان لایەنێکەوە هەوڵی بۆدراوە تاوەکو ساختە لە بەڵگەنامەکاندا ئەنجام بدەن پاشان بلاّوی بکەنەوە بە ناوی لایەنی پەیوەندیدارەوە ،

بۆ نمونە لەسەدەی هەژدەیەمدا گاڵتەجاڕی (**قسطنطين**) بلاّوبووەوە کەلەلایەن پیاوانی کەنیسەوە ئەو کات لایەنگری (**قسطنطين** ) بوون ،هەوڵیان دا بەڵگەنامەیەك ساختەبکەن کەناسراوە بە ( دیاری قوستەنتین =**هبة قسطنطين**) **(Dontion of Constantine)** بەمەرامی ئەوەی کە دەسەلاّتی ڕەها بدرێتە ئیمپراتۆر وە دەسەلاّتی تەواوی هەبێت بەسەر هەموو ناوچەکانی ئیتالیادا ، کەلەڕاستیدا پێچەوانەبووبەڵکو دەسەلاّتی نەبێت . پڕۆسەی ساختەکردن لەناو بەڵگەنامە مێژویەکاندا لە کۆن ونوێدا هەر هەبووە و بەمەبەستیش کراوە بۆ نمونە نامەکەی نێوان سەرۆك ی( ابراهام لنکولن) و (ان روتلدج) کە لە گۆڤاری مانگانەی ئەتلەنتیك لەساڵی 1928 بلاّوکرایەوە .[75]

[75] الارشيف و الوثائق و المخطوطات / د.**حسان حلاق** .- بيروت :دار النهضةالعربية ،2003

ئەو کەسانەی کە توێژەرن و دەیانەوێت زانیاری لەسەر بەڵگەنامەو دەست نووسەکان وەربگرن پێش کارکردن لەسەر ئەم بابەتە پێویستەپاشکۆیەکی رشۆشنبیری و زانیاری زۆرباش بوچخۆی دروست بکات تاوەکو یاساو ڕێنمایە پێویستەکان بزانێت بۆکاتی مامەڵکردن لەگەڵ دەست نووسەکاندا .وەشارەزایی باشی هەبێت لەو بوارەی کە دەستنیشان کراوە، وەپشت بەو لێکۆڵینەوانە ببەستێت کە پێشتر لەلایەن کەسانی ترەوە لەسەر ئەم دەست نووسانە ئەنجام دراوە و ئەنجامەکەی بە هەند وەربگرێ ، وە هەوڵبدات هەمووئەو پێرستی بیبلیۆگرافیایانەی لەلایەن بنکەکانی پاراستنی دەست نووس و خانەو پەیمانگاکانی دەست نووسەوە دەردەچێت کە ناوەڕۆك و ناوو ناونیشانی دەست نووسەکان ئاشکرا دەکەن وێنەپەیدا بکات بۆزیاتر شارەزا.

## چۆنیەتی پۆلێن کردنی دەستنووسەکان:-

بۆپۆلێن کردنی دەستنووسەکان هێمای (مخ) ی بۆدادەنرێت یان ژمارەی پۆلێنی (091) ی دەدەرێتێ. ئەمانیش وەك هەر کتێبێکتر پیتی یەکەمی ناو یان نازناوی نوسەرەکە وەردەگیرێت و پیتەکانی تر ژمارەی خۆی وەردەگرێت بەپێی ئەو خشتەیەی کەکاری پێرستی لەسەر دەکرێت . هەندێ پیت هەیە وەك کورتکراوە لەسەر دیوی ناوەوەی دەست نووسەکان دەبینرێت  لە بەرامبەردا ماناکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت وەك مانای ئەم پیتانەی خوارەوە:

- **ق : قرن**
- **ق م : قرن میلاد**
- **ق ه : قرن هجری**
- **اة : انتهی**
- **لامح : لا محالة**
- **مح : محالة .**
- **شاْ :انسأاللة**
- **طرة : صفحة العنوان**
- **ثنا :حدثنا**
- **كك :كذلك**
- **مخ :مخطوطة**
- **مسطرة : سطر**
- **مع : معقول**

- يق : يقول
- نبا : اخبرنا

لێرەدا دەڵێین کاشکی بە زمانی شیرینی کوردیش ئەم هێماو دەستەواژانەش هەبوایە بۆ کاری پێڕرستکردن

## سیفەتەکانی کەسی لێکۆڵەر لە بەڵگەنامەو دەستنووسەکان

پرۆسەی لێکۆڵینەوە پێویستی بەچەند کارێکی زانستی هەیە کە هەندێکیان پەیوەنی بە لێکەڵەرەوە هەیە و هەندێکی تریشیان پەیوەنی بەودەستنوسەوە هەیە کەلێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت لەگەڵ شێوازی لێکۆڵینەوەکەدا .

لەو سیفەتانەی کە پێویستەلە کەسی لێکۆڵەردا هەبێت ئەمانەن :

- ئارەزوو مەند بێت لەو کارەی کە دەیکات وە پەیوەست بێت بەو ئیشەی هەڵیبژاردوە ،چونکە نەبوونی ئارەزو وە باوەڕنەبون بەو ئیشە لێکۆڵەر ناگەیەنێتە ئەنجام ، بەڵکو لێکۆڵینەوەکە وەك پەراوێزی لێدێت.
- پێشینەی زانستی بەهێز بێت وە وردبین بێت لە تۆمارکردنی تێبینیەکاندا ، چونکە لێکۆڵینەوەزۆر پێویستی بە زانیاری جیاواز هەیە تاوەکو زۆرترین سەرنج لەسەر یەك بابەت کۆبکاتەوە و بگاتە ئەنجام
- بەدواداچون بۆ ئەو کارانەی کە لەلایەن لێکۆاەرەوەکانی ترەوە ئەنجام دراوە ،تاوەکو سود لە ئەزموونی زانستی و شێوازی کارکردنیان وەربگرێت ، چونکە لێکۆڵەری سەرەتایی ناتوانێت ئەزمونی زۆر کۆبکاتەوە هەر بۆیە پشت بە ئەزمونی لێکۆڵینەوەی خەڵکی تر دەبەستێت .
- ئارام گرتن و پاراستنی ئەمانەت ،دووسیفاتی زۆر گرنگن کە پێویستە لە لێکۆڵەردا هەبێت ،چونکە لێکۆلەر پێویستی بە کۆششێکی زانستی بەردەوام هەیە تا دەگاتە ئەنجام ، وەکاتێکی زۆریشی پێویستە تاوەکو ئەنجامەکەڕاست دەردەچێت . ئارام گرتن یەکێکە لەسیفاتە بەرزەکانی زانایان ، ئەگەر ئەم سیفاتە لە لێکۆڵەردا نەبێت ناگاتە ڕێچکەی زانستی ، بەلاّم ئەمانەت سیفاتێکی ئاکاری زانستییە لە لێکۆڵەردا تەنانەت ئایینە ئاسمانی و یاسادانراوەکانی سەر زەویش جەخت لەسەر پاراستنی ئەم سیفاتە دەکەنەوەکەکە پێویستە بپارێزرێت ، چونکە ونکردنی ئەمانەتی زانستی دەبێتە هۆی دروست بوونی ساختە و کاری تەزویر لە ئیشە زانستیەکاندا وە بە فێڵ ئەژمار دەکرێت .

- گەڕانەوە بۆ پێرستی دەست نووسەکان کە زۆر پێویستە بزانێت ئەم دەست نووسەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات وێنەی (هاوشێوە) ی تری هەیە یان نا .[76]

## بنەماو شێوازەکانی لێکۆڵینەوە لە دەستنووسەکان

پێویست لەسەر ئەو لێکۆڵەرەی کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی لێکۆڵێنەوەلەسەر هەر دەست نووسێك ڕاستی و دروستی زانیارییە مێژویەکانی بەڵگەنامەو دەست نووسەکە بسەلمێنێت، وەپەیڕەوی ئەم بنەماو شێوازانەی خوارەوە بکات :

- وردبینی کردن لە مێژووی نوسینی دەست نووسەکە ( دڵنیابوون لە مێژوی بەڵگەنامەکە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم مێژووەدەگونجێت لەگەڵ زمانی ئەو زاراوەو ووشەسازیانەی لە نێو دێری لاپەڕەکاندا دەبینرێت که لەم دەست نووسەدا بەکارهاتوە ، ئایا ئەو لەفز و زاراوانەی کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نوسراوە فەرمیەکان بەکار هاتووە بونیان ڕاستە ،بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە سوڵتان و میر و پاشاکان بەکاریان هێناوە ، یان ناوی ئەو شاروشارۆچکانەی کە لێرەدا هاتووە پێشتر لەو جێگایانەدا بوونیان هەبووە ، ئەگەر هەیە ناویان گۆڕاوە یان وەك خۆی ماوەتەوە.
- دڵنیا بوون لەو کەسەی کە دەست نووسەکەی نووسیوەتەوە لەسەردەمی نوسەرەکەدا (دانەر) ژیاوە یان نا ،ئەمەش بۆڕاستی و دروستی مێژوەکەیە ،چونکە لە توانای لێکۆڵەردا هەیە ئەم ڕاستیە ڕوونبکاتەوە ئەویش بەهۆی بوونی هەندێك دەستەواژەوە کە خۆی دەبارە دەکاتەوە لەناو دەست نووسەکەدل کە هەستیان پێدەکرێت نوسەر ماوە یان مردووە بۆنمونە : نوسراوی (رحمەالله) واتا خوا ڕەحمی پێبکات یان (غفرالله) خوا لە گوناهی خۆشبێت ئەمانە مانای لەناوچونی نوسەر دەبەخشێت ، بەلاّم نوسراوی (امدالله عمره) بەمانای خوا تەمەنی درێژبکات ، یان خوا هیدایەتی بکات بۆخزمەتی زانستی زیاتر ، ئەمەمانای وایە لەژیاندا ماوە . کەواتە ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن که ناسخ لەسەردەمی نوسەردا ژیاوە یان مردووە .
- پشکنین و دڵنیابوون لە جۆری وەرەقەکان و مەرەکەبی بەکارهاتوولە نووسینەوەی دەست نووسەکاندا ، بەڵگەن بۆڕاستی دەست نووس و بەڵگەنامەکان ، چونکە جۆری وەرەقەکان و مەرەکەبەکان بەڵگەی سەلمێنەرو حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەو مادەیەی کە دەست نووسەکەی تێدا نوسراوە ، دەبێت دڵنیابین ئەم سەرچاوەیە لەبەرگیراوەیە یان ڕەسەنە ، ئایا وەك خۆی وایە یان

---

[76] الارشيف و الوثائق و المخطوطات / د.حسان حلاق .- بيروت :دار النهضةالعربية ،2003.

پێشتر چاککراوەتەوە ، بۆنمونە بەڵگەنامە بەریتانیای و عوسمانیەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدەیەم وەرەقەو مەرەکەبی نوسراوەکانیان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە و جۆری خەتی نوسین و شێوازی نوسینەکەش ئەم تایبەت مەندیەی پێوەدیار بووە.

- لێکۆڵینەوە لەو مۆرو واژۆیانەی کە لەسەر بەڵگەنامە و دەست نووسەکان دەبینرێت ، وەبەراورد کردنیان بە بەڵگەنامەکانی تر کە لە هەمان ئان وسات و ساڵدا نوسراوە و مۆرکراوە ، تالەڕاستی ودروستی بەڵگەنامەو واژۆو مۆرەکان دڵنیابین ، چونکە لێکۆڵەرەوانی بواری مۆرناسی زۆر جەخت لە وردی ئەم بابەتە دەکەنەوە بەتایبەتی لە بواری زانستی خوێندنەوەی مۆردا .
- بەراوردکردنی بەڵگەنامەیان دەست نووسە لەبەرگیراوەکە بە دەست نووسێکی لەبەر گیراوەی تر کە هەمان نووسەر نوسیویەتی لە جێگەیەکی تر کە ئەم نوسخەیەی لێیە .هەرچەندە زۆربەی دەست نووسەکۆنەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی ئاسیا بە زۆری لە ئیستانبوڵ و قاهرە و لەندەن و پاریس زۆرتر بەدی دەکرێت ،بەتایبەتی ئەگەر دوو وێنەبوو ئەوا گومانی تێدا نامێنیّ کە وێنەی دووەم لە یەکێك لەو شوێنانەیە . ئەمەش هەروا بەئاسانی ڕوونادات دەبێت هەوڵ و کۆششێکی زۆری بۆبکریّ تا دەگەینە ئەنجام ، بەلاّم ئەگەر وێنەی نەبوو ئو کاتە کارەکە زەحمەتی زۆری دەوێت تا ساغ دەبێتەوە .

پێویستە لەسەر لێکۆڵەری مێژووی و توێژەری زانستی ئەم بوارە ، پشت بە بەراوردکاری ئەم بەڵگەنامە و دەست نووسانە ببەستێت تاوەکو ڕەسەنایەتی و دروستی بسەلمێنێت ،ئەمەش لەڕێگاری شیکاری کیمیاییەوە (بەکارهێنانی موادی کیمیاوییەوە) تاوەکو جۆری مادەکە بناسێت کە لەسەری نوسراوە.

لێرەدا لێکۆڵەر دەتوانێت دەست نیشانی مێژووی بەڵگەنامەکە بکات ،ئەمەش بەهۆی تەمەنی کاغەزەکەوە کە لەچ شوێن و زەمەنێکدا دروستکراوە. ەئەم ئەزمونی شیکاری کیمیاویی بەسەر مەرەکەبەکەشدا دەچەسپێت هەروەك چۆن بەسەر پەڕەکەدا کرا .ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەم سەرچاوانە دەکرێت پشت دەبەستێت بە شیکاری تاقیگە کیمیاویەکان و زومی گەرەی کامێرا و میکرۆسکۆبی گەورەکردن ،ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی تیشکی سەرو وەنەوشەی و بەئامێری (فلورسنت)[77] ئەنجام دەدرێت و دەردەکەوێت کە بەڵگەنامەکەڕەسەنە یان نا .

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەمڕۆ کتێبخانەو بنکە و خانەکانی دەست نووس زۆر پارێزگاری لەم سەرچاوە مەزنانە دەکەن ،هەروەك چۆن دەست نووسەکان تاك وێنەن زانیاریەکانی ناویشیان تاك

---

[77] ئامێری فلورسنت زیاتر لە بانکەکاندا بەکاردێت بۆئاشکراکردنی دراوی ساختە .

وێنەیە ،لەبەر ئەمە دەبینین نرخیان لەبن نایەت ، چونکە جارێکی تر شتی وەك ئەمانە دروست نابنەوە واتە  مێژوو خۆی دوبارە ناکاتەوە ، بۆیە زۆر پێویستە ئاگاداری ئەم سامانە هزری ڕۆشنبیریەی مرۆڤایەتی بین کە لە باو باپیرانمانەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە.

## بنەماو ڕێساکانی لێکۆڵینەوە لە دەستنووسەکان

هەرچەندە پێشتر کۆمەڵێك خاڵمان دەست نیشان کرد بۆ لێکۆڵینەوەلە دەست نووسەکان لە کتێبخانەو بنکەو خانەکانی دەست نووسدا کە جێ بەجێ دەکرێت ،بەباشمان زانی ئەم خاڵانەی تریشی بۆزیاد بکەین تا زیاتر سوودمەند بین . لەوانە :

(1) هەنگاوی یەکەم بۆسەرکەوتنی ئەم کارە لەبەلرگرتنەوەی وێنەیەکە لە دەست نووسەکە،وەلەکاتی لێکۆڵینەوەدا هەرچی تێبینی و سەرنج و وردەکارییەك بە بیری لێکۆڵەردا دێت لە پەراوێزدا لای خۆی تۆماری بکات ، پاشان هەموو پەراوێزەکان دەکرێت بە (پوختەی کار) یان (شرۆڤەی کار) کە بۆدەست نووسەکە ئەنجام دراوە.

(2) زانینی ناوی نووسەری دەست نووسەکە : ( ساغکردنەوەی دانەر ).

لەدایك بوون ، مردن ، ناوی بنەماڵەو ڕەچەڵەکی ، بەرهەمەکانی ، ناوی مامۆستا و هاوڕێ و هاوبیرەکانی ، ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە ، ئەو پۆست و پایانەی کە وەریگرتووە یان بەدەستی هێناوە، ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆشنبیری و چالاکی کۆمەڵایەتسدا ، ناوی ناسخی دەست نووسەکەو مێژوی نوسینی دەست نووسەکە.

(3) یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوە دانانی هێما و نیشانەیە لەنێوان ووشە و ڕستە و بڕگە و نوسینەکاندالا کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێك بەکار دێت لەوانە ( ، ( ) : , ؟ / " " ! ¯ . #( ) ٖ هتد.

(4) ناساندنی دەست نووسەکە ( وەسفی شێوەکەی ) ، بەرگ دارە یان نا .

ئایا ناونیشانی هەیە یان بێ ناونیشانە، گرنگی ئەم دەست نووسە لە چیدایە ، سەرچاوەی دەست نووسەکە ( بنکەی بەڵگەنامەیە ، کتێبخانەیە ، کتێبخانەی تایبەتە ، ماڵە ، مۆزەخانە ). زمانی نوسراوەکە بەچی زمانێك نوسراوە (عەرەبی ، تورکی ، کوردی ، فارسی ، عیبری .......) ، جۆری دەست خەتەکە خەتی (کوفی ، دیوانی ، روقعە ، ڕێحانی ، نوسخ ، ...........) ، ڕەنگی مەرەکەبەکەی کە بەکارهاتووە مەرەکەبی ( سوور ، ڕەش ، ئاڵتونی ...) ، جۆری کاغەزەکان )

سليماني ، الصغيل **طرى** ، السميك ، المتين ، البغدادي ، الگلحی ....) وه ژمارەی لاپەڕەکانی چەندە لەگەڵ زانینی ژمارەی دێڕەکان لە هەرلاپەڕەیەکدا بە گشت چەندە .

(5) زانینی ئەو ڕێچکانەی کە نووسەر گرتویەتەبەر لەناو دەست نووسەکەدا ، یان پەیڕەوی چ بەرنامەیەکی کردوە ، ئەو شێوازە زانستیانە چین کە لەم بەرهەمەدا پیادەی کردووە، ئەمە جگە لە دانانی پوختەیەکی تۆکمە لە پێشەکی دەست نووسەکەدا نلەگەڵ ئاماژەدان بە بە ناوەڕۆکی دەست نووسەکە .

(6) ئاماژەدان بەوەی یەکەم جارە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دەستنووسە بکرێ و لێکۆڵینەوەکە بلاّو بکرێتەوە ، بەلاّم ئەگەر هاتوو پێشتر چاپ و بلاّو کرابوەوە ، پێویست لەسەر لێکۆڵەر ئاماژە بەناوی دەزگای بلاّوکردنەوەو شوێن و ساڵ و ناوی لێکۆڵەری پێشوو ئاشکرا بکات تا خوێنەران شارەزاییان زیاتر بێت لەسەر ئەم بەرهەمە.

(7) ئەو هۆکارانە چین وای لە لێکۆڵەر کردوە کە هەستێت بە بلاّوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە . ئایا بەمەبەستی ئەوەی کە (لێکۆڵەران و توێژەران ) لێی سوود مەندبن یا ..........هتد.

(8) شیکارکردنی هەموو ئەو زاراوانەی کە نامۆیە لە زمانی نوسراوەکەدا و لە زمانێکی ترەوە وەرگیراوە تاوەکو بەرچاو ڕونی بۆ خوێنەری بابەتەکە بکات ، بۆ نمونە لە زۆر لە دەست نووسە عەرەبیەکاندا زاراوەی عوسمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی بەدی دەکرێت کە لەو ڕۆژگارەدا بەکارهێنانیان ئاسایی بووە .

(9) ئەگەر دەستنووسەکە ( ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر د.خ و فەرموودەکانی زانایانی ئایینی) تێدا بوو ئـــــالێرەدا پێویستە لێکۆڵەر شێوازی دەرچوونی ( تخریج) دراسە حالە بۆ هەیەکێك لەمانە بکات ، واتا لە پەراوێزی نوسینەکاندا ئاماژە بە ناوی سورەتەکان و ژمارەی ئایەتەکان و جۆری فەرموودەکان : ( ڕاستە ، لاوازە ، قودسیە ،هاوڕایە ،.......هتد) ، لەگەڵ ئاماژەدان بەناوی زانایانی ئایینی .

(10)ناساندنی ئەو کەسایەتیانەی کە ناویان هاتووە و لەگەڵ ناوهێنانی ئەو جێگەیانەی کە ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ ناوهێنانی ڕووداوەکان ، ئالێرەدا پێویستە بۆ ساغکردنەوەی بنەچەی ناوی ڕوناك بیران و بیرمەندان پشت بە ژێدەرەکانی یاداشت و بیرەوەریەکانی و ژێدەرە جوگرافیایەکان ببەستێت .

(11)دانانی ناونیشان بۆ دەستنووسەکە ، ئەمەش پاش خوێندنەوەی تەواوی دەستنووسەکە دەبێت وەلە نێوان 2 دوو مەعقوفدا ﴿ ﴾ دەنوسرێت﴾ ناونیشانی دەست نووس﴿ کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لێکۆڵەر ئەم ناونیشانەی لێناوە.

(12)نوسینی تێبینی لەسەر ئەو پەراوێزو نوسراوانەی کە لە خوارو لاتەنیشتی نووسراوە ، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆئەوە بکات کە ئەو نوسراوانە نوسەر نوسیویەتی یان ناسخ یان لێکۆڵەر بۆی زیادکردوە ( بێ هیچ لە ڕوودامانێك ).

(13)ئاماژەدان بە هەموو ئەو هەڵ زمانەوانیانە و زاراوە مێژووی و جوگرافیلیانەی کە لە دەست نووسەکەدا بوونیان هەیە ،ئەمە جگە لە چەندان هەڵەی تر کە پێویستە لەسەر لێکۆڵە ڕاستیان بکاتەوە و لە نێوان 2 دووکەوانەدا ( ) لە پەراوێزی دەست نووسەکەدا ئاماژەی پێبدات .

(14)بلاَوکردنەوەی دەست نووسەکە وەك خۆی بێ زیاد و کەمییەك ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموزیادکراوێك لە نێوان 2دوو ( ) کەوانەدا ئاماژەی پێدەکرێت ، وەلەپەراوێزدا دەنوسرێت.

(15) ناوهێنانی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە سوودی هەبووە لە نوسینەوەی پەراوێزدا .

(16) دروست کردنی نەخشەیەکی ڕونکردنەوە بۆ هەموو ئەو جێگەو شوێنانەی کە لە دەست نووسەکەدا نـــاویان هاتووە ( بۆ بەرچاو ڕونی خوێنەر ) .

(17)پێداگری لە بلاَوکردنەوەی چەند وێنەیەك بە ڕەنگاوڕەگی لە سەرەتاو کۆتایی دەست نووسە ( چاپکراوەکە) تاوەکو بەرچاو ڕوونی بە خوێنەر بدات و بزانێت کە دەست نووسەڕەسەنەکە بەم شێوەیەیە ( پیتوشێوەی نوسین و ڕەنگەکان ) .

(18)دوای کۆتایی هاتن بە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە پێویستە لەسەر لێکۆڵەر لە کۆتایی بابەتەکەدا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا بکات کە وەك ( دەرئەنجامی کۆتایی ) بناسرێت .

(19)دانانی پێڕستی بابەت بۆ دەستنووسەکە ، چەنکە زۆربەی دەست نووسەکان پێرستیان بۆ نەکراوە ،وەلە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا دادەنرێت ، وەناوی سەرجەم ئەو بابەتانە ڕیزبەند دەکات کە لە دەستنووسەکەدا ئاماژەی بۆکردووە .

دوای کۆتایی هاتن بە لێکۆڵینەوەکە پێویستەلەسەر لێکۆڵەر جارێکی تر پیاچونەوە بە هەموو پەراوێز و تێبینی و نوسراوی نێوان کەوانەکاندا بکاتەوە بۆ بنبڕکردنی هەموو هەڵەکان ( زمانەوانی یان زاراوەیی ) بێت تتاوەکو بەرهەمێکی دروست پێشکەش بکات .[78]

[78] الارشیف و الوثائق و المخطوطات / د.حسان حلاق .- بیروت :دارالنهضةالعربیة ،2003ص269-274

# پۆلێن کردنێکی وەسفی دەستنووسەکان (ڕاڤەی گشتی دەستنووس)

هەرکەس کەمێك ئاوڕلە چاخەکانی ڕابردوو بداتەوە بەشێوەیەکی پاك و دادپەروەرانە و بەچاوێکی یەکسان لەگەڵ هەست کردن بەو تواناو ئەوهەوڵانەی زانایان لە خزمەتی زانست و ئایندا پێشکەشیان کردووە لەبەردەمی هەموو ئەمانە هەڵوێستەیەکی سەرسوڕمانی تێدادروست ئەبێت بەرامبەر هەمووئەو پەرتوك و نامیلکەو هۆنراوەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کراوەو ئەو هەمووسەرنج و تێڕوانینە بەسودانەی هەمیشە ئەبێتە هۆی سەرچاوەی بەسوود بۆ هەموو نەوەکان ومێژوونوسان خزمەتێکی زۆریان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە وچەندەها پەڕەیان بۆبەجێهێشتووین کەهەموویان ئەدرەوشێنەوە بەڕۆشنایی بیرو بۆچوونەکانیان وە بنەمایەکی پتەووجێگیر لەزانست و هونەرو رۆشنبیری و ڕەوشتی بەرزو پەیوەست بوونیان بەو بەرنامەبەهێزەی کەخوا ناردوویەتی بۆیان بەشێوەیەك کەئەم فەرموودەیە ئەیانگرێتەوە(ویۆپرون علی انفسهم ولو کان بهم خصاصه)

ئەمرۆ کەخۆمان ئەبینینەوە لەبەردەم ئەم هەموو توانا گەورانە ویژدانێکی زیندوو لەناخماندا دروست دەبێت کەپێویستە بەوەفاو دڵسۆزبین وەکاری چاك ئەنجام بدەین و ژیانی کۆمەڵایەتی و زانست و ڕۆشنبیریمان بەرەو پێشەوە بەرین و قۆڵی مەردایەتی لیَ هەڵکەین و هەوڵی بوژاندنەوەی ئەو کەلەپوورەی هاتۆتە دەستمان بەئەمانەت پارێزکاری لێبکەین و دڵسۆزبین بۆی وەهەوڵی ووشیارکردنەوەی نەوەکانمان بدەین بەبەرهەمی ئەو پێنووسە بەرزانەو هەموو ئەو پەڕاوو نامیلکەو بیروبۆچوون و زانست و شتە باشانەی کەلەپاشیان ماوەتەوە بۆمان.

دەستنوسە کۆنەکان پێویستی بە شارەزایی و فێربوون هەیە هەروەها پێویستی بەجۆرێك لە تایبەتمەندی لەبواری ئەو بابەتانەی کەپەڕاوە دەست نووسەکەی لەخۆگرتووە،بایەخ نەدان بەزۆرێك لەنوسراوەکان و دانانی لە شوێنی شێدارو کۆن بوون و دڕان و فەوتان و چەندەها هۆکاری تر ئەبێتە هۆی نەمانی بەشێك لەو نوسراوانە،لەبەر ئەم هۆیە کۆکردنەوەی زۆرێك لەو نوسراوانە بێگومان ئەبێتە هۆی دووبارە بەدەست هێنانەوەی مێژوومان .

هەرلەبەر ئەم هۆیە بوژاندنەوەی کەلەپوری میللەتەکەمان و پێشکەوتنی شارستانی مرۆڤایەتیمان بەلاوە گرنگەو خزمەتی زانست و زانیاریمان بەشێوەیەکی گشتی دەکەین لەوەی کە هەمانە پێویستە ئاشکرای کەین و هەڵسین بە پاراستنیان لەشوێنێکی باش و لەکتێبخانە گشتی یەکان و دەزگا تایبەتییەکانی پاراستنی ئەو نوسراوانە،وە وەپێویستە هەوڵ بدەین بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی هەموو ئەو پەڕاوو دەستنووسانە،بەس لەڕێگەی پێکهێنانی کۆمەڵێکی تایبەت کە ئیشیان تەنها ئەوە بێت و خۆیان تەرخان کردبێت بۆکارکردن لەو نووسراوە دەستییانەو پێویستە شارەزایی تایبەتییان لەبواری بوژاندنەوەی ئەو کەلەپوورە گەورەیە هەبێت چونکە ئەوان ئەرکێکی گرنگ ئەخەنە سەرشانی خۆیان کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی گەلەکەمانەوە هەیە.

کاری ناوەندی دەستنووس تەنها کۆکردنەوەی دەستنووسەکان نییە بەڵکو خستنە سەر سیدی و زیندوو کردنەوەیانە کەتائیستاش بەردەوام ژمارەی ئەو دەستنووسانەی کاری بۆ دەکەن لەزیادبووندایە.

وێنەیەك لەشرۆڤە و شیکاری (2) دوو دەستنووس لە بنکەی ژین بە نمونە وەرگیراوە

یەکەم: دەستنووسێکی کوردی :

ناوی کتێب : هۆنراوەکانی شاعیری بەناوبانگ عبدالکریم مەولەوی ،بەناونیشانی (ڕۆحی مەولەوی)

ناوی نووسەر : نجم الدین مەلا.

مێژووی نوسین : شەوی 14 ی شعبان ساڵی 1354 هجری -1935 میلادی .

ژمارەی پەڕەکان : 100 پەڕە .

شێوەی خەتەکەی : نوسراو.

ئەم دەستنووسە دەستنووسێکی چاکەو دڕاوی و شوێنی تەڕی پێوەنییە ، تەنها پەڕەی سێیەمی نەبێت کە کەمێك کۆنی پێوەدیارە ، ئەم نوسراوە پەڕەکانی چاکەو بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە ، وە بابەتەکانی ئەم دەستنووسە هەمەڕەنگە لە پیاهەڵدان و لاواندنەوە وشتی تر.

سەرەتای قصیدەیەك لە مناجات :

هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەمای کەرەم صەلاَت و سەلام کەی کەم ئیستەکەم.

لە دێڕی کۆتای دا دەڵێت:

خوا و تووش داد سەیری نەمامان من وەرەنگ زەردی ناڵەی بیّ سامان.

نمونوی دووەم : دەستنووسێکی عەرەبیە :

*ڕاڤەی قورئانی پیرۆز

ناوی کتێب : حاشیە سعدی افندی ، علی تفسر انوار التزیل للبیچاوی.

ناوی نووسەر : سعدی افندی چلبی .

ناوی نوسەرەوە : نادیار

مێژووی تەواو بوونی نوسینەوە : ڕۆژی چوارشەمە ،5ی مانگی جماد الاول ،ساڵی 944 ك,

ژمارەی لاپەڕە : 531 لاپەڕە ،کتێبەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتاییەکەی هەمووی تەواوە ، لاپەڕەکانی هیچ نیشانەیەکی دڕاوی و تەڕی پێوە نییە جگە لە دێڕەکانی لاپەڕەی یەکەم نەبێت .

قەبارەی لاپەڕەکە : 23×13 سم .

هەندێك ڕوونکردنەوەو پەراوێزی کەمی لەسەر نوسراوە ،هەر لاپەڕەیەکیش 23 دێڕ لەخۆ دەگرێت جگە لە سێ لاپەڕەی کۆتایی نەبێت کە (20) دێڕ لەخۆ دەگرێت .

جۆری نووسینەکەی : فارسییە ، درێژی دێڕێك 7,5 سم .

کاتێك باس لە دەربڕینەکانی بەیزاوی دەکەین بە ووشەی (قولە) ئاماژەی بۆ دەکات و بە ڕەنگی سوریش دەینووسێت، بە شێوەیەکی گشتی حاشیەکە گرنگی دەدات بە لایەنی شیکردنەوە ولایەنی ڕەوانبێژی لە هەندێك جێگەشدا شیکردنەوەو بیرو ڕای جیاواز دەخاتە ڕوو، نووسینەکەی زۆر جوانەو بە ئاسانیش دەخوێنرێتەوە لەم لاو لای لاپەڕەکاندا ئاماژەی بۆ ئەو سوورەتەش کردووە کە حاشییەکەی لەسەر نوسراوە .

ئەوەی جێی سەرسوڕمانی خوێنەرە ئەوەیە کە لاپەڕەکانی بە تەواوەتی ماونەتەوە و هیچ کرِان و کوژانەوەیەکیان پێوە دیار نییە ،ئەم کتێبە تەنها بەرگ تێکرتنەوەیەکی پێویستە لە ڕاستیشدا بەرگەکەی خۆی بە کەڵکی ئەوە دێت کە چاك بکرێتەوە .

حاشیەکە لە لاپەڕەی یەکەمدا دوای (بسم اللّه ) کردن بەم شێوەیە دەست پێدەکات :(**الحمد للّه وکفی ،والسلام علی عبادە الذین اصطفی** ) دوای ئەوەش بۆشاییەکی کورت دەبینین ئەوەندەی دوو وشە یان سیان دەبێت و بەم شێوەیە حاشیەکە کۆتایی دێت .

## ئامێری سکانەر :Scanner

سکانەر : ئامێرێکە بۆ لەبەر گرتنەوەی دەست نووس و قەواڵە و بەڵگەنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەو پاراستنیان لەسەر سیدی بە وێنەی خۆی و بە ڕەنگ و چۆنایەتی خۆی بەکاردێت، کاتێك پەڕەیەك زەرد دەبێت و میکرۆب و مشەخۆرلێی دەدات و تەمەنی کەم دەبێتەوە بە سکان کردنی جارێکی تر ئەو سەرچاوەیەمان بە باشی دەست دەکەوێتەوە .

جۆرەکانی سکانەر:

- **Canun** : قەبارەی بچووکەو نرخەکەی (350) دۆلارە ، دیقەکەی (600-1200) دەبێت و وەك ڕەنگی خۆی بۆت دەردەکات.
- **:microtak** بۆ قەبارەی **A4** (بەکاردێت و دیقەکەی (32-1600 (**Dpi**) ی دەبێت.
- **mustek** بۆ قەبارەی (**A4**) بەکاردێت و نرخەکەی (50) دۆلارە.
- **a-zeroo** : بۆ قەبارەی (**hp**) ە باشترین جۆری سکانەرە ونرخەکەی (3000) دۆلارە و بۆ ڕۆژنامەو گۆڤاری گەورە بەکاردێت و دقەکەی **Dpi** 300 ی دەبێت

سکانەر هەتا دیقەکەی زیاتر بێت ئەو شتانەی کە دەمانەوێت سکانی بکەین جوانتر دەری دەکات.

ئەوەی لەم وێنەیەدا دەبینرێت بەشی لەبەرگرتنەوەی وێنەیە لە کتێبخانەی زانکۆی لوند لە (سوید).بە کامێرای زۆر پێشکەوتوو وێنەی ئەو سەرچاوانە دەگیرێت کە توانای نوشتانەوەیان نیە بۆ کۆپی کردن .



ئەم وێنەیەی خوارەوەش سکانەرێکی سادەیە تەنها بۆ وێنەگرتنەوەی بەڵگەنامەو وێنەی تایبەت بەکاردێت .



## پرشنگدارکردنی وێنە و هونەری جوانکاری وێنەکێشان و زێرکەفت کردن و بەرگ تێگرتنی دەستنووسەکان

لێرەدە ئاماژە بەو پرۆسانە دەدەین کە لە ناو دەستنووسەکاندا ئەنجام دراوە بە شێوەیەکی زۆر هونەری وورد کە سەرنجی خوێنەر بولای خوی ڕادەکیشیت ، لەو کارانەش کە ئەنجام دراوە بریتین لە :

- وێنەو وێنەکێشان :

ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆربەی دەستنووسەکاندا وێنە لە چوارچێوەی لاپەڕەکاندا دەبینرێت ، هونەری وێنەکێشان مێژوویەکر دێرینی هەیە کە بۆ چەند سەدەیەك پێش ئێستا ،نزیك تر بۆ سەردەمی عەباسیەکان دەگەڕێتەوە ، کاتێك کە ناسخێك دەستنووسێك دەنوسێت ڕوبەرێکی دەست نیشانکراو بە بەردەوامی  لە چوارچێوەی لاپەڕەکە بەجێ دەهێڵێت تا تەواوبوونی دەست نووسەکە ،پاشان کەسانێکی تر کە وێنەکێشەو دەستی وێنەکێشانی هەیە ،هەڵدەستێت بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بۆئەم مەبەستە بەجێ هێڵراوە ، ئەمە ئەوەدەسەلمێنێت کە وێنەکان لە لایەن ناسخەکانەوە نەکێشراوە ئەگەر کێشرابێت زۆر بەکەمی ، کەواتە هونەرەکە(2) دوولایەنە لەلایەکی ترەوەئەم وێنانە بەچێی جۆری بابەتی ناو دەستنووسەکان دەگۆڕێت ،چونکە لەبابەتە ئەدەبیەکاندا وێنەی گوڵ و زەغرەفەی نایاب دەکێشرێت ،بەلاّم لە بابەتە زانستیەکاندا وێنەی جەستەی مرۆڤ و گیانەوەرو ڕووەك وگژوگیا و پەلەوەر و ئەستێرەو کەرەستەی کارکردن دەبینرێت .

- زەغرەفە و هونەری جوانکاری ( نەخش و نیگار ).

هونەری نەخشاندن و بەکارهێنانی نیگار یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە لەناو دەستنووسە ڕۆژهەلاّتیەکاندا باوبووە و دەبینرێت ، سەرەتای ئەم هونەرە تەنها هێڵ کێشان بووە ،دواتر پەرەی پێدراوە و ڕازاندنەوەی هێڵی تێدا بەرجەستەبووە .زۆر لە دەستنووسەکان لەسەر یەکتری وەرگیراون و لاسای کردنەوەو لێکچونی تێدا بینراوە ،بەلاّم هونەری نەخشاندن زیاتر بۆ بابەتە پیرۆزەکانی وەك (قورئان) بەکار هاتووە.لەگەڵ ئەمەشدا زۆر لە شانامەکان و کتێبە ناودارەکانی دیوەخانی سوڵتان و میرەکان ئەم کارەی بۆ ئەنجام دراوە.

- زێرکەفت  (نوسین بە ئاوی زێڕ) :

پرۆسەی زێڕکەفت لە کۆنترین هونەرەکانی نوسینە ، ئەم هونەرە لە لەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیەوە هاتە ناو جیهانی دەست نووسەکانەوە ، یەکەم دەستنووس کە ئەم پرۆسەی لەسەر جێبەجێ کرابێت (قورئانی پیرۆزە) [79] ، دواتر لە دەستنووسەکانی تردا ئەنجام دراوە.

زێڕکەفت بۆلاپەڕەی یەکەم و دووەم و چوارچێوەی وێنەکان و نێوانی ئایەتەکانی نێو دێڕەکانی لاپەڕەی دەستنووسەکان بەکارهاتووە ن ئەمە جگە لە شانی دەستنووسەکەو وە هەندێ جار ناونیشانی دەستنووسەکە لە دیوی ناوەوە.

## • جزوبەندکردن ( بەرگ تێگرتن ) :

ئاشکرایە زۆر لە دەستووسەکان لەسەر پێستە نوسراون ، ئەم پێستانەش پاش خۆشکردن و چاککردنیان ئامادەکراون بۆنوسین ، دیارە لەکاتی چاککردندا ڕەچاوی ( کەڕ و مشەخۆر ) کراوە و نەرمی پێستە لەبەر چاوگیراوە ،تاوەکو نوشتانەوەو لول کردنیان زۆر ئاسان بێت ، زۆربەی ئەم پێستانە لە پێستی ئاژەڵی وەك ئاسك و مەڕو بزن وەرگیراوە ، بە بەراورد بە ئاژەڵەکانی تر ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نوسین جگە لە مەرەکەب قەترانیشیان بەکارهێناوە ، دواتر هاتوون هەموو ئەم پارچانەیان بە قەبارەی دروست و گونجاو بڕیوەو لەسەر یەك دایان ناوە و نوسینیان لەسەر نوسیووە ، دوای تەواوبونی نوسینەکان هەموو پارچە چەرمەکانیان پێکەوە لەسەر یەك داناوە و ڕیزبەندی ژمارەیان بۆکردوە ،دواتر بەیەکەوە بەستویانەتەوە تاوەکو هەڵنەوەشێت ، وەرەچاوی کرانەوەیان بۆ کردووە ، دواتر (2) دووپارچە تەختە کە لەقەبارەی چەرمەکە(1-2) سم زیاترە ئامادەکراوە و چەرمی تێگیراوەو وەك بەرگێکی ڕەقی بتەو مامەڵەی پێوەکراوە.

یەکەم دەستنووسی عەرەبی کە ئەم کارەی بۆ ئەنجام دراوە ( قورئانی پیرۆزە) لە سەدەی دووەمی کۆچیدا بوو ، وەلە پێستە * بووە ولە شێوەی کتێبدا کراوە (codex) نیە واتە لول نەکراوە .

تێبینی / دوای داهێنانی وەرەقە و زۆر بوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی لە چارەکی کۆتایی سەدەی دووەم، کۆمەڵێك خەڵك دەرکەوتن کە خەریك بوون بەوەرەقەو کتابە و پیشەسازی کتێب، پێیان دەوتن (الوراقون).

---

[79] المخطوطات العربية / عبدالكريم الامين .- بغداد : مطبعة عمال المركزية ،1986

# نۆژەنکردنەوەو چاککرنی دەستنووسەکان

نۆژەنکردنەوە: یان ( هێنانەوەسەر وێنەی پێشوو وەك خۆی ) پرۆسەیەکی تەکنیکی ووردە لە هەمان کاتدا جولەیەکی هونەری جوانکاریە کە پێویستی بەحەز و ئارەزوویەکی زۆرو هەستێکی بەرز هەیە کە پشت بە کارامەیی و لێهاتووی دەبەستێت بیَ بەکارهێنانی ساختەکاری تێیدا .

لەم پرۆسەیەدا هەموو چالاکیەکانی ڕێکخستن و بەستنەوەو توندکردنەوە پەیڕەو دەکرێت ، بەمانایەکی تر ئەم پرۆسەیە هەڵدەستێت بە چاککردن و ڕازانەوەو بەکارهێنانی هونەری جوانکاری وەك خۆی لەسەر دیوی لاپەڕەکانبیَ هیچ ساختە و کارێکی دزێو.

ئەم پرۆسەیە زیاتر بۆ دەستنووسەبەتەمەنەکان ئەنجام دەدرێت ، وەشوێن پەنجەی مێژوولەسەریان لادەبرێت و جارێکی تر نویَ بونەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت ، لەو کارانە :

* ژیاندنەوەی کاغەزە وشك بووەکان ئەمەش بە بەکارهێنانی مادەی (جلیسرین).
* توندکردنەوەی لاپەڕەکان و چاککردنی شانی دەست نووسەکان .
* چارەسەرکردنی بەرگی دەست نووسەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە چەرم دروست کراون.
* هەر کارێکی تر کە جێگەی بایەخ پێدان بێت.

ئەوەی جێگەر سەرنجە پێویستە لەسەر کەس (ئیشکەر ) لەم بوارەدا پێش کارکردن لەسەردەست نووسەکانئەم خالانەپەیرەو بکات :

- پێویستە وێنەیەك لە نوسراوەکە( دەست نووس)ەکە کۆپی بکات وەشوێنی مەبەست لەسەر لاپەڕەکە بە گەورەیی دەستنیشان بکات وە هەموو کەم وکوڕیەکانی لەبەرچاو بگرێت ، وەکارامەیی و لێهاتووی خۆی تێدا بەکاربهێنێت.
- پێویستە ئەو شوێنانەی کە لەلاپەڕەکەدا ( جێگە مێروو) لەسەری بونی هەیە دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە پێش ئیشکردن لەسەری.
- لە کاتێکدا ئەگەر دەست نووسەکە هەڵوەشاوە و پارچەپارچەبوو ، پێویستە هەموپارچەکان یەکەیەکە سکان بکرێت بە ئامێری ( سکانەر) دواتر لەناو مادەی (جلیسرین)دا دابنرێت پاشان دەست بکرێت بە چاککردنیان و دووبارە بەستنەوەی دەستنووسەکە وەك خۆی.

**چاککرنەوە:** چاکردنەوەی دەستنووسەکان لە ڕووی پرۆگرامی زانستی گشتیی وە وەك چاککردنەوەی پارچە شوێنەوارو کەلەپوریەکان وایە کە لە مۆزەخانە و ئەنتیکەخانەکاندا بەدی دەکرێت ، هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لە چاککردندا بەدی ناکریَ تەنها لە نێوان مادەکاندا نەبێت کە شێوە و ڕوخساریان ئەم جیاوازیەی پێوە دیارە .

کاری پشکنێرانی ئەم بوارە تەنها بە دواداچوونە بۆ دۆزینەوەی گرفت و دەستنیشانکردنی چارەسەری پێویست بۆهەر جێگەیەکی توش بوو لەناو دەستنووسەکەدا .

پشکنێران هەمیشە لە هەوڵی پشکنینی گەنجینەکاندان تاوەکو هەر دیاریدەیەکی نامۆ ڕووی دابێت بەدواداچونی بۆ بکەن ( دەریبهێنن و دوری بخەنەوە) لەوانی تر، ئەم پرۆسەیە لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە .

* لەڕووی مادییەوە : دابین کردنی کەرەستەی ساغ و ڕەسەن بۆ ئەم مەبەستە بە ئاسانی پەیا نابێت تا پشکنینەکان ساغ نەبێتەوە.

* لەڕووی مەعنەوییەوە: کارێکیووردو تاقەت پڕوکێنە و کارامەیی دەوێت ،وەبە هەمووکەس ناکرێت ، تەنها ئەوانەنەبێت کە ڕاهێنراوو شارەزان لەم بوارەدا .

ساغکردنەوەی شوێنەواری (تالف) بووەکە و دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست بەرهەمەکە بەرەو سەرکەتن دەبات ، هەروەها دەبێت ژینگەیەکی لەبارو گونجاو بۆ گەنجینەکان ئامادەبکرێت لەوانە (چەسپاوی پلەی گەرما و ڕادەی شێ و ڕووناکی و هەواگۆڕکێ.......) وە بەکارهێنانی دەمانی دژە مێرووبۆ ناو گەنجینەکان ،ئەمانە هەموو ڕێگرن لە بلاۆبونەوەی نەخۆشی لە ناو دەست نووسەکاندا .

پێویستە لەسەر هەر کتێبخانەیەك کە خاوەندارێتی کۆمەڵێك دەستنووسی ( گرنگ و دەگمەن و دانسقە )دەکات بۆڕێگە گرتن لە لەناوچونیان پێویست ڕێگای باش بگرنەبەر بۆ ئەم مەبەستە ئەویش هەستان بە سکان کردن و وێنەگرتنەوەیان بە ئامێری پێشکەوتووی (مایکرۆفلیم) تاوەکو لە فەوتان بیانپارێزێت .

## لە نمونە دەگمەنەکانی دەستنووس

یەکێك لەو دەستنووسە دەگمەنانەی کە لە کتێبخانەکانی جیهاندا هەیە ( قورئانی پیرۆزە) ، ئەم قورئانانە دابەش بوون بەسەر مزگەوت و مۆزەخانە و کتێبخانەکانی جیهاندا ، وە زۆربەیان بە خەتی کوفی و لەسەر پێستی ( ئاسك ) نوسراون

ئەم (قورئانانە ) بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە خەتی عەرەبی هەژمار دەکرێت ، ئێستا چەند نمونەیەك لەم دەستنووسانە لە کتێبخانەکانی جیهاندا بونیان هەیە لەوانە :

• وێنەیەك لەم دەستنووسە لە کتێبخانەی (توبقبوسرای) ە لە ئەستەنبوڵ ، وەبەدەست خەتی خەلیفە ( عوسمانی کوڕی عەفان ) نوسراوە ، وە وێنەیەکی لەبەر گیراوەتەوە و لە (پەیمانگای دەست نووسە عەرەبیەکان) ەلە قاهرە.

- یەکێکی تر لەم قورئانانە کە بە خەتی ڕێحانی نوسراوەو بە دەست خەتی ( ابن البواب البغدادی ) نوسراوە،کاتی خۆی لە لایەن سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە بە خشراوە بە مزگەوتی (لالە) لە ئەستەنبوڵ ، بەلاّم ئێستا لە کتێبخانەی ئەریڤانە لە ولاّتی ئەرمینیا.
- وێنەیەکی تر لەو قورئانانەی لەسەر پارچە چەرمی گەورەو بە خەتی کوفی نوسراوە و ئێستا لە کتێبخانەی ( بەڕێوەبەرایەتی ئایینی ئیسلامیە ) لە تەشقەند لە ولاّتی ئۆزباکستان ، ئەم دەستنووسە بە قورئانەکەی عوسمانی کوڕی عەفان ناسراوە ،وە وادەگێڕنەوەکە لەکاتی خوێندنەوەدا شوێنەواری (خوێن ) لەسەر پارپەچەرمەکان دەبینرێت کە بۆ ساڵی 35 کۆچی دەگەڕێتەوە و دەڵێن خوێنی خەلیفە عوسمانە (خەلیفە عوسمان لەکاتی قورئان خوێندندا ) شەهید کراوە .

ئەم دەستنووسە هیچ پیتێکی نوختە دار نیە ، هەرپارچەیەك لەم پارچانە 12 دێڕە ، ژمارەی پارچەکان 353 دانەیە وە قەبارەیان 68×35سم. بەلاّم جوانی خەتەکەو نوسینی دێڕەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە ئەم دەست نووسە بۆ ئەو کاتە ناگەڕێتەوە بەڵکو بە ڕای دکتور (صلاحالدین المنجد)ئەم دەست نووس بۆسەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی دەگەڕێتەوە .

## بنەماکانی پێرست و پۆلێنی دەستنووسەکان

دەستنووسەکان ماوەیەکی زۆر وون بون لە پێش چاوی توێژەران و زانایان ، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پێرستێکی فراوانی تۆکمەو تەواوە بوو، کە لە ڕێگەی ئەمەوە پەی بە ناوەڕۆك و گرنگی و شوێن و زانیاریەکانی دەبرا ، ئەمە جگە لە بابەتەکانی ناوی کە چەندان توێژەر لیّ ی سودمەند دەبون.

دوای لەناوچونی داگیرکەران و کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ، ئەو گەلانەی کە خاوەن سامانی بیر و هزر بوون توانیان ڕێکخستنەوەیەك بکەن بۆ یەکخستنی دەستنووسە ماوەکانیان ، ئەمەش بە هەوڵ وکۆششی دڵسۆزەکانیان ئەنجام درا.

لە عێراقدا هەنگاوی باش نرا بۆ ئەم مەبەستە و پێرستی دەستنووسەکان ڕێك خرا ، بەلاّم وەك دەزانین هەموو کارێك گرانی پێوەدیارە و هەڵە و کەم و کورتیش بوونی هەیە ، دواتر پێرستی باشتر و فراوانتر بۆ دەست نووسەکان ئەنجام درا ،بەتایبەتی دەستنووسەکانی کتێبخانەی ئەوقافی بەغداد .

سەرەتای کارەکان دامەزراوەیی نەبوون ن بەڵکو ئەوەش کە کرا هەوڵی تاکەکەس بوون وە پێرستی چاقکراویان خستە بەردەم خوێنەران ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی قورسە ، لەم پێرستەدا جێگە و شوێنی دەستنووسەکان دەست نیشان کرا .

پێرست کردنی دەستنووسەکان مێژویەکی دێرینی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسیەکان ، ئەوکات ڕێکخستن و ئامادەکردنیان وەك ئێستا ئاسان نەبوو ، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرچاوەکانیان ڕێکخستوە ،تاوەکو خوێنەر سوودمەند ببێت لێیان .

پێرست بە شێوەیەکی ناسراو دەکرێت بە (2) دوو شێوەوەك

1) پێرستی کارت :

ئەم جۆرە پێرست کردنە لەسەر کارتی قەبارە ( 7,5 × 12,5) سم دەبێت ، وەك چۆن کارتی پێرستی کتێبی چاپکراو لە کتێبخانەکاندا بوونی هەیە ئەمانیش بە هەمان شێوە هەمان زانیاری داواکراو لە خۆدەگرێت کە پەیوەستە بە زانیاری دەستنووسەوە.

2) پێرستی چاپکراو :

ئەم جۆرە پێرستە لە شێوەی کتێبدایە وەك ڕێبەرێك وایە ناوی دەستنووسەکانی لە خۆ گرتووە وە بە شێوەیەك لەم شێوانە ڕیزبەند کراوە:

- پێرستی پۆلێن کراو / بە ژمارەی پۆلێن لە کەمەوە بۆ زۆر ڕیزبەند کراوە.
- پێرستی بابەت / بابەتەکان بەپێی پیتی هیجائی ڕیزبەند کراوە.
- پێرستی ناونیشان / ناونیشانەکان بەپێی پیتی هیجائی ڕیزبەند کراوە.
- پێرستی نووسەر / بە پێی هیجائی ناوی نوسەرەکان ڕیزبەند کراوە.( بە پشتبەستن بە بنەمای ناو ) .

ئەم پێرستە لە کۆتای لاپەڕەکاندا دۆزەر ( کشاف ) یکی لە گەڵدایە کە کارئاسانی کردوە بۆ دۆزینەوەی دەستنووسەکان بە ڕێگەی ( ناونیشان ، نوسەر ، ناسخ ، بابەت یان سەرەبابەت ) .

ئەم جۆرە دەستنووسە وەك پێرستی چاپکراوی چاپەمەنیەکان وایە بەڵام زانیاریەکانی ناوی جیاوازی تێدایە ،هەر بۆیە دەبینین زیاتر شیکاریە وەك لە کورتکراوەیی .

لەگەڵ ئەمەشدا کتێبخانە پێویستی بە هەردووشێوەکە هەیە ،لەبەر ئەوەی کارتی پێرست لە ناوخۆی کتێبخانەدا خوێنەر سوودمەند دەبێت لێیان ،بەلآم پێرستی چاپکراو خوێنەر و توێژەر لە دەرەوەی کتێبخانە دەتوانن سوودمەند بن لێی .

جیاوازی لە نێوان کتێبی دەستنووس و کتێبی چاپکراودا ناکرێت ،بەڵکو جیاوازیەکە لە زانیاریەکانی ناویدا دەکرێت ، چونکە هەردووکیان هەر کتێبن ، ئەمیان بەدەست نوسراوەو ئەویان بە چاپ ، وەلەهەمان کاتدا کارتی پێرست بۆ هەریەکەیان دەکرێت بە جیاوازی زانیاریەکانی ناویان .ئەمەش وادەکات دەستنووس بە چەند قوناغێك پێرست بکرێت لەوانە :

(1) دەروازەی سەرەکی بەناوی نووسەر (دانەر) دەبێت، ئەگەر هاتوو ناوی نووسەر لەسەر لاپەڕەی ناونیشان بەدی کرا . بەلاّم ئەگەر ناوی نووسەر لەسەر پەڕەی ناونیشان بەدی نەکرا پێویستە گەڕان و پشکنینی بۆ بکرێ لە پێشەکی و کۆتایی دەست نووسەکەدا ،یان هەلر جێگەیەکی تر .

ئەگەر هەر بوونی نەبوو ئەوا پێویست بگەڕێینەوە بۆ پێرستی دەستنووسەکانی پێشوتر ،ئەگەر هەر بونی نەبوو ئەوا پێویستە بگەڕێین بە دوای سالّی دەستنووسەکەدا ،لەم کاتەدا پێویستە بگەڕێینەوەبۆ کتێبە یاداشتەکانی ئەو سەردەمە ،چونکە زۆر جار ناوی ئەم نووسەرانە لەو جۆرە کتێبانەدا بەدی دەکرێت ،ئەگەر هەر بونی نەبوو ئەوا دەروازەی سەرەکی بە ناونیشان دەبێت .

(2) دوای ئەوەی ناونیشان بوو بە دەوازەی سەرەکی (وەك ئەوە دەینوسین کە لەسەر بەرگی دەستنوسەکە هاتووە ) ( وەك خۆی ) . ئەگەر دەست نووسەکە ناونیشانی دیار نەبوو ئەوا پەنا دەبەینە بەرخوێندنەوەی پێشەکی( الفاتحه) دەستنووسەکە، ئەگەر نا ئەوا هەمان ڕێوشوێن دەگرینەبەر وەك چۆن بۆ نووسەر کرا ،ئەگەر ئەمەش سەری نەگرت ئەوا ئەوکەسەی کە پێرستەکەدەکات ( پێرستکار) دارێژارۆێك یان ناوێك دادەنێت کە باس لە بابەتەکە دەکات وەك ناونیشانی کتێبێك دەربارەی ڕێزمان یان دەربارەی کێش و سەروا یان دەربارەی شەریعەت ............هتد. ئەم ناونیشانە تازەیە دەخرێتە نێوان 2 دوو کەوانەوە ( .........) هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە لاپەڕەکانی پێشودا ،ناولێنانی لێکۆڵەرە یان پێرستکار .

(3) بلاّوکراوەکان کە ( شوێن یان جێگە و بلاّوکەرەوە و سالّ ) لە خۆ دەگرێت .

لێرەدا جیاوازە ، چونکە تەنها ناوی (ناسخ) ەکە و ئەو سالّە ئاماژە پێدەدەین کە کە ناسخ دەست نووسەکەی تێدا کۆتایی پێ هێناوە (( لە هەندێ دەست نووسدا نووسراوە سالّی ؟ دەستی پێکرد وە سالّی ؟ کۆتایی هات لە ڕۆژی ؟ / مانگی ؟ / سالّی ؟ ))دا ، ئەمەش ڕاستەو خۆ دوای ناونیشان دەنوسرێت وە بە دووری 12 دەنوسرێت، ئەگەر لەو دێڕەدا بەشی نەکرد دەچینە سەر دێڕی دواتر کە دووری (8) ە .

ئەگەر هاتوو سالّی لەدایك بوون ومردنی ناسخەکە نوسرابوو ئەوا دوای کۆتایی هاتنی ناوی ناسخ لە نێوان 2 دوو کەوانەدا (..........) مێژوی لەدایك بوون و مردنی ئاماژە پێدەدەین بۆ نمونە:

———— نسخها محمد حسن هاشم البیاتی ،(435- 512 المتوفی).

(4) زانیاری پەڕە و قەبارەی پەڕەو ژمارەی دێڕ و جۆری نوسین ( ئاسۆی و ستونی ).

ئەم زانیاریانە لە هەمان جێگەی خۆیان لەسەر دووری 12 لەسەر کارتی پێرست دەنوسرێت ، کە ژمارەی لاپەڕەکانی دەستنووس دەگرێتەوە ،بەلاّم دەبێت ×2 بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە لاپەڕە. بۆ نمونە:

44پەڕە (88 لاپەڕەیە )

ــــــــ 44 ورقە (88 ص) ،22×30سم.

دوای ئەمە قەبارەی دەستنووس دەنووسین (درێژی × پانی ) وە بە سانتیمتر دەپێورێت ، جاری واش هەیە تەنها درێژی دەپێورێت ، 25سم.

دواتر ژمارەی دێڕەکانی ناو لاپەڕەکان بە شێوەیەکی گشتی وەردەگیرێت تاوەکو بزانیین چەند دێڕە ئاماژەی پێدەدەین وە هێمای ( مسگرە ) دێڕی بۆ دادەنێین :

ــــــــ 44 ورقە ( 88ص) ، 22×30سم،14 مسگرە.

بەم شێوەیە زانیاریەکان ڕێکدەخرێت یەك بە دوای یەك

ئەگەر هاتوو دەستنووسەکە ڕیزبەندی ژمارەی بۆ نەکرابوو یان ڕیزبەنی پیتی بۆ کرابوو ، پێویستە ئاماژەی پێبدەین یان خۆمان ڕیزبەندی ژمارەی بۆ بکەین ، ئەگەر ڕیزبەندی پیتی بۆ کرابوو ئەوا دەنوسین لە (ا- ﻫ ) گریمان

ئەگەر دەستنووسەکە پارچەپارچەبوو ئەوا بە (سم) دەیپێوین دواتر دەنوسین درێژی ئەم دەست نووسە ؟ سم یان ئەوەندە پێیە .

ــــــــ25 قدم ، 450 سم.

بەلاّم ئەگەر دەستنووسەکە خرابووە سەر شێوەی فلیم نئەوا پێویستە قەبارەی فلیمەکە و دۆخی صێشوی بزانیین ، گریمان 7 بەکرە و 15 نامەیە و بە فلیمی 16 ملم شۆراوەتەوە. دەنوسین :

ــــــــ7 بکرات ( 15 رسالە) 16 ملم .

(5) تێبینی / زۆرترین زانیاری پێویست و گرنگ لە خۆ دەگرێت لەوانە ـ

* شوێنی ئێستای دەستنووسەکە: چ کتێبخانەیەك خاوەنداری دەکات ، ژمارەی تۆماری ئەم دەستنووسە لەم کتێبخانەیەدا چەندە .

* ئاماژەدان بە وەی کە ئەگەر دەستنووسەکە وێنەدار و ڕەسەنە ، یان بە دەست خەتی نووسەر (دانەر) نوسراوەتەوە ، یان ناسخ نوسیویەتی.

* ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی دەستنووسەکە ، جا ئەگەر بێت و کۆمەڵێك بابەت بە پێنوسی نووسەرێك یان کۆمەڵە نوسەرێك لە خۆ بگرێت، پێویستە ئاماژە بە ناونیشانی هەر نوسراوێك بدەین و ناوی نوسەرەکەی بهێنیین ،پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی ،دواتر ڕیزبەندی بۆ دەکرێت بەپێی ڕیزبەندی هاتنیان لەناو دەست نووسەکەدا ، بۆ نمونە با بڕوانینە ئەم دەستنووسە عەرەبیە :

کلا و بلی فی القران لاّبن هشام من ص 16 ــــ 30.

المتچمن فی حروف الجر لأبن هشام من ص 31 ــ 55

دواتر هەر ناونیشانێکی تر هات لەلایەن هەر نووسەرێکەوە وەك نمونەی سەرەوە ئاماژەی پێدەدەین ، تاکۆتایی لاپەڕەکان .

* ناوهێنانی ئەو جێگایەی کە ئەم دەستنووسەی بەخشیوە بە م کتێبخانەیە .

* ڕیزبەندکردن و ناوهێنانی هەموو ئەوانەی پیاچونەوەیان بۆ کردوە .

* دیاری کردنی بەکارهێنان : ( کێ بەکاری بهێنێت ) ئـــایا وەقفە بۆ جێگەیەك ، یـان خەڵکانێکی دەستنیشان کراو دەتوانن بەکاری بهێنن.

* ئاشکرا کردن و ناوهێنانی هەموو ئەو لاپەڕانەی کە پەڕیووە ، دیار نیە ، تالفە ، ڕزیوە ، یان چەند لاپەرەیەکی سپی یە و هیچی لێ نەنوسراوە ،بۆ نمونە :

لە لاپەڕە 15 ــ24 تالفە ، ڕزیوە ، سپی یە ،پەڕیوە .

* ناسیی خەتەکە و ئاماژەدان بە جۆری خەتەکە / خەتی دیوانی ، نسخ ، کوفی ، حجازی ........هتد .

* جۆری کاغەزەکە ئایا کاغەزی بغدادیە ، عەتین ، تەڵحی ..هتد .

* هەر سیفاتێکی تر کە پێڕستکار بە پێویست بزانێت یان سوودی هەبێت وەك :

وێنەدار ، جزوبەند کراو ، نەخسە ، زەغرەفە .........هتد.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت زۆربەی دەستنووسەکان پێشەکیەکەیان بە (الفاتحە) دەست پێ دەکات ولە دوای ناوی بسملە (بسم اللە الرحمن الرحیم ) ەوە دێت وە زۆرجار (النهایە) نوسراوە کۆتایی هات لە ڕۆژی ؟ /مانگی ؟ / ساڵی ؟/ لە فلانەجێگە بەئامادە بوونی (..........کۆمەڵ کەسانێك ) کە ناویان هاتووە ،ئەم زانیاریانە بۆ تێبینی سوودی لێوەردەگیرێت .

(6) بەدواداچوون بۆ ڕیزکردنی دەروازەکان کە پێڕستکار بە باشی دەزانێت لەوانەك

ا) سەرەبابەت یان سەرەبابەتەکانی ناو دەستنووسەکە.

ب) دەروازەی ناونیشن ، یان بەناونیشانی دەستنووسەکان ( ئەگەرچەند ناونیشانێك )بوو.

ج) ناوی نوسەران ئەگەر هاتوو (کۆمەڵێك نووسەر بەشدار ببون ) لە کارێکدا .

د) ناوی ناسخ[80] یان کۆکەرەوە ،جامع ، محرر، الشارح، الملخص.

---

[80] (ناسخ). بەوکەسانە وتراوە کەهەستاون بەنووسینەوەی دەستنووسەکان و فرۆشتنەوەیان

(7) ئەگەر دەستنووسێك دوو ناونیشانی هەبوو ،بە دوو شێوە ناسرابوو ،ئەوا لەم کاتەدا پێویستە ناونیشانە بەناوبانگەکە دابنێین و بیچەسپێنین وە کارتی احالە بۆ دووەمیان بکەین (ناسراو بڕوانە نەناسراو ).

هەندێ جار دەستنووسەکە لە شێوەی نامەدایە کە ئاڵوگۆڕ کراوە یان نێردراوە ( لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ) .دەبێت دەروازەی سەرەکی بەناوی کەسی یەکەمەوە بێت کە ناوی هاتوە، وە دواتر دەروازەی تر بۆ ناوی کەسەکانی تر دەکرێتەوە ، بۆ نمونە:

( رساله ادبیه متبادله بین معروف الرصافی و جمیل صدقی الزهاوی ).

الرصافی ،معروف.

رساله ادبیه بین الرصافی وجمیل صدقی

الزهاوی . کتبها الشاعران.

ا. الادب العربی الحدیث أ .العنوان

ب. الزهاوی ، جمیل صدقی .

## پۆلێنی دەستنووسەکان :

هەموو کتێبخانەیەك کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەبێت ،پێویستی بە پۆلێنکردنیان هەیە ،تاوەکو خوێنەرانی لێی سوودمەند بن ، ئەو کتێبخانانەش کە خاوەنی دەستنووسن گرفتی پۆلێنکردنیان لە پێشە ،چونکە دەستنووس وەك چاپکراو نیە تا زۆر بە ئاسانی پۆلێن بکرێت . لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ڕاڤەکردن و ساغ کردنەوە، هەڵەبەر ئەمەیشە چەند ڕێگایەگ بۆ پۆلێن کردنیان پەیڕەو کراوە.

* ڕێگای یەکەم .

ڕێگای ڕیزبەندی ژمارە ( رقم التسلسل ) لە هەمان کاتدا لە زۆر جێگە ژمارەی تۆمارە.

ئەم ڕێگایە زۆر کۆنە ، لە کتێبخانە باوەکاندا زیاتر پەیڕەو دەکرێت ( ئەمەش بۆ کەمی کادری شارەزا و پسپۆڕدەگەڕێتەوە) لەم بوارەدا .

لەم کتێبخانانەدا هاتوون بە ژمارەی یەك لە دووای یەك دەستنووسەکانیان ڕیزبەند کردووە و لەسەر شانی دەستنووسەکە لە بەشی خوارەوە ژمارەی تۆمارەکەیان نووسیوە ، وەلەسەر ئەم ژمارەیە پیتەکانی ( م .خ ) واتا **مخطوطة** دانراوە، کورتکراوەکەی (مخ) ە ، تاوەکو بزانرێت ئەمە دەست نووسەو چاپکراو نیە ، ئەم ڕیزبەندیە جێگای ژمارەی پۆلێن کە ژمارەی داواکراوە (**Call.No**) دەگرێتەوە.

نمونە :

مخ

76

بەڵام ئەگەر هاتوو دەستنووسەکە ( وێنەگیرابوەوە) واتا خرابووە سەر فلیم (مایکروفلیم ) لەم کاتەدا ووشەی مایکرۆفلیم لە سەروو دوو پیتەکەدا دادەنرێت کە گوزارشتە لەوەی ئەم دەستنوسە کراوە بە (مایکرۆفلیم ).

مابکروفلیم

مخ

76 بەم شێوەیە .

پاشان سەرەبابەتی بۆ دەست نیشان دەکرێت لە لیستی سەرەبابەتدا ( **قائمة رؤوس الموضوعات**) کە کتێبخانە کاری لەسەر دەکات و بەکاری دەهێنێت ، بەم شێوەیە سەرە بابەتەکە دادەنرێت و لەسەر کارتەکە دەچەسپێت ، کەواتە دەرزازەی سەرەکی سەرەبابەت لە پێرستی گشتی دا دانرا .

لەم کاتەدا کتێبخانە پێرستێکی سەربەخۆی هەیە وە بەژمارە کارتەکانی ناوی ڕیزبەند کراوە و خوێنەر دەتوانێت یەك بە دوای یەك کارتەکانی بپشکنێت، یان بە شێوەیەکی تر دەتوانێت کارتەکان بەپێی سەرەبابەتەکان ڕیزبەند بکات بە پێی پیتی هیجائی سەرەبابەتەکە ، تاوەکو خوێنەر ئاشنا بێت بە بابەتەکانی ناو دەستنووسەکە.

*ڕێگای دووەم :

ڕێگای بەکارهێنانی پۆلێن گشتی یە ، ( ئەو پۆلێنەی بۆ بابەتەچاپکراوەکان بەکاردێت ) کە چاك ترین و ناودارترین پۆلێنە ( پۆلێنی دیوی دەیی ) ە.

سەرەتا ژمارەی پۆلێن ،دواتر پیتی یەکەمی ناوی نووسەر (دانەر) و ژمارەی دوایی تایبەتمەندی نووسەر ،کە بە هەردووکیان دەبێت بە ژمارەی داواکراو ( **Call.No**) .سەرەتا لە سەری سەرەوە هێمای (مخ) دادەنرێت کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوەیە دەستنووسە ( **مخطوطة**) یە.

دواتر ژمارەی پۆلێن ، پاشان ژمارەی تایبەتمەندی نووسەر ...بەم شێوەیە؟ نمونە :

المختصر فى النحو   تأليف ابو منصور الجواليقى .
شيكارى ساده  :

مخ
415
ج 328
الجوالقى ، ابو منصور .
المختـصر فى النـحـــــــــو.

دواتر شيكارى بنەڕەتى:

هێماى مخ لادەبەين  وەلەبرى ژمارە _091) لە جێگەى دادەنێين كە زۆردروست ترە ،بەلأم لەم كاتەدا ژمارەى پۆلێن بەم شێوەى لێدێت.

415،091
ج 328
الجوالقى ، ابو منصور .
المختـصر فى النـحـــــــــو

پاش پۆلێن كردن هەموو دەست نووسەكان لەسەر ڕەفەكان دادەنرێت ن بەڕێگاى يەكەم يان دووەم ،ديارە بەكارهێنانى ڕێگاكان دەكەوێتەسەر كتێبخانەكە خۆى ،كە كام ڕێگەيانى لە تواناداا  هەيە بۆ ڕێكخستن و ڕيزبەنديان .

ئەم نمونەى خوارەوە يەكێكە لەو نمونانەى كە زۆرترين زانيارى پێرستى لە خۆ گرتووە بە ڕێگاى يەكەم :

**مخ**
26

**الاسود، الحسن بن علاءالدين ،ت** 1069**ه.**
**شرح مرح ارواح،نسخها محمد فرابيلى سنة**1069**ه.**
338 **ورقة** (676**ص**)،19×12**سم** 20**مسطرة.**
**ا.ألادب العربى      أ.الفرابيلى ، محمد ( ناسخ ).**
2 .**العنوان.**

# بەشی دووەم

پاری یەکەم: کتێبخانە گشتیەکان

پاری دووەم: کتێبخانەی منداڵان

پاری سێیەم: کتێبخانەی گەڕۆك

پاری چوارەم: کتێبخانەی نەخۆشخانە

پاری پێنجەم: کتێبخانەی زیندان

# پاری یەکەم :

## کتێبخانە گشتیەکان : المكتبات العامة = Public Library



زۆر ناوی لێنراوەو بەزۆر ناویش دەناسرێ لەوانە کتێبخانەی گەل، میللەت، هەمووان و بە کتێبخانەی دایك زۆرجاریش ناو دەبرێ، ئەمە جگە لەوەی کە پێشی دەڵێن کتێبخانەی زانکۆی گەل، یا قوتابخانەی گەل، و بە دیموکراتترین کتێبخانەش دەناسرێ.[81]

ئەم جۆرە کتێبخانەیە دامەزراوەیەکی رۆشنبیری پەروەردەیی، فێرکردنە، هەڵدەستێت بە هەڵگرتن و رێکخستن و پاراستنی سەرجەم ئەو بەهرە فکرییانەی کە دێتە ناو کتێبخانەوەو لە ناوەندەکانی بلاّو کردنەوە دەردەچێت، و خستنە بەردەستی خوێنەرانی بەگشت چین و توێژەکانییەوە بێ جیاوازی لەتەمەن و رەگەزو ئاین و نەتەوەو رەنگی پێست و پلەو پایەی کۆمەلاّیەتیدا، سەرچاوەکانی ئەم

---

[81] - حسن رشاد ، المكتبات العامة في القاهرة- القاهرة- المؤسسة العربية العامة 2003

جۆرە کتێبخانەیە گشتگیرە، واتە بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ دابینکراوە هەر لە منداڵ و گەنج و بەتەمەنەوە.

ئەم سەرچاوانە کاریگەری باشیان هەیە لە تێرکردنی پێداویستییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی خوێنەرو توێژەردا، وە بە ئاسانی لەبابەتەکاندا ڕێگە خۆشکەرە بۆ خواستی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام، لە پێناو پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی خەڵکیدا خۆی نوێ دەکاتەوە بە بابەتی پڕ پرۆگرامی بە سوود، تا سەرنجی سەرجەم چین و توێژەکان ڕابکشێت بۆ بەشداربوونیان لەو پرۆسەیەدا.[82]

مەبەست و گرنگی کتێبخانە گشتییەکان لە بنەڕەتدا بەستراوە بەمەودای گرنگی و بایەخی سەرچاوەکانی زانیاری تێیدا. (سەرچاوە باوەکان) کە ئەمانە ناوەڕۆکیان گونجاوە لەگەڵ کتێبخانەدا.

لەڕێگەی ئەم دەزگایەوە خوێنەر دەتوانێت خۆی ڕۆشنبیر بکات. هەر بابەت و سەرچاوەیەك کە پێویستی پێی بێت، دەتوانێت لێرە داخوازی بکات و سوودی لێ وەربگرێت.[83]

ناوەڕۆکی بابەتەکەی لا ئاشکرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوەوە. ڕێکخراوی یونسکۆ وا پێناسەی کتێبخانەی گشتی دەکات کە هێزێکی چالاك و پەروەردەیی و فێرکردنە بۆ بڵاو کردنەوەی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری لە نێو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵدا.

کتێب و کتێبخانە دووانەیەکی چون یەك و یەکتر تەواوکەر لەمانادا، بەڵام کتێب گرنگترین و بەهێزترین هێزی کتێبخانەیە کە خۆی لەبەردەم سەرجەم خوێنەرەکانیدا دەبینێت بە بێ جیاوازی[84]

دوو وشە لە ژیانماندا هێزو کاریگەری خۆی هەیە، و بەسەرچاوەیەکی سەرەکی زانیارییەکان دادەنرێت و ڕەنگدانەوەی هەیە ئەوانیش:

1- وشەی بیستراو: بەزارەکی کە گوێ بیستی دەبین و کاریگەری لەسەرمان بەجێ دەهێڵێت بەباش، یان بە خراپ.

2- وشەی چاپکراو: لە ڕێگەی خوێندنەوەو بینینەوە لە بیرو بۆچونماندا لێکدانەوەی بۆ دەکەین و لە مێشکماندا هەڵیدەگرین بۆ کاتی پێویست.

ماوەتەوە بڵێین لەپاڵ ئەم دوو وشەیەدا شتێکی نوێ بەدیدەکرێ، ئەوانیش وشە، یان وێنەی چاپکراوە بە پیت و هێما، یان بە وێنە گیراوە وەك وێنە کەلێکدانەوەیان بۆی دەبێت.

---

[82] - عبدالله انیس الطباع ، علم المکتبات ، الادارة والتنظیم - بیروت ، دار الکتاب اللبناني - (دت)

[83] - ئەرخەوان. کتێبخانە گشتییەکان لە بەردەم سەدەی بیستەمدا. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006

[84] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

پێکهاتەی کتێبخانەی گشتی وەك سەرچاوە پێکدێت لە(کتێب، دەستنووس، نامەی زانکۆیی، سەرچاوەی فەرهەنگیی بەهەموو شێوەو جۆرەکانییەوە، لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی چاپ و پۆستەرو نامیلکەو نەخشەو تابلۆو سەرچاوەی بینەری و بیسەری، ئەمانە هەمووی لە کتێبخانە دەتوانرێ خوێنەرو هاموشۆکەرانی کتێبخانە لێی سوودمەند بن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ کێبڕکێی هەموو ئەمانە دەکات تەکنەلۆجیای زانیارییە، کە بە پلەی یەکەم بوونی ئینتەرنێتە لەناو کتێبخانەداو پێگەو جێگەی دیارو بەرچاوی هەیە.

دەبینین ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای زانیاری توانیویەتی بوون و بایەخ و گرنگی خۆی بسەلمێنێ لەتەك کتێبدا، نەك بە شکست پێهێنانی، بەڵکو کێبڕکێ کردن لەگەڵیدا، هەر وەك چۆن بابەتی تازە بوونی پێویستە لە کتێبخانەدا، ئاواش سەرچاوە زانستییەکانی تەکنەلۆجی بوونیان پێویستە لە کتێبخانەدا.[85]

ئینتەرنێت ئەمڕۆ بە هاوڕێی خێراو زانیاری بەخشی بە دەستوبرد ناو دەبرێ، چونکە هەرچەند ساتێکمان پێویستە بۆ گەڕان بەدووای زانیارییەکدا، دواتر چەندان سەرچاوەمان لەسەر ئەو داواکارییە پێشکەش دەکات بە خۆڕایی یان بە پارە.

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە تەکنەلۆجیا بەربەرەکانی چاپکراوەکان دەکات لە کتێبخانەدا، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی و گونجاو.

ئەمڕۆ هەر سەرچاوەیەکی چاپکراو کە بە چاپ دەگەیەنرێت و بڵاو دەکرێتەوە، هەمان سەرچاوە دەخرێتە سەر سیدی و (C. D) و خوێنەر دەتوانێ بەئاسانی بەکاریان بهێنێ، هەم وەك چاپکراو هەم وەك بینراوی ئەلکترۆنی، لە ئێستاوە ئەم هەنگاوە دەستپێکردووەو ساڵانێکە لە وڵاتانی دنیادا پەیڕەو دەکرێ.

کەواتە هەر لە ئێستاوە کەرەستەی ئەلکترۆنی لەشانی کتێبدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمەش بۆ کەسانێکە کە زیاتر بەم بوارەوە سەرقاڵن وەك لە دانیشتن بۆ خوێندنەوە.[86]

هەرچەندە چێژی خوێندنەوە لەدەست تێوەرداندایە وەك لە بینین،لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان یەك زانیاری چاپکراو دەگەیەنن، بەڵام مامەڵە کردنی کتێب بمانەوێ و نەمانەوێ خۆشترە.

هیچ ئامێرێك لە دنیادا بەبێ کەڵکی دروستنەکراوە، بەڵکو مەبەستێکی مرۆیی لە پشتەوە هەیە کە بۆ خزمەتکردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیان لەخزمەت مرۆڤدایە.

---

[85] - محمد فتح عبدالهادي،المكتبات و المعلومات في العلم الجديد. -قاهرة - دار المصرية اللبنانية،2007

[86] - ئەرخەوان. کتێبخانە گشتییەکان لە بەردەم سەدەی بیستەمدا. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006

لەبەر ئەوە بەکارهێنانی ئامێرەکان بەدروستی لەکارکردندا سەرەنجامی باشی لێوە دەبێت، واتە دەتوانرێت ئەنجامەکانی بەباشی بەدەست بێت، کەواتە پێویستمان بە شارەزایی هەردوو بوارەکە هەیە (تیۆری — پراکتیکی) بۆ بەکارهێنانی.

ئەمڕۆ لەگشت فەرمانگەکانداو لە کتێبخانەکاندا بەتایبەتی لە بەردەم فەرمانبەراندا ئامێری کۆمپیوتەر دانراوە، جەوهەری کارەکە کە مەبەستی سەرەکییە تواوەتەوەو ئیشی پێ ناکرێ.. بە داخەوە.

دەبێت بلێین ئەقڵی ئێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی زانستی کۆمپیوتەر لە بنیادناندا نەك لە بەکارهێناندا، چونکە بەکارهێنانی زۆر قورس نییە، تەنها هونەری ڕازەکانی ناوی گرنگە کە چۆن دەتوانێ کارەکانی کتێبخانەی پێ جێبەجێ بکەین.[87]

هێنانە ناوەوەی ئەم ئامێرانە بۆ ناو کتێبخانە بۆ بەربەرەکانی کتێب و سەرچاوەکانی ناو کتێبخانە نییە، بەڵکو لەخزمەت ڕێکخستن و کار ئاسانکردنە لەبەکارهێنانی کتێبدا بۆ کتێبخانە و خوێنەرانی و بەپلەی یەکەم بەشی خواستن و تزویدو پێڕست و پۆلێن سوودمەندن.

وەك وتمان ئەمڕۆ ئینتەرنێت جیهانی زانستی خوێنەری داگیر کردووە، چیت بوێت دەتوانێ لەکەمترین ماوەداو زۆر بە ئاسانی بیهێنێتە پێش چاو (بە پارە یان بە خۆرایی). دەتوانین هەموو ئەو سەرچاوانە لەڕێگەی کۆپی و پرنتەوە زۆر بە ئاسانی دەست بکەوێت، بەڵام هێشتا کێبڕکێی کتێبی پێ ناکرێ، بەڵام لە بەربەرەکانێدایە. کتێب توانیویەتی بە هەیبەت و بەهێزو خۆڕاگر بێت لەبەردەم هەموو گۆڕانکارییەکاندا ، دەبێت ئەمڕۆ کتێبخانەی ئەلکترۆنی بەهەند وەربگرین، چونکە خەریکە خۆی بەتەواوی دەناسێنێت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەمیش بە پشتبەستن بە تەکنەلۆجیای زانیاری، بەڵام لەیەك جێگادا نەك لە گشت شوێنێکدا.

---

[87] - ربحى مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات فى المكتبات ومؤسسات المعلومات –ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

## جیاوازی نێوان سەرچاوەی ئەلکترۆنی و کتێب

| کتێب | سەرچاوەی ئەلکترۆنی |
| --- | --- |
| 1- پێویستی بە بوونی ئامێر نییەو ڕاستەوخۆ لە نێو لاپەڕەکانیدا زانیارییەکان لە بەردەستدایە. | 1- لەڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دەتوانرێت زانیارییەکانی ببینرێت و وەربگیرێت. |
| 2- هیچ پێویستی پێی نییە. | 2- پێویستی بە وزەی کارەبا هەیە بۆ کارکردن و زانیاری وەرگرتن —زۆر جاریش هێڵ نامێنێ. |
| 3- تێچوونی ماددی نییە جگە لە نرخی کتێبەکە خۆی نەبێت و تەنها کات سەرف دەبێت تا سەرچاوەکە دەستەبەر دەبێت. | 3- زوربەی جار زانیارییەکان بەپارە دەست دەکەون. |
| 4- زۆر ئاسانەو بۆ هەموو جێگەیەك دەبرێ. | 4- هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسان نییە. |
| 5- چۆنت بوێت ئاوا دەتوانی بیخوێنیتەوە (کتێبی دەنگیی) بۆ نابینایان. | 5-تەنها بە بینین و لەبەردەمدا دانیشتن دەتوانرێ سوود لە زانیارییەکان وەربگیرێت. |
| 6-تەنها بە کۆپی دەتوانرێ سەرچاوەکان وەربگیرێت. | 6-لە ڕێگەی فلاش میمۆرییەوە دەتوانرێ سەرچاوەکان بە کۆپی دەست کەوێت دواتر بە پرنتەر چاپ بکرێت لەسەر کاغەز. |
| 7- کەڕوکردن و شێی زۆر تووشی نەخۆشی دەبێت و زیانی پێ دەگات و لاپەڕەکانی بەکەڵکی خوێندنەوە نامێنێ. | 7- تووشی ڤایرۆس دەبێت و لەم ڕێگەیەوە زانیارییەکان لەناو دەچێت و کۆمپیوتەرەکە لە کار دەکەوێت. |
| 8-لێکردنەوەی لاپەرەیەك بەئەنقەست ئەگەر نا بەدرێژی ژیان هەمان زانیاری وەك خۆی دەبەخشێت، زۆرجاریش کاڵب وونەوەی نووسینەکانی پێوە دیار دەبێت، ئەمەش بۆ خراپی جۆری کاغەزەکە دەگەڕێتەوە. | 8-وەستان و لەکارکەوتنی پارچەیەکی کۆمپیوتەرەکە دەبێتە هۆی لە کارخستنی. |
| 9- هەتا بەتەمەن بێت بایەخی مێژوویی و زانیاریی چاپ باری مادی لە بەرزبوونەوەدایە. | 9-تا تەمەنی زۆر بێت نرخی لە دابەزیندایە. |
| 10-هیچ لە بەهای کەم نابێتەوە و بەرێزترو پیرۆزتریش تەماشا دەکرێ بەتایبەتی لە کتێبە پیرۆزەکاندا. | 10-بەکارهێنان و کۆن بوونی لەبەهای کەم دەکاتەوە. |
| 11-زوربەی زۆری خەڵکی توانای کرینی هەیەو بە هەزارەها دانە لە ماڵەکانیاندا دەبینرێت و بەکاردێت بۆ سوود وەرگرتن و خوێندنەوە. | 11- هەموو کەس توانای کرین و بەشداری پێکردنی نییە لەسایتەکاندا. |
| 12-تەنها پێویستی بە شێڵفە بۆ ڕێکخستن و زوربەی جار پێویستی بە کورسی نییە چۆن تاقەتی خوێندنەوەت هەبێت دەتوانی ئاوا بەکاری بێنی. -بەهەزارەها دانە لەژوورێکدا بەهەموو شێوەو قەبارەکانییەوە دەتوانرێت جێگەی ببێتەوە. | 12-تەنها چەند دانەیەك دەتوانرێ بەکاربهێنرێ لە ژوورێکدا. |

ئەمەو چەندان جیاوازی تر کە بە قازانجی کتێب دەشکێتەوە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنەلۆجیایە دەکەوێتە سەر ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئێمە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین و دەبێت پێوەرێکمان هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەقڵ و خوێندنەوەی کۆمەڵگە.

لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەندەی پارە بۆ فێستیڤاڵ و شایی و هەڵپەڕکێ و بانگەشەو پروپاگەندەی بەتاڵ و بێ سوود خەرج دەکرێ، بە نیوەی ئەوە بۆ کتێبخانە نییە. کورد دەڵێت مشتێك نموونەی خەروارێکە. بینینی هەر کتێبخانەیەك کە تۆ دەتەوێت تەماشای بکەیت، ڕەنگە ڕووخساری دەرەوەی بێ کەمو کوڕی بێت، بەڵام کە سەیری کەرەستەو کەلوپەلو سەرچاوەکانی دەکەیت بەزەیت بە خوێنەردا دێتەوەو تێر دەبیت لە سەیرکردن.

پێویستە کتێبخانەی گشتی ئازادی تەواو بدات بەو کتێبخانە گشتییانەی کە لە ناوچەو شارو شارۆچکەو شوێنەکانی تردا هەیە و لەژێر چاودێری ئەمدان بۆ کڕین و هەڵبژاردنی سەرچاوە، سەربەستی تەواو وەربگیرێت لە کڕین و هەڵبژاردندا، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەمان نزیکن لە خەڵکی ناوچەکەوە وەك لە کتێبخانەی گشتی. بە تەنها کتێبخانە ڕۆڵی ڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی خەڵکی تەندروستی لە ئەستۆدا نییە، بەڵکو کاری دەوڵەتە کە لە پاڵ کتێبخانەدا کەناڵەکانی میدیا بەکار بهێنێت، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو.

## کتێبخانە گشتییەکان لەڕووی قەبارەوە دەکرێن بە چوارجۆرەوە:

1- کتێبخانەی گشتیی قەبارە گەورە
2- کتێبخانەی گشتیی قەبارە مام ناوەندەکان.
3- کتێبخانەی گشتی قەبارە بچووك
4- کتێبخانەی لقەکان

## كتێبخانەی گشتیی قەبارە گەورە: (المكتبات العامةالكبيرة الحجم)



ئەم جۆرە كتێبخانانە لە قەبارەی باڵەخانەو سەرچاوەكانی ناویدا زۆر تۆكمەو دەوڵەمەندن و بە كتێبخانە زەبەلاحەكان دەناسرێن كە سەرچاوەكانیان هەمە جۆرو هەمە چەشنەو فرە بابەتەو لە هەموو بوارەكاندا ڕچە شكێنن، ژمارەی سەرچاوەكانیان لە ملیۆن زیاترە، یا نزیك لە ملیۆنە، نموونەی ئەم جۆرە كتێبخانانەش لە پایتەخت و شارە گەورەكاندا هەن وەك كتێبخانەی گشتیی شاری نیویۆرك، كتێبخانەی مۆسكۆ، كتێبخانەی گشتیی ئەسكەندەرییە.[88]

ئەم جۆرە كتێبخانانە لە كتێبخانەكانی تر باشتر گەشە دەكەن و فراوان دەبن، چونكە پشت بە بنەما سەرەكییەكانی هەڵبژاردن دەبەستن كە بریتییە لە:

88 - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر (د. ت)

1- ناساندنی ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئەو کتێبخانە بە ڕوون و ئاشکرایی، و دەبێت ئەو سەرچاوانە کە هەڵدەبژێرێن بۆ کتێبخانە، لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی تری کتێبخانەکەدا هاوڕێك بێت. ڕێژەی سوود وەرگرتن لەو سەرچاوەیە لە بەرچاو بگیرێ، کە تاچەند خزمەت بە خوێنەر دەکات.

2- پێویستە پلانی هەڵبژاردنی سەرچاوە بە ڕوون و ئاشکرا دیار بێت کە ئەم کتێبخانە چ جۆرە سەرچاوەیەك هەڵدەبژێرێت (پێوەرەکانی هەڵبژاردن چەسپاو بێت) ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سەرچاوە دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکات

خ- نووسەر
د- ناونیشانی بابەت
ژ- ناوەرۆکی بابەتەکە
ر- جۆری نووسین و دەربڕینەکان
ز- ئەو دەزگایەی کە چاپی کردووە ( دەزگای بڵاوکردنەوە)
س- جۆری چاپەکە
ش- جۆری لاپەڕەکان
ص- جۆری جزوبەندەکان
چ- ناوی کەسانی هەڵسەنگێنەر
گ- ناوی نووسەرە بەشداربووەکان

ئەمانە هەموو پێوەری هەڵبژاردنی سەرچاوەن کە دەبێت ڕەچاو بکرێت لە کاتی هەڵبژاردندا.

3- هەڵبژاردنی چاکترین کتێب لە بابەتێکی دیاریکراودا و باشترین نووسەری ناسراو لەو بوارەدا (مەبەست لێرەدا هەموو بەرهەمەکانی نییە، بەڵکو لەو بوارەدا کە ئێمە پێویستمان پێیەتی).

4- دەبێت هەڵبژاردنی سەرچاوە بە وردی و بە سەلیقەیی بێ و دەبێ ڕەچاوی داخوازی خوێنەرەکانمان بکەین لە کاتی هەڵبژاردندا و دەبێت چ جۆرە سەرچاوەیەکیان بۆ هەڵبژێرین کە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی خواست و ئارەزووەکانیان لەسەرچاوەی ڕۆشنبیری.

5- ڕەچاوکردنی هەموو ئەو کەمە نەتەوەییانەی لە ناو شارەکەدا هەیە و دەبێت بە پێی ژمارەی دانیشتوان سەرچاوەش بۆ ئەمان دەستەبەر بکرێ، ئەمە جگە لە ڕەچاوکردنی سەرچاوەی ئاینیی.

6- هەڵبژاردنی سەرچاوە لە بواری فکرو ڕای جیاوازدا، کە پێویستە ژمارەیەکی بەرچاو لەم جۆرە سەرچاوانە لە کتێبخانەکەدا هەبێت کە خوێنەر سوودی لێ وەرگرێت بۆ زانین و بەکارهێنانی لە ڕاپۆرت و توێژینەوەدا و دەبێت هاوسەنگی بابەتی لە نێوان ئەم سەرچاوانەدا ڕەچاو بکرێ و فەزڵی بابەتێکی فیکری (جدلی) نەدرێت بەسەر بابەتێکی تردا لەسەر حسابی خۆشەویستی ئەو بیرو ڕایە، و

دەبێت ئەو سەرچاوانەش هەڵبژێرین کە ڕای جیاوازی زۆرتر تێدایە وەك لە یەك بیرو ڕا (ئەمە جگە لە ڕەچاوکردنی بواری یاسایی لەسەر ئەمانەوە).[89]

7- دوورکەوتنەوە لە هەندێ سەرچاوەی پەڕپووت و بێ نرخ، کە بڵاو دەکرێتەوە لە ژێرسایەی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتیدا، لەوانە بابەتی وەك سیکسۆلۆجی و سەرچاوەی بێ ڕەوشتی و وروژێنەرو سەرنجڕاکێش لە وێنەدا کە ئەمانە ڕەنگدانەوەی زۆر خراپ بەجێ دەهێڵێت لای خوێنەر و تووشی لادان و کێشەی دەکات. دەبێت سەرچاوەی ئەکادیمیی و بنەما زانستییەکانی بواری سایکۆلۆجی هەڵبژێرین کە بە شێوەیەکی زۆر دروست باسی ئەم بابەتانەمان بۆ دەکات خودی خۆمان پێ دەناسێنێت.

8- دوورکەوتنەوە لە هەندێ سەرچاوەی تر وەك کتێبی فاڵ و جادوگەری و کاری خەولێکەوتن کە ئەمانە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی کتێبخانەدا یەك ناگرێتەوە.

9- پێویستە لەسەر کتێبخانە کۆمەڵەیەکی زۆرباش لە سەرچاوە فەرهەنگییەکان دابین بکات بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە و لە ناو بەشی سەرچاوەکاندا بە ئاشکرا ببینرێت، تا خوێنەر سوودی لێ وەربگرێت.

10- دەستەبەرکردن و هەڵبژاردنی کۆرسێکی باش لەسەرچاوە بۆ بەشی منداڵان و جێبەجێکردنی خواست و ویست و ئارەزووەکانیان لەسەرجەم سەرچاوە زانیاری بەخشەکان بە زۆر زمانی جیاجیاو سادەو پڕ بایەخ، چونکە ئەمانە نەوەی دوا ڕۆژن و چاندنی خۆشەویستی خوێندنەوە لە منداڵیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی پەروەردەیەکی ڕەسەن لە ئایندەدا و کاردانەوەی باشی دەبێت.

11- مامەڵەکردنی ئەو کتێبانەی کە بە دیاری بە دەست کتێبخانە دەگات، هەمان مامەڵەی کتێبی کڕاوی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها مافی هەموو کتێبخانەیەکە ڕەتی ئەو سەرچاوانە بکاتەوە کە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی کتێبخانەکە یەك ناگرنەوە (یان سەرچاوەکان تۆمار نەکات و بیان بەخشێ بە کتێبخانەیەکی تر).

12- پێویستە لەسەر کتێبخانە هەندێ جار بابەت لەسەر هەریەك لەم سەرچاوانەی کە ناو دەبرێ بۆ کتێبخانە مسۆگەر بکات، لەوانیش سەرچاوە لەسەر مێژووی ناوچەکەو هەرێم و وڵاتەکە بە گشتی لەگەڵ مێژووی شارستانییەکان و شوێنەوارو کەلوپەلیان، ئەمە جگە لە سەرچاوە دەربارەی شارو شارۆچکە و پیشەو زەوییە کشتوکاڵییەکان. .... هتد.

---

[89] - ربحي مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات –ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

13- جگە لە کتێب سەرچاوەی (خولاوەکان) بۆ کتێبخانە هەڵبژێرین بە گشت شێوەو جۆرەکانییەوە، تا دەتوانرێ پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا ببەستێ (گۆڤار + رۆژنامە) بێ دابڕان.


14- پێویستە لە ناو کتێبخانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرچاوەی بینەریی و بیسەریی تێدا بەدی بکرێت بۆ سوود وەرگرتن لێیان، لەوانە (وێنە + نەخشە + تۆمارگە + شریتی قەوان + فلیم + سلاید + مایکرۆفلیم ... هتد).

15- زۆر پێویستە لەسەر کتێبخانە زانیاری هەبێت لەسەر سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەکانی دەوروبەری خۆی، تاوەکو بتوانن ئەو سەرچاوانەی خوێنەر داوای دەکات و لێرەدا دەستناکەوێ رەوانەی کتێبخانەی مەبەستی بکات.

16- دوورخستنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە خوێنەری نییەو تەمەنیان بەسەرچووە بە تایبەتی لە بواری زانستیدا و بە خستنە بری کتێب و سەرچاوەی تر لە جێگایدا.[90]

ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوە بوون کە پێویستە لەگشت جۆرەکانی کتێبخانەدا رەچاو بکرێ و سوودی لێ وەربگیرێت.

کتێبخانەی گشتیی قەبارە گەورە لە کاتی هەڵبژاردندا گرفتی ناساندنی کۆمەڵگەو ویست و خواستەکانی کۆمەڵگەی هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لە دوورەوە دەژین و داخوازییەکانیان جیاوازە بە جیاوازی ئایین، نەتەوە، زمان، نەژاد، بیروڕا، بۆیە زۆر قورسە هەڵبژاردن بۆ ئەم جۆرە کتێبخانانە کە ئامانجیان خزمەتکردنە بە بواری زانستی و ئەکادیمیی و رۆشنبیریی بۆ گشت چین و توێژەکان و کۆلێکشنەکانیان زۆر دەوڵەمەندەو بودجەی پێویستیان لەبەردەستدایە و بە بەرنامە کاردەکەن لە پێناو پێشخستنی کتێبخانەو خزمەتگوزارییەکانی خوێنەر، سەرچاوەی زۆر دەگمەن و دانسقە و نایاب لەم جۆرە کتێبخانانەدا بەدیدەکرێت کە مێژوویەکی زۆر گەورەیان هەیە.



وێنەی کتێبخانەی گشتی شاری ئەسکەندەرییە لە میسر

---

[90] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

## 2- كتێبخانەی گشتیی قەبارە ناوەند : ( المكتبات العامة المتوسطة الحجم )



ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆرتر لە شارە ئاساییەکاندان کە ژمارەی دانیشتوانیان لە سەرو 400000 چوار سەد هەزار کەسێکەوە تا نزیك ملیۆنێك دەبیٚ، زۆربوونی چڕی دانیشتوان کاریگەری لەسەر دروست دەکات بەتایبەت لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و داواکاری خەڵك لە سەرچاوە، نمونەی ئەم جۆرە کتێبخانانە وەك: کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك..... هتد. هەروەها کۆمەکی مادیی و مرۆیی پێشکەش بە کتێبخانەکانی وەك منداڵان و شوێنە دوورە دەستەکان دەکات.

## 3- كتێبخانەی گشتی قەبارە بچووك : (المكتبات العامة الصغيرة الحجم)

(کتێبخانەی شارو شارۆچکەکان دەگرێتەوە)

دکتۆر شەعبان خەلیفە لە کتێبەکەیدا **(تزويد المكتبات بالمطبوعات ل**24 ) ئاماژە دەکات بە ڕێژەیەك بۆ ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەکدا کە کتێبخانەی گشتیی تێدا بکرێتەوە نووسیویەتی: بیٚ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان لەهەر جێگەیەك کە کتێبخانەی گشتیی دەکرێتەوە، نابێت ژمارەی سەرچاوەکانی ئەو کتێبخانەیە لە شەش هەزار سەرچاوە کەمتر بێت (لێرەدا مەبەست لە گشت

سەرچاوە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانە هەر لە کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو نامیلکەو سەرچاوەی فەرهەنگی).

کردنەوەی ئەم جۆری کتێبخانە گشتییانە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر جیاوازی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆمەڵگەو سروشتی کۆمەڵگەکەو ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان و تەمەن و ژمارەی خوێندنگەو دووری و نزیکییان لە کتێبخانەوە، وە زیاتر سەرچاوەکان سەرچاوەی ئەدەبیی و چیرۆك و زانیاری و ڕۆشنبیرین، ئەو خشتەیەی کە دکتۆر شەعبان خەلیفە دایناوە بەم شێوەیەیە :[91]

| ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە | ژمارەی کتێب و سەرچاوەی دەستنیشانکراو | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| 6 - 10 هەزار | 3 | 25 هەزار |
| 10- 35 هەزار | 2.5 | 70 هەزار |
| 10-35 هەزا | 2 | 175 هەزار |
| 100 - 200 هەزار | 1.5 | 300 هەزار |
| 200.000 – یەك ملیۆن | 1 | 1 ملیۆن |
| زیاتر لە یەك ملیۆن | 1 | زیاتر لە یەك ملیۆن |

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەتاوەکو ژمارەی دانیشتوان کەم بێت، دەبێت سەرچاوەی پێویست لەبەر دەستدا زۆر بێت، وە بە قیسمەتبوونی سەرچاوە بۆ تاکێك زیاد دەبێت. سەرکەوتنی کتێبخانە بەزۆری سەرچاوە دەستنیشان ناکرێ، بەڵکو بە زۆری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دەستەبەرکردنی کەشی لەبارو گونجاو بۆ جەماوەر دەبێت.

ئەم ژمارەیە بۆیە بەم شێوازە داڕێژراوە بە تایبەتی بۆ ئەو جێگایانەی کە دانیشتوانیان کەمە و ڕەچاوی زۆری سەرچاوە کراوە، تاوەکو خوێنەر نائومێد نەبێت لە کەمی سەرچاوەی پێویست لەناو کتێبخانەکەدا لێرەدا سەرچاوەکان بەناو نیشان و بە ژمارە هاوسەنگی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ، چونکە کەم کتێب لە سێ ژمارە زیاتر دانانرێت لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خوێنەر سەرچاوەیەکی وەرگرت خوێنەرێکی تر بێ بەش نەبێت لەو سەرچاوەیە ئەگەر پێویستی پێی بوو.

---

[91] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر ( د. ت)

لایەنێکی تر ئەوەیە هەتا ژمارەی دانیشتوان زیاد بێت، ژمارەی سەرچاوەی دەستنیشانکراو بۆ تاکی کۆمەڵگە کەم دەبێت، چونکە لەم کاتەدا کۆی ژمارەی دانیشتوان یەکسانە بەکۆی کتێبەکان، کەواتە چەند خەڵك بوونی هەبوو ئەوەندە سەرچاوە لەکتێبخانەدا هەیە، کەواتە خواستی خوێنەر زۆر بە ئاسانی بەدی دێت. کتێبخانە لەئاستی پێویستدا دەبێت.

کتێبخانەی گشتیی دەکرێ بەچەند جۆرێکەوە:-

1. کتێبخانەی گشتیی گەورە
2. کتێبخانەی گشتیی مام ناوەند
3. کتێبخانەی گشتیی بچووك
4. کتێبخانەی لقەکان
5. کتێبخانەی منداڵان
6. کتێبخانەی گەڕۆك
7. کتێبخانەی نەخۆشخانە
8. کتێبخانەی بەندیخانە
9. کتێبخانەی گشتی ئەلکترۆنی گەڕۆك.

هەریەك لە کتێبخانەی منداڵان و گەڕۆك و نەخۆشخانەو بەندیخانەو ئەلکترۆنی گەڕۆك، سەرچاوە لە کتێبخانەی گشتیی وەردەگرن و بودجەو خەرجیش هەر لێرەوە دەبێت.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی گشتی:

1) پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری کردنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، بەبێ جیاوازی لەئاستی تەمەن و نەژادو بیروباوەڕو ئایین و نەتەوەو زمان.
2) بەخشینی زانیاری بە خوێنەر لەو بوارەی کە داوای کردووە بە کەمترین کات و ئاسانترین شێوە.
3) بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و تواناو بەهرەمەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەخشینی زانیاری پێویست بۆیان.
4) پێگەیاندنی هاووڵاتی تەندروست بە وڵات و بە کۆمەڵگە.
5) چارەسەرکردن و بنبڕکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردنیان بەسەرچاوەو ڕەخساندنی بوار بۆ خوێندنەوەو سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو لەیەك تێگەیشتن لەنێو کۆمەڵگەدا.

6) بەخشینی سەرچاوە کە یارمەتی خوێنەر دەدات تاوەکو شارەزایی پەیدا بکات لە بوارەکانی وەك (ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، خێزانی و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیشو کارەکانی ڕۆژانەو تێگەیشتن لە ژیان و هەستکردن بە لێپرسراویەتی لەناو کۆمەڵگەدا.

7) پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی خوێنەر بە خوێندنەوەو بەخشینی زانیاری پێیان تاوەکو وا لە خوێنەر بکات ئاراستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێ بۆ پەرەدان بە ویست و خواستەکانیان.[92]

8) هاوکاریکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان و پێدانی زانیاری پێویست پێیان و کار ئاسانی بۆکردنیان لە کاتی سەردان و جێبەجێکردنی خواستەکانیان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتدا.

9) گەیاندنی کتێبی گونجاو لە کاتی گونجاودا بە کەسی گونجاو یەکێکە لە ئامانجە دیارەکان.

10) چاندنی خۆشەویستی خوێندنەوەو خۆشەویستی خوێندنەوە لای خوێنەر (کردنی خوێندنەوە بە کلتور لەناو خەڵکدا).

11) بەهێزکردن و بەستنی پەیوەندی توندو تۆڵ لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە کە کتێبخانە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و ناسینی حەزو خواست و پێداویستیەکانیان لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و بەشداری پێکردنیان لە چالاکییەکانی کتێبخانەدا.

12) کردنەوەی پێشانگەو سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو مێزگردو نیشاندانی فیلمی سینەمایی و فیلمی ڕۆشنبیری و هەموو هاوشێوەکانی بۆ سەرجەم دانیشتوان.

13) خۆ بەنوێنەر زانینی سەرجەم چین و توێژو کەمە نەتەوەو فرە ڕەگەزەکانی ناو کۆمەڵگە لە دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆیان بێ جیاوازی.

14) دەستەبەرکردنی سەرچاوە بۆ نابینایان (ڕێگەی بریل) و کەمئەندامان کە ئەمانە چینێکی دیارو بەرچاوی کۆمەڵگەن. ئەمانەو چەندین خاڵی تر لەئامانجە سەرەکییەکانی کتێبخانە گشتییەکانن کە ڕۆژانە لە فراوانبوون و بەرەو پێش چووندایە.

---

92 - حەمەدیان. مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لە کتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا- سلێمانی: مەکتەبی بیروهۆشیاری کۆمەڵایەتی، 2008.

## سەرچاوەکانی کتێبخانە گشتییەکان :



بەشێوەیەکی گشتیی سەرچاوەکانی ئەم جۆرە کتێبخانانە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد زۆر بەربلاوو فرە بابەتن، بەڵام کەمی و زۆری ئەم سەرچاوانە لە کتێبخانەدا بەستراوە بە جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی کەلە لایەن کارمەندانی کتێبخانەوە پێشکەش دەکرێن.[93]

لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان دەکرێ بەگشت چین و توێژەکانییەوە، ئەمە جگە لەو کەمە نەتەوەییانەی کە لەناو شارەکەدا بوونیان هەیەو کتێبخانە بەکاردێنن. سەبارەت بەنەتەوەکانی دەبێت کتێبخانە پلانی تۆکمەو مرۆڤ دۆستانەی هەبێت خۆی دوور بگرێت لە جیاوازیکردن لە نێوان نەتەوەکاندا، چونکە هەریەکەیان پێکهاتەی سەرەکی ئەو ناوچەیەن.

بۆ هەریەك لەو نەتەوانە ڕەچاو کردنی زمان زۆر گرنگە، چونکە زمانحاڵی سەرچاوەکەیە لەدوواندندا بەشی هەریەك لەمانە لەو بڵاوکراوانەی کە خۆیان دەری دەکەن، یان لە جێگای تر دەردەچێت و لە وڵاتدا بوونی هەیە، دەبێت لە کتێبخانەشدا بوونی هەبێت لەگشت بابەتەکاندا.[94]

هەروەها نەبوونی بابەتی پێویست بەزمانی پێویست لەسەر سەرچاوەکان هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کتێبخانە کەمتەرخەمە لە نەکڕین و پەیدا کردنی سەرچاوە بۆیان، بەڵکو بۆ خۆیان نووسەری بابەتیان نییە کە بە زمانی ئەوان بنووسێ، یان توانای وەرگێڕانی نییە بابەتیان بۆ وەربگێڕێ یان دەزگاکانی بڵاو کردنەوەیان لاوازە، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە:

---

93 - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر ( د.ت)

94 - ماجد مصطفى شامان الدبيسي ، علم المكتبات وما يحتاجه امين المكتبة – عمان – دار الفرقان 2004

پێویسته لەسەر کتێبخانە سەرچاوەی پێویست گەربوونی هەبوو دەبێت بەو زمانانە مسۆگەر بکات بۆ خوێنەرەکانی، ئەگەر نا ئەوا کاردانەوەی لەسەر دروست دەبێت، هەروەها پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە گشتییەکان دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە ئایا لەم شارەدا زانکۆ، یان پەیمانگا، یان مەڵبەندی توێژینەوەی زانستی و ڕۆشنبیری و سەنتەری زانیاری هەیە، ئەگەر بوو ئەوا دەبێت بە پێوانەی ژمارەی مامۆستاو خوێندکارەکانی ئەو دەزگایانەو بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی خوێندن ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرچاوەی زانستی و زانیاری و ڕۆشنبیری بۆ ئەو کتێبخانەدا پەیدا بکەین تاوەکو لە کاتی پێویستدا ئەو خوێندکارانە کتێبخانە بەکار بهێنن و سوودی لێ وەربگرن.[95]

ئەگەر هیچ کام لەم دەزگا زانستییانە بوونیان نەبوو، ئەوا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین چەند خوێندکاری ئەم شارە لە بەشەکانی تردا خوێندکاری زانکۆن، تاوەکو بە پێی پێویست هەندێ سەرچاوەی زانستی گرنگ بۆ کتێبخانە مسۆگەر بکەین.

هەروەها سەرچاوەکان کە هەڵ دەبژێرێن دەبێت لەسەر بنەمای سەرەکی کتێبخانە بن.

[95] - حسن رشاد. ألمكتبـــات العــامـــة القـــاهـــرة – المؤسسة العربية العامة، 2009.

**ئەو هۆكارانەی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی سەرچاوە ئەوانیش بریتین لە :**

1- جۆری كتێبخانە
2- قەبارەی كتێبخانە
3- سروشتی ئەو كۆمەڵگەیەی كە كتێبخانە خزمەتگوزاری پێشكەش دەكات، لەگەڵ پێداویستییەكانی خوێنەر.
4- بودجەو پارەی تەرخانكراو بۆ كڕین و سەرچاوەی زانستی.
5- شوێن و پێگەی كتێبخانە لەڕووی دووریی و نزیكییەوە لە كتێبخانەو سەنتەرەكانی زانیارییەوە.
6- بەهێزی و لاوازی سەرچاوەكانی كتێبخانە.

ئەم چەند هۆكارەی سەرەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە هەڵبژاردنەوە، چونكە هەریەكەیان لەلای خۆیەوە كاریگەری نیشان دەدات.

1- جۆری كتێبخانە:

هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ كتێبخانەیەكی تایبەتمەند بە شێوەیەكی سەرەكی پشت بەسەرچاوە فكرییەكان دەبەستێت، كە زیاتر خۆی لە خولاوەكان نزیك دەكاتەوە، ئەوانیش ڕاپۆرت و توێژینەوەو گۆڤارو بڵاوكراوەو داهێنانی نوێ و سەرچاوەی وردی تایبەت بە بوارەكە دەگرێتەوە، بەڵام لە كتێبخانەی گشتیی پشت بەسەرچاوە تەقلیدییەكان دەبەستێت، ئەوانیش كتێب بە پلەی یەكەم پاشان گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوكراوەكانی تر، بەڵام لە كتێبخانەی زانكۆدا پشت بەسەرچاوەی فێركردن و زانستی خوێندنی باڵا و بواری پراكتیكی و سەرچاوەی یاریدەدەر دەبەستن لە هەڵبژاردندا0
هەر بۆیە دەبینین جۆری كتێبخانەكە ڕەنگدانەوەی هەیە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرچاوەكاندا.

2- قەبارەی كتێبخانە:

گەورەیی و بچووكیی قەبارەی كتێبخانەكان ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەڵبژاردنی سەرچاوە، چونكە قەبارەی كۆلێكشنەكان و ئەو خزمەتگوزارییانەی كە پێشكەشی دەكات كاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردن، هەر بۆیە دەبینین لە كتێبخانە قەبارە گەورەكاندا تا ڕادەیەك هەڵبژاردن ئاسانەو بوارەكەی فراوانترە لەچاو كتێبخانە مام ناوەندەكاندا.

3- سروشتی ئەو كۆمەڵگەیەی كتێبخانە خزمەتگوزاری پێشكەش دەكات:

هەر كۆمەڵگەیەك كە زۆر هاموشۆی كتێبخانە بكات و سەرچاوەكانی زۆر بەكار بهێنێ خواستەكانیش زۆر دەبێت لەچاو كۆمەڵگەیەكدا كە زۆر بەكەمی دەخوێننەوەو كتێبخانە بەكار

دەهێنن. هەر لەبەر ئەمەش دەبێت هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی جیاوازی هەیە وەك لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، چونکە ئەم سەرچاوانە نزیکە لە ژیان و لە بواری کارکردن و پەرەدان بە بوارەکەیەوە.

4- بودجەو ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ کڕینی کتێب و سەرچاوەی ڕۆشنبیری:

هاتاکو پارە کەم بێت، هەڵبژاردن وردو بەسەلیقە دەبێت دەست پێوەگرتن ڕەچاو دەکرێ، بە پێچەوانەشەوە هەتا پارە زۆر بێت کەمتر بایەخ بە گرنگی ناوەرۆك و نووسەرو وەرگێڕو جۆری نووسراوەکان دەدرێت.

جا بۆیە زۆر پێویستە ئەو بڕە پارەیەی کە بە دەستەوەیە بۆ کڕینی سەرچاوە، دەبێت بە پێی پێداویستی و گرنگی سەرچاوەکانی خەرج بکرێ و هاوسەنگی بابەتی ڕەچاو بکرێ و لەبایەخی هیچ بابەتێك کەم نەکرێتەوەو فەزڵی بابەتێك نەدرێت بەسەر ئەویتردا لەسەر حسابی خۆشەویستی بابەتێك لەلایەن کارمەندی کتێبخانەوە، دەبێت تەنها پارە بۆ کتێب خەرج نەکرێ و سەرچاوەکانی تریش ڕەچاو بکرێ بە پێی پێویستی و جۆری بابەتەکانیان و بەشداریکردنی مانگانەو ساڵانەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە تا کڕینی سەرچاوەی بینەری و بیستەری و ئەوانی تریش.

5- دووریی و نزیکیی کتێبخانە لە بنکە زانیارییەکان و سەنتەرەکانی چالاکی و کتێبخانەکانی ترەوە، کاریگەری هەیە لەسەر جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکات و پێویستە کتێبخانە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو سەرچاوانەدا بێت کە خوێنەر پێویستی پێیەتی، چونکە لە یەکچوونی سەرچاوەکان لە نێوان ئەم کتێبخانەیەو سەنتەرەکانی تردا کاریگەری هەیە لەسەر کەمی سەردانی کتێبخانە. بۆیە پێویستە بیر لە پەیداکردن و هەڵبژاردنی سەرچاوەی بەپێز بکاتەوە بۆ خوێنەرەکانی.

6- بە هێزی و لاوازی سەرچاوەکانی کتێبخانە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر هەڵبژاردن و دەستەبەر کردنی سەرچاوەکان، چونکە ئەو کتێبخانانەی کە لە بنەڕەتدا دەوڵەمەندن بەسەرچاوە سەنگی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بە پێچەوانەی ئەو کتێبخانانەی کە تازە بە تازە دامەزراون و پێویستە کار بۆ پەیدا کردن و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی بەهێزو بە پێز بکەن، تا لەو بارودۆخە ڕزگاریان بێت، چونکە کەمیی سەرچاوە دەبێتە هۆی نەبوونی خوێنەرو هاموشۆکەرانی بە گشتی.

ئەوەی ماوەتەوە و پێویستە بیڵێین، دەبێت کتێبخانە قەبارەکەی هەرچەندێ بێ و هەر جۆرێك بێت، بەرنامەی ساڵانەی خۆی دابڕێژێت و لە کۆتایی ساڵدا باشی و خراپی بەرنامەکە لێك بداتەوەو بۆ ساڵی نوێ پلانی تازەو تۆکمە دابڕێژێ بۆ پەرە پێدانی سەرچاوەکان و زاڵ بوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە پێشتر هاتۆتە ڕێگەی، تا دووبارە نەبێتەوە.

## 3) کتێبخانەی لقەکان = المكتبات الفرعية = Branch Libraries

لەگەڵ فراوانبوونی سنووری دیاریکراوی شارو بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتواندا، کتێبخانە گشتییە ناوەندەکان، ناتوانن وەك پێویست خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بە خوێنەران و سوودمەندبووانی بکات، چونکە قورسایی زۆری دەکەوێتە سەرو خواستنی سەرچاوە هەمیشە لەبەردەوام بوونە و هۆڵی خوێندنەوەش بە قەرەباڵغی دەمێننەوە و بواری دانیشتن کەم دەبێتەوە و ڕەنگە گۆڕانکاری لە سیستەمی خواستنیشدا دروست ببێ،[96] ئەمە جگە لەوەی کە سەرچاوەکان هەمیشە لە بەکارهێناندا تووشی ماندوون و زیان بەرکەوتن و کۆن بوون و دڕاندن و فەوتاندن دەبێتەوە و کاردەکاتە سەر نەپەرژانی فەرمانبەران لە بەدواداچوون و ڕێکخستنی سەرچاوەی ناو شێڵفەکان بە گشتی.

بە کوردی لۆدێکی زۆر لەسەر کتێبخانە دەبێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا کتێبخانەی ناوەند بیر لە دروستکردنی کتێبخانەیەکی لق دەکاتەوە لەو جێگایانەی کە چڕی دانیشتوانی زۆرەو دووریشە لە کتێبخانەوە، یان بە پێی پلانێك بیر لە کتێبخانەی گەڕەکەکان دەکرێتەوە.

لەبەر ئەوەی کتێبخانەی گشتیی هەمیشە لە ناوەندی شاردایە، لەم بارودۆخەدا سنووری شار بەشێوەیەکی نەخوازراو فراوان دەبێت، بۆیە پێویستی بە بینایەکی نوێ هەیە ڕەچاوی دوا ڕۆژی لێ بکرێ، هەم لە باری ستونی و هەم لەباری ئاسۆییدا، بواری فراوان بوون ڕەچاو دەکرێ.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە سوودی بۆ هاووڵاتیان و ئەو ناوچەیە زۆرە لەوانە:

1- گەڕانەوەی خەرجی (کرێ).
2- گەڕانەوەی کات.
3- ماندوو نەبوون وەك پێویست.

هەروەها ئەم جۆرە کتێبخانەیە پشت بە کتێبخانەی ناوەند دەبەستێت لەم بوارانەی خوارەوەدا:

1) کارمەندو کارگوزار.
2) پێداویستی لە کەلو پەل.
3) سەرچاوەی ڕۆشنبیری.
4) بوودجە.

---

[96] - ربحي مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات ـط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

زۆری و کەمی هەر یەك لەمانە پەیوەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری ناوچەکەو ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە، چونکە ئەم کتێبخانەیە لە خزمەت دانیشتواندایە.

ئەو کارمەندو کارگوزارانەی کە لێرەدا کار دەکەن لە کتێبخانەی ناوەندەوە دەستنیشانکراوە، بە پێی پێویست دانراون و دابەشکراون بەسەر سەرجەم بەشە جیاجیاکانی ناو کتێبخانەکەدا و ڕەچاوی باری پسپۆڕییان دەکرێ.[97]

هەروەها سەبارەت بە کەلوپەل و پێداویستیەکان کە ئەوانیش بریتییە لە شێلف و مێزو کورسی و دۆلاب و لۆج و نیشاندەری گۆڤارو هەلگری ڕۆژنامەو کەرەستەکانی بینین و بیستن و سەرجەم کەلوپەلەکانی تر.

سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئەم کتێبخانەیە زیاتر بواری (ئایین و فکرو کۆمەلایەتی و کولتوورو ئەدەب و مێژوو) چەند بابەتێکی نزیك لەمان دەگرێتە خۆی، ئەمە جگە لە چەندان سەرچاوەی فەرهەنگیی و زانستیی.[98]

کتێبخانەی ناوەند دەتوانێت لە ڕووی سەرچاوەوە ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە بۆ ئەم کتێبخانەیە کە ژمارەی دانەکانی لە $3$ زیاترە، وێنەیەك یان زیاتر پێشکەش بەم کتێبخانەیە بکات سەبارەت بە سەرچاوە کەم وێنەکان، یان یەك دانەو دوو دانەکان دەبێت لەسەر بودجە بۆیان بکرێت، یان ئەگەر زۆر پێویست بوو وە بەدەست نەکەوت، دەتوانێ کۆپی بکات هەرچەندە کۆپی کردن ڕەزامەندی نووسەر یان دەزگای بلاو کردنەوەکەی پێویستە.

لەگەلّ ئەوەشدا ناتوانێ ڕۆژنامەو گۆڤار ببەخشێ بەم کتێبخانەیە، ئەم (خولاوانە) یەك وێنەو بەردەوام بوونە لە دەرچوون و ناتوانرێت لێی ببەخشرێت، چونکە ژمارەکانی کەم دەبێت و کاریگەری لەسەر نرخ و بەهای زانستی و مێژوویی کەم دەبێتەوە. بۆیە پێویستە بۆ پەیدا کردنیان پەنا ببرێتە بەر کڕین لە بازاڕدا.

سەبارەت بە بودجەی ئەم کتێبخانەیە هەندێجار سەربەخۆیە، بەلام لاوازەو زۆر بەهێز نییە، هەندێ جاریش بەستراوە بە ناوەندەوە، ئەوان سەرچاوەکانیان بۆ پەیدا دەکەن.

لەم جۆرە کتێبخانەیەدا ڕەچاوی بواری سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی ناکرێ و کەمتر لەبەرچاو دەگیرێت، بۆیە ئەو کەسانەی کە توێژینەوەیان هەیە لەم ناوچەیەدا پەنا دەبەنە بەر کتێبخانەی گشتیی ناوەند، چونکە سەرچاوە کەم وێنەو دەگمەنەکان لەگەلّ سەرچاوە زانستییەکان لەوێ چنگ دەکەون.

---

[97] - شاهۆ عوسمان ، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری – هەولێر، چاپخانەی شەهاب 2009

[98] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر( د. ت)

ئێمە وا بەرچاومان کەوتووە کە ئەم کتێبخانەیە شێوەیەکی بچووکراوەی کتێبخانەی گشتی شارە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر جار دەوڵەت هاوکێشەکە دەگۆڕێ و بینایەکی نوێ بە جوانترین شێوە دروستدەکات و سەرجەم پێداویستیەکان هەر لە کەلوپەلو کەرەستە، تا دەگاتە سەرچاوە ڕۆشنبیری و ئەلکترۆنی دابین دەکات، ڕەنگە ناوەکەشی بگۆڕرێ بۆ کتێبخانەی نوێ.

بودجە نەخشەکێشی دوارۆژە، چونکە ئەگەر بودجەی پێویست لە بەردەستدا بوو، ئەوا دەتوانرێ دەوڵەمەندترین کتێبخانە لە ڕووی کەرەستەو سەرچاوەوە بنیاد بنرێ و خوێنەر لەوپەڕی شارەوە ڕاگوێزی ئێرە بکرێ بە خواستی خۆی، چونکە سەرجەم پێداویستیەکانی لێرەوە دەستدەکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لاوازی بودجە خوێنەریش کەمدەکاتەوە و ئاستی خزمەتگوزاری لاواز دەکات.[99]

ئەو کەسانەی کە لەم جۆرە کتێبخانەیەدا کار دەکەن دەبێت ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو جێگایە بکەن و پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەگەڵ هاموشۆکەراندا ببەستن و هەمیشە لەئاست خواست و داواکارییەکاندا بن، چونکە بوونی پەیوەندی توندو تۆڵ کاریگەری باشی هەیە لە زۆری خوێنەران و هاموشۆکەرانی کتێبخانەدا. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەمینداری کتێبخانەیە کە پەیوەندی باش ببەستێت لەگەڵ کەسە ڕۆشنبیرو ناسراوەکانی ئەو ناوچەیەدا و لە ئاست خواست و داواکارییەکانیاندا بێت و بتوانێت لە ڕێگەی ئەوانەوە کاریگەری باشی لەسەر خەڵکی ناوچەکە دروست بکات بۆ بەشداری پێکردنیان لە کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارەکانی کە لەناو کتێبخانەدا ئەنجام دەدرێت.

هەروەها ڕۆڵیان هەبێت لەسەر دانیشتوان بۆ پڕ کردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان لەناو کتێبخانەدا، ئەویش بە خواستنی سەرچاوەو خوێندنەوەی لە کتێبخانەدا تاوەکو ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەیان بەرز بێتەوەو گەشە بە بیرو بۆچوونەکانیان بدەن و سوود لەو کاتە بەتاڵە وەربگرن کە لەمەودوا دەیان بێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سیستەمی خواستنی سەرچاوەی کتێبخانەکە خۆی دەستنیشانی دەکات بە پێی ئەو پلانەی کە بۆ خواستن دایڕشتووە. لە بیریشمان نەچێت کەمو زۆری سەرچاوەکان کاریگەری هەیە لەسەر ماوەی وەرگرتن و ژمارەی سەرچاوەی خوازراو لە کتێبخانەدا.[100]

---

[99] - عمر احمد هنشـهری ، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – **عمان دار الصفاء** – 2008

[100] - حسن رشاد ، المكتبات العامة في القاهرة- القاهرة- المؤسسة العربية العامة 2003

## ڕێنمایی خواستن:

هەموو کتێبخانەیەکی گشتیی ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوەی لەسەر تابلۆیەك لەبەردەم بەشی خواستندا هەڵواسیوە بە شێوەیەکی ڕوون شێوازی وەرگرتنەکەی نیشانداوە. بەڵام دەبێ ئاخۆ وەرگرتنەکە چۆن بێت.

لێرەدا هەندێ کتێبخانە پشت بە سیستەمی کارت دەبەستێت، واتە هەموو هاوڕێیەکی کتێبخانە کارتی خواستن یان پێناسی خواستنی تایبەتی خۆی هەیە و لەسەر پێناسەکەی سەرچاوەکان دەستنیشان دەکرێ و ماوەی وەرگرتن و گەڕانەوەی ئاماژە پێ دەکرێ، هەندێکی تر سیستەمی کۆد و بەرنامەی داڕێژراو بە کۆمپیوتەر بەکار دێنێت. بەڵام هەندێکی تر سیستەمی ئەنتیك بەکار دێنێ، واتە هێشتنەوەی ناسنامە، یان پشتگیری لای [101] خۆی و نووسینی سەرچاوەکان لەسەر پسووڵەی تایبەت بەم مەبەستە، هەندێکی تر تیانووسی خواستن پەیڕەو دەکات ئەمەش بەدوو شێوەیە:

1- بە پێی ناوی هاوڕێکانی کتێبخانە ڕیز بەندیان ژمارە وەردەگرێ

2- بە پێی پیتی هیجائی (حروف ابجدیە) ڕیز دەکرێن.

بەڵام هەموو ئەمانە پشتگیری شوێنەکەیان، یان ناسنامەکەیان بەبارمتە لێ وەرگیراوە.

بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت و هەریەك لەو بەرێزانەی دەیانەوێت سەرچاوە بخوازن دەبێت سیڤی خۆیان پێشکەش کردبێ، ئیتر پێویست بەناسنامە ناکات و هەرکەس کۆدی خۆی هەبێت بۆ خواستن، ئەم ڕێگەیە کە لە ڕێگای کۆمپیوتەرو سیستەمێکی پێشکەوتووەوە ئەنجام دەدرێت کاتێکی باش بۆ خوێنەر و بۆ کتێبخانە دەگەڕێتەوە و ئەگەر سیستەمی خواستنیش شێڵفی کراوە بوو، ئەوا ئەوەندەی تر کار ئاسانی بۆ خوێنەر دەکات.[102]

وە دیاریکردنی کات و ژمارەی خواستن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کەمی و زۆری سەرچاوەکانی کتێبخانەکەوە هەیە.

---

[101] - عبدالكريم الامين والاخرون، الاجراءات المكتبية / الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، 1980

[102] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

## کێشەو گیرو گرفتەکانی کتێبخانە گشتییەکان:

کتێبخانە گشتییەکان ئەمڕۆ بەدەست زۆر کێشەوە دەناڵێنن کە پێویستییەکی زۆری بەکات هەیە بۆ چارەسەرکردنیان لەوانە:

1- لابردنی (کابینەی) پێڕستەکان و دانانەوەو بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە جێگەی ئەواندا.

2- دیجیتاڵ کردنی کتێبخانە و گۆڕینی لە کتێبخانەی تەقلیدییەوە بۆ کتێبخانەی ئەلکترۆنی کە ئەمە خەونی هەموو ئەمینداری کتێبخانەیە.

3- کۆنی و بچووکی بینای کتێبخانە ڕێگە لە فراوان بوون و گەشەکردنی سەرجەم بەشەکانی گرتووە و بواری دروستکردنی بەشی نوێی نەهێشتۆتەوە لە باری ئاسۆیی دا.

4- لاوازی بودجە ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

5- کەمی کادری پسپۆڕ لە بواری کتێبخانەدا کە کێشەو گرفتەکانی هەڵپەساردووە.

6- بەهەند وەرنەگرتنی ئەم دەزگایانە لەلایەن دەوڵەتەوە وەك مەبەستی سەرەکی.

7-بە کولتوور نەبوونی خوێندنەوە لە وڵاتدا.

8- نە بوونی پلانی تۆکمەو داڕێژراو بۆ گەشەکردنی کتێبخانە.

## پێشنیازو چارەسەر بۆ گیرو گرفتەکانی کتێبخانە گشتییەکان:

1) دامەزراندنی کادری پسپۆڕ لەبواری زانستی کتێبخانەدا.
2) کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ گشت فەرمانبەرانی بەشە جیاجیاکانی کتێبخانەو سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کتێبخانەدا کاردەکەن کە سەر بە کتێبخانەی گشتیین لە شارۆچەکەکاندا.
3) دانانی بودجەی پێویست بۆ کتێبخانە کە بتوانێت داخوازییەکانی خۆی جێبەجێ بکات بێ کەمو کوڕی.
4) گەورە کردن و فراوانکردنی بینای کتێبخانە بەرەچاو کردنی و کردنەوەی بەشی نوێ لەناو کتێبخانەکەدا یان دروستکردنی بینایەکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە.[103]

---

[103] - عبدالله انیس الطباع ، علم المکتبات ، الادارة والتنظیم - بیروت ، دار الکتاب اللبناني - (دت)

5) دابینکردنی کەرەستەو شمەك و کەلو پەلە پێویستییەکان لە کتێبخانەدا.
6) دانانی پلانی ساڵانە بۆ کتێبخانەو لێکۆڵینەوە لەم پلانە لە کۆتایی ساڵدا، تاوەکو بزانرێ چەند سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو کەمو کورتیەکانیش دەستنیشان بکات.
7) ڕەچاوکردنی داخوازی نوێ لە سەرچاوە بە تایبەتی سەرچاوەی ئەکادیمی بۆخوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکان
8) سکان و کۆپیکردنی ئەو سەرچاوانەی کە زۆر گرنگ و دەگمەن و دانسقەیە لەگەڵ وێنەو دۆکیومێنتەکان و هەڵگرتنیان لە بەشی ئەرشیفدا ئەمەش بە شێوەی ((**C. D**.
9) بۆ ڕزگار بوون لە چۆڵی هۆڵی خوێندنەوەو کەمی خوێنەر، باشتر وایە پەرە بە چالاکییە هونەریی و ئەدەبییەکان بدرێت لە ناو کتێبخانەدا، وەك بەشی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو پێشانگەو وێنەو کتێب.
10) دابینکردنی کەشی لەبارو ئارام بۆ خوێندنەوە بە ڕەچاوکردنی پارێزگاری لەپلەی سەرماو گەرمادا.

# پاری دووەم : کتێبخانەی منداڵان : مکتبة الاطفال = Children Library



باشتر وایە پێش پێناسە کردنی کتێبخانەی منداڵان پێناسەی منداڵ بکەین، تاوەکو باشتر بیناسین:

منداڵ:

مرۆڤێکی بچووکە، نەزانە بەرامبەر هەموو زانیارییەك و جوانترین دیاری خواوەندە کە بە مرۆڤی بەخشیوە، ئەم کائینە بچووکە بەرێزەو رێزداریشە، هەر بۆیە لەلایەن گەورەکانەوە خوێندنەوەی جیای بۆ دەکرێ. یەکێك لەو شتانەی کە بۆی دابین کراوە کتێبخانەیە لەگەڵ پاراستنی مافەکانیان کە دواتر خۆیان داوای دەکەن.

کتێبخانەی منداڵان لانکەی پاراستن و پارێزگاری کردنە لە حەز و خولیا و ئەو سەرچاوە فکرییانەی کە منداڵ هۆگریان بووە. لە بنەڕەتدا پاڵپشتە بە کتێبخانەی گشتییەوە، چونکە بۆ بە دەستهێنانی سەرچاوە و کۆمەك پشت بە کتێبخانەی گشتیی دەبەستێت.[104]

کتێبخانەی منداڵان چ جا باخچەی ساوایان بێت، یان کتێبخانەی نێو دایەنگەکان بێت، یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان منداڵ و دامەزراوەکانە کە تێیدا گەڕان دەکات بە دوای حەز و خولیاکانیدا.

یەکێك لە ئەرکەکانی سیاسەتی ڕۆشنبیریکردن، دەستنیشانکردنی مەرجەکانی بەرهەم هێنانی کتێبی منداڵان و ناوەرۆکە پەروەردەیی و زانستیەکەیەتی کە لەگەڵ ئاستی تەمەن و عەقڵ و زمانی گفتوگۆکردن و وێنەی جوان و ڕەنگاوڕەنگدا بگونجێ، ئەمە جگە لە لەبەرچاو گرتنی پێودانگە سایکۆلۆجییەکان و دەروونناسی کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تر کە کتێب و سەرچاوەی منداڵان دوور ئەخاتەوە لەوەی ببێتە کەلوپەلێکی بازرگانی کردن .[105]

دەرکەوتن و دروستبوونی ئەم جۆرە کتێبخانانە دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم، هۆکانی سەرهەڵدان و گرنگی پێداویستی بۆ چەند فاکتەرێکی زۆر گرنگ ئاماژە دەکەین لەوانە: -

1- لە بیربردنەوەی جەنگ (ئەدەبی جەنگ) لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیداو بیرکردنەوە لە دونیای منداڵان و گەورە کردن و گۆشەگیرکردنیان بە خوێندنەوەو ئاشنا کردنیان بە ژیانێکی نوێ دوور لە توند ڕەوی و کوشتار.

2- هەستکردن بەناسکیی قۆناغی منداڵی و ئەو تەمەنەی منداڵ بەسەری دەبات و گرنگیدان بەم قۆناغە.

3- زۆر بوونی نووسین و بڵاو کردنەوە لەسەر دنیای منداڵ بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە.

4- دوورخستنەوەی منداڵ لەدونیای گەورەکان و ئاشناکردنیان بەدونیا پاك و بێگەردەکەی خۆیان چونکە دونیای منداڵان پڕە لە بەردەوام بوون.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە بە زۆری لەگەڵ کتێبخانەی گشتیدا، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایك وباوکان کاتێك دێن بۆ سەردانی کتێبخانە، دەتوانن جگەر گۆشەکانیان، منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و ئەوانیش سوودمەند بن لە کتێبخانە، وە هەر لەمنداڵیشەوە فێری سەردان و چۆنیەتی بەکارهێنانی کتێبخانە دەبێت، وە خۆی ڕادەهێنێت لەگەڵ سەرچاوەکان و ژینگە ئارامەکەی کتێبخانەدا، و هاوڕێیەتی لەگەڵ کارمەندەکاندا دەبەستێت

---

[104] - عمر احمد هنشـهري ، مدخل الـى علـم المكتبـات والمعلومـات - عمـان دار الصـفاء - 2008

[105] - تەها ڕەئوف کەریم. منداڵ و میدیـا و کتێبخـانـە. گۆڤاری دژنبشـت ژمـارە 3، سـاڵـی 2006.

کتێبخانەی منداڵان وەك ئاماژەمان پێدا، لە زۆر شارو شارۆچکەدا لە ناو یان بەشێکە لە کتێبخانەی گشتی و لەلایەن کتێبخانەی گشتییەوە سەرچاوەی ماددیی و مرۆیی بۆ دابین دەکرێ، لەکارمەندی کتێبخانەوە بگرە تا سەرجەم پێداویستییە ماددییەکانی ناو کتێبخانەکە.[106]

سەرەتا لەکارمەندەکانەوە دەست پێدەکەین دواتر باسی هەر یەك لە جێگاو کەرەستەی ناو کتێبخانەکە دەکەین کە دەبێت چۆن بێت.

أ) کارمەندی کتێبخانەی منداڵان: بە پێی ئەزموون و سەلماندنی ڕاستیەکان، بۆ هەموو لایەك ڕوون بۆتەوە کە دەبێت کارمەندی ئەم کتێبخانەیە پێش هەر شتێك دەبێت لە ڕەگەزی (مێینە) بێت باشترە، چونکە:

1- بە سۆزو میهرەبانە.
2- نەرمە لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا.
3- لە هەست و دەروونیان باشتر شارەزایە.
4- کەمتر تووڕە دەبێت و (ئارامگرترە).
5- لەگەڵ ئاستی ژیریی و بیرکردنەوەیاندا زۆر باشە.
6- گیانی لێبوردنیان زۆرترە، زووتر لە هەڵە دەبورێت ئەگەر بە ئەنقەستیش بێت.

بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵە زۆر بە باشی بکەین، دواتر باس لە مەرجەکانی دانان بکەین کە بە لایەنی کەمەوە دەبێت:

1- تەمەنێکی ئەزموناوی هەبێت.
2- لەم جۆرە کارانەدا شارەزایی هەبێت.
3- بڕوانامەی خوێندنی لە (دبلۆم) کەمتر نەبێت باشترە.
4- بەشداری خولی (دەروونناسی) کردبێت.
5- لەزمانێك زیاتر بزانێت.
6- ئەدای وتنی سەرکەوتوو-و سەرنج ڕاکێش بێت لە قسە کردندا.

ئەرکی سەرپەرشتیارانی ئەم جۆرە کتێبخانانەیە کە زۆر گرنگی بە باری دەروونیی و پەروەردەیی منداڵەکان بدەن و ڕێز لەکەسایەتی منداڵەکان بگرن.

ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە وەڵامدەرێکی ڕاستگۆی سەرجەم پرسیارە ئاڵۆزەکانە کە منداڵ هەمیشە لە مێشکیدایەو بەرەو ڕووی ئەمی دەکاتەوە، و دەبێت بایەخ بە ئارەزووی منداڵەکان بدرێت و پێویستە ڕەچاوی داخوازییەکانیشیان بکرێ، و دوور کەوتنەوە لە فشارو زۆر لێکردن لە منداڵ بە

---

[106] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

هەر شێوەیەك لە شێوەكان. دەبێت زۆر بە شێوەیەكی هوشیارانە كار بۆ وروژاندنی ئەو خواستانە بكەن كە لە ناخی ئەماندا خۆی حەشارداوە و بەئاسانی ناوترێت.[107]

دونیای منداڵان دونیایەكی زۆر ئەفسووناوییە، دونیایەكە هەمیشە بریتییە لە بەردەوام بوون و هەستانەوەو نەوەستان.

(مردن لە ژیانی منداڵدا نییە)، هەر بۆیە دەبینین زوربەی زۆری فیلم كارتۆنییەكان (99%) مردنی تیا نییە. هەمیشە سەر لەنوێ دەستپێكردنەوەیەو بەردەوام بوونە.

ب) كەرەستەكانی كتێبخانە: لە كتێبخانەدا ئەم كەرەستانە دەبینرێت، ئەوانیش:-

- كورسی و مێزی خوێندنەوە.
- شێڵفی كتێب و گۆڤار.
- كەرەستەی بینەری و بیسەری لەگەڵ پێداویستییە سەرەتاییەكان.
- وێنەو تابلۆی نایاب.

هەندێ یاری فكریی و یاری جەستەیی و ئامێری مۆسیقا ... هتد.

107 - محمد فتح عبدالهادي ، المكتبات و المعلومات في العالم الجديد. ـقاهرة ، دار المصرية اللبنانيية - 2007



ئەم جۆرە كتێبخانەیە لە وڵاتی خۆماندا تەنها لەناو كتێبخانە گشتییەكاندا بەدی دەكرێ بێ ڕەچاو كردنی مەرجی شیاو بۆ كتێبخانەی منداڵان. هەر بۆ نموونە:

لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانیدا كتێبخانەكە لە نهۆمی دووەمە. تەنها هۆڵێكەو كراوە بەچەند بەشێكی دیار لەناو هۆڵەكەدا بێ بەربەست. یان هەژاریی كتێبخانەكە بەسەرچاوەی نوێ لە ژمارەدا.

ئەگەر سەرنج بدەین لە وڵاتانی دونیادا، لەبەر چڕی دانیشتوان لەناو گەڕەكەكاندا لەم جۆرە كتێبخانانە بەدیدەكەین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕەنگە شوێنی یاری و یاریگا كەم بێت، یان دوور بن لە ماڵەكانیانەوە، بۆیە دەوڵەت ناچارە پەنا دەباتە بەر كردنەوەی ئەم جۆری كتێبخانانە بە ژمارەیەكی زۆر، تاوەكو منداڵان كاتەكانی خۆیان لێرە بەسەر بەرن كە تێیدا شوێن بۆ خوێندنەوەو گوێگرتن و وێنە كێشان، مۆسیقا، یاری منداڵان دابینكراوە، كە دواتر بە درێژی باسی دەكەین.

ئەگەر كتێبخانە لەناو باڵەخانەی كتێبخانەی گشتییدا بێت، دەبێت ڕەچاوی چەند خاڵێكی سەرەكی بكرێت لەوانە:[108]

1- دەبێت لە نهۆمی یەكەم بێت، چونكە تواناى سەركەوتن و دابەزینی كەم هەیە (لەبەر بەربوونەوە).

2- دوور بێت لەو شوێنانەی كە قەرەباڵغی زۆری لەسەرە، وەك بەردەم كابینەی پێڕستەكان و بەشی خواستن.

---

[108] - سعد محمد الحمجرسي. المكتبـــات و المعلــــومــات بالمــدارس و الكليــات ـ ط2. قاهرة: دار المصريــــــة اللنانيية، 2001.

3- له شوێنێكدا بێت بڕوانێت بەسەر باخچەداو هەندێ یاری منداڵانە لەناو باخچەكەدا بوونی هەبێت.

4- ڕووناكی زۆر بێتە ناو هۆڵی خوێندنەوە.



بەڵام ئەگەر سەربەخۆ بوو، ئەوا دەبێت لە ناوەندی ئەو جێگایەدا بێت كە بۆی بنیادنراوە، وە ئەگەر شاریش، یان شارۆچكەش بێت تاوەكو هەموو منداڵانی ئەو شارە دوور یا نزیك، بتوانن سوودی لێ وەربگرن نەك لە خزمەت منداڵانی یەك جێگەدا بێت، دەبێت ڕەچاوی شوێنەكە بكرێت كە دوور بێت لە مەترسی ئۆتۆمۆبێل، ڕەچاوی پەڕینەوە بكرێت.

دەبێت باڵەخانەی ئەم كتێبخانەیە لە شێوەی لانەی باڵندەو گیانەوەرو گوڵ و میوەو سیمای خانەو لانەی باڵدارانی پێوە دیاربێت (بە شێوەیەك لە شێوە جوانەكانی سروشتی منداڵی) پێوە دیار بێت، كە بینی هەست بكات ئەم جێگەیە ئەو جێگەیەیە كە تامەزرۆی بینینیەتی.[109]

---

109 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

شوێنی بەشە جیا جیاکانی تێدا دیاری کرابێ لەوانە:

- شوێن بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا.
- شوێن بۆ بینینی فیلم.
- شوێن بۆ وێنە کێشان.
- شوێن بۆ خوێندنەوە.
- شوێن بۆ شانۆگەری.
- شوێن بۆ بەشی کۆمپیوتەر.
- شوێن بۆ بەشی حەوانەوەو یاریکردن.
- شوێن بۆ کافتریایەکی بچووك.
- شوێن بۆ چالاکی گروپەکان لەوانە { پێشانگەی وێنەو ئیشی دەست}.
- شوێن بۆ (W. C).

هەموو کتێبخانەیەك کۆمەڵێك ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە کاری بۆ دەکات لە پێناو بەدیهاتنیدا، ئەم کتێبخانەیەش کۆمەڵێ ئامانجی دیاری هەیە کە بە ئەرکی خۆی دەزانێت لە هەمان کاتدا لەوانە:

1- گرنگیدان بە دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ خوێندنەوە لای منداڵان پێش چوونە قۆناغی قوتابخانەو خوێندنگە.

2- ناساندنی کتێبخانە بە منداڵان لە چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە سەرجەم سەرچاوەو کەرەستەکانی ناو کتێبخانە.

3- ڕەخساندنی هەل بۆ منداڵان تا بتوانن قسە بکەن، گوتاریان هەبێت گوزارشت لە { بیرو بۆچونەکانیان بکەن، شەرمۆك نەبن، ڕاشکاو بن، لە ڕوو قسە بکەن، شت لەناخیاندا نەمرێت، دروستبن لە تەندروستی و لە ڕۆشنبیریدا }.

4- پێگەیاندنی مرۆڤێکی تەندروست بە ژیان و نوێخوازو بیرمەند بۆ کۆمەڵگە.

5- دەوڵەمەند کردنیان بە زانست و زانیاری نوێ کە لە قۆناغی خوێندنیاندا سوودی لێ وەربگرن، و بە زۆرترین کاتەکانیان بەخوێندنەوەو بەدواداچوونی شتە نوێیەکانەوە بەسەر بەرن، و هاندانیان بۆ نووسین واتە: (خۆیان شت بۆ خۆیان بنووسن).

6- دانان و ئامادەکردنی کادری پسپۆڕ لەم بوارەدا (بواری دونیای منداڵان) تاوەکو بزانێت ئارەزووی خوێنەری منداڵ چیە لە کتێبخانەدا و حەزیان بە خوێندنەوەی چ بابەتێکە بە زۆری.

لە هەموو کتێبخانەیەکدا دەبێ ڕەچاوی چەند خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ژیانمان، لەوانە بوونی شوێنی حەوانەوەو پشوودان، باخچە چونکە مرۆڤ بە دانیشتن لەسەر

کورسی بۆ ماوەیەکی زۆر نارەحەت دەبێت و حەوسەڵەی خوێندنەوەی نامێنێ و توانای زاڵبوونی بەسەر بابەتەکەدا ناشکێت، بۆیە پێویستی بە بەجێهێشتنی ئەو جێگەیە هەیە بۆ جێگەیەکی تر، لەوانە کافتیریایەك، یان باخچەیەك، بۆ چەند ساتێك پشوویەکی باش بە بیرو هۆشی خوێنەر دەبەخشێت. یان ناوهۆڵی خوێندنەوەکە دەبێت ڕووناك و بۆیاخێکی زۆر کاڵ بێ و زەق نەبێت، چونکە ڕەنگە زەقەکان کاردانەوەی خراپ بەجێ دەهێڵێت و باشتر وایە گڵۆپی (نیۆن- فلۆرسنت) بەکار بێت، چونکە ڕووناکییەکەی هیچ کەس هەراسان ناکات، باشتر وایە ناو هۆڵەکە چەند تابلۆیەکی قەشەنگ و ناسکی تێدا بێت، ئەمە جگە لە وێنەی چەند ناودارێك (سەرکردە — نووسەرو ڕووناکبیر). لەمانە گرنگتر ساردیی و گەرمیی هۆڵەکە پارێزراو بێت،[110] بەرەچاوکردنی وەرزی ساڵ تا خوێنەران کە منداڵن وەڕس نەبن نە بە گەرماو نە بە سەرما. و باشتر وایە ساردی و گەرمیەکە مەرکەزی بێت، واتەپلەی ناو کتێبخانەکە لە گشت بەشەکاندا وەك یەك وابێت.

ئەم کتێبخانەیە کە منداڵانی تەمەن (4-12) ساڵ دەتوانن بەکاری بێنن، گەلێك چالاکی تێدا ئەنجام دەدرێت کە لە کتێبخانەکانی تردا زۆر بەکەمی دەکرێ لەوانە:

- پیشاندانی فیلم بە هەموو شێوەکانییەوە وەك (کارتۆن- پێکەنین — گەشت ... هتد).
- خوێندنەوەی چیرۆك و شیعر بە دەنگەوە بۆیان.
- گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی و وتنەوەی کۆرس.
- ڕێکخستنی پێشانگە (وێنە — ئیشی دەست) لەگەڵ بەشداریکردن لە چالاکییەکان و پێشبڕکێکاندا.
- بەشداریکردن لە بینینی شانۆگەری و نمایشی شانۆدا.
- فێر بوونی کۆرسی زمان، بەشداریکردن تێیدا- چ بۆ خوێندنەوەو چ بۆ قسە کردن.
- ئەمانە ئەو چالاکییانەن کە منداڵ لە جیهانی کتێبخانەکەیدا فێری دەبێت و پەیوەست دەبێت پێوەی.

سەرچاوەکانی ناو ئەم کتێبخانە بە پێی حەزی منداڵان دابینکراوە و هەوڵدراوە زۆرترین سەرچاوە کە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت بە پێی توانا بۆیان دابین بکرێ، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، دەبێت سەرچاوەکان بە پێی تەمەنی منداڵەکان ڕیز کرابن، نەك بە تێکەڵی، چونکە منداڵ لە تەمەنی (3-5) ساڵیدا، حەزی لە چیرۆکی کورت و خۆشە کە بە زمانی گیانداران و باڵندەکان بێت (لێرەدا

[110] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

نووسین بوونی نییە، بەڵکو وێنەکان بۆ خۆیان بەپێی ڕیزبەندی لاپەڕەکان دەدوێن و گوزارشت لە چیرۆکەکە دەکەن و وا لە منداڵ دەکات تەنها بە بینینی لە چیرۆکەکە بگات. دەبێت بەرگی کتێبەکان ئەستوور بێت.

لەتەمەنی (5-8) ساڵیدا حەز بە چیرۆکی خەیاڵات و ئالوودە بوون بە دونیای فڕین و دوور لە ڕاستی دەکات، وەك (چیرۆکی دێو و درنج و ئەفسانە .... هتد). لێرەدا کتێبەکان نووسینیشیان لەگەڵدایە بە پیتی گەورە نووسراون، بەڵام زۆر نین.

لەتەمەنی (8-12) ساڵیدا جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکاندا دروست دەبێت.

بۆ کچ / حەز بە چیرۆکی ماڵداری و خۆشەویستی و داستان و عەشق و ئەفسانەکان دەکات.

بۆ کوڕ/ ئەمان زیاتر حەز بە پاڵەوانبازی و یاریکردن و ئازایەتی نواندن و سوارچاکی و گەشت و چیرۆکی ترسناك دەکەن.

بۆ دابینکردنی ئەم سەرچاوانە ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە کە هەستێت بە دابینکردنی بە شێوەی بەردەوام بۆ ئەم کتێبخانانە، کە ئەوانیش وەزارەتی پەروەردەو ڕۆشنبیریی و لایەنە پەیوەندیدارەکانە وەك ڕێکخراوی منداڵان و دەزگای چاپی منداڵان و ئەو دەزگایانەی بەرگری و داکۆکی لەمافی منداڵان دەکەن.

زۆر گرنگە کە لە یاسادا مافەکانی منداڵان جێگیر بکرێت و پاشانیش جێبەجێ بکرێت، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکان کە لە کتێبخانەی قوتابخانەکانیشدا ئاماژەمان پێداوە (مافی فێربوونە)، کە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە خوێندنگەی باش و گونجاو بۆ منداڵان دابین بکات بە شێوەیەکی نوێ کە لەگەڵ سەردەمدا بێت، واتە سیستەمی خوێندن سەر لەنوێ دابڕێژێتەوەو نوێکاری تێدا بکات بە جۆرێك لەگەڵ سیستەمی خوێندنی وڵاتاندا نزیك بێ و لە هەموو گۆڕانکارییەکان بەئاگا بێت تێدا.[111]

ئێمە کە دەڵێین خوێندن، واتە سەرەتای ناساندنی دونیا لە لایەك و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە لایەکی ترەوە.

کتێبخانە پاش خوێندنگە شوێنی فێربوون و پەروەردەکردنە، و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن لە گەیاندنی پەیامەکەیاندا، ئەویش بە دانانی بەرنامەی هاوبەش بۆ خوێندکارەکان و خۆشەویست کردنی کتێبخانەکان لای منداڵان. ئەمە ئەرکی پسپۆڕانی هەردوو لایە چ کتێبخانەو چ خوێندنگە.

---

[111] - ئەرخەوان. کتێبخانە گشتییەکان لەبەردەم سەدەی بیستەمدا. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006

هەندێ لە دایك و باوكان ڕێگە نادەن بە چوونی منداڵەكانیان بۆ كتێبخانە و بە بەشێكی زیادی دەزانن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەمیی ئاستی تێگەیشتن لای دایك و باوك.[112]

هەروەها هەندێ لە دایك وباوكان، وا تێگەیشتوون كە جگە لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی كە لە پڕۆسەی خوێندندا بڕیاری لەسەر دراوە، خوێندنەوەی هەر بابەتێكی تر زیان گەیاندنە بەو منداڵە و دەبێتە هۆی لەكیسچوونی كاتی منداڵەكە و هیچ سوودێكی لێ وەرناگیرێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ كەمیی ئاستی تێگەیشتن، چونكە نازانن كە خوێندنەوە چەند ئاسۆی بیركردنەوەی منداڵ فراوانتر دەكات و هەمیشە پڕچەك دەبێت بە زانست و زانیاری و یارمەتیدەری پڕۆسەی خوێندنە لە گشت قۆناغەكانی خوێندندا.

نەخۆشییەكەی ئێمە لەوەدایە، هەر لە سەرەتاوە پڕۆسەی فێركردنی پەروەردەییمان لەسەر بنچینەی لەبەركردن و سەعی كردن بۆ دەرچوون بنیاد نراوە، نەك لەسەر بنچینەی تێگەیشتن، كە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕق و كینە لای قوتابی بەرامبەر بە هەر سەرچاوەیەكی تر) *.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئێمە وا لە منداڵەكان بكەین، بە ویست و خواستی خۆیان ڕوو بكەنە كتێبخانە و سەرچاوەكان وایان لێ بكات، كە هەمیشە لە ئامێزی ئەماندا بێت.

بۆ ئەمەش پێویستمان بە نووسەری منداڵانە، سەیرە زوربەی زۆری ئەوانەی بۆ منداڵ دەنووسن، خۆیان منداڵیان نییە، دیارە لێرەدا بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی كە هەیانە پەنا بۆ جیهانەكەیان دەبەن، بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە بە گەورەیی دەنووسن بە منداڵی بیر دەكەنەوە. دەبینین بە منداڵی بنووسین و بەمنداڵی بیر بكەینەوە، بەمنداڵی ببینین و بە منداڵی بژین.

ڕێكخراوی یونسكۆ ئاماژە بەوە دەكات لە كتێبی وەرگێڕاو بۆ منداڵان لە زمانە بیانییەكانەوە زۆر سوودی نییە، چونكە وەرگێڕانەكەی لە دونیای منداڵ دەردەچێت، لەبەر ئەوە پێویستی زۆرمان بەنووسەری خۆماڵی هەیە كە شارەزایی داب و نەریت و كولتوورو زمان و خوو-و ڕەوشت و هەڵسوكەوتمانە، و داڕشتنی نووسراوەكان (چیرۆك — شیعر — شانۆنامە) لەسەر بنەمای زانستی گونجاو بێت.

(ئەگەر سەرنجی وەرگێڕان لەم كتێبەدا بدەین، بە دوورو درێژی باسی گرفتی وەرگێڕان كراوە، دەتوانی بیخوێنیتەوە).

ئەو منداڵانەی كە لە منداڵیەوە ڕادەهێنرێن لەسەر خوێندنەوەو خۆشەویستی خوێندنەوە لایان دروست دەبێت منداڵێكی نموونەیی و سەركەوتووی لێ دەردەچێت.

دەبێت سەرچاوەكانی خوێندنەوە لەم كتێبخانەیەدا[113] چۆن بێت:

---

[112] - تەها ڕەئوف كەریم. منداڵ و میدیا و كتێبخانە. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006.

[113] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

1- وێنەدارو ڕەنگاوڕەنگ بێت.
2- بەرگەکانیان بۆ منداڵانی (3-6)ساڵ ئەستوور بێت.
3- لاپەڕەکان لە کاغەزێکی نایلۆنی دروستکراو بێ، باشتر وایە درەوشاوە بێت.
4- سەرچاوەکان بۆ منداڵ نووسرابن و لەگەڵ تەمەن و عەقڵیدا یەکبگرێتەوە.
5- کێشیان زۆر قورس نەبێت.



## سەرچاوەکانی کتێبخانەی منداڵان

سەرچاوەکان هەمە جۆرو هەمە چەشن و هەمە ڕەنگن، تێیدایە چیرۆکە باسی بەسەرهاتێك دەکات کە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگیرێت، هەروەها شیعرو سروودو پەخشان و شانۆنامەیەو کتێبی مێژوو- و جوگرافیاو یادداشت و شارستانییەتەکان و کولتوورو زانستی گشتیی و کتێبی ماڵداری و

کارەکانی تر لە تواناو گەشە بە بیری منداڵ دەدات و متمانە بە خۆی دەکات. هەروەها باسی وێنە کێشان و هونەری وێنە دروستکردن دەکات، لەگەڵ فێربوونی خۆشنووسی .... هتد.

وەك لەسەرەوەدا ناوی کەرەستەکانی ناو ئەم کتێبخانەیەمان هێنا، باشتر وایە یەك بە یەك لێی بدوێین و هەڵسەنگاندنمان بۆی هەبێت.

سەرەتا با لە کتێبەکان و سەرچاوەکانەوە بنوارین، پێش هەر شتێك دەبێت کتێبخانەی منداڵان خانەی کراوە بێت و منداڵ زۆر بە ئازادانە دەست بۆ سەرچاوەکان بەرێت و شارەزایی دیوی ناوەوەی نووسراوەکان ببێت.

سەرچاوەکان بە پێی تەمەنەکان جیا بکرێتەوە زۆر باشە، و ئەو سەرچاوانەی کە بردنە دەرەوەیان بۆماڵەوە نییە، پێویستە بەجیا دابنرێن، کە ئەوانیش بریتییە لە سەرچاوە فەرهەنگییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامەو نەخشەو هەندێ سەرچاوەی تر.

دەبێت چیرۆکەکان لەلایەك، شیعرو سروودەکانیش لەلایەك، بەڵام ئەوەی مەبەستە دەبێت بە ژمارە ناونیشانەکان لە چەند دانەیەك زیاتربن و تا نوسخەیان زۆر بێت، ئەمەش بۆ کاتێك کە گروپێك ڕوو دەکەنە کتێبخانە، ڕەنگە چەند منداڵێك پێکەوە حەز لە یەك سەرچاوە بکەن، تاوەکو هیچیان بێ بەش نەبن.

## کاریگەری کتێبخانە لەسەر منداڵ:

کتێبخانە نەك تەنها لەسەر منداڵ کاریگەری هەیە، بەڵکو لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە کە کتێبخانە بەکار دەهێندرێت کاریگەری هەیە، ئەمیش لە ڕێگەی سەرچاوەکانییەوە، لەوانە دروستکردنی کەسایەتی و خوێندنەوەی ورد بۆ ژیان و لێکدانەوە و شیکاری مەعریفیی بۆ ڕووداوەکان. .... هتد.

بەڵام لەسەر منداڵ کۆمەڵێك کاریگەری جیاوازتر بەجێ دەهێڵێت کە ڕەنگە هاوشێوەی گەورەکانیش دووبارە بێتەوە لەوانە:

1) بە ئاگابوون لە شارەزایی لە نادیارەکان و ناساندن و فێربوونیان و پەیداکردنی شارەزایی لە سەریان.

2) چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە منداڵدا وەك (هاوکاری، ڕێزگرتن، خۆشەویستی، هەست بە لێپرسینەوە. ..)

3) فراوانکردنی ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵ (حەزی خوێندنەوەی زیاتر دەبێت).

4) پەیوەستبوونی بابەتی دەستنیشانکراو کە خۆی خولیایەتی و گەڕان بەدوای زیاتر دەربارەیان.

5) ناساندنی دامەزراوەکان و ئاشنا بوون بە کار و چالاکییەکانیان.

6) دروستکردنی ڕۆحی بوێریی لە دنیای منداڵدا.

7) فێر بوون بۆ خۆنووسین (دەربڕین).

8) خستنە ڕووی حەز و ئاوات و ئامانجەکانیان گەر بچووکیش بن

## کەرەستەکانی کتێبخانە ( مێزو کورسی ):

سەبارەت بە مێزو کورسیەکان کە زۆر گرنگە بەلامانەوە، دەبێت کورسی و مێزەکان منداڵانە بن، واتە بۆ بەژن و باڵای ئەوان دروستکرابێ، بەم پێوانەی لای خوارەوە:

1- بەرزی مێزی خوێندنەوە لە (55) سم زیاترو لە (50) سم کەمتر نەبێت.

2- بەرزی کورسیەکان (30) سم بێت.

3- بەرزی شێڵفەکان لە مەترێك بەرزتر نەبێت.

باشتر وایە لە چەند خانەیەکی هێلانەیی دروستکرابێت.

مەرج نییە هەموو سەرچاوەکان لە نێو شێڵفەکاندابن، زۆرجار لەسەر مێزەکان لە نێو خانەکاندا دابەشکراون، بابەت بە بابەت جیا کراونەتەوە و منداڵ دەتوانێت دەریان بێنێت و سەیریان بکات و ئەگەر توانی بیشیان خوێنێتەوە.

دەبێت زۆرترین سەرچاوەی منداڵان کە دەردەچێت وێنەیەکی بەلای کەمەوە لێرە هەبێت.

زۆر جار منداڵ هەندێ سەرچاوەی لە بازاڕدا بۆ پەیدا نابێت، لێرە لە کتێبخانە دەتوانێت دەستی بکەوێت، هەندێ جاریش ئەو وەڵامانەی کە مەبەستیەتی لە ڕێگەی بەخێوکەرانیەوە بۆی فەراهەم نابێت، دەتوانێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانەوە وەڵامەکەی دەست بکەوێت.

وەك وتمان بە تەنها کتێب و گۆڤار یارمەتیدەر نین، هەندێ سەرچاوەی وەك ڕوونکردنەوەو بیرکردنەوەو دەرئەنجام و ڕێکخستن لێرەدا هەیە کە منداڵ وەك یاری میکانۆ دەتوانێت بیر بکاتەوە لەدروست بوون و ڕێکخستنی دا (مەبەست لێرەدا بوونی یاری میکانۆ نییە). سەرچاوەکان بەو شێوەیەن. هەروەها بەشی چیرۆك خوێندنەوە کە بەشێکی تایبەتە، دەبێت ڕازاوەو نەخشێنراو بێت و بە ڕاخەری خاوێن ڕووپۆشکراو بێت و دەبێت کەشێکی لەبارو گونجاو، واتە دروستکردنی سروشتێکی دەستکرد وەك ئەوەی لە چیرۆکەکەدا دەخوێنرێتەوە بۆ منداڵن دەستەبەر بکرێ و ڕووناکی گونجاوی بۆ دیاری بکرێ، و لە کاتی پێویستدا ڕووناکییەکان کار بکەن و دەنگی تۆمارکراوی ئاژەڵانی لەگەڵدا

بێت، بەتایبەتی لە کاتی دوواندنیاندا، یان هاوار کردنیاندا، بە شێوەیەك کە نزیك بێت لە ڕاستییەوە تا کەشێکی خۆش بۆ منداڵان دروست بکرێت.

دەبێت چیرۆکبێژ هەمیشە خۆی لە بەرگێکی بە تەمەندا نیشان بدات و ئارایشتێکی گونجاوی بۆ بکرێ و بتوانێ لە ڕێگەی دەنگییەوە سەرنجی منداڵەکان بۆ لای چیرۆکەکە ڕابکێشێت و کەسێکی بلیمەت و داهێنەر بێت و زوو بچێتە ناخی منداڵەکانەوە و منداڵەکان خۆشیان بوێت. زۆر ئەم دۆخانە داوای دووبارە کردنەوەیان لێکراوە لەلایەن منداڵەکانەوە.

بەشی شانۆ: یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکان لە ناو کتێبخانەدا، چونکە خوێنەر دەتوانێت بەشداری بینینی شانۆگەریەکە بکات، وە دەشتوانین بە پێی توانای خۆی ڕۆڵی بەشداری وەك ئەکتەر ببینێت، زۆر گرنگە شوێنی شانۆ وەك شانۆی دەرەوە بێت، بە تایبەتی شوێنی دانیشتنی منداڵەکان و نەخشەی شانۆکە لە ڕاستییەوە زۆر نزیك بێت، نابێت هۆڵی کۆڕو سیمینار بکرێت بە شانۆ، چونکە ئەم جۆرە شانۆگەرییانە گروپێکی چەند کەسیی زیاتر نایبینێت.

بەشی وێنەکێشان: جێگایەکی تایبەتەو سەرجەم کەرەستەکانی وێنەکێشانی تێدا دەستەبەرکراوە و خوێنەر دەتوانێت ئازادانە بەکاریان بهێنێت، هەر لە لاپەڕەو پێنووس و خەت کوژێنەوەو بۆیاخی ئاوی و زەیتی و پاڵێت و خام و چوارچێوە دارەوە، بگرە تا بەکارهێنانی سەدرییەکان کە لە کاتی ئیشکردندا دەتوانێ بەکاری بهێنێت. هەروەها بەشی ئیشوکاری دەست وەك بەکارهێنانی قوڕی دەستکردو دروستکردنی گوڵ و چنینی سەبەتەو چەندان شتی تر.

ئەمانە لە پێشبڕکێ و بەشداری پێشانگەدا بەکاردێت و خوێندکاران تواناکانی خۆیانیان بۆ دەردەکەوێت لە بەرامبەر یەکتریدا.



بەشی بینەری و بیستەری: هەرچەندە لە بەشی کتێبخانەی قوتابخانەکاندا لەسەری دووام، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم بەشە هەڵدەستێت بە نیشاندانی فیلم لە ڕێگەی شاشەوە بۆ منداڵان، بەتایبەتی فیلمی کارتۆنی و فیلمی گەشت و فیلمی ئامۆژگاری و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە ناو خێزان و

قوتابخانەوەو کۆمەڵدا. بابەتەکانیان زیاتر پەروەردەیی و فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵانە بە بێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین و نەتەوە

.

## سیستەمی خواستنی سەرچاوەکان:

لە گشت کتێبخانەیەکی دونیادا ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوە هەیە بۆ خواستن، کام سەرچاوە خواستنی نییە و کام سەرچاوە دەتوانی وەربگریت [114] لێرەشدا کۆمەڵێك سەرچاوە خواستنیان نییە لەوانە:

أ) سەرچاوە فەرهەنگییەکان وەك:

- قاموس
- ئینسایکلۆپیدیا
- مرجع
- ڕێبەر
- نەخشەی گەورە

ب) گۆڤارو ڕۆژنامەکان.

ت) ئەو سەرچاوانەی کەم وێنەن و دانسقەن تەنها بۆ بینین و تەماشا کردنە.

سەرجەم سەرچاوە ڕۆشنبیریەکانی تر زۆر ئاساییە دەتوانرێت بە قەرز وەربگیرێت و لەماڵەوە تەماشای بابەتەکانی بکرێ و بخوێنرێتەوەو لە کاتی پێویستیشدا ماوەکەی بۆ نوێ دەکرێتەوە.

هەموو خوێنەرێك لە دونیادا بە دوای ئەو سەرچاوانەدا وێڵە کە ئارەزووی دەکات ببینێ و بیخوێنێتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

جا لێرەدا کەمی و زۆری کۆلێکشنەکان، وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوەو خواستەکان دەستەبەر دەکەن، بۆ وەرگرتنی سەرچاوە، هەموو کتێبخانەیەك سیستەمێکی داڕێژراوی خۆی هەیە بۆ کارکردن لەسەری و خۆی مەرجی وەرگرتن دەستنیشان دەکات.

## ڕێنمایی خواستنی سەرچاوە:

---

114 - عبدالله انیس الطباع ، علم المکتبات ، الادارة والتنظیم – بیروت ، دار الکتاب اللبناني – (دت)

1- هەموو منداڵێك دەتوانێت كتێبخانە بەكاربهێنێت و لە سەرچاوەكانی ناوی چەند سەرچاوەیەك بخوازێت.

2- لە یەك كاتدا دەتوانیٚ (2 یا 3 یا 4) سەرچاوە پێكەوە بخوازێت.

3- ماوەی وەرگرتن (؟) ڕۆژە.

4- لە كاتی پێویستدا دەتوانرێ سەرچاوەكان ماوەكەی نویٚ بكرێتەوە، ئەگەر خواستی لەسەر نەبێت.

5- وەرگرتن لە ڕێگەی وەرگرتنی پێناسێكەوە دەبێت، واتە دەبێت ئەو منداڵە، یان خۆی پشتگیری خوێندنگەكەی بهێنێت، یان دەبێت دایك و باوك یەكێكیان ناسنامەی خۆیان دابنێن لەبری وەرگرتنی سەرچاوەكە لەگەڵ ئەدرەسی تەواوی خۆیاندا.

6- دڕاندن و فەوتاندنی سەرچاوەكان دەبێت ببژێرێنەوە.

دەتوانرێت چەند بڕگەیەكی تریشی بۆ زیاد بكرێ بە پێی ئامانجی كتێبخانەكە، بە پێویستی دەزانم ڕوونكردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەم خاڵانەی لای سەرەوە كە تێبینیم هەیە لەسەریان، چونكە لە زۆر شوێن وەك ئەوەیە كە ئاماژەم بۆ كردووە، بەڵام ڕوونكردنەوەكان دەتوانیٚ ئاسانكاری زیاتر بكات.

باشتر وایە هەموو منداڵێك بكرێتە هاوڕێی كتێبخانە و ئەم هاوڕێیانە ژیاننامەكەیان لە كتێبخانە هەڵبگیرێت و پێناسی كتێبخانەیان بۆ بكرێ بەتایبەتی بۆ منداڵانی (9-12) ساڵ، تا متمانەیان لا دروست ببیٚ كە وەك ئەندام و تاكێكی ناو كۆمەڵگە حسابیان بۆ دەكرێ و ئەمیش بوونی خۆی هەست پیٚ دەكات، بەڵام بۆ منداڵانی (3-8) ساڵ، ئەمانە هیچ شتێك نازانن و زۆر ئاشنا نین بەدونیا، لەبەر ئەوە پێویستە كەسێكی لەگەڵدا بێت بۆ وەرگرتنی سەرچاوەكان و هەندێجار بۆ هەڵگرتنیشیان.

ماوەی وەرگرتنی سەرچاوەكان كەمیی و زۆری سەرچاوەكانی ناو كتێبخانە دەستنیشانی ماوەكە دەكات، هەتاوەكو سەرچاوەی زۆر بێت، ماوەی وەرگرتنیش زۆر دەبێت و ژمارەی سەرچاوەكانیش زۆر دەبن و بە پێچەوانەوە.

بمانەویٚ و نەمانەویٚ منداڵ هەندیٚ خووی تایبەتی هەیە جیا لە گەورە، بۆیە پێی دەڵێن منداڵ، چونكە عەقڵی پێنەگەیشتووە بە بەراوورد بە بەرامبەرەكەی كە گەورەیە، بۆیە دەبێت هەمیشە ڕۆحی بەخشین لە ئێمەدا زیاتر بێت و توندو تیژی و تووڕە بوون هەرگیز بەوان نەناسێنین، ئەوانێك كە باوەڕیان بەمردن نییەو هەمیشە هەڵدەسنەوەو دێنە ژیان، ئیتر تووڕە بوون و توندو تیژی بۆچی لە فەرهەنگیاندا جیٚ بكەینەوە.

سەبارەت بە دڕاندن و نووسین لەسەر كتێبەكان، پێش وەرگرتنیان دەبێت ڕێنمایی بكرێن و فێر بكرێن، نابێت لەسەر سەرچاوەكان بنووسین و لاپەڕەكانیان ناشیرین بكەین، یان بیدڕێنین، چونكە ئەم سەرچاوەیە بەتەنها هی تۆ نییە، بەڵكو هی هەموومانە.

هیچ کتێبخانەیەك ئەگەر لەماڵیشدا بێت، بێ گرفت نییە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە کێشەکانی ئەم کتێبخانەیە بدەم.

1- لە ڕووی جێگەوە زۆر منداڵ بێبەش دەبێت لە سەردان و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ناوی، ئەمەش بەهۆی دووریی ناوچە جیاجیاکانی شار.

2- کاتێکی زۆری دەوێت بۆ گەیشتن بە کتێبخانە.

3- نەبوونی پاس و ئۆتۆمۆبێلی تایبەت لەگەڕەکەکانەوە بۆ کتێبخانەو بە پێچەوانەوە.

4- هەموو منداڵێك ناتوانێت بە تەنها بگاتە کتێبخانە.

5- دایك و باوك کاتی تەواویان بەدەستەوە نییە، یان خۆیان حەز ناکەن منداڵەکانیان بچن و بە کارێکی زیادەی دەزانن و دەڵێن قوتابخانە بەسە.

6- زوربەی سەرچاوەکان ڕەنگە نوێ نەبن.

7- زوربەی سەرچاوەکان وەرگێڕاوە، وەرگێڕانیش ناتوانێ (100٪) وەك خۆی دەقەکان بەزیندوویی بهێڵێتەوە و ناوی ناو چیرۆکەکانیش تا ڕادەیەك قورسی پێوە دیارە.

8- زوربەی سەرچاوەکان نزیکە لە فۆتۆکۆپییەوە، کە ئەمە پێچەوانەی حەزی منداڵە کە زۆرتر حەز بە ڕەنگاڵەو ڕەنگاوڕەنگی دەکات، بۆیە ئەمەش هۆکارێکە بۆ بێزاریی و حەز بە خوێندنەوەیان ناکات، چونکە (ڕەش و سپییە).

9- زۆرجار لە کتێبخانەی منداڵانی شاری سلێمانی یەك هۆڵەو بەس، ئەمەش کاردانەوەی خراپی هەیە، بۆیە دەڵێین پێویستە شوێنەکان دەستنیشانکراوبن.

10- بوونی کتێبخانە لە نهۆمی دووەم،خۆی لە خۆیدا ماندوو بەخشە و منداڵ ماندوو دەکات و ڕەنگە بەربوونەوەو هاوار هاوار خوێنەران وەڕس بکات.



| ژمارەی تۆمار | ناوی نووسەر یان وەرگێڕ | ناونیشان | جۆری سەرچاوە | شوێن | دەزگای چاپ | ساڵ | بەرگ | ڕەنگاو ڕەنگ | بەش | ژمارەی پەڕە | سەرچاوەی هاتن | | نرخ | مێژووی هاتن | مێژووی تۆمار | تێبینی | بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | کڕین | دیاری | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |

## تۆماری سەرچاوەکان:

لە کتێبخانەی منداڵاندا ئەوەی بەدی دەکرێ و جێگای سەرنجە و زیاتر بڵاوە، سەرچاوەکان زۆربەیان لە شێوەی (نامیلکە و پۆستەرات و گۆڤار و نووسراوی بچووك و پاشکۆی ڕەنگاوڕەنگ و ژمارەیەکی دیاریش کتێب دەگرێتە خۆ).

لە بنەڕەتدا هەموو ئەمانە موڵکی کتێبخانەیە و دەبێت تۆمار بکرێت، بەڵام هەر جۆرە و بە پێی تۆماری خۆی، ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرچاوەکان جگە لە کتێب و گۆڤار کە کلێشەی تۆماری تایبەتیان هەیە.

سەرچاوەکانی وەك نامیلکە و نووسراوی چەند لاپەڕەیی و پۆستەرات دەبێت لە کلێشەی تۆمارێکی نوێدا تۆمار بکرێ و ئاماژەش بە ژمارەکانیان بدرێت.

لێرەدا خشتەی تۆماری ئەم سەرچاوە ڕۆشنبیرییانە دەخەینە پێش چاو تاوەکو ئەمینداری کتێبخانەی منداڵان بتوانێت سوودمەند بێت لێی لە کاتی تۆمار کردنی سەرچاوەکاندا.

**بەڵام بەپێی زمانەکان جیا بکرێتەوە زۆر باشترە، چونکە دەردەکەوێت کە چەند سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانیاریمان هەیە بە هەریەك لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی. ......... هتد.**

## پێشنیارو چارەسەر:

1) نوێکردنەوەی سەرچاوەکان بە سەرچاوەی نوێ و لابردنی ئەو سەرچاوانەی کە زۆر ماندوو کۆنە، یان کۆپی کردنیان و چزوبەند کردنیان تا لە فەوتان ڕزگار ی ببێ.
2) دەستەبەرکردنی کورسی و مێزی خوێندنەوە کە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکاندا بگونجێت.
3) دەبێت کورسیەکان شوێنی دانیشتنیان کوشن بێت، چونکە لەزستاندا ئەو کورسییانە زۆر ساردە بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دارو پلاستیك دروستکراون.

4) دەبێت ڕەفەر سەرچاوەکان لە شێوەی هێلانە و خانووی منداڵانەدا بێت وەك چۆن کتێبخانەی گشتیی سلێمانی (خانەی هەنگی) بەکارهێناوە کە زۆر ناسکە.

5) دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی فێربوون و ڕاهێنان بۆ خولەکان و مەشق پێکردنیان لە پشووی هاویندا.

6) لە ڕێگەی بەرنامەی میدیاوە هوشیاری بڵاو بکرێتەوە بۆ مامۆستایان و دایك و باوکی قوتابیان تا هانی منداڵەکانیان بدەن و خۆشیان دەستگیرۆییان بکەن و بیانهێنن بۆ کتێبخانە.

7) دانانی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەم بوارەدا (هێنانیان لە شوێنی ترەوە) ئەگەر نەبوو باشتر وایە دەرچووی بەشی کتێبخانە بێت و شارەزایی بواری سایکۆلۆجی منداڵ بێت و هەر ئەمان ڕۆڵ و کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر منداڵەکان و دەتوانن وایان لیَ بکەن کە زۆرترین کات لە کتێبخانەدا بمێننەوەو هەمیشە بەماڵی خۆیانی بزانن، کردنەوەی خولی هاوینە لە ناو کتێبخانەدا تا منداڵان بە دوور بن لە کارکردن و چەوسانەوەی کۆمەڵگە و بواریان بۆ بڕەخسێنرێ تا پەرە بە بەهرەکانیان بدرێت.

## پاری سێیەم : کتێبخانەی گەڕۆك : المكتبات المتنقلة = Mobil libraies



ئەم جۆرە کتێبخانەیە جیا لە هەر کتێبخانەیەکی تر، شوێن و پێگەی لەسەر زەوی نییە و پێك نەهاتووە لە باڵەخانەیەك و چەند ژوورێك، بەڵکو لە ناو کەرەڤانەیەکدایە یان ژوورێك کە لەسەر ئۆتۆمۆبێلێك چەسپاوە کە تەرخانکراوە بۆ ئەم مەبەستە و چوار چێوەی ئەم ژوورە بەشێلف بنیاد نراوەو سەرچاوەکان لەسەر شێلفەکان ڕیز کراون و هەندێ بەلاری بۆ پشتەوە تاوەکو ڕیزبەندییان تێك نەچێت و بەر نەبنەوە لە کاتی ڕۆیشتن و جوولەدا.[115]

جگە لە کتێب و سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان کورسی و مێزی خوێندنەوەشی تێدایە، ئەمە جگە لە چەندان کەلوپەلی تر کە دواتر بەدرێژی باسی دەکەین.

## مێژووی سەرهەڵدانی کتێبخانەی گەڕۆك

بیرۆکەی داهێنانی ئەم جۆرە کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی بەریتانیا، ئەویش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو، سەرەتا پێکهاتبوو لە عەرەبانەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوو، ئەسپێك ئەم عەرەبانە تایبەتەی ڕادەکێشا بەجادەو کۆڵانەکانی ناوشاری لەندەندا دەسوڕایەوە، و ڕەفەی کتێبخانەکە دەیان کتێبی جۆراو جۆری لەخۆ دەگرت، ئەم کارە لەلایەن دەزگای ورینجتون بەرهەم هێنرا.

ئەم بیرۆکەیە زۆر بە خێرایی لە دنیادا دەنگی دایەوە و دوای وڵاتی بەریتانیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پلەی دووەم دێت،لەشاری (نیویۆرك)دا ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەشکرا لەساڵی 1892 ، هەروەها ولایەتی (ماریلاند) لەساڵی 1905دا.[116]

ژمارەی کتێبخانە گەڕۆکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون پاش ئەوەی کە گوازرایەوە لە ئەسپ و عەرەبانەوە بۆ ئۆتۆمۆبێلی تایبەت بەم مەبەستە.

لەساڵی 1965دا ژمارەی کتێبخانە گەڕۆکەکان لە ئەمریکا گەیشتە دوو هەزار، پاشان ساڵی 1998 ژمارەیان بوو بە نۆ هەزار کتێبخانەی گەڕۆك.

---

115 - عمر احمد هنشـهری ، مدخل الی علم المکتبات والمعلومات – عمان دار الصفاء – 2008

116 - إنتـــرنیت لحـج نیــوز- مسجلــة معلـــومـــاتـيــة ـــ المکتبـــة المستقلـــــة

سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم جۆرە کتێبخانەیە لە فەڕەنسادا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1919 واتە ساڵێك دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کە ئەمانیش بیرۆکەی ئۆتۆمۆبێلیان بەکار هێنا، دواتر فەڕەنسا بوو بە یەکێك لەو وڵاتە گەورانەی کە توانی خزمەتگوزاری بۆ زوربەی زۆری ناوچە دوورەکانی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش بە زیادکردنی ژمارەی کتێبخانە گەڕۆکەکان لە وڵاتدا، نموونەی لەم جۆرە کتێبخانەیە وەك ناوهێنان (کتێبخانەی ئەلاسن ی گەڕۆك) کە لە ساڵی 1953دا دەرکەوت لەگەڵ کتێبخانەی (مارون) ئەویش لەساڵی 1983دا دەرکەوت، کە توانییان خزمەتگوزاری بۆ 96 ناوچەی دوورە دەست بگەیەنن کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمتر لە بیست هەزار کەس بوون.

ئەم بیرۆکەیە هەمیشە لە بڵاوبوونەوەدا بوو، لەوانە وڵاتی نەمسا ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری ڤییەننا سەری هەڵدا لەساڵی 1958دا کە شارەوانی ئەو شارە سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد. پاشان وڵاتی بەلجیکا لە ساڵی 1959دا.

یەکێتی سۆڤیەتی جاران پێش ئەمان ئەم خزمەتگوزارییەی قۆستەوەو هەر دوای جەنگی جیهانی بە چەند ساڵێك، ئەوە بوو لە نێوان ساڵی (1953-1963) لەم دە ساڵەدا بیست و سێ هەزار کتێبخانەی لەلادێکاندا بنیات نا.

کیشوەری ئەفەریقاش دوای جەنگی جیهانی دووەم و سەربەخۆیی گەلان ئەم چەکەی بەکارهێنا دژ بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەویش لە ساڵانی دوای چلەکانەوەو ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا بەتایبەتی لە وڵاتانی وەك تانزانیاو غاناو سیرالیۆن.

بەڵام هندستان بە سوود وەرگرتن لە کۆمەك و هاوکاریەکەی ڕێکخراوی یونسکۆ کە پێشکەشی کرد، توانی یەکەم پرۆژەی بنیادنانی کتێبخانەی گەڕۆك دابنێت بەهاوکاری کتێبخانەی گشتیی (دەلهی) لە ساڵی 1953دا.

وە لە وڵاتی نەرویج کتێبخانەی ناوەندی (برجن) هەستا بەم کارە لەساڵی 1959دا، بەڵام لە جیاتی ئۆتۆمۆبێل کەشتی ئامادەکرد بۆ ناوچە دوورەکان، کە بە کەنارەکانی وڵاتی نەرویجەوەن، ژمارەی ئەو شوێنانەی کە سەردانی دەکرا نزیکەی سەدو پەنجا بنکە بوو، کە ئەم کتێبخانەیە دەوروبەری حەوت هەزار سەرچاوەی هەمەجۆری لەخۆ گرتبوو، کە زوربەیان بەرگداربوون و نیوەیان لە ناو باوەڵدا بوون، نیوەکەی تریشی لەسەر ڕەفەکان دانرابوون بە شێوەی کراوە لەناو هۆڵێکدا کە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوە. ئامانجیشیان گەیاندنی خزمەت و خزمەتگوزاری بوو بۆ ناوچە دوورە دەستەکان کە بواریان نییە، یان زۆر دوورن لە خزمەتگوزاری کتێبخانە گشتییەکانەوە.*

---

* تێبینی- زۆر گەڕام بۆ ئەوەی ساڵی سەرهەڵدانیم لا ڕوون بێت، هەرچی سەرچاوەکانە کە دە ساڵ پێش ئەمڕۆش نووسراوە، تا ئێستاش هەر دەڵێن نزیکەی 150 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، ئیتر نازانم چەندە، وای بۆ دەچم لە دەوروبەری ساڵی 1851دا بێت، گومانیشم هەر هەیە .

سالّی 1957 بەشی کتێبخانەکان کە سەر بە هێڵی ئاسنی فەڕەنسا بوون هەستان بە دابینکردنی شەمەندەفەرێك کە لە فارگۆنێك پێکهاتبوو، ناویان نا (شەمەندەفەری ڕۆشنبیری) یان (کتێبخانەی شەمەندەفەر).

مەبەست لەم جۆرە کتێبخانەیە ئەوەبوو خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیری بگەیەنێتە خێزانی هەموو ئەو کرێکارانەی کە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکاندا کاریان دەکرد، تا دابڕاو نەبن لەهیچ زانیارییەکی نوێ. کە ژمارەیان زیاتر لە بیست هەزار کەس بوون، کە لە بیست و شەش ناوچەی جیاجیادا کاریان دەکرد.

لە تایلەند سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کتێخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە نرا، ئەویش بە داڕشتنی پلانی تایبەت و پێشکەوتوو بەهەموو شێوەکانییەوە، تا بتوانێ خزمەت بەسەرجەم جێگا دوورەکان بکرێ، ئەویش لە ڕێگەی بەلەم و شەمەندەفەرو ئۆتۆمۆبێلەوە، تایلەند پشتی بەو کۆمەك و یارمەتییانە دەبەست کە لە لایەنی خەڵك و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە پێیدەبەخشرا.

لە بەڕازیل سالّی 1984 یەکەم تاقیکردنەوەی لەم شێوەیە ڕوویدا، لە ئوستورالیا سالّی 1949، لە نیوزیلەند سالّی 1960 ڕێکخراوی یونسکۆ کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کۆمەککردن و هاندان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کار ئاسانی کردن بۆ ئەم کارە، هەر لە دوای سالّەکانی پەنجاکان بە دوواوە کۆمەك و هاوکاری پێشکەش بە زۆر لە وڵاتی تازە پێگەیشتوو کرد، کۆمەکەکەش بە ئۆتۆمۆبێلی کتێبخانەی گەڕۆك بوو،لەو وڵاتانەی کە ئەم کۆمەکە گرتیەوە وەك وڵاتانی هند، نەیجیریا، سەنغافورە، مالیزیا، کۆلۆمبیا، عێراق، لوبنان بوو.[117]

سەبارەت بە وڵاتە عەرەبییەکان ئەم جۆرە خزمەتگوزارییە لە کۆتایی نیوەی پەنجاکان و سەرەتی شەستەکاندا سەری هەڵدا.

یەکەم وڵاتی عەرەبی کە کتێبخانەی گەڕۆکی تێدا هێنرا لە کەرتی خۆرئاوای فەلەستین و شاری خەلیل بووە لەسالّی 1956دا.

هەروەها لە میسر لەکۆتایی سالّەکانی پەنجاکاندا لە نێوان 1958-1959 دا بووە، تەنها خزمەتگوزاری کتێب و سەرچاوە نەبووە، بەڵکو چالاکیشی لەگەڵدا ئەنجامدراوە لەوانە، پیشاندانی فیلمی ڕۆشنبیری و هوشیارکردنەوەی گەلان و هەندێ چالاکی جۆر بەجۆری تر وەك شانۆگەری و ئاهەنگ گێڕان.

---

[117] - حسن رشاد. ألمكتبـــات العـامــة القـــاهــرة ـ المؤسسة العربية العامة، 2009.

دواتر وڵاتی عێراق کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1964 ، کە لە لایەن دەزگای (کولبنکیان) هەستا بە بەخشینی سێ ئۆتۆمۆبێلی گەورە و دابەشکرا بەسەر هەر سێ شاری موسڵ و کەرکوك و بەسرە دا. بە سەرجەم کەرەستەو پێداویستییەکانەوە.

هەروەها لە شاری بەغدا دوو کتێبخانەی گەڕۆك کرایەوە بەناوەکانی (ئیبن بەتوتە) و (ئیبن جەبیر) یەکەمیان پاشکۆو سەر بە کتێبخانەی گشتی شاری سامەڕا بوو (کۆمەکی لەوێ وەردەگرت) و بەردەوام بوو لە خزمەتکردندا هەتاوەکو کۆتایی ساڵی 1970، دواتر سەرجەم سەرچاوەکانی بەخشرا بە کتێبخانەی گشتیی حورییە کە لە هەمان ساڵدا کرایەوە.

دووەمیان کتێبخانەی (ئیبن جەبیر) کە پاشکۆی کتێبخانەی کندی بوو، دواتر سەرچاوەکان بەخشرا بە کتێبخانەی (ئیبن ئەلهەیسەم) لەساڵی 1969دا. هەروەها شاری بەغدا دوو کتێبخانەی گەڕۆکی لە ساڵی 1976دا ڕاگەیاند بە ناوی (المکتبە العامە المتنقلە) کە سەر بە کارگێڕی خۆجێیەتی بوو لەناو شاری بەغدادا و بنکەی زانیاری وەرگرتنیان کتێبخانەی گشتیی کەرخ بوو.

پاشان تونس ئەم جۆرە کتێبخانانەی بەکارخست بە سیفەتی ئەوەی کە ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی خوێندن وخوێندنەوە لە وڵاتدا و ژمارەی کتێبخانەکان گەیشتە سی و دوو کتێبخانەی گەڕۆك. دواتر وڵاتی شانشینی سعودی لە ڕێگەی دەزگای ئارامکۆ، توانی سەرپەرشتی ئەم کارە بکات و وڵات دابەش بکات بۆ سێ بەش ئەوانیش، ناوچەی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست و خۆرئاوا. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەم ناوچانەو ئەو قوتابخانەو خوێندنگەیانەی کە سوودیان وەرگرتووە لەم پرۆسەیە تا ساڵی 1982 بەم شێوەیەیە:

ژمارەی قوتابخانە سوودمەند بووەکان هەزارو پێنج سەد خوێندنگەیە، ژمارەی خوێنەران و خوێندکارە سوودمەند بووەکان لە سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە بە داتا، سێ سەدو حەفتا هەزار خوێندکارە، ژمارەی ئەو سەرچاوانەی کە وەرگیراون حەوت سەدو چل هەزار سەرچاوە وەرگیراوە بۆ خوێندنەوە، کە ئەمە ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ ئەم کتێبخانانە،پاشان وڵاتانی تر بەدوایدا هاتن وەك ئەردەن و جەزائیرو وڵاتانی تری کەنداو.

کتێبخانەی گەڕۆك کە بە ئۆتۆمۆبێل یان لەسەر کەرەڤانە دەڕوات، بە یەکێك لە نوێترین گۆڕانکاریەکان دادەنرێت کە بەسەر خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەدا هاتووە. چونکە ناوەڕۆکیان بریتییە لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە ناوچە دوورە دەستەکان کە گوندو لادێ نشینەکان دەگرێتەوە، پێویستییەکانی پێویستی ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگەیە، خزمەت بە بوارەکانی فێرکردن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری دەکات،ڕەنگدانەوەی تەواوی ئاراستە و بیرو بۆچون و گۆشەنیگای ناوخۆیی و نیشتمانیی و نەتەوەیی و جیهانیی دەکات، خزمەتگوزارییەکانی ئەم جۆرە کتێبخانانە کە پێشکەش دەکرێ دەکەوێتە سەر ئەو لایەنەی کە هەڵدەستێت بە کۆمەککردن و پێشکەشکردنی

خزمەتەکە، بێگومان تاوەکو سەرچاوەکان نوێ و هەمە چەشنە بن، خوێنەری خۆی بۆ دەبێت و بە پێچەوانەوە.

## پەیامی کتێبخانەی گەڕۆك

((ئەگەر خەڵك نایەت بۆ کتێبخانە، ئێمە دەچین بۆ لای ئەوان))

دیارە دووری شوێنەکان لە کتێبخانەوە هیچ دەرفەتێك ناهێڵێتەوە بۆ خەڵکی تا ڕۆژانە یان هەفتانە سەردانی کتێبخانە بکەن. پێویستە ئێمە سەردانی کۆمەڵانی خەڵك بکەین.

یەکەم/ پێش چوونمان بۆ ئەو ناوچەو جێگایانەی کە دیاری دەکرێ، پێویستە ڕووپێوێکی مەیدانی ناوچەکەو سەرژمێری دانیشتوانەکەی بکرێ، لەگەڵ ژمارەی خوێندەوارو نەخوێندەواربوونی قوتابخانەو خوێندنگە، بوونی و نەبوونی بنکەی تەندروستی، بنکەی کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران، ڕەچاوکردنی دووری و نزیکی ڕێگا، جۆری ڕێگاکەی، ماوەی گەیشتن بەیەکەم وێستگەوپاشان دواهەمین وێستگەی ماوەی مانەوە. ڕەچاوکردنی پەککەوتنی ئۆتۆمۆبێلەکە، سەرنجدان لە کەش و هەوا، وەرزی دەرچوون و کاتی کارکردن و بێکاری لای گوند نشینەکان، ئەمانە دەبێت هەموو حسابی بۆ بکرێ، ئەگەر نا، سەرکەوتوو نابین لەکارەکانماندا.

دووەم/ ئەو سەرچاوانە کامانەن کە ئێمە لەگەڵ خۆماندا دەیبەین بۆ گوندنشینەکان تا سوودی لێ وەربگرن، لەسەر چ بنەمایەك هەڵبژێرراون؟ (پێوانەی هەڵبژاردنەکان چین)؟ ئەمە گرنگترین خاڵە کە ئەمینداری کتێبخانە دەتوانێ سەرکەوتنی تیا مسۆگەر بکات، دەبێت پێش هەڵبژاردنی سەرچاوەکان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:-

1- ڕێژەی خوێندەوارو نەخوێندەوار.

2- ئەوانەی خوێندەوارن ئاستی خوێندنیان تا چەندە.

3- چەندیان کوڕن و چەندیان کچن (ژن یان پیاو).

4- چەندیان بەردەوامن لە خوێندن (ژمارەیان چەندە؟) ڕەگەزی نێرو مێ.

5- هۆکاری وازهێنانیان لە خوێندن چی بووە ؟

6- ئایا ئامادەن جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ خوێندن تا بەشدار بن لەپرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا کە بۆ گەورەکان ئەنجام ئەدرێ.

7- ژمارەی نەخوێندەوارەکان بەرەگەزەوە.

8- تەمەنی ئەوانەی دەخوێنن لە نێوان چەندایە.

9- ئەوانەی وازیان لە خوێندن هێناوە لە چ تەمەنێکدان.

10- چەند کەس هیچی نەخوێندووەو حەز دەکات بخوێنێتەوە، بەڵام تەمەنی گەورەیە.

11- ناوچەکە بە چ شتێك بەناوبانگە بژێوی ژیانیان لەسەر چییە:

أ- شوانکارەیی

ب- کشتوکاڵ

ت- پیشەوەری

پ- بازرگانی

ج- کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

ح- پیشەسازی

خ- گەشت و گوزار.

ئەمانە ئەو خاڵانەن کە دەبێت پێش هەنگاونان ڕەچاو بکرێ.

بەدینەهاتنی ئامانجی کتێبخانەی گەڕۆك

بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجی ئەم کتێبخانەیە، دەبێت دوو بنەمای زۆر سەرەکی هەیە لەبەرچاو بگرین ئەوانیش:

1- تا نەخوێندەواری بە تەواوی بنەبڕ نەکەین لە نێوان دانیشتوانی گوندنشینەکاندا، ئەوا هەرگیز کتێبخانە ناتوانێت سوودی تەواو بە دانیشتوانەکەی ببەخشێت و بەرهەمی نابێت.

2- ئەگەر کتێبخانەیەکی جێگر نەبێت لە لادێکاندا کە خەڵکی گوندەکە لە کاتی بێکارییدا ڕووی تێ بکەن و تێیدا دابنیشن و گفتوگۆ بکەن و بخوێننەوە، ئەوا کتێبخانەی گەڕۆك کاریگەری نابێت لەسەر ڕۆشنبیری کردنی هاووڵاتیان، چونکە مانەوەی ئەم کتێبخانەیە لە مانگێکدا لە دوو ڕۆژ زیاتر نییە، بۆیە پێویستی بە شوێنێکی بچووك هەیە لەناو گوندەکەدا تاوەکو تازەترین سەرچاوەی بۆ دابنێت و لە ڕێگەی ئەمەوە سەرچاوە خواستراوەکان بگەڕێتەوە بۆ کتێبخانە، کە ئەمەش بە دانانی کەسێکی خوێنەوار لەناو گوندنشینەکان خۆیاندا، تا هاوکاری کتێبخانەی گەڕۆك بکات و کار ئاسانی لە زۆر بواردا بۆ ئەنجام بدات، مەرج نییە بۆ شوێنێکی کتێبخانە ماڵێکی بۆ تەرخان بکرێ، نەخێر بەڵکو جێگەیەك کە گوندنشینان تێدا کۆبنەوەو خۆیان بڕیار بدەن، باشترە و باشتر وایە لە شوێنێکی لاچەپ و دڵفڕێندا بێت و ڕێگای هەبێت بۆ وەستانی کتێبخانە گەڕۆکەکە و سیمایەکی سادە و ساکاری هەبێت.

## تایبەتمەندییەکانی کتێبخانەی گەڕۆك

کتێبخانەی گەڕۆك لە کەرەڤانەیەك پێکهاتووەو لە پێکهاتەدا جیاوازن، بچووك و مام ناوەندە و تیاشیاندا هەیە گەورەیە.

بچووکەکان شتێك لە ئۆتۆمۆبێلی ئەمبۆلاس گەورەترە کە هەزار سەرچاوە دەگرێت، ناوەندەکان بەقەبارەی ئۆتۆمۆبێلێکی دوو تەنی دەبێت.[118]

دەبێت کتێبخانەی گەڕۆك لە ئۆتۆمۆبێلێکی تۆکمەدا بێت و زۆر فراوان بێت، بەلای کەمەوە نزیکەی پێنج هەزار سەرچاوە لەخۆ بگرێت، کە فرەچەشن و هەمەڕەنگ بن و بوار هەبێت کە خوێنەران بە ئاسانی لەناو کتێبخانەکەدا هاتوچۆ بکەن، ئەمە جگە لە بوونی کورسی و مێزی خوێندنەوە، هەروەها ڕەچاوی پلەی ساردی و گەرمی ناو هۆڵەکەی بکرێ و پەنجەرەی تێدابێت بۆ ڕووناکی و هاتنە ناوەوەی تیشکی خۆر و دەبێت بە شێوەیەك دروستکرابێ کە پەنجەرەکە کرایەوە باران و تەپ وتۆز نەیەتە ژورەوە، تەنها ڕۆشنایی بێت و هەوا گۆڕکێی بۆ دانرابێت جگە لەمانە.

ئامێری ئاگر کوژێنەوەو فریا کەوتنی سەرەتایی و کاتژمێرو فۆرمی دابەشکردن بۆ بە ئەندام بوون و چەند پێویستییەکی تر.

هەروەها دیوی دەرەوەی کە دیواری کابینەکەیە دەبێت بە شێوەیەك دروستکرابێ کە دادرێتەوەو وەك تەختەی شانۆ بەکار بێت بۆ نمایشکردنی شانۆ و شانۆگەری و هەندێ چالاکی جۆربەجۆر. ئەمە جگە لە بوونی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ ئەم مەبەستە.

دەبێت ڕووی دەرەوەی بە وێنەی کتێب و وێنەی سەرنج ڕاکێش و جۆراو جۆر برازێتەوە، تاوەکو ڕاستەوخۆ کار لە بینەرانی بکات بەتایبەتی منداڵان.

کتێبخانەی گەڕۆك بەشێکە، یان لقێکە لە لقەکانی کتێبخانەی گشتیی،لەڕێگەی کتێبخانەی گشتییەوە سەرچاوەی زانیاری و ڕۆشنبیری بۆ دابین دەکرێ، چونکە ئامانجی کتێبخانەی گشتیی ڕەخساندنی هەلێکی لە بارو گونجاوە بۆ گشت چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بێ بەرامبەرو بێ جیاوازیکردن لە خزمەتکردندا.

کتێبخانەی گوند کە شوێنێکی جێگیرە لەناو گوندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەخزمەتکردنی گوند نشینەکاندا وەك خوێندنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە بۆ گوندنشینەکان دوای تەواو بوونیان لەسەر کار بەتایبەتی بۆ بە تەمەن و نەخوێندەوارەکان، ئەو سەرچاوانەی کە لێرەدا پێویستە بوونیان هەبێت، دەبێت نزیك بن لەم بابەتانەوە ئەوانیش:

أ- کتێب و سەرچاوەی ئایینی.
ب- چیرۆك بە گشت بوارەکانییەوە (کورتە چیرۆك – ڕۆمان – چیرۆکی ئەفسانەیی).

---

[118] - محمد فتح عبدالهادی،المكتبات و المعلومات في العالم الجديد. ـقاهرة ، دار المصرية اللبنانيية – 2007

ت- سەرچاوەی مێژوویی و نەتەوەیی و کولتووریی.
پ- یادداشت و ژیانی ناوداران.
ج- کتێب و سەرچاوە لەسەر بابەتی کشتوکاڵیی و ڕێنمایی تەندروستی و زانستی.
ح- هونەرو کاری دەست.
خ- کتێبی منداڵان.
د- داب و نەریت و شیعرو پەخشان.

دەبێت سەرچاوەکان زۆر سادەبن و ڕۆحی میللی پێوە دیاربێت، واتە بە شێوازێکی زۆر سادەو ساکار دوور لە ئاڵۆزی و شێوازی وشك نووسرابێتەوە. ئەمە جگە لەو کتێبانەی کە پەیوەندی بە کاروباری پیشەی گوندنشینەکانەوە هەیە، هەروەها دابینکردنی هۆکارەکانی بینین و بیستن و بەکارهێنانیان لە شەودا کە کاتی پشووە کە کتێبخانە گەڕۆکەکان دەتوانن بۆیان دابین بکەن.
سەرکەوتنی هەموو ئەمانە پەیوەندی هەیە بە بواری ریکلام کردن بۆ کتێبخانە تا سەرنجی گوندنشینەکان ڕابکێشێت بۆ خزمەت گوزارییەکانی کتێبخانە.
لێرەداپشت ببەستین بە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناو کتێبخانەکە کە ئەم سەرچاوانە باسی چی دەکات تا سەرنجی بەرامبەر بۆ کتێبەکە ڕابکێشین. دەبێت ئاڕاستەی ناخی خوێنەرانی بکەین و بیسەلمێنین کە کتێبخانە بوونی ڕاستەقینەی هەیە و پێویستە بۆ گشت لایەك.[119]
دەبێت تەنها بە دروشمەکانەوە نەوەستین، بەڵکو ڕایەڵی پەیوەندی دروست بکرێت کە کتێبەکان بە کاری خوێنەرانەوە ببەستێت، وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی، شوانکاری، پەرستیاری و چێشت لێنان و تیمارکردن و ژیانی کۆمەڵایەتی و بارو دۆخی جیهان و کێشەکانی ژینگەو چەند بابەتێکی هەستەوەر.
کتێبخانەی گەڕۆك بەوە پێوانە ناکرێت کە ژمارەی کتێب و بڵاو کراوە و سەرچاوەکانی چەندە، بەڵکو ژمارەی خوێنەران و هاموشۆکەرانی چەندە و چەند سەرچاوە دەخوازرێت لەلایەن خوێنەرانییەوە و ئاستی خوێندن و خوێندەواری و ئەو چالاکییە جۆراو جۆرانەی ئەم کتێبخانەیە ئەنجامی دەدات. سەرچاوەکان زیاتر بە یەك زمان نووسراون و لە ژمارەدا زۆرن، ڕەنگە بە ناونیشانیش کەمتر، چونکە ئەم کتێبخانەیە بە تەنها سەردانی یەك گوند ناکات، بەڵکو زۆر گوند لەخۆ دەگرێت و دەبێت بەشی زوربەی خوێنەرانی سەرچاوەی پێویستی پێ بێت.

## پۆلێنی سەرچاوەکان:

[119] - حسن رشاد. المكتبـــات العـامــة القــاهــرة – المؤسسة العربية العامة، 2009.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە دەکرێ بە سێ بەشەوە:

1- ئەو سەرچاوانەی تەنها بۆ خوێندنەوەو شارەزا بوونە و وەرگرتنیان نییە، بەڵکو تەنها لەناو کتێبخانەکەدا دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت ئەوانیش نەخشە، فەرهەنگ، ڕۆژنامە .... هتد.

2- ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانرێت بە قەرز وەربگیرێن بۆ خوێندنەوە بۆ ماوەیەکی دەستنیشانکراو کە کتێب و چاپەمەنییەکانی هاوشێوەی دەگرێتەوە.

3- هەندێ سەرچاوە کە بۆ فرۆشتنە و خەڵك دەتوانن بۆ خۆیان بیکرن، ئەویش ئەو سەرچاوانەیە کە تازە دەرچوون و ژمارەیان زۆرەو سادە نووسراون و نرخیان هەرزانە.

هەروەها لەبەر ئەوەی شێڵفی کتێبخانەکە کراوەیەو سەرچاوەکان لەبەرچاو دانراون زۆر پێویستیان بە ڕێنمایکردنی خەڵکی دەبێت کە کتێبەکان لە جێگەی خۆیان دابنێنەوەو ڕیز بەندی و شوێنی کتێبەکان تێك نەدەن، هەرچەندە هەموو شێلفێك لەسەر شریتی شێلفەکە ناوی بابەتەکە نووسراوە، یان بە ڕەنگ جیا کراونەتەوە.

## هاوکارانی کتێبخانەی گەڕۆك

جگە لە یاریدەدەرو شوفێری ئۆتۆمۆبێلەکە کە دواتر دێینە سەر باسی کارو ئەرکی هەریەکەیان لە پێناو گەیاندنی خزمەتگوزاری زیاتر، کتێبخانەی گەڕۆك پشت بە هاوکاری کۆمەڵە کەسانێك لە شێوەی گروپ گروپ دەبەستێت، کە ئەوانیش کارو چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن و زۆر کاتیش لەبەر خاتری کتێبخانەکەو زیاتر ناسینی بە خوێنەرانی ئەم ئەرکانە دەگرنە ئەستۆ ئەوانیش:

1- تیپی شانۆگەری و چالاکی هونەری (مۆسیقا- هەڵپەڕکێ - گۆرانی).
2- تیمی پزیشکی.
3- تیمی کشتوکاڵی.
4- خوێندکارانی زانکۆ لە پشووی هاویندا.
5- تیمی هۆشیارکردنەوەی مین.

هەریەك لەم گروپانە کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام دەدات و ئێستا یەك یەك باسی چالاکییەکانیان دەکەین:

1- تیپی شانۆگەری: ئەم تیپە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکی بە پێزو پڕ توانا کە لەگەڵ خواست و ئارەزووی گوندنشینەکاندا بگونجێ،چەندین بڕگەی کۆمێدی پێشکەش دەکات تا بتوانێ خەندە بخاتە سەر لێوی گوندنشینیان و خەمەکان و ئازارەکانیان بەبا بدات.

زۆر جار چالاکی گۆرانی و هەڵپەرکێ نمایش دەکات بۆ سەرنج ڕاکێشانی گوند نشینەکان و تێکەڵ بوونیان، یان بەشداریکردنیان لەگەڵ ئەماندا، زۆر جار ئەم جۆرە چالاکییانە ئەوانەی کە بەهرەی هونەرییان هەیە بەشداری دەکەن لەگەڵ ئەماندا و ئاشنایان دەکەن بە کولتووری خۆیان.

2- تیمی پزیشکی: ئەم تیمە لە چەند کەسێك پێك دێت، زۆر جار بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەتەوە لەگەڵ کتێبخانە بەڕێ دەکەون بۆ شوێنی مەبەست و لەگەڵ خۆیاندا چەندان پۆستەری وشیارکردنەوە و ئامۆژگاری کردن، ئەمە جگە لە دەرمان و پێداویستی پزیشکی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن بۆ ماوەی ڕۆژێك، یان زیاتر دەمێننەوە، بە پێی بەرنامەی خۆیان، یان بە هاوکاری کتێبخانە.

لێرەدا دانیشتوانی گوندنشینەکان ئاگادار دەکرێنەوە لە چۆنییەتی خۆپاراستن و ژینگە پارێزو تەندروستی ئاژەڵەکانیان و بەکارهێنانی دەرمانی پێویست بۆ چارەسەری نەخۆشی مەڕو ماڵاتەکانیان، هەروەها پێدانی زانیاری لەسەر نەخۆشی نوێ و ڕێنمایی و چارەسەرکردن بۆیان. ئەمە جگە لەوەی زۆرجار بەمەبەستی کوتان، سەردانی گوندەکان دەکەن دژ بەو نەخۆشانە کە منداڵ تووشی دەبێت، وەك ئیفلیجی منداڵ و سورێژە.

هەروەها پێدانی زانیاری بە ئافرەت و ڕێنمایی تەندروستی سەبارەت بە نەخۆشی ژنانەو ئەو نەخۆشیانەی کە لە ئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ژنان خەریکی خاوێن کردنەوەی جێگەی ئاژەڵان و دۆشینیان ز ۆر تر.

هەروەها هەڵواسینی پۆستەر لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا وەك بەردەم مزگەوت و قوتابخانەو کانیاوەکان بۆ خۆپاراستن.

3- تیمی کشتوکاڵی:

ئەم تیمانە لەبەر دووری شوێنەکان لە مەڵبەندی هەرەوەزی جووتیارانەوە زۆر بەکەمی سەردانی گوندەکان دەکەن، بە تایبەتی لە وڵاتی خۆماندا دەبێت جووتیارو گوند نشین خۆیان سەردانی بنکە کشتوکاڵییەکان بکەن بۆ وەرگرتنی پێداویستییە کشتوکاڵییەکان لە بنە تۆو و پەیین و .... هتد.

بەڵام بە پێچەوانەوە دەبێت تیمی کشتوکاڵی خۆی سەردانیان بکات و پێویستییەکانیان بۆ بەرێت، ئەمان لێرەدا ڕۆڵی بانگێشەو پڕوپاگەندە دەبینن، و جووتیاران و گوندنشینەکان ئاگادار دەکەنەوە لە ڕێگەی خۆیانەوە کە هەستن بە وەرگرتنی تۆو و پەیین و کەرەستەی پێویست لە بنکە هەرەوەزییەکان، هەروەها پێدانی دەرمانی دژە مێروو تا لە کێڵگەکانیاندا بەکاری بهێنن. هەروەها ڕێنمایی کردنیان لە چۆنییەتی کێڵانی زەوییەکانیان و کام زەوی بۆ کام جۆری کشتوکاڵ باشە، هەروەها فێری موتوربە کردن و بەخێوکردنی هەنگیان دەکەن کە بە سوود وەرگرتن لەو کەژو کێوانە دەتوانن هەنگەڵان بەرهەم بهێنن کە تێچوونی زۆر کەمەو بەرهەمی زۆر بە نرخە، هەروەها پێدانی دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشی ئاژەڵەکانیان، یان پشکنینی ئاژەڵەکان و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانیان.

ئەمانە هەمووی خزمەتگوزارییە کە کتێبخانە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و پێشکەش بە گوند نشینەکانی دەکات.

4- خوێندکاری زانکۆ:

بەسوود وەرگرتن لە پشووی هاوین و وەك تیمێکی خۆبەخش کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆ دێن لەناو گوندەکاندا بۆ ماوەیەك دەمێننەوەو گوندنشینەکان فێری خوێنەواری دەکەن (کە لێرەدا بوار نییە لەسەری بدوێم).

جگە لەم تیمانە کتێبخانە بۆ خۆی چالاکی هونەری ئەنجام دەدات، وەك لە دواییدا ئاماژەی پێ دەدەین ئەویش لەرێگەی ئامێری سینەما ڤیژنەوە دەتوانین شەوانە فیلمی سینەمایی نمایش بکات، کە لەگەڵ حەزو خواستی گوندنشینەکاندا یەك دەگرێتەوە، وەك بابەتەکانی خواناسی و ئاینیی و خۆشەویستی وڵات و ژیانی لادێ و دڵداری و خۆشەویستی و سوارچاکی و پەرەدان بە کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات، بەخێوکردن و چۆنییەتی پاراستنیان و پیشەو پیشەوەری و پەرەدان بەکاری دەست.

ئەوەشمان لە بیر نەچێت دەبێت کتێبخانە کە ئەم تیمانەی لەگەڵدا بوو پۆستەرات و وێنەی ئەم بانگەشەو پڕو پاگەندانە بە کتێبخانەکەوە هەڵبواسێت، تا خەڵکی ببینن و بزانن گۆڕانێکی نوێ هەیە لە بەرنامەکاندا جیاواز لە جارانی پێشوو.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی گەڕۆك

- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فکری هاووڵاتیانی ناوچەکە و بەئاگا هێنانەوەیان لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەو جیهاندا ڕوو دەدەن.
- هاوکاریکردنی جووتیارو گوندنشینەکان بە پێدانی سەرچاوەی سوودبەخش کە ئاستی بژێوییان بەرز بکاتەوە، و ڕوونکردنەوەیان بۆ بکات دەربارەی ئەو کارەی کە دەیکەین بۆ زۆرکردنی بەرهەم و بەروبوومەکانیان.
- پڕکردنەوەی پێداویستی کتێبخانە جێگیرەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان کە لە ناو گوندەکاندان بە سەرچاوەی ڕۆشنبیری وەك کتێب، گۆڤار، نامیلکە.
- بەشداری لە چالاککردن و چاککردنی خزمەتگوزاری کتێبخانەی خوێندنگەکان دەکات و دەچێتە ڕیز بەندی ئەوانەوە.[120]
- پڕ کردنەوەی کاتە بەتاڵەکان لە کتێبخانەدا بە ئامانجی سود وەرگرتن لە سەرچاوەکان.

---

[120] - رزگار حسن غفور، کتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دڕنبشت، ژ3 ساڵی 2004

• بەشداریکردن لە پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و وریا کردنەوەی خەڵکی بۆ بەشداربوون و هاوکاری کردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان.

• بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی لەنێو کۆمەڵگەی گوندنشیندا، هەروەها پێدانی زانست و زانیاری بەسوود لەسەر چۆنییەتی خۆپاراستن و منداڵ بەخێوکردن، ئەویش لە ڕێگەی نامیلکەو پۆستەراتی هەڵواسینەوە. ئەمە جگە لە (ڕێنمایی تەندروستی ئاژەڵ و کشتوکاڵ).[121]

## ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوەکان



لەبەر ئەوەی کتێبخانەی گەڕۆك ئامانجی بەخشینی سەرچاوەیە بە ناوچە دوورەکان، ڕێنمایی وەرگرتن زۆر توند نییە وەك لە کتێبخانە گشتییەکاندا ڕەچاو دەکرێ. ئێمە دەمانەوێت خەڵك بێت بۆ کتێبخانە سەرچاوەکان بناسن، حەزو خۆشەویستی خوێندنەوە لایان دروست ببێ، ئاساییە کە سەرچاوەش دوا بکەوێت یان بفەوتێت (بەئەنقەست نا).

هەروەك وتمان کەم و زۆری سەرچاوەکان لە ناونیشان و لە ژمارەدا تەحەکوم بە ماوەو ژمارەی کتێبەکانەوە دەکات، بەڵام لێرەدا جیاوازە و دەبێت بەم شێوەیە بێت:-

1- وەرگرتنی سەرچاوە لە ڕێگەی کارتی وەرگرتن و تۆمارەوە دەبێت.

[121] - إنتـــرنيت لحـج نيــوز- مسجلــة معلــومـــاتيــة ــ المكتبــة المستقلـــــة

2- ماوەی وەرگرتن یەك مانگە.
3- لە یەككاتدا دەتوانرێ چوار سەرچاوە بەیەكەوە وەربگیرێت.
4- ماوەكە تازە دەكرێتەوە بۆ ماوەی مانگێكی تر لە كاتی پێویستدا.
5- ئەو سەرچاوانەی كە دەستنیشانكراوە تەنها بۆ خوێندنەوەیە و وەرگرتنی نییە،چونكە یەك ژمارەیە.
6- هەر كتێبێك ون بكرێت، دەبێ تەنها نرخی كتێبەكە بدرێت بێ غەرامە.

ئەمانە ئەو ڕێنماییانەن كە بۆ وەرگرتنی سەرچاوە لە كتێبخانەی گەڕۆكدا پەیڕەو دەكرێ، بیریشمان نەچێت كتێبخانە زۆرجار بە خۆرایی سەرچاوە دابەش دەكات بەسەر گوندنشینەكاندا، تەنها بە مەبەستی ڕاهێنان و سەرنج ڕاكێشانیان. (ئەوسەرچاوانەی كە لە لایەن ڕێخراوەكانی كۆمەڵەی مەدەنییەوە دەرچووە كە بۆ زانیاری سوودی لێ وەردەگیرێت)[122]

## گرنگی كتێبخانەی گەڕۆك

1- بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هاووڵاتیان.
2- بەهێزكردنی توانای بیركردنەوەی خوێنەر.
3- دەوڵەمەندكردنی خوێنەر بە زانست و زانیاری لە كاتە بەتاڵەكاندا.
4- بەكارهێنانی سیستەمی شێڵفی كراوە بۆ خوێنەر.
5- هەڵسەنگاندنی بیرو بیركردنەوەی ژیانی گوندنشینەكان و كار كردن بۆ گۆڕینی ژیانیان لە باشەوە بۆ باشتر تر.

## پلانی كتێبخانە پێش دەرچوون بۆ جێگا دەستنیشانكراوەكان

پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار چەند خاڵێك ڕەچاو بكات و پێش وەخت حسابیان بۆ بكات، ئینجا بڕیار لەسەر جێبەجێكردنی بدرێت ئەوانیش:
1- بڕی تێچوون.

[122] رزگار حسن غفور، كتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دژنبشت، ژ3 ساڵی 2004

2- دووری ڕێگاو بان.
3- ژمارەی ئەو گوندانەی کە بۆی دەستنیشانکراوە سەردانی بکات.

پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار کە ئەو جۆرە کتێبخانەیە ئامادە دەکات نەخشەی ئەو شوێنانەی لەبەردەستدا بێت کە کتێبخانەکەی بۆ دەنێرێت، هەروەها دەبێت ڕەچاوی لایەنی کەش و هەوا، ژمارەی خەڵکانی خوێندەوار (خوێنەوەرانی کتێب و بابەتی دەرەکی) هەروەها ژمارەی خوێندنگەی ئەو شوێنە (لادێ و گوند.... هتد) ژمارەی دانیشتوانەکانی و ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییان و ئاستی بژێوی ژیان و لایەنی کۆمەڵایەتییان بکرێت.

تەنانەت دەبێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن بەڕەوانی بخوێنن واتە (بنووسن و بخوێننەوە) و هەروەها ساتەکانی (فراغ) و پشوو، وردەکاری تری ژیانیان بزانرێت، هەتاوەکو بتوانرێت ئەو کتێبانەیان بۆ دابین بکرێت کە خۆیان بەباشی دەزانن بیان خوێننەوەو لەگەڵ ئاست و ئارەزوویاندا دەگونجێت.

شێوازی ڕازاندنەوەیو ئامادەکردنی ئەو ئۆتۆمۆبێلەی کە بۆ کتێبخانەی گەڕۆك دیاری دەکرێ پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆی دەبێت بە جۆرو ئاستی ئەو خزمەتگوزارییەی کە بۆ خوێنەرەکانی دەگوازێتەوە، هەروەهاپەیوەندی هەیە بەو ڕێگاو بانەی دەیگرێتە بەر بۆ شوێنی مەبەست و ئەو ماوەیەی کە دەخایەنێت لە مانەوەو کاتی گواستنەوەیدا بۆ ئەو شوێنەی کە تیایدا دەوەستێت و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستن و ئامادەکردنی کتێبەکان دەبێت لەگەڵ جۆرو قەبارەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا بگونجێت، تاوەکو بتوانرێت بە ئاسانترین شێواز کتێبەکان پیشانی خوێنەوارەکانی بدرێت.

هەروەك دەزانرێت خەڵکی لادێ و گوند نشینەکان، کاتی بەیانیان بە پێی وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕرێت، چونکە ئەوان زۆرترین کاتیان لە ناو کێڵگەو مەزراکانیان بەسەر دەبەن، لەو وەرزانەدا کە زیاتر ئیش و کاریان هەیە، بۆیە دەبێت ئەو کتێبانەی کە بۆیان دەنێرێت، لەو کاتانەدا بێت کە زیاترین کاتی بەتاڵیان هەیەو دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن.

هەروەها ژیانی ئافرەتانی لادێ و گوندەکان دەکرێ شان بەشانی پیاوان خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە بۆ ڕێنمایی کردنیان لە بوارەکانی تەندروستی و خێزاندا و منداڵانی لادێ و گوندەکان پێویستییەکی یەکجار زۆریان بە چاودێری و گرنگی پێدان هەیە، بۆیە دەبێت ئەو کتێب و بابەتانەیان بۆ دابین بکرێت کە لەگەڵ تەمەن و خواستەکانیاندا دەگونجێت، بەڕەچاو کردنی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لادێ و گوندەکان کە تا ڕادەیەك نزمترە لە چاو شارەکاندا.

دەکرێ لەگەڵ فەراهەم کردن و دابینکردنی کتێب و بابەتی گونجاو چەند ئامرازێکی تری گەیاندن بۆ دانیشتوانی لادێ و گوندنشینەکان فەراهەم بکرێت، لەوانە ئامرازەکانی بینین و بیستن واتە(سینەماو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن .... هتد) وە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەت و لایانانەی کە پێشتر

دیراسە دەکرێن وەك ئەوانەی باسکران پێشتر، دەکرێ هەنگاوەکان بە پلانێکی زانستی تۆکمە دابڕێژرێت کە بە هۆیەوە لیژنەکانی سەرپەرشتی ئامادەکردن و ناردنی کتێبخانەی گەڕۆك چەند وێستگەیەك دیاری بکەن کە تێیدا کتێبخانە گەڕۆکەکە دەوەستێت و دەشێت بکرێت بە ناوەندێك کە خوێنەرەکان بتوانن سوود لە کتێبەکان وەربگرن، لەوانەشە لیژنەکە بەباشی بزانێت بکرێتە ناوەندێك بۆ وەستانی کتێبخانە گەڕۆکەکە، وا باشترە ئەو شوێنەی بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکرێ هەڵکەوتەی وابێت کە نزیك بێت لە چڕی دانیشتوانەکەی تاوەکو خوێنەر بتوانێت بەئاسانی بیگاتێ.

## هەڵسەنگاندنی کتێبەکان بە پێی پێویست و خواستی دانیشتوانی ناوچەکە بێت:

وا باشترە پێشتر حەزو ئارەزووی خوێنەری ئەو شوێنە دوورە دەستانە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەوە بزانرێت، هەتاوەکو بتوانرێت جۆری ئەو کتێبانە ئامادە بکرێت کە لەگەڵ ئاست و تەمەن و حەزو ئارەزووی دانیشتوانی ئەو شوێنەدا بگونجێنرێت، کەواتە دەشێت ئەو کتێبانە بنێررێتە ئەو شوێنانە کە ناوەرۆکەکانیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەوە هەیە و لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانیاندا دەگونجێت لەوانەش:

(1) بابەتی ڕۆشنبیری گشتیی

(2) تەندروستی

(3) زانیاری دەربارەی خۆراك و خواردەمەنییەکان بە شێوەیەکی تەندروست

(4) بایەخدان بە منداڵەکانیان

(5) ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ژیانی مێینە (ئافرەت و ژنان) لە لادێ و شوێنە دوورەکان بەمەرجێك بابەتەکان زۆر بە ئاسانی و ڕەوانی داڕێژراو بن کە زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانە لێی تێ بگەن، کەواتە دەبێت ئەو کتێبانە ئەو ناوەرۆکانە لە خۆ بگرن کە زۆرترین کەس پەرۆشی خوێندنەوەیانن.

بۆ ئەوەی کتێبخانەی گەڕۆك زۆرترین خزمەت بە خوێنەرەکانی بکات، پێویستە ناو بەناو گۆڕانکاری لە کتێبەکانی خۆیدا بکات تاوەکو خوێنەر بێزار نەبێت لە زۆری و بۆری و دووبارەکردنەوەی بابەتەکان، ئەمەش ئاسانە بکرێت لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ پێکردنی کتێبەکان لە نێوان ئەو کتێبخانە گەڕۆکانەدا بۆ ئەوەی کتێبخانەی گەڕۆك پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت و لە خزمەتی خوێنەرەکانیدا بێت، پێویستە چاودێری کردنەکەی و بەڕێوە بردنەکەی بدرێتە دەست کەسانێك کە زانیاری تەواویان دەربارەی زانستی کتێبخانە هەبێت، وا چاکترە کە بەڕێوەبەری کتێبخانە گەڕۆکەکە زۆر لێهاتوو- و ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بێت و لە خۆزگە و حەزو ئارەزووی خوێنەرەکانی شارەزا

بێت و هەموو ئەو پێداویستیانەش دابین بکات کە کتێبخانەکەی پێویستی پێیەتی، ئەو سەرچاوانەش دەستنیشان بکات کە سەرنجی خوێنەرەکانی ڕابکێشێت و وایان لێ بکات خۆشەویستی خوێندنەوەیان زیاتر لا دروست بکات.

## ئەمینداری کتێبخانەی گەڕۆک

پێویستە ئەمینداری ئەم جۆرە کتێبخانەیە کەسێکی شیاو بێت بۆ ئەم کارە، چونکە بەڕاستی ماندووبوونی تێدایە و کارەکە هەروا ئاسان نییە وەك دێتە پێش چاو. دەبێت:

1) خاوەن بڕوانامەی زانستی کتێبخانە بێت.

2) ڕاهێنراو بێت بۆ ئەم کارەو شارەزایی هەبێت لە ئیشەکەدا.

3) ڕۆشنبیرییەکی فراوان و ئاستی تێگەیشتنی باش بێت.

4) کارەکەی بەلاوە خۆش بێت و ئارەزووی ئیشکردنی هەبێت.

5) بەباشی پلانەکان جێبەجێ بکات، وەك چۆن بۆی داڕێژراوە لە کات و ساتی خۆیدا بێ دوا کەوتن و خۆ دواخستن.

6) سەرپەرشتی کارەکانی کتێبخانەکە بکات لە چاککردن و دانانی سەرچاوەکان و بە ئاگا بوون لە کێشەو گرفتی ئۆتۆمۆبێلەکە.

7) هەڵبژاردنی سەرچاوەکان بە ویستی خۆی نەبێت، ئەبێت بە ویستی ئەو خەڵکە بێت کە ئەم سەردانیان دەکات.

8) هاوسەنگی نێوان بابەتەکان بپارێزێت.

9) ڕاپۆرتی ڕۆژانەو مانگانەی خۆی ئامادە بکات و دەستنیشانی خاڵە لاوازەکان بکات کە دێتە ڕێگەی.

10) سەرنج و پێشنیارو داواکاری خەڵکان وەربگرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکانیان.

## چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گەڕۆک

بۆ کارکردنی کتێبخانەی گەڕۆك دەبێت ئۆتۆمۆبێلەکە پلانێکی مانگانەی خۆی هەبێت کە پێش دەرچوون و بە ڕێکەوتنی بە ماوەیەك ئەو پلانە بۆ شوێنی مەبەست بنێررێت، ئەمەش بۆ ئەوەی

خەڵك و خوێنەرانی ئەو شوێنە پێشتر ئاگاداری کاتی گەیشتنی کتێبخانەکە بن و شوێنی تایبەتی بۆ ئامادە بکرێت، و دەتوانرێت چەند فۆرمێك بدرێتە لێپرسراوی دیاریکراوی ئەو شوێنەی کە کتێبخانەکەی تێدا جێگیر دەبێت، هەتاوەکو بەسەر خوێنەراندا دابەشیان بکات و سەرنج و تێبینی خۆیانی تێدا بخەنە ڕوو، تاوەکو بۆ جاری دووەم کە کتێبخانەکە سەردانیان دەکاتەوە، کەمو کوڕی و لایەنە نەخواستراوەکانی دووبارە نەبنەوە و چارەسەر بکرێت.

لێرەدا کتێبخانەی گەڕۆك دەتوانێت دوو جۆر خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، کە یەکەمیان خزمەتگوزاری (کاتییە)، واتە ناجێگیر و ئەویتریشیان خزمەتگوزاری جێگیر و بەردەوام.*

خزمەتگوزاری کاتی ئەوەیە کە کتێبخانەکە نمایشی سەرچاوەکانی خۆی دەکات، ئەوانیش ئەو کتێبانە وەردەگرن کە لەگەڵ حەزو ئارەزووەکان دەگونجێت. بەڵام ئەو کتێبخانانەی کە خزمەتگوزاری بەردەوام و جێگیریان هەیە، ئەو کتێبخانانە کە جێگیرن و لەڕێگەی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی کتێبەوە هەمیشە کتێبی تازەو بابەتی جۆر بە جۆر یان دەدرێتی و بە پێی سیستەمی وێستگە، واتە وێستگەی جێگیرەو کتێبەکان پیشان دەدرێت و خوێنەر سوودی لێ دەبینێت.پێویستە بایەخ بە گشتگیرکردنی کتێبخانە بدەین لە هەموو شارو شارۆچکەکانی وڵاتدا، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی کە کتێبخانە یەکەم کۆڵەکەی پێشکەوتن و گەشە کردنی هوشیاری ڕۆشنبیرییە بۆ هەموو هاووڵاتییەك.

کتێبخانەی گەڕۆك چەند لایەنێکی باشەی تری هەیە ئەویش ئەوەیە:

کەسان و خەڵکی شوێنە دوورەکان ڕادەهێنێت و ئامادەی خوێندنەوەی بەردەوامیان دەکات، چونکە ئەو یەکێکە لە ئامانجەکانی کتێبخانەی گەڕۆك.

## پێداویستی و پێکهاتەکانی کتێبخانەی گەڕۆك:

ئەو ئۆتۆمۆبێلەی کتێبخانەکە هەڵئەگرێت، ئەم کەلو پەلانەی تێدایە:

1-ئامێری دابینکردنی تەزووی کارەبا، بە تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە دوورن و تەزووی کارەبایان تێدا نییە وەك پێویست.

2-ئامێری (ئێزگەی ڕادیۆیی، ڕیکۆردەر، سیدی، بلّند گۆ).

3- ڕەفەی کتێبەکان.

4-ئامێری سینەما ڤیژن، شاشە، فیلم.

5- جێگەی خەوتن و حەسانەوە بە پێی ژمارەی کارمەندانی ناو کتێبخانەکە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ شوێنە دوورەکان سەفەر بکەن و بمێننەوە بۆ چەند ڕۆژێك.

6- مێزی نان خواردنی سەفەری.
7-ئامێری ڕووناك کەرەوە (بۆ شەو).
8- وا چاکترە ئەو عەرەبانەیەی کە بە ئۆتۆمۆبێلەکەوەیە وا دروست کرابێت کە وەك تەختەی شانۆ بەکاربێت بۆ پیشاندانی کورتە شانۆییەك و سازدانی کۆڕو سیمینار تێیدا، کە پێشتریش ئاماژەم بەم خاڵە داوە، بەڵام لەبەر گرنگی دووبارەی دەکەمەوە.

*کتێبخانەی گەڕۆك/ توێژینەوەیەکی زانستییە کۆمەڵێك خوێندکاری بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە ئەنجامیان داوە لە سالی 2006، سوود لەلاپەرەکانی 14،21،22،34 وەرگیراوە.

## کارمەندەکانی کتێبخانەی گەڕۆك:

ئەوەندەی شتێکمان بۆ ڕوون بۆتەوە ئەوەیە، کە ئەم کتێبخانەیە چەند کەسێك تێیدا بەشداری دەکەن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە دوورە دەستەکان ئەوانیش: ئەمینداری کتێبخانە و یاریدەدەرێك لەگەڵ شوفێری کتێبخانەکە.

پێشتریش ئاماژەمان دا بەوەی هەندێجار چەند تیمێك لەگەڵ کتێبخانە بەڕێ دەکەون بۆ ناوچە دەستنیشانکراوەکان، ئەوانیش نوێنەرێکی ژینگە پارێز، یان کارمەندێکی تەندروستی، هەروەها شارەزایەك لە بواری چالاکی ژناندا.

بەڵام ئێمە باسی ئەمینداری کتێبخانەمان کرد کە ئەرك و ئیش و کاری چییە، ماوەتەوە باس لە جێگری ئەمینداری کتێبخانە بکەین لەگەڵ کاری شوفێرەکەدا.

1) یاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانە:

یارمەتی ئەمینداری کتێبخانە دەدات لە هەموو ئیشو کارەکاندا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە. بە تایبەتی لە کاتی ئامادەکردنی کۆنووس و دروستکردنی ڕاپۆرت و تیا نووسی ناوی ئەو کەسانەی کە کتێب دەخوازن، یان دەیگێڕنەوە بۆ کتێبخانە و لەگەڵ ڕێکخستنی سەرچاوەکان و سەرژمێریکردنیان.

2) شوفێر: شوفێر جگە لە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکە کاری گواستنەوەو هەڵگرتنی کتێبەکانیش دەکات بۆ شوێنی مەبەست.

زۆر جاریش بەتاڵکردنەوەی کتێبخانەکە لە کتێب و پاککردنەوەو سڕینەوەی ڕەفەکان و دڵنیابوون لە ساغ و سەلامەتی ئامێرەکان (سینەما ڤیژن، سکرین، ڕادیۆ). هەروەها پاراستنی ئەو پسووڵانەی کە لە کاتی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەدا وەریگرتووەو پارەی خەرج کردووە.

## ئەرکەکانی کتێبخانەی گەڕۆك:

1- بەرەو پێشبردنی هزرو ڕۆشنبیری، بۆ ئەوەی کتێبخانەی گەڕۆك ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، پێویستە پێداویستییە سەرەکییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت، هەتاوەکو بتوانێت لە ئاستێکی ناوخۆدا خزمەتی خەڵك و خوێنەری خۆی بکات و ئەو ئامانجانە بپشکنێ کە دەچێتە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەوە، ئەوەش لە چوار چێوەی پابەند بوون بەو بیرو باوەڕەی کە دەخوازێت ژیانێکی باشترو مرۆڤانەتر بۆ خەڵکان دابین بکات.

2- ئامادەکردنی زنجیرە بەرنامەی ڕۆشنبیری، ئەویش لە ڕێگەی سازدانی کۆڕو سیمینارو نیشاندانی فیلمی سینەمایی و گرنگیدان بە هەڵبژاردنی چاکترین جۆری ئەو کتێب و بابەتانەی کە لەگەڵ حەزو ئارەزووی کەسانی گەورە و بەتەمەن دەگونجێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە تەمەنی گەورەدان، بەلام تازە دەست بە خوێندنەوە دەکەن.

3- بەکار هێنانی ئامێری بیستن و بینراو، ئەویش بەهۆی ئەو گرنگییەی کە هەیەتی هەروەك ئامرازێکی ئاسان بۆ گەیاندنی ڕۆشنبیری بۆ خەڵك.

4- ڕۆڵی هەبێ بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری کە زامنی بەرەوپێش بردنی ئاستی خوێندنەوەو زانینە لە کۆمەڵگەی لادێ و گوندنشینەکاندا، ئەویش لە ڕێگای دابینکردنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کە سەرکەوتنی کارەکە زامن ئەکات.

5- دابەشکردنی زنجیرەیەك لە چاپکراو، ئەویش لە شێوەی کوڕاسەدا، هاتاوەکو خوێنەر بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت.

6- دابەشکردنی کوڕاسەی تایبەت بە ژنان و ئافرەتان، هەتاوەکو بتوانێت لە ڕێگەی هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی دەبنە کۆت و پەیوەند بۆ بەرەو پێش چوونیان نەهێڵێت و دەکرێ کوڕاسەکان بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و گەورە و لە ڕێگەی پیتی گەورەوە ئاسان بکرێت، بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆژانەوە لە قوتابخانەکانی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری سوودیان لێ وەربگرن.

7- هوشیارکردنەوەی خەڵکی گوندو لادێکان لە بوارەکانی تەندروستیداو بلاوکردنەوەی بیرو بۆچونی تایبەت بەپاك و خاوێنی گشتیی و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان.


8- هەڵبژاردنی کتێب و بابەتی ڕۆشنبیری پێویست لەسەر بناغەی پێداویستی تاکەکان و پێدانی زانست و زانیارییە سەرەتاییەکان و ڕاهێنانیان لەسەر دەستڕەنگینی.
9- سازدانی لێکۆڵینەوە و دیراساتی تیۆری و مەیدانی بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوتی خزمەتگوزارییە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانی دانیشتوانی لادێ و گوندەکان، بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ ئاست و تێگەیشتنی تاکە کەس لەو شوێنانە.
10-کۆمەك کردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان و هاوکاری کردنی قوتابییەکان بە سەرچاوەی پێویست کە یارمەتی دەری پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری کردن بێت.

## لایەنە خراپەکانی کتێبخانەی گەڕۆك:

لەگەڵ ئەم هەموو خەسڵەتە باشانەی کتێبخانەی گەڕۆك، چەند لایەنێکی خراپیشی هەیە کە پێویستە باسی بکەین ئەوانیش:

1- ئەم کتێبخانەیە بۆ ماوەیەکی کەمو کورت دەتوانێت لەشوێنێکی دیاریکراو بمێنێتەوە، کەواتە خەڵکی ئەو شوێنەش بۆ ماوەیەکی زۆر بێ کتێبخانە و بێ کتێب دەبن.
2- ئەم جۆرە کتێبخانەیە، بارودۆخی کەش و هەوا کاری تێ دەکات و زۆر جاریش باری ڕێگەوبان کار لە چالاکی کتێبخانەکە دەکات.
3- کتێبخانەی گەڕۆك ناتوانێت زۆر شوێن بگەڕێت و ئەگەریش بگاتە شوێنێکی دیاری کراو، لەوانەیە کاتەکەی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە گونجاو نەبێت و نەتوانن سوودی لێ وەربگرن.
4- ئەو خزمەتگوزارییەی کتێبخانەی گەڕۆك پێشکەشی دەکات لەو ئاستەدا نییە کە ئەگەر لێکۆڵەرەوەیەك بیەوێت لێکۆڵینەوە بکات، چونکە ئەو کەسە ناتوانێت کتێبەکانی ئەو کتێبخانەیە وەك (مرجع) یێك بەکاربهێنێت، لە هەمان کاتدا ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی گەڕۆك دەست دەکەون ناتوانرێت بکرێتە تاکە سەرچاوەی زانیاری.
5- لەبەر ئەوەی ئەم کتێبخانەیە بەهۆی ئۆتۆمۆبێلەوە دەگوێزرێتەوە، ئۆتۆمۆبێلەکە دەکرێ زۆر جار تووشی گرفت و شکان بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی کە دیاری دەکرێ کتێبخانەکەی بۆ بچێت، بێبەش دەبێت لەو خزمەتگوزارییە بەهۆی شکان و لەکارکەوتنی ئۆتۆمۆبێلەکەوە.

# کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەڕۆك



دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە بەهۆی تەکنەلۆجیاوە جیهانی گرتۆتەوە و خێرایی لەپەیوەندی کردندا زۆر بووە، مرۆڤ لە کەمترین کات و ماوەدا دەتوانێت پەیوەندی خۆی بە دوورترین جێگاوە ببەستێت، ئەمڕۆ جیهان بچووك بۆتەوە بۆ گوندێك، ئەمەش بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و مۆبایل، و زوربەی کارەکان بۆ مرۆڤ ئاسان بووەو هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، کتێبخانەش یەکێکە لەم لایەنانە.

ئێستا کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەڕۆك دەرکەوتووەو سەری هەڵداوە، کە بە خاڵی وەرچەرخان و هەنگاوێکی زۆر مەزن دادەنرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی بۆ ناوچە دوورە دەستەکان، ئەو شوێنانەی کە بێبەشن لە خزمەتگوزاری کتێبخانە گشتییەکان.[123]

زۆر لە پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی لە کتێبخانە گشتییەکاندا لە ساڵی 1997 تەنها (6٪) بووە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

بەڵام لەساڵی 1998 ئەم ڕێژەیە خواستی لەسەر پەیدا بوو- و بەرز بووەوە بۆ (27٪) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ ئێستا کە ساڵی 2009 یە، خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی لە (85٪) ەوە بەرزبۆتەوە بۆ (90٪) بەرەو ژوور کە ڕێژەیەکی پێوانەییە.

---

123 - الموقع الالكتروني – المكتبة المستقلة الامريكية، 2011

سەرهەڵدانی بیرۆکەی کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەڕۆك لەسەر دەستی (بروستر کاهل) دەستپێکرد، [124] سەرەتا ویستی ئەرشیفێك بۆ ملیۆنەها سایتی ئەلکترۆنی دروست بکات بە مەبەستی پاراستنیان و سوود وەرگرتنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو، دواتر گۆڕی بۆ کتێبخانەی ئەلکترۆنی گەڕۆك، ئەمەش بەهۆی سەیارەکەیەوەو چەندان ئامێری کۆمپیوتەرو سکانەرو فۆتۆکۆپی و پرێنتەر و چزوبەندی خێرایی کتێب و ساجی هەوایی بۆ پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێتەوە گرێ دابوو.

لە کاتی بەکارهێنانی کتێبخانەکەدا ئەو سەرچاوانەی کە خوازیار پێویستی پێی هەبوو لە کتێبخانەکەدا بوونی هەیە دەتوانێ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کتێبەکە کۆپی بکاو خێرا بۆی تەجلید دەکەن بە نرخێ کە لە (1$) ئەمریکی زیاتر نییە، دواتر ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی کۆپیکردنی سەرچاوەکانەوە توانرا سەد هەزار سەرچاوە بگوازرێتەوە بۆ وڵاتی هیندو خەڵکی ناوچەکان دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەرچاوەکە بە تەجلید کراوی وەربگرن بە نرخێکی ڕەمزی.

دوای ئەمیش وڵاتی میسر خاوەنی پرۆژەیەکی هەزار کتێبییە.

یاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانە، یان شوفێری کتێبخانە کاری کۆپی کردن و بەرگ تێگرتنەکە دەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ وەسڵی پارەی سپێرراو، کە تەنها نرخی لاپەرە کۆپی کراوەکانیش نییە. [125]

---

[124] - إنتـــرنيت - حـج نيـوز- مسجلـة معلـومـاتيـة ـ المكتبـة المستقلـــة

[125] - حسن رشاد. ألمكتبـات العـامـة القـاهـرة ـ المؤسسة العربية العامة، 2009.

## پاری چوارەم: کتێبخانەی نەخۆشخانە : مكتبة المستشفيات =Hospital library



An ob-gyn resident checks out a textbook in the new hospital library

ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی کتێبخانە کە گرێ دراوە بە نەخۆشخانەکانەوە، لە هەندێ جێگا سەر بە کتێبخانەی گشتییە و لەوێوە کۆمەکی زانستی دەکرێ، لە هەندێ شوێن سەربەخۆیەو سەر بەو دەزگا تەندروستییەیە کە وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەی دەبات. ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەت و خزمەتگوزاری زانست و زانیارییە بە کارمەندانی نەخۆشخانەکە بە گشت چین و توێژەکانیەوە، کار دەکات بۆ پاراستنی سەرجەم ئەو بەرهەمە فکرییانەی کە دەزگاکانی تەندروستی دەریدەکات، وەك گۆڤار، بڵاوکراوە، توێژینەوە، ڕاپۆرت، تاقیگەیی بێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك سەرچاوەکان ڕێك دەخات، تاوەکو لە کەمترین ماوەدا جارێکی تر بیانخاتەوە بەردەستی خوێنەر و توێژەرانی ناو دەزگاکە بەمەبەستی سوود وەرگرتن، زیاتر گرنگی بە گۆڤارە زانستی و تایبەتمەندەکان دەدات لە بوارەکەی خۆیدا، بۆ بە ئاگابوون لە تازەترین پێشکەوتنی پزیشکیی نوێ، کەمتر گرنگی بە کتێب دەدات، لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە هەمیشە بەستراوەیە بە نەخۆشخانە گەورەکانی جیهانەوە،پزیشکانی ئەم نەخۆشخانەیە دەتوانن ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە بینینی ئەو نەشتەرگەرییەی کە بۆ نەخۆشێك دەکرێ،و هەمیشە هەوڵ دەدات ئامانجەکانی ئەم دەزگایە بەلای خۆیەوە بەدی بهێنێ.

ڕەنگە نووسین و لێدوان لەسەر ئەم جۆرە كتێبخانانە تا ڕادەیەك قورس بێت، چونكە بوونی لە نەخۆشخانەكانماندا نییە.

بەڵام لەعێراقدا لە سەردەمە كۆنەكاندا ئەم جۆرە كتێبخانەیە لە بەغدا هەبووە بە ناوی كتێبخانەی نەخۆشخانەی (**العضدي**) لە قاهیرەش بە ناوی بیمارستان (المنصوری)[126] جێی خۆیەتی وەك بیر هێنانەوەیەك ئەمە بڵێین كە میسرییەكان یەكەم داهێنەر بوون كە بیریان لەم جۆرە كتێبخانانە كردۆتەوە لە كۆندا.[127]

## كتێبخانەی نەخۆشخانە چ ڕۆڵێكی هەیە :

دەبێت ئەوە بزانین كە چۆن كتێب و كتێبخانە دوانەیەكی پێكەوە گرێ دراون، نەخۆش و نەخۆشخانەش هەروایە، با بپرسین نەخۆش كێیە؟ ئێمە كام جۆری نەخۆشمان لا مەبەستە؟ ئەم كتێبخانەیە بۆ كام نەخۆشخانە پەسەندە ؟ .

نەخۆش كەسێكی خواكردە، وەك ئێمە ئەندامێكی ئەم كۆمەڵگەیەیە، تووشی كارەساتێك، یان زیان لێكەوتنێكی جەستەیی بووە (بەشێك، یان ئەندامێك لە ئەندامەكانی تووشی ئازار، یان بریندار بوون هاتووە) بۆ چارەسەركردن ڕووی لە نەخۆشخانە كردووە تا چارەسەری گونجاو وەربگرێت لە ماوەیەكی دیاریكراودا، زۆرجار نەخۆشییەكەی ماوەیەكی پێ دەچێت بۆ چاكبوونەوە دەبێت لەم ماوەیەدا لە ژێر سەرپەرشتی پزیشكی پسپۆڕ بێت.[128]

نەخۆشەكان دەكرێن بە دوو بەشەوە :

1- نەخۆشییە جەستەییەكان

3- نەخۆشییە دەروونییەكان

---

126 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

127 - شعبان عبدالعزيز خليفة. ألعلاج بالقراءة أو الببليوثيرابيا – ط1. قاهرة: دار المصرية اللبنانيية، 2000

128 - سلوى نظيف الشاوى، المكتبة فى خدمة الفكر القومى التقدمى –مكتبة فى المستشفى و الردهة، جامعة السليمانيية، 1980

## 1- نەخۆشییە جەستەییەکان.

واتە نەخۆش تووشی نەخۆشییەکی نادیار دەبێت کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئازار لە هەناویدا، یان دەرئەنجامی ڕووداوێك وەك (بەربوونەوە، پیاکێشان، بەرکەوتن، لێدان، یان هەر هۆکارێکی تر...هتد) جێگەیەکی جەستەی زامدار دەبێت، بە مەبەستی چارەسەر ڕوو لە نەخۆشخانە دەکات.

## 2- نەخۆشی دەروونی:

ئەم جۆرەیان لەجەستەدا هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام لە فیکردا بیرکردنەوەی تەندروست نییە، زۆرجار تووشی بیرچوونەوە و بێتاقەتی، خەمۆکی، گۆشەگیری.... هتد، دەبن لە دەرئەنجامی کارەساتێك یان ڕووداوێك کە لە پێش چاویان ڕووی داوە.

لێرەوە باسەکەمان دەکەین بە دوو بەشەوە: بەشی یەکەم بۆ نەخۆشخانە جەستەییەکان، بەشی دووەم بۆ نەخۆشخانە دەروونییەکان.

### بەشی یەکەم :

نەخۆشخانە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی بارەگای نەخۆش، یان شوێنی نەخۆش، نەخۆشخانە با جوانیش بێت وەك تەلار با سەرنج ڕاکێش بێ وەك ئەندازیاری، کەس خۆزگەی پێ ناخوزاێ، چونکە جێگەیەکی هێندە خۆش نییە کە مرۆڤ حەسرەتی بۆ بخوازێ، بەڵکو ئازارە جەستەییەکانمان خامۆش دەکات. مرۆڤ لەم جێگایەدا کە نەخۆش دەبێت، هەست بە لاوازی خۆی دەکات لە بەرامبەر بەرامبەرەکەیدا هەمیشە چاوەڕوانی چاکبوونەوەیە.

زوربەی زۆری نەخۆشخانە هەوای پاکو تەندروستیان نییە، بەڵکو ژینگەیەکی دەستکردە کە تێیدا دەژین بە درێژایی مانەوە لەوێدا. ئێستا ڕەچاوی داخوازی نەخۆشەکان کراوە و هەستاون بەدروستکردنی پەنجەرەی گەورەو فراوان بۆ هاتنە ناوەوەی تیشکی خۆر کە ڕووناکییەکی سروشتی پێویستە، هەم بۆ نەخۆش، هەم بۆ ژینگەی شوێنەکە، کە نەخۆشخانە بۆ خۆی پێویستی هەیە.

زۆر لە پسپۆڕەکانی نەخۆشخانە بیریان لەوە کردۆتەوە کە بە تەنها دەرمان نابێتە سارێژی برین و چاکبوونەوەی هەندێك نەخۆشی، بەڵکو هەندێجار چەند هۆکارێکی تر هەیە کە ڕۆڵی باش دەبینێت لە چارەسەرکردندا، کە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان کتێبخانەیە، چونکە کتێبخانە نەخۆش لە کەشی ئازارو ژانییەوە، دەگوازێتەوە بۆ کەشێکی تر، واتە دابڕانی نەخۆش لە ڕووی بیرکردنەوە لەسەر جێگای

خۆی، [129] بەڵام هاتنی بۆ کتێبخانە دەبێتە هۆی دابڕانی لە ژینگەی نەخۆشخانەو چوونە ناو دنیای بیر کردنەوەو خەیاڵات و عەشق و ژیان و چاکبوونەوەو هیوا پەیدا کردن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی ڕیشەیی دروست دەکات لە دەروونی نەخۆشدا.

کتێبخانەی نەخۆشخانە خۆی لەخۆیدا کتێبخانەیەکی تایبەتمەندە بە نەخۆشخانەوە، واتە سەرچاوەکانی ناوی زیاتر پەیوەستن بە بواری تەندروستییەوە، بەڵام دەکرێ گشتیی بکرێتەوە بەو مانایەی سەرچاوەی بابەتی جیاواز لەخۆ بگرێت، چونکە نەخۆشەکان هەریەکەیان سەر بە چین و توێژێکن و ئاستی بیرکردنەوەو خوێنەواریشیان جیاوازە، کەواتە سەرچاوەکانی ناوی دەکرێ زۆرتر هەمە چەشنەو هەمە ڕەنگ و هەمە جۆر بێت.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە ڕۆڵێکی مرۆڤ دۆستانە دەگێڕێت لە بەرامبەر هەریەك لەو چین و توێژانەی کە لە ناو نەخۆشخانەکەدا کاردەکەن.

ئەم کتێبخانەیە زیاتر گرنگی بە دوو لایەن دەدات ئەوانیش:

1- کەسانی نەخۆش
2- کارمەندی نەخۆشخانە

سەبارەت بەخاڵی یەکەم (کەسانی نەخۆش) بەم شێوەیە پۆلێن دەکەین:

أ- خودی نەخۆش لە نەخۆشخانەدا (ئەو کەسەی ئازارو ژان هێناویەتە نەخۆشخانە)
ب- چاودێری نەخۆش (مرافق) کە بریتییە لە کەسێکی نزیك نەخۆشەکە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم (کارمەندان) ی نەخۆشخانە بەم شێوەیە پۆلێن دەکەین:

أ- پزیشك.
ب- یاریدەدەری پزیشك و هاوکارە ماندوونەناسەکان.
ت- کارمەندی نەخۆشخانەکە (کارگێڕییەکان).

سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەی نەخۆشخانە:-

1- سەرچاوەی زانستیی پزیشکیی کە بۆ بواری پراکتیکی بەکاردێت لەلایەن پزیشکەوە.
2- سەرچاوەی زانستیی بۆ کارمەند و پەرستیارو برین پێچ و یاریدەدەری پزیشك.
3- سەرچاوەی ڕۆشنبیری گشتیی بۆ کەسی نەخۆش.

---

[129] - شعبان عبدالعزیز خلیفة. ألعلاج بالقراءة أو الببليوثيرابيا ـ ط1. قاهرة: دار المصرية اللبنانية، 2000

ئەم سەرچاوانە بەکارهێنانیان لەلایەن خوێنەرەوە سوودی خۆی دەبینێت سەبارەت بە پزیشکەکان.

ئەو سەرچاوانەی کە لێردا هەیە و پزیشکەکان زیاتر سوودمەند دەبن، ئەو سەرچاوانەن کە بۆ بواری جێبەجێکردن بەکاردێت بریتیە لە:

أ- بەهێزکردنی زانیاری بەتایبەتی وەرگرتنی زانیاری لە گۆڤارە تایبەتمەندە زانستییەکاندا.

ب- وەرگرتنی زانیاری نوێ لەسەر هەر نەخۆشییەك کۆن بێت یا نوێ.

ج- بە ئاگابوون لە تازەترین هەواڵ و زانیاری دەربارەی جیهانی پزیشکیی و داهێنان و سەرکەوتنی پرۆسەی پزیشکیی.

سەبارەت بە نەخۆشەکان:

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نەخۆشەکان دابینکراوە، زیاتر پەیوەستە بە بوارە جیا جیاکانەوە لەوانە (زانیاری گشتی، ڕووداوەکان، چیرۆك و بەسەرهات، هیوا بەخشین، گەشتنامە، هونەرو مۆسیقا، زمان، کولتوور، فەلسەفە، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، ئایین و بیروڕا، داب و نەریت، خێزان، منداڵ .... هتد).

خودی سەرچاوەکان بریتیە لە:

1- گۆڤار - هەمە ڕەنگ.

2- ڕۆژنامەکان (گشتییەکان).

3- کتێب ئەو سەرچاوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

4- سەرچاوەی (بینراو بیستراو. کە ئەویش بریتییە لە:

أ- گۆرانی کۆن و نوێ — مۆسیقاو ئاواز.

ب- پیشاندانی ئەو فیلمانەی یادگاری و بەسەرهاتی خۆشی لەگەڵدایە بۆ نەخۆش، بە تایبەتی کۆنەکان یان لە بیر کراوەکان.

ت- هەڵواسین ونمایشکردنی ئەو وێنانەی لای نەخۆش هیوا بەخش وپرشنگدارە (بە تایبەتی تابلۆی کلاسیکی و ڕەنگاوڕەنگ)

پ- سروشت — وێنەکان، وەك (چیا، قەڵبەزەی ئاو، تاڤگە، گیانداران و پەلەوەران و باڵدارەکان، مەڕو ماڵات، ڕەشماڵی ماڵە دەوار نشینەکان).

ج- پۆستەراتی تەندروستی و ڕێنمایی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی و تایبەت بە جۆری نەخۆشخانەکە کە نەخۆش تیایدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوەو پێویستیان بە چارەسەری زۆر هەیە لەو نەخۆشییانەش :

1- نەخۆشییەکانی دڵ

2- شکاوی و ئێسقان

3- پێست و سووتاوی
4- نەخوشییەکانی کۆ ئەندامی دەمار

دەبێت سەرچاوە بۆ هەر یەکێك لە نەخۆشییەکانی ئەم بابەتانەی سەرەوە دەستەبەر بکرێت.
زۆر جار یاریدەدەری نەخۆشەکان سەرچاوە وەردەگرن لە کتێبخانە و ئەوان بۆ نەخۆشەکانی دەخوێننەوە و خۆشیان سوودمەند دەبن، چونکە ئەوانیش کاتێکی بەتاڵی زۆریان لەبەر دەستدایە.
تێبینی:-
دەکرێ کەسێك یان کارمەندێکی پسپۆڕی بواری کتێبخانە، یان دەرچووی زانستیی کتێبخانە، بکرێتە چاودێری تایبەت بۆ پۆلێنکردنی نەخۆشەکان و هەڵبژاردنی بابەتی پێویست و کاریگەر بۆ سەر نەخۆشەکان، واتە (کاریگەری بەرەو باش بوون)، چونکە لەوانەیە هەندێك جار ئەم کارمەندە یان ئەم پسپۆڕە بتوانێت بابەتی خێراتر و گونجاوتر و کاریگەرتر و گشتگیرتر هەڵبژێرێت، کە لەوانەیە شارەزایی و پسپۆڕی خۆی لەم بوارەدا ئەم دەرئەنجامەی بۆ دەستەبەر بکات، کە ئەزمون و کات، ڕۆژ بە ڕۆژ شارەزاتری دەکەن، بە بەراوود بە نەخۆش یان چاودێری نەخۆش کە لەوانەیە هەرِەمەکی بکەوێتە نێو بابەت و سەرچاوەکانی کتێبخانەکە، بەڵام دەبێت دوو خاڵ ڕەچاو بکرێت بۆ ئەم کارمەندە، یان ئەم پسپۆڕە، ئەویش کاتی گونجاوی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەیە، دووەم پێدانی ئازادی تەواوە لە گوێگر نەخۆش بێت یان چاودێرەکەی بۆ کۆتایی هێنان و داخستنی ئەو بابەتە و جارێکی تر هەر لەو جێیەوە دەستپێبکاتەوە.[130]

## ئەرکەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە :

1) پەیداکردن و بەدەستهێنانی کۆمەڵێکی باش لە سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری، لەوانە کتێب و گۆڤار و نامیلکەی پزیشکیی و هەندێ سەرچاوە کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی پزیشکیی.
2) بەدەستهێنانی سەرچاوەی فەرهەنگیی پێویست.
3) بابەت و سەرچاوەی پێویستی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە.
4) کۆکردنەوەی بیبلۆغرافیا.
5) پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خوێنەر.

130 - سلوى نظيف الشاوى، المكتبة فى خدمة الفكر القومى القدمى -مكتبة فى المستشفى و الردهة، جامعة السليمانيية، 1980

6) پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هەریەك لە پزیشك و توێژەرە بالاکان.
7) پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کارمەندەکان (ی. پزیشك و فەرمانبەران).
8) خزمەتگوزاری بە نەخۆش کە ئەمە مەبەستی سەرەکیمانە.
9) هەڵبژاردن و کڕینی سەرچاوەی پێویست بۆ کتێبخانە کە لەگەڵ خواستەکانی نەخۆشدا یەکبگرێتەوە. گرنگی ئەم کارەش لەوەدایە کە دەبێت بە هاوکاری پزیشکانی پسپۆڕو ئەمینداری کتێبخانە بکرێ.
10) پێڕست و پۆلێنی کتێبەکان و کارکردن بۆ بنیادنانی کابینەی پێڕستەکان.



## کارمەندانی کتێبخانە:

ئەرکی سەرشانی گشت کارمەندێکی کتێبخانە ئەوەی بۆی دەستنیشانکراوە وەك خۆی جێبەجێی بکات (ئێمە دەبێت کارکردنمان لە چوارچێوەی ڕۆتینی لە قاڵب دراو بچێتە دەرەوەو لە چوارچێوەیەکی مرۆڤ دۆستانەدا کاربکەن)[131] نەك وەك ئەرکی دەستنیشانکراو، بەڵکو وەك مرۆڤ و ئەرکێکی

[131] - سلوى نظيف الشاوي، المكتبة في خدمة الفكر القومي التقدمي -مكتبة في المستشفى و الردهة، جامعة السليمانيية، 1980

مرۆڤایەتی لە سەرمان، ئەو مەرجانەی کەپێویستە لە ئەمینداری کتێبخانەی نەخۆشخانەدا هەبێت ئەمانەن:

1- ئەمیندارێکی شایستەو لێوەشاوە بێت لە کارکردندا.
2- شارەزایی باشی هەبێت لە بواری پزیشکیی و چارەسەری دەروونییدا.
3- بتوانێت ئەوەی لەسەر شانییەتی لە بەرامبەر خوازیاردا جێبەجێی بکات بە بێ جیاوازی.
4- توانای هەڵبژاردنی کەسی شیاوی هەبێت بۆ کارکردن لە جێگەی پێویست و دیاردا دەستنیشانکردنی سنووری کار بۆیان.
5- بەشداری بەرچاوی هەبێت لە هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.
6- سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ڕێکخستنی کتێبخانە بکات.
7- ئامادەکردنی داڕشتنی پلان (ساڵانە) بۆ پێشخستنی کتێبخانە.
8- پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ بەرپرسانی ناو یەکەکانی نەخۆشخانە هەریەکە لە (ی. پزیشك و کارمەندەکان)، تاوەکو لە نزیکەوە ئاگادار بێت لە مانەوەی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەدا.

بۆ ئەوەی نەخشەی خۆی هەبێت بۆ پۆلێنکردنی نەخۆشەکان و پۆلێنکردنی بابەتەکان و کاری پێویست، مەرجە ڕەچاوی ئەوە بکرێ ئەو کەسانەی کە لەوێ دادەمەزرێن، دەبێت پیشەکەیان خۆش بوویێت، دەبێت سۆزدارو بە بەزەیی و دڵ نەرم بن لەگەڵ نەخۆشدا.

## جۆری خواستن:

ئەمینداری کتێبخانەکە سەربەستە لە دانانی سستەمی خواستن بۆ خوێنەرانی ئایا:

1) شێڵفی کراوە } بەکاردەهێنێت بۆ { پزیشك، کارمەند
2) شێڵفی داخراو } بەکاردەهێنێت بۆ { نەخۆش — چاودێری نەخۆش

ماوەی وەرگرتن ئەمینداری کتێبخانە دیاری دەکا، ئەمەش بەندە بە سیستەمی کتێبخانەکەوە، هەتاوەکو سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری لە کتێبخانەدا زۆر بێت، ماوەی وەرگرتن زۆر دەبێت و بە پێچەوانەوە.



## كاتی كاركردن:

باشتر وایە زۆرترین كات كتێبخانە كراوە بێت، بەڵام وەرگرتنی كتێب و سەرچاوە بە پێی سیستەمی دیاریكراوە تاوەكو لە (ون بوون، فەوتان، نەمان، دڕاندن) بپارێزرێ.

كاری ئەم كتێبخانەیە دەتوانێت دەروازەیەك بێت بۆ ناساندنی كتێبخانە بەسەرجەم نەخۆشەكان بە گشتی و ئەو كەسانەی كە دەكەونە سنووری نەخۆشخانەكە، تاوەكو سەردانی كتێبخانە بكەن، هەروەها ڕوونكردنەوەی زانیاری لەسەر سەرچاوەكانی كتێبخانەو چۆنییەتی بەكارهێنانیان لەگەڵ یارمەتیدانی نەخۆشەكان لەو كێشە دەروونییانەی كە هەیانە و هەوڵدان بۆ دەربڕینی گیروگرفتەكانیان و كەمو كوڕییەكانیان، بەمەبەستی ئامادەكردنی سەرچاوەی بەسوود بۆیان، تا بتوانرێت چارەسەر بێت و یارمەتی دەربێت بۆ چارەسەری كێشەكانیان.

## ئامانجی کتێبخانەی نەخۆشخانە :-

1- پێشکەشکردنی خزمەت و خزمەتگوزاری بەو مرۆڤانەی کە بە هەر هۆیەك بێت دەهێنرێنە ئەم جێگایە (نەخۆشخانە).

2- پەیداکردن و دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەی کە زۆر خواستی لەسەرە، یان پەیداکردنی هاوشێوەکانیان بۆ تاکی نەخۆش.

3- گۆڕینی کەسی نەخۆش بۆ کەسی تەندروست و دەوڵەمەند بە ڕۆشنبیری بە هەر شێوەیەك بێت.

أ- هۆگربوونی بە کتێبخانە بە جوانکردن و شیرینکردنی بابەتەکان لای نەخۆش و چاودێرەکەی.

ب- دابینکردنی خواستەکانی لە کتێبخانەدا (سەرچاوەی زانیاری، لایەنی سۆزداری).

ت- بەستنی هاوڕێیەتی لەگەڵ کارمەندانی کتێبخانەو وەرگرتنی ڕێنمایی لێیان.

5- ئاگاداربوون لە هەست و سۆزی کەسانی تر کە هەمان نەخۆشییان هەیە بێ ڕەچاو کردنی (دەوڵەمەندی، بیرورا، ئایین، نەتەوە).

6- پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی نەخۆش بە زانست و زانیاری نوێ ئەویش لە ڕێگەی:

أ) خوێندنەوە.

ب) گفتوگۆ و دواندن.

ت) وێنەکێشان و تەماشا کردن.

پ) گوێگرتن لە مۆزیك، قورئان، بابەتی فیکری.

7- هێنانی تازەترین کەرەستەی شیاو بۆ ناو کتێبخانە کە نەخۆش دڵی پێخۆش بێ هەر لە کورسی، مێز، شێڵف، تابلۆ، ڕووناکی (بەتایبەتی ڕووناکی سروشتی خۆر).

8- بەشداریکردن و هەوڵدان لە پێناو بنیادنانەوەی بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی لەلای کەسی نەخۆش کاتی کە تووشی نائومێدی و داڕووخانی دەروونی دەبێت.



## بودجەی کتێبخانەی نەخۆشخانە

دابینکردنی بودجە لە ئەستۆی لایەنی پەیوەندیدارە کە ئەویش خودی نەخۆشخانەکە خۆیەتی، یان وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە دابینکردنی.

پەیداکردنی سەرچاوەکان لە ڕێگەی:

1- کڕین: پێشانگەی کتێب بێت، یان لە فرۆشیارەکانی کتێب.

3- دیاری: ئەوانیش

أ- دەزگا تەندروستییەکان.

ب- وەزارەتی پەیوەندیدار.

جـ - وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندنی باڵا.

عـ - نەخۆشە دەرچووەکانی ناو نەخۆشخانە.

ل- دەزگاکانی چاپ.

و- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

ز- پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانە.

هەر کتێبخانە ئامانجی نییە، بەڵکو نەخۆشخانەکەش ئامانجی هەیە ئەویش:

1- هۆشیار کردنەوەی نەخۆش.

2- پێدانی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکە (دەرمان).

3- هێنانەوەی نەخۆش بۆ سەرباری ئاسایی خۆی.

ئەو کەرەستانەی کە یارمەتیمان دەدات لە بەکارهێنانی کتێبخانە:

1- هەڵگری کتێب کە بە قەرەوێڵەی نەخۆشەوە دەبەسترێت و کتێبەکەی لەسەر دادەنرێت وە نانوشتێتەوەو کتێبەکەش ناکەوێت و بە دووری چاوی خوێنەر دادەنرێت بۆ خوێندنەوە.

2- هەڵبژاردنی هەندێ کتێب کە زۆر سانایە و بە خەتی گەورە نووسراون.

3- پەیداکردنی کتێب بۆ ئەوانەی کە نابینان و نووسراوەکانیان بەخەتی دەرکەوتوو نووسراوە (ڕێگای برێل).

4- پەیداکردنی کتێب بۆ منداڵان بە پێی تەمەنەکانیان و دەشتوانین لە جێگەیەکدا هەندێ کەرەستەی یاریکردنیان بۆ دابین بکەین.

5- دابینکردنی کورسی گەڕۆك بۆ نەخۆش، تاوەکو بە ئارەزووی خۆی گشت شوێنەکانی کتێبخانە بگەڕێ بۆ سەرچاوەی پێویست.

6- فیلمی دروست و زانستی و ڕۆشنبیری نمایش بکرێ.

## بەشی دووەم – نەخۆشییە دەروونییەکان

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەم جۆرەیان نەخۆشی لە جەستەیاندا نییە، نە بریندارى، نەهەوکردن، نەئازاری فسۆلۆجی (ئەندامی)، بەڵکو لێرەدا لە مێشك و دەروندایە، ئەویش لە جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکاندا کە مرۆڤ داوای دەکات، یان جێبەجێکردنی زۆر بە درەنگ ڕوودەدات.

مەبەست لەم جۆرە نەخۆشییانە وەك: خەمۆکی، بیرچوونەوە، بیرکۆڵ بوون، گۆشەگیری، سستی جێبەجێکردنی فەرمان، ترس، تورەیی، بێ ئاگایی، دڵەڕاوکێ، دڵتەنگی، نەبوونی توانای وەرگرتنی قسە، گومان، ئیرەیی، هەست بە گوناه کردن ....هتد.

ئەمانە ئەو نەخۆشییانەن کە مرۆڤ دووچاری دەبێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو ئەڵتەرناتیڤە چییە کە مرۆڤ بەکاری بهێنێ بۆ ڕزگاربوون لەم نەخۆشییە؟ وەڵامی دیارە خوێندنەوەیە، لە هەموو ئەم گیروگرفت و نەخۆشخانە ڕزگارمان دەکات[132] با بزانین چۆن؟ پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم پێمخۆشە تیشکێك بخەمە سەر مێژووی چارەسەر بە خوێندنەوە لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، تەنها بۆ ناساندن و پەیداکردنی شارەزایی، لێرەدا بوار نییە ئێمە بە شیکاری بابەتیانە دەست پێبکەین، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی ئەو سەرچاوانەی کە لە پێڕستدا ئاماژەم پێداوە بخوێننەوە، تا زیاتر شارەزاییت فراوان بێت. چارەسەر بە خوێندنەوە، واتا

---

[132] - شعبان عبدالعزيز خليفة. ألعلاج بالقراءة أو الببليوثيرابيا –ط1. قاهرة: دار المصرية اللبنانية، 2000

زانستی ببلیوثیرابیا، کە لە دوو وشە پێکهاتووە، ببلیۆ لە زمانی یۆنانیدا بەمانای کتێب و ثیرابیا واتە چارەسەر بە خوێندنەوە دەگرێتەوە.

بەڵام وشەی دووەمیان لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوەو زانا (سمۆئیل کورد کروث) لە وتارێکدا ساڵی 1916 لە گۆڤاری (ئەتلانتیك) دا بڵاوی کردۆتەوە، وشەی دووەمی کە یۆنانییە (اوباتید) بۆ گۆڕیوە بە ثیرابیا کە ئینگلیزییەو هەردوو- وشەکە ببلیو ثیرابیا بە مانای چارەسەر بە خوێندنەوە ناساندووە. بۆ یەکەمجار وشەی ببلیۆ ثیرابیا چارەسەر بە خوێندنەوە لە فەرهەنگی ۆرد دەرکەوتووە لەساڵی 1941دا.[133]

چیرشیارد دەڵێت کە ببلیۆ ثیرابیا (پێشکەشکردنی کتێبی گونجاو لە کاتی گونجاو بۆ گیروگرفتی گونجاو)

ئەفلاتون دەڵێت (هونەر بە گشتی کاریگەری قووڵی هەیە لەسەر لایەنی عەقڵ لە سروشتی مرۆڤدا). ئەرەستۆش باسی کاریگەری چارەسەرکردنی کردووە بە هونەرو ئەدەب .

لە ئەدەبدا خوێندنەوەی شیعر زۆر کاریگەری بەجێ دەهێڵێت لای کەسی خوێنەر و ڕاستەخۆ دەچێتە دڵی خوێنەرەوە، بێ ئەوەی شاعیرەکە بناسرێ.

میسرییە کۆنەکان یەکەم گەل بوون کە زانستی چارەسەر بە خوێندنەوەیان بەکارهێناوە بە باش، یان خراپ. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو پەیامانەی کە لە ناو ژووری کتێبخانەکانی میسرییە کۆنەکاندا هەبوون و نووسرابوون (ئێرە جێگای ڕۆحە) یان (خانەی چارەسەرو بوژانەوەی دەروونە). ئەگەر سەرنج بدەین لە کتێبخانەکانی فیرعۆنییەکان، هەریەکەیان لە سەردەمێکدا ناوێکی لێنرابوو، وەك لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەم پێدا، بۆ بە بیرخستنەوە لەپەرستگای ڕەمسیسی دووەم و خۆفۆی گەورەو پەرەستگای ئەدفۆ.[134]

لە دوای ئەمان بابلییەکان ئەم بیرۆکەیان خواستووەو گواستۆتەوە بۆ خۆیان، پاشان ئاشوورییەکان، دواتر یۆنان و ڕۆمان، ئەم دووانەیان هەر لە میسرییەکانەوە بیرۆکەکەیان خواستووە.

پەیامی ئەم بیرۆکەیە ئەوەبوو کە (دەتوانرێ کتێب بەکاربهێنرێ بۆ چارەسەری ڕۆح و چارەسەری دەروون. وە لە هەمان کاتدا بۆ هەردووکیان).

ڕووناکبیر ڕۆبەرت بیرکون لە کتێبی (تشريح المناخوليه) بەکارهێنانی کتێب بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی ڕۆح زۆر کتێبی پیرۆزی لا مەبەستە. بیرکۆن دەڵێت (کتێبخانە دەرمانخانەیەکی بەهێزە پڕە لە دەرمانی پێویست بۆچارەسەرکردنی ئازارەکانی جەستە.)

---

133 - - ئەرخەوان، بیبلۆتیراپیا – گۆڤاری دژنبشت، ژ 4 ساڵی 2007

134 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

کەواتە لێرەدا پەیوەندییەك لە نێوان ئایین و ببلیۆ ثیرابیا دا هەیە کە کتێبی پیرۆز بەکار دەهێنن بۆ ئارامی ڕۆح و جەستە.

دکتۆر شەعبان عەبدولعەزیز خەلیفە لە بەرگی دواوەی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (**العلاج** بالقراءة أو الببليوثيرابيا) دەڵێت:

- ئەو کەسەی بە وشەیەك نەخۆش دەکەوێت بە وشەیەکیش چاك دەبێتەوە.
- ئەو کەسەشی بە میکرۆبێك نەخۆش دەکەوێت بە دەرمانێك چاك دەبێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە چوار جۆر نەخۆشی هەیە:

أ- ئەوەی جەستەی نەخۆش دەکەویَ تەنها بە دەرمان و نەشتەرگەری چارەسەر دەکرا.

ب- ئەوەی ڕۆحی نەخۆش دەکەویَ تەنها بە خوێندنەوە چارەسەر دەکریَ.

جـ- ئەوەی دەروون و جەستەی نەخۆش دەکەویَ بە خوێندنەوەو دەرمان چارەسەر دەکریَ.

عـ- ئەوەی جەستەو دەروونی نەخۆش دەکەویَ بە دەرمان و خوێندنەوە چارەسەر دەکریَ.[135]

لێرەدا یەك یەك خوێندنەوە بۆ هەر چوار جۆرەکە دەکەین:-

أ) مەبەست لەمە ئەوەیە کە مرۆڤ هەناوی، یان جەستەی کە تووشی بەرکەوتنی تەنێك دەبێت، دەبێتە هۆی بریندار بوونی دیوی دەرەوە، یان هەوکردنی دیوی ناوەوە، دەتوانیَ پشت بە بەکارهێنانی دەرمان ببەستێت بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکان و نەمانی هەوکردنەکەی.

دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت پێکهاتەی فەسلەجەی هەر مرۆڤێك جیاوازە لە دروستبووندا، لە تواناو بیَ تواناییدا، لە چاکبوونەوەو درەنگ چاك بوونەوەدا.

ب) مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە کەسێك بە هۆی بەکارهێنانی وشەیەکی نابەجیَ لەڕووی بەرامبەرەکەیدا هەستی بریندار دەکات و لایەنی دووەم زۆر پێی نارەحەت دەبێت و ئاسەواری وشەکە لە دڵی ئەمدا دەمێنێتەوە، زۆرجار قین و بیر لە تۆڵەکردنەوە لەلایەن کەسی دووەمەوە دروست دەبێت، بەڵام داوای لێبوردنێك لەلایەن کەسی یەکەمەوە دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی هەموو ناکۆکیی و ڕق و کینە.

قسە زۆر کێشە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، زۆرجار بیَ مەبەست قسە دەکریَ، کەچی لایەنی دووەم بە قورس وەریدەگرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە. کەواتە دەتوانین بە چەند وشەیەك کۆتایی بە زۆر ناکۆکی بهێنرێت، بیرمان نەچێت ململانیَ با بەهێزی سەربازیش بێت، بەڵام بە گفتوگۆ چارەسەری هەموو شتێك دەکریَ.

---

[135] - شعبان عبدالعزيز خليفه. ألعلاج بالقراوه أو الببليوپيرابيا ـــ گ1. قاهره: دارالمصريه اللبنانيه، 2000

ج- مەبەست لێرە ئەوەی دەروون و جەستەی نەخۆش دەکەوێ.

سەرنج بدە بوونی کێشەیەکی بێ چارەسەر، یان نادیار، مرۆڤ تووشی چ نەهامەتییەك دەکات، ئەوانەی کێشەی دەروونییان هەیە، تووشی ڕاڕایی (قلق) دەبن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەری دروست بوونی چەندان نەخۆشی جەستەییە لەوانە: (برینی گەدە، سەرئێشەی درێژ خایەن، دابەزینی فشاری خوێن .... هتد).

د- ئەوەی جەستەو دەروونی نەخۆش دەکەوێ و بە دەرمان و خوێندنەوە چارەسەر دەکرێ.

نموونە:- ئەوانەی ئەندامێکی جەستەیان بریندارە، یان برینەکەی زۆر سەختە، یان تووشی نەخۆشییەکی نادیاربووە، یان باڵێکی، دەستێکی شکاوە، ئەمانە نەخۆشی جەستەیین.

ئەوەی لێرەدا ڕۆڵ دەبینێ بەرزکردنەوەی ورەیە، لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان بۆ سارێژ کردنی برینەکان و چاك بوونەوەیان، ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا قسەکردن، یان خوێندنەوەی ئەو مادانەی کە حەوانەوە بە فیکرو بیرو هۆشی مرۆڤ دەبەخشن، ڕۆڵی ئەکتیڤ دەبینن لە چارەسەردا و ئەگەر بە ئامێر تاقی بکەینەوە دەبینین کە شانەو دروستبوونی خڕۆکەی خوێن، زۆر بە باشی بەدی دەکرێن و حاڵەتی نەخۆشەکە بەرەو باش بوون دەڕوات، پاشان بۆ زۆر باش.

دڵدانەوە زۆر گرنگە لەگەڵ نەخۆشدا و هاندان ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە مرۆڤ لە سێ بەش پێکهاتووە:

1- ڕۆح
2- جەستە کە لە گۆشت و خوێنە
3- دەروون کە پێکەوە بەستنی هەردووکیانە.

کە جەستە نەخۆش دەبێ، ڕۆح ئازاری نییە، بەڵکو دەروون لە ناڕەحەتیدایە، بۆیە پێویستە لە پێناو ئاسودە بوونی دەرووندا دڵەکان بە یەکتر شاد بکەین، تاوەکو ئازارە جەستەییەکانمان بڕەوێتەوە.

ئەم زانستە لە سەدەی سیازدەهەمەوە بەکارهاتووە، لە سەردەمی ئیسلامیدا هاتوون قورئانیان بەکارهێناوە بۆ نەخۆشەکان بۆ شیفا لە ناو نەخۆشخانەکاندا وەك نەخۆشخانەی مەنسوور لە قاهیرە.

ئەمە وەك چارەسەری ڕۆحیی بۆ نەخۆشییە دەرونییەکان، وەك ئەوەی کە وشە ڕۆڵی هەیە لە چارەسەری دەروونییدا، بەڵام ببینە جگە لەمەش هاتوون دەرمانیان دروستکردووەو قورئانیان بەسەردا خوێندووەو چارەسەری نەخۆشیان پێ کردووە، لە هەمان نەخۆشخانەدا و لە بەغدا ئەم جۆرە نەخۆشخانەیە هەبوو وەك وتمان ناوی (**العضدي**) بووە.

ئێستا ئەم جۆرە چارەسەرە بەکاردێت بۆ نموونە:

خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی پیرۆز لە قورئان بەسەر خواردنێکدا و پاشان بەکارهێنانی لەلایەن نەخۆشەوە لە نییەتی چاکبوونەوە، یان بۆ پاراستن لەدەردو بەڵا، ئەمەیان کەسی ساغ بەکاری دێنێ بۆ نمونە، خواردنەوەی ئاوی زمزم کە حاجیانی ماڵی خوا لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن.

ئەم زانستە بۆ یەکەمجار لەلایەن پسپۆڕانی ئەمەریکاوە بەکارهات لە ساڵی 1904 لەلایەن (کاتلین جۆنز) وەك یەکەم ئەمینداری کتێبخانە توانی بەرنامەی چارەسەرکردن بە خوێندنەوە دابمەزرێنێت و پەیڕەو بکا لە کتێبخانەی نەخۆشخانەی (ماکلین) لە شاری (ویفزل) لە ولایەتی (ماساشوتس). کەواتە (کاتلین) بە یەکەم ئەمینداری کتێبخانەی شارەزا دەناسرێت کە توانی کتێب بەکاربهێنێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکاندا.

زۆر ڕێگا لەلایەن کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانەوە گیرایە بەر بۆ بەکارهێنانی ئەم بیردۆزە، لەوانە خاچی سوری نێو دەوڵەتی توانی ئەم بیرۆکەیە بکاتە ئامانج لە پێناو یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە زەرەرمەندی جەنگی جیهانیی یەکەم بوون لە ساڵانی (1914-1918)، کە پرۆسەکە بریتی بوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بە ڕێگای خوێندنەوەو سەرکەوتنی گەورەشی بەدەستهێنا.

جگە لەمە فەڕەنسییەکانیش لە سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی پەرستار (مل ریفرۆن) بەکارهات، وە لە ساڵی 1937 هەستا بە دامەزراندنی یەکێتی کتێبخانەی نەخۆشخانەکانی فەڕەنسا کە خۆی چارەسەری بریندارانی جەنگی جیهانی یەکەمی دەکرد، پاشان باوەڕی هێناو هەستی کرد بە گرنگی کتێبە بەنرخەکان و پیرۆزەکان لە چارەسەری دەروونی نەخۆشدا.

یەکەم کتێبخانەی نەخۆشخانە کە لە فەڕەنسا دامەزراوە لە شاری لیۆن بووە، هەروەها کارمەندانی کتێبخانەی نەخۆشخانەکان لە یەکێتی کتێبخانەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 1939، توانییان گفتوگۆ بکەن لەسەر دەستەی ببلیۆ ثیرابیا چارەسەر بە خوێندنەوە، لە پێناو بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیەدا، لەمەوە توانرا چارەسەر بە خوێندنەوە بارێکی ڕەسمی وەربگرێت لە کاری کتێبخانەکاندا و یەکگرتووبوون لەسەر ئەم بەرنامەیە.

توانرا یەکەم پڕوپاگەندە لە ساڵی 1956ز لە گۆڤاری کتێبخانەکاندا بڵاو بکرێتەوە بۆ دیاریکردنی چارەسەر بە خوێندنەوە لە کاری کتێبخانەدا.

گۆشەکانی چارەسەر بە خوێندنەوە:

- شوێن — ئەو جێگایەی کە چارەسەرەکەی تێدا دەکرێ.
- نەخۆش — چارەسەر وەرگر
- کەرەستەی چارەسەر — خوێندنەوە یان دەرمان
- چارەسەرکەر — ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە.

ئەمە ئەو چوار گۆشەیەیە کە بەرنامەی چارەسەر بە خوێندنەوە لێوەی دەڕوانێت و پشتی پێ دەبەستێت.

## شێوازەکانی چارەسەر بەخوێندنەوە:

پرۆسەی چارەسەرکەر بە خوێندنەوە دەتوانێت بە دوو شێوازی سەرەکی ئەنجام بدرێت:

1- چارەسەری تاکە کەسی:-
2- ئەم کارە تەنها بۆ یەك کەس ئەنجام دەدرێت، واتە ئەو کەسەی کە نەخۆشەو تەنها ئەو کەسە سوودمەند دەبێت.
3- چارەسەرکردنی بە کۆمەڵ:
4- ئەم کارە بۆ کۆمەڵێك کەس ئەنجام دەدرێت لەیەك کاتدا بە شێوەیەکی تر بۆ ئەو کەسانەی کە شێوەی نەخۆشییەکەیان وەك یەکن و ئاستی فکریی و دەروونییان نزیکە لە یەکەوە. ئامانجەکانی ببلیۆ پیرابیا:
5- پێشکەشکردنی زانیاری.
6- دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ گفتوگۆ کردن و دوورخستنەوەی کێشەکان لە کەسی نەخۆش.
7- گەیشتن بە تێڕوانینە تازەکان و ئاڕاستە گونجاوەکان.
8- دروستبوونی هەست و سۆز لای نەخۆش و بە ئاگا بوون لەو کەسانەی کە هەمان نەخۆشییان هەیە.
9- دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و سەرکەوتوو- و لەبار بۆ کێشەی نەخۆشەکان.
10- دروستکردنی پەیوەندی نێوان کەسی نەخۆش و ئەمینداری کتێبخانە و بەستنەوەی کەسی نەخۆش بە ڕاستییەکانی ژیانەوەو ڕوونکردنەوەی شتە نادیارەکان لەبەرچاوی، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان.
11- چوونە ناو دڵ و دەروونی نەخۆش بۆ خوێندنەوەی کێشەو گیروگرفتەکانیان و خۆ نزیك کردنەوە لە خودی نەخۆش، تاوەکو هەست بەتەنیایی و بێکەسیی نەکات. لە هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ خوێندنەوە بۆ کەسی نەخۆش هەر وەك (ولیام منجر) لە ساڵی 1937دا دەڵێت، سێ هۆکاری سەرەکی هەیە کە دەبێت بیزانین ئینجا بڕیار بدەین، چ مادەیەك باشە بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش:

- پێداویستیەکانی نەخۆش بۆ چارەسەرکردن.
- باگراوندنی نەخۆش (پێشینەی نەخۆش — تا بزانین کێ بووە).
- ئەو دیاردانەی کەلە نەخۆشدا دەرکەوتووە.

ئەمانە بڕیار دەدەن چ جۆرە سەرچاوەیەك بەكار بێنن بۆ چارەسەر كردن، دەڵێین با بزانین چی پێویستە پێشتر ئەم مرۆڤە كێ بووە، حەزی بە چی كردووە لەگەڵ كێ ژیاوە، خەڵكی كوێیە، ئاستی زانستی و خوێنەواری چی بووە؟ تاوەكو پێشینەی ڕوون بێت لامان، تا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

## جۆرەكانی سەرچاوەی فیكری كە بەكاردێت لەم بەرنامەیەدا :

لە ڕووی بیردۆزییەوە دەتوانین بڵێین، هەر بەرهەمێكی فیكری كە بۆ مرۆڤ نووسراوە تاوەكو سوودمەند بێت، كاریگەری بەجێ دەهێڵێت لای خوێنەر، ئەگەر بابەتەكە لە بواری زانستی وەك كیمیا و فیزیا و جیولۆجیاشدا بێت، ئەو سەرچاوانەش كە بەكاردێت ئەمانەن:

1- كتێبە ئاسمانییە پیرۆزەكان لە سەروو هەمووشیانەوە قورئانی پیرۆز.
2- فەرموودەكانی پێغەمبەر (د. خ) لیَ بێت.
3- چیرۆك/ چیرۆكی كورت و پڕ مانا، چیرۆكی خەو و خەیاڵ، چیرۆكی ئەفسانەیی سادەو ساكار - لەگەڵ گۆڤارو ڕۆژنامە، چیرۆك بە گشتیی.
4- شیعر- زۆر گرنگە ئەگەر بەدەنگەوە بێت و دەنگ خۆشێك بیخوێنێتەوە.
5- كتێبی یاداشت و بیرەوەری و ژیانی پێغەمبەران.
6- كتێب لەسەر خۆ ڕۆشنبیر كردن یان ڕێپیشاندانی خود.
7- سەرچاوەی ڕەوشت و ئەدەب.
8- كتێبی ڕۆح- مەبەست لێرەدا ئەو سەرچاوانەیە كە باس لەوە دەكات بنەچەی مرۆڤ ڕۆحە، وە ئەم ڕۆحە نەمرە و جەستە تەنها بەرگێكە كە ڕۆح دەیپۆشێ بۆ ماوەیەك، وە بە دەرچوونی ڕۆح لە جەستە، واتە كۆتایی هاتن بە ژیانی كەسەكە.
9- چیرۆك بە گشتی.
10- فیلم.

ئەم جۆرە بەرنامانە تەنها بۆ مرۆڤە دەروون نەخۆشەكان بەكار نایەت و یارمەتی زۆری كەمئەندامانیش دەدات، كە هیچ كات لەدەستدانی ئەندامێكی جەستەیان نابێتە هۆی لەكەدار بوونی توانا هزرییەكانیان لەناو كۆمەڵگەدا، ئێمە ناڕوانینە جەستە، دەڕوانینە فكرو تواناكان.

ئەو مرۆڤانەی كە ئەندامێكی جەستەیان ونكردووە، زۆر جار تووشی بێ تاقەتی و نامۆبوون دەبن، بەڵام تاكە شتێك كە هەڵسانەوەی مەعنەویاتی ئەمانە، هاندانی كۆمەڵگەیە كە ڕێزو خۆشەویستییان پێ دەبەخشێ لەبەرامبەر ئەو كەمئەندام بووانەیاندا، و بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەكرێ،

مەعاناتی هەمیشەییان لە پێش چاوە لە هەموو جێگەیەکدا، زۆر بینیومە کە کەمئەندامێك وێنە دەکێشێت، وێنەی ئەو جێگەیەی کە ئەم لە دەستیداوە، یەکەمجار ئەوە دروست دەکا، بابڵێین قاچێکی، دیارە لە دەستدانی ئەندامێکی، ئەوا ئاستەمی زۆری بۆ دروستکردوە بۆ تەنها خۆی نرخی ئەو قاچە دەزانێت، بۆیە یەکەمجار لە قاچەوە دەست بە دروستکردنی وێنەکە دەکات، بەڵام کاتێك ئێمە باسی خەڵکانی خراپتر لەم دەکەین، ئەو زۆر ڕازییە بەو بەشە و خۆی لە بیر دەکات، هەرچەندە زۆرجار لە بیرکردنەوەش کاتییە، بەڵام دەبێت مرۆڤ بەهێز تر بێت لە هەر شتێك کە دێتە ڕێگای، بەهەمان شێوە بۆ کەسێکیش کە چاوێکی لە دەستدابێت.

بەهەر حاڵ کۆمەڵ و کۆمەڵگە زۆر ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کێشە دەروونییەکاندا و دەشتوانێت چارەسەری گونجاوی بۆ ئەنجام بدات.

چارەسەر بە خوێندنەوە، یان گوێگرتن لە خوێندنەوە بە دەنگەوە، گرنگی دەرونیی زۆری هەیە و کەسی گوێگر هەست بە ئاسودەییەکی زۆر دەکات، بە تایبەتی لە مەسەلە هەستیارەکانی ڕۆحدا، یان لێدانەوەی شریتی ڕابردووی ژیان بە دەنگەوە، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە ڕۆڵی ئایین بکەم کە چەند دەتوانێت ئاسودەیی لە دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکات، سەرەتا با لە چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەست پێبکەین کە دەفەرموێ: (عليكم بالشفاءين العسل والقران)، (خير الدواء القران).

لێردا ئاماژە بە دوو شت دەدات، یەکەم هەنگوین دووەم قورئان، هەنگوین بۆ یەکێك کە نەخۆشی جەستەیی هەبێت، بەڵام قورئان بۆ یەکێك کە دەروونی ناساغ بێ.

یا لە دووەم فەرمودەدا دەفەرموێ (خير الدواء القران)، واتە چاکترین دەرمان قورئانە، ئەمە بۆ حاڵەتی دەروونی بەکاردێت کە لە هەموو تەنگانەو ناڕەحەتیدا، چ نەخۆشی جەستەیی بێ، یان لە دڵە ڕاوکێ و ترس و گومان و خەمۆکی و ئازاردا بێ، بە خوێندنی قورئان هەموو ئەمانە دەڕەوێتەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرموێت (ألا بذكر الله تطمئن القلوب)، واتە تەنها بە یادی خوا دڵەکان ئاسوودە دەبن.

یان دەفەرموێت (وننزل من القران ماهو شفاء ورحمة للمؤمنين ولا يزيد الظالمين إلا خساراً -سورة الأسراء- ايه 82).

باوەڕداران زۆر باش ئەو ڕاستییە دەزانن کە خوای گەورە دروستکەری هەموو گەردوونە، مرۆڤیش یەکێکە لەو بوونەوەرە دروستکراوانە، دروستکەر کە خوای گەورەیە باش دەزانێت مرۆڤی لە چی و چی دروستکردووە، بە چی نەخۆش دەبێت و بە چی چارەسەر دەکرێ.

چارەسەری یەکەم کۆتا، لای باوەڕدار ئیمانە بە خوای گەورە، کە ئیمانت زۆر بوو یەقینت بەهێز دەبێت، بۆیە بۆ چارەسەری گشت دەردو ئازارو ناڕەحەتییەکان پەنا تەنها بە خوای گەورە دەبرێ و

هیچ شتێك ناتوانێ ڕۆڵی چارەسەر ببینێ کە ئەو ڕەزامەندی لەسەر نەبێت، هەزارەها نموونە لەم بارەیەوە هەیە.

(د. شەعبان خەلیفە)لەکتێبەکەیدا (ببليوثيرابيا او العلاج بالقراة) دەڵێت: (210) تاقیکردنەوەم لەسەر (5) کەس کرد بە خوێندنەوە لەسەر قورئانی پیرۆز، کە لە لایەن دەزگای زانستیی پزیشکیی ئیسلامەوە لە شاری پەنەما لە ولایەتی فلۆریدای ئەمریکا ڕێکخرا.

دانیشتنەکان بەم شێوەیە بوون:

85 دانیشتن بۆ خۆبەخشەکان، بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە عەرەبی و بە تەجویدەوە.

85 دانیشتن بۆ خۆبەخشەکان ،بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە عەرەبی و بەبێ تەجوید.

20 هیچ قورئانمان نەخوێندەوە، بەڵکو تەنها بێدەنگ بوون.

دواتر دەرکەوت 97٪ ی دانیشتنەکان کە بۆ تیلاوەی قورئان کرابوو، دەرکەوت کە (جیهازی ئەعسابیان زۆر ئارام بوو) و ئامێرەکان دەریانخست بە تاقیکردنەوە لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا گۆڕانکاری لە فەسلەجەی لەشیاندا ڕوویدا، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی تووڕەیی تێیاندا، کە (سیانیان کوڕ بوون و دووانیان کچ بوون).

خزمەتگوزاری نەخۆشخانە لە ئێستادا تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە مێشکیان، یان جەستەیان نەخۆشە، ئێستا ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە کەمئەندامن، یان پیرو پەککەوتەن، بۆ خزمەتکردنی ئەم جۆرە تایبەتەیان خزمەتگوزاری لە کتێبخانە گشتییەکانەوە دەگەیەنرێتە کەمئەندامان، کە ئەویش خەڵوەتگەی پیری و نابینایان دەگرێتەوە، لەگەڵ کەڕو لاڵان گەورە بن یا بچووك.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن کتێبخانەکانەوە بۆ نەخۆشخانەکان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە زۆر وڵاتدا، بەشی کتێبخانەی نەخۆشخانەکان لە یەکێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی کتێبخانەکاندا (**IFLA**) چەندین ڕاپۆرتی دەرکردووە لە بارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵ دەرکردنی چەندین کتێبی ڕێنیشاندەری بەسوود، کە باس لە جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە دەکات کە نەخۆش پێویستی پێیەتی و هەندێ لیستی سەرچاوەیان ئامادە کردووە بۆ یارمەتیدانی نەخۆش، بۆ پەرە پێدان بە خوێندنەوەو برەودان بە پێشخستنی خۆیان.

لە سەرەتادا وتو وێژ زۆر لەسەر ئەوە کرا کە کێ هەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کتێبخانە بۆ نەخۆشەکان.

أ. کتێبخانەی نەخۆشخانەکان بەرپرسیارن لەوەی لەپاش پێشکەشکردنی خزمەت بە پزیشکان ئەم ڕۆڵەش ببینن.

ب. کارمەندانی بواری تەندروستی کارەکە ئەنجام بدەن.

ج. یان کتێبخانەی گشتی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

پێوەرە بەریتانیاییەکان دەڵێن، کتێبخانەی نەخۆشخانە خۆی بەرپرسی سەرەکییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسی نەخۆش، چونکە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشەکان و کارمەندانی نەخۆشخانە، هەر لە دابینکردنی سەرچاوەو پێدانی زانیاری بۆیان لە ئەستۆی ئەمدایە.

تەنها خزمەت بەناو خەستەخانەکە ناکات، بەڵکو ئەو نەخۆشانە دەگرێتەوە کە دەرچووی ئەم نەخۆشخانەیەن و ئێستا لە ماڵەوەن و توانای هاتوچۆیان نییە بۆ ڕۆیشتن بۆ کتێبخانە، ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە پێویستی بە بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلە بۆ دابەشکردنی کتێب و هێنانەوەی بۆ کتێبخانە لە ڕێگەی بەریدەوە دەتوانێت بنێرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە ناوچە دوورەکانن و دەتوانێت کتێبی (بێژەر — قسەکەر) وەربگرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە چاویان کزەو توانای خوێندنەوەیان لاوازە.

زۆر جار بۆ نابینایان کەرەستەی تایبەت بەکاردەهێنرێ وەك، کتێبی چاپکراو بە ڕێگای (برێل)، واتە بە پیتی دەرکەوتوو (بارز) یان کتێبی قسەکەر دەبێت لە یاسای کتێبخانەی هەموو وڵاتێکدا، ئەم خاڵانە بە چەسپاوی هەبێت (چ جا وڵاتی ئێمە، کتێبخانە دەناسێت تا یاسای بۆ دەربکات).

ئەم یاسایانە بەرگری لەوە دەکات و ئەوە دووپات دەکاتەوە، چەند پێوەرێك هەیە هەموو کەسێکی نابینا دەگرێتەوە.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لێرەدا تەنها کتێب نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی چەندین شتی ترە لەوانە، (مۆسیقا- بابەتی یاریکردن- گوێگرتن لە کتێبی تۆمارکراو ... هتد)، لەگەڵ ئەمانەشدا کتێبخانە هەڵدەستێت بە سپاردنی هەندێك لەو بابەتانەی کە پەیوەندە بە ڕێکخراوەکانەوە، تاوەکو کەمئەندامان سوودمەند بن لێی.

ئەم شێوازە یارمەتیدەرێکە بۆ دەرخستنی توانای تاکە کەس لە نێوان کەمئەندامانداندا، لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەسەندنی کارمەندەکان و هاندەرێکە بۆ کەمئەندامان بۆ ئەوەی متمانە بە کەسی تر نەکەن جگە لە خۆیان، وەك دەزانین کە خزمەتگوزاری کتێبخانە تەنها پێشکەشکردنی بابەتی خوێندنەوە نییە، بەڵکو چەندان سەرچاوەی ترمان لەبەر دەستە وەك فیلم — تۆمارکردنی دەنگ — وێنەکێشان بەکارهێنانیان بەستراوە بە ڕاهێنەرەکانیانەوە کە وەریدەگرن چ لەناو خێزانەکانیاندا بێت یان لە دامەزراوەکاندا، بەگشتی ئەرکی کتێبخانەیە کە هەستێت بە نەخشەکێشان بۆ ڕێکخستنی خزمەتگوزاری بۆ دامەزراوەکان و کەسەکان و خێزانەکان کە پێویستییان بە بایەخی تایبەتییە.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە :

1- دەستنیشانکردنی گرفتی نەخۆش.
2- ئاگاداربوون لە کەسی نەخۆش.
3- ئامانجی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەرچاوەو زانیاری بۆ ناو کتێبخانەکە لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە دەکەونە ئەم سنوورە.
4- دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان کتێبخانەو ئەو کەسانەی کە دەکەونە سنووری نەخۆشخانەکەوە (نەخۆشەکان (هاموشۆکەر- مراجع)، پزیشکەکان، کارمەندان ... هتد) لە پێناو بەخشینی زانیاری لە ڕێگەی ئەو سەرچاوانەی کە بوونیان هەیە لە کتێبخانەی نەخۆشخانەدا.
5- هەوڵدان بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی بەرنامەی کتێبخانەکە، پشتبەستن بەو تازەگەرییانەی کە لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کتێبخانەکاندا ئەنجام دەدرێت.
6- ڕێگەخۆشکردن لە پێناو بنیاتنانی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و گونجاو لەگەڵ کتێبخانەکانی کە دەکەونە سنووری کارکردنییەوە بە تایبەتی لە پێناو ئاڵو گۆڕ کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەکەی، بەو سەرچاوانەی کە پێویستەو دەستەبەر کردنی بۆ خوێنەران بە سوودە.
7- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی کەشێکی گونجاو بۆ ئەو خوێنەرانەی کە ڕوو دەکەنە کتێبخانەکە لە پێناو دروستبوونی سۆزی خوێندنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوە.
8- دانانی پلانی پێش وەخت بۆ زیادکردنی کەسی خوێندەوار لە سنووری کارکردندا.
9- پارێزگاری کردنی هەموو سەرچاوەکانی کتێبخانەکە لە پێناو لەناو نەچوونیان و ئامانج لەم کارە هەوڵدانە بۆ پارێزگاری کردنی بەرهەمە فیکرییەکان و گواستنەوەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

# کارەکانی کتێبخانەی نەخۆشخانە : -

1- ناساندنی کتێبخانە: پێویستە لەسەر کتێبخانەی نەخۆشخانە دەروازەیەك بێت بۆ ناساندنی کتێبخانە بە گشتی، بە هەموو ئەو کەسانەی کە دەکەونە سنووری نەخۆشخانەکەوە، یاخود ئەو کەسانەی کە سەردانی دەکەن.
2- ناساندنی بەشەکان: یەکێك لە کارەکانی کتێبخانە هەوڵدانە بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بەو بەشانەی کە کتێبخانەکانی لێ پێکدێت، وەك بەشەکانی: سەرچاوە بەدەستهاتووەکان (تزوید)، پێڕست و پۆلێن، سەرچاوە فەرهەنگییەکان، هۆڵی پەخش و نامەکان .... .
3- ڕوونکردنەوەی زانیاری لەسەر سەرچاوەکانی کتێبخانە: بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەران بە کتێبخانە،پێویستە زانیاری بدرێت لەسەر هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بوونیان هەیە لە کتێبخانەکەدا وەك، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، دەستنووس، هۆیەکانی بینین و بیستن.... .
4- یارمەتیدانی نەخۆشەکان لەو کێشە دەروونییانەی کە هەیانەو هەوڵدان بۆ دەربڕینی گرفت و کەم و کووڕییەکان بە مەبەستی ئامادەکردنی سەرچاوەی زانیاری بەسوود، تا بتوانێت یاریدەدەر بێت بۆ چارەسەرکردن و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان.
5- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەتی: پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە هەڵبستێت بە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەتی لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بەدەست بهێنرێن بۆ کتێبخانەکەو بەرزکردنەوەی بۆ بەرپرسی بەرزتر، لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکەیان و دەستکەوتنی سەرچاوەکان.
6- بەشداریکردن و هەوڵدان لە پێناو بنیات نانەوەی فیکری نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵگەداو زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیاری لەو بارەیەوە.
7- گەیشتن بە سەرچاوە تەندروستییەکان هەم تەندروستی و هەم پزیشکی بۆ کتێبخانە، لەگەڵ سەرچاوەی بەپێز بۆ نەخۆشەکان.
8- پشکنینی ورد بۆ نەخۆش پاشان دەستنیشانکردنی ئەو پێویستییانەی کە پێویستە لە لایەن دەستەی پزیشکییەوە.
9- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ورد کە لە لایەن ئەمینداری کتێبخانەوە بەرز کراوەتەوەو باری نەخۆشەکەی تێدا دەستنیشانکراوە بۆ دەستەی پزیشکیی، تاوەکو بڕیار لەسەر جۆری چارەسەرکردنەکە بدەن بە خوێندن، یان دەرمان، یان هەردووکیان.

10- نووسینی ڕاپۆرتی مانگانە لەسەر نەخۆشەکان لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە تاوەکو لە بارودۆخیان شارەزا بێ لەسەر کردارو پەرچە کرداریان و یەکەمجار بە دەستەی پزیشکی دەسپێرێت.

## چەند سەرنج و تێبینییەك: -

1- کۆکردنەوەو پۆلێن کردن و ڕێکخستن و کاریگەری ئەم ئەزموونانە، واتە چارەسەر بە خوێندنەوە لەسەر نەخۆش بۆ دووبارە سوود لێ وەرگرتنەوەی لە لایەن پسپۆڕی کتێبخانەوە، یان کارمەندی کتێبخانە لەلایەك و ڕەخساندن و خستنە بەرچاوی ئەم بابەتانە بۆ نەخۆش بۆ ورە بەخشین پێی بە ئەزموونە سەرکەوتووەکان و نەخۆشەکانی پێش خۆیان کە توانیویانە چارەسەر بە کتێب بکەنە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرو سەلمێنراوە و، ئەم بوارەش لە توێژینەوەدا پێی دەوترێت توێژینەوەی مەیدانیی کە سەرکەوتترین بواری توێژینەوەیە، دەکرێ ئەم ئەزمونانە بکرێنە کتێب و سەرچاوە لە داهاتوودا، خوێندکارانی بواری زانستی کتیبخانە سوودی لێ وەربگرن و لە ئایندەدا ئەم بابەتە زیاتر دەوڵەمەند بکرێت بە باس و لێکۆڵینەوە.

2- بوار برەخسێنرێت بۆ توێژینەوەی زانستی، کە هەم سوود لەو ئەزمونانە وەربگرێت و هەم ئەم بوارە دەوڵەمەندتر بکرێت، چونکە لە کۆتاییدا خزمەتێکی گەورەیە بەنەخۆش، چاودێری نەخۆش- کە هەم سوود لەو ئەزموونانە وەربگیرێت و هەم ئەم بوارە دەوڵەمەندتر بکرێت، چونکە لە کۆتاییدا خزمەتێکی گەورەیە بە نەخۆش، چاودێری نەخۆش (کە کاتی بێزارکەری لێ دەگۆڕین بە کاتی خۆش و پڕ لە یادگاری جوان و دەوڵەمەند بوونی فیکری و ئەزموونی). خزمەت بە بواری تەندروستی بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی، کەمکردنەوەی خەرجی کڕینی ئەم دەرمانانە، خزمەت بە پزیشك، یاریدەدەری پزیشك کە لایەنی مرۆڤدۆستان هێندەی تر گەشە بکات، خزمەت بە کۆمەڵگە کە ئەم ڕێگا چارەسەرەی ئێستا بەرەو باشتر بەرین و لەم قاڵبە کلاسیکییە هەنگاوێکی تر بەرەو کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرین، خزمەتە بە ژینگەی خەستەخانەکە کەشێکی پڕ لەپەیوەندی پتەو و دۆستانە دروست دەکات لە نێوان دکتۆرو کارمەندو پسپۆڕی کتێبخانە لەگەڵ نەخۆش، چاودێری نەخۆش، کاتێك دەبینین بە چارەسەرێکی تازەو کاریگەر تر نەخۆشەکە چاك بۆتەوە.

3- کارمەندی کتێبخانە یان پسپۆڕی هەڵبژاردنی کتێب بۆ نەخۆشەکان، دەبێت کەسێکی خاوەن پیشەیی و پشتیوانییەکی فیکری فراوان بێت و بتوانێت پارسەنگی چارەسەر بە خوێندنەوە بگرێ، نە ئاستی چارەسەر بە دەرمان، یان زیاتر ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە

بنووسرێتەوە، چونکە کاتی ئەم پسپۆڕە هەوێنی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە دەبێ، کە پاش چەند ساڵێك ئەمیش لە ساتێکی هاو شێوەی ئەم لە نەخۆشخانەکانی تردا، کتێبخانەی نەخۆشخانەی پێ دەوڵەمەند دەکەن، کە بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەی ئەم ئەزموونانە زۆر کاریگەرترە بۆ نەخۆش.

4- دەسەڵات بدرێت بەم پسپۆڕە کە پەیوەندی پتەوی هەبێت بە مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی، مامۆستایانی زانکۆ، بواری پەروەردە، بەرپرسانی حکومی، تاوەکو ئەم بابەتە هەموارتر بکات بە قازانجی گشتی و بواری خوێندن و پەروەردەو فێرکردن، چونکە دەکرێ بە دۆستایەتی کردن نەخۆش، چاودێری نەخۆش هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییانە بزانرێت، بە تایبەت نەخۆشییە دەروونییەکان و نەخۆشییە دەروون و جەستەییەکان، کە ڕێگا بگرێت لەم هۆکارانە و دروستبوونی ئەم نەخۆشییانە.

## پاری پێنجەم: کتێبخانەی زیندان (بەندیخانە)- prison library -مكتبة السجن

باشتر وایە پێش ئەوەی باسی کتێبخانەکە بکەم، باسێکی ئەو جێگەیە بکەم کە کتێبخانەکەی تێدایە ئەویش (بەندیخانەیە)، کە خۆی لەخۆیدا شوێنی بەند کراوە، ئەم بینایە بەشێوەیەکی زۆر تۆکمە و نەخشە بۆکێشراو لەلایەن دەوڵەتەوە بنیاد نراوە، کە وەزارەتی ناوخۆ کارەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات لەناو ئەم زیندانەدا.

ئەوەی جێگەی مەبەستە بۆ ئێمە، زیندانی گشتیی، یان بەندیخانەی ناسراوە، کە لێرەدا سەرجەم ئەو کەسانەی کە دادگایی کراون دەهێنرێنە ئێرە، تاوەکو ماوەی حوکمەکەیان تەواو دەبێت.

بەندیخانە زۆر پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە:

- سیاسییەکان دەڵێن: قوتابخانەیەکە بواری بیرکردنەوە فراوان دەبێت.
- تاوانباران دەڵێن: شوێنی خەفە کردنی گشت حەزەکانە ... هتد.

بە هەرحاڵ، نابێت مامەڵەی توند لەگەڵ هەموو بەندییەکانی ناو بەندیخانەدا بکرێ، چونکە بەندیخانە شوێنی ئازارو ئەشکەنجەدان نییە، بەڵکو شوێنی گۆڕین و چاکسازی مرۆڤە، تاپەند وەربگرێت لە هەموو ئەو هەڵانەی کردوویەتی، تا دووبارەی نەکاتەوە.

بەندیخانە ئەو دەزگا چاکسازییەیە کە بەندکراو تێیدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەمەش پاش دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن دادگاوە، یان دادوەرەوە، کە لە دواییدا ئەم جێگایە بەجێ دەهێڵێت، دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت، هەموو تاکە بەندکراوەکان، ئەندامێکی هەمیشەیی ئەم

کۆمەڵگەیەن، دەبێت بە موڵکی خۆمانی بزانین، کار بۆ هوشیار کردنەوەیان بکەین لەو هەڵانەی کە ئەنجامیانداوە، بۆیە پێویستیشە لەسەر دەوڵەت، کە کتێبخانە بۆ بەندییەکان بکاتەوە لەناو بەندیخانەدا، تا بە ئاگابن لە هەموو گۆڕانکارییەکانی جیهان، یەکەم کتێبخانەی بەندیخانە لە جیهاندا کە بنیادنراوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە ساڵی 1802 ز لە ولایەتی (کنتاکی)، بەندیخانەی (ستل وتر) لە ولایەتی (مینسوتا) کە لە ساڵی 1851 ز بنیاد نرا و ژمارەی کتێبەکانی ناوی نزیکەی (1000) هەزار کتێب دەبوو بۆ 218 بەندکراو تا ساڵی 1903.

بەندیخانەکانی ئەمەریکا خزمەتگوزاری کتێبخانەیان نەدەزانی، وەك پێویستیش بەکاریان نەدەهێنا بۆ بەندییەکانیان، ئەوە بوو ساڵی 1907، یەکەم سەرپەرشتیاری کتێبخانەیان دامەزراند و ساڵی 1911 کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمەریکا، لێژنەیەکی دروستکرد لە کتێبخانەی بەندیخانە فیدراڵییەکان .

ئەم لێژنەیە کاری لەگەڵ لێژنەی کۆمەڵەی بەندکراوەکانی ئەمەریکا کرد بۆ پێشخستن و پەرە پێدانی کتێبخانەی بەندیخانەکان، وڵاتی بەریتانیا بە پلەی دووەم دێت لە جیهانداو بە پلەی یەکەم دێت لە ئەوروپادا.

مێژووی دروستبوونی کتێبخانەی بەندیخانەکان لە بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1877 ز، هۆی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو بزوتنەوە چاکسازییەی کە لە بەریتانیا سەری هەڵدا و ئامانجیان چاککردن و گۆڕینی باری ژیان و مامەڵەکردنی پەسەند بوو لەگەڵ بەندکراوەکاندا، پاش داواکارییەکی زۆرو وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکان، ڕەزامەندی نیشاندرا بە کردنەوەی کتێبخانە لەناو بەندیخانەکاندا و دواتر توانرا بیرۆکەی دامەزراندنی کتێبخانەی بەندیخانە بڵاو بکرێتەوە لەجیهاندا.

ئامانج لە نووسین لەسەر ئەم جۆرە کتێبخانەیە، تەنها بۆ ناسین و ئاشنا بوونمانە بە کتێبخانەی بەندیخانە، تا بزانین خزمەتگوزارییەکانی چین و چۆنە، ڕەنگە ئەمە یەکەمجار نەبێ بە کوردی نووسین لەسەر کتێبخانەی بەندیخانە بڵاو بێتەوە، دەمانەوێت بزانین تا چەند خزمەت دەکات بە ئاستە جیاوازەکان لە ڕووی عەقڵ و دەروونەوە، لە شوێنێکدا کە دابڕاوە لە کۆمەڵگە تاکە سەرچاوە کە پردی پەیوەندی نێوان بەند کراوو کۆمەڵگەیە، ئەویش هەواڵ و زانیاری و نووسین و بیستن و ڕووداوەکانی ژیانەو لە ڕێگەی کتێب و سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەوە دەبیبستێت و دەیخوێنێتەوە.

پێویستە ئەوە بڵێین، دەبێت کتێبخانە لە هەموو جۆرە بەندیخانەیەکدا هەبێت ئەویش بە مەبەستی دانەبڕانی بەندکراو لە دنیای دەرەوە و بە ئاگابوون لە نوێترین گۆڕانکاری لە دنیادا.

هەموو ئەو کەسانەی کە دەخرێنە ناو بەندیخانەوە، هۆکارێکی دیاریکراو، یاخود گیروگرفتێکی تایبەتی کارتێکەر بووە لەسەریان.

گۆڕینی ئەمانە لە ڕێگەیەکی هەڵەوە بۆ ڕێگایەکی ڕاست، کات و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە لەسەرمان کە بەندکراوەکان لە ژینگەیەکی داخراوەوە بگوازێتەوە بۆ ژینگەیەکی چاککردن و چاکسازی بۆکردن، ئەویش لە ڕێگەی کتێبخانەوە. (گەر دەتەوێ مانای بزانی سەردانێکی بەندیخانە بکە)

ئەمڕۆ وڵاتانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدان کە بتوانن لە ڕێگەی کتێبخانەکانەوە ئاستی ڕۆشنبیری لەناو کۆمەڵگەدا بەرز بکەنەوە، ئەمەش بە کردنەوەو زیاد کردنی کتێبخانە تایبەتی و گشتیەکان دەبێت.

نمونەی کردنەوەی کتێبخانەیەکی تایبەتی: بۆ نمونە:

کردنەوەی کتێبخانەیەکی ڕۆشنبیری لە ناوەندی بەندیخانەی شاری (سەنعا) ی پایتەختی وڵاتی یەمەن لەلایەن جێگری وەزیری ناوخۆ لە بەرواری 8 /12 /2005دا ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێر 12.

ئەم کتێبخانەیە (7620) سەرچاوەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو چەندین بابەتی تری تێدا بوو.

لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری بەندکراوەکان و ڕێنمایی کردنیان.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە وڵاتێکی وەکو یەمەن، کە لە ئەو پەڕی کەم دەرامەتی و لاوازیی بوارەکانی ژیاندا گوزەر دەکات و زۆربەی زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوارە، بیرلە چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە بۆ تاکە بەندکراوەکانی کە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەمە زۆرە، باری سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

## پێناسەی کتێبخانەی بەندیخانە :

بریتییە لە ژوورێك یان هۆڵێکی گەورە، کە ژمارەیەك کورسی و مێزی خوێندنەوەی تێدایە، لەگەڵ هەندێ سەرچاوە کە لە ناو ڕەفەکاندا دانراوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕیز کراوە، ئەمە جگە لە چەندان گۆڤارو ڕۆژنامە کە بە تەنیشت یەکەوە، یان تۆزێ دوورتر دانراوە لە جێگایەکدا کە ئارامیی باڵی بەسەردا کێشاوە، تا ڕادەیەك لەبارە بۆ خوێندنەوە.

لە زۆر جێگادا عەرەبانەیەکی گەورە، ڕازاوە بە سەرچاوە، بەناو بەندیخانەکەدا گوزەر دەکات، لە بەردەم ژووری بەندییەکاندا ڕادەوەستێت و سەرچاوەیان پێ دەدات و تەنها هۆڵی خوێندنەوەی هەیە ئەم جۆرەیان.

ئەوەی ئەم کارە ئەنجام دەدات ئەمینداریکی کتێبخانەیە کە شارەزاییەکی باشی هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەم کارەدا.
لە زۆر وڵات سەرچاوەکانی لە ڕێگەی کتێبخانەی گشتییەوە بۆ دابین دەکرێ، بەڵام لە هەندێ وڵاتی تر دابینکردنی سەرچاوە سنووردارە، و دەبێت لە ڕێنمایی و یاساکانی بەندیخانە دەرنەچێت.
ڕای ڕۆین لە پەیمانگەی نیشتمانی بۆ خزمەتگوزاری کتێبخانەی بەندیخانە دەڵێت:
بەندیخانە جێگەیەکی داخراوەو دابڕاوە لە کۆمەڵگەو ترسناکە لە شێوەدا، کەسی بەندیی پێویستی بە دڵدانەوەو هێورکردنەوەو دەربازکردنە لەو دۆخەی کە تێیدایە، بۆ دۆخێکی وا کە ئەم جێگایەی لە بیر بچێتەوە، ئەویش کتێبخانەیە کە دەمانگۆڕێ لە نەزانینەوە بۆ زانین.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی بەندیخانە :-

1- پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی بەندیخانە فێری بەندییەکان دەکات بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان کتێبخانە بەکار بهێنن.
2- گەڕانەوەی بەندیی بەتاکێکی تەندروست بۆ ناو کۆمەڵگە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەناو کۆمەڵگەدا.
3- فێرکردنی بەندیی و ئاشناکردنی بە یاساکانی ژیان، کە ئەمەش بەشێکە لە پرۆگرامەکانی چاکسازی لە نێو بەندیخانەدا.
4- یارمەتی بەندکراو دەدات لە خۆ ڕۆشنبیرکردندا و چاندنی خۆشەویستی خوێندنەوە لە دڵیدا، تاوای لێ بکات ببێ بە بەشێك لە ژیانی دوای دەربازبوونیشی لە بەندیخانە، خۆشەویستی بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە وەریدەگرن و دەیخوێننەوە لەناو کتێبخانەدا.
5- یارمەتی بەندکراوەکان دەدات لە پەرەدان بەو بەهرەو تواناو حەزانەی کە هەیانە، ئەو پیشە دەستییانەی کە لەناو بەندیخانەدا فێربوون تا دوای دەرچوونیان، بژێوی ژیانیانی پێ مسۆگەر بکەن، (ئەگەر پێویستی کرد).
6- پێدانی کۆرسی خوێندن و فێربوونی زمانی بیانی، تاوەکو ئاشنا بن بە کولتووری گەلان و زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم، بۆ نمونە: { ئەنوەر ساداتی سەرۆکی پێشووی میسر لە بەندیخانەدا فێری زمانی ئینگلیزی بوو بە باشی }.
7- دەربازبوونی بەندکراو لەو بارودۆخەی کە تێیکەوتووە لەناو بەندیخانەدا تاوەکو کەمێك ئاسوودە بێت لەو تێکشکاندنەی کە دووچاری هاتووە، و سەر لە نوێ بۆ بوونیاد نانەوەی خود.

8- نەهێشتنی نەخوێنەواری لەناو بەندیخانەدا،لە ڕێگەی کردنەوەی کۆرسی خوێندنەوە، چونکە خوێندن و خوێندنەوە ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتی مرۆڤ بەرز دەنرخێنێت، بیریشمان نەچێت زۆربەی بەندییەکان نەخوێندەوارن لە وڵاتانی دونیادا.

9- ڕەوینەوەی خەمەکانی تاکی بەند کراو و دوورکەوتنەوەی لە بێ هیوایی و بێ ئومێدیی.

10- پارێزگاریکردنی هەموو سەرچاوەکانی کتێبخانەکە لەپێناو لەناو نەچوونیان، ئامانج لەم کارە هەوڵدانە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرهەمە فکرییەکان و گواستنەوەیان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر.

11- زانیاری پێدان بە بەندکراوەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە دەکەونە سنوورەکەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوو دەدات لە دەرەوەی بەندیخانە، ئەویش لە ڕێگەی سازدانی کۆڕو سیمینارو بڵاو کردنەوەی بانگەشە بۆی.

12- دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان بەندییەکان و کتێبخانەدا لە پێناو بەخشینی زانیاری بە بەندکراوەکان لە ڕێگەی ئەو سەرچاوانەی کە بوونیان هەیە لە کتێبخانەدا.

13- ڕێگە خۆشکردن لە پێناو بنیاتنانی پەیوەندیەکی ڕاستەقینە و گونجاو لەگەڵ ئەو کتێبخانانەی کە دەکەونە سنووری کارکردنییەوە، بە تایبەتی لە پێناو ئاڵوگۆڕ کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەکەی بەو سەرچاوانەی کە پێویستی پێیانە و دەستەبەرکردنی بۆ خوێنەران.

14- هەوڵدان بۆ پەرە پێدان و پێشکەوتنی بەرنامەی کتێبخانە کە بە پشت بەستن بەو تازەگەرییانەی کە لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کتێبخانەکاندا ئەنجام دەدرێت.

15- بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیاری بۆ ناو کتێبخانەکە لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە دەکەونە ئەم سنوورە.

16- تێگەیشتنی تاکی بەندکراو لە مانای ژیان و کتێبخانە، کە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژی و ئەنجامدانی تاوان لە بیرو هۆشی تاکی بەندکراودا.

## بەندیخانە قوتابخانەی تێگەیشتنە لە ژیان:-

زۆرن ئەوانەی سەرسەختانە توانیویانە دانەبڕاوو نەپساوە بن بەرامبەر بە گشت نارەحەتی و ئاستەنگییەکانی ناو بەندیخانەوە، هەمیشە لە سەنگەری بەرگرییدا بژین بە تایبەتی لە بەندیخانە تایبەتییەکاندا، کە تایبەتە بە بواری ڕامیاری.

وه له تەك خۆیاندا هەوڵی گۆڕینی ژیانی زۆری تریشیان داوەو هێناویانەتە سەر بیروباوەڕی ڕاست و دروست كە ڕێگەی شەرەفمەندی بووە، لە پێناویدا گیانیان بەختكردووە لە نمونەی سەركردە جیهانییەكانیش وەك نیلسۆن ماندیلا كە (24) ساڵ زیندانی سیاسی بوو لە گرتوخانەكانی ئەفەریقای باشووردا، و لەو گرتوخانەیەوە فەلسەفەی بۆ ژیان دادەڕشت و بەرنامەی بۆ دادەنا.

هونەرمەندانیش ئەم تابلۆیەیان ڕازاندۆتەوە و جوانتر گوازرشتیان لە بەندیخانە كردووە لەوانە: دەرهێنەری میسری بەناوبانگ - یەحیا ئەلفەخەرانی- لە فیلمێكدا باس لەوە دەكات چۆن فێری فەلسەفە دەبێت لە بەندیخانەدا.

لە بەسەركردنەوەیەكدا ڕۆژی 14 ی شوباتی 2010، بۆ لای بەڕێز كاكە حەمەی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، بۆ بینینی كتێبخانەكەی و چۆنیەتی ڕێكخستنی كتێبەكان، لە دواندنێكدا وتی: من لە سالآنی شەستەكاندا كە بەندكراو بووم لە بەندیخانەی گشتی، لەناو بەندیخانەكەدا كتێبخانەی تێدابوو، هەرچی دەردەچوو لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە بۆمان دەهاتە ژوورەوە و دەمان خوێندەوە، ئەمە جگە لە هەموو سەرچاوەكانی تر كە بە جیا دەردەچوون، لەو كتێبخانەیەدا كۆڕی موناقەشەو بیرو ڕا گۆڕینەوە جمەی دەهات، بابەتی وا باس دەكرا، لە دەرەوە هەر دەنگۆی نەبوو- و زۆر بەلآمانەوە خۆش بوو.[136]

## كارەكانی كتێبخانەی بەندیخانە :-

1- ناساندنی كتێبخانە: پێویستە لەسەر كتێبخانەی بەندیخانە دەروازەیەك بێت بۆ ناساندنی كتێبخانە بە گشتیی بە هەموو ئەو كەسانەی كە دەكەونە سنووری بەندیخانەكەوە، یاخوود ئەو كەسانەی كە سەردانی دەكەن.

2- ناساندنی بەشەكان: یەكێك لە كارەكانی كتێبخانە هەوڵدانە بۆ ئاشناكردنی خوێنەران بەو بەشانەی كە كتێبخانەكانی لێ پێك دێت، وەك هۆڵی پەخشنامەكان، گۆڤارەكان.

---

[136] - **چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز كاكە حەمەی مەلا كەریم ڕۆژی 2010/2/14**

3- ڕوونکردنەوەی زانیاری لەسەر سەرچاوەکانی کتێبخانە: بۆ زیاتر ئاشنا کردنی خوێنەران بە کتێبخانە پێویستە زانیاری بدرێت بەو سەرچاوانەی کە بوونیان هەیە لە کتێبخانەکەدا وەك، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، هۆیەکانی بینین و بیستن .... هتد.

4- پشتگیری کردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی: یەکێکە لەو خاڵانەی کە کتێبخانەی بەندیخانە کاری بۆ دەکات لە پێناو دووبارە بنیات نانەوەو دروستکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی لای بەندکراوەکان لە پێناو پشتگیری کردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی دا.

5- یارمەتیدانی بەندکراوەکان لەو کێشانەی کە هەیانە و هەوڵدان بۆ دەربڕینی گرفت و کەم و کوڕییەکانیان و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو لە پێناو گەیشتن بە ڕاستییەکان و دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە ئەنجامیان داوە.

6- دانانی پلانی ڕاستەقینە لە پێناو پاراستنی کولتووری نەتەوایەتی.

7- کردنەوەی کۆرسی تایبەتی لە پێناو ڕوونکردنەوەو زانیاری پێدان لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە خوێنەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە بگەن بە سەرچاوەکانی کتێبخانە یاخود دەستیان بکەوێت.

8- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەتی: پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە کە هەڵبستێت بە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەتی لەسەر ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن بەدەست بهێنرێن بۆ کتێبخانەکەو بەرزکردنەوەی بۆ بەرپرسی بەرزتر لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییەکەیان و دەستکەوتنی سەرچاوەکان.

9- بەشداریکردن و هەوڵدان لە پێناو بنیات نانەوەی فیکری نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵگەداو زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیاری لەو بارەیەوە.

10- لە کارە هونەرییەکانی کتێبخانە:

1- تۆمارکردنی سەرچاوە هاتووەکان.

2- چزوبەندکردنی کتێبە ماندووەکان کە زۆر بەکارهاتوون.

3- ڕێکخستنی بەرنامەی پەرەپێدان بۆ سەرچاوەی زیاتر.

4- هەوڵدان بۆ هێنانی گۆڤارو ڕۆژنامەی نوێ.

5- ڕێکخستنی کاری خولاو و تۆمارکردنی.

6-پێڕست و پۆلێنی سەرچاوەکان

## مافی بەند کراو:-

هەموو بەندکراوێك کۆمەڵێك مافی هەیە لەناو بەندیخانەدا کە دەبێت بۆی دەستەبەر بکرێت لەوانە:

- جێگەی حەوانەوە.
- خۆشتن.
- وەرزشکردن.
- نان خواردن (ژەمی خواردن)
- بینینی فیلم (نمایشکردنی فیلم) لە هەفتەیەکدا.
- بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار.
- *فێر بوونی خوێندن و خوێندنەوە.
- چەندین خاڵی تر.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە (فێر کردنە).

فێر کردن واتا ئاشنا بوون بە هەموو نادیارەکان کە بوونی هەیە و ئەم نایبینێ، یان هەستی پێ ناکات.

شارەزایانی بواری فێرکردن وای دەبینن کە ئەو بەندکراوانەی لە بەندیخانەکاندا هەن مەبەستی سەرەکی لە بەندکردنیان بەخۆدا چوونەوەیە لەو کارەی کە ئەنجامی داوە و هێنانی بۆ بەندیخانە بە مەبەستی ئامادە کردنەوەیەتی جارێکی تر بۆ ناو کۆمەڵگە، تا هاووڵاتییەکی تەندروست بێ (پەند وەربگرێت لەو ماوەیەی کە بەند کراوە).

دەتوانرێ کاری چاکسازییان بۆ بکرێ، ئامادە بکرێن بۆ ناساندنی گشت بوارەکانی ژیان لەوانە:

1- بنیادنانی کەسایەتی (خۆناساندن).
2- بواری بیرکردنەوەو هێزو توانای فکرییان گەشە بکات.
3- متمانە بە خۆ دەکات کە دوای دەرچوون لە بەندیخانە ڕێگەیەکی پیرۆز هەڵبژێرێت بۆ گوزەران و ژیان بەسەر بردن.
4- دەرکەوتنی دەرئەنجامی گرتنەکەی بۆ بەندکراوەکە کە لە نەفامی خۆیدا تێوە گلاوە، هەرچەندە بە مەبەستیش زۆرجار ئەو کارە ئەنجام نەدراوە.

لە فێربووندا هەموو کەسێك مافی فێربوونی خوێندن و خوێندنەوەی هەیە، لەوانە بەلای کەمەوە سەرەتایی و بنەڕەتی کە بە خۆڕایی فێر دەکرێ.

ئەگەر بەندكراوێك نەخوێنەوار بوو، مافی داواكردنی خوێندنی هەیە لە ناو بەندیخانەكەدا.

لە هەندێ وڵاتدا بەندكراو هەیە تایبەتە، واتە ڕێگەی پێ نادرێ بێتە ناو كتێبخانەوە، ئەمەش بۆ دۆسیەكەی دەگەڕێتەوە كە پڕە لەكاری توندو تیژی، یان هەندێجار لەبەر شەڕەنگێزیی بەند كراوە.

## لێپرسراوی كتێبخانە :

گومانی تێدا نییە كە كاركردن لە بەندیخانەدا زۆر خۆش نییە، چونكە مامەڵەكردن لەگەڵ چەند كەسێكدا دەكرێ كە هەریەكەی فایلێكی خۆی هەیەو بیركردنەوەیەكی زۆر جیای هەیە، وە پێویستە بەندیخانەی ژنان ئەمیندارەكەی ژن بێت، بۆپیاوانیش پیاو بێت.

بۆیە لێرەدا پێویستە ئەمینداری كتێبخانە یان بەرپرسێتی كتێبخانە، زۆر بە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بەندكراوەكاندا بكات، چونكە لە ڕووی عەقڵ و ڕەوشت و دەروونەوە جیاوازییان زۆرە، دەبێت بەرپرسی كتێبخانە توانای لە ئاستێكدا بێت كە بزانێت چ جۆرە سەرچاوەو پەڕتووكێك دەگونجێت بۆ خوێنەرانی تا بەرجەستە بێت لە كتێبخانەدا، زیاتر لەگەڵ حەزو ئارەزووەكانی خوێنەری كتێبخانەكەدا تا ڕادەیەك هاوتەریب بێت، هەروەها هەستێت بە سازدان و ڕێكخستنی كۆڕو كۆبوونەوەو سیمینار بۆ بەندكراوەكان لەناو خۆیاندا، یان هێنانی كەسی پسپۆڕ لەو بوارەدا، تاوەكو لێدوان و سەرنج و ئامۆژگارییەكانیان جێگر بێت لە دڵی بەندكراوەكاندا.

## هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ كتێبخانەكە :

دەبێت پێش هەموو شتێك ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین، كە ئەم كۆمەڵگەیە واتە بەندییەكانی بەندیخانە لە چ دۆخێكی دەروونییدا دەژین، دەبێت سەرچاوەكان ئارام بەخش و هێوركەرو ناسك و سوودمەند بن بە واتایەكی تر سەرچاوەی بەسوود هەڵبژێرن بۆیان وەك:

1- ئەو سەرچاوانەی فێری زمان و زانستی زمانەوانیمان دەكات.

2- ئەو سەرچاوانەی كە بۆ پێشخستنی پیشەو پیشەوەری زانستی و كاری دەست بەكاردێت.

3- سەرچاوەی پێكەوە ژیان بە ئاشتی و مامەڵەكردن بە دروستی.

4- سەرچاوەی خۆشەویستی و هیواو سەركەوتن.

5- سەرچاوە دەربارەی یاساو كاركردن بەشێوەیەكی دروست و سوود بەخش و ناساندنی یاساكانی ژیان و ڕێنمایی وەرگرتن.

6- سەرچاوەكانی تایبەت بە نووسین و خوێندنەوەو چاپ و چاپكردن.

7- هونەری وێنە کێشان و مۆسیقا.
8- سەرچاوەی ناساندنی ئایین و کتێبە پیرۆزەکان.
9- سەرچاوەی ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکان.
10- سەرچاوە ی بیری نەتەوەیی و لانەدان لە ڕێبازی نیشتمانیی.

**لەو سەرچاوانەش کە نابێت بوونیان لە کتێبخانەی بەندیخانەدا هەبێت:-**

1- ڕێگە نادرێ بە هێنانی ئەو سەرچاوانەی کە هاندانی تێدایە دەربارەی توندو تیژی بە هیچ شێوەیەك.
2- کتێبی جادووگەری و فالگرتنەوەو هاوشێوەکانی.
3- ئەو سەرچاوانەی کە مرۆڤ تووشی لادان دەکات و فێری خۆشەویستی شەڕو شەڕ نگێزییان دەکات.
4- ئەو سەرچاوانەی باس لە ڕەگەز پەرستی و ڕق و کینەو دووبەرەکی دەکات.
5- کتێبی جنسی وروژێنەر بەتایبەتی وێنەدار.
6- دوورخستنەوەی ئەو سەرچاوانەی بەرەو بازاڕی مەرگ و لەناوچوونمان دەبات کە لە لایەن گروپە توند ڕەوەکانەوە بلاو دەکرێتەوە.
7- هەر سەرچاوەیەك کە کۆمەڵگە نەهیی بکات.
8- ئەو سەرچاوانەی کە ئاسایشی بەندیخانە تێکدەدات و ڕێگە خۆشکەرە بۆ کاری تێکدەری و دەربازبوون لە بەندیخانە.

ئەم نەخشەیەی خوارەوە لەلایەن کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بریتانیاوە پەیڕەو دەکرێ لەناو کتێبخانەی بەندییەکاندا کە بۆ هەر بەندییەك ژمارەیەکی گونجاو سەرچاوەی بۆ دابینکراوە لەناو بەندیخانەکەدا.

| ژمارەی بەند کراوەکان | ژمارەی سەرچاوە |
| --- | --- |
| کەمتر لە 150 | 1500 |
| 350-151 | 3500 |
| 550-351 | 5500 |
| 850-551 | 8500 |
| زیاتر لە 851 | زیاتر لە 8500 سەرچاوە، واتە بۆ هەر بەندییەك زیاد لە 10 سەرچاوە |

ماوەتەوە بلّێین مامەڵەکردنی تاکی بەندکراو بە شێوەیەکی دروست کاردانەوەی زۆر باشی لیّ دەکەوێتەوە، دەبێت دەولّەت هەموو بەندکراوەکان بە ڕۆڵەی خۆی بزانێت، کار بۆ چاککردن و هاوسەنگی بیروباوەڕیان بکات، هانیان بدات لەسەر کرداری چاکە بەردەوام بن، ئەویش بە ئامۆژگاری و بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا تاوەکو پەشیمانی نیشان بدەن لەو کارەی کردوویەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت دەولّەت خۆی دووربخاتەوە لە بەکارهێنانی ئەشکەنجەو لێدان و ترس و تۆقاندن و سوکایەتی پێکردن بە کەرامەت و ئابڕووی تاکی بەندکراو چونکە:

هەموو ئەمانە لە دواییدا ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت و خراپ دەشکێتەوە، دەبێتە هۆی دروستبوونی گیانی تۆڵە سەندنەوە، هەروەك چۆن بینیمان لە بەندیخانەکانی عێراق و چیاکانی ئەفغانستاندا، دواتر چۆن پەرچە کرداری زۆر خراپ بەڕووی بەرامبەردا ڕوویدا.

باشتر وایە بەندکراوەکان بە پێی تاوانەکانیان لە یەك جیا بکرێنەوە، واتە پۆلێنێکی تاوانیان بۆ بکرێت و جێگەشیان جیا بێت، نەوەکو مرۆڤ کوژێك و دزێك و کەسێکی بێگوناهی تووشبوو بەیەکەوە بن،چونکە هەریەکەیان پەروەردەی ژینگەیەکی تایبەتەو بیرو باوەڕێکی سەربەخۆیان هەیە، ڕەنگە ڕوخێنەری بالّەخانەکە بتوانێت کۆنترۆڵی عەقلّی زۆربەیان یان بیرکۆڵەکانیان بکات، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی بابەتێکی ناسراوەوە بۆ مەبەستێکی دیار.

## کەرەستەو پێداویستیەکانی کتێبخانە:

بەندیخانە تازەکان، جگە لەوەی کە شوێنی دیارو دەستنیشانکراوی بۆ کتێبخانە تێدا بنیادنراوە، پێویستە کەرەستەو پێداویستیەکانی بۆ دابین بکات وەك:

1- شێلفی کتێب: دەبێت بە دیواری هۆڵەکەوە نووسا بێت، یان بە دوو ڕووەوە سەرچاوەکانی نمایش بکرێ و بواری فراوانبوونی ئاسۆیی، ستوونی بۆ ئایندە لەچاو بگرێ، تاوەکو زۆرترین سەرچاوە لە خۆ بگرێ.

2- مێزی خوێندنەوەی پێویست کە بەشی خوێنەر بکات لە کاتی پێویستدا.

3- بوونی ڕەفەو نمایشکاری گۆڤارو هەڵگری ڕۆژنامە.

4- جێگە بۆ پێڕستی کتێب.

5- شوێنی ئەمینداری کتێبخانەو (جێگەی دیار).

6- بوونی مێزی پێشوازی لەبەر دەرگا بۆ هاموشۆکەرانی کتێبخانە.

7- بوونی مێزو کورسی پێویست لە هۆڵی گفتوگۆ کردندا.

8- بوونی عەرەبانە بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکان لەناو کتێبخانەوەو دەرەوەی کتێبخانە.

9- بوونی ڕێژەیەکی پێویست لە بۆکس فایل بۆ هەڵگرتنی دۆسیەی کتێبخانە لە شوێنی گونجاودا.

10- کەرەستەی بینەریی و بیسەریی بۆ نمایشکردنی فیلم.

11- ئامێری فۆتۆکۆپی لەگەڵ کۆمپیوتەر.

12- دابینکردنی سەرچاوەکانی ساردی و گەرمی و کەشی لەبار بۆ خوێندنەوە جگە لە ڕۆشنایی کە زۆر پێویستە بۆ بەندکراوەکان.

# دەرئەنجام:

لە میانەی گەڕان و بەدوادا چوونی سەرچاوە لەسەر کتێبخانەی بەندیخانە لەسێ سەرچاوە زیاتر چنگ نەکەوت، کە بە ڕاستی سوودم لێ وەرگرتوون، بەڵام هێشتا لەنگیی لە بابەتەکەدا هەیە لەو دەرئەنجامە ئەمانەن:

1- بۆمان دەرکەوت زوربەی زۆری بەندییەکان لە یاسا شارەزانین و زۆریشیان نەخوێندەوارن و بێ ئاگان لە یاساو ڕێساکان.

2- لەناو هەر ولاتێکدا سیستەمێکی خوێندنەوە بۆ کتێبخانەی بەندیخانە دەکرێ بۆ نموونە، هەندێ ولات ڕێگە نادات هەموو سەرچاوەیەك بچێتە کتێبخانە و خۆی دەستنیشانی بابەتەکان دەکات لەلایەن بەڕێوەبەری بەندیخانەکەوە بۆ نموونە:

أ. لە ولاتانی وەك کوەیت، میسر، زیاتر کتێبی کۆمەڵایەتی و گشتییەکان دەخرێتە بەردەست کەچی لە کوەیت (ئاینیی) دەتوانرێ لەگەڵیدا بخوێنرێتەوە، بەڵام لە میسر تەنها بنەما گشتییەکان و ئەوانەی مرۆڤ دەبەستێتەوە نەك جیهادو شەڕو شتی تر.

ب. لە ولاتی مەغریبی عەرەبیدا کتێبەکانی وەك (ئەدەب – کۆمەڵایەتی – تەندروستی – ئەخلاق) دروستە بۆ خوێندنەوە، کەچی لەپاڵ ئەمەدا بابەتەکانی وەك (فیکر – سیاسەت – یاسا) قەدەغەیە، بەڵام دەتوانن گۆڤارو ڕۆژنامە بخوێننەوە.

ج. لە لوبنان ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە یاساو مافەکانی بەندکراو لە بەندیخانەدا زۆر ئاساییە، کە بەندکراو بۆی هەیە بە پێی یاسا داوای مافی خۆی بکات.هەروەها یاسای بەندیخانە ڕێگە دەدات بە هاتنە ناوەوەی ڕۆژنامەکان کە ڕۆژانە دەردەچێت، و ئەو سەرچاوانەی کە سوودی هەیە بۆ خوێندنەوە بە گشتی ڕێگە پێدراوە، بەڵام لە مەغریب یاسا ڕێگە دەدات کە گۆڤارو ڕۆژنامە بێت وەك (شەخص) بۆ خۆت بەمەرجێ پارەی بەشدار بوون خۆت بیدەیت. ئەمانە هەموو سەرنج و تێڕامانیان دەوێت کە لە هەر ولاتێکدا یاسا بڕیاری خۆی هەیە، بۆیە دەڵێین ئازادی تاکەکان پەیوەستە بە ئازادی دەرەوەی بەندیخانە، چونکە بڕیارەکان لە دەرەوە دەردەچن.

# بەشی سێ یەم

# کتێبخانەی زانکۆ

پاری یەکەم : ا- کتێبخانەی زانکۆ

ب- کتێبخانەی تاییە تمەند .

پاری دووەم: کتێبخانەی نیشتمانی

پاری سێ یەم : کتێبخانەی قوتا بخانە

پاری چوارەم : کتێبخانەی کەسایەتی

پاری پێنجەم : کتێبخانەی مزگەوت و ئەوقاف

پاری شەشەم : کتێبخانەی مۆزەخانە و مۆزەخانەی عێراقی و مۆزەخانەی مندالأن

## پاری یەکەم : ( ١ )

## کتێبخانەی زانکۆ : المكتبة الجامعية = University libraries



کتێبخانەی زانکۆ بە یەکێك لە گرنگترین جۆرەکانی کتێبخانە دادەنرێت و پێوەرێکی سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی زانکۆ، هەتاوەکو کتێبخانەی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدا ببینرێت، واتە زانکۆکە ئاستی زانستی بەرزە و بە پێچەوانەوە هەتاوەکو کتێبخانەکە لاواز لە ڕێکخستن و کۆلێکشندا بەدی بکرێ، ئەمە جگە لە کارمەندی پسپۆڕ ئەوا لاوازی زانکۆکە بە ئاشکرا دیارە.

لە هەموو دنیادا کە شاندێکی زانستیی سەردانی زانکۆیەك دەکات، یەکەمینجار سەردانی کتێبخانەکەی دەکات، چونکە پێوەری زانکۆکەیە و لێرەوە بڕیار لەسەر بەرزی و لاوازی ئاستی زانکۆکە دەدرێت.

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کتێبخانانە لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم بە تایبەتی دوای هاتنی شارلمان، کە هەستا بە گۆڕینی کتێبخانەی کلێسا گەورەکان کە زانستی تێدا دەخوێنرا بۆ زانستگا و دابینکردنی سەرچاوە بۆیان، ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕان و نووسینەوەی سەرچاوە دانسقەکان و کەم وێنەکان، و هاندانی خەڵکی بۆ خوێندن کە ئەمەش وای کرد زانکۆی گەورە دروست ببێ لەو کاتەدا، وەك زانکۆی پراغ لە پۆڵۆنیاو زانکۆی سۆربۆن لە فەڕەنسا کە کتێبخانەکانیان بێ وێنە بوون لە سەرچاوەدا.

جیاوازی هەیە لە نێوان کتێبخانە ئەکادیمیاییەکاندا کە بە کتێبخانەی زانکۆ ناسراون لەگەڵ کتێبخانە تایبەتمەندەکاندا. هەندێ ئەڵێن پێویستە هەردوو جۆرەکەی کتێبخانە (زانکۆ — تایبەتمەند) لە ژێر یەك ناونیشاندا بنووسرێ، لەبەر ئەوەی زانکۆش تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە کۆلێکشنەکانی کتێبخانەی زانکۆ لە بنەڕەتدا تایبەتین کە کتێب و چاپکراوەکان سەر بەیەك بابەتی ناسراون، یان چەند بابەتێك لە ژێر یەك ناونیشاندا خۆی دەبینێتەوە.

مەبەست لە کتێبخانەی زانکۆ ئەو کتێبخانەیەیە کە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی خزمەت و خزمەتگوزاری بۆ هەر یەکێك لە:

مامۆستایانی زانکۆ یا پەیمانگە

قوتابیان و خوێندکاران و توێژەران

کۆمەڵگەی زانکۆ — فەرمانبەران و ستافی کار

پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لە لایەن زانکۆوە هاوکاری دەکرێ.

کتێبخانەی زانکۆکان جیاوازیان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دا جیاوازیەکانیش لەسەر ئەم خاڵانە بەندە:

1- قەبارەی زانکۆ و کۆلێجەکانی:

واتە هەتا قەبارەی زانکۆ گەورە بێت و ژمارەی کۆلێجەکانی زۆر بێت دەبێت کتێبخانەکەشی گەورە بێت و لە ئاستی پێویستدا بتوانێ خزمەت بکات.

2- ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ و فەرمانبەرانی زانکۆ کە:

مەبەست لەم خاڵە سەرچاوەی پێویست هەبێت بۆ سەرجەم خوێندکاران و فەرمانبەران.

3- ژمارەی بەشە زانستییەکانی کۆلێج:

بۆ نموونە کۆلێج هەیە (4) چوار بەشە، کۆلێج هەیە (12) دوازدە بەشە، کۆلێج هەیە (6) شەش بەشە، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین هەتاوەکو ژمارەی بەشەکان زۆر بێت، دەبێت سەرچاوە لەناو کتێبخانەدا زۆر بکرێت، تاوەکو پێداویستی گشت بەشەکان دابین بکات.

4- جۆری خوێندن و سروشتی خوێندنەکە: واتە تەنها خوێندنی بەکالۆریۆسی تێدایە یان خوێندنی باڵاش، کە ئەویش بریتییە لە دبلۆمی باڵا — ماجستێر — دکتۆرا.

چونکە دابینکردنی سەرچاوە بۆ بەکالۆریۆس جیاوازترە وەك لە ماجستێرو دکتۆرا، لەبەر ئەوەی ئەمان باڵاترن لە زانستدا.

5- پێگەو جێگای کتێبخانە کە دەبێت لە ناوەندی زانکۆدا بێت.

ئەمانە بە گشتیی ئەو خاڵانە بوون کە دەبێتە هۆی جیاوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە کتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر. کتێبخانەی زانکۆ ئەرك و ئامانجەکانی لەلایەن زانکۆوە دەستنیشانکراوە، ئەویش لە سێ لایەندا خۆی دەبینێتەوە:

1-فێربوون
2-توێژینەوەی زانستیی
3-خزمەتکردنی کۆمەڵ
هەموو زانکۆیەك لە بواری ڕاهێنان و ئامادە کردندا بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە بواری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کە لە لایەن خوێندکارانی خوێندنی باڵاوە ئەنجام دەدرێت و زانکۆ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات.
هەموو ئەو توێژینەوانەی کە لە ناو زانکۆدا ئەنجام دەدرێت ئەنجامەکەی گەشتاندنی بۆ دەکرێ بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان تا بتوانن سوودمەند بن لەو ئەنجامەی کە بەدەستهاتووە کە لە لایەن خوێندکارانی خوێندنی باڵاوە ئەنجامدراوە. بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەت بە کۆمەڵگە.

## ئەرکەکانی کتێبخانەی زانکۆ

ئەرك و فەرمانەکانی دەستنیشانکراوە، دەبێت جێبەجێ بکرێت، لەو ئەرکانەی کە بە کتێبخانەی زانکۆ سپێرراوە بریتییە لە:
1) دابینکردن و هەڵبژاردنی سەرچاوەی پێویست کە شیاو بێت بۆ کتێبخانە، هەر لە کتێب و گۆڤارو چاپەمەنییەکانی تر، ئەمە جگە لە فیلم و نەخشەو فیلمی بچووکراوە و وێنەو سەرچاوەی تر.
2) ئاسانکاری کردن بۆ خوێنەر لە ڕێگەی چۆنییەتی بەکارهێنانی کابینەی پێڕستەکانەوە، تاوەکو ئەو سەرچاوەیەی داوای دەکات بۆی دەستەبەر بکرێ.
3) ڕێکخستنی سەرچاوەکان لە ڕێگای پێڕست و پۆلێن کردنەوە، و ئامادەکردنی کارتی پێڕست.
4) دانانی ژمارەی پۆلێن لەسەر شانی کتێبەکانی کتێبخانە لەگەڵ لێدانی نیشانەی تایبەت وەك (مۆر — ختم) لە لێواری کتێبەکانی کە ئاماژەیە بەوەی ئەم سەرچاوەیە موڵکی کتێبخانەیە.
5) چزوبەند کردنی ئەو سەرچاوانەی کە چزوبەند کراوە لەناو کتێبخانەدا، ئەمە سوودی زۆری هەیە لەوانەیە:
ا- کتێبەکە لە دڕاندن دەپارێزێت.
ب-تەمەنی درێژ دەکات.
ج-بە خاوێنی بەرگ و بەشەکانی دەمێنێتەوە و کتێبەکە ناچەمێتەوە.
6) یارمەتی و هاوکاریکردنی خوێنەر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کابینەی پێڕستەکان و پێدانی زانیاری
7) وەرگرتنەوەی کتێب لەو کەسانەی کە کتێبەکەیان خواستووە، چ خوێندکاری زانکۆ، یان فەرمانبەری زانکۆ، بە شێوەیەکی باش و بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی خواستن.

8) دابینکردنی کەشێکی ئارام و گونجاو بۆ خوێندنەوە و دابینکردنی کەرەستەکانی ساردی و گەرمی.
9) دابینکردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی لە کتێبخانەی زانکۆکانی تر ئەویش لە ڕێگای سیستەمی خواستنی دەرەکییەوە بۆ ئەوەی سوودی لیَ وەربگیرێت لەلایەن خوێندکارانەوە.
10) ڕێکخستنی پێشانگەی کتێب (ساڵانە یان شەش مانگ جارێ یان وەرزییانە).

نیشاندانی سەرجەم ئەو سەرچاوانەی کە لە ماوەی یەك ساڵدا بەدەست هاتووە تاوەکو خوێنەران ئاشنا بن و ناوەرۆکی بابەتەکانی بە چاوی خۆیان ببینن، ڕێکخستنی پێشانگەی کتێب بە هاوکاری و بەشداری دەزگاکانی چاپ دەکرێ ناوخۆیی بن یان دەرەکیی و دەبێت تازەترین جۆری بابەت نمایش بکرێ و لایەنی زانستی نابێت بە هیچ شێوەیەك پشت گوێ بخرێ. (نمایش بۆ فرۆشتن نییە) بەشداری لە فرۆشتنی ئەو سەرچاوانەدا دەکات کە زانکۆ بەرهەمی هێناوە و ژمارەیان زۆرە.

11) بەستنی کۆڕو سیمینار لەسەر کتێبخانە و بەشداریکردن لە چالاکییەکانی کتێبخانەی زانکۆکانی تردا و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کتێبخانەی زانکۆکاندا چ لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات.
12) دەستەبەرکردنی هێڵی ئینتەرنێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ خوێندکاران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، تاوەکو نوێترین سەرچاوە بۆ بابەتەکانیان هەڵبژێرن و لە تازەترین هەواڵی زانستی بەئاگا بن بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکانیان.

## پێکهاتەی سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەی زانکۆ

لەبەر ئەوەی کتێبخانەی زانکۆ جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا بە تایبەتی لەگەڵ کتێبخانەی گشتییدا، چونکە کتێبخانەی زانکۆ خزمەتی کۆمەڵگەیەك دەکات کە تەمەن و ئاستی زانستی و تێگەیشتنیان نزیکە لە یەکەوە، واتە لە نێوان 18-24 ساڵدان، بە پێچەوانەوە لە کتێبخانەی گشتیدا خزمەت بە سەرجەم چین و توێژەکان دەکات بەبێ جیاوازی ڕەگەز، ئاین، ڕەنگی پێست، بیروڕا، تەمەن... هتد.

خزمەتکردن لەم کتێبخانەیەدا دەستنیشانکراوە، واتە لە سنووری زانکۆ دەرناچێت (حەرەمی زانکۆ) ناترازێت، جگە لەو کەسانەی کە لە ناو ئەم حەرەمەدان، هیچ کەسێکی تر سوودمەند نابێت لە سەرچاوەکانی ناوی.

لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری بۆ کتێبخانەی زانکۆ، پێویستە لەسەرمان ئەو سەرچاوانە هەڵبژێرین کە یارمەتی پرۆسەی فێرکردن و پێش خستنی زانکۆ دەدات و لەگەڵ ئامانجەکانیدا یەك دەگرێتەوە، و ئاستی زانستی مامۆستایان و خوێندکاران و فەرمانبەران بەرز دەکاتەوە بۆ هەستان بە کارەکانی خۆیان لەم بوارانەدا.

1-هەڵبژاردنی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە پەیوەندی هەیە بەو بابەتانەی کە لە ناو بەشەکانی ناو کۆلیجدا دەخوێنرێت.
2-هەڵبژاردنی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە یارمەتی مامۆستایان دەدەن بۆ وانە وتنەوە.
3-هەڵبژاردنی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە یارمەتی مامۆستایان دەدەن بۆ توێژینەوە، لێکۆڵینەوە، کە ئەمە چالاکی بنەڕەتی مامۆستای زانکۆیە بۆ پەرەپێدانی بابەتەکانی خوێندن و دەوڵەمەند کردنیان.
4-هەڵبژاردنی سەرچاوە فەرهەنگییەکان هەر لە فەرهەنگ، ئینسایکلۆپیدیا، مرجع، معجم و ڕێبەری پێویست.
5-ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ خوێندن و دروستکردنی و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوە.
6-هەڵبژاردنی هەندێ سەرچاوەو چاپەمەنی کە یارمەتی کارگێڕییە جیاوازەکانی زانکۆ بدات، هەر لە ڕاگرایەتی کۆلێجەکان و بەشە جیاجیاکانیانەوە بۆ سەرجەم فەرمانبەران تا پەرە بە کارو ئەرکەکانیان بدەن لەخۆ پێشخستندا.
7-هەندێ سەرچاوە لەسەر خودی زانکۆکە خۆی، کە باس لە مێژووی زانکۆ لە کۆن و نوێدا بکات و ئەو چالاکییانەی کە ئەنجامی داوە، کە بۆتە هۆی پێشکەوتنی.
8-هەندێ سەرچاوە فەرمانبەرانی زانکۆ پێویستیان پێیەتی بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و سوود وەرگرتن لێی لە کاتە بەتاڵەکاندا.

## کێ بەشداری دەکات لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا

(5) پێنج لایەن بەشداری هەڵبژاردن دەکەن لە کتێبخانەی زانکۆدا:

1- ئەندامانی دەستەی وانە بێژی (مامۆستایانی زانکۆ).

مامۆستایانی زانکۆ کۆڵەکەی بنەڕەتی هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەن، چونکە ئەمان نوێنەری بوارە جیاجیاکان و بەشە جیاوازەکانی زانکۆن، هەر ئەمانیش دەزانن خوێندکار پێویستی بە چ بابەتێکە بۆ خوێندنەوە و زانین و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوەکانیان، ئەمە جگە لەوەی کە خۆشیان چیان پێویستە بۆ کاتی وتنەوەی مادەکان و ئامادەکردنی توێژینەوەکانیان، ئەم دەستەیە پێویستە ئەو سەرچاوانە هەڵبژێرن کە خۆیان لایان مەبەستە و پسپۆڕییەکەیان زیاتر ورد دەکاتەوە بە شێوەیەکی گشتی و بەرپرسن لە پێشخستن و گەشە کردنی بوارەکەیان.

هەندێ لایەنی خراپ هەیە لە مامۆستایانی زانکۆدا لە کاتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا لەوانە:

أ- زوربەی زۆری مامۆستایان بایەخ بەو ڕەخنانە نادەن کە لە سەرچاوەکان دەگیرێت و لە بلاوکراوەکاندا بلاو دەکرێتەوە.

ب- زانیاری تەواویان نییە لەسەر بیبلۆغرافیا.

ت- زوربەیان کاتی بەتالّیان نییە بۆ هەستان بە هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە.

پ- زۆر حەز بەم کارە ناکەن، چونکە دوورە لە بوارەکانی خۆیانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ بوارێك نییە بۆ وازهێنان لێیان و ئەمان دەبنە هۆی پێشکەوتن و گەشە کردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

2- سەرۆکایەتی زانکۆ، یان کارگێڕانی زانکۆ

بەڕێوەبەرایەتی زانکۆ پێکدێت لە سەرۆکی زانکۆ و هەر 3 سێ جێگرەکەی لەگەڵ ڕاگرانی گشت کۆلێجەکان و کارگێڕە جیاوازەکانی تر لەناو زانکۆدا، ئەمانە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەیە لە پێشخستنی کۆلێکشنەکانی کتێبخانەدا لە ڕێگەی دیاریکردن و هەڵبژاردنی کتێب و پێداویستیەکانی کتێبخانە، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە ئەمان ستافی وانە بێژی زانکۆن و تایبەتمەندێتی بابەتیانەیان هەیە و شارەزان لە پێداویستی زانستی گشت بەشەکانی ناو کۆلێجدا، یان لەو کەسانەن کە کارگێڕی لێهاتوون کە بایەخ و پەرە دەدەن بە کتێبخانە لە ڕێگای ئەو پێشنیارە بنیاتنەرانەی کە پێشکەشی دەکەن، هەروەها هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی کە دەبێتە هۆی پێشخستنی جیهازی کارگێڕی زانکۆ.

3-لیژنەی کتێبخانە، یان ئەنجوومەنی کتێبخانە

لە زوربەی کتێبخانەی زانکۆکاندا لیژنەی کتێبخانە هەیە کە بەرپرسە لە هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانەکە یا بەرپرسە لەسەرپەرشتیکردنی کتێبخانەکە و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆلێکشنەکانی ئەمەش لە ڕێگەی:

أ) بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی سەرچاوە.

ب) پڕکردنەوەی کەمو کوڕییەکان لەسەرچاوەی دەستنیشانکراو.

ت) پەیداکردنی پارە بۆ کڕینی کتێب و سەرچاوەی زانستی.

لە زۆر کتێبخانەی زانکۆییدا ئەنجوومەنی کتێبخانە دەستەی وانەبێژی لە بواری کتێبخانەدا بۆیە سەرکەوتوون لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا.

جگە لەمەش لەو کتێبخانانەی کە ستافی وانەبێژی ئەندام نین، ئەمیندارانی کتێبخانە لێپرسراویەتی بەشەکانی دەگرنە ئەستۆ و ئەوان دەستنیشانی سەرچاوەی داواکراو دەکەن بۆ کڕین بۆ کتێبخانە.

4-ئەمینداری گشتی کتێبخانە و فەرمانبەران

بەشە جیاوازەکانی ناو کۆلێجەکانی زانکۆ بەرپرسن لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە لە بوارەکەی خۆیاندا هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر فەرمانبەری کتێبخانەی زانکۆ هەڵبژاردنی بیبلۆغرافیاو سەرچاوە فەرهەنگییەکان و سەرچاوە گشتییەکانن کە پێویستە بۆ کتێبخانە.

سەبارەت بە ئەمینداری کتێبخانە کە بەشداری ڕاستەوخۆ دەکات لە هەڵبژاردنی سەرچاوەکان بۆ کتێبخانە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

1) پێویستە ئاشنای ئامانجەکانی زانکۆ بێت، یان شارەزایی باشی هەبێت بە ئامانجەکانی زانکۆ.

2) زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ئەو وانانەی کە لە پرۆسەی فێرکردندا دەخوێنرێت لە بەشە جیا جیاکانی زانکۆدا.

3) دەبێت خودی خۆی کەسێکی بیرفراوان بێت و زانیاری باشی هەبێت لەسەر هەڵسەنگاندنی کتێب.

4) ئامادەیی تیا بێت بۆ بەخشینی کاتی خۆی بۆ بەدواداچوونی سەرچاوە فیکرییەکان.

5) زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر کۆلێکشنەکانی کتێبخانە و ئاگاداری لاوازیی و بەهێزیی سەرچاوەکان بێت.

6) ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کتێبخانە و ستافی وانەبێژی (مامۆستایان) بەهێز بکات و باوەڕی بە هاوکاری و ئارەزووی هەڵبژاردن هەبێت.

هەندێجار بەرپرسی کتێبخانە کاتی تەواوی نییە یان بواری جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەی نییە، ناشکرێ کارەکە بسپێررێ بە فەرمانبەرێك، بۆیە پێویستە ئەم ئەرکە ڕووبەڕووی بەشی تەزوید بکرێتەوە، چونکە بەشی تەزوید بەرپرسی یەکەمە لە دابینکردن و دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە.

5-خوێندکاران

بۆ بنیاتنانی پردێکی پتەو لە تێگەیشتن و باوەڕ بە یەکتر کردن لە نێوان خوێندکاران و کتێبخانەدا پێویستە بایەخ بە پێشنیارەکانیان بدرێت کە تایبەتە بەو مادانەی پێویستیان پێی هەیە، هەندێ جار مامۆستایان شتیان لە بیردەچێت کە گرنگن بۆ کتێبخانەو بۆ خوێندکاریش کە یارمەتی خوێندن و توێژینەوەکانیان دەدات، مافی خوێندکارەکەیە پێشنیار بکات بۆ دابینکردنی ئەو سەرچاوانە، لە بیریشمان نەچێت دوو جۆر خوێندکار هەیە لەناو زانکۆدا: -

1- خوێندکاری خوێندنی بەکالۆریۆس

2- خوێندکاری خوێندنی بالاّ { ماجستێرو دکتۆرا }.

لێرەدا کتوپڕ بڕیار لەسەر پێشنیارەکان، یان داخوازییەکان نادرێت، بەڵکو دیراسە دەکرێ و بە پێی زۆری خواستن داخوازییەکان جێبەجێ دەکرێ، کاتێك کە ئەو سەرچاوانە لە کابینەی پێڕستەکاندا بوونیان نەبێت یان لە تۆماری بەشی تەزویددا نەنووسرا بێت.

## مەرجەکانی شیاوێتی بەڕێوەبەری کتێبخانەی زانکۆ

1- خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی بێت (ماجستێر،دکتۆرا) پەیوەندی داربێت بەو بابەتانەی کە لە زانکۆ و کۆلێجەکاندا دەخوێنرێت.

2- هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر بێت لە زانستی کتێبخانە و زانیارییەکاندا، کە شیاو بێت بۆ هەڵگرتنی نازناوی زانستی زانکۆیی و پێویستە یەکێك بێت لە مامۆستایانی وانەبێژی کۆلیج لەناو زانکۆدا.

3- سەلیقە و شارەزاییەکی باشی هەبێت لە کاری کتێبخانەدا و لە (3) سێ ساڵ کەمتر نەبێت.

4- زانینی یەکێك لە زمانە بیانییەکان بە باشی لەو زمانانەی کە لە ناو کتێبەکانی ناو کتێبخانەدا هەیە.


5- ئەبێت خاوەنی کەسایەتییەکی باش بێت، بیرو هۆشێکی کراوەی هەبێت، زیرەك و چالاك و تەندروست بێت لە بیر کردنەوەدا، کە ئەمانە هەمووی یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن و ڕەفتارکردن لەگەڵ کارگێڕانی زانکۆ و کۆلێج و مامۆستایان و خوێندکاراندا.

## بەشەکانی کتێبخانەی زانکۆ

کەمی و زۆری بەشەکانی کتێبخانەی زانکۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە زانکۆ خۆیەوە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد، هەتاوەکو بەشەکانی کتێبخانە زۆر بێت، ئاستی خزمەتگوزاری زۆر دەبێت و بەرچاو ڕوونیی زۆرتر دەبێت.

دروستبوونی بەشە هەستیارەکان لە کتێبخانەی زانکۆدا پەیوەندی بە پێویستی بوونیان هەیە لە کتێبخانەدا. زۆر کتێبخانەی زانکۆ هەیە تەنها (6) شەش بەشە یان کەمتر، کتێبخانەش هەیە زیاد لە 15 بەشە، ئەمە دەکەوێتە سەر گرنگی ئەو کتێبخانەیە لە ناو زانکۆ و ئەو جێگەیەی کە هەیەتی.

ناچینە ناو ناوەرۆك و کار و ئەرك و ئامانجی هەریەکەیان، چونکە پێشتر لە پێکهاتەی بەشەکانی کتێبخانەدا ئاماژەمان پێدا بە ڕوون و ئاشکرایی، لێرەدا ئاماژە بە بەشەکان دەکەین.


ئەمینداری گشتی کتێبخانە
خزمەت گوزاری هونەری ( ناڕاستەوخۆ )
خزمەت گوزاری خوێنەر (ڕاستەوخۆ)
بەشی سەرچاوەهاتووەکان
بەشی پێرست
بەشی پۆلێن
بەشی جزوبەند
خزمەت گوزاری بەشی خواستن
خزمەت گوزاری بەشی سەرچاوە فەرهەنگیەکان
خزمەت گوزاری بەشی خولاوەکان
خزمەت گوزاری بەشی تێزەکان
خزمەت گوزاری بەشی بینراو بیستراو
خزمەت گوزاری بەشی پەیوەندی و زانیاریەکان
یەکەی دیاری
یەکەی کڕین
یەکەی ئاڵوگۆڕ
یەکەی سپاردن

تەمەنی زانکۆش کاریگەری هەیە لەسەر کەمی و زۆری بەشەکان، ئەو زانکۆیانەی تەمەنێکی پڕ سەروەرییان هەیە لە پێگەیاندنی کادری پسپۆڕو دامەزراندنی حکومەت، هەمیشە لە داهێنان و بەردەوام بووندا بوون، دیارە ئەرشیفێکی زۆر گەورەشی هەیە.

لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانەی زانکۆ فراوان و هەمە چەشن و هەمە بابەتن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمە لایەنی بابەتەکانی خوێندن و تایبەتمەندی و پێکهاتەی کۆمەڵگەکەی، ئەمەش وا دەکات فرە بەشیی تێدا بەرقەرار بێت.

## تەلاری کتێبخانە

بێگومان تەلاری کتێبخانە خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە زۆر ڕووەوە لەوانە:

1- سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناو کتێبخانە (جوانیی و گەورەیی کتێبخانە).
2- دابینکردنی کەشێکی ئارام و لە بار و گونجاو بۆ خوێندنەوە.
3- شوێنی پشوو وەرگرتن لە ناو کتێبخانەکە (بوونی کافیتریا).
4- بوونی جێگای شیاو بۆ سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار تیایدا.
5- دڵنیابوون لە بوونی کەلو پەلو پێداویستی گونجاو لە ناو کتێبخانەکەدا.

پێش هەموو شتێك دەبێت کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ لە ناوەڕاستی کۆمەڵگەی زانکۆدا بێت، بۆ ئەوەی خوێندکارو مامۆستا لە گشت لایەکەوە بە زووترین کات بتوانن سەردانی کتێبخانە بکەن و داخوازییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.

دابەشبوونی بەشەکانی ناوی بە پێی پێویستی و بە لەبەرچاوگرتنی کات بۆ خوێنەر، دەبێت لەناو کتێبخانەدا چەندان هۆڵ بۆ خوێندنەوە مسۆگەر بکرێت و ڕەچاوی ژمارەی خوێنەران بکرێت، هەروەها دەبێت جێگاکان بە پێی تایبەتمەندییان ڕەچاو بکرێ، هۆڵ بۆ خوێندنەوەی خوێندکاران، هۆڵ بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا. هۆڵی مامۆستایانیش دەستنیشان بکرێ.

هەتا دەتوانرێت سیستەمی شێڵف کراوە پەیڕەو بکرێ وخوێندکار ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەی کە خوازیاریەتی و خوێندکاران فێر بکرێن لە چۆنییەتی مامەڵە کردن لەناو شێلفەکاندا، لە کاتێکیشدا ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکرێ کە ئاستی زانستی خەڵك گەیشتبێتە ئەو ڕادەیەی پێویستی بە ڕێنمایی کردن نەمابێ لە ناو زانکۆدا.

لەلای خۆشمان کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ لە کوردستاندا هەیە، ئێمە ئێستا (5) پێنج زانکۆی حکومیمان هەیە لەوانە، زانکۆکانی دهۆك، هەولێر و کۆیە، کەرکوك، سلێمانی، ئەمە جگە لە زانکۆ ئەهلییەکان.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کام کتێبخانەیان مەرجی کتێبخانەی زانکۆیی تێدایە وەك پێویست، هەر هەمووی پێشتر بینای کۆن بووەو نوێ کراوەتەوەو گۆڕانکارییەکی بۆ کراوەو کراوە بە کتێبخانەی زانکۆ، تەنها کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەددین نەبێت کە ڕەنگە تا ڕادەیەك بتوانێ لە ئاستی پێویستدا بووبێ، بەڵام ئێستا نا، چونکە ژمارەی سەرچاوەکان ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە و جێگەکان هەمان جێگەی پێشترن، ژمارەی خوێندکارو مامۆستایان ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات، ئەمەش بەهۆی کردنەوەی بەشی نوێ لە ناو کۆلێجەکاندا، جگە لەوەی سیستەمی قبوڵ مەرکەزی هیچ کەسێکی مەغدور نەکردووە لە وەرگرتنی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا.

دەبێت تۆکمەترین بەرنامەی داهاتوو بۆ کتێبخانەیەکی مەرکەزی لە زانکۆدا دابنرێ و پێش بڕیاردان لەسەر کردنەوەی زانکۆیەك لە هەر جێگایەك، دەبێت بیر لە کتێبخانەکەی بکرێتەوە، چونکە نێوان مامۆستاو خوێندکار سەرچاوەکانە.

تا ئێستاش مێزو کورسی کتێبخانەکانی ئێمە ستاندار نییەو بە پێی میزاجی تەندەر لێدەر دروستکراوە، کە نە شانی هەیە و نە ڕووپۆش کراون بە قوماشێك، کە خوێنەر لەسەری دادەنیشێت لە زستاندا لە جێگەی خۆی دەتەزێت.

ئیتر ئەمە بە بەراورد بە هەموو پێداویستیەکانی تر.

لە عێراقدا یەك کتێبخانە بە شێوەی نمونەیی دروستکراوە بۆ زانکۆ، ئەویش کتێبخانەی زانکۆی موسلـ- ە کە لە دەهەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دروستکراوە.

کە بە تازەترین دیزاین و ستایلی نوێ بنیاد نرا بوو لە ناو چەقی زانکۆی موسڵدا و لە چەند نهۆمێکی بەر بڵاو پێکهاتبوو، ئەمە جگە لە ژێر زەمینێکی فراوان، ئەم کتێبخانەیە دەوڵەمەندترین کتێبخانەی زانکۆ بوو بە سەرچاوەی زانستی بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەی زانکۆی مستەنسریە و بەغدا کە مستەنسریە نزیکەی (450) هەزار سەرچاوەی هەبوو.

هەموو ئەو بەشانەی کە ناومان برد جگە لە بەشی دەستنووس (مخگوگات) هەمووی تێدا بوو.

بەڕاستی نمونەی کتێبخانەی زانکۆ بوو لە عێراقدا، بەڵام بە داخەوە لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا هێزی شڕە خۆرو دەستی ڕەش کتێبخانەکەی هەپرون بە هەپرون کردو سەرچاوەکانیان بەتاڵان برد بێ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن، مامۆستاکان دەگریان بۆ ئەو کتێبخانەیە، هاواریان دەکرد شمەکەکان بۆ خۆتان سەرچاوەکان بۆ ئێمە، بەڵام کەس گوێی لێ نەدەگرتن.

ئەم کتێبخانە مەزنەش وەك مستەنسریە، کەوتە بەر پەلاماری خەڵکێکی بێ ویژدان و دژ بە زانست و هەموو سەرچاوەکانی دەتوانم بڵێم (80٪) ی فەوتا .

# هەڵبژاردنی سەرچاوە لە کتێبخانەی زانکۆدا

هەڵبژاردنی سەرچاوە لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و کتێبخانەی کۆلێجەکاندا وەك یەك وایە، هەردووکیان لە خزمەت هەمان توێژی زانستیدان کە ئەوانیش خوێندکاری بەکالۆریۆس و توێژینەوەی باڵان، جیاوازی نێوانیان لە هەڵبژاردندا تەنها بەندە لەسەر ژمارەی خوێندکارەکانی ناو زانکۆ و ناو کۆلێجەکان.

سەرچاوەکانی زانستی و زانیاری هەر لە کتێب و چاپەمەنییەکانی تر هەمیشە لە نوێبوونەوەو گۆڕاندایە ئەمەش بە هۆی گۆڕینی سیستەمی خوێندنەوە { لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ کاری پێ دەکرێ }، هەر گۆڕانکارییەك لە سیستەمی خوێندی وانەکاندا بکرێ گۆڕین لە سەرچاوەکاندا دەبێت، بەڵام لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆدا زیاتر بایەخ بەو سەرچاوانە دەدات کە پاڵپشتی ڕاپۆرت و توێژینەوە زانستییەکانە کە لە لایەن کۆلێجەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم بوارە پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات لە چاو کۆلێجەکاندا، چونکە خزمەتگوزاری بەسەرجەم کۆلێجەکان پێشکەش دەکات .

هەروەها، هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بوونیان لە کۆلێجدا نییە لە کتێبخانەی ناوەندی وێنەیەکی بەردەست دەکەوێت و دەبێت وێنەیەك لە سەرجەم سەرچاوەکان (کتێب – نامەی زانکۆ – سەرچاوەی فیکری ... هتد) لە کتێبخانەی ناوەندا هەبێت، کە لە ناو کتێبخانەی کۆلێجەکاندا بوونیان هەیە.

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان هەیە لە هەڵبژاردنی سەرچاوەدا

1- ژمارەی خوێندکاران (بەکالۆریۆس و باڵا).
2- ژمارەی کۆلێجەکان و بەشەکانی ناوی.
3- ژمارەی دەستەی وانە بێژی (مامۆستایان).
4- پرۆسەی خوێندن- کە ئەمەش پرۆسەی بڕیاردراوی خوێندن دەگرێتەوە لەناو بەشە جیا جیاکانی کۆلێجدا، هەروەها ڕێگاکانی وانە وتنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە بنیادنانی کۆلێکشنەکانی کتێبخانەدا، هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە بەکاری تاکە کەسی ناو دەبرێ لە کۆتایی پرۆسەی خوێندنی زانکۆیدا ئەنجام دەدرێ ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەی توێژینەوەکانی ناوخۆی زانکۆدا.
5- هەر پێشکەوتنێك یان گۆڕانێك لە پرۆسەی خوێندندا کە لە ناو بەشەکاندا دەکرێ کاردانەوەی هەیە لەسەر کتێبخانە بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی پێویست.
6- چەند پشت دەبەسترێت بە خوێندنەوەی ناوخۆیی لە ناو کتێبخانەدا.

7- شوێن و بینای کتێبخانە، دووریی و نزیکیی لە خوێنەرەوە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی سەرچاوەکان، چونکە دووریی کتێبخانە لە خوێنەرەوە دەبێتە هۆی سەردان نەکردنی خوێندکار، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردن.

## بنەماکانی هەڵبژاردن لە کتێبخانەی زانکۆدا لەسەر ئەم دوو خاڵە جێگیرە:

1- ئەو سەرچاوانەی کە هەڵدەبژێرێن بۆ کتێبخانە دەبێت زیاتر دەربارەی ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی بێت، ئەمە جگە لەو سەرچاوانەی کە یارمەتیدەری پرۆسەی خوێندنە.

2-پەیداکردنی هەر سەرچاوەیەك کە لە سەریەك بابەت دەدوێ (ئەمەش بە مەبەستی بوونی زۆرترین سەرچاوە لەسەر ئەو بابەتە دەستنیشانکراوە، تاوەکو کەلێن لە بابەتەکەدا بەدی نەکرێ) زوربەی زۆری کتێبخانە زانکۆییەکان لە گەشەکردندا سستن لە ڕووی سەرچاوەوە، ئەمەش بۆ چەند خالێکی زۆر گرنگ دەگەڕێتەوە کە:.

1- نەبوونی کادری هونەری پسپۆڕ لەو بوارەدا.

2-نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی سەرچاوە.

لەگەڵ ئەمەشدا سیستەمی پرۆسەی خوێندن هانی خوێندکار نادات لە بواری ڕاپۆرت و توێژینەوە و بەدوادا چوندا پشت بە کتێبخانە ببەستێ بە پلەی یەکەم، بەڵکو سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکان لە مامۆستاوە وەردەگرێت (ئەمەش سیستەمی وەرگرتنی زانیارییەکانە بەبێ بەدواداچوون، واتە لەبەر کردن بەرقەرار بێت).

لەم کاتەداپێویستە کتێبخانە پلانێکی تۆکمە دابڕێژێت بۆ گەشە کردنی سەرچاوەکانی بە هاوکاری لیژنەی هەڵبژاردن، کە لە زۆر کتێبخانەدا ئەندامەکانی مامۆستایانی بەشە جیا جیاکانن کە دەستنیشانکراون بۆ ئەم کارە، تاوەکو سوود لە پسپۆڕییان وەربگریت.

ئەم لیژنەیە پێشوەخت هەندێ کار ئەنجام دەدات لەوانە:

أ- بەدواداچوون دەکەن بۆ هەر چاپکراوێکی نوێ کە دەردەچێت و خوێندنەوەی بۆ دەکەن.

ب- گرنگی دەدەن بەو نووسراوانەی کە لەسەر کتێبەکان دەنووسرێ (ڕەخنە یان هەڵسەنگاندن) دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێ. ئەمە جگە لە:

1) هاندانی خوێندکاران بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارەکانیان لە کتێب و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە پێشخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانەدا.

بەشداریکردنی مامۆستایانی تر لە پرۆسەی گەشەکردنی کتێبخانە بە وەرگرتنی پێشنیارو ڕێنیشاندانەکان و ئامۆژگارییەکانیان،

ماوەتەوە بڵێین دەبێت سەرچاوەکانی کتێبخانە لە خزمەت پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا بێت بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان کۆلێج و بەشە جیا جیاکاندا و خواستی خوێنەران لە هەموو ساتێکدا لەبەرچاو بگیرێ، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە کۆمەڵێکی باش سەرچاوەی فەرهەنگی نوێ و تۆکمەمان هەبێت هەر لە ئینسایکلۆپیدیا و فەرهەنگی زمان و معاجم و یادداشت و ئەتڵەسی جوگرافیاو ڕێبەرو توێژینەوەو بیبلۆغرافیاو کەشاف و بڵاو کراوە لە بوارەکانی زانستی و زانستی بنەڕەتیدا بە زمانە جیا جیا بیانییەکان.

هەموو ئەمانە بودجە دیاریدەکات، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە پەرە بەم بوارە بدات و بودجەی پێویست تەرخان بکات تاوەکو کتێبخانە بتوانێ پلانەکانی جێبەجێ بکات، لەوانە لابردنی سەرچاوەی کۆنی زانستی و گۆڕینی بە سەرچاوەی نوێ هەر 5 ساڵ جارێك.

دەبێت کتێبخانەکانمان بە تازەترین سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری دەوڵەمەند بکەین، چونکە ئەمڕۆ باشترین هەلە کە بۆمان سازابێ لە مێژوودا و دەبێت دەوڵەت بیر لە کردنەوەی کتێبخانەی زانستی ڕووت بکاتەوە لەناو زانکۆدا و بە مانای وشە ئەکادیمی- زانستی بێت، چونکە ئێمە لە کوردستاندا یەك کتێبخانەی زانستیمان نییە.

پاری یەکەم : (ب)

## کتێبخانەی تایبە تمەند- المكتبة المتخصصة Special Library



ئەم جۆرە کتێبخانەیە بەوە ناسراوە کە گرنگی دەدات بە بەرهەمە فیکرییەکان لە یەك ڕووەوە، یان یەك بابەتەوە، واتە خۆی تایبەتمەند دەکات بە جۆرێ لە جۆرەکانی زانست و فیکرەوە.

خزمەت بە کۆمەڵێکی دیاریکراو و ناسراو لە خوێنەران پێشکەش دەکات، کە نزیکە لە بوارەکەیان و بابەتەکەوە، زیاتر پەیوەستە بەو دەزگایەی کە ئەم خزمەتگوزاری لە ناودا پێشکەش بە خوێنەرەکانی دەکات، وەك کتێبخانەی ناوەندی، کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی زانستی، کتێبخانەی وەزارەتی پلانان دانان، کتێبخانەی بنکەی توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی، کتێبخانەی کۆلێجی پزیشکی، کتێبخانەی بەشی کیمیا، کتێبخانەی بەشی یاسا.

سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کتێبخانانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، لە ئەنجامی سەرهەڵدان و پەیدا بوونی تایبەتمەندێتی لە بابەت و زانستە جیاوازەکاندا پەیدا بوون.

سەرچاوەکانی ناو ئەم جۆرە کتێبخانەیە فرە چەشن و فرە شێوەن، گوزارشت لە ئامانج و مەبەستی ئەو بنکەیە یان ئەو دەزگایە دەکەن کە ئەم لە ناویدا خزمەت پێشکەش دەکات، ئەم سەرچاوانە خزمەت بە خوێنەری پسپۆڕ بە بوارەکە دەکات، هەردەم کار بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستی توێژەران و لێکۆڵەرەوان دەکات لەو بوارەدا، ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە فەرمانبەرانی ئەو دەزگایەی خۆی.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە زیاتر پشت بە خولاوەکان دەبەستێت وەك لە کتێب، چونکە خولاوەکان زووتر دەردەچن و زۆر نووسەر بەشداری تێدا دەکات و بابەتەکانی فرە جۆرن لەسەر بوارەکە.

## جۆرەکانی کتێبخانەی تایبە تمەند

ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو وردکردنەوەی زانیارییەکان، بە شێوەیەکی زۆر سەردەمیانە ئەم جۆرە کتێخانانە لە زۆر جێگادا بەدەرکەوتوون و خزمەت پێشکەش بە خوێنەران و هاموشۆکەرانی دەکەن لەوانە:

1) کتێبخانەی مەڵبەندی توێژینەوە: وەك کتێبخانەکانی دەزگای توێژینەوەی زانستی و کتێبخانەی ناوەندی توێژینەوەی ئابووری و کتێبخانەی توێژینەوەی پەروەردە.

2) کتێبخانەی دەزگاو کومپانیا پیشەسازی و بازرگانییەکان: وەك کتێبخانەی ژووری بازرگانی عێراقی لە بەغداد، کتێبخانەی کومپانیای گشتی ئۆتۆمۆبێل .... هتد.

3) کتێبخانەی وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکان: لەوانە کتێبخانەی وەزارەتی دانیشتوان، کتێبخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگا و بانی گشتیی، کتێبخانەی نەخۆشخانەی گشتیی.

4) کتێبخانەی ڕێکخراوە پیشەیی و میللییەکان: نموونە، کتێبخانەی سەندیکای کرێکاران، کتێبخانەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.

5) کتێبخانەی بەشە زانستییەکانی ناو کۆلێجەکان: کتێبخانەی بەشی کیمیا، بایۆلۆجی، پزیشکی ددان، کتێبخانەی یاسا.



## ئەرکەکانی کتێبخانەی تایبە تمەند

1- بەدەستهێنان و دابینکردنی کتێب و خولاو چاپکراوی پەیوەست بەم بوارەوە.
2- پەیداکردنی سەرچاوە فەرهەنگییە بابەتیەکان لە بوارەکەدا لەگەڵ کشافی تایبەتمەندا.
3-ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی زانیاری نوێ کە بەدەست دەکەوێت لەو بوارەدا.
4-خواستنی کتێب و سەرچاوەی پێویست کە سوودی لێ وەربگیرێت.
5-ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی پێویست و تایبەت بەو دەزگایە.
6- بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی بیبلۆغرافیای تایبەتمەند.
7-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاموشۆکەران و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك کە دەیکەن لەسەر سەرچاوە فەرهەنگیی و بابەتەکانی تر.
8-بەشداریکردن و هاوکاریکردنی هەر بڵاوکراوەیەك کە دەزگاکە دەری دەکات.
9- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری (وەرگێڕان) بە تایبەتی وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی کە زۆر پێویستە و بە زمانی بیانی نووسراوە.
10- هەر خزمەتگوزارییەکی تر کە دەزگاکە پێویستی پێی ببێت.

ئەم ئەرکانە لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی تر کە کتێبخانە ئەنجامی دەدات دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی قەبارەی کتێبخانەکەو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێرەدا خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرا.

چوارچێوە یاساییەکی کتێبخانە تایبەتمەندەکانی ناو زانکۆ، وەك کتێبخانەی زانکۆ وایە، چونکە ئەم کتێبخانەیە لە حەرەمی زانکۆدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، لەبەر ئەوە هەموو یاساکان ئەمیش دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کار ئاسانی زۆری بۆ دەکرێ هەر لە پەیوەندیکردن بە دەزگاکانی هاوشێوەیەوە تا دەگاتە دەزگا جیاوازەکانی تر بۆ ئیشوکاری کتێبخانە.※1



## مەرجەکانی ئەمینداری کتێبخانەی تایبەتمەند

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆر تایبەتمەندن و بوارێکی زۆر هەستیار لە خۆدەگرن، دەبێت کەسانێکی پسپۆڕ یان لێزان و بە سەلیقەو شارەزا لەم جۆرە کتێبخانانەدا کاربکەن، بە تایبەتی لە ناو زانکۆکاندا، دەبێت:

1- خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لەو بوارەی کە ئەم کاری تێدا دەکات (پسپۆڕی تایبەت).

1- دەبێت بەلایەنی کەم خاوەن بڕوانامەی دبلۆمی بالاّ بێت لە زانستی کتێبخانەدا.

2- توانای توێژینەوەی زانستی و بەدواداچوونی بەرهەمە فیکرییەکانی هەبێت لەو بوارەدا.

3- توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ فەرمانبەرانی ناو ئەو دەزگایە و فەرمانبەرانی کتێبخانەکەی بەردەستیدا زۆر باش بێت و بتوانێ پەرە بە کارەکانی کارگێڕی بەرێوەبردنی خۆی بدات.

4- شارەزایی باشی هەبێت لە زمانێکی بیانیدا بۆ وەرگێڕانی هەر بابەتێك کە پێویست بوو بۆ کتێبخانە.

ئەرکەکانی سەرشانی ئەمینداری کتێبخانەی تایبەت

1) دانانی پلانی کارگێڕی گشتیی کتێبخانە و دابەشکردنی کار لە نێوان فەرمانبەراندا.

2) هەڵبژاردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە کتێبخانە پێویستی پێی هەیەو دەستنیشانکردنی ئەرك و کارەکانیان.

3) هەڵبژاردن و پەیداکردنی کتێب و سەرچاوەی زانستی بۆ کتێبخانە.

4) سەرپەرشتیکردنی پێڕست و پۆلێنی کتێبەکان کە لەلایەن فەرمانبەرانەوە ئەنجام ئەدرێ.

5) سەرپەرشتیکردنی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەش بە خوێنەر دەکرێ وەك ڕێکخستنی، خواستنی سەرچاوە و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك کە خوێنەر دەیکات.

6) بەشداریکردن و هاوکاریکردنی ئەو بڵاوکراوانەی کە دەزگاکە دەریدەکات بە شێوەی مانگانە یان دوو مانگ جارێ.

7) هەستان بەکاری وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی کە زۆر زیندوون و پێویستە بۆ خوێنەران.

8) ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەو دەستنیشانکردنی کەمو کووڕییەکان تیایدا.

9) ئامادەبوون لە کۆبوونەوە پێویستییەکانی ناو دەزگاکە بە پێی پێویست کە پەیوەندی بە کتێبخانەوە هەبێت.

10) پوختەکردنی ئەو سەرچاوە فیکرییانەی کە دێنە بەردەست لە بوارەکەدا.



## سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە

ئەم جۆرە کتێبخانانە بە گوێرەی ئەوەی خۆیان بە یەك بوارەوە پەیوەست کردووە، زۆرتر هەوڵ دەدەن کە لەو بوارەدا هەر سەرچاوەیەکیان دەست بکەوێ بەبێ گوێدان بە جۆری چاپکراوەکە کار بۆ دابینکردنی دەکەن کە بریتییە لە گۆڤار، توێژینەوە، ڕەخنەی زانستی، لێکۆڵینەوە، کتێب و سەرچاوە فەرهەنگەکان، نامەی زانکۆیی، بەڵگە نامە حکومییەکان.

هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەم جۆری کتێبخانانە پشت بە کتێب نابەستێ، وە لەڕاستیدا ئەمانە مەڵبەندی توێژینەوەی زانستین، بەڵام لە ناو زانکۆکاندا کە کتێبخانەی کۆلێج و بەشە زانستییەکانی کۆلێجەکان دەگرێتەوە بە کتێبخانە ناو دەبرێن.

ڕاستی ئەوەیە کتێب یەك نووسەر، یان دوو نووسەری هەیە و لە یەك بابەت دەدوێ و نرخیشی هەرزان نییە، ئەمە جگە لەوەی کە یەکجار یان زیاتر چاپ دەکرا.

بەڵام خولاوەکان چەندان کەس بە نووسین بەشداری تێدا دەکەن و بابەتەکانی فرە چەشنن لە بوارەکەداو لە دەرگای زۆر تەوەر و باس دەدەن و زوو زوو دەردەچن و نرخیشیان هەرزانە و بەشداریکردنیشیان زۆر ناکەوێت لەسەر دەزگاکان، بۆیە زیاتر پشت بەم جۆرە سەرچاوانە دەبەستن.

هەڵبژاردنی سەرچاوە کەمێ قورسە و دەبێت  وریایی تیا بەکار بێت، تاوەکو ئامانجەکان بپێکێت.



## جیاوازی ئەم کتێبخانەیە لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا.

لەچەند ڕوویەکەوە:

1-لەڕووی سەرچاوەوە: سەرچاوەکانی ئەم جۆرە کتێبخانەیە زیاتر پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت و گۆڤار و نامەی زانکۆیی و هەواڵی زانستی و داهێنانی نوێ و سەرچاوە و بەڵگەنامە حکومییەکان و ڕۆژنامە و دەرئەنجامی سیمینار و ۆرك شۆپ و کتێب بە گشت جۆر و شێوەکانییەوە دەبەستێت.

2- لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە: زۆر خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لەوانە، خواستن و گەڕانەوە و پێڕست و پۆلێن و سەرچاوەی فەرهەنگیی و کاری بیبلۆغرافیا و وەرگێڕانی بابەتی پێویست بۆ دەزگاکە و ئاگادار بوون لە تازەترین گۆڕانکاری و زانستی نوێ.

3- لەڕووی بودجەوە: بودجەی ئەم جۆرە کتێبخانانە تۆکمەو بەهێزە، چونکە دەزگاکە یان سەنتەری لێکۆڵینەوەکە هەڵدەستێت بە دابینکردنی بڕی بودجەی پێویست، تاوەکو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا کەمتەرخەم نەبێت.

4- لەڕووی بیناوە: زۆر جار بینای ئەم جۆرە کتێبخانانە لەناو دەزگاکە یان سەنتەرەکەدایە، هەندێ جاریش لە نزیك سەنتەرەکە لە بەشی دەرەوەی باڵەخانەیەکە جێگەیەکی دەستنیشانکراوی بۆ تەرخان دەکرێ تاوەکو بتوانێ خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە خوێنەرو توێژەرانی ئەم سەنتەرە بکات.



## هەڵبژاردن لە کتێبخانەی تایبەتمەندا

کتێبخانەی تایبەتمەند ئەو جۆرە کتێبخانەیەیە کە گرنگی دەدات بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری لە بابەتێکی دیاریکراودان یان کۆمەڵێك بابەتی هاوشێوە کە لەسەریەك بن و پەیوەست بن بەیەکەوە هەندێك جار کتێبخانەی تایبەتمەند لە ناو زانکۆدا خۆی دەبینێتەوە، یان بەشێکە لە زانکۆکە وەك کتێبخانەی کۆلێجەکان- کۆلێجی پزیشکیی – پزیشکی ددان – پزیشکی ڤێتەرنەری – کتێبخانەی کۆلێجی یاسا – کشتوکاڵ ... هتد.

گرفت و کێشەی هەڵبژاردن لەم جۆرە کتێبخانەیەدا جیاوازە وەك لە کتێبخانەکانی تر (گشتیی – زانکۆ و قوتابخانە) لێرەدا ئاستەنگی کەمە، چونکە زیاتر پەیوەستە بە بوارێکەوە، بۆیە هەڵبژاردن تێیدا سەرکەوتوو ترەو ئاسانترە، زۆرینەی ئەم جۆرە کتێبخانانە لە خزمەتی پرۆسەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەدایە، کار ئاسانی بۆ توێژەرەوەکان دەکات لە ناو ئەو دەزگایەی کە ئەم تێیدایە، چ جا کۆمپانیا بێت، یان دەزگای توێژینەوە بێت، یان کتێبخانەی وەزارەت و فەرمانگە و ڕێکخراوە پیشەییەکان بێت.

دەبێت ئەمینداری کتێبخانە پسپۆڕی ئەم بوارە بێت، ئەگەرنا، دەبێت سەلیقەو شارەزاییەکی باشی هەبێت لە کارەکەدا و لە هەڵبژاردندا چاپوك بێت.

لەبەر ئەوەی زوربەی زۆری ئەو کەسانەی کە لێرەدا کاردەکەن یان توێژینەوە ئەنجام دەدەن، پێویستە لە کاتی هەڵبژاردندا بیرو باوەڕ و ڕاو بۆچوونیان بەهەند وەربگیرێت، چونکە ئەمان نزیکن لە پسپۆڕییەکەوە و دەبنە هۆی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەکە بە سەرچاوەی زانستی، لەگەڵ ئەمەشدا بودجەی ئەم جۆرە کتێبخانانە کراوەو دەوڵەمەندە، ئەمینداری کتێبخانە دەتوانێت بە نرخترین و گرانترین و تازەترین چاپی نوێی سەرچاوەی زانیاری.

بە جیاوازی لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا کە بودجەیان لاوازە، زۆر جار ئەم جۆرە کتێبخانانە لە ناو باڵەخانەی دەزگاکەدایە، یان کەمێك لە دەزگاکانەوە دوورە، پێشتر ناوی دەزگاکانمان برد.

ئەو ئاستەنگییەی کە دێتە ڕێگەیان لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەدا ئەم کتێبخانەیە جیا لە کتێبخانەکانی تر پشت بە کتێب نابەستێت بە پلەی یەکەم، بەڵکو پشت بە خولاوەکان و بڵاوکراوە نوێیەکان دەبەستێت، لەسەر ئەو بوارەی کە دەستنیشانکراوە و ئەو چاپکراوانەش بریتییە لە:

ڕاپۆرت - توێژینەوە — بەڵگەنامە و ڕوونکاری پێویست کە زۆر بە نارەحەت دەست دەکەوێت، پۆستەراتی زانستی کە زۆر جار بە خۆرایی بڵاو دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە بەدەستهێنانی کەمیَ ئاستەنگە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەمینداری کتێبخانە پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەگەڵ دەزگاو هاوشێوەکانی ببەستیَ تاوەکو هەر چاپەمەنی و بڵاوکراوەیەکیان ئەنجامدا، وێنەیەك لەو بابەتە بۆ ئەمان بنێرن، تا بێبەش نەبن و سوودمەند بن لە زانیارییەکانی ناوی.



هەنگاوی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانەی تایبەتمەند پشت دەبەستێت بە هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە بڵاو دەکرێتەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، هەر لە کتێب و سەرچاوەی زانستی و رۆشنبیری و داهێنانی نوێیەوە.

دەبێت بە بەردەوامی گەڕان بکەین لە ناو بیبلۆغرافیاکان و لیستی سەرچاوەکاندا تاوەکو نوێترین سەرچاوە هەڵبژێرین کە پەیوەستە بە بوارەکەوە، ئەوانیش بیبلۆغرافیای تایبەتمەندو بابەتی و فراوان و سەرچاوەکانی لیستی کتێبی دەزگاکانی چاپە، و پەیوەندی ڕاستەوخۆی پێوە بێت، نموونەی ئەو جۆرە بیبلۆغرافیانە **Aslib book list** کە کۆمەڵەی کتێبخانەی تایبەتمەند دەریدەکات لە بەریتانیا و هەروەها **Technical book review Index** کە کۆمەڵەی کتێبخانەی تایبەتمەند دەریدەکات لە ئەمەریکا.

ئەمانە هۆکارێکی باشن بۆ پشتبەستن پێیان لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی زانستی بۆ کتێبخانەی تایبەتمەند.

بە تەنها یەك سەرچاوە نییە کە گشت بەرهەمە فیکرییەکان لە ڕووی بابەتەوە لە خۆ بگرێت، بەڵکو دەبێت هەمیشە بەدواداچوون بکرێ بۆ زانین و وەرگرتنی زانیاری نوێ، یەکێك لەو سەرچاوە بە پێزو پڕ بایەخانەی لە کتێبخانەی تایبەتمەندا بەدی دەکرێ نامەی زانکۆییە، کە نامەی دکتۆراو ماجستێر ئەمانەش هەڵگری زانیاری ڕاستەقینەو ڕەسەنن لەسەر ئەو بابەتەی کە تێیدا ئەنجام دراوە، هەر بۆیە زۆر لە زانکۆکان ڕێگە نادەن بە کۆپیکردنی ئەم سەرچاوەیە بۆ کتێبخانە تایبەتمەندەکان، چونکە زۆر بە گران بەدەست دێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خولاوەکان (دوريات) بە گرنگترین سەرچاوەی زانستی و زانیاری دادەنرێت لە کتێبخانەدا، چونکە هەڵگری تازەترین زانیاری نوێیە لەسەر بابەتەکان بە گشتی، هەر لە توێژینەوەی زانستی و تاقیکردنەوەی ناو تاقیگەکانەوە تا دوا پێش هاتەکان، هەتاوەکو ژمارەی دەورییاتەکان زۆر بێت سەرچاوەی زانیاری فرە چەشن و فرە شێوە دەبێت و کۆڵێکشنەکانی کتێبخانە گەورەتر و بەهێز تر دەبێت، بۆیە هەڵبژاردنی (دەورییات) زۆر قورسترە لە هەڵبژاردنی سەرچاوەی کتێب و هاوشێوەکانی.

## پاری دووەم : کتێبخانەی نیشتمانی - المكتبة الوطنية National library



پێشەکی:

شاراوە نییە لای خوێنەران کە کتێبخانە چ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕۆشنکردنی فیکری کۆمەڵگەداو چۆن کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە دەکات، ئەویش بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەردەوام بە گشت چین و توێژەکان بەبێ جیاوازی لە ڕەنگی پێست و نەژاد و ئایین و نەتەوە و.... هتد.

کتێبخانە زۆر پێناسی بۆ کراوە لە لایەن ڕۆشنبیران و خەڵکییەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو پێناسەیەیە کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و پڕاو پڕ جێی خۆی لە دڵی خوێنەردا دەکاتەوە.

ئەگەر ناوی جۆرەکانی کتێبخانە ببەین ئەمڕۆ لە کوردستاندا، کەم تا زۆر نمونەی گشت یەکێك لە کتێبخانەکان بەدی ئەکەین، جگە لە گەڕۆك و نیشتمانی کە ئەمەش جێی پرسیارە کە بۆچی نیشتمانی تێدا نییە، وەڵام زۆرە بۆ ئەم پرسیارە و هۆکانیشی زۆرە، یەکێك لەوانە( کورد بە درێژایی زیاد لە 2700 ساڵ بێ بەش بووە لە دەوڵەت) بەو مانایەی کە ناوزەند دەکرێ، لە دوای ئەوەشەوە هەموو ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لەسەر کار بوون ئامانجیان یەکخستنی بەرهەمە

فیکرییەکانی ئەم وڵاتە کە کوردستانە بە گشت کەمایەتییەکانییەوە نەبووە، بەڵکو ئەم وڵاتە هەمیشە لە ژێر باری چەوسانەوەو بە تالآن بردندا بووە، نمونە زۆرە کە وڵاتانی دراوسێ هەمیشە چاویان لەسەر کوردستان بووە، نەشیان ویستوە هیچ ساتێك بە تایبەتی لە ڕووی فیکریی و نووسینەوە گەشە بکات.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا کە حکومەتی کوردی و پەرلەمان بەر قەرارە، دەتوانرێ کار بۆ ئەوە بکرێ، ئێمەش وەك گەلانی تازە ڕزگار بووی جیهان، ماڵی فیکرو سەرچاوەی زانستییەکانی خۆمان یەك بخەین و لە فەوتان ڕزگاریان بکەین، بە شانازییەوە ئێمەش کتێبخانەی نیشتمانی خۆمانمان هەبێ و هەموو ئەو سەرچاوە فیکرییانەی کە زادەی بیرو هۆشی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیە کۆ بکەینەوەو بیخەینە بەردەست خوێنەران و توێژەرانی خۆمان، ئەمەش کاری جددی و لە خۆ بوردوویی دەوێ.

پێناسە:

کتێبخانەی نیشتمانی یان نەتەوەیی، مەرکەزی وڵات، میمۆری نیشتمان، هەندێجار کتێبخانەی دەوڵەتییشی پێ دەگووترێت، ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆر زوو دەرکەوتن و گەشەیان کرد (تازەن) بە بەراورد کردن لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا سەرەتا هەندێ کتێبخانەی پاشایی گەشەیان سەند و پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی و گۆڕان بە کتێبخانەی نیشتمانی، کە پێشتر موڵکی خێزانە فەرمانڕەواکان بوون، ئەم کتێبخانەیە ئەو بەرهەمانە دەگرێتە خۆی کە لە سنووری جوگرافی دەستنیشان کراوی وڵاتێکدایەو بەرهەمی فیکری تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتەیە هەر لەسەرچاوەی فیکری و ڕۆشنبیری چاپکراو بێ یان دەستنووس و کار بۆ پارێزگاری کردنیشیان دەکات و پێشکەش بە خوێنەرانی خۆی دەکات بە گشت نەتەوەو کەمایەتیەکانییەوە و پێدانی ژمارەی سپاردن بە هەموو چاپکراوەکانی کەسپاردن دەیگرێتەوە (هەر سەرچاوەیەك لە 49 لاپەڕە کەمتر بوو سپاردن نایگرێتەوە) و مەرکەزیەت تێیدا بەر جەستەیە.

## کارو ئەرکەکانی کتێبخانە :

کتێبخانەی نیشتمانیی بەوە کارەکانی تەواو نابێ کە هەستێت بە کۆکردنەوەو پاراستنی بەرهەمی فیکری و کولتووری و ڕێکخستنی ئەم سەرچاوانە بە ئامادە کراوی بۆ نەوەی داهاتوو، نەخێر، بەڵکو کاری گرنگ تری لە پێشە کە پێویستە ئەنجامی بدات لەوانە:

1) دەرکردنی (پێڕست) بە شێوەی بەردەوام
2) پێشکەش کردنی زانیاری گرنگ لە کاتی پێویستدا

3) دارِشتنی پلانێکی وردو گونجاو بۆ کتێبخانه به گشتیی تاوەکو لەگەڵ بودجه (میزانییه) و هێزو توانای ئەو کتێبخانەیەدا بگونجێ که نەخشەی دارێژراوە.
4) رۆڵی گرنگ ببینێ له دەرکردنی ( کشاف)، کورتـکراوەکان له ناو وڵاتدا
5) سەرپەرشتیکردنی چەندان کتێبخانەی گشتیی له پارێزگای وڵاتدا و یارمەتیدانیان بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی گرنگ که بگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو کتێبخانەیەدا.
6) دابینکردنی سەرچاوەی چاپکراو له هەر جێگەیەك که بتوانێ دابینی بکات.

لەسەروو ئەمانەشەوە دەتوانین بڵێین، کتێبخانەی نیشتمانیی کار بۆ:

أ- فراوانکردنی بازنەی گرنگی پێدان به هەرچ چاپکراوێك که چاپ دەکرێ و بڵاو دەکرێتەوە له چوار چێوەی وڵاتدا، (ئەوەی دەکەوێتە ناو سنووری جوگرافی ئەو وڵاتە) بەهەر شێوەیەك له شێوەکانی ڕاگەیاندن بکرێ وەك (بینین، بیستن، بەڵگەنامە، ڕاپۆرت، کتێب، گۆڤار، مایکرۆ فیلم ... هتد).

هەوڵیش دەدات به زووترین کات زۆرترین خزمەتگوزاری له بەدەست خستنی کتێب و سەرچاوە بۆ خوێنەر مسۆگەر بکات.

نمونه له سوید، له کتێبخانه نیشتمانییەکەی که **Royal Library** پێ دەوترێت، هەموو بەرهەمێکی فیکری که بەرهەم دێت چەند وێنەیەکی له خاوەن بەرهەمەکە وەردەگیرێت دوای چاپکردن، پاشان ئەو بەرهەمە فیکرییە دەچێتە پێڕست و پۆلێن له لایەن پسۆڕانەوە پێڕست و پۆلێن دەکرێ له ڕێگەی تۆڕی **Internet** ەوە دەنێرێت و به هۆی داتا بەیسەوە که ئەمانیش بەستراوە به ئینتەرنێتی شارەکانی ترەوە بۆ گشت کتێبخانەکان، واتە بەپۆلێن کراوی دەگاتە دەستیان که ئەمە گەورەترین کار ئاسانییە بۆ مەکتەبەکان له چوار چێوەی ئەو وڵاتەدا، که ئەرکی کتێبخانەی نیشتمانییە هەرچەندە سوید (1) کتێبخانەی نیشتمانی هەیە که **Royal**.

ب) لەبەر گرتنەوەی (فۆتۆکۆپی) کردنی وێنەیەك لەو سەرچاوە فیکرییانەی که نووسەرێك ڕێگەی پێ نادرێ که چاپی بکا ئەویش به هۆی یەکێك لەم هۆیانە: سیاسی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕەوشت.. هتد.

وە هەڵگرتن و پاراستنی له شوێنی گونجاو و دیاریکراودا تا زەمینە دەسازێ بۆ بڵاوکردنەوەی، ئەمەش به وەرگرتنی ناو نیشانی تەواوی ئەو نووسەرەو ئاگادار کردنەوە لێی.

جـ) پاراستن و هەڵگرتنی وێنەی ڕەسەن (ئەسڵی) نووسراوەکان و وێنە گرتنەوەیان پێش قرتاندن و برین و لێ کردنەوەو سڕینەوەی ئەو وشانەی که ڕەقابەی فیکری به سەریدا دەسەپێنێت، ئەمەش به بەهانەی ئەوەی هەموو ئەو بەرهەمانە بەرهەمی فیکری و ڕۆشنبیرین به مەبەستی بەرهەمهێنانی کشافێك یان هەر کارێکی بیبلۆغرافی به هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندەکان (التوپیق والوپائق)

بەڵگەنامەکان و کتێبخانەو چالاکیەکانی ناو وڵاتدا کاری جدی دەکات، کتێبخانەی نیشتمانی وەك هەر کتێبخانەیەکی تر زانیاری پێشکەش خوێنەرانی دەکا، بەڵام بە جیاوازی ئەرك و ئامانج، چونکە ئەوەی لە دوو توێی دیواری ئەم کتێبخانەیەدا هەیە تەنهاو تەنها هەر لێرەدا هەیە (لەناو وڵاتدا)،

زۆربەی جار بۆ دەست کەوتنی سەرچاوەیەك خوێنەر لە شارێکەوە دەگا کتێبخانە (ئێرە)، چونکە نوسخەکە تەنها لێرەدا هەیە یان هەبێ یان بەدیلی نەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەکان ڕەسەنن و تایبەتمەندن بەم وڵاتەوەو لە مێژە پارێزراوە، چونکە مولکی هەموو نەتەوەو ئایین و زمانێکە لە سنووری جوگرافی ئەو وڵاتەدا کە باس لە مێژوو- و شارستانییەتەکانی پێش خۆی دەکا بە شێوەیەکی گشتیی، ڕوونتر بڵێین هەر سەرچاوەیەك بەرهەمی خەڵکی ئەم وڵاتە بێت، واتە (زادەی بیرو هۆشی مرۆڤی سەر ئەم خاکە بێت کە سنووری بۆ کێشراوەو دانی پیانراوە یان سەلمێنراوە).

وە هەر بەرهەمێك کە نووسەرێکی ئەم وڵاتە نووسیویەتی و بەهەر زمانێك چاپکرا بێت، دەتوانێت بەدەستی بهێنی و لە دوو توێی ئەم کتێبخانەیەی وەنێ.

وە هەر سەرچاوەیەك بەهەر زمانێك نووسرا بێت لەسەر ئەم وڵاتە (مێژوو - جوگرافیا - کولتوور — بیئە ... هتد) دەتوانین کۆی بکەینەوەو لای خۆمان پارێزگاری لێ بکەین، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەی زانستییە بۆ توێژەرو لێکۆڵەرەوەکان کە یارمەتی دەریانە بۆ بەکار هێنانیان لە ناو باسەکانیاندا.

بۆ زانیاری، کتێبی ئەم کتێبخانەیە (خواستن) وەرناگیرێت بۆ دەرەوە یان دەرەوەی وڵات، بەڵام دەتوانین بیبینین ئەویش بەڕێو ڕەسمی تایبەت.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی کو گوایە نووسەر (جنسیە) ڕەگەزنامەی هەیە، سەبارەت بەو نووسەرانەی کە خەڵکی وڵاتێکن و لە وڵاتێکی تردا دەژین بەرهەمی فیکری دەنووسن ئەوەندەی بەپرسیار ئەنجامێکم بۆ دەرکەوتووە نەك بە نووسراوی ڕەسمی، یان زانیاری ناو کتێبێك، یان نووسراوێك، یان چاپکراوێك گە یشتوومەتە ئەم ئەنجامە.

هەر نووسەرێك جنسییەی هەر وڵاتێکی هەبێت هەر بەرهەمێکی زانستی، فیکری، ڕۆشنبیری چاپ بکات کە بەرهەمی خۆی بێت، ئەوا ئەو بەرهەمە هی ئەو وڵاتەیە کە جنسییەی پێداوە، چونکە هەموو بیرۆکەکان لە سنووری ئەو وڵاتەدا دروستبووە، واتە لە فەزای ئەو وڵاتە بەدەر نییە.

ئەگەر (2) جنسییە یان زیاتری هەبوو، ئەوا دەتوانێت بەرهەمی ڕەسەن بۆ ئەو وڵاتە بێت کە تێیدا دەژی و وێنەیەك لەو بەرهەمانە بۆ وڵاتی دووەم بنێرێتەوە ئەگەر وڵاتی دایکیش بێت، بۆ نموونە، نووسەرانی کورد لە سوید وێنە دەدەن بە **Royal** و لۆند، وێنەش دەنێرنەوە بۆ کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانرێ پەیوەندی بکرێ بە کەسانی شارەزاوە لەم بوارەدا بە پێی یاسا.

سەبارەت بەو نووسراوانە کە کتێبیان نووسیوە لە وڵاتی یەکەم، بەڵام لە وڵاتی دووەم چاپی دەکەن، ئەوا تەنها حەقی تەبع بۆ وڵاتی دووەمە، بەڵام حەقی ئەسڵی لای وڵاتی یەکەم ژمارەی

سپاردن لە وڵاتی یەکەم وەردەگیرێت، تەنها حقوقی تەبع بۆ چاپخانەی وڵاتی دووەم دەمێنێتەوە، ئەویش بە ڕێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکەدا.

سەبارەت بەو نووسراوانەی کە بەرهەمەکانیان بە زمانی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین چاپکردووە زۆر ئاساییە، دەتوانن وێنە لەو چاپکراوە بنێرنەوە بۆ وڵاتی یەکەم کە وڵاتی دایکە یان بە وەرگێڕاوی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت هەوڵ بدات بۆ:

* کڕین یان بەدەست هێنانی وێنەیەك لەو کتێبانەی کە لەسەر خاك و وڵات و ئایین و زمان.. هتد، تایبەت بە کوردستان نووسراونەتەوە بە گشت کەمایەتییەکانی یەوە.

* بەشداریکردنی ساڵانە لە گشت پێشانگە نێو دەوڵەتییەکاندا بە مەبەستی خستنە ڕووی گشت ئەو چاپەمەنییە تازانەی کە لە ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵدا چاپ کراوە.

* کۆکردنەوە و پاراستنی زیاتر لە (5) پێنج لەو چاپەمەنییانەی کە لە ناو وڵاتدا چاپ دەکرێن. بە پێی یاسای سپاردن.

## ئامانجەکانی کتێبخانە

کۆکردنەوەو پاراستنی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا هەیە و چاپکراوە، هەر بەلایەنی کەمەوە وێنەیەکی هەڵبگیرێ و بپارێزرێ، کوردستانیش تەنها وڵات نییە کە بێ بەشە لە کتێبخانەی نیشتمانی، نەخێر ئەمڕۆ چەندان وڵات هەیە دەوڵەتیشە و کتێبخانەی نیشتمانی نییە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیر نەبوونی باری سیاسی وڵات، کە کوردستان هەمیشە ژینگەی شەڕو کوشتارو بەتاڵان براو و مەیدانی جەنگ بووە و خەڵکەکەی نەپەرژاوەتە سەر ئەوەی ماڵی خۆی ڕێك بخات.

زۆرن ئەو وڵاتانەی کە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ناو خاکی عەرەبدان و کە وڵاتیش بوون و سەروەرییان هەبووەو کتێبخانەی نیشتمانییان نییە وەك، مۆریتانیا، سۆماڵ، و لە دوای ساڵەکانی هەشتا بە دوواوە وڵاتانی وەك کوێت، یەمەن، بەحرەین، عومان، ئەردەن، ئیمارات، دواتر بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکەدا توانییان کتێبخانەی نیشتمانیی بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەو تەکنە لۆجییایەی ئەمڕۆ لەبەر دەستایە دەتوانێ کاری 10 ساڵ بە یەك ساڵ ئەنجام بدات، وە بگرە کەمتریش، کەواتە ئێمەش دەتوانین ماڵی خۆمان بنیات بنێین.

**به گشتی ئامانجه بنەڕەتییەکانی کتێبخانەی نیشتمانی بریتییه له:**

- ✓ پاراستنی کەلەپوور و بەرهەمی فیکری نیشتیمانیی و نەتەوەیی وڵات و چاودێری کردنیان بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو.
- ✓ چالاك کردن و پیشخستنی کتێبخانە.
- ✓ کردنی کتێبخانە به بنکەیەکی سەرەکیی و ناوەندیی بیبلۆگرافیای وڵات (سەنتەری بەرهەمی بیبلۆگرافیای وڵات) تا بیبلۆگرافیا و پێڕستی یەکگرتوو بەرهەم بهێنێت.
- ✓ بەشداریکردن له سیمینارو کۆڕ و کۆنگرە گەورەکانی تایبەت به کتێبخانه له وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا، ئەمەش به مەبەستی دەوڵەمەندکردنی خەرمانی پیشەیی له ئەمیندارانی کتێبخانه له وڵاتدا.
- ✓ پێشکەشکردنی شارەزایی لەسەر کتێبخانه و چۆنێتی بەڕێوەبردنی کتێبخانه گشتییەکان له وڵاتدا.
- ✓ نەخشە کێشان و پلان دانان به هاوکاری گشت کتێبخانه گەورەکانی ناو وڵات و هەماهەنگی کردن بۆ وەرگرتنی بیروڕا.
- ✓ بەستنی پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ کتێبخانه نیشتمانییەکانی وڵاتانی دراوسێدا بۆ سوود وەرگرتن له سیستمی کارو چالاکییەکان.
- ✓ بەدەستهێنانی یان کۆکردنەوەی گشت دەستنووسەکان لای هاوڵاتیان به هەر شێوەیەك که بگونجێت و کارکردن بۆ پاراستن و پۆلێن کردنیان.
- ✓ پشتگیری کردن له دامەزراندنی ﴿ خانەی دەستنووس ﴾ له کوردستاندا.
- ✓ بەرجەستەکردنی سیستمی کۆمپیوتەری پێشکەوتوو بۆ کتێبخانه یان به داتا کردنی کتێبخانە.
- ✓ بەرز نرخاندنی کاری ئەمیندارانی کتێبخانه و کارئاسانی کردن بۆ دەرکرنی گۆڤارێکی نیشتمانی تایبەت به ڕۆشنبیری کتێبخانه لەسەر تایبەمەندییەکانی ئەمیندارانی کتێبخانه جگە له کار و پیشەکانیان.

## نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانیی لە کوردستاندا

ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا بەسەدان چاپکراو و بڵاوکراوە بڵاو دەکرێنەوە لە سنووری ئەم پارچەیەدا، کە تێیدا سەدان بەرهەمی فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ... هتد، چاپ دەکرێ، ئەمە جگە لە وەرگێڕان کە کەلێنێکی گەورەی پڕ کردۆتەوە لە بوارێکدا، ڕەنگە ئەویش زیاتر ئەدەبیی و فەلسەفیی بن.

ئەم بەرهەمانە ئەگەر زادەی بیرو هۆشی مرۆڤی کورد بن وەك () بۆ نموونە بە سەدان دیوانی شیعریی لەم دەڤەرە چاپکراوە و لە شارێکی تر وێنەیەکیشی بەردەست ناکەوێ، یان چاپکراوی مانگانە کە تەنها لە شارێك دەردەچێت بە هۆی دووری ڕێگا و بانەوە، شارێکی تازە ڕزگار بوو (خوێنەرانی) بێ بەش دەبێ لەم سەرچاوەیە، لەبەر ئەوەی مەرکەزیەتێك نییە کە تێیدا هەموو چاپکراوەکان پێش چاپکردن ڕەزامەندی لەسەر وەربگیری و چاپ و وێنەکانیان بدرێ بە گشت کتێبخانەکان، دەبینین ئەم هاوکێشەیە هەر بە لا سەنگی ماوەتەوە و لەوانەشە پاش چەند مانگێك وێنەیەك لە شارێکی تر بەدی بکەیتەوە.

بەڵام ئەگەر کتێبخانەیەکی نیشتمانیمان هەبێ و یاسای سپاردنی تێدا بەرجەستە بێ، ئەوا هیچ چاپکراوێك بێ ژمارەی سپاردنی ناکەوێتە بازاڕەوە و وێنەیەکیشی لە کتێبخانەی نیشتمانی دەمێنێتەوە بۆ هەتا هەتایی جگە لەدەستنووسە ئەسڵییەکە، نەك هەر لایەنێك یارمەتی کەسێك بدات بۆ چاپکردنی کتێبێك لەسەر خۆی کە تێیدا ستایشی و ڕۆڵی ئەمان ئاماژە پێ بدات و بە ئارەزووی خۆیان ڕاستی بشوێنرێ و خوێنەر چەواشە بکرێ و حکومەتیش زەقەی چاوی بێ و لە ژێر فشاری دیموکراتیدا ورتەی نەیەت.

بوونی کتێبخانەیەکی نیشتمانی زۆر زۆر گرنگە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، تا هەموو ئەو دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە و سەنەدات و وێنە و شریت و وێنەی دەنگ و ڕەنگ بە بینراو و بیستراو هەموو چاپەمەنییە فیکرییەکان تێیدا پارێزراو بێت.

مەبەست زۆرە لە کردنی ئەم توێژینەوانە، بەڵام چەند دانەیەك دەخەینە بەر چاو لەوانە:

(1) بە ئاگا هێنانەوەی بەرێزسەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، لەو بۆشاییە گەورەیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە.

(2) گەر کار بۆ ئەم پرۆژەیە نەکرێ، ئەوا بە سەدان سەرچاوەی زانستی و فیکری لە بیر دەکرێن و وێنەکانیان وەك بەڵگە نامە دەمێنێتەوە.

(3) کار بکرێ بۆ کردنەوەی ئەم کتێبخانەیە، یەکەمجار ئەگەر بە بڕیاریش بێ ئەوە زۆر گرنگە، دواتر هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێ.

مەرج نییە لە پێشدا بیر لە بینا بکرێتەوە، نەخێر گرنگی بڕیاری کردنەوەو دانانی بودجەی تایبەتە کە بۆی بکرێ، چونکە ئەوەی شارەزایی هەبێ لە کتێبخانەدا دەزانێ نرخی کتێبخانەی نیشتمانی چەندە، مرۆڤ دەتوانێ لەیەك کاتدا لە چەندان شوێن کتێبخانەی گشتیی گەورە لە پارێزگاکاندا بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ بڕیار بدا لە وڵاتێکدا کتوپڕ کتێبخانەی نیشتمانی بکاتەوە، چونکە ئەمە دەچێتە دۆسیەی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە کە ئایا ئێمە هەمانە یان نا، و دەبێت لە پایتەختدا بکرێتەوە و زۆر پارێزراویش بێت لە هەموو مەترسییەك.

کوردستان زۆر سەرچاوەی گرنگی هەبووە کە بە تاڵان براوە لە لایەن داگیر کەرانەوە، بۆ نمونە، ڕوسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زیاتر لە سەدان دەستنووسی بردووە، هەروەها تاڵانکردنی کتێبخانەی میر نشینەکان لەلایەن سوپای داگیرکەری عوسمانییەوەو بردنی ئەم سەرچاوانە بۆ کتێبخانەی (گوبوق بو سرای)* لە ئەستەنبوڵ کە سەدان دەستنووسی کوردی تێدایە.

ئاشکراشە لە گشت سەردەمێکی جەنگدا دەستنووس و بەرهەمی فیکری، یان سوتێنراوە، یان فەوتێنراوە، یان فرۆشراوە بە نرخێکی زۆر زۆر کەم، چونکە خەڵك وێڵی خواردن دەبێت و کتێب و چاپەمەنی نرخی ئەو تۆی نامێنێ، وەك بردناشۆ: دەڵێت هەمو کەس وێڵی ئەو شتەیە کە نییەتی.

ڕەنگە ئەگەر ئێمە بە دواداچوون بکەین، لەناو کتێبخانە عەرەبییەکانیشدا بەرهەمی خۆمان لای ئەوان ببینینەوە، چونکە بازرگانی دەستنووس لە هەموو سەردەمێکی نائارامیی وڵات، بە لەبار دەزانێت و پەرە دەسێنێت.

ئێمە کە پێگەی وڵاتەکەمان بە چەند وڵاتێکەوە بەستراوە، هیچ دوور نییە کە لە نیوە زیاتر یان کەمتری بەرهەمەکانمان لە کتێبخانەکانی ئەواندا دەبینینەوەو ڕەنگیشە بە بەرهەمی خۆیانی بزانن.

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ، سنووری جوگرافی وڵاتێك، چەند نەتەوەی تیا بژی، هەموو بەرهەمەکانی ئەو نەتەوانە موڵکی ئەو دەوڵەتە خۆیەتی.

ناولێنانی ئەم جۆرە کتێبخانەیە گرنگ نییە، گرنگ ناوەرۆکەکەیەتی کە چی لە خۆ دەگرێ، چونکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك ناوەکەی دەگۆڕێت، بۆ نمونە ( لە ئەمریکا= کۆنگرێس ، میسر = دار الکتب المصریە، سوریا= دار الکتب الڤاهریە ، عێراق = کتێبخانەی نیشتمانی، سوید= ڕۆیال) .

لە هەندێ شوێن کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی ئەو پایتەختە زۆربەی جار شوێنی کتێبخانەی نیشتمانی دەگرێتەوە، بە حوکمی ئەوەی زۆربەی پرۆفیسۆرەکان لەو ناوەندە زانستییەدا کار دەکەن و کار ئاسانی بۆ کتێبخانەکە بە پێی پسپۆڕی ئەنجام دەدەن.

ئێمە دەتوانین بە بەدیل کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە جێگای کتێبخانەی نیشتمانی کوردستان دابنێین تا بیناو کەرەسەکانی دابین دەکرێ، لێرەدا ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت لە دابینکردنی کادری پسۆڕو سەرچاوەی بنیادنانی کتێبخانە لە (مراجع - دلیل - کشاف - بیبلۆغرافی.. هتد) زۆر دوور نەڕۆین، لە عێراقی خۆشماندا کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی بەغدا لە سەرەتای دروست بوونیدا لە

1960، تا دەرچوونی یاسای سپاردن لە ساڵی 1970، ئەم کارەکانی بۆ ڕێك دەخست، یان با بڵێین کتێبخانە خۆی ڕێکخەری هەموو بەرهەمە فیکرییە عێراقییەکانە، هەروەها کارە بیبلۆغرافییەکانی بۆ ڕێك دەخست، بەڵام بە شێوەی جیاواز ، جارێك بە بابەت، گشتگر، تایبەتمەند.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کتێبخانەی مۆزەخانە کە لە ساڵی 1933دا دامەزرا لە بەغدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە کاتی خۆیدا، بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و توێژەرانی، هەتا ئەم دواییەش.

## پێشنیار

هەرچی زووە بیر لە دامەزراندن و کردنەوەی ئەو کتێبخانە نیشتمانییە بکرێتەوە بۆ ئەوەی:

- ئەو سەرچاوە فیکرییانە کە لە کوردستاندا چاپ کراون، ئاڵوگۆڕ بکرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تیادا دەژی، یان ئاشنایەتییان بە کورد و کوردستان هەیە و شارەزاییان دەربارەی مێژوو- و زمانمان هەیە، یان زمانی کوردی دەزانن.

- بە دەستهێنانی هەموو ئەو سەرچاوە فیکرییانەی کە بەرهەمی نووسەرێکی کوردن، یان وەرگێڕەکەی کوردە یان وەرگێڕراوە بۆ سەر زمانێکی تر و خاوەنی ئەو فیکرەیە (نووسەرەکە) کوردە، یان لە دەرەوەی وڵات بە زمانی کوردی چاپکراوە، یان ڕێکخراوێك بەرهەمی هێناوە لەسەر دۆزی کورد لە دەرەوەی وڵات.

- بە دەستهێنانی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر زمانی کوردی یان لەسەر زمانی هەموو ئەو گەلانەی کە لە کوردستاندا دەژین، یان هەر نووسراوێك لەسەر ئەو کەمایەتییانە نووسرابێت، یان لەسەر ئایینی ئەو نەتەوانە نووسرابێت، کۆبکرێتەوە تا کتێبخانەیەکی نیشتمانی کوردستانی ڕاستەقینەی لێ دروست بکرێت. کە نوێنەری گشت ئەو نەتەوە و زمانانە بکات کە لەگەڵ کوردا دەژین.

-پڕوپاگەندەکردن بە بەردەوامی لە ڕێگەی میدیاکانەوە (کەناڵەکانی ڕاگەیاندن) بۆ وروژاندنی گەلانی وڵات بە پێدانی سەرچاوە فیکرییەکانیان کە:

- لە مێژە لە بەرچاوی خوێنەر ون بووە، یان دیار نییە.
- وێنەیان زۆر کەمە و لە کاتی خۆیدا بێ مۆڵەت چاپکراوە، لەبەر هەر بارو دۆخێك بێت.
- ژمارەی چاپکراویان زۆر کەمە.

وەرگرتنیان و مۆڵەت دانی دووبارە چاپکردنەوە و پێدانی ژمارەی سپاردن پێیان.

## پاری سێیەم : کتێبخانەی قوتابخانە = المكتبات المدرسية



ئەگەر سەیری ناوە عەرەبییەکەی بکەین (المكتبه المدرسيه)[137] بە بەراورد بە ئێستا پێشتر ئەم جۆرە کتێبخانانە لە مزگەوتەکاندا بەدیار کەوتن زۆر بە کەمی کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان هەبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە ویستویانە کتێبخانە لە قوتابخانەکانیاندا هەبێت.

137 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

ڕاستی ئەمەیە، پێشتر کتێبخانە ئەگەر هەبووبێ، یان لە ژووری بەڕێوەبەردا بووە، یان لە ژووری مامۆستایان، یان جێگەیەك تەرخانکراوەو ناونراوە کتێبخانە، جا ئەگەر کەسێك هەبووبێ سەرپەرشتیکردنی لە ئەستۆدا بوویێت.

ئەم کتێبخانەیە چەند کتێبێکی تێدا بووە کە ژمارەیان لەوانەیە لە (100) سەد کتێب کەمتر یان زیاتر نەبووە، هەمووی یان هەندێکی زۆری لەلایەن بەڕێوەبەر یان مامۆستایانەوە خوێندراوەتەوە، بڕواش ناکەین (100٪) هەمووی سەر بە پرۆسەی خوێندن بووبێ، یان بۆ مەبەستی یارمەتیدانی پرۆسەی خوێندن بنیاد نرابێ، بەڵکو زیاتر بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و تێگەیشتن بووە. [138] تیاشیاندا بووە بۆ منداڵ و پرۆسەی فێرکردن و گەشە کردنی منداڵ و لێك تێگەیشتن و دەروونناسی منداڵ بووە [139] بەڵام کێشەکە لەوەدایە، منداڵ سوودی لێ وەر نەگرتووە، یان زۆر جار بە زمانی جیا نووسراوە، توانای زاڵبوونی خوێنەر بەسەریدا نەشکاوە یان بابەتەکان تایبەتی بووە، زۆر حەزی پێ نەکراوە، یان لە بابەتێك دوواوە ... هتد، یان زۆر کۆن بووەو تاقەتی خوێندنەوەیان ئاسان نەبووە.

بەڵام ئەمڕۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان ئەو جۆرە کتێبخانانەن کە لە ناو قوتابخانەو خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، وەك زانستی وێژەیی — پیشەییەکانی وەك - کشتوکاڵ، بازرگانی،پیشەسازی.. هتد.[140]

جگە لە پەرستیاری (تمريض) یان هونەرە جوانەکان و دواتر هەموو ئەو شوێنانەی کە خوێندنی تێدا دەخوێنرێت و سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردەیە.

ئەم کتێبخانەیە لەلایەن کەسێکەوە دەبرێ بەڕێوە کە بەڕێوەبەری ئەو جێگەیە (قوتابخانە — خوێندنگە) دایناوە و کار بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەکات بە هەردوو توێژەکەوە (مامۆستایان و خوێندکاران)، سەر هەڵدانی ئەم جۆرە کتێبخانانە لە سەدەی بیستەمدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ:

1- سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چەندان تیۆری پەروەردەیی لە جیهاندا کە پشتگیری ئەوە دەکا فێرخواز تەوەرێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی پەروەردەدا.[141]

---

138 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

139 - تەها ڕەئوف کەریم. منداڵ و میدیا و کتێبخانە. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006.

140 - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

141 -سعد محمد الحمجرسي. المكتبات و المعلومات بالمدارس و الكليات ـط2. قاهرة: دار المصرية اللنانيية، 2001.

2- سەرچاوەکان وەك کتێب، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بنیادنانی زانست و زانیاری لای خوێنەر، چونکە لە ڕێگەی کتێبەوە بە سەرچاوەکان ئاشنا دەبێت.

کتێبخانەی قوتابخانەکان هەموو سەرچاوەکانی وەك کتێب و گۆڤارو نامیلکەو تابلۆو نەخشەو سەرچاوەی بینەری و بیسەری دەگرێتەوە کە خزمەت بە پرۆسەی خوێندن دەکات لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنیدا، جگە لە خوێندنی زانکۆیی کە بە خوێندنی بالاّ دەناسرێ.

گرنگی ئەم جۆرە کتێبخانەیە لەوەدایە کە دەتوانێت نەوەیەکی هۆشیارو ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو- و کراوە بە ڕووی زانست و زانیاری و خۆشەویستی خوێندنەوە لە دڵیدا دەچەسپێنێ، کە دەبێتە هۆی بنیادنانی باگراوندێکی باش بە زانیاری و هاوولاّتیەکی تەندروست لە منداڵیەوە تا گەورە بوونی.[142]

## جۆرەکانی کتێبخانە :-

دەتوانم بڵێم ئەوەی ناسراوە لە دنیادا (3) سێ جۆر کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگە هەیە:-

* کتێبخانەی ناوەندی قوتابخانە
* کتێبخانەی بابەتیی
* کتێبخانەی پۆل

بەلاّم من بۆچوونێکی ترم هەیە و دەڵێم پێویستە کتێبخانەی چوارەم دروستبکرێ و بێتە بوون، ئەویش بە کتێبخانەی (ناوچە یان پێکهاتە یان گشتی خوێندنگە) ناو دەبەم و لە دوای باسکردنی ئەم کتێبخانانەی سەرەوە بە درێژی باسی کتێبخانەکە دەکەم، بە هیوای ئەوەم ڕۆژێ دابێ وەزارەتی پەروەردە بیر لەم جۆرە کتێبخانانە بکاتەوە کە بە نوێترین جۆری کتێبخانەی سەردەم ناوی دەبەم.

## * جۆری یەکەم / کتێبخانەی ناوەندی قوتا بخانە :

ئەم کتێبخانەیە هەموو تایبەتمەندییەکانی کتێبخانەی تێدایە کە لە خوێندنگە دوا ناوەندی و ئامادەییەکان وپیشەییەکاندا دەکرێ، تیایدا سەرجەم سەرچاوەکان پێڕست و پۆلێن کراوە بە شێوەی دروست و هەر بەشەو شوێنێکی بۆ دەستنیشانکراوە بە ڕەچاو گرتنی گەورەیی و بچووکی بەشەکە،

---

[142] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

لەگەڵ شوێنی خوێندنەوەو وێنە کێشان و گوێ گرتن و بینینی سەرچاوەکان کە چاپەمەنین، ئەمە جگە لە بوونی جێگایەك بۆ ئەمینداری کتێبخانە کە ئیشو کارەکانی خۆی تێدا ئەنجام دەدات.

ئەم جۆرە کتێبخانانە زیاتر لە دوو کەس کاری تێدا دەکەن بە شێوەیەکی بەردەوام سەرچاوەکانی ناوی بە پێی بوونیان جیا دەکرێتەوە، واتە شوێنێك بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکان، لەگەڵ بوونی کورسی خوێندنەوە. جیاکردنەوەی سەرچاوە فەرهەنگییەکان، یان دانانیان بە جیا لەگەڵ (**عارضة مجلات**) (هەڵگری ڕۆژنامە) کان تیایدا.

ئەم جۆرە کتێبخانانە خزمەتێکی بەرچاو بە خوێندکارانی قوتابخانەکانی خوێندن دەکات، بە تایبەتی ئەم توێژە کە لە سەرەتای بنیادنانی کەسایەتی خۆیاندان و زۆر پێویستیان بە بنیادنان هەیە، چونکە لە قۆناغی هەرزەکاری و سەرەتای تێگەیشتنن لە ژیان، بۆیە پێویستە زۆر بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بکەین و ئاگاداری حەزو ئارەزووەکانیان ببین، چونکە ئەمە ڕێگەی بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونە ڕووەو زانکۆو ژیانێکی نوێ.

## * جۆری دووەم / کتێبخانەی بابەت



ئەم جۆرەیان لە ناساندنی کتێبخانەکەدا پشت بە باتەکانی سەرچاوەکان دەبەستێت، واتە سەرچاوەکان بە پێی بابەت جیا دەکرێتەوە، لێرەدا هەموو ئەو سەرچاوانەی کە سەر بە وانەکانی خوێندن بەجیا هەریەکەو لە شێلفێکدا جیا دەکرێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو سەرچاوانەی تر کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، ئەمە جگە لە سەرچاوە جیاوازەکانی تر کە بوونیان لە کتێبخانەدا

هەیە بۆ نموونە – لێکۆڵینەوە – چیرۆك بە هەموو شێوەکانییەوە – ڕۆمان – یاداشت – دەروونناسی – کۆمەڵایەتی – داب و نەریت – زمان – فەلسەفە- هونەر... .

ئەوەی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە کتێبخانە شێلفی کراوەیە و خوێندکار سەربەستە لە بەکارهێنانی کتێبخانەکە، واتە ناسین لە نێوان خوێندکارو سەرچاوەکاندا دەبینرێ و سوودیشی ئەوەیە دەتوانێ ناوەرۆکی کتێبەکە ببینێ و ژمارەی بابەتەکانی ناو کتێبەکە بزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشنات دەکات کە بزانیت چەند سەرچاوە لەو کتێبە لە کتێبخانەدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی بۆی دەردەکەوێت کە ئەو نووسەرە چەند کتێبی تری نووسیوە لەو بوارەدا، دواتر دەچینە سەر شێوەی کارکردن و ڕێکخستنی سەرچاوەکان.[143]

## * جۆری سێیەم / کتێبخانەی پۆل:

ئەمە زیاتر لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بەکاردێت بۆ پۆلەکانی (1-6)، واتە تەمەن (6-12)ساڵ سوودی لێ وەردەگرێت.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە زۆر گرنگەو زۆر بە سوودە بۆ قوتابیانی سەرەتایی، کە دەڵێین سەرەتایی واتە، سەرەتای فێربوونیان بە نووسین و خوێندن و بینین و تێگەیشتن لە قوتابخانەدا بۆ ژیان.

ئەم کتێبخانەیە بەندە بە ژمارەی پۆلەکانەوە، یان بڵێین چەند پۆلمان هەیە ئەوەندە کتێبخانە لەپۆلەکاندا دەبێت، واتە هەر پۆلەی کتێبخانەی خۆی هەیە.

کتێبخانەکە لە سوچێکی پۆلەکەدا بە تەنیشت بۆردەکەوە، یان نزیك لێی دادەنرێت، ژمارەی شێڵفەکانی کتێبخانەکە بەندە بە ژمارەی وانەکانی پرۆسەی خوێندنەوە، واتە چەند مادە دەخوێنرێت دەبێت ئەوەندە شێڵفت هەبێ و هەر شێڵفەی دەرگای شووشەیی هەیەو کلۆم کراوە و کلیلەکەی لای مامۆستای وانەیە، هەر شێڵفە دابەش دەکرێ بەسەر ژمارەی وانەکانی ناو ئەو دەرسەی کە دەخوێنرێت، بۆ نموونە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی وەردەگرین (وانەی کوردی) ئەو سەرچاوانەی کە لەناو شێڵفەکەدایە مەرج نییە کتێب بێت، لەوانەیە لاپەڕەیەکی چاپکراوی ڕەنگاوڕەنگی کەمێ ئەستوور بێ کە تەنها وێنەی لەسەرە، چونکە منداڵان نازانن باش بخوێننەوە، یان با بڵێین سەرەتای خوێندنیانە، بەڵام وێنەکان دەناسنەوە، دەبێت ژمارەی سەرچاوەکانی یەك وانە کە دەخوێنرێت، بەقەد

---

[143] - عبدالله اسماعيل الصوفي، التكنولوجيا الحديثة ومراكز المعلومات – عمان ، دار المسيرة للنشر والتوزيع – 2001

یان نیوەی ژمارەی قوتابییەکان بێت، یان بە دوو قوتابی یەك پۆستەریان دەست کەوێت ئەگەر مێزی دانیشتنیان دوو نەفەریی بوو.

سەرنج بدەین ئەمڕۆ وانەی (دار) دەخوێنن، دەبێت ئەو سەرچاوەیە کە لەبەر دەستایە تەنها وێنەی ئەو دارە نەبێت کە لە کتێبەکەدایە، بەڵکو وێنەی چەندان داری تری لەسەر بێ وەك، داری هەنار، سێو، پرتەقاڵ، چوالە، هەنجیر، سنەوبەر، ژاڵە، مێو، گوێز.... هتد. تاوەکو هەموو جۆرە دارەکان بناسێت و[32] دار لە یەك جیا بکاتەوە وەك، ڕووەك، وەکو لق، وەکو قەد، وەکو چڵ، و بنووسرێ بەمانە دەوترێ دار، وێنەی چیلکەیەك، دەستەکێك، ڕاستە دارێ....هتد، یان کە وانەی سێو دەخوێنرێ، تەنها ئەو سێوە نەبینێ کە ئازاد بۆ نەسرینی بەردەداتەوە، بەڵکو وێنەی سێوەکان بەم چەشنە بکرێ — سێوی سوور، زەرد، سەوز، لاسوورە، شەکرە سێو، مزرە سێو، ئەمە سەبارەت بە وانەی کوردی، بۆ وانەکانی تریش بەهەمان شێوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە منداڵ دەیەوێت فێر بێت، کەواتە نووسین زۆر ڕۆڵی نییە، بەڵکو ناساندن لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە و شیکاری ناساندنەکە پێناسەی هەموو شتێکە وەك خۆی، بۆ مادەکانی تر مامۆستا خۆی بەرپرسە لە شێڵفەکەی و خۆی دەزانێت چۆن ڕوونکردنەوەکان ئەنجام دەدات بەکەرەستەی فێرکردن بێ، یان بە دەست گرتن و پراکتیکی.

ئەم جۆرە کتێبخانەیە زۆر گرنگە، چونکە سەرەتای ناساندنمانە بە کتێبخانە، لێرەوە خۆشەویستی بۆ خوێندنەوەو فێر بوون و سەیر کردنی کتێبەکان و تێڕامان لێی دەست پێ دەکات.

هەموو ئەم سەرچاوانەی کە لێرەدان پاڵپشت و یاریدەدەری پرۆسەی خوێندنن لە پێناو ئاسانکردن و والآ کردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە لای قوتابی دروست دەبێ، وەڵامی گونجاوی بۆ مسۆگەر دەکات، ئەمە جگە لەوەی بیری قوتابی بۆ چەند لای تر دەبات کەپێشتر بە خەیاڵیدا نەهاتووە، بە تایبەتی لەو سەرچاوانەی کە فیکر دەجوڵێنێ، ئەمەش لە وێنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## * جۆری چوارەم / کتێبخانەی گشتی خوێندنگەکان:

ئەم جۆرە کتێبخانەیە من بۆ خۆم دامناوەو بەرنامە ڕێژم بۆ کردووە و زۆر بە پێویستی دەزانم بۆ پرۆسەی خوێندن، هەم وەك یارمەتیدەری پرۆسەکەو هەم وەك کتێبخانەیەکی گشتیی بچووك لە سنووری گەڕەکەکاندا کە گشت خوێندنگەکان هەر لە سەرەتاییەوە تا کۆتایی قۆناغی خوێندنی پەروەردەیی بگرێتەوە.

ئەم کتێبخانەیە ئەکەوێتە ناوەندی یان ناوەڕاستی ئەو گەڕەکەی کە شارەوانی شار سنووری بۆ کێشاوە و خزمەت بە سەرجەم ئەو قوتابخانەو خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندیو ئامادەییانە دەکات کە لە ناو سنووری جوگرافیای ئەو گەڕەکەدان.

هەریەك لەم قوتابخانە و خوێندنگەیانە دەتوانن سوودمەند بن لێی بە گشت توێژەکانییەوە، هەر لە مامۆستایان وخوێندکارانەوە بۆ هەر مەبەستێك.

سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە دابەش بووە بەسەر سەرجەم ئەو وانانەی کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە واتە لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە دەخوێنرێت تاپۆلی 12 ی بنەڕەتی، کە یارمەتیدەری پرۆسەی خوێندنن، جگە لەمانە دەتوانین بڵێین هەر سەرچاوەیەك کە ببێتە هۆی ڕۆشنکردنی فیکری هەر کەسێك بە مەرجێك لە پرۆسەی پەروەردە دەرنەچێت، یان نەترازێت لەخۆ دەگرێت، و ئارەزووەکانی خوێنەر لەو سەرچاوانەی کە لەم قۆناغەدا بە دوایدا وێڵە دابین دەکات، ئەوەشمان لە بیر نەچێت سەبارەت بە قۆناغی (9-12) هەستیارترین قۆناغە لە مرۆڤدا کە بەدوای خودی خۆیدا وێڵە، یان با بڵێین دەیەوێت خۆی بناسێت یان ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە، خوێندنەوە لێرەدا زۆر هەستیارە، چونکە زۆرجار مرۆڤ بە هۆی دێڕە شیعرێکەوە یان وتەی ناودارێکەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەرەکەوە، بە تایبەتی لە شیعری دڵداری و هەندێ سەرچاوەی وەك یەکلایی کردنەوەی خود لە بڕوا بوون بەو فەلسەفانەی کە بە لایەوە گرنگە.

ئەم کتێبخانەیە کە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و پەروەردەییە کار بۆ گەشەکردنی فیکرو ناساندنی زانستەکانی خوێنەرانی خۆی دەکات و سەرچاوەکانیان دەخاتە بەردەست، بە ئامانجی هەڵهێنجانی وەڵامی دروست بۆ پرسیارەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا بە سیستەمێکی نوێ کارەکانی ئەنجام دەدات و هەمیشە زۆرتر دەبەخشێت لەوەی کە تۆ چاوەڕوانی دەکەیت.

وەك هەر کتێبخانەیەکی تر ئەمیش لە چەند بەشێك پێك دێت لەوانە:-

1- هۆڵی خوێندنەوە:

أ) هۆڵی خوێندنەوە بۆ منداڵانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی واتە (1-6) بنەڕەتی.

ب) هۆڵی خوێندنەوە بۆ ناوەندییەکان و دواناوەندییەکان.

ت) هۆڵ بۆ سەرجەم مامۆستایان.

پ) هۆڵی خوێندنەوە بۆ دوا ناوەندی و ئامادەییەکان.

2- بەشی خواستن:

لێرەدا خواستن بۆ قۆناغەکان دیاریکراوە، واتە جێگەی تایبەت دەستنیشانکراوە بۆ قۆناغەکانی خوێندن.

3- هۆڵی وێنە کێشان:

بە قەبارەی جیاوازو شوێنی جیا جیا کە تێیدا سەرجەم کەرەستەکانی وێنە کێشان دابینکراوە بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر.

4- کەرەستەی بینین و بیستن:

کتێبخانە تەنها چاپکراو ناگرێتەوە، بەڵکو سەرچاوەکانی تریش لە خۆ دەگرێت، لەوانە بەشی بینەری و بیستەری کە خوێنەر زۆر سوودی لێ دەبینێت و ڕەنگە زۆر مادده بە هۆی ئەم بەشەوە بە باشی تێ بگات وەك، وانەکانی بایۆلۆجی – جوگرافیا – کیمیا- زانست ... هتد، ئەو ماددانەی کە لەم بەشەدان بریتیە لە:

- فیلم ڤیدیۆ
- کاسێت
- 3-شریتی فیلمی + ئامێری سینما ڤیژن.
- 4-**D.V.D** یان **C.D**
- 5-ئامێری نمایش کار
- **T. V**
- 7-تۆمارکەر (مسجل)
- سلاید
- 9 -بۆردی نمایش (پیشاندەر).

لێرەدا زۆر فیلمی پەروەردەیی بە خوێنەرانی ئەم کتێبخانەیە نیشان دەدرێت و ڕۆڵ و کاریگەری زۆر باش جێ دەهێڵێت لەسەر قوتابیەکان، لە چۆنییەتی مامەڵەکردن و سەردان و بینینی ئەو جێگایانەی کە نیشان دەدرێت.

سەرنج بدە ئەگەر تەنها بە فیلم وێنەی (√) یان (×) کە لەکۆتایی نمایشی وێنەکاندا نیشان دەدرێت بە خوێنەر ئاماژەی پێ بدەین، دەبێت پێش دەرکەوتنی نیشانەکان قوتابی نیشانە بە هێما ڕاستەکان دەدات، کەواتە پێش دروستبوونی حاڵەتەکە، ڕێنماییەکان وەردەگیرێت، یان سوودمەند دەبێت.

ئەگەر سەیری ماددەی جوگرافیا بکەین، زۆر بابەتی هەستیاری تێدایە کە قوتابی پێی هەزم ناکرێ لەوانە زەوی لە بۆشاییدایە یان لەسەر خولگەیەکە؟ ناچێتە عەقڵی قوتابی پۆلی چوار، یان پێنجەمی بنەڕەتی، کە زەوی لە بۆشاییدایە، یان دروست بوونی شەو و ڕۆژ، یان چوار وەرزی ساڵ، ڕەنگە مامۆستا زۆر خۆی ماندوو بکا، بەڵام لە زهنی قوتابییەکەدا بە شێوەیەکی تر بێ، ئا لێرەدا کە فیلمی نمایشی هەسارەو ئەستێرەو خولگەو زەوی بۆ دەکەیت شتێك تێ دەگات، بەڵام کە

دروستبوونی شەو و ڕۆژ و چوار وەرزەی ساڵ و مانگ گیران وخۆر گیران دەبینێت، هێز نییە لە بیری بباتەوە.

5- بەشی سەرچاوە فەرهەنگییەکان:

لەم بەشەدا بە دەیان و بگرە زیاتر سەرچاوەی فەرهەنگیی دەبینرێت، هەر لە قامووس ئیسایکوپیدیا – معجم – ڕێبەر– نەخشەو سەرچاوەی بیبلۆغرافیا ... هتد.

باشترین قوتابخانەی فەرهەنگیی و ناسینی فەرهەنگ و چۆنییەتی بەکارهێنان و ئاشنابوون بە ناوەکانیان لێرەوە دەستپێدەکات، لە مامۆستا یان ئەمینداری کتێبخانە بە نموونە سەرچاوەکان شی دەکاتەوە، کە چی لە خۆی دەگرێت یان باسی چی دەکات.

ئێمە خوێندکارمان هەیە زانکۆی تەواو کردووە، بەڵام نازانێ بەشی فەرهەنگ کەوتۆتە کوێی کتێبخانەوەو چی تیایە.

6- بەشی گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

لێرەدا نمایشی گۆڤارو ڕۆژنامە دەکرێ، دەتوانین هەر سەرچاوەیەکی پێویست بوو داوا بکات و وەریبگرێت پاش خوێندنەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، لێرەدا دەرخستەی گۆڤارو هەڵگری ڕۆژنامە هەیە کە دیمەنێکی جوانی هەیەو سەرنج ڕاکێشە زۆر خەڵك بە تەنیشتیانەوە وێنە دەگرێت کە خۆی لە خۆیدا هاندانە بۆ خۆ دەرخستن یان شانازی پێوەکردن.

ئەو گۆڤارانەی کە لێرەدان دەبێت زیاتر پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و گشتی بێت نەك سیاسی، چونکە قوتابی یان خوێندکار عەقڵی سیاسی پێنەگەیشتووە تا مومارەسەی بکا زیاتر سۆزو خۆشەویستی بۆ سیاسەت هەیە نەك پێناسە.

هەندێ بەشی ترمان هەیە کە پەیوەندی بە خوێنەرەوە نییە تەنها بۆ ناساندن، مەگەر بزانیت کە ئەمانە کاریان چییە کە پێیان دەوترێت بەشە هونەرییەکان لەوانە:

* بەشی تزوید (مادە هاتوەکان):

بە بەشێکی سەرەکی کتێبخانە دادەنرێت کە هەڵدەستێت بە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری هەمە ڕەنگ بە گشت جۆرەکانییەوە بۆ کتێبخانە، لەگەڵ تۆمارکردن و ناردنیان بۆ بەشە پەیوەندیدارەکان لە کتێبخانەدا.



- بەشی پێڕست و پۆلێن:

ئەم بەشە هەڵدەستێت بە دروستکردنی کارتی پێڕست و پۆلێن بۆ سەرجەم کتێبەکان لەناو کتێبخانەدا، کە تێدا ژمارەی پۆلێن و پێڕستی کتێبەکە لە شانی کتێبەکان دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە هەر کارتەی ئەم زانیارییانەی تێدایە، ناوی نووسەر یان وەرگێڕ، ناونیشانی کتێبەکە، شوێن، بڵاوکراوە، ساڵی چاپ، جۆری چاپ، ژمارەی لاپەڕە، قەبارەی کتێب لەگەڵ بابەتی کتێبەکە.



* بەشی چزو بەند:
ئەم بەشەش هەڵدەستێت بە چزوبەندکردنی کتێبەکان بە تایبەتی ئەوانەی ماندوون، یان خەریکە هەڵدەوەشێن، یان زۆر لە بەرگدا ناسکن.
لەم کتێبخانەیەدا هەمیشە سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو پێشانگەو خولی فێربوون دەکرێتەوە بۆ هەریەك لە:
{ زمان، خۆشنووسی، وێنە کێشان، مۆسیقاو گۆرانی، کۆمپیوتەر، ئیشی دەست }
دەتوانین بڵێین ڕۆڵی سەنتەرێکی فێرخوزای و هونەری دەگرێتەوە، چالاکییەکانی تێدا نمایش دەکرێ.

## ڕێنماییەکانی وەرگرتن و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان

ئەم کتێبخانەیە وەك پێشتر باسمان کرد سنوورێکی دیاریکراوەو چەند قوتابخانەو خوێندنگەیەك دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، واتە تایبەتە تەنها بەو شوێنەوە کە دەستنیشانکراوە، خۆی لە خۆیدا سەربەخۆییەکی هەیە لەبەر ئەوەی ئەم کتێبخانەیە سنوورداره تەنها مۆڵەتی خواستن بەو مامۆستاو قوتابییانە دەدات کە لە سنووری ئەودان و ناوی خوێندنگەکە تۆمارکراوە.
بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هەر خوێندکارێك کە خوازیاری وەرگرتنی سەرچاوەیە وێنەیەك بنێرێت بۆ کتێبخانە تاوەکو پێناسی کتێبخانەی بۆ دروست بکرێ، بتوانێ سەرچاوە وەربگرێ. ڕێنماییەکان بریتیە لە:

1) خوێنەری سەرەتایی دەتوانێت (؟) سەرچاوە وەربگرێت.
ناوەندی (؟) دوا ناوەندی و ئامادەیی (؟) لەیەك كاتدا.
2) ماوەی وەرگرتن (؟) ڕۆژە بۆ قۆناغی سەرەتایی بۆ ناوەندی () بۆ ئامادەیی ().
3) بۆ مامۆستایان (2) هەفتە بە بێ جیاوازی.
4) بۆ فەرمانبەرانی سەرجەم خوێندنگەكان (1) هەفتەیە.
5) لە كاتی پێویستدا ماوەكە تازە دەكرێتەوە ئەگەر خواستی لەسەر نەبێ.
6) دڕاندن و ناشرینكردنی كتێب تووشی لێكۆڵینەوەت دەكات، تكایە كتێبەكان خاوێن ڕابگرە.
7) ونكردنی هەر كتێبێك لەلایەن هەر خوێنەرێكەوە (بژاردن- غەرامە)* كردن پەیڕەو دەكرێ.
8) هیچ خوێنەرێكی تر جگە لەم خوێندنگەیانە مافی وەرگرتنی سەرچاوەی نییە.

ئەگەر ڕاستیمان بوێت بێ بەشبوونی خوێنەر لەم كتێبخانەیە بە تایبەتی خوێنەرانی قوتابخانەكانی تر خۆی لە خۆیدا وەك ستەمێك وایە، بەڵام ئەوانیش بۆ خۆیان كتێبخانەیان هەیە دەتوانن سوود لە كتێبخانەكەی خۆیان وەربگرن، ڕاستە ناتوانن بێ پێناس سەرچاوە وەربگرن، بەڵام دەتوانن لەسەر پێناسی هاوڕێكانیان بە ئامادە بوونی خۆیان كتێب بە قەرز لە كتێبخانە وەربگرن و هاوڕێكانیان ئیمزایان بۆ بكەن.

كەمی و زۆری ماوەی وەرگرتن لەگەڵ ژمارەی دانەی كتێبەكان پەیوەندی تەواوی هەیە بەكەمی و زۆری كۆلێكشنەكانی كتێبخانەكەوە، تاوەكو سەرچاوە زۆر بێت ماوەو ژمارەی كتێب زۆرتردەدرێت بە خوێنەر.[144]

ڕەنگە پرسیارێك لێرەدا دروست ببێ بلێین: ئەی ئەگەر كتێبخانەیەكی تر دەوڵەمەند نەبوو بە سەرچاوە لێرەدا كێ بەرپرسە؟

ئەم جۆرە كتێبخانانە چەند سەرچاوەو كەسانێك هەیە بۆ یارمەتی دانی یان بۆ دەوڵەمەند كردنی پشتی پێ دەبەستێت لەوانە:

بەپلەی یەكەم:
- وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی ڕۆشنبیری

---

* بژاردن/ مەبەست لە ژمارە نییە كە ببژێرێت، بەڵكو مەبەست دانی پارەیە بە كتێبخانە لە بری كتێبە ونكراوەكە.

[144] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر( د. ت)

- ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی سەر بە منداڵان و گەنجان/ ئەو بەرهەمانەی کە بڵاو دەکرێنەوە وێنەیەك دەنێرێت بۆ ئەم کتێبخانانە.

- کەسو کاری خوێندکاران

- مامۆستایان

-نووسەران و دەزگاکانی چاپ

ڕەنگە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە بڕوای ئێمە باشترین ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت، و دەتوانێت وەك کەناڵێك بەکار بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکە بە شێوەیەکی گشتیی، ئەمەش دەکەوێتە سەر (ئەمینداری کتێبخانەکەو ئەو ئەنجوومەنەی کە پەروەردە سەرپەرشتی دەکات بە هاوکاری سەرپەرشتیارانی کتێبخانە پەروەردەییەکان لە ڕاپەڕاندن و بەڕێکردنی کارەکانیدا.

پلەی دووەم:

هاندانی خوێندکاران بۆ خوێندنەوە یان چاندنی تۆوی خۆشەویستی و خوێندنەوە لە دڵی خوێنەراندا و هاندانیان بۆ خوێندنەوە بە بەردەوامی و دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی کە ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵ و گەنج دروست دەکات، ئەگەر هاتو تاکی کۆمەڵمان فێری خوێندنەوە کردو خوێندنەوەمان کردە ئامانجێکی ئەو تاکە، ئەوا بێگومان هاووڵاتیەکی تەندروستمان بنیادنا،خوێندنەوەو خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە گرفتێکە لە کۆمەڵگەدا، زۆر لە منداڵان وا سەیری خوێندنەوە دەکەن کە ئەرکەو لەسەر شانییەتی دەبێ جێبەجێی بکات وەك فەرمانی داخوازی سەیری خوێندنەوە دەکات کە سبەینێ تاقیکردنەوەی بێت.

( زۆر لە قوتابییان حەز ناکەن بچن بۆ کتێبخانە، بەڵام بە ناچاری لەسەر داوای مامۆستاکانیان سەردانی کتێبخانە دەکەن وا دەزانن کتێبخانەش بابەتێکی ترە لە وانەکەو دەبێت ئامادەی بکات)[145] وە فێر نەکراوە کە کتێبخانە جێگەیەکە مرۆڤ تێیدا ئاسوودە دەبێت و هەرچ سەرچاوەیەکی ئارەزووی بکات بۆ خوێندنەوە دەتوانێ داوای بکات.

ئێمە نەمانتوانیوە ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵەکانمان یان قوتابییەکانمان دروست بکەین کە بە ڕاستی ئەمە ئەرکی سەرشانی زۆر لە ئێمەیە هەر لەماڵ، قوتابخانە، کۆمەڵگە.

لە قوتابخانەدا ئەرکی مامۆستا بەڕێزەکانە کە هانی قوتابی بدات بۆ خوێندنەوە، سەردانی کتێبخانەیان بۆ ڕێکبخات و کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەیان پێ بناسێنێت و سەرچاوەکانیان نیشان بدات، باسی ناوەڕۆکی کتێبەکانیان بۆ بکات، نموونەی کتێبێك نیشان بدات (چیرۆکی منداڵانیان

---

[145] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

بەسەردا دابەش بکات، یەك یەك چیرۆکیان پێ بخوێنێتەوە، فێری خوێندنەوەی خێراو ئارەزووی دوواندیان بکات).

کاری کتێبخانەیە ئەو سەرچاوانە دەستەبەر بکات لەگەڵ تەمەن و عەقڵی منداڵدا یەك دەگرنەوە، واتە هەستن بە هێنان و ئامادەکردنی هەموو جۆرەکانی سەرچاوە لە کتێب و بڵاو کراوەو پێداویستی تر، کە بشێت بۆ هەموو تەمەنەکان و تواناکانی قوتابیان لە گشت ئاستەکاندا.

ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی گەشەنەکردنی کتێبخانەی قوتابخانەکان لە کوردستاندا کە بەم ئاقارەی بردووە:

أ- گرنگی تەواو نەدراوە بە کتێبخانەی قوتابخانەکان کە ببێتە بنچینەیەك بۆ گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و فکری و چەسپاندنی کەسایەتی قوتابی لە قۆناغەکانی خوێندندا.

ب- زۆربەی زۆری ئەو کتێب و چاپەمەنییانەی لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا هەبوون، لەگەڵ پرۆسەی خوێندنی بڕیار لەسەر دراودا یەکیان نەگرتۆتەوە، یان بابەتەکانیان جیاواز بووە یان ئاستی نووسینیان بەرز بووە.

ت- هەژاریی کتێبخانەی قوتابخانەکان لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری کە یارمەتیدەری پرۆسەی خوێندن بووبێ.

پ- هەژاریی کتێبخانەکان بە کەرەستەی ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و کەرەستەی بینین و بیستن.

ج- نەبوونی بودجەی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و مەبەستەکانی کتێبخانە.

ح- کەمی سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی تایبەت بە ئەدەبی منداڵان.

زۆر خاڵی تر ماوە، بەڵام دواتر لە کێشەو گیرو گرفتەکاندا باسی دەکەین.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان:

هەموو کتێبخانەیەك کە دادەمەزرێت کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە دەیەوێت لە زووترین کاتدا بەدی بهێنێ، هەندێ ئامانج هەیە زوو دێتە بەر، بەڵام هەندێکی تریان کاری دەوێت، وەکو نەمامێك وایە بینێژین و پەروەردەو سەرپەرشتی کردنی دەوێت تا دەگاتە بەر گرتن. (قوتابخانە فێرگەی فێرکردنی مرۆڤە بە زانست و زانیاری)، کتێبخانە یارمەتیدەری بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە کە ئەویش دروستکردنی نەوەیەکی نوێ پڕ چەك بە زانست و ڕۆشنبیری و زانیاری کە بتوانێت لە دوا ڕۆژدا

سوودی لێ وەربگیرێت،[146] کتێبخانەی قوتابخانە کۆمەڵێك ئامانجی هەیە کە کاری بۆ دەکات لەوانە:-

1- بەدەستهێنان و زیاتر کردنی سەرچاوە چاپکراوەکان هەر لە کتێب و سەرچاوەکانی تر کە دەبێتە پاڵپشتی پڕۆسەی خوێندن لای قوتابیان، لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) چەند وانەیەکی جۆراو جۆر دەخوێنرێت، ئەرکی کتێبخانەی قوتابخانەکانە کە ئەو سەرچاوانە دابین بکات کە وانەکانی خوێندن ڕوونتر دەکاتەوە، شیکاری هەموو بابەتەکانی ناو وانەکان دەکات کە لە پڕۆسەی خوێندندا ئەخوێنرێت.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە لەسەر بەرپرسی کتێبخانە بەرچاو ڕوونیی هەبێت لەسەر پرۆگرامی خوێندن و پەیوەندییەکی باشی هەبێت لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکان بەمەبەستی ئامادەکردنی ئەو سەرچاوانەی کە پاڵپشت و بەهێزکەری پرۆگرامی خوێندنە.

2- هاندانی خوێندکاران بە بەردەوامی بۆ خوێندنەوە، یان چاندنی خۆشەویستی خوێندنەوە لای قوتابیان و خوێندکاران و دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی کە ئارەزووی خوێندنەوە لای قوتابی دروست دەکات.

ئامانج لێرەدا ئەوەیە تاکی کۆمەڵگەی قوتابخانە فێری خوێندنەوە بکەین تا پڕچەك بێ بە زانست و زانیاری، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تاکێکی تەندروست و چالاك لە ژیاندا.

خوێندنەوەو خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە گرفتێکە لە کۆمەڵگەدا چۆن بتوانین بەسەریدا زاڵ بین، زۆر لە منداڵان و گەنجانمان وا سەیری خوێندنەوە دەکەن کە ئەرکەو لەسەر شانییەتی و دەبێ جێبەجێی بکات وەك فەرمانێکی داخوازی قورس وایە لای.

زۆر لە قوتابییان حەز ناکەن بچن بۆ کتێبخانە، بەڵام بە ناچاری دەچن، ئەویش لەسەر داخوازی مامۆستاکانیان سەردانی دەکەن، وا دەزانن کتێبخانەش بابەتێکی ترە وەك وانەکان دەبێت ئامادەی بکات.[147]

بەداخەوە منداڵ فێرنەکراوە کە کتێبخانەماڵی دووەمیانە و جێگەیەکە کە ڕۆح و بیرمان تێیدا ئاسوودە دەبێ، و هەچ سەرچاوەیەك ئارەزووی بکەی بۆ خوێندنەوە دەتوانێ بیخوازێ.

---

[146] - سعد محمد الحجرسي. المكتبــات و المعلـــومــات بالمـدارس و الكليـات ـط2. قاهرة: دار المصريـــــة اللنانيية، 2001.

[147] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

نەهێنانەدی ئەم ئامانجە ئەركی سەرشانی زۆر كەس لە ئێمەیە هەم وەك ماڵ، قوتابخانە، ژینگەی كۆمەڵگەكە، لە ماڵدا ئەركی دایك و باوكە، لە فێرگە كاری مامۆستایە لە دەرەوەی هەردووكیان كۆمەڵگەو وەزارەت بەرپرسە لە ڕۆشنبیركردنی خەڵك.

ئەو سەرچاوانەی لە كتێبخانەدا سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت ئەو سەرچاوانەن كە ئەم حەزی لێ دەكات كە لەگەڵ عەقڵ و تەمەن و حەزەكانیا یەكانگیرە، وەك وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی ناو كتێب و چیرۆك و سروودی منداڵان كە لە تەلەفزیۆندا كراوە بە گۆرانی و ئۆپەرێت.

ئەركی سەرشانی ئەمینداری كتێبخانەیە لە كاتی سەردانی خوێنەرەكانیدا نمایشی ناوەرۆكی بابەتەكانی ناو كتێبەكە بكات.

چیرۆكی منداڵانەو بەپێز بەسەریاندا دابەش بكات، یەك یەك چیرۆكیان پێ بخوێنێتەوە و فێری خوێندنەوەی خێراو ئارەزووی دووادنیان بكات، پاشان خۆی چیرۆكی خۆشیان بۆ بخوێنێتەوە.

3- - ڕاهێنانی خوێندكاران لەسەر چۆنییەتی بەكارهێنانی كتێبخانە.

پێویستە لەسەر مامۆستایان لەسەرەتای هاتنی قوتابی بۆ قوتابخانە كتێبخانەیان نیشان بدات و ئەركی سەرشانی بەرپرسی كتێبخانەكەیە هەستێ بە ڕاهێنانی قوتابیان لە سەرەتای هاتنیان بۆ كتێبخانە لەسەر چۆنییەتی چوونیان بۆ كتێبخانەو فێربوونی بەكارهێنانی ڕێنماییەكان و داواكردن و بەكارهێنانی كتێب و كتێبخانە، كە ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی تواناو گەشەی بیری قوتابی و فێركردنیان لە چۆنیەتی ڕێزگرتن لە سیستەمەكانی كتێبخانە لە چۆنیەتی وەرگرتن و خوێندنەوەو گەڕانەوەی كتێبەكان لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا.

4- دروستكردنی پەیوەندییەكی توندو تۆڵ لە نێوان بەرپرسی كتێبخانەو مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەدا، پێش هەر شتێك دەبێت باوەڕی تەواو بە كتێبخانە لای مامۆستایان دروست بكات. سەرنجی ئەوان بۆ كتێبخانە ڕابكێشێت كارو چالاكییەكانیان لە بەشێكی كتێبخانەدا ئەنجام بدەن، وەك كردنەوەی پێشانگەی وێنەو كاری دەست ڕەنگینی و چالاكی قوتابخانە، دەبێت كتێبخانە ئاگاداری پڕۆژەی داهاتووی قوتابخانەی هەبێت تا لەگەڵ گەشەسەندنی ئەودا ئەمیش لە پێشكەوتندا بێت یان خۆی فراوانتر بكات، پێویستە بەرپرسی كتێبخانە سەرنجی مامۆستایان ڕابكێشێت بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانیاری بۆ كتێبخانە، ئەمەش بە مەبەستی دیاریكردنی كتێب و سەرچاوە و كەرەستەكانی كتێبخانە، هەرچەندە كارێكی ئاسان نییە، بەڵام زۆر گرنگە، هەروەها مامۆستایان دەتوانن خوێندكاران ڕابهێنن بۆ ئەوەی بە بەردەوامی سەردانی كتێبخانە بكەن.

4- بێجگە لە دابینكردنی كتێب پێویستە كتێبخانە سەرچاوە چاپكراوەكانی تریش دابین بكات لەوانە: گۆڤارو ڕۆژنامە و پۆستەرات و وێنەو تابلۆ، جگە لەمانەش كەرەستەی بینین و بیستن وەك T. V ڤیدیۆ، فیلم و فیلمی سینەمایی بە هەموو شێوەو جۆرەكانییەوە، ئەم كەرەستانە پەیوەندی

تەواوی هەیە بە شیکاری ئەو بابەتانەی کە لە وانەکاندا دەخوێنرێت زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆشنبیری بەکار دێت.[148]

5- دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی کە ئارەزووە تایبەتەکانی خوێنەر زیاد دەکات، کە گەشە بە بیرو تواناکانی دەدات، وەك سەرچاوە دەربارەی وێنە کێشان و سروود و مۆسیقا و وەرزش و چاندنی بەرو بوومی کێلگەیی، هەروەها بەخێوکردنی باڵندەو ئاژەڵ و چاندنی گوڵ و بایەخدان بە هەموو ئەو شتە بەسوودانەی لە کاتە بەتاڵەکاندا دەتوانێ سوودیان لێ ببینێ.

6- دروستکردنی کەشو هەوایەکی لەبار لەناو کتێبخانەدا:

مەبەست لەم خاڵە، واتە هۆیەکانی ساردو گەرمکەرەوەی تێدا بێت، بێدەنگی تێدا پارێزراو و ئارام بێت، ڕووناکییەکی باشی هەبێت.

کورسی و مێزی گونجاوی تێدا بێت کە لەگەڵ باڵاو تەمەنیدا گونجاو بێت، ڕەنگی دیوارەکانی ئارام بێت لەو ڕەنگانەش ڕەنگی شیریی و ڕەساسیی زۆر کاڵ و فستقیی کاڵ، کە ئەم ڕەنگانە کاردانەوەی هەیە لەسەر بیری منداڵ و خوێنەر، هەروەها جوانی ناو کتێبخانەکە کە شێڵفەکان و ڕیز بەندی کتێبەکانیش دەگرێتەوە، لەگەڵ وێنە هەڵواسراوەکان هەر لە نەخشەو وێنەی کەسایەتییە ناسراوەکان، ئەمانە هەموو کەشێکی لەبارو ئارامن بۆ خوێندنەوە لەناو کتێبخانەدا.

7- چاندنی ڕۆحی هەرەوەزی و ڕاهێنانی بە کۆمەڵ، واتە گەلکاری بۆ ئیشکردن لەناو کۆمەڵی کتێبخانەدا.

لەوانە گواستنەوەی کتێب و خاوێن کردنەوەی کتێبخانەو گواستنەوەی شمەك و خاوێن کردنی هەندێ جێگای بەرچاو لەناو هۆڵی خوێندنەوەدا، ئەم کارانە زۆر خۆشیی لای خوێندکار دروست دەکات، وا هەست دەکات کتێبخانە بەشێکە لەو، ئەمانە هۆیەکە بۆ نزیکردنەوەی خوێندکار لە کتێبخانەو سەرەتای بە سیستمی پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوانیانە.

8- دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەی کە خوێندکار لە قۆناغەکانی دواناوەندی و ئامادەییدا پرۆگرامەر دەکات، واتە فێریان دەکات چۆن بەرنامە بۆ ژیانی خۆیان دابنێن، سەرەتای ڕێچکەی ژیانیان نیشان دەدات، جگە لەمە ئینتیمای فیکرییان بۆ ڕووندەکاتەوە، سەرەتای ناساندن و یەکلایی کردنەوەی بیرو بۆچوونەکان لێرەوەیە.

بەڵام بە سادەیی زۆر پێویستە ئاگاداری ئەم قۆناغەو ئەم دۆخە بین، دەبێت زۆر ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ خوێندکاردا بکەین و نابێت هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ بشاریتەوە و ئەوپەڕی ڕاستی پێ دەڵێین تاوەکو هەموو شتەکان بەڕاستی وەربگیرێت.

---

148 - رزگار حسن غفور، کتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دژنبشت، ژ3 ساڵی 2004

9- دەستەبەرکردنی ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی دروستکردنی پەروەردەی کەسایەتیدا، چۆن مامەڵە لەگەڵ لە خۆمان گەورەترو بەرامبەرو کەسانی لێپرساو لە کارو یاساو ڕێنمایی یاساییدا وەربگرین (شارەزابوونمان لە یاساکانی ناو کۆمەڵگەو یاسا گشتییەکاندا) بە تایبەتی لە قۆناغی کۆتایی ئامادەییدا کە خوێندکار تەمەنی نزیکەی (18) ساڵە.

10- چاندنی ڕەوشتە باشەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، وەك هاوکاری و پارێزگاریکردن لە پەیمان و سەردانی نەخۆش. ......... هتد.

ئەمانە هەمووی لە ئامانجە ڕوونەکانی کتێبخانەی قوتابخانە بوون.

## سەرچاوەکانی کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان:

کتێبی ناو کتێبخانەی خوێندنگە لە شێوەو جۆرو قەبارەدا جیاوازییەکی بەرچاویان تێدایە و قسە زۆر هەڵدەگرێت، هەڵبژاردنی ئەم جۆرە سەرچاوانە کارێکی زۆر گرنگە بۆ خوێندنگەکان، هەرچەندە لە زۆر قوتابخانەدا هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە بە پێی پلان نییە، بەڵکو لێکدانەوەو بیرکردنەوەو میزاج زۆر کات بڕیار دەدات، هەندێ بنەمای سەرەکی هەیە کە پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ کتێبخانە دەبێت ڕەچاو بکرێ:-[149]

1- ئەو کتێبانە هەڵبژێرین کە ئارەزووەکان و پێداویستییەکانی خوێنەر تێردەکات ـ یان پشوویەك بەدەروونی خوێنەر دەدات و دەبێتە هۆی حەوانەوەی، هەروەها دابینکردنی ئەو کتێبانەی کە پاڵپشتی پرۆسەی خوێندنە، لێرەدا کتێبێ کە ئارەزووی خوێنەر زیاد دەکات بۆ خوێندنەوە و کتێبێ کە پاڵپشتی پرۆسەی خوێندنە دووانەیەکی لێك دانەبڕاون و دەبێت بوونیان لە کتێبخانەدا بەرقەرار بێت.

2- هاوسەنگی لە نێوان بابەتە جیاوازەکانی ناو کتێبخانەدا بگرین کە بریتییە لە کتێب و سەرچاوەی یارمەتیدەر، نابێت فەزڵی بابەتێك بدرێت بەسەر بابەتێکی تردا، جگە لەمەش هاوسەنگی نێوان قوتابییەکان لە تەمەندا، واتە ڕەچاوی تەمەنی قوتابییەکان بکەین کە حەزیان لە چ بابەتێکە بە بەردەوامی.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت گرنگی بە بابەتێك بدەین کە خۆمان حەزمان لێیە بیخوێنینەوە بەسەر بابەتێکی تردا کە ئارەزووی خوێندنەوەمان نییە.

---

[149] - حسن عبد الله.الإجراءات الفنيية في المكتبات و المراكـــــز المعلومـــــات.. التزويد ـــ الفهرسة والتصنيف. عمان: مكتبة البشائر، 1988

3- پشتگوێ نەخستنی خواستی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگە لە پێداویستی زانستی و زانیاری (کتێب و سەرچاوەی ڕۆشنبیری) بە هیچ شێوەیەك، چونکە ئەمان بەشێکی زۆر گرنگی پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوەن.

بۆیە پێویستە ئەو سەرچاوانەی کە سوودی لێ وەر دەگرن هەوڵی دابینکردنیان بدرێت، کێ بەشداری دەکات لە هەڵبژاردنی کتێب و دەوڵەمەند کردنی کتێبخانە بە سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری.

سێ لایەنی سەرەکی ڕۆڵی هەڵبژاردن دەگێڕن لەدەستنیشانکردنی سەرچاوەو کەرەستەی پێویست بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان ئەوانیش:[150]

1) بەرپرسی کتێبخانە یان ئەو کەسەی کتێبخانە دەبات بەڕێوە لە پێش هەمووشیانەوە (ئەمینداری کتێبخانە) مەبەستەکەمانە، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە هەڵبژاردنی کتێب و سەرچاوە بۆ کتێبخانە، ئەمەش پشتبەست بە بیبلۆگرافیاو ئەو بڵاو کراوانەی کە وەك ڕەخنە لەسەر سەرچاوەکان دەنووسرێ، یان هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکان دەکات، یان ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر خوێندن دەکرێ بە هەر ڕێگەیەك بگاتە دەستی.

2) بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستایان: ئەمینداری کتێبخانە ناوو ناونیشانی ئەو کتێبە تازانەی کە دەرچووە دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرو مامۆستایان، تاوەکو ئەو سەرچاوانە هەڵبژێرن کە سوودمەند دەبن لێی، یان هەر یارمەتیدەری وانەکانیانەو بۆ خوێنەر زۆر پێویستە.

3) خوێندکاران: پێویستە کتێبخانە هانی خوێندکارەکان بدات بۆ ناسینی ئەو مادانەی کە پێیان خۆشەو پێشیان ناخۆشە هەبێت لە کتێبخانەدا بە جۆرێك کە سوودی بۆ خۆیان و بۆ خوێندنگەکەیان هەبێت.

## دیاریکردنی شوێن و جێگای کتێبخانە لە قوتابخانەدا

شوێنی کتێبخانە بە پلەی یەکەم جۆری خوێندنگەکە دیاری دەکات (قوتابخانە، ناوەندی، دواناوەندی، ئامادەیی. .. هتد). وا باشترە کە کتێبخانە لە نهۆمی یەکەم بێت، بەڵام ئەگەر قوتابخانەکە لە دوو نهۆم پێکهاتبوو ئەگەر سێ نهۆمیش بوو، ئەوا با لە نهۆمی دووەم بێت چاکتر وایە لە بەشی خوارەوە بێت، چونکە منداڵان زۆر بزێون و بۆ نهۆمی دووەم ئاسان نییە، بە تایبەتی

[150] - عمر احمد هنشـهری ، مدخل الی علم المکتبات والمعلومات – **عمان دار الصفاء** – 2008

مەسەلەی پێپلیکانە (قالدرمە) زۆر هەستیارە بۆ بەربوونەوە لە خوێندنگەی سەرەتاییدا بە تایبەتی.[151]

پێویستە دوور بێت لە شوێنی دەنگە دەنگ و گۆڕەپانی یاری کردنەوە و نزیك لە پۆلە بێدەنگەکان بێت، ئەوانەی وانە نالێنەوە بەدەنگی بەرز، و دەبێت ڕووناکی سروشتی تێدا بێت و زۆر پشت بە ڕووناکی دەستکرد نەبەستێت، پەنجەرەی گەورەی هەبێت تا ڕووناکی خۆر بە ئاسانی بێتە ژوورەوە، هۆیەکانی دابینکردنی ساردی و گەرمی دەستەبەر کرابێت و هۆڵی خوێندنەوەو وێنە کێشان و ژووری نمایشکردنی فیلم و سەرچاوەی بینەری و بیستەری هەبێت، ئەمە جگە لە شوێنی تایبەت بە ئەمینداری کتێبخانە.

بۆ دیاریکردنی ئەم شوێنە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

أ- گەیشتن بە کتێبخانە لە هەموو لایەکەوە بە ئاسانی.

ب- پێویستە شوێنێکی ئارام و دوور لە دەنگە دەنگ بێت.

ت- پێویستە کەرەستەکانی ناوی وەك مێز، کورسی، زۆر باش و تۆکمە و ڕازاوەو جوان بێت. واتە شیاو بن.

پ- بوونی پەنجەرە بۆ هاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆر بۆ (هۆڵی خوێندنەوە بە تایبەتی).

ج- دابینکردنی ڕووناکی و ساردو گەرم کەرەوە بە شێوەی پێویست و گونجاو.

ح- دەبێت بواری فراوانکردنی هەبێت ئاسۆیی و ستوونی، تا لەپاشەڕۆژدا تایبەت بە ڕەفەکان و هۆڵی خوێندنەوەو شوێنی کارکردن فراوان بێت.

## کێشەو گیروگرفتەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکان

خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:-

1- نەبوونی جێگا (نەگونجاندنی شوێنی دەستنیشانکراوە بۆ کتێبخانە)، بە مانایەکی تر، لە نەخشەی بنەڕەتی بنیادنان و دروستکردنی قوتابخانەکەدا شوێن بۆ کتێبخانە دیاری نەکراوە، واتە کتێبخانە لە نەخشەی قوتابخانەدا نەبووە، بەڵکو دواتر جێگەیەکیان پێ بەخشیوە (شوێنی ڕاستەقینەی نییە).

---

[151] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

2- نەبوونی کادری پسپۆڕ لە بواری کتێبخانەدا، و ئەوانەش کە بەرپرسێتی کتێبخانەن شارەزاییان زۆر کەمە، یان خولێکی کتێبخانەیان بینیوە.
3- نەبوونی کەلو پەلی پێویست و گونجاو تایبەت بە کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان لەوانە: (کورسی، مێز، پەخشکەری گۆڤار، هەڵگری ڕۆژنامە، شێڵفی دروست، ئامێری پێویست).[152]
4- نەبوونی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانیاری و زانستی پێویست لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا، کە بگونجێ لەگەڵ تەمەن و عەقڵی منداڵ و حەزو ئارەزووی خوێندکاران بە گشتیی، ئەمە جگە لەوەی کە یارمەتیدەری پرۆسەی خوێندن بێت بۆ کار ئاسانی لە گشت مادەکاندا.
5- ئەو سەرچاوانەی کە لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا هەیە بە زۆری سەرچاوەکان چاپی کۆنن، یان بە زمانی جیاواز نووسراون، کە خوێنەر توانای بەسەریدا ناشکێت یان دووبارەبوونەوەی سەرچاوەکان بە ژمارەیەکی زۆر، واتە (نسخ) ی زۆرەو ناونیشان کەمە.
6- دەستنیشان نەکردنی بودجەی پێویست کە پێویستە ساڵانە لەلایەن پەروەردەوە دیاری بکرێت ئەویش بەم پێوەرانە:
أ) ژمارەی قوتابیان
ب) ژمارەی مامۆستایان
جـ) ژمارەی کتێبەکانی ناو کتێبخانە بەناونیشان
7- پرۆگرام و زۆری مەنهەجی خوێندن کە دەبێتە هۆی بێزاری و هیلاکبوونی خوێندکار و نەمانی کاتی پێویست بۆ خوێندنەوەو دروستکردنی خولیاو ئارەزووی خۆی بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن یەکێکە لە کێشەکانی کەمی خوێنەر لە هۆڵی خوێندنەوە.[153]
8- نەبوونی وانەیەکی یاریدەدەر بە زانستی کتێبخانە کە کارئاسانی بۆ قوتابیان و خوێندکار بکات، بەلای کەمەوە لە هەفتەیەکدا یەکجار شان بەشانی مادەکانی وەك سروود، وێنە، وەرزش، کە وەڵامی هەموو پرسیارە نادیارەکانی کتێبخانە بداتەوە کە لای خوێنەر دروست بووە.
9- نەبوون یا کەمی سەرچاوەی فەرهەنگیی وانەکان لە خوێندنگەکاندا، لەوانەش قامووس – ئینسایکۆپیدیا – مرجع – معجم لەبەر دەستی خوێندکارانداو هەژار نەکردنیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە کاتی پێویستدا و ئاشنا کردنیان بە زانستەکانی ناوی.[154]

---

[152] - رزگار حسن غفور، کتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دژنبشت، ژ3 ساڵی 2004

دەبێت ئەو سەرچاوانە دابین بکەین کە فێرخواز توانای زانستی بەسەریدا دەشکێت، واتە دابینکردنی سەرچاوەکان لە پێشدا بە زمانی دایك، واتە فەرهەنگی کوردی — بیانی، کوردی — عەرەبی، کوردی — کوردی دواتر سەرچاوەکان پێچەوانە عەرەبی —کوردی، ئینگلیزی — کوردی، فارسی —کوردی، بەم شێوەیە جگە لەمەش هەر سەرچاوەیەکی پەروەردەیی کە بە زمانی خۆمان دەرچوویێت، دەبێت وێنەیەکی لە کتێبخانەی خوێندنگەدا هەبێت.

10- پێڕست و پۆلێن کردنی کتێبەکان بە هەڵە یان بە نەشارەزایی.

11- هەڵبژاردنی سەرچاوە بەبێ سەلیقەیی و شارەزایی تەواوەوە، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر کەمی خواستن لە کتێبخانەدا، (چونکە زۆرجار ئەو کەسەی کە کتێب بۆ کتێبخانە دەکڕێ بە بیری خۆی بیر دەکاتەوە نەك بە بیری منداڵ و هەرزەکار، بۆیە دەبینین ڕەنگدانەوەی حەزی هەڵبژێرەر دەردەکەوێت لە کتێبەکاندا).

12- لاوازی پەیوەندی نێوان وەزارەتی پەروەردەو ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەکان کە لایەنگری منداڵان و گەنجانن لە دابینکردنی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و فیکری بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان.

دەبێت هەمە ئاهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارەتدا هەبێت، ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریدەکات و پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی پەروەردەوە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە هەستێت بە دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ کتێبخانەی خوێندنگەکان پێویستە و ژمارەیەکی لێ دابین بکات.

13-کەمی کەرەستەی بینین و بیستن لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا کە یارمەتیدەری هوشیارکردنەوەی خوێندکارە لە گشت قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا، و هەروەها یارمەتیدەری شیکردنەوەی سەدان پرسیارو بابەتەکە لای خوێندکار دروست بووە بە تایبەتی بۆ مادەکانی وەك زانست، جوگرافیا، بایۆلۆجی، کیمیا ... هتد.[155]

14- نەگونجاندنی ئارەزووی کارمەندانی کتێبخانە لەگەڵ کارەکانیدا پێویستییەکی زۆر ئەو کارەی بۆ درەستکردووە نەك بە حەزی خۆی ئەو کارە بکات، ئەمەش نابێتە هاندەر لە پێناو خزمەت کردندا بە کتێبخانە.

15- نەبوونی نووسراوو پرۆگرامی تۆکمەو داڕێژراو لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کتێبخانەو گەیاندنی ئامانجەکان بە گشت لایەك.

16- کەمی سەرچاوەی زانستی تایبەت بە مامۆستایان و ستافی وانە بێژی لە خوێندنگەکاندا و بە تایبەتی هەندێ بابەتی ڕۆشنبیری کە خوێندکار لە دوای تەمەنی 15 ساڵ و بەرەو ژوور

---

154 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

155 - ربحى مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات –ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

پێویستی پێ دەبێت، لەوانە دەروون ناسی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، پەروەردەی کەسایەتی، ئەو سەرچاوانەی پەرە بە گەشەکردنی فیکر دەدەن بە تایبەت وێنەی ئەندازەیی و وێنەی نەخشەیی.[156]

17- نارێکی لە دابەشکردنی ئەو سەرچاوانەی کە لە لایەن پەروەردەوە دابینکراوە بۆ خوێندنگەکانی ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکان بە پێی پێویست، بە بێ ڕەچاوکردنی ژمارەی خوێندکارو گەورەیی و بچووکیی کتێبخانەکە هەروەها دوورو نزیکی کتێبخانەکە لەسەنتەری شارەوە.[157]

18- نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەسەر خاك و وڵاتی خۆمان، ئەمە جگە لە مێژووی شارو شارۆچکەکان، کە پێویستە ئەم سەرچاوانە بوونیان لە کتێبخانەدا هەبێت، تاوەکو خوێندکار شارەزا بێ بە کولتوورو ئایین و زمان و مێژوو- و فەرهەنگی وڵاتەکەی.

19- بێبەشکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسێتی کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکانن لە دەرماڵەی پیشەیی، کە ئەمەش خاڵێکی ساردکەرەوەیە بۆ کارکردن لە کارەکانیاندا.

20- نەبوونی ڕێنمایی گونجاو و چەسپاو لە گشت کتێبخانەکاندا بۆ خواستنی کتێب لە کتێبخانەدا و نەبوونی ئیجرائاتی پێویست لەسەر ئەو کتێبانەی کە ون دەکرێن یان دەفەوتێن، هەر خوێندنگەو ئیجرائاتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم کارە.[158]

21- نەبوون یان کەمیی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو منداڵانەی کە بیر کۆڵن لە قوتابخانەکانی خوێندندا هەر لە سەرەتایی تا ناوەندی، کە ئەمە گەورەترین کێشەیە لەخوێندنگەکاندا.

## بەرپرسی کتێبخانە:

پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بخەینە بەرچاو کە ئێستا دەیان خوێندکاری بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە دەرچووی ئەم زانستەن، باشتر وایە ئەمانە دابمەزرێن و هەریەکەیان لە قوتابخانەیەکدا،

---

[156] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

[157] - رزگار حسن غفور، کتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دژنبشت، ژ3 ساڵی 2004

[158] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

بۆ ئەوەی ئەوەی خوێندویانە جێبەجێی بکەن، ئەگەر نا، با کەسانێك دابنرێ کە خۆشەویستی بۆ ئەم کارە هەبێت و حەزو ئارەزووی لەگەڵ کتێبخانەدا بگونجێ، مەرج نییە زۆر شارەزا بێ، چونکە حەز زۆر شت دروست دەکات لەوانە، هەوڵدان، تێکۆشان، دەستەبەر کردن، فێربوون، .... هتد.

دواتر دەڵێین با شارەزا بێت چاکترە، چونکە تەمەنێکی لەگەڵ کارەکەیدا ڕابواردووە. با پەروەردەیی بێت، چونکە ئێمە لەناو پرۆسەکەداین و ڕۆژانە پێویستمان بە پەروەردەیە، هەر لە منداڵێکی 6 ساڵ تا بەڕێوەبەری خوێندنگەکە، چالاك بێت، چونکە چالاکی بەرچاو دەکەوێت و هەموو لایەك شایەتی بۆ دەدەن، سەرنج ڕاکێش بێت لەکارەکانیدا، چونکە خوێندکار حەزی لە کاری سەرنج ڕاکێشە لەوانە ڕازانەوەی کتێبخانە، ڕێکخستنی کتێبەکان، جوانکاری لەکارەکاندا، ئەمانە هەمووی جێی سەرنجە بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە، خۆشەویست بێت واتە دڵی خەڵکی بۆ خودی خۆی ڕابکێشێ و ڕێزو خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی نیشانبدات لەهەر تەمەنێکدا بێت، بێگومان ئەمانە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا.

## سەرچاوەکانی کتێبخانە :

ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە لە گشت کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەیەکدا هەبێت ئەمانەی لای خوارەوەن:-

1) کتێب بە هەموو جۆرەکانییەوە ، واتە:

- کتێبی منداڵان
- کتێبە پیرۆزەکان
- کتێبی پرۆگرامی خوێندن
- کتێبی فەرهەنگیی (سەرچاوە فەرهەنگییەکان — یەك زمان- دوو زمان - سێ زمان و زیاتر).
- کتێبی خوێندنەوە
- کتێبی یەك بابەتیی
- کتێبی چیرۆکیی
- کتێبی کۆکراوە لەبابەتدا
- کتێبی سەرەتایی
- کتێبی فەرمیی — ڕەسمییەکان

2) گۆڤار بە هەردوو جۆرەکەیەوە (گشتیی و تایبەتیی).

3) ڕۆژنامە

4) بیبلۆگرافیای نیشتمانیی و بیبلۆگرافیای بابەتیی.
5) ڕاپۆرت و توێژینەوە.
6) کەرەستەکانی بینەری و بیستەری کە پێك دێت لە دەنگ و ڕەنگ. { کاسێت، قەوان، (C.D
7) وێنەی ناوداران.
8) تابلۆ.
9) نەخشە و گۆی زەوی جوولاو.

## مەرجەکانی خواستن لە قوتا بخانەو خوێندنگەکاندا :

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە کتێبخانەکان لە شێوەو قەبارەدا جیاوازن، ئەمە جگە لەوەی کە لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانستی دا جیاوازییان هەیە، بۆیە جۆری خواستن لە قوتابخانەکەیەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە، کە ئەمەش دەکەوێتە سەر ژمارەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکە، چونکە هەتاوەکو ژمارەی سەرچاوەکانمان زۆر بێت لە کتێبخانەدا، ماوەی وەرگرتن زۆر دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەی کتێبەکانیش کە وەردەگیرێت هەر زۆر دەبێت، هەموو کتێبخانەیەك دەتوانێت سیستەمێکی تۆکمە بۆ خواستن و گەڕانەوەی کتێبەکانی دابڕێژێ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیدا، تاوەکو گشت لایەك سوودمەند بن لەسەرچاوەکانی ناو کتێبخانەکە بە هەموو جۆرەکانییەوە.

پێویستە سیستەمی کارت پەیڕەو بکات یان لە تیانووسێکدا ناوی ئەو کەسانە بنووسێ کە دەبنە هاوڕێی کتێبخانەو سەرچاوە دەخوازن لێی.

ڕێنماییەکان بریتیە لە:-

1- هەموو خوێندکارێك دەتوانێت پێناسی کتێبخانە دروست بکات بۆ وەرگرتنی سەرچاوە.
2- ماوەی وەرگرتن (؟) ڕۆژە بۆ خوێندکار بۆ مامۆستا (؟) ڕۆژە.
3- لەیەك کاتدا دەتوانێ (؟) سەرچاوە بە یەکەوە وەربگرێت.
4- ماوەکە تازە دەکرێتەوە ئەگەر سەرچاوەکان خواستی لەسەر نەبێت.
5- فەرهەنگ و سەرچاوە فەرهەنگییەکان خواستنیان بۆ دەرەوە نییە بۆ هیچ کەس.
6- هەر کتێبێك زەرەرمەند بێت لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، دەبێت چاکی بکاتەوە.
7- هیچ خوێنەرێك مافی وەرگرتنی کتێبی نییە لەسەر پێناسی خوێنەرێکی تر، تا خوێنەری دووەم خۆی ئامادە نەبێت بۆ ئیمزا کردن.

8- هەر كتێبێكت وەرگرت سەیری ناوەرۆكەكەی بكە و هەر كەمو كوورییەكی تێدا بوو فەرمانبەر یان بەرپرسی كتێبخانەكەی لێ ئاگادار بكە.
9- هەر سەرچاوەیەك ون بكرێت لەلایەن هەر خوێنەرێكەوە دەبێت نرخی (3) چاپی كتێبەكە ببژێرێت لە بازاڕدا + نرخی ئاسڵی كتێبەكە.
10- هەر خوێنەرێك سەرچاوە دوابخات لە كاتی گەڕانەوەیدا بڕی (؟) دیناری لێ وەردەگیرێت بۆ هەر ڕۆژێك.

## چوار چێوەی یاسایی كتێبخانەی قوتابخانە

بۆ زانینی سروشت و چۆنیەتی دروستبوونی كتێبخانەی قوتابخانەكان و ڕۆڵ و كاریگەری ئیش و كارەكانی، پێویستە شێوەیەكی یاسایی وێنە بكێشرێ یان دابڕێژرێ.[159]
لە عێراقدا سیستەمی كتێبخانەی قوتابخانەكان دانراوە بە ژمارە (54) ی ساڵی 1974، كە ئەمە هەنگاوێكی تۆكمەو زۆر باشە بۆ پێشكەوتنی كتێبخانەی ناو قوتابخانەكان، و ئامانج لەم سیستەمە هەنگاوێكی باش بنرێ بۆ بەرەو پێش چوونی كتێبخانەكان تا ئاسۆیەكی ڕووناك لە ئایندەیەكی نزیكدا ڕەنگ بداتەوە و ڕۆڵی بەرچاو و خێرا ببینێ لە دروستكردنی نەوەیەكی پڕ چەك بە زانست و زانیاری و هۆشمەندی .
ئەم سیستەمە لەچەند مادەیەك پێكهاتووە كە ژمارەیان (10) مادەیە، و بۆ ناساندن و بە ئاگابوون لێی ناوی مادەكان دەبەین و چەند مادەیەكی گرنگ كە پێویستە ئاماژەی پێ بكەین و لە شوێنی تردا نەمانكردووە بە بابەت، ویستومانە لەسەر دەقەكە خۆی ڕوونكردنەوە بدەین، پێمان چاكتر بوو لەگەڵ شیكردنەوەكاندا ڕوون كردنەوەو سەرنجی خۆمان لەسەری بدەین، بە تایبەت لە مادەكانی یەكەم و چوارەم و نۆیەمدا بە تایبەتی :-
مادەی یەكەم / (A)
بنیاتنانی كتێبخانە لەسەرجەم قوتابخانەو خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی و ئامادەییە پیشەییەكان و پەیمانگەی مامۆستایان و هونەرە جوانەكان { سەرجەم خوێندنگەكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە} و تەزوید بكرێن، یان بە بەردەوامی سەرچاوەی چاپكراو هەر لە كتێب و گۆڤارو نامیلكەو بڵاوكراوەكانی بۆ بنێرێت، و بە هۆیەكانی كار ئاسانی كردن لە خوێندنا

---

[159] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

(کەرەستەی فێربوون) پڕ بکرێتەوە و هەموو ئەم سەرچاوانە بپارێزرێ و بە ڕێك و پێکی هەڵبگیرێت و کاری پێ بکرێ و سوودی لێ وەربگیرێ و لە خزمەت پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بێت.

مادەی یەکەم / (B)

دەبێت لە کتێبخانەی قوتابخانەکانەوە کتێبخانەی بچووك یان کتێبخانەی ناو پۆل بنیاد بنرێ و ئەو سەرچاوانەی تێدا بێت کە نزیکن لەبابەتەکانەوە و بە گوێرەی بابەتەکان سوودیان لێ وەر بگیرێ.

مادەی دووەم /

پێدانی سەرچاوەی چاپکراو لەگەڵ کەرەستەکانی فێرکردن بە کتێبخانەی قوتابخانەکان کە بتوانێت پێداویستییەکانی قوتابیان و خوێندکاران لە هەموو ئاستەکاندا جێبەجێ بکات، هەروەها دابینکردنی پێداویستی مامۆستایان بۆ سەرکەوتنیان لەکارەکانیاندا، چونکە ئەمان بەدیهێنەری ئامانجەکانی پرۆسەی خوێندن و فێرکردنن.

مادەی سێیەم / (A)

دابینکردنی شوێن بۆ کتێبخانە کە جێگەی هەڵگرتن وپاراستنی سەرچاوەکان و چاپەمەنییەکانی هەبێت لەگەڵ کەرەستەکانی فێرکردندا، ئەمە جگە لە شوێن بۆ خوێندنەوە، و دەبێت مەرجی تەندروستی تێدا بێت لە هەوا گۆڕکێ و ڕووناکی تەواوی هەبێت. (واتە پشت بە ڕووناکی دەستکرد نەبەستێت).

(B) - ئەگەر ئەو شوێنە نەبوو وەك لە خاڵی (A) دا هاتووە، ئەوا دەبێت کتێبخانەیەك دروست بکرێ کە بگونجێ لەگەڵ خوێندنگەکەدا و ئەگەر نەکرا سوود لە یەکێ لە ژوورە کارگێڕییەکانی قوتابخانەکە وەربگیرێ بۆ پاراستنی شمەك و سەرچاوەکانی کتێبخانە و بەکارهێنانی یەکێك لە ژوورەکان بۆ خوێندنەوە، تا شوێنێکی شیاو دروست دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە.

(C) دابینکردنی کەرەستەو کەلو پەلی پێویست وەك (مێز و کورسی و ڕەفە و دۆڵاب)، بۆ پاراستنی سەرچاوەکان تاوەکو سوودی لێ وەربگیرێ بۆ خوێندنەوە.

مادەی چوارەم /

لە پێناو گەشە کردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکان و ئامانجی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانی، پشت دەبەستین بە:-

1-بودجەی وەزارەتی پەروەردە و کارگێڕی خۆجێییەتی (پارێزگار).

2- پشتبەستن بە پلانی پێشکەوتوو- و نەتەوەیی و پرۆگرامە داڕێژراوەکانی ساڵانە.

3- پشتبەستن بەو خەڵات و دیارییانەی کە لە لایەن بەخێوکەرانی قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکانەوە دەبەخشرێت بە کتێبخانە.

تێبینی: لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە دەبێ لە قوتابخانەکاندا پەیڕەوی کتێبخانەی پۆل بکرێ، واتە هەموو پۆلێك کتێبخانەی خۆی هەبێت، تایبەت بەو قۆناغەی کە تێیدایە و دەبێت سەرچاوەکانی ناو ئەو کتێبخانەیە پاڵپشتی مادەکەو پرۆسەی خوێندن بکا، بەڕاستی ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆر گرنگ و دەگمەنن.

هەروەها خەلاّتی نووسەران و وەرگێڕان لەگەڵ کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان (دەزگاکانی چاپ) هەندێجار.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەرکی دابینکردنی بودجە بە پلەی یەك لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەیە و دەبێت خەمخۆرو دابینکەرو بەدیهێنەری پێداویستیەکانی هەریەك لە مامۆستایان و قوتابیان بێت لە گشت قوتابخانەکاندا و دەبێت بودجە دەستنیشانکراو بێت و بڕاوە بێت و کتێبخانە و بەڕێوەبەری قوتابخانە، یان خوێندنگە، سەربەخۆ بن لە هەڵبژاردنی سەرچاوە و کەرەستەی پێویست بۆ کتێبخانەکەیان، ئەمە جگە لەوەی دەبێت بودجە لەسەر بنچینەی:

(1) ژمارەی فێرخوازان

(2) گەورەیی و بچووکیی خوێندنگە بڕیاری لەسەر بدرێت، واتە ڕەچاوی تەمەنی خوێندنگەو مێژووی کتێبخانەکەش بکرێت، نەك بودجەیەکی بڕاوەو دەستنیشانکراو بۆ هەر قوتابخانەیەك وەك یەك وابێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئێستا لای خۆمان ئەم خاڵە جێبەجێ ناکرێ و پشت بە پارەی حانوتی قوتابخانە و خوێندنگەکان دەبەسترێت لە دابینکردنی سەرچاوە و کەرەستەی پێویست بۆ کتێخانەکانمان، کە ئەمە هەرگیز نابێتە بنەما بۆ پشتبەستن لە کڕینی سەرچاوەدا.

مادەی پێنجەم/

چاودێریکردن و گرنگی پێدان بە کتێبخانەی قوتابخانەکان، هەروەها پێشخستن و فراوانکردن و سوود وەرگرتن لێی، یەکێکە لە کارە گرنگەکانی مامۆستایان بە گشتیی، چونکە هەر یەکێکیان بەشدارە لە کارێکی گرنگی پرۆسەکەدا لەوانە:

- ڕاهێنانی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر خوێندنەوە.
- پێگەیاندنی بەهرە و تواناکانیان بۆ پێشکەوتنی خۆیان و دەوروبەریان.
- هەروەها ئامادە کردنی ڕاپۆرت لەسەر هەوڵەکانیان لەو بوارەدا.

مادەی شەشەم/

(1) – دەستەی فێرکردن لە قوتابخانە و پەیمانگەکاندا سالآنە هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی لیژنەیەك بۆ کتێبخانە کە پێك دێت لە بەڕێوەبەر، یان یاریدەدەرەکەی بە سەرۆکی لیژنە.

لەگەڵ هەندێ لە مامۆستایان و ئەمینداری کتێبخانە ئەگەر هەبوو (امین مكتبه)، و چەند قوتابی یان خوێندکارێکی (زیرەك) و یەکێك لە ئەندامانی لیژنە ڕادەسپێرێت بە سەرپەرشتی کردنی کتێبخانە، وە ناو دەبرێ بە سەرپەرشتیاری کتێبخانە و دەبێتە بڕیاردەری لیژنەکە.

(2) ئامانجەکانی ئەم لیژنەیە:

a. سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی کتێبخانە.

b.  چاوخشاندن بەپێشنیارو سەرنجەکانی هەریەك لە مامۆستا یان سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە دابینکردنی پێویستیەکانی کتێبخانە و دابینکردنی کتێب و هەروەها چاپەمەنییەکانی تر، جگە لە کەرەستەکانی فێرکردن و ڕاهێنان، هەوڵدان بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە یەکانگیرە لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەدا و کۆکن لەسەری.

ب- بەئاگابوون لەو فەرمانانەی کە دەردەچێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە، تایبەت بە کتێبخانەی قوتابخانەکان.

ج- ڕێکخستن و بەشداری دەستەی وانەبێژی (مامۆستایان) فێرکردن لە سوود وەرگرتن لە کتێبخانە بە تایبەتی لە دانانی پرۆگرامی ڕاهێنانی قوتابی.

د-  سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی کڕینی کتێب و سەرچاوەکان هەر لە چاپەمەنی و کەرەستەی فێرکاری.

هـ-  وەرگرتنی داواکارییەکانی هەر یەك لە مامۆستایان و فێرخوازان لەو سەرچاوانەی کە داوایان کردووە.

و-  سەرپەرشتیکردنی جەردی ساڵانەی کتێبخانە و دەستنیشانکردنی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەو کەرەستانەی کە بەکارهاتوون و کەمییان (نقص) تێدایە، کە لە کۆتایی هەموو ساڵێکی خوێندندا ئەنجام ئەدرێ.

ز-  ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە تایبەت بە کتێبخانە و پێداویستیەکانی بۆ ساڵی داهاتوو، هەموو ئەو چالاکییانەش کە ئەنجام دراوە و پەرەی پێ دراوە لەو ساڵەدا.

مادەی حەوتەم:

تایبەتە بە دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیارێك بۆ کتێبخانە و دەڵێت ئەو کەسەی دەبێت بە سەرپەرشتیاری کتێبخانە باشتر وایە:

زانیاری باشی هەبێت.

گرنگی بدات بە کتێبخانە بە سوود وەرگرتن لەوانەی کە سەلیقە و ڕاهێنانیان بینیوە لەو بوارەدا لە نێوان مامۆستایاندا.

کارەکانیشی بریتییە لە:-

أ)  جێبەجێکردنی سیستەمی کتێبخانەی قوتابخانەکان و هەموو ئەو نووسراوانەی کە لە وەزارەتی پەروەردە دەردەچێت تایبەت بە ڕێنماییەکانی کتێبخانەی قوتابخانەکان.

ب)  جێبەجێکردنی ئامۆژگاریەکانی لیژنەی کتێبخانە، و سەرپەرشتیکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە دایدەنێت و تۆمارکردنی کۆبوونەوەکان بە نووسراو { کۆنووسی کۆبوونەوەکان}.

ت)  سەرپەرشتیکردنی ئەو کارمەندانەی کە کار لە کتێبخانەدا دەکەن لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە لیژنەی هەڵبژاردن دایناون بۆ کارکردن.

پ) سەرپەرشتیکردن لە پۆلێنکردنی سەرچاوەکانی کتێبخانەو پاراستنی و بەئاگابوون لێیان.

ج) هاوکاریکردن لەگەڵ مامۆستایان بۆ ڕێکخستنی کتێبخانە و سوود وەرگرتن لێی.

مادەی هەشتەم/

کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە وەك لە مادەی (2) دا هاتووە.

لێرەدا کتێبخانە پۆلێن دەکات بۆ سێ ئاست { بچووك، ناوەند، گەورە } بە پێی (سەرچاوەکانی ناوی، ڕەچاوکردنی جێگا، ژمارەی قوتابیان و خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیە).

ئەگەر هاتو یەکێك لە مامۆستایان سەرپەرشتیاری کتێبخانەکەی لە ئەستۆ بوو ئەوا:

ئەم سەرپەرشتیارە دەبەخشرێت لە وتنەوەی وانە لە هەفتەیەکدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- کتێبخانەی بچووك 4 کاتژمێر

2- کتێبخانەی ناوەند 8 کاتژمێر

3- کتێبخانەی گەورە 16 کاتژمێر

سەرئەنجام لێرەدا ئەوەیە کە مافی مامۆستا پێشێل ناکرێ و خزمەتەکەی لە بوارێکی تریشدا ڕەنگ دەداتەوە لە هەمان کاتدا دوو خزمەت پێشکەش دەکات.

مادەی نۆیەم/

تایبەتە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کە دەڵێت:

لە ئیشە گرنگەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی گشتیی ئەوەیە کە:

1- لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کتێبخانەی قوتابخانەکان.

2- دەستنیشانکردن و تاوتوێکردنی کێشە و گرفتەکان بە وردی لە ڕووی ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دانراوە.

3- هەڵسەنگاندنی هەوڵ و کۆششی مامۆستایان و لیژنەی سەرپەرشتیاری کتێبخانە و سەرپەرشتیاری کتێبخانە و کارمەندانی کتێبخانە.

4- ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەشکراوە سوود وەرگرتن لێی مسۆگەرە.

لێرەدا ئەرکی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیە ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە کتێبخانەی قوتابخانەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن و لە لایەن مامۆستایان و سەرپەرشتیاری کتێبخانەوە دەستنیشانکراوە بیکات بە ڕاپۆرت و پێشکەشی لیژنەی بەدواداچوونی بکات لە ناو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، بەشی کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان بۆ چارەسەری گونجاو و بە پەلە.

یان لە ناو کۆنفرانس و کۆبوونەوە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردەدا بخرێتە بەرباس بۆ لێدوان و چارەسەری گشت کێشە هاوشێوەکان.

مادەی دەیەم /

لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە هەستێت بە دانانی پلانی گونجاو و شیاو بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان، لەگەڵ پلانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی، هەروەها دانانی ڕێنمایی و زانیاری بۆ بەڕێوەبردنی کتێبخانەکان تا بەرەو پێش چوون ڕوو بدات لە پرۆسەی خوێندن لە گشت قۆناغەکاندا، ئەویش بە دابینکردنی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە بۆ گشت قۆناغەکان.

لێرەدا ئەوەی ماوە بیڵێین، ئەمانە ئەو مادانە بوون کە نزیکەی (36) ساڵ بەسەرییدا تێ دەپەڕێت، [160] بەڵام با بپرسین کام مادەیان چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە کاتێکدا ئێستا وڵاتمان سیادە و وەزارەت و پەروەردەی پێشکەوتوو پیادە دەکات، کەچی کتێبخانە لەم پرۆسەیەشدا هەر نامۆیە بە خوێندن.

## هەڵبژاردن لە کتێبخانەی قوتابخانەدا :

کتێبخانەی قوتابخانە یەکەیەکی سەرەکییە لە یەکە پەروەردەییەکان بۆ بنیادنانی کەسایەتی منداڵ لە پرۆسەی خوێندندا، بە دیاردەیەکی شارستانی بەرچاو ئەژمار دەکرێ، یەکەم هۆکاری ناساندن بۆ پێشکەوتنی گەلان بوونی سیستەمی خوێندن و پەیرەو کردنی پرۆسەی خوێندنە لە جیهاندا، کە ئەمەش پشت بە خوێندنەوەو خوێندەواری دەبەستێت [161] بەبێ بوونی کتێبخانە هیچ کات ناتوانین بڵێین قوتابخانەیەك، خوێندنگەیەك، زانکۆیەکی باشمان هەیە، چونکە کتێبخانە پێوەری هەریەك لەمانەیە[35] لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە، تا چەند کتێبخانەکە پێشکەوتوو بێت ئاستی ڕۆشنبیری ئەو جێگایە لە برەودان و فراوان بووندایە بە ڕووی زانستدا و بە پێچەوانەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردنی کتێبی گونجاو بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان لە قۆناغەکانی خوێندندا کەمێ سەختەو ئەستەمیشی تێ دەکەوێت، ئەویش بەهۆی فراوانی بواری نووسین لەسەر پرۆسەی خوێندن و بوارە جیاجیاکانی تر، هەزارەها چاپکراو هەیە، بەڵام کامانەیان باشترین سەرچاوەن و کاریگەری تەندروست لەسەر بیر و ڕای خوێنەر بەجێ دەهێڵێت و پاڵنەر و یارمەتیدەریەتی لەسەر خۆ ڕاهێنان بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن و پەرەدان بە ئارەزووەکان و بەهرەکانیان.[162]

---

[160] – عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، المكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

[161] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر( د. ت)

[162] - ربحي مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات في المكتبات ومؤسسات المعلومات – ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع

سەرکەوتنی کتێبخانە لێرەدا لەسەر هەڵبژاردنی چاکترین سەرچاوە دەوەستێت کە:

أ- نووسەرەکە ناسراو بێت.

ب- بابەتەکە گونجاو و ڕەسەن بێت.

ت- سادە و ساکار بێت لە دوواندندا.

پ- سەرنجی خوێنەر بۆ ناو قولایی بابەتەکە ڕابکێشێت.

ج- پڕ زانیاری نوێ و نەبیستراو بێت سەبارەت بە خوێنەرەکەی.

ح- سەرچاوەکان لەگەڵ تەمەن و عەقڵی خوێندکارەکاندا تەریب بێت.

لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا، سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی ڕەخنە دەگرێت و دەڵێت لە کاتی سەردانم بۆ یەکێك لە کتێبخانەی قوتابخانەکانی شاری خانەقیندا، چەندان سەرچاوەی ئەدەبیی و زانستییم بینی لەناو کتێبخانەکەدا کە بۆ کتێبخانەی زانکۆیی دەشێت نەك بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، ئەمەش بۆ چەند خالێك دەگەڕێتەوە:-

1- -نەبوونی سەرچاوەی یارمەتیدەر لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەکاندا.
2- نەزانین و کەمتەرخەمی ئەو کەسانەی کە کتێبخانە بەڕێوە دەبەن.
3- نەبوونی هاوکاری لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکاندا بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەکان.
4- -نەبوونی لیژنەی هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان (هەڵبژاردنی باشترین سەرچاوە کە بگونجێ لەگەڵ عەقڵ - تەمەن — حەزەکانی قوتابیدا).
5- نەبوونی بودجەی پێویست.
6- ڕەنگە ئەمانە هەندێکی ئێستاش لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا بەدی بکرێت، بەڵام پێویستە هەڵبژاردن مەرکەزی بێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە جێبەجێ بکرێ بەبێ جیاوازیکردن لە ناو قوتابخانەکاندا و ڕەچاوی کەمی و زۆری خوێندکارو مامۆستایان بکرێ لە ناردنی سەرچاوەی پێویست بۆیان.[163]

## جۆرەکانی هەڵبژاردن کتێب و گۆڤار لە کتێبخانەدا :

1- هەڵبژاردنی سەرچاوە ی (کتێب و گۆڤار) بۆ منداڵان کە تەمەنیان لە نێوان (7-10) ساڵدایە.

---

[163] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد ، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر (د. ت)

-2 هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆ مامۆستایان بە پێی پڕۆگرامی خوێندن و بە خواستی خۆیان.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەکتێبخانە پێویستی پێیەتی:-

1) کتێب کە خزمەت بە پرۆسەی خوێندن دەکات و نرخ بە فێرکردن دەبەخشێت.

2) ئەو کتێبانەی کە تەواوکەری یەکترین لە ناساندنی پڕۆسەی خوێندندا.

3) کتێب و سەرچاوەی فەرهەنگیی و گۆڤاری تایبەت بە مامۆستایان کە بەکاری دەهێنن بۆ ئامادەکردنی وانەکان و ڕاپۆرتەکانیان.

4) ئەو کتێبانەی کە زانیاری زۆر دەبەخشێت بە قوتابی، وەك (ئینسایکلۆبیدیا)

5) ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بەپەروەردەی نیشتمانی و کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوونی هاوولاتییەکی باش و ناساندنی ماف و ئەرکەکانی هاوولاتی بوون.

6) کتێب دەربارەی چالاکی قوتابخانەکان.

7) کتێب دەربارەی چیرۆکی گاڵتە و گەپ و خۆ ڕۆشنبیرکردن و چیرۆکی پاڵەوانبازی و کتێبی گەشتنامەو .... هتد.

8) کتێبی وەرگێڕاوەکە یارمەتی خوێنەر دەدات لە ناسینی بەرهەمی فکری گەلانی تردا. کە ئەبێت ڕەچاوی ورد لە وەرگێڕان و ڕوونیی لە شێوازدا بکرێت.

9) کتێب دەربارەی ئاین و وەرگرتنی زانیاری ڕاست دەربارەی ئاینەکان.

10) کتێب دەربارەی فێر بوونی زمان.

11) کتێب دەربارەی زانستی ڕووت (کیمیا – فیزیا – ڕووەك– بیرکاری – بایۆلۆجی – پزیشکی...هتد).

12) کتێبی هونەری بۆ گەشەکردن و ئەو بەهرانەی کە هەیانە، وێنە کێشان – مۆسیقا – خۆشنووسی

13) کتێب دەربارەی خۆشەویستی نیشتمان و پارێزگاریکردن لێی.

14) کتێب دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی کۆمپیوتەرو بەکارهێنان و بەرنامە دانان و یاریکردن.

15) کتێب دەربارەی ڕێکخراوو کۆمەڵە و چالاکییەکانیان.

16) هەڵبژاردنی سەرچاوەی پێویست بۆ بیر کۆڵەکان کە ئەمانە لە هەموو قوتابخانەیەکدا نمونەیان بەدی دەکرێ [164].

---

[164] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

هەڵبژاردنی سەرچاوەی خوێندنەوە بۆ ئەم قوتابییە بیر کۆڵانە دەبێت لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانیاندا بگونجێت، ئەمە جگە لە ئاستی ڕۆشنبیرییان.

یارمەتیدان و گەڕان بەدوای چارەسەردا لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە وەك لە قۆناغی گەورە بوونیاندا و ئەرکی سەرشانی کتێبخانەکەیە کە دەبێت بە یەك چاو سەیری گشت خوێندکارەکان بکات، وەك یەك خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات و سەرچاوە بۆ خوێندکاری بیرکۆڵ و خوێندکاری زیرەك دەستەبەر بکات. ئەمەش بە حوکمی ئەوەی هەردووکیان دوو توێژی جیاوازن لەناو قوتابییەکاندا، چونکە ئەم جۆرە لە قوتابیان پێویستان بە سەرپەرشتی تایبەت هەیە لەلایەن ئەمینداری کتێبخانەوە، هەرچەندە سەرچاوە لەم بوارەدا کەمێ کەمە، و دەبێت جۆری کتێبەکان بۆ ئەم قوتابییانە بەم شێوەیە بێت:

1- چێژدارو سادەو ساکار بێت.

2- کتێبی بچووك دەبێت ژمارەی لاپەڕەکانی کەم بێت و نێوان دێڕە نووسراوەکاندا بەدی بکرێ.

3- کتێبەکان چاپێکی باش بن و بە پیتی گەورە نووسرا بن و بابەتێکی ئاسان و ڕوون بێت.

جگە لە کتێب سەرچاوەکانی بینەرو بیسەر ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ڕۆشنبیرکردن و مانەوەی بیرۆکەکان لە مێشکی قوتابییاندا، بۆیە پێویستە لەسەر قوتابخانەکان ئەم جۆرە فیلمانە زۆر نمایش بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مادەکانی خوێندن و گەشە کردنی بیری قوتابییەوە.

هەروەها شان بەشانی کتێب گۆڤارەکانیش هەمان ڕۆڵ دەگێڕن لە پێدانی زانست و زانیاری بوونی بە قوتابییان.

## مەرجەکانی هەڵبژاردنی سەرچاوە: -

1- بەرگ: دەبێت زۆر تۆکمەو توند بێت کە سەرجەم لاپەڕەکان بە باشی بەیەکەوە ببەستێتەوەو دوور بێت لە هەڵوەشاندن، و دەبێت وێنەدارو ڕەنگاو ڕەنگ و سەرنج ڕاکێش بێت، چونکە یەکەمجار قوتابی وێنە دەبینێت.

2- وێنە: پێویستە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی زۆر بێت، تاوەکو ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر منداڵ بۆ خوێندنەوە (وێنەکان بۆ خۆیان بدوێن).

3- پیت و ژمارەی وشەکان و دێڕەکان: باشتر وایە کتێبەکە بە پیتی گەورە چاپ کرابێت (فۆنتی گەورە) ڕەچاوی ئەو تەمەنە بکرێ کە بەکاری دەهێنێت (تەمەنی منداڵ).

4- زمان: سادەیی و ئاسانی وشەکان ڕەچاو بکرێ بە تایبەتی لە کتێبی زانستی و زانیاریدا (دەبێت بە زمانێکی زۆر ئاسان بابەتەکە بگاتە خوێنەر و هیچ ئاستەنگێکی پێوە دیار نەبێت، کە ئەمانەش کاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێ دەهێڵێت).

دەبێت لە کاتی بنیادنانی کتێبخانەی قوتابخانەو هەڵبژاردنی سەرچاوە بۆیان، ڕەچاوی ژمارەی قوتابیەکان بکرێت و بۆ هەر (200) قوتابی (1000 -1700) کتێب دەبێت لە کتێبخانەدا هەبێت، ئەمە جگە لە کتێبی ساڵانە کە بەلای کەمەوە ساڵی 100 کتێب زیاد دەکات، ئەمە جگە لە گۆڤارو کەرەستەی بینەری و بیسەری کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ مامۆستایان و قوتابیان.

لە کاتی نەبوونی ئەم ژمارە پێویستەدا، پێویستە پەیوەندی بکرێ بە کتێبخانەی گشتییەوە تاوەکو سوود لە سەرچاوەکانی وەربگیرێت، کەمو کوڕیەکانی بۆ دەستەبەر دەکات.[165]

---

[165] - نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد ، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر (د. ت)

## پاری چوارەم : کتێبخـانەی تـایبەت (کەسیەتی) = personal library



بە کۆنترین جۆرەکانی کتێبخـانە دادەنرێت، هـەر لە سـەرەتای سـەرهـەڵدانی ژیانی شـارستانی مرۆڤەوە کتێبخـانە بوونی هـەبووە لە نێو مـاڵ وکۆشك و تەلار و دیوەخـانەکانی پیاوانی زانا و دەسـەڵاتدار و نـاودارەکـاندا پـەیدابووە. ئەم جۆرە کتێبخـانەیە بە ویست وحەزی خـاوەنەکەی دروست بووە و خۆی ڕۆڵی سەرەکی هـەبووە لە پێکهێنان و دەوڵەمەندکردنی بە سـەرچاوە و بابەتی پێویستی خۆی بە ڕەچاوکردنی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خاوەنەکەی.[166]

لەگەڵ ئەمەشـدا ئـارەزووی هونەریی بە کتێبخـانەوە دیاربووە، هەر لە دانان و ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی تاق و ڕەفە و شوێنی دانیشتن و هـەڵواسینی پـەند و قسەی نەستەق لە نێو کتێبخـانەکەدا. ئەم جۆرە کتێبخانەیە موڵکی کەسێکە یان تایبەتە بە کەسێکەوە بەبێ ڕەچاوکردنی

[166] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

باری کۆمەلایەتی و زانستی و سیاسی و ڕۆشنبیری کەسەکە و ئەو زەمەنەی کە تێیدا ژیاوە. .. هتد.[167]

بۆ دروستبوون و پێکهاتنی ئەم جۆرە کتێبخانەیە، هەموو کەس دەتوانێت کۆشش بکات لەپێناو دامەزراندن و دەوڵەمەندکردنی بە سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیری هەمەچەشن و هەمەڕەنگ،[168] هەر لە کتێب و گۆڤار و نامیلکە و دەستنووس و پۆستەر و بڵاوکراوە و نامە، کتێبخانەی تایبەت بەخواستی خاوەنەکەی دروست دەبێت، واتە خۆی حەزو خولیاو ئارەزووی چ سەرچاوەیەك بکات ئەو سەرچاوانە لەخۆ دەگرێت، ئیتر بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان پەیدای بکات کە هەندێك لەو ڕێگایانە (دیاری و ئاڵوگۆڕ و کڕین)ە.[169]

## ڕێگاکانی بە دەستهێنانی کتێب



ئەو کتێب و بابەتانەی لەو کتێبخانانەدا هەبوون و دەبن، بێگومان لە یەکێك لەم ڕێگایانەوە بە دەست کەوتووە *:

---

167 - مارف نلسراو، مێـ ـذووی کتێبخـانـەکـانـی سلێمـانـی. سلێمـانـی)ب.ب (، 2009

168 - باخی کتێب، /کەناڵی کوردسات کتێبخانەی تایبەت، 2009

169 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

نووسین: واته نووسراو و دانراوی کەسـەکە خۆی بووبێت وەك زانایان، دانایان، فەیلەسوفان، مێژوو نووسان.. هتد، بە خـامە و تیانووس و پێنووسی دەستکردی خۆی نووسراوە.

• لـەبەرگرتنەوە: بە چاوپۆشین لەوەی کە بۆخۆی بووبێت یـان بۆ پـارە و فرۆشتن (لە کۆنـدا بە دەستنووس بووە، لە ئێستادا بە ئـامێری تایبەت و کۆمپیوتەر).

• کڕیـن: بەچاوپۆشی لە باری دارایی خـاوەنەکەی کە زۆربەی کات زۆر بە هـەژاریی کتێبخـانەیەکی تایبەتی کەسێتی پێکدێت.

• دیاری لـە لایەن دۆست و هـاوڕێ و هاوەڵان و هاوکـاران و هـاوپیشـەکـانەوە.

• ئـاڵو گۆڕکـردنی سـەرچاوە بە ویستی خاوەن کتێبخانە لەگـەل چـەند کەسـێکی دیاری کراودا.

• دزینـی مێژوویی: وەك دزینی هـەندێك سـەرچـاوەی بـەنرخـی دانایی و حیکمەت کە تەنها پـەیوەست بووە بە پاشـاکان و هـەر پاشـایەك بۆ ناو و ناوبانگ حـەزی کردووە کتێبێکی تایبەت بـە ناونیشان و سـەردەمی خۆی هـەبێت، کە لە پاش خۆی ناوی بچێتە مێژووەوە و بە نەمریی بمێنێتەوە. وەك کتێبی بـەنرخی (کلیلەو دیمنە) ی بـەیدەبای فەیلەسوفی هیندی و چیرۆکی دزین و لەبـەر گرتنەوەی (بورزەوەی) کە چۆن لەگەڵ پاسـەوانی کتێبخانەی تایبەتی پاشادا ڕێك کەوت و بە دزییەوە بۆ مـاوەیەکی زۆر لەو شارەدا مایەوە و ڕۆژانە چـەند لاپـەڕەیەکی دەنووسـییەوە. کاتێك هێنایەوە بۆ ئێران چۆن پێشوازی لێکرا و خـەڵاتی گەورەی کرا لە لایەن پاشـای ئەو سـەردەمەوە.

بە پێی هـەر سـەردەمێك سـەرچـاوە و بابەتەکـانی نێو کتێبخـانە دەگۆڕێت.. بۆ نمونە لە دێرین زەمـاندا زیاتر پـەیوەست بووە بە لایەنی ڕۆحیی و ئایین و چیرۆك و ئـەفسـانەو داستان و ئـەستێرەناسی و هونەری جـەنگیی و.. هتد، بەڵام لە ئێسـتادا هیچ بوارێك نـەمـاوە کە کتێبخـانە لە خـۆی نەگـرێت. لە کۆنـدا ئـامێری چـاپ و لـەبەرگرتنەوە نەبووە لەبـەر ئـەوە ژمـارەی لـەبـەر گرتنەوەکـان بریتیی بوون لـەو ژمـارە کەمەی بە دەست و پـەنجە زیـادی کردووە. بەڵام پاش داهێنـانی پیتی چـاپ و چاپخـانە، دەرکـەوتنی شـێوازی نوێی زیـادکردن و لـەبەرگرتنەوە بـەتایبەتی پاش داهێنانی کۆمپیوتەر توانـای مرۆڤ بۆ زیادکرنی تیراژی بڵاوکراوە و کتێب و سـەرچـاوەکـان لە ڕادە بـەدەر پێشـکەوتووە، و بـە چـەندین شێوە و شێوازی نوێ و ڕەنگـاو ڕەنگ سـەرچاوەکان دەبینرێن... هەر لە کتێب و گۆڤـارو ڕۆژنـامەو سـەرچاوە و بڵاوکراوە و وێنە و پۆستەر و نەخشـە و. .. هتد، ئـەم هـەموو بڵاوکراوانەش خرانە نێو کتێبخـانەوە.

## بەراوردێك لە نێوان
## سەرچاوەكانی ئەم جۆرە كتێبخانانە و كتێبخانەكانی تردا

بەراورد لە ڕووی:

- بیرو بۆچونی خاوەنی ئەم كتێبخانانە.
- شێوازی كڕین و پەیداكردنی سەرچاوەكان.
- چۆنیەتی ڕێكخستن و پۆلێن كردنی كتێب و سەرچاوەكان.
- پێكهاتە و شێوازی كەرەستە و شمەكەكان.
- ژمارە و قەبارە و سروشتی سەرچاوەكان.
- كەسانی سوودمەندی ئەم جۆرە كتێبخانانە.
- ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوە و كتێب و گێڕانەوەیان

## جۆرەكانی كتێبخانەی تایبەت

### 1. كتێبخانەی ناولێنراو (كتێب فرۆش):

ئەم جۆرە كتێبخانانە لە زۆر جێگەدا بوونیان هەبووە، بە تایبەتی لە شارو شارۆچكەكاندا و خاوەنەكانیان لە پاڵ ئەم پیشەیەی خۆیاندا (كتێب فرۆشتن) شمەك و كەلوپەلی تری ڕۆژیان داناوە وك پێداویستی كاغەز و قەڵەم و جلوبەرگی نوێ و هەندێ بابەتی تریش لەوانەی دوكانۆچكەی لاكۆڵان هەیەتی. خاوەنی ئەم جۆرە كتێبخانانە زۆر جار بووە كە سەرچاوەی گرنگ و بە پێزیان بۆ خۆیان هەڵگرتووە و دڵیان نەهاتووە بیفرۆشن و بردویانەتەوە بۆ كتێبخانەی تایبەتی خۆیان لە ماڵەوە، و بە پێویستیان زانیوە كە خۆیان ئەو سەرچاوانەیان هەبێت.[170]


### 2. كتێبخانەی نێو ماڵ:

ئەم جۆرەیان لە ماڵ، كۆشك، دیوەخاندا بوونی هەبووە و ئەو جۆرە كتێبانە دەگرێتەوە كە بوونی لەماڵدا پێویست بووە، بە هۆی خوێندەواری خاوەنەكانیانەوە ئەم جۆرە كتێبخانانە دروست بووە و بۆ تۆماركردنی ڕوداوو- و بەسەرهات و پێشهاتەكانی ڕۆژگار و لە ڕێگەی خوێندنەوە توانیویانە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەبێت لە هەر ساتێكدا و لە هەر كۆڕێكدا.[171]

---

[170] - مارف ناسراو، مێژووی كتێبخانەكانی سلێمانی. سلێمانی) ب. ب (، 2009

[171] - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002



## سەرهەڵدانی کتێبخانەی کەسیەتی (تایبەت)

زۆر لە کتێبە بەنرخ و دانسقەکان بوونیان هەبووە و جزوو بەند کراون کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن. مێژووی هەندێك لەم جۆرە کتێبخانانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش چەند هەزار ساڵێك پێش زایین. ئەوەتا ڕامسیسی گەورە (کە دامەزرێنەری زنجیرەی ڕامسیسی فیرعەونەکان و باوکی ڕامسیسی بچووکی هاو زەمانی حەزرەتی موسا بووە) زۆر حەزی لە کتێب بووە و لە کۆشکەکەی خۆیدا کۆی کردوونەتەوە و خستوویەتیە ژێر چاودێری تایبەتەوە و دوو خوای خۆیان ئەویش بە ناوی (تووت- سافرین) کتێبخانەکەیان ناونا بوو (جێگای بۆژانەوەی ڕۆح).[172]

---

[172] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

مـانەوەی ئـەو جۆرە کتێبانە (مێژووەکەی هەتا کۆنتر بێت) وەك خـۆی دەگـەڕێتەوە بۆ ڕەسـەنیی و چـاکی مەرەکەب و کـاغەزو هۆکـاری پێنووسینیان و زۆر جوان جزووبـەندکردن و شێوازی ژیرانـەی پارێزگـاری کردنیان.[173]

هـەندێك لە دەوڵەمـەندە ڕۆمانییەکان کە لە دەوری شـاردا نیشـتەجێ بوون، کتێبخـانەی تایبەتی خۆیان هـەبووە.. لـەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بـەو کتێبخـانەیە بکـەین کە لـە کاتی دەرهێنـانی خـەڵوزی بـەردین لـە کانە خـەڵوزێکی شـاری (هـێرکۆلانیۆم) دۆزرایەوە. هـەروەهـا لە خـانوویەکی گوندی تایبەتی لە ڕۆمـا کتێبخـانەیەك دۆزرایەوە کە تەنها کتێبی فـەیلەسـوفەکـانی لە خۆ گرتبوو. ئـەمەش ئـەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە بێگومـان خـاوەنی ئـەم کتێبخانەیە بۆچـوونێکی فەلسـەفیی هـەبووە. دەشـێت هەندێ جاریش ئـەم خـاوەن کتێبخـانانە کەمتر ئـاگـاداری نـاوەرۆکی سـەرچـاوەکان بووبن و خۆیان خوێندبێتیانەوە، ئـەمەش لـەو سـەردەمەدا وای لە فەیلەسـوفێکی ڕۆمی کردووە کە بڵێت: (ئاسـتی ڕۆشـنبیری و تێگەیشتنی ئـەو کەسـانەی کە کتێبخـانەیان هـەیە ناگاتە ئاستی کۆیـلەیەك)...!!

کتێبخانەی تایبەت وەنەبێت ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا دروست بووبێت، وەك مۆدێلـێك بووبێت بە باو، بـەڵکو زۆر لە مێژە کتێبخانەی (کەسـێتی) تایبەت.. بوونی هەبووە، دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوە، هەر بۆنمونە لە کاتێکدا لە ناوچەی (یوغان تەپە) لە شـاری کەرکوك پشکنین بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری کتێبخانەی (نوزێ) دەکرا، لە کاتی دۆزینەوەی تاتە قوڕینەکاندا، کتێبخانەی هەردوو برا (تخیب تلا و شورکی) دۆزرایەوە.. کە ژمارەی سەرچاوەکانیان دەگەیشتە هەزار پارچە نووسراوی مێخیی، کە باسی لە دەیان بابەتی ئـەو ڕۆژگـارە مێژوویە کردووە، کە ئـەوانی تێدا ژیا بوون.[174]

هەروەها لە مـێژووی دەوڵەمەندی دانراو سـەرچـاوەو کتێبی ئیسلامیشدا، زۆر کەس کتێبخانەی تایبەتی خۆیان هەبووە لەوانە (**جاحظ** ، کندی فەیلەسوف، خالید کوڕی زەید، هەروەها ساحیـی کوڕی عـباد).[175]

ئەوەی ڕوون و ئـاشـکرایە، هـەموو فەیلەسوف و پیاوە نـاودارەکـان و بیرمـەندانی مێژوو، لـەم جۆرە کتێبخانانەیان هەبووە و سـامانی تەمەنیان ئـەم کتێبخانانە بوون و زۆربـەیان هـەر ئـەم سـامانە یان لە پاش جێمـاوە.[176]

---

173 - مصطفى مرتضى ،المخطوطـات العربيـة – **بغداد، مطبعة العمال** المركزيـة ، 1986

174 - روپاك غفور سـعید، بەرەو کتێبخـانەیـەکی سـەردەمییـانە – کۆنفرانسـی یەکەمی کتێبخـانەو زانیارییـەکان ، هـەولێر 2006

175 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومـات – عمـان ، مطبعـة الاصلية للنشر ، 2002

## کتێبخـانە کەسیەتیەکان( تـایبەتەکـان ) و هێرشـی هۆلاکۆ

لە سـەردەمی شـارسـتانێتی ئیسـلامیشدا، کتێبخـانەی (کەسیەتی)تایبەت دەوڵەمـەندییەکی زۆر گەورەی بە خۆیـەوە بینیوە. پاش چەند سـەدەیەك لە هـاتنی ئیسلام و هـاندانی نووسین و خوێندنەوە و تێڕامـان لە نهێنییـەکـانی ژیان و گـەردوون و نووسینی دەیان هـەزار بابەتی جیاجیا و کۆبوونەوەی ئـەم سەرچـاوانە لە پایتەختەکانی دەسـەڵاتی ئیسـلامیدا لە مـەدینە و شـام و بـەغدا، لـە سـەردەمی تاڵان و بڕۆی لەشکری هۆلاکۆدا، تەنها ئـەو کتێبخـانە تایبەتانەی تاڵان کران و فڕێدرانە نێو ڕووباری دیجلەوە، وەك مێژووناسان تۆماریان کردووە، لەشـکری هۆلاکۆی بە سـەردا پـەڕیوەتەوە ئـەوبـەری ڕووباری دیجلە و ئاوی دیجلە شین بووە بە ڕەنگـاوی ئەو کتێبانە.

ئـەگەر ئەو ڕاستییە بێنینە بـەرچـاوی خۆمـان کە ئـەم کتێبـانە هـەر زاناو دانایەك و خواناسێك بە خامەو پێنووسی خۆی نوسیبێتی و توانای لەبـەرگرتنەوە هێندە زۆر نەبووە لەو سـەردەمەدا، دەبێت ئـەو سـەرچـاوانە لە ڕووی جۆر و بابەت و ژمـارەیان چـەند بووبێت کە ئـەو پـەڕینەوەیەی بـە سـەردا بکرێت..؟!! ئـەوەی ئێسـتا مـاوە چـەندە لـە چـاو ئـەوەی لەو سـەردەمەدا هـەبووە..؟!! شـاری بـەغداد لە ڕووی کتێبخـانە تایبەتەکـانەوە چـەند دەوڵەمەند بوون لـە سـەرچـاوەدا..؟!! ئـەوەیش لـەبـەر چـاو بگرین کە هـەموو بابەتەکـانی ئـەو کـاتە ئایینی نەبوون، بـەڵکو دەیان و سـەدان بابەتی زانسـتە جیاوازەکـانی دانایی و پزیشکیی و ئـەندازیاری تەلارسازیی و فەلەکناسیی و زەوی ناسیی و نەخشەو وەرگێڕان و کۆمـەڵایەتی. .. هتد، تێدا بووە..

---

[176] - هەمان سـەرچاوەی پێشوو

## کتێبخانەی کەسیەتی لە سەردەمی نوێدا



لە سەردەمانی نوێدا و لەم چەند سەدەیەی دواییدا، گرنگی ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆر زیادی کرد و وەك پێویستیی لێهات، کە هەموو ماڵێك کتێبخانەی خۆی هەبێت، لە زۆر شوین و دامەزراوە و دیوان و دیوەخان و زۆربەی شوێنەکاندا بوونی کتێبخانە بە پێداویستییەکی گرنگ دادەنرێت[177].. گرنگی ئەم جۆرە کتێبخانانە لەم خاڵانەدایە:

- لە ڕووی دانسقەیی و دەگمەنیی و نایابیی سەرچاوەکانەوە.
- لە ڕووی جزووبەندییەوە (تجليد).
- لە ڕووی فراوانی سەرچاوەوە، بە تایبەتی بە زمانەکانی جگە لە زمانی کوردی وەك عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و. .. هتد.
- توانای پشتبەشتن بە سەرچاوەکانی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاری.
- بوونی بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پێویست.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی کەسێتی:

177 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر ، 2002

هەر کتێبخانەیەك لە دنیادا ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم ئامانجانە لە کتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر دەگۆڕێت. ئامانجی کتێبخانەی تایبەت بە مەرامی خاوەنەکەی دەردەکەوێت و ئەو دەزانێت بۆ چ مەبەستێك ئەم کتێبخانەیەی پێکهێناوە و ئامانجی لە پێکهێنانی چییە.

لە ئێستادا دەتوانین بڵێین، زۆرێك لە خاوەن کتێبخانە تایبەتەکان ئامانجیان ئەوەیە هەر سەرچاوەیەك نزیکە لە پسپۆڕی و خواستی خاوەنەکەیەوە بە دەستی بێنێت، تاوەکو لە ئێستاو ئایندەدا سوودی لێ وەربگرێت. دەبینین زۆر لە کتێبخانە تایبەتییەکان ڕەنگدانەوەی سروشتی خاوەنەکانیانی بەئاشکرا پێوە دیارە.

بۆ نمونە، ئەگەر خاوەنی کتێبخانەکە لە بواری مێژوودا پسپۆڕ بێت، یان ئارەزووی سەرچاوەکانی بواری مێژوویی هەبێت، دەبینین بابەت و سەرچاوە و بەڵگەنامەو کتێب و نووسراو و دەستنووسە مێژووییەکان.. بەشێکی زۆری لە ڕەفەکانی داگیر کردووە، بە واتایەکی تر هەرچی پەیوەندی بە مێژووە وە هەبێت و لە توانایدا بووبێت، هەوڵی بەدەستهێنانی داوە، تاوەکو خۆی و ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەم سەرچاوانە هەیە بتوانن سوودمەند بن لێی.. بۆ بوارەکانی تریش بە هەمان شێوە.

بەڵام زۆر بەدەگمەن ڕێك دەکەوێت کە کتێبخانەیەکی تایبەت، یان باشتر بڵێین (کتێبخانەی کەسێتی) تەنها یەك جۆر بابەت و سەرچاوە لەخۆ بگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە ئەستەمە، چونکە سروشتی مرۆڤ هەمەڕەنگ و فرەخولیا و سەرکێشە و حەزی بە زانینی زۆر شت هەیە، ئەگەر لە بازنەی پسپۆڕی خۆیشیدا نەبێت، وە حەز بە خوێندنەوەی چەندین بابەتی ڕەنگاو ڕەنگ دەکات، هەر بۆیە کتێبخانەکانیش هەمەڕەنگن. ڕەنگە بتوانیت لە کتێبخانەیەکی تایبەتدا چەندین بابەتی فیکری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری جیاواز و چەند بابەت و سەرچاوەت دەست بکەوێت.

لەم سەردەمەی ئێستا لەکوردستاندا، چەندان کەسی ڕۆشنبیرو ناودارو زانا و کەڵە پیاوی گەورە و نووسەرو شاعیر هەن، کە کتێبخانەی تایبەتیان هەبووە و هەیە کە زۆر دەوڵەمەندە بە سەرچاوە و بابەت و بەڵگەنامەی ئایینی و زانستی و فیکری و ڕۆشنبیری و مێژوویی و. .. هتد، لەوانە ئەم بەڕێزانە:

- خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ.
- بەڕێز پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ، کە میراتگری کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا مستەفای سەفوەتی باوکێتی، و خاوەن کتێبخانەی تایبەتی خۆیەتی.
- بەڕێز محەمەدی مەلا کەریم مودەریس، کە میراتگری کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی باوکێتی، و خاوەن کتێبخانەی تایبەتی خۆیەتی. کوڕەکەشی کتێبخانەی تایبەتی خۆی هەیە.

- بەڕێز د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.
- بەڕێز د.مارف خەزنەدار.
- بەڕێزممتازحەیدەری.
- بـەڕێز لەتیف هـەڵمەتی شاعیر

وە زۆر کەسایەتی ناودار و بـەڕێزی تـر، کە ئێمـە نـەمانتوانیوە ناویان بێنین لێرەدا.

چـەند کەسـانێکی ترهەن کە کتێبخانەی مەزن و دەوڵەمەندیـان هـەیە. زۆرێك لەم کتێبخانانە کە ئێستا کەسێك سـەرپـەرشـتی یـان مـیراتگـری یـان خاوەندارێتی دەکات، کـە هـەندێکیان لە بنەماڵەکەیەوە لە باو و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە، وەلێ شـوێن دەستی خۆیشی پێوە دیارە ئەم خـاوەنە لێرەدا ڕۆڵی پاراستن و نەفەوتاندنی ئـەم گەنجینە مـەزنەی بینیوە و لەگەڵ دەوڵەمەندکردنی بەسەرچاوەی نوێ، لەم جۆرە کتێبخـانانە دەتوانین وەك نمونە ناوی ئـەم بنەماڵە گـەورانەی خوارەوە بێنین لـەوانە:

- کتێبخانەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، کە لە ئێستادا مامۆستا خالد خاڵی کوڕی خـاوەنێتی و سەرپەرشتی دەکات.
- کتێبخانەی خوالێخۆشـبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، کە ئێستا لای کاکە حەمەی کوڕی مامۆستا مەلا کەریمە.
- کتێبخانەی خوالێخۆشـبوو مامۆستا مەلا مستەفای سەفوەت، کە ئێستا بـەڕێز پرۆفیسۆر د. عێزەدین خاوەنێتی.
- کتێبخانەی بنەماڵەی حەیدەری کە لە ئێستادا مامۆستا ممتاز حەیدەری خاوەنێتی.

وە کەسـانێکی تریش هەن هەر بۆخۆیان حەزیان بە کتێبخانە و سەرچاوەی فیکری هەبووە و هەر لە منداڵییەوە دەوڵەمەندیان کردووە بە سەرچاوە بۆپەیدا کردن لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، کە کەم تا زۆر زۆربـەی مـاڵەکان ئـەوانـەی کەسـانی پسـپۆڕو خوێندەواریان هـەیە، پێویستییان بـەم جۆرە کتێبخـانەیە هـەیە، ناکرێت ئێمە نـاوی گشـتیان بێنین.

کتێبخانەی (کەسـێتی) تایبەت، هەر ئەوە نییە هەندێ کتێب و گۆڤاری دانراو لە ناو چەند ڕەفـەیەکی دیاری کراودا بێت و بەس و پێی بڵێن کتێبخانە، بـەڵـکو کتێبخانەی تایبەت جـیاوازی و جیاکەرەوەی خۆی هەیە، دەبێت ئـەم مـەرجـانەی خـوارەوەی تێدا بێت، ئـەوسا نـاوی بنێین کتێبخانەی تایبەت و لـە ڕیزی کتێبخـانە تایبەتەکـاندا پۆلێن بکرێت.

## مەرجەکانی کتێبخانەی کەسیەتی:



1- دەبێت ئەو سەرچاوانەی کە لە منداڵییەوە بەدەستی هێناون بوونی هەبێت لە کتێبخانەکەدا.
2- زوربەی کارتی دەرچوونی قوتابخانە وخوێندنگە و ناوەندی و دواناوەندی و گشت پلەکانی خوێندنی باڵای هەبێت، لەگەڵ ئەو شەهادە و دەستخۆشییانەی وەریگرتوون.
3- نووسراو و دەستخەتەکانی منداڵی، هەر لە دەفتەری قوتابخانە و ئەرك و ڕاهێنانەکان و تاقیکردنەوەکان تا دەگاتە ئەو وێنانەی کە بە منداڵی کێشاویەتی و زۆر بەلایەوە جوان بووە.
4- بوونی کەرەستەکانی فێرکردن و وێنەکێشان و خوێندنەوە وەك قەڵەم و دەفتەرو مێزو دەفتەری وێنەکێشان... هتد.
5- بوونی ئەو سەرچاوانەی کە بە منداڵی بۆ یەکەمجار خوێندونییەتیەوە و کاریگەری بەجێ هێشتووە لە سەر مێشك و زەین و بیرو بۆچوونەکانی و تێڕوانینی بۆ ئاینده و دوارۆژی خۆی و ژیان و کۆمەڵگە.
6- بوونی ئەو سەرچاوانەی کە بە دیاری پێی بەخشراوە لە ماوەی خوێندندا بە ئیمزا و پێشکەشکاری دیاری بەخشەوە.
7- بوونی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ یەکەمجار خۆی بە منداڵی، یان بە گەنجی کڕیویەتی.
8- بوونی وێنەکانی تایبەتی خۆی لە ماڵ یان قوتابخانە یان گەشت و سەردانی هاوڕێ و دۆست و یارانی، بە تایبەتی ئەوانەی وەفاتیان کردووە وەك ئەرشیفێکی تایبەتی.
9- بوونی ئەو نامە و نووسراوانەی کە بۆی هاتووە لەلایەن هاوڕێ و دۆستانییەوە چ لە دەرەوە بێت، یان لە ناوخۆی وڵاتەوە.

10- وێنەی ئـەو پول و کەرەستە دانسـقانەی تایبەتی خۆیـەتی لـە سـەردەمێکدا کە بە نامەوە بۆی هاتووە و پاراستویەتی لـە فـەوتان.
11- ئـەو بـەیاننامەو بڵاوکـراوانەی لە تەمەنێکدا کۆی کردۆتەوە لە ژێرکاریگەری بیروباوەڕێکی دیاریکراودا، واتە بـەڵگەنـامەی یەکەم بیروباوەڕ و ڕێبـاز کە پێی سەرسام، یان پەیوەست بووە، یان لایەنگری بووە، یـان کـارو چـالاکی تێدا کردووە، و تەمـەنێکی تێدا بەسـەر بردووە.
12- بوونی نامە هـەڵگیراوەکـانی عەشق و خۆشەویستیی و دڵداری، یان باشتر وایە بڵێین شـیعرو غـەزەلیاتی سـەردەمی جوانی و گـەنجێتی، یان نوسخەی ئەو نامەو نـامەکـارییانەی تافی لاوێتی کە ناردوویەتی یان بۆی هاتووە.
13- بوونی دەستنووسەکانی خۆی لە منداڵی و هەرزەکاری و قۆنـاغـەکـانی تەمەنیدا بۆ هـەر بۆنـە و یـادێك نووسـیبێتی.
14- بوونی ئـەو یەکەم بڵاوکراوەیەی دەستی کەوتووە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب، یـان وێنەیەك لەو بڵاوکراوانە.
15- بوونی دەستنووسی کتێب و نووسراو و بڵاوکراوەکانی خۆی بەپێی ڕیزبەندی مێژووی دەستنووس و مێژووی بڵاوبوونەوە.
16- بوونی ئـەرشـیفی گەشتنامە و سـەردانە ئـەدەبیی و زانستیی و توێژینەوەکـانی بە بەڵـگەو وێنەوە.
17- بوونی دەفتەری یاداشتنامـەی چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە و چـاوپێکـەوتنەکـانی لەگـەڵ ئـەدیبان و نووسەران و مێژووناسان و توێژەران و کەسـانی پسپۆڕی بوارە گرنگەکـان.
18- بوونی وێنەی فەرمـانی گـارگێڕی و شـەهـادەی ئەو پۆستانەی وەری گرتووە لـە ماوەی ژیـانیدا و ئەو فـەرمـانانە کە دوورخستنەوە یان لەسەر کار لابردنی تێدایە بە تایبەتی لە سـەردەمی ڕژێمە ستەمکارەکـاندا وەك شـایەتی چالاکی و لێهاتوویی لەو بوارەی خۆیدا.
19- بوونی بەڵـگـەنامـە و ئـەشـکەنجەدان و زینداني کردن، بە تایبەتی لـەسـەر چالاکی ئـەدەبیی و فیکریی و ئایینیی و شـۆڕشـگێڕیی، یـان بە تایبەتی لە سـەر کتێب و نووسراو و بەڵگەنـامـەیەکی گرنگ کە مەبەستی بووە بیپارێزێت و نەهێڵێت بفەوتێت.
20- بوونی کورتەیەك لە مێژووی ژیـان و گوزەران و هاوسـەرگیریی و منداڵەکـانی وپیشـەکـانیان.
21- بوونی وێنە و نوسخەی گرنگترین و دەگمەنترین بڵاوکراوە یاساغ و قەدەغە کراوەکـانی سـەردەمێك کە خـاوەن کتێبخانە تایبەتییەکە لای خۆی پاراستوونی وەك سەرچاوەکانی شاخ و سـەردەمی خـەبات و پێشـمەرگـایەتی و فیداکـاری و پۆلێن کردنیان.
22- یاداشتنامەی پاڵپشتی سەرەکی و هـاندەرانی بۆ خوێندنەوە و پاڵنـەری خودی بۆ دروستکردنی ئەم کتێبخانە تایبەتەی (کەسـێتی).

23- بوونی یاداشتنامەی چەند جارەی کتێبخانەکانی و سوتان یان فەوتان و هۆکارەکانی لەگەڵ ژمارە یان ناوی گرنگترینی ئەو سەرچاوە دەگمەنانەی تێیدا فەوتاوە و چەند سەرچاوەی بە تالاَن براوە و کێ تالاَنی کردووە.
24- بوونی یاداشتنامەی پەیوەندییەکانی (ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی و فەلسەفیی و کولتووریی و مێژوویی و سیاسیی و کۆمەلایەتیی. .. هتد) بە تایبەتی ئەو کەسە ناودارانەی کە دۆستایەتی نزیکی لەگەڵدا هەن.
25- بوونی پێڕستی ئەو سەرچاوانەی کە زۆر نایاب و دەگمەن و دانسقەن و ئەستەمە لە هیچ جێیەکی تر دەست بکەون، یان وێنەیان مابێت، جا چ دەستنووس بێت یان چاپکراو.

## سەردەمی ستەمکاری و کتێبخانەی کەسیەتی

ئەگەر تۆزێك بگەڕێینە دوواوە و سەرنج بدەین، دەبینین لە هەندێك کاتدا بوونی لاپەڕەیەکی نووسراو هێندەی، یان زیاتر، لە بوونی پارچە چەکێکی قورس قەدەغە و یاساغ بووە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو نووسراو و بلاَوکراوە و کتێبە وەك بەڵگەی شۆڕشگێڕی و خەبات حساب کرابێت لە لایەن ڕژێمی دەسەلاَتدارەوە. هەر بۆیە زۆرجار گیانی مرۆڤێك لەوپەڕی مەترسیدا بووە بە هۆی ئەو نووسراو و بەڵگەنامە و کتێب و نووسراوانەوە، کە هەندێکیان بۆتە مایەی تیاچوونی سەری خاوەنی، گەلی کوردیش هەمیشە لە ژێر فشاری داگیرکاریی و ستەمدا بووە، تا ئەو ڕژێمانە توانیبێتیان، نەیان هێشتووە چاو بکاتەوە و چاو هەڵبێنێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە داگیرکاری ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بکەین کە چەندین تاوانی کاولکاریی و سوتاندنی کتێبخانە و مزگەوتەکان و شارو گوندەکان و ماڵە ناودارەکانی ئەنجام داوە، یان بە هەر بیانوویەك بێت تالاَنی کردوون، یان خاوەنەکانیان لە ترسی گرتن و سزادان خۆیان بە چاوی فرمێسکاوییەوە سوتاندوونی، لە سەردەمە ترسناکەکانی ئەو دەسەلاَتانەدا زۆر سەرچاوە بە تایبەتی ئەوانەی باس لە مێژووی گەلی کورد دەکەن لە ناوبراون، چونکە بوونیان لە ماڵدا وەك تاوانێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، و خاوەنەکەی دووچاری ئەشکەنجەو سزاو بگرە کوشتنیش کردۆتەوە.

هەر کاتێکیش لە نێو گەلی کوردا جولاَنەوەیەك یان بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی سەری هەڵدابێت، دوژمنان ئەوپەڕی هەوڵیان داوە سەرکوتی بکەن بە کوشتن و بڕین و لە نێو شارەکاندا بلاَوکراوەکانیان قەدەغە کردووە و هەرکەسیش بەو بلاَوکراوانەوە بگیرایە تووشی ئەشکەنجە و سزای سەخت دەبووەوە تا ئاستی لە سێدارەدان. هەر بۆیە ناوبەناو ڕژێم هاموشۆی خەڵکی قەدەغە

دەکرد و دەستی دەکرد بەپشکنینی مـاڵ بـە مـاڵ و خەڵکیش لە ترسـی سـەرو مـاڵ و خێزانەکانیان ئـەو سەرچاوە دەگمـەنانەیان دەسووتاند، یان دەیان کردن بە ژێرخاکەوە، کە ئەمانەش هۆکارێکی تربوون بۆ لەناوچونی سەرچاوەکان.

ئـەو خـاڵانەی کە بـایەخی کتێبخـانەیەك زیاد دەکـات لە چـاو کتێبخـانەیەکی تردا ئـەوەیە، ئـەم مـەرجـانەی خـوارەوەی تێدا بێت، یـان زۆربـەی ئـەم مـەرجـانە لە خۆ بگرێت:

1- ئەو سەرچاوانەی کە لە کتێبخانە تایبەتەکەدا دەست دەکەون کەم وێنە و دەگمـەن بن.

2- سەرچاوەکـان لـە ڕووی چـۆنێتییەوە زۆر بن نەك لە ڕووی چـەندێتییەوە، واتە چـەند ژمـارەیەکی یـەك سـەرچـاوە بـە یـەك سـەرچـاوە دەژمێررێت، و چـەند چـاپێکی یـەك کتێب بە نـاونیشان دادەنرێت.

3- کۆی گشتی سەرچاوەکان یەکسان بێت بە کۆی گشتی ناونیشانەکان، واتە دووبارە بوونەوەی یەك ناونیشان لە بـایەخی کتێبخـانە زیـاد ناکات.

4- زۆری و جیاوازی لە سەرچاوەدا بـە بـەراورد بە جۆرەکـانی کتێبخانەکانی تر، وەك زانکۆ و مۆزەخانە، بەڵام لە کتێبخـانەی تایبەتدا بوونی هەیە، بە تایبەتی کتێبە کۆنەکان و ئـەوانەی چـاپەکانیان بـەسـەر چووە.

5- بوونی زۆری کتێب و نووسراوی دەستنووس، کە زۆرێك لە کتێبخانەکان هەر نییەتی.. بە چاوپۆشـین لەوەی کە خـاوەنەکەی چۆن دەستی کـەوتبێت.

6- بوونی ئـەو سەرچاوانەی زۆر دەگمەنن و لە وڵاتانی ترەوە بۆی هاتبێت (وەك دیـاری) یـان خـۆی کڕیبێتی (بە سـەردانی ئـەو وڵاتانە) یان لە ڕێگەی ڕێکخـراو حیزب و کەسـایەتی زانستی و ئـەکادیمییەوە بۆیان ناردبێت.

7- بوونی ئـەو سـەرچـاوە مێژووییانەی لەگەڵ شـۆڕشە بەسـەرچووەکـاندا پـەیدا بووە و ئێسـتا ئـەو شـۆڕشـانە لەناوچوون و کەسایەتییەکانیشان مردوون و چاپخانەکانیشان داخراون.

8- کتێبی بیرەوەری و یاداشتنامـەی کەسـێتی (السـیرە الشخصیە)ی پیاوە گـەورەکـانی مـێژوو، پیاوچـاکان، شـاعیران، نـاوداران، زانایان، فەیلەسوفان، سـەرکردەکـانی جەنگ و شۆڕش، ڕابـەرانی ڕۆحیی میللەتان، ڕووداو و جـەنگە گـەورەکـانی مێژوو.. هتد، کە زۆر گرنگە لێرەدا دەست دەکەوێت.

9- بوونی هەندێ دیاری و شمەك وکەل وپەلی بەنرخ کە کەسێك یان کەسایەتییەکی بەناوبانگ بەخشیویەتی بەم کتێبخانەیە.

10- بوونی چەندین وێنەی وەك بـەڵگەنامـەی ڕووداو یان وێنەی سەرکردە ناودارەکان، ڕووناکبیران، پیـاوە گـەورەکـان پیشـان بدات، کە لە جێگەی تر وێنەی نەبێت.

## بابەتەکانی کتێبخانەی کەسیەتی

مـەرج نییـە کۆبوونەوەی هـەندێك سـەرچاوە و کتێب و بڵاوکراوە مانـای بوونی کتێبخـانەیەکی کەسیەتی (تایبەت)ی تەواو بێت.. دەکرێ لـە هـەر کافیتریایەکدا، سـەرتاشخانەیەکدا، یـانەیەکدا، چاپخانەیەکدا.... هتد، چەند کتێب و گۆڤارێك هەبێت بۆ کات بـەسـەربردن، بەڵام ئـەمە نابێتە کتێبخـانە لە ژێر هیچ ناونیشانێکدا، بۆیە دەبێت بزانین ئـەو بابەتانەی دەبێت هـەبن لە کتێبخانەیەکی تایبەتدا چین و چۆنـن.. تاوەکو بتوانین وەك گەنجینەیەکی فیکری و رۆشنبیری و کولتووری مامەڵەی لەگەڵ بکەین.. لە ژێر ناونیشانی کتێبخانەدا پۆلێنی بکەین. ئەو بـابەتانەی دەبێت هـەبێت لە هـەر کتێبخـانەیەکدا ئـەمانەن:

1- کتێب.. جا چـاپکراوی کەسانی تر بێت، یان بـەرهـەمی خـاوەن کتێبخـانەکە.

2- گۆڤار.. هـەر جۆرێك بێت، بـە تایبەتی زنجیـرە و جزوبەندکراو.

3- رۆژنامە.. بەتایبەتی ژمـارە سـفرو ژمـارەکـانی تری بە دوایدا.

4- دەستنووس.. هـەتا مێژووی کۆنتر بێت بـایەخدارتر دەبێت.

5- بڵاوکراوە و پۆستەراتی قۆنـاغەکـانی خەبات و تێکۆشان.

6- کاسێت و فیلم.. بـە تایبەتی ئـەوانەی رەش و سپین و کۆنن دەستی کەوتوون، لە دەگمەنیی و نایابیی زیاد دەکات ئەگەر خودی خـاوەن کتێبخـانەکە خۆی وێنـەی گرتبن.

7- بەڵگەنامەی مێژوویی بە تایبەت نامەو نامەکـاری سـەرکردەکـان و زانایان و پیاوە گـەورە و ناودارەکـان، یان بەڵـگە نامەکانی خۆی.

8- وێنەی کۆن و نوێ بە تایبەتی وێنەی خۆی لە قۆناغـەکـانی تەمەنیدا.

9- نەخشە و کەرەستەی رێنمایی بە تایبەتی ئـەوانەی رێنمایی ولاتەکەی خۆی بێت.

## ڕێکخستنی سەرچاوەکان

وتەیەك هەیە لەناو ڕۆشنبیران و نووسەراندا.. دەڵێت: ئەو کتێبخانەیەی کە سەرچاوەکانی بە ڕێك وپێکی دانراوە و شپرزەیی تێدا نییە و زۆر ڕازاوەو قەشەنگ بێت.. ئەوە مانای وایە خاوەنەکەی نایانخوێنێتەوە و بەکاریان ناهێنێ و بە پێچەوانەوە تا شپرزە و هەڵوەشاو و ناڕێك ولارو لەوێر دانرابێت و سەرچاوە خرابووە سەر سەرچاوە، مانای وایە زۆر بەکار دێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بڵێین، ئەم جۆرە کتێبخانانە وەك کتێبخانەکانی تر نین، ئەم کتێبخانە تایبەتییانە فەرمانبەرێکیان نییە تاوەکو سەرچاوەکان پێڕست و پۆلێن بکات، بەڵکو خودی خاوەن کتێبخانەکە پشت بە سەلیقە و شارەزایی خۆی دەبەستێت لە ڕیز کردن و پۆلێن کردنیان. ئەو شێوانەی کە کتێبخانەیەکیان پێ ڕێك دەخرێت یەکێکە لەم شێوانە:

1- بە پێی زەمەن (ساڵ یان مێژووی دەرچوونی کتێب، یان سەرچاوە).[178]

2- بە پێی جۆری بابەت (شیعریی، فیکریی، رۆشنبیریی، سیاسیی، کۆمەلایەتیی، زانستیی، ئەدەبیی، مێژوویی، فەلسەفیی.. هتد).[179]

3- بە پێی مەبەست (گۆڤار و ڕۆژنامەکان، خوێندنەوە، دەستنووسەکان، فەرهەنگی زمانەوانی، بەڵگەنامە، کەرەستە دەگمەنەکان. .هتد).

4- تێکەڵاو (واتە خاوەن کتێبخانە، یان کاتی نییە، یان تاقەتی نییە، یان خۆی بەو شێوەیەی حەزی پێ دەکات).

## مەرجەکانی خواستن:

لەم جۆرە کتێبخانەیەدا خاوەن کتێبخانە مەرجی خواستن بە مەیلی خۆی دادەنێت بە ڕەچاوکردنی یاسای باوی کتێبخانەکانی تر، ئەوەی بەرچاوم کەوت لە سەردان و گەڕانەکانمدا بۆ هەندێك لەو کتێبخانانە، یان وەك زانیاری وەرم گرتووە بریتین لەم شێوازانەی خوارەوە باسی دەکەین کە لە هەندێك لە کتێبخانە تایبەتەکاندا نووسرابوو، وەك:

1- لەیەك سەرچاوە زیاتر داوا مەکە.

2- تا سەرچاوەی یەکەم نەگەڕێنیتەوە مافی وەرگرتنی سەرچاوەی دووەمت نییە.

3- دواخستنی سەرچاوە لە گێڕانەوەی لە کاتی خۆیدا متمانەت بۆناهێڵێت.

[178] - حسن رشاد ، المكتبات العامة في القاهرة- القاهرة- المؤسسة العربية العامة 2003

[179] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

4- به هیچ شێوەیەك كتێب هەڵناوەشێنرێت بە مەبەستی لەبەرگرتنەوە.
5- ون كردنی هەر سەرچاوەیەك بژاردنی سەرچاوەكەیە دەبێت پەیدای بكەیتەوە.
6- دەستنووس و بەڵگەنامە و هەندێ سەرچاوە خواستن و بردنە دەرەوەی نییە، تەنها دەتوانیت تەنها لێرەدا بیخوێنیتەوە، یان بە كامێرا وێنەی بگریت.
7- ماوەی خواستنی هەر سەرچاوەیەك تەنها () ڕۆژە.
8- هەر سەرچاوەیەك زیانی پێ بگات، دەبێت چاكی بكەیتەوە و تەجلیدی بكەیت.

## تۆماركردنی سەرچاوەكانی كتێبخانەی كەسیەتی

هەندێ خاوەن كتێبخانە تۆمارێكیان دروست كردووە و ناوی سەرچاوەكانیان بەپێی تایبەتمەندی مادەكان جیاكردۆتەوەو نووسیویانە بە پێی ئەم زانیاریانە (ژمارە- ناوی نووسەر یا وەرگێڕ- ناونیشانی كتێب- ساڵی چاپ- نرخی كڕین)، هەندێكیشیان پێڕستی كتێبەكانیان خستووەتە نێو كۆمپیوتەر، یان پشتیان بە (سجلی تەزوید) بەستووە وەك خۆی، هەندێكی تریشیان هیچیان بۆنەكردووە، بەڵام دەزانن سەرچاوەكان لەكوێدا بوونیان هەیە.

## كێشە و گرفتەكانی كتێبخانەی كەسیەتی:

هەر كتێبخانەیەك كێشە و گرفتی خۆی هەیە كە پێوەی دەناڵێنێت، چونكە ئەم كتێبخانانە لە ناو ماڵدان، كێشەكانیان زۆرە لەوانە:

1- بێ شوێنیی: نەبوونی جێگای پێویست و شیاو لە نێو ماڵدا بۆ كتێبخانەكە، كە ڕەنگە ژوورێك یان زیاتر بگرێت، سروشتی پێكهاتەی خانوو- و ماڵی لای ئێمە وایە، كە ماڵ لە چەند ژوورێكی كەم پێك دێت و ناتوانین لایەك فەرامۆش بكەین بۆ كتێبخانە.
2- نەبوونی ڕەفەی گونجاو: كەمیی تاق، یان ڕەفە، یان كتێبخانەی لە دار دروستكراو لەچاو زۆری سەرچاوەدا گرفتێكی تری كتێبخانە تایبەتییەكانە.
3- نالەباری كەشی سروشتی ناو ژوورەكە لە پلەی ساردو گەرمی و شێ و تیشكی خۆر، ئەمانە هەمووی كاردانەوەی خراپیان هەیە لەسەر تەمەنی سەرچاوەكان و تێكچوونیان.
4- نەبوونی جێگا بۆ خوێندنەوە: لەناو كتێبخانەی تایبەتدا ئەم هۆكارە ناگونجێت لەبەر بێ‌جێیی یان سروشتی نەگونجاوی خێزانیی بۆ هامۆشۆكەرانی زۆری كتێب خوێندنەوە..

5- شاردنەوەی ناونیشانەکان: بە هۆی هەڵچنینی سەرچاوە لەسەریەك کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی ناو و زانیاری سەر بەرگی سەرچاوەکە لە کاتی گەڕاندا، بە تایبەتی گۆڤارو ڕۆژنامە.
6- تێکەڵبوونی سەرچاوەکان: هەندێك کات بەتایبەتی لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن، چونکە وەك پێویست ناخرێنەوە جێگای پێشووی خۆیان.
7- نەبوونی (کەشاف): واتە پێڕستێك بۆ کتێبەکان تا لە زووترین کاتدا سەرچاوەکان بدۆزرێنەوە.
8- نەبوونی پەڕاوی تایبەت: بۆ یاداشت کردنی کات و ساتی وەرگرتن و هێنانەوەی ئەو کتێب و سەرچاوەو بابەتانەی کە لە لایەن خوازیارانەوە وەردەگیرێت و دەبرێتە دەرەوە.
9- قوازتنەوەی متمانە: هەندێکجار ڕوودەدات لەسەر متمانە، کتێب و گۆڤار یان سەرچاوەیەك دەخوازرێت، بەڵام خوازیار، یان داواکاری کتێب، کتێبەکە ناهێنێتەوە بە هەر هۆیەك بێت.
10- فەوتاندنی سەرچاوە دەگمەنەکان: بە ئەنقەست یان بە ڕێکەوت یان نەهێنانەوەی لەبەر دەگمەنیی سەرچاوەکە.
11- نەبوونی کەرەستەی تەواو: نەبوونی ئەم پێداویستییانە لەناو کتێبخانەی تایبەتدا وەك (ڕووناکی، ڕاخەر، کورسی، مێزی خوێندنەوە و...هتد).
12- دزینی هەندێ سەرچاوەی نایاب لەلایەن هاموشۆکەرانی کتێبخانەی تایبەتییەوە بە سوود وەرگرتنی خراپ لە ناوی (توێژینەوە) یان بردنی بەبێ ئاگای خاوەنەکەی، کە ئەم حاڵەتانە زۆر کەم ڕوودەدەن، بەڵام ڕەفتارێکی زیان بەخشە بە خوازیارانی تر.
13- ناوەخت خواستن: نەگونجاندنی کاتی سەردانی هاموشۆکەران بۆ کتێبخانەی تایبەت لە کاتی دیاریکراودا، و نەبوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ هاموشۆکەران، کە باشتر وایە پێش وەخت مۆڵەت بخوازرێت بە تەلەفۆن، یان وەڵام ناردن، ئەوسا سەردان ڕێك بخرێت.
14- نەبوونی هیچ دەزگایەك یان ڕێکخراوێکی تایبەت لەلایەن دەوڵەتەوە کە هەستێ بە دەسگیرۆیی کردن و هاوکاری کردنی خاوەن کتێبخانەکان وەك جزوبەند کردنەوەی کتێبەکان. یان بەخشینی کتێبی نوێ و ئەوانەی کە نرخیان گرانە و خاوەنی ئەم کتێبخانانە کەسانی پسپۆڕو نووسەرو شاعیرو توێژەرەوەن، بەڵام ناتوانن بیکڕن.

## بابەتەکانی ناو کتێبخـانەی کەسیەتی

ئەو بابەتانەی لە ناو ئەم کتێبخانانەدا دەبینرێن زۆربەی زۆریان لەگەڵ خواستی خاوەنەکەیدا یەکانگیرە (بەخواستی خاوەنەکەی) هاتۆتە کتێبخانەوە،هەڵبژاردنی کتێب بۆ کتێبخانە وەك مێزی خوان وایە، هەرکەس حەزی لەچی بێ دەست بۆ ئەوە درێژ دەکات. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە بابەتی کتێبخانەکەیە، واتە هەر کتێبخانە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بوارێك لە بوارەکاندا بۆنمونە:

خاوەن کتێبخانە شاعیرە، دەبینیت زۆربەی زۆری شیعری شاعیرانی خۆمـاڵی و بیانی و میللەتانی ترو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعر هەڵبەست و شاعیرەکان نووسیوە، بوونی بەرهەمەکانیان لێرەدا بە ئاشکرا دیارە، هەر ئەمانیش نرخی کتێب بە باشی دەزانن، چونکە شـیعرو هەڵبەست ئاوێنەی ڕوانین و هەست و سۆزی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا لە دایك بووە، هەر بۆیە بایەخێکی مێژوویی خۆی هەیە.

زۆربەی زۆری ئەم کتێبخانانە بەپارەی خەرجی ڕۆژانە و دەغیلە کڕاون، بە شێوەیەکی تر لە پارەی قووتی ڕۆژانەی خێزان گیراوەتەوە و دراوە بە کتێب و خۆ برسی کراوە لە پێناو بەدەست هێنانی سەرچاوەدا، پێم وایـە کتێب هی ئەو کەسەیە کە دەیخوێنێتەوە، چونکە لەم کاتەدا بەدەست ئەوەوەیە واتە مافی خۆیەتی لە خوێندنەوەدا بە ناو کتێبەکاندا بگەڕێت.

لە نێو سـەرچاوەکـاندا تیایدا دیاری نووسەرێك، یان کەسێکی ناسراو، یان کەسایەتییەکی دەرکەوتوو، زۆرلای پیرۆزە، چونکە ئیمزا و نووسراوی ئەو کەسەی لەسەرە.

زۆر لە کتێبەکان چاپی یەکەمیان جـزوبـەندێکی (تجلیـد) نایابە، یان وێنەکانیان، یان بـەرگەکانیان ڕەنگاوڕەنگە، یان زێڕکەف کراوە بە ئاڵتون، یان بەرگەکانیان لە پێستی ئاژەڵی ناسراو سازکراو، یان بەرگی نقێمدارە بە بەردە پیرۆزەکان، یان بە ئاوریشم ڕووپۆشی دەرەوەی کراوە، یان بە نەخش و زەخرەفەی زۆر نایاب ڕازێنراوەتەوە، ئەمانە هەمووی جێی بایەخی خاوەن کتێبخانە و خوێنـەرانن.

## خاوەن کتێبخانەکان چـی دەڵێن..؟

زۆر لە خاوەن کتێبخانەکان دەڵێن، حەز دەکەم جلی جوان لەبەر نەکەم، بەڵام حەز دەکەم کتێبی تازەم هەبێت بۆ خوێندنەوە،[180] واتە هێندە تامەزرۆی خوێندنەوەم، وەك چۆن هەموو شتەکانی خۆمم لا جوانە وپیرۆزە و بەرێزە، سەرجەم سەرچاوەکانیشم لەلا بەرز و بەنرخە، بۆیە حەز دەکەم نەفەوتێت.

---

[180] - لەتیف هـەڵمەت ، بـاخی کتێب — کەناڵی ئاسمانی کوردسـات

زۆرجار لە قووتی ماڵ ومنداڵم گرتوّتەوە و داومە بە کتێب. وەك چۆن خۆراك سەرچاوەی بەردەوامبوونی ژیانە خوێندنەوەش خۆراکی فیکر و هزرە بۆیە هەمیشە پێویستمان بەو خۆراکەیە. سەرچاوەکانی ناو ئەم کتێبخانانە مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە، چونکە لە سەردەمی منداڵی خاوەنەکەیەوە سەرچاوەی تێدایە، بگرەپێشتریش، وە زۆر سەرچاوەی دەگمەن و چاپی نایاب و بەڵگەنامەی ڕەسەن لەم کتێبخانانەدا بەردەست دەکەوێت کە وێنەیان زۆر دەگمەنە و دەتوانین پشتی پێ ببەستین لە توێژینەوەکانماندا.

ئێستا لە زۆر کتێبخانەی گشتیدا چەن شوێنێك دەسنیشان کراوە بۆ ئەو کتێبخانە تایبەتییانەی کە بە ویستی خاوەنەکانیان پێشکەش بە کتێبخانە کراوە. یان پێشتر خاوەنەکانیان وەسیەتیان کردووە دوای مردنیان سەرجەم سەرچاوەکان پێشکەش بکرێ بە کتێبخانەی گشتی شار. وەك دەبینین لە کتێبخانەی گشتی سلێمانیدا لە هۆڵی (گۆران) چەن کتێبخانەیەکی تایبەت پێشکەش کراوە بە کتێبخانەکە و هەریەکەیان لە چەند شێڵفێکدا دانراوە و بە ناوی خاوەنەکەیەوە نووسراوە کتێبحانەی فلان کەس. ئەو سەرچاوانەی کە لەم کتێبخانەیەدا دانراون تەنها کتێبە و بەس، واتە هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری و زانستی تری تێدا دانەنراوە. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا سیفاتەکانی کتێبخانەی تایبەت ون دەکات، کتێبخانەی (فلان کەس) کە هەموو سەرچاوەکانی کتێبخانەی تایبەتمەندیەکەی تێدا بێت و هەر کتێبخانەو تۆماری جیای بۆ کرابێت بۆ سەرجەم سەرچاوەکانی ناوی هەر لە (کتێب. گۆڤار. ڕۆژنامە. دەستنووس.پۆستەرو وێنە. بلاّوکراوە. نەخشە. شریت. کاسێت) وە هەموو ئەمانە دەبێت لە جێگایەکدا بن، وە مەرج ئەوەیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەموو ژیانی خاوەن کتێبخانەی تێدا بێت، ئەمە جگە لە c.v)) خاوەن کتێبخانەکە.

هەروەها کەشافێك بە ناوی سەرجەم بابەتەکانەوە دەبێت هەموو سەرچاوەکان مۆری تاکەکەسی (خاوەن کتێبخانەکە) ی پێوە بێت، ئەمجا مۆری کتێبخانەی گشتیی کەچی بە پێچەوانەوە لە کتێبخانەی گشتیی هەرچ کەس کتێبخانەکەی پیشکەش بکات بە کتێبخانەی گشتیی دەبێت لە (500) سەرچاوە کەمت نەبێت، ئەمەش زۆر هەڵەیە، چونکە خەڵك هەیە باری دارایی زۆر تۆکمەیە دەتوانێت (1000) سەرچاوە بکڕێت و پێشکەش بە کتێبخانەی گشتیی بکات، چ جێگایەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات لەناو ڕۆشنبیراندا کە ڕەنگە ئەم زۆر ڕۆشنبیریش نەبێت، بەڵکو لە پێناو پەیداکردنی ناودا ئەم کارە ئەنجام بدات. بۆیە پێویستە و جەخت دەکەمەوە دەبێت ئەوی کە کتێبخانەی تایبەت پێشکەش دەکات و دەیەوێت جێگای دیاری هەبێت، ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدا بێت ئەمجا قبوڵ بکرێت، ئەگەرنا ئەوا سەرجەم سەرچاوەکان بەپێی پسپۆڕییان دابەش دەکرێ بەسەر بابەتەکانی ناو کتێبخانەدا و دەنووسرێ دیاری (فلان کەس) بۆ کتێبخانە و ناچێتە بواری کتێبخانەی تایبەتییەوە. لە نێو کتێبخانەی گشتییدا زۆربەی جار سەرچاوە بەدەستهاتووەکانی لەیەك دەچن، هەر بۆیە پەنا دەبرێتە بەر دیاری کردنیان بۆ کتێبخانەی شوێنەکانی تر.

## سەرنج و پێشنیار:

1- وەك دەبینین ئەم کتێبخانانە بەدەست کەم جێگەییەوە دەناڵێنن، ئەرکی حکومەت و وەزارەتی پەیوەندیدارە هەستێت بە دابینکردنی شوێنێك بە ویستی خاوەنەکەی بۆپاراستنی سەرچاوەکان.

2- دانانی چەن کەسێك کە کاری پێڕست و پۆلێن بکات بۆ سەرچاوەکان تا بەئاسانی بتوانن بەکاری بهێنن و بیخەنەوە جێگای پێشووی خۆیان.

3- تۆمارکردنی سەرجەم سەرچاوەکان، و بەپێی تایبەتمەندییان.

4- وێنەگرتنەوەی سەرجەم بەڵگەنامە و کتێبە دەگمەنەکان، ئەوانەی کە ماندووبوون لە بەکارهێناندا. لەگەڵ سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە تایبەتی ژمارە (سفر) و دوایی.

5- ساخکردنەوەی سەرجەم ئەو دەستنووس و خامانەی کە ئامادە کرابوون بۆ چاپ و چاپ نەکراون بلاۆبکرێتەوە.

6- بلاۆکردنەوەی سەرلەنۆی لە چاپدانەوەی ئەو کتێبانەی کە زۆر پێویستە بۆ کتێبخانەی کوردی و وێنەی نییە.

7- هەڵگرتن و پاراستنی سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە و بەیاننامانەی کە کاتی خۆی بلاۆکراوەتەوە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە.

8- وەرگرتنی ئەو کتێبخانانەی کە خاوەنەکانیان بە ویستی خۆیان دەیبەخشن، یان لە دوای مەرگی خۆیان لە جێگایەکی وەك سەنتەری کتێبخانە تایبەتەکان، وەك بەرهەمی نیشتیمانیی سەیربکرێت بە سەرجەم کەرەستە و شمەکەکانیەوە بێ دەستکاریکردن، و دەبێت ناسنامەیەك بۆ ئەم جۆرە کتێبخانانە دروست بکرێت و لە ڕووی دەروونییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و c.v)) ی خاوەنەکەی ئاشکرا بنووسرێ تاوەکو توێژەران بۆ باسەکانیان سوودی لێ ببینن.

## پاری پێنجەم :
# کتێبخانەی مزگەوت ( مكتبه المسجد )

وشەی مزگەوت، وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە، مانای ئەو شوێنەیە کە خواپەرستیی و نوێژی تێدا دەکرێ و یادی خوای تێدا دەکرێتەوە، وەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ (إنما يعمر مساجدالله من آمن بالله واليوم الآخر وأقام الصلاة وآتى الزكاة ولم يخشى الا الله فعسى أولئك أن يكونوا من المهتدين- صدق الله العظيم).

وشەی (مسجد) کە مزگەوت دەگرێتەوە، لای خۆمان لە کرداری (سجد) ەوە وەرگیراوە، واتە سوجدە بردن، کە یەکێکە لە کردارە سەرەکییەکانی نوێژ، ئەوانیش بریتییە لە (الركوع، السجود)، زەرکەشی، کە یەکێکە لە باوەڕداران دەڵێت، وشەی (مسجد) مان بۆیە هەڵبژارد بۆ جیا کردنەوەی شوێنی نوێژکردنی باوەڕداران.

لە زمانی عەرەبی دا وشەیەکی تر هەیە کە بەرامبەر (مسجد) بەکاردێت ئەویش وشەی (جامع) کە ئەسڵی وشەکە لە (جمع) ەوە وەرگیراوە، کە بە مانای کۆبوونەوە دێت و دەتوانین وەریبگرین لە وشەی (جمعه) واتە دواهەمین ڕۆژی هەفتە کە جومعەیە، زیاتر بەوە ناسراوە کە ئەو مزگەوتانەی نوێژی هەینی تێدا دەکەن پێیان دەوترێت (جامع)، واتە ئەو شوێنەی نوێژی بە کۆمەڵی لێ دەکرێ.

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ژیان و گۆڕانکارییەکان، ئەم (جامع) انە وانەی تێدا خوێندراوە و کاروباری دەوڵەت و کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تیا باسکراوە.[181]

کەعبەی پیرۆز بە مەزنترین مزگەوت دادەنرێت لە جیهاندا، چونکە سەرجەم موسوڵمانانی جیهان ڕووی تێ دەکەن و زۆرترین ژمارە لە بڕواداران نوێژی تێدا دەکەن لە یەك کاتدا، یەکەمماڵی خودایە لەسەر زەوی کە پێش ئیسلام دروستکراوە لەلایەن ئیبراهیم پێغەمبەرەوە و هەتا ئەمڕۆش بەڕێزترین و پیرۆزترین جێگایە لەسەر زەوی.

یەکەم مزگەوت کە لە ئیسلامدا بنیادنراوە لە ناوچەی (مربد التمر) بوو، کە لە شاری (يثرب- مەدینە) بەناوی (قباء) و نوێژی بەکۆمەڵی تیا کراوە.

---

[181] - مەحموود عەزیز حەسەن. ژیـانـی فەقـێ و دەنگـی فەقێ.ــ سلێمـانی: چـاپخانەی شڤـان ، 2008.

یەکەم کتێب کە لە ئیسلامدا نووسراوەتەوە لاپەڕەکانی لوول نەکراوەو شێوەی کتێبی گرتووە بە زمانی ڕۆژئاوایی پێیدەڵێن کودیکس (**Codex**)، وێنەیەك بووە لە قورئانی پیرۆز کە بە دەستخەتی وەحینووس (زید بن ثابت) نووسراوەتەوە کە سەرجەم (قورئانی پیرۆز بووە بێ کەمو کووڕی).[182]

کتێبی دووەم لەلایەن عبداللە بن القاص نووسراوەتەوە بە ناونیشانی (الصحیفە الصادقە) کە دە هەزار لە فەرموودەکانی (پێغەمبەر- د.خ) گرتۆتە خۆ، دواتر پێیان دەوت (الکتاب الصادق) ئەمە باوەڕپێکراوترین فەرموودەی تیا نووسراوەتەوە، چونکە نزیك بووە لە سەردەمەکەوە، بۆیە زۆر بە گرنگ ناوزەند دەکرێ.

خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ناوی کتێبی هێناوە کە دەفەرموێ (وهذا كتاب أنزلناه مبارك فاتبعوه) (سورە الانعام) ئایەتی 155 یان دەفەرموێ (یاایها الذین آمنوا ِ ِ ِ نوا بالله ورسوله والكتاب الذى نزل على رسوله) (سورة النساء) اية 136.

پەرەپێدان بە کتێب و نووسینەوەو بڵاوبوونەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەمەوییەکان، سەرەتا دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی شیعری جاهیلی و سەردەمی ئیسلام.

لە سەردەمی عەباسییەکاندا کە بە سەردەمی زێڕین دەناسرێ، عەباسییەکان کاریان بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بواری فکریداو بزوتنەوەی وەرگێڕان نەشونمای کرد، هەروەها هاندانی نووسەران بۆ نووسینەوەی بیرۆکەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگیری زۆری لێکرا.

یەکەم خانە بۆ وەرگێڕانی پەیامی ئیسلام و هێنانە ناوەوەی کولتوورو بیرو بۆچونی جیاوازی گەلانی ناوچەکە و دەوروبەری بوو، وانەی وەرگێڕانی بەرهەمی فەلسەفی و ئایدیاکان هونەر و ئەدەب و زمان ... هتد، بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنان و ڕۆمان و شاکار و شانامەی فارسی و تورکی و هەندێ زمانی ڕۆژهەڵاتی تر لە کارە بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە بوو ئەمە جگە لە بڵاوبوونەوەی چەندین دوکان و فرۆشیاری کتێب و پەیدابوونی چەندین ناسخی بەهرەمەند لەم بوارەدا کە جگە لە نووسین چەندین زەغرەفە و وێنەی نایابیان لە ناو بەرگ و دوو توێی کتێبەکاندا دەکێشا .[183]

کتێبخانەی مزگەوت سەرەتا هەر وەك ئاماژەمان بۆ کرد، تەنها قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی (پێغەمبەر د.خ) تێدا دەبینرا، بەڵام دواتر لێکۆڵینەوەو شیکاری بابەتییان دەستپێکرد بۆ ئاینەکان و فەرموودەکان، پاشان ڕا و بۆچوونی جیاجیا وەرگیرا لە ڕاڤەکردنی ئەم بابەتانەدا، لەگەڵ شیکار و لێکدانەوەکاندا، مزگەوت زۆر ڕۆڵی نایابی بینیوە بۆ کار ئاسانکردن لەوانە:

---

182 - علي بن سيب السباعي. مكتبات المساجد ــ الرياض: مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلاميـــة، 2006

183 مصطفى مرتضى موسوى الاخرون ، المخطوطات العربية – بغداد مطبعة العمال المركزية، 1986

1-ڕۆڵی پەروەردەیی.
2- ڕۆڵی سیاسی.
3- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

هەرچەندە بۆ خۆی مزگەوت لە بنەڕەتدا جێگەیەك بووە بۆ خواپەرستی، بەڵام دواتر بووە بە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی و زۆر لێکدانەوەی تێداکراوەو کارو باری ئاین و دەوڵەتی بەڕێوە براوە تیایدا، لە پێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوبوونەوەی پەیامی ئیسلام و تێگەیشتنی خەڵکی لە ڕێگەی نووسینەوەی بیر لە کردنەوەی خوێندنگە لە ناو مزگەوتەکاندا کرایەوە.

دواتر جێبەجێ کرا، سەرچاوەکانی ناوی هەموو ئەو سەرچاوانە بوون کە شیکاری ئاینیی و بابەتەکانی لێکدانەوەی فیکری بۆ کراوە، زۆر بواری دەگرتەوە لەوانە (**نحو، فقة، شرح، علم،** بيان، كلام، نقد، عروض، بلاغة، شريعة، جبر...)

نووسەر(ماکینسین) دەربارەی مێژووی کتێبخانەی مزگەوتەکان دەڵێت: دەوڵەمەندبوونی سەرچاوەکانی ناو کتێبخانەی مزگەوت، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو دیارییانەی کە لەلایەن خەڵکەوە وەك سەرچاوەی فیکری و (لاپەڕەی پیرۆزو زەخرەفەی نایاب) پێشکەش بە کتێبخانەکەیان کردووە، ئەمە جگە لەوەی زۆر لە زانایان و شارەزایانی بواری ئاینی کە ژمارەیەکی بەرچاو سەرچاوەیان بەخشیوە، [184] خەڵك بە گشتیی حەزی کردووە کتێبخانەی مزگەوتەکان دەوڵەمەند بێت بەسەرچاوە، تاوەکو مزگەوت ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لە پێدانی زانین و زانیاری بە خوێندکارەکانی.[185]

زۆربوونی سەرچاوە و فراوانبوونی بواری خوێندن و گەشەکردنی بزوتنەوەی نووسین و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ دروستبوونی زانستگای ئاینی گەورە لە (**قرطبة**)، هەروەها سەرهەڵدان و دروستبوونی خوێندنگەی (ئەزهەر) کە تەمەنی زیاد لە هەزار ساڵێکەو بەناوبانگترین ناوەندی فیکری و فێرکردن دەژمێرێت لە جیهانی ئیسلامدا.[186]

ئەم نووسەرە دەڵێت، موسڵمانان هەوڵ و کۆششێکی زۆریانداو پارەیەکی یەکجار زۆریان خەرجکرد لە پێناو لەبەرگرتنەوەی سەرچاوەکان و دابەشکردنیان بەسەر خوێندنگە ئاینییەکاندا، تاوەکو فەقێکان بێ بەش نەبن لە سەرچاوە، کتێبخانەکان سەرەتا گەنجینەی قورئانی پیرۆز بوو، پێیان

---

184 - علي بن سيب السباعي, مكتبـــات المســاجـد ـ الريــــاض: مركز الملك فيصـــل للبحـــوث والدراســـات الإسلاميـــة، 2006

185 - عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومت – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002

186 - مكي بن نسيب السباعي، مكتبات الساجد دراسة تاريخية، الرياض: مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الاسلامية،2006.

دەووترا (کتێبخانەی قورئانی) چونکە قورئان بنەما و بناغەی بیر و باوەڕ و خواپەرستی و داڕێژەری ئیمانە و بنەمای ڕەوشت و مامەڵە کردنە لە ناو موسوڵمانانددا.

کۆنترین و گەورەترین و بەناوبانگترین کتێبخانەی مزگەوت لە عێراقدا کتێبخانەی مزگەوتی (حیدەرییە) یە کە لە ناو مزگەوتی گەورەی شاری نەجەفدا بووە، وە زۆر ناویشی لێنراوە لەوانە (الخزانة الفروية)، (مكتبة الصحن الشريف)، (خزانة كتب الامام علي).[187]

ئەم گەنجینەیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دەستنووس و کتێبی دەگمەن و دانسقە و وێنەدار و نەخشکراو بە زەغرەفەی تێدا بووە کە بە پارە مەزەندە ناکرێ، زۆربەیان ئیمزای نووسەرەکەی لەسەرە، یان بەدەستخەتی نووسەرەکە خۆی نووسراونەتەوە، جگە لەو هەموو تێبینییانەی کە لە پەراوێزەکاندا نووسراون کە جێگەی سەرنج و تێبینین.

مێژووی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی یەکەمی کۆچی، ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی 755ھ ئاگری تێبەربوو- و، بووە هۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەکانی ناوی، لەوانە ئەو سێ قورئانە پیرۆزە بوو کە ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕ. خ) بەدەست خەتی خۆی نوسیویەتیەوە لە جیهانی ئیسلامدا.

ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆرن و نموونەیان لە زۆر شوێندا هەبووە بەناوبانگترینیان:

1- کتێبخانەی مزگەوتی عەمیرییەو موستەنسریە و مەنسور لەبەغدا.
2- کتێبخانەی مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق.
3- کتێبخانەی مزگەوتی زەیتون لە تونس.
4- کتێبخانەی مزگەوتی طليطلة و قرطبة لە ئەندەلس.
5- کتێبخانەی مزگەوتی فستاس و مزگەوتی ئەزهەر لە میسر.

لە سەردەمی ئیسلامدا و لە کوردستاندا کتێبخانەی هاوشێوە هەبووە کە جێگەی سەرنج بووە، لەوانە کتێبخانەی شاری دیاربەکر کە بە (ئامێد) ناسراوەو کتێبخانەی مزگەوتی (میافارقین) کە دوو نمونەی بەرچاون لە کتێبخانە دەگمەن و پڕ سەرچاوەکاندا.

کتێبخانەی ئامێد یەك ملیۆن و چل هەزار کتێبی تێدابووە، سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە فرە چەشن و هەمە جۆر بووە لە بابەتدا، تاوەکو خەڵك سوودی لێ وەربگرێ.*

---

[187] مصطفى مرتضى موسوى الاخرون ، المخطوطات العربية – بغداد مطبعة العمال المركزية، 1986

* نووسەری کوردی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئەبو زەید مستەفا ئەلسندی) باسی لەوە کردووە، کە کاتێك (سەلاحەدینی ئەییوبی) شاری دیاربەکر (ئامێدی) لە ساڵی 759ك = 1184 ز داگیر کرد، بینی کە کتێبخانەیەکی گەورە لەو شارەدا هەیە کە ملیۆنێك و چل هەزار سەرچاوەی تێدایە (کتێب و دەستنووس)، زۆری لەو کتێبخانەیە تاڵان کردو زۆریشی نارد بۆ میسر.

# کتێبخانەی ئەوقاف

مەبەست لەم جۆرە کتێبخانەیە ئەو کتێبانە دەگرێتەوە کە پێشتر لە ناو مزگەوت و زانستگا ئایینی و تەکیەکاندا هەبوو، بەڵام دواتر هەمووی لە جێگایەك کۆکرایەوە بە ناوی (ئەوقاف) ەوە کە خۆی لەخۆیدا لەوشەی (الوقف) ەوە هاتووە کە بە مانای وەستان یان جێگیر بوون.

ئەم کتێبخانەیە تایبەتە بە ئایینەوە و ڕۆڵێکی شارستانی و کۆمەڵایەتی بەرچاوی بینیوە لە مێژووی ئیسلامدا، هەروەها بەشدارییان کردووە لە بانگەوازی زانست و زانیاری ئاینیی لە ناو کۆمەڵگەدا بۆ ماوەیەکی زۆر.

ئێستاش وەك بنکەیەکی پاراستنی زانستی ئاینیی تەماشا دەکرێ و لە هەموو کاتێکدا مەرجەعی سەرجەم پرسیارە ئاڵۆزەکانە.

سەرچاوەکانی ناو ئەم کتێبخانەیە پڕە لە سەرچاوەی فیکری کە مێژوویەکی زۆر دوورو درێژی هەیە وەك تەمەن، زوربەی سەرچاوەکان دەستنووسی سەدەکانی پێشووترن و لە کتێبە گرانبەهاکانن لە جیهاندا.

لە عێراقدا مێژووی دروستبوونی ئەم کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و لە ساڵی 1928ز لە بەغدا دامەزرا لەسەر دەستی وەزیری ئەوقافی ئەو کاتە کە ناوی شێخ ئەحمەد داود بوو، لە ناو باڵەخانەیەکدا لە ناو مزگەوتی (خزرجی) لەسەر شەقامی ڕەشید.

سەرچاوەکانی ناوی، سەرچاوەی ناو مزگەوت و زانستگا ئاینییەکان و تەکیەکانی ئەو کاتە بوون، ژمارەی گەنجینەکانی کە پێشکەشکرابوو 9 گەنجینەی سەردەمی عوسمانی بوو، کە لە لایەن زانا ئاینییەکان و پیاوە بازرگانەکانی بەغداوە هێنرا بوو.

دواتر دەرگای ئەم کتێبخانەیە بە ڕووی خوێندکارەکانیدا کرایەوە، لەبەر بچووکی جێگە کە لە ناو مزگەوتێکدا بوو، دەوڵەت بیری لەوە کردەوە کە جێگایەکی تایبەتی بۆ دروست بکا، ئەوەبوو لە نزیك (باب المعظم ) جێگایەکی شایستەی چەند نهۆمی بۆ دروستکرد ڕۆژی 8 /11 /1932 و بە قەسیدەیەکی شاعیری ناسراوی عێراقی (مەعروف ئەلڕەسافی) شریتی کردنەوەی پچڕێنراو بە فەرمی کتێبخانەکە کرایەوە بە ڕووی خوێنەران و ئەهلی کتێب و ئاین پەروەراندا.

ئەو سەرچاوانەی کە پێشکەش بەم کتێبخانە کرابوو لەلایەن ئەم مزگەوت و زانستگا ئایینیانەی لای خوارەوە، بە پێی بڕی بەشداربوونیان ناویان هاتووە لەوانە:-

1- کتێبخانەی قوتابخانەی ئایینی - نائلە خاتون.
2- کتێبخانەی زانستگای کهیا.
3- کتێبخانەی قوتابخانەی ئایینی لە سلێمانی.

4- کتێبخانەی مرجانییە.
5- کتێبخانەی مزگەوتی حەیدەرخانە.
6- کتێبخانەی مزگەوتی پاچە چی.
7- کتێبخانەی ئەلرواس.
8- کتێبخانەی ئەلئیمام ئەلئەعزەم { لەساڵەکانی حەفتاکاندا تەلارێکی نوێی بۆ دروستکرا هەر لە باب ئەلمعەزەم نزیك لە پەیمانگەی پزیشکییەوە و لەچەند نهۆمێك پێکهاتبوو- و زۆر شوێنێکی ئارام و پارێزراو بوو.

ئەم کتێبخانە زۆر دەوڵەمەند بوو بەسەرچاوەی ئایینی و کتێبی زوربەی زۆری زانا ئیسلامییەکانی تێدابوو، پڕ بوو لە دەستنووسی زۆر بە نرخ و کەم وێنە، کە زوربەیان دەستنووسی (دایك) بوون و لەبەر گیراوەیان نەبوو، زۆر دەستنووسی تێدا بوو بە چەند بەرگێك کۆتایی هات.

ئەم کتێبخانەیە نمونەی کتێبخانەی تایبەتییە، چونکە سەرچاوەکانی ناوی پێڕست و پۆلێن کراوە بە شێوەیەکی زۆر دروست، کابینەی پێڕستەکانی بە هەر سێ شێوەکە هەبوو، نووسەر — ناونیشان — بابەت، بۆ دەستنووسەکان کابینەی تایبەت دروستکراو لە داری گوێز.

زۆر سەرچاوەی خولاوی تێدابوو لەوانە، ئەو گۆڤارانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو (بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان) ئەم کتێبخانەیە دەوڵەمەند بوو بە مانای وشە، خواستنی دەرەکی هەبوو بۆ خوێندکارانی زانکۆ، کە بۆ ڕاپۆرت و توێژینەوە ڕوویان تێ دەکرد، ئەمە جگە لە هۆڵێکی گەورە لە نهۆمی دووەم بۆ خوێندنەوە.

کۆی سەرچاوەکانی ناوی نزیکەی چل هەزار سەرچاوەی چاپکراو و دەستنووسی هەبوو، کە زوربەی زۆری چاپکراوەکان مجەلەد بوون، ئەمە جگە لە دەستنووسەکان، هەر یەك لە بەڕێزان (د. محمد اسعد گلس ود. عبدالله بن احمد الجبوری) فەهرەستێکی بۆ کتێبەکان کردبوو ئەوەی د.عبدالله الجبوری چوار بەرگ بوو، هەروەها کتێبێکی دانا بەناوی (تاریخ المکتبە وتعریف بنواد ومخگوگاتها).

هەروەها جاسم ئەلجبوری پێڕستێکی کردووە بۆ دەستنووسەکانی، ئەمەش ناوی چەند دەستنووسێکی زۆر بە نرخ و دانسقەیە کە بە تالآن براوە.

- تأویل مختلف الحدیپ- کە دانراوی (بن قتیبەی الدینوی) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 472 هجری کە لە شاری واست نووسراوەتەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی 175 لاپەڕەیە و بە کۆنترین سەرچاوەی دەستنووس دەژمێررا.

- عیون الفنون فی الحدیپ الشریف- کە ساڵی 540 نووسراوە لە ڕۆژی 7 ی مانگی سەفەر ساڵی 540 هـ بەکاتی عەسر کۆتایی بە نووسینەکەی هاتووە، کە ابو المحاسن حامد بن محمد بن علی بن حامد الیزدی نووسیویەتی و ژمارەی تۆماری 3893 بووە.

- الصباح فى اللغه- دانراوی ابی نصر اسماعیل بن حماد الفارابی الجوهری- یه كه ساڵی 548 نووسراوەتەوە لەلایەن ناسخ (حسن محمدحسنین) ڕۆژی یەك شەممە لە (قاشان) کۆتایی بە نووسینی هاتووە.

- مختار الصحاح- دانراوی محمد بن ابی بکر الرازی- ئەم دەستنووسە لەلایەن ناسخەکەیەوە کە ناوی (مریم بنت مصگفی) نووسراوە لە شاری سلاتیل ڕۆژی چوارشەممە تاقی عەسر ڕێکەوتی 7 ی مانگی ڕەجەب ساڵی 959 هجری تەواو بووە کە 630 لاپەڕە بووە.

بە داخەوە ئەم گەنجینە پڕ لە زانست و شارستانییەت و بەهاو پڕ بایەخەی لە دوای ڕۆژی 9 /4 /2003 لەلایەن دزو تالانچییەکانی ناو بەغداوە سوتێنرا، کاشکی بیانبردایە و بیان دزیبایە یان بیانفرۆشتایە، هیوایەك هەبوو بۆ گەڕانەوەیان، بەڵام هەزار ئەفسوس ئەم سامانە فیکرییە مەزنە بوو بە خۆڵەمێش و تەنها چەند سەد کتێبێکی لیٰ ڕزگار بووە.

ئۆباڵی ئەم تاوانە لە ئەستۆی ئەمەریکایە، چونکە بە پێی بڕگەیەك لە بڕگەکانی ڕێکەوتنی (لاهای) دەبێت داگیرکار بەرپرسیاریەتی سەرجەم دامودەزگاو شوێنەوارەکان لە ئەستۆ بگریٰ و کاری پاراستنیان لە ئەستۆی ئەودایە، لە کاتی جەنگدا نابێت ڕێگە بە لەناوچوون و بەتاڵان بردنیان بدات بە هیچ شێوەیەك.

کتێب و دەستنووسەکان سامانی گشت لایەکە و دەبێت هەموو لایەك پارێزگاری لیٰ بکات، پارێزگاری لێکردنی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەییە کە دەبێت هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بە ماڵ و مۆڵکی خۆی بزانێت.

ئەم سەرچاوانە پێناسی ڕاستەقینەی گەلەکەمانە کە بۆ ئێمە ماوەتەوە، ئەرکی ئێمەیە ئەم ئەمانەتە مەزنە بپارێزین و لە فەوتان ڕزگاریان بکەین، ئێمە کە دەڵێین:

کتێبخانەی ئەوقافی بەغدا لە ساڵی 2003دا بەدەستی داگیرکەرانی عێراق و باندە تالانچییەکانەوە لەناو چوو، ئەوا ئیمە پێش ئەوانیش هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ئەو گورزەمان بەدەستی داگیرکەرانی ئینگلیز خوارد، چونکە ئەوان لە 18ی حوزەیرانی ساڵی 1919 دا، سەرجەم کتێبەکانی میرنشینی بابانییەکانیان لەناو حەوشی مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا بە بەرچاو هەموو خەڵکی شارەوە سووتاند، تەنها 400 چوار سەد کتێب نەبێت کە لە ناو گومەزی بابانی دا بوو لە ناو مزگەوتەکەدا و ئینگلیزەکان پێیان نەزانیبوو، زۆر لە خزمانی کاك ئەحمەدی شێخ، میراتگری هەندیٰ لەو چوارسەد کتێبەن کە لە کاتی دوای سوتاندنەکەدا بەدەستیان کەوتووە. ئەم کتێبانەیان دابەشکرد بەسەر خۆیاندا، هەر کتێبێك بەرگ و دیمەنی جوان بوو بردبوویانەوە بۆ ماڵی خۆیان، بۆ ئەوەی بیانپارێزن لە دزی و دەستدرێژی.

ئەم کتێبانە ئەو کتێبانە بوون کە لە کتێبخانەی میرنشینی باباندا بوو، لەگەڵ گواستنەوەی میرنشینەکە بۆ سلێمانی، کتێبخانەکەشیان لەگەڵ گواستەوە و لە مزگەوتی گەورەدا شوێنی تایبەتی بۆ دانرا.

میرەکانی بابان زۆر بایەخیان بە کۆکردنەوەی کتێب داوە، لە جۆرەها بابەتی زانستی و زۆر کتێبیان بە نووسینداوە زۆر کتێبی نایابیشیان کڕیوە تا ئەو کاتەی کە ئەحمەد پاشای بابان والی یەمەن بووە. پاش ئەو کاتەی کە کۆتایی بە میرنشینەکەی هێنراوە لە ساڵی 1246 کۆچیدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

زۆر کتێبی نایابی لە یەمەن کڕیوەو ناردویەتیەوە بۆ کوردستان بۆ کتێبخانەی بابان، ئەوەی ئێستا هەندێك لەو کتێبانەیە کە مۆری ئەحمەد پاشای بابانی لەسەرە لە کتێبخانەی (ئەوقاف) لە سلێمانی، وەك کتێبی (مسالك الابصار) هەندێکیشیان کەوتوونەتە لای شێخەکانی شەدەڵە، هەروەها میرانی بابان لە یارمەتیدان و بەرەو پێشبردنی ئەم کتێبخانەیە درێغییان نەکردووە، بگرە زیاتر بایەخیان پێداوە، تەنانەت زۆر جار خەڵکیان ناردووە بۆ پایتەخت و شارە گەورەو گرنگەکانی ئەو ڕۆژگارە، بە مەبەستی کڕین و نووسینەوەی دەستنووسی نایاب و پڕ بایەخ بۆ کتێبخانەکە، چەرچی و پیاوانی نێرراوی ئەمان، شارەکانی بەغداو موسڵ و ئەستەنبوڵ و وان و مەککەو مەدینەو قاهیرەو دیاربەکرو چەندین شوێنی تر گەڕاون و پشکنیویانن بۆ بەدەستهێنانی دەستنووسی نایاب و بێ وێنە بۆ ئەم کتێبخانە گەورەو پیرۆزەی سلێمانی.

یەکەم سەرپەرشتیاری کتێبخانەی بابان زاناو شێخی گەورە شێخ مارفی نۆدێ بووە کە باپیرەی شێخ مەحموودی نەمرە.

ئەم کتێبخانەیە (میرنشینی بابان)، 6000 شەش هەزار کتێبی دەستنووسی تێدا کۆبۆتەوە کە زوربەی زانستەکانی لە خۆ گرتبوو لەوانە (نحو، صرف، منگق، بلاغە، بیان، وچع، اصول الفقە، علم الكلام، فلسفە، فلکیات، حدیپ، احکام)، وەك وتمان ئینگلیزەکان لەناو حەوشەی مزگەوتی گەورەدا سووتاندنیان.

سوتاندن مانای لەناوبردن و سڕینەوە و نەهێشتنی هیچ شوێنەوارێك دەگرێتەوە کە ئەمە توندترین دوژمنایەتییە بەرامبەر بە هەر گەلێك دەکرێ، ئەوەی ماوەتەوە لەو 400 چوار سەد کتێبە، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ مەحموودی لێ ئاگادار دەکات و فەرمان دەدرێت کە دۆلابی بۆ بکرێ و لەوێ دایدەنێن، خوالێخوشبوو شێخ محەمەدی خاڵ لەساڵی 1945 لیژنەیەکی بۆ دروستکرد و سەرژمێری و لیستیان بۆ کرد و هەموویان خستە ناو چەند دۆلابێکی دارەوە تا ساڵی 1979 وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی دامەزراندو ئەو کتێبانەی گواستەوە بۆ ئەو کتێبخانەیەو ئێستا لەوێیە.

دوای ئەم کارەساتەش دژی هەر بەرقەراربوونی هەیە، ئەوەتا لە ساڵانی حەفتاکاندا نزیکەی (100) کتێب لەو کتێبانە دەدزن و دەیفرۆشن بە کتێبخانەی دەزگای گشتیی شوێنەواری عێراقی لە بەغدا، ژمارەی دەستنووسەکانی ناو کتێبخانەی ئەوقاف 3886 دەستنووس لە خۆ دەگرێت، ئەم دەستنووسانە بە زۆری لەلایەن کتێبخانەی بیارەوە وەرگیراوە، هەندێکی تریشی لەلایەن مەلاو شێخەکانەوە وەرگیراوە هەندێکیشیان لە کتیبخانەی بابانییەکان وەرگیراوە.

تۆمارکردنی ئەم دەستنووسانە بە پێی ئەو ڕۆژانە تۆمار کراوە کە گەیشتوونەتە کتێبخانەکە، بابەتەکانیش جیا نەکراوەتەوە هەمووی لە دۆڵاب نراوە.ئەم دەستنووسانە بە زمانی جیا جیا نووسراوەتەوە وەك { کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی }.

گرنگترین ناسخ لەم کتێبانەدا کە بوونی هەیە لە کتێبخانەکەدا مەلا ئەبوبەکری موصەنیف (امام الشافعی) کتێبی (وچوع شرح) ی نوسیوەتەوە.

کۆنترین دەستنووسە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 700 ساڵپێش ئێستا و نوێترین دەستنووس تەمەنی 70ساڵ پێش ئێستایە بە ناوی (مەلا سەعیدی زمناکۆیی) ەوەیە.

مێژووی یەکەم تۆمارکردن لە سجلی تەزویدا لەم کتێبخانەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ 6 /8 /1978 کە ئەویش تۆمارکردنی قورئانێکە ناسخەکەی عەبدولعەزیز محەمەد سەعید بن عەبدولڕەحمانە ساڵی 1280ھ کە نزیکەی 250 ساڵ پێش ئێستایە کە 321لاپەڕەیە بۆ سەدەی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە. کتێبخانەی ئەوقاف ئەگەر مەبەست لە ناوەکەی و لکاندنی بە وەزارەتی ئاینەوە بێت، من پێم وایە غەدر دەکەین ئەگەر ناوی سەرجەم ئاینەکانی تر نەبەین کە لەگەڵماندا دەژین، بەمانایەکی تر کتێبخانەی ئەوقاف کە کتێبخانەیەکی زیاتر ئایینی دەگرێتەوە، دەبێت زۆر کراوە بێت لە ڕووی ئاینەکانی تردا، واتە ئەگەر ناوی نرا کتێبخانەی ئەوقافی ناوەندی، ئەوا ئەبێت بەرهەمی ئایینی و فیکری سەرجەم ئاینەکانی ناو ئەو هەرێمە، یان ئەو وڵاتەی تێدا بێت.

تەنها بەرهەمی بیری ئاینی ئیسلام ناگرێتەخۆ، بەڵکو بەرهەم و لێکدانەوەی ئاینەکانی تریش دەگرێتە خۆ، ئەمە جگە لە کتێبە پیرۆزەکانیان، ئەوەندەی من تێگەیشتنم هەبێت وەك چۆن کتێبخانەی گشتیی مافی گشت خەڵك و چین و توێژێکە و بەرهەمی سەرجەم تاکەکانی تێدا دەپارێزرێ بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز، ئاین، نەتەوە، زمان، ڕەنگی پێست، ئاواش دەبێت کتێبخانەی

.......................................................................

تێبینی : لێرەدا بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنی بابەتیی لە ناو ئەم کتێبخانەیەدا، دەبێت نووسەرانی ئەو ئاینانە هەستن بە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئاینەکانیان لە شیکارو ناساندن بۆ گشت کۆمەڵانی خەڵك، و نابێت فەزڵی ئاینێك بدرێت بەسەر ئاینێکی تردا، بەڵکو دەبێت ڕێز لە بیر و باوەڕ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بۆچونەکانیان بگیرێ، دەبێت وەك یەك خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێ بەبێ جیاوازی.( نوسەر )

ئەوقاف نووسراو و پەیام و لێکدانەوە و پیرۆزییەکانی سەرجەم ئاینەکانی تێدا بێت هەر لە مەسیح و جولەکە و کاکەیی و یەزیدی ... هتد.

کتێبخانەی ئەوقاف بەم شێوەیە نییە کەئێمە بۆی دەڕوانین، لە سلێمانیدا کتێبخانەی ئەوقاف کە سەر بە وەزارەتی ئەقاف و کاروباری ئاینییە، لە کتێبخانەیەکی گشتییدا خۆی دەبینێتەوە و تاکە جیاوازییەکیش کە بەدی دەکرێ، ڕەنگە هەر ئەوەندە بێت کە کتێبخانەی ئەوقاف نزیکەی 3000 سێ هەزار دەستنووسی هەیە (واتە بەشی دەستنووس) دیارە تیایدا، بەڵام بەشی منداڵانی نییە بەپێچەوانەی کتێبخانەی گشتییەوە، کتێبخانەکەی ئێستا لە باڵەخانەیەکی نوێدایە لەسەر شەقامی مەلیك مەحموود لە بناری شاخی گۆیژە و هەر یەك لەم بەشانە لە ناو کتێبخانەکەدایە: -

1- بەشی گۆڤارو ڕۆژنامەکان.
2- بەشی دەستنووسەکان.
3- بەشی پێڕست و پۆلێن.
4- بەشی تەزوید (دابینکردنی سەرچاوە).
5- بەشی خواستن.
6- بەشی چزو بەندکردن.
7- بەشی سەرچاوە فەرهەنگییەکان.

ئەمە جگە لە سەرجەم بەشە کارگێڕییەکان کە لە کتێبخانەکەدا هەیە وەك:

أ) کارگێڕی
ب) خۆیی
ت) ژمێریاری
پ) ئەرشیف
ج) چاپ و کۆپی کردن
ح) کارگوزاری
خ) چەندان بەشی تری تێدایە.

ئەم کتێبخانەیە خزمەتگوزاری بەردەوام پێشکەش بە خوێنەرانی دەکات کە لە هەر جێگەیەکەوە هاتبن، بە بێ جیاوازی.

بەڵام وەك باری سەرنج بە حوکمی دووری جێگاکە لە ناو ناوەندی شارەوە، خوێنەری زۆر کەم بۆتەوە، ئەویش خۆی لە خۆیدا گرفتێکی کتێبخانەکەیە کە دەبێت چارەسەری بکات، و خزمەتگوزارییەکانی بەهەمان شێوەی کتێبخانەی گشتییە.

خوێنەری ئەم کتێبخانەیە جیاوازییەکی بەرچاوی پێوە دیارە لەگەڵ خوێنەرانی سەرجەم کتێبخانەکانی تر، ئەویش زوربەی زۆریان ئەو کەسانەن کە تەمەنێکیان ڕابواردووەو لە ژیان باشتر

تێگەیشتوون و زۆرتر بە دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی بابەتدا دەگەڕێن، ئەمە جگە لە توێژەران کە بوونیان هەمیشە لەبەرچاوە.

ئێستا ئەم کتێبخانەیە مۆرکە ئاینییەکەی زۆر پێوە دیار نییە، چونکە بابەتەکانی هەمە چەشن و هەمە ڕەنگن و زۆر بابەتی جیا جیای لە خۆ گرتووە، تاوەکو هەر کەس ڕووی تێ بکات نائومێد نەبێت لەسەرچاوە، بەتایبەتی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان کە بە مەبەستی دروستکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوە سەردانی ئەم کتێبخانەیە دەکەن.

## پاری شەشەم :
# کتێبخانەی مۆزەخانە

ئەم کتێبخانەیە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بە شێوەیەکی سنوردار و کاری ئەم هاوپێچی زانستی مۆزەخانەکانە، واتە شیکاری بابەتەکانی ناو مۆزەخانە دەکات، هەر لە مێژووی شارستانییەتە جیا جیاکانەوە تاوەکو سەردەمانێك پێش ئێستا، زیاتر ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە چاپکراوە، یان دەستنووسە لەسەر کولتوورو شارستانییەتەکانی ئەو گەلانەی لەناو شارستانییەکەدا ژیاون.

ئەم سەرچاوانە باس لەو کەرەستە و کەلو پەلانە دەکەن کە پێشتر بوونیان هەبووە و ئێستا پاشماوەکانیان ماوەتەوە لەبەر دەستدا، ئێستا لە زۆر وڵاتدا ئەم جۆرە کتێبخانانە هەیە، کە زیاتر سەرچاوە فیکرییەکانی تێدا پارێزراوە، بە پلەی یەکەم دەستنووسەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، زۆر لە کتێبخانە گەورەکان بۆ خۆیان مۆزەخانەیان هەیە لەوانە، کتێبخانەی شاری ئەسکەندەرییەی وڵاتی میسر، هەر لەناو کتێبخانەکەیدا جێگایەك تەرخانکراوە ناوی مۆزەخانەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، کتێبخانەکە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی کتێبخانەکەوە بەڕێوە دەبرێ و بودجەی تەرخانکراوی هەیە، بەشێوەیەکی ڕێکو پێك کارەکانی ئەنجام دەدات، هەموو سەرچاوەکانی ناوی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پۆلێنکراوە، و ڕەچاوی فراوانکردنی بۆ کراوە لە ئاییندەدا، کاتی کارکردنی دەستنیشانکراوە و پلانی ساڵانەیان هەیە بۆ پێشخستنی کتێبخانەکە لە ڕووی خزمەتگوزاری و هونەرییەوە.

لە عێراقدا مێژووی ئەم مۆزەخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1923، بەڵام کتێبخانەکەی (10) ساڵ دوای ئەم بەروارە دامەزراوە.

جیاوازییەکی سەیر بەدی ئەکەین، هەندێ کتێبخانە مۆزەخانەی هەیە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، مۆزەخانەی عێراق کتێبخانەی خۆی هەیە، کەواتە دەبێت لە پێشدا مۆزەخانەکە بناسین ئینجا بچینە ناو کتێبخانەکەوە.

### مۆزەخانەی نیشتمانی عێراقی

مۆزەخانەی عێراق دەکەوێتە ناوەندی شاری بەغداوە لەبەری کەرخ لە ناوچەی عەلاوی — حللە، کە بە گەورەترین مۆزەخانەی وڵاتی عێراق دادەنرێت، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1923 دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق، ئەم مۆزەخانەیە هەزارەها پارچەی لە کەرەستەی مێژوویی دەگرێتە خۆی کە باس لە مێژووی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (بلاد النهرين) دەکات.

جێگەکەی:

* سەرەتا لە باڵەخانەیەکی بچووکدا بوو کە سەرای کۆنی پێ دەوترا، دوای چەند ساڵێك لە گەڕان و بەدواداچوون بۆ کۆکردنەوەی پارچە شوێنەوارییەکان کە هەموو وڵاتی گرتەوە، بیر لە فراوانکردنی جێگاکەی کرا یەوە، دواتر گواسترایەوە بۆ باڵەخانەیەکی تر لە شەقامی **مأمون**.

لەگەڵ بەرەو پێش چوونی ڕۆژگارداو زۆر بوونی پارچە شوێنەوارییەکاندا، جێگاکە بەشی سەرچاوەکانی نەدەکرد، لەبەر ئەوە بیر لەوە کرایەوە کە دەبێت تەلارێکی نوێی بۆ دروست بکرێ بە هەموو مواسەفاتەکانی مۆزەخانە جیهانییەکان کە جێگەی سەرجەم کەلو پەل و مێژووی شارستانییەکانی تێدا بێتەوە.

دواتر لەبەری کەرخ ناوچەی ساڵحیە نزیك علاوی- حلله، شوێنێکی بەرینیان بۆ دابینکرد کە هەموو شێوازەکانی پاراستنی کەرەستەو ڕازاندنەوەو ڕێکخستنی جیهانیی تێدا بووە.

لەڕۆژی 9 /11/ 1966دا مۆزەخانەکە کرایەوە بە فەرمی.

ساڵی 1984 جارێکی تر مۆزەخانەکە کرایەوە پاش ئەوەی کە باڵەخانەیەکی تریان بۆ دروستکرد.

پێکهاتەکەی:

- ئەم مۆزەخانەیە لە (18) هۆڵی گەورە پێکدێت.
- کۆمەڵێ سەرچاوەی بەنرخ لەسەر هونەری ئیسلامی.
- سەرچاوەکانی ناوی زۆر دۆسیەی تێدایە لەوانە:
  - دۆسیەی سۆمەرییەکان
  - دۆسیەی ئاشورییەکان
  - دۆسیەی بابلییەکان

## هۆڵەکانی مۆزەخانە:

- شوێنەواری چاخە دێرینەکانی پێش مێژوو بە نزیکەی (60) هەزار ساڵ، یان (35) هەزار ساڵ، کە باس لە شوێنەواری مرۆڤی چاخە بەردینەکان دەکات (نیاندەرتاڵ)، پاشان بۆ دوا چاخەکان سەردەمی ئیسلامیەت، هەروەها پاشماوەی شارستانی کە بۆ (مرۆڤی کۆن — سەرەتایی) کە شوێنەوارەکانیان لە پارێزگاکانی باکووردا دۆزراونەتەوە لەوانە، ئەشکەوتی (شانەدەر) لە شاری دهۆك (هەزار مێرد) لە شاری سلێمانی.
- شوێنەواری چەرخی کشتوکاڵیی کە تەمەنی ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (8) هەزار ساڵ، یان (6-7) هەزار ساڵ، نزیك چاخی بەردین کە لە ناوچەی چەمچەماڵی ئێستا پێشتر (چەرمۆ) بووە.
- سەردەمی (استقرار) لە باشووری وڵاتدا کە شارستانی سۆمەری تیا گەشەی کرد.

- سەردەمی دەوڵەتی ئەکەدی و ئەو ماوەیەی کە نووسینی تیا داهات.
- چەرخی بابلی کۆن.
- سەردەمی ئاشورییەکان.
- سەردەمی بابلییەکان.
- سەردەمانێك پێش هاتنی ئیسلام (سەردەمی داگیر کردن لە لایەن ساسانییەکانەوە).
- سەردەمی شارستانی ئیسلامی.
- سەردەمە تاریکەکان کە بەغدای تیا لەناوچوو (داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هۆلاکۆ، مەغۆلەکانەوە).

## مۆزەخانەی منداڵان:

لەناو مۆزەخانەی عێراقیدا مۆزەخانەیەکی بچووك دروستکراوە بە ناوی منداڵانەوە، ئامانجێکی پەروەردەیی زانستی لە پشتەوەیە، تاوەکو منداڵان فێر بن کە مرۆڤ لە کۆندا چۆن ژیاون و چۆن فێر بوون و چۆن داهێنانی کردووە و ماڵ و خانووی چۆن دروست کردووە.
واتە ئاشنا کردنی منداڵ بە ژیانی ئادەمیزاد لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی.

ناوی بەڕێوەبەرەکانی مۆزەخانەی عێراقی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ:

1- المس کر ترودیل 1924- 1926
2- طه باقر 1941 -1951
3- فؤادسفر
4- د.فرج بصمجي
5- 5-د. فوزی رشید
6- د. صبحي انور رشید
7- عبدالقادر حسن
8- د. بمبجة خليل
9- د. صباح جاسم الشكرى
10-د. منير يوسف
11-د. هنا عبدالخالق
12-د. نول المتولي

13-د. دوني جؤرج
14-د. اميرة عيدان
15-زينب صادر علي

ئەمە سەرەتايەكی سادەو ساكار بوو بۆ ناسینی مۆزەخانەی عێراقی كە بە دایكی مۆزەخانەكانی جیهان دەژمێررا پێش ساڵی 2003، چونكە دوای ڕووخانی بەغدا نزیكەی 15000 پانزە هەزار پارچە شوێنەواری عێراقی بەتالاَن و دزی برا بۆ دەرەوەی ولاَت، كە هەرگیز بە پارە ناخەملێنرێت، لەو پارچە شوێنەوارانە كە زۆر ناودارو گرنگ بوون ئەمانەن:

- كەللەسەری كچە سۆمەرییەكە كە بە (مۆنالیزای عێراقی) بەناوبانگە.
- كەللەسەری سەرجۆنی ئەكەدی.
- گای باڵدار.
- **اناء النذری** - كە گوزارشتی لە فەلسەفەی سۆمەری دەكرد لە نێوان مەرگ و ژیاندا.

لە بەرواری 23- / 2 / 2009- ەوە و پاش (6) شەش ساڵ جارێكی تر لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراق كرایەوە، ئێستا خەڵك دەتوانێت ئەم مۆزەخانەیە بەسەر بكاتەوە[188]

# كتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی

دروستبوونی ڕاستەقینەی كتێبخانەی مۆزەخانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1924ز پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بە سێ ساڵ.

نوێنەری بەریتانی (ئەلمس بیل) توانی مۆزەخانەیەكی بچووك بۆ شوێنەواری عێراقی بكاتەوە، كە بریتی بوو لە ژوورێكی بچووك كە تێیدا نمایشی ئەو كەرەستە ئاسارییە عێراقییانەی دەكرد كە توانیبووی كۆیان بكاتەوە، كە وەك دیاری پێیبەخشرابوو لە لایەن دانیشتوانی ناوچەكەوە، زۆرتر گرنگی دابوو بەو كتێبانەی كە مێژووی ئاسەواری شارستانییەتی ولاَتی نێوان دوو ڕووبار بوون، پاش زیادبوونی دیارییەكان لەلایەن پەیمانگەی بریتانی و كەسانی بالاَدەستەوە ژمارەی كتێبەكان گەیشتە 490 ناونیشان و پاشان گواسترایەوە بۆ بینا كۆنەكەی مۆزەخانەی پێشوو (پێشتر لە ناو باڵەخانەی سەرای كۆندا بوو) لە گۆڕەپانی ڕەسافە كە پێكهاتبوو لە دوو نهۆم.

---

188 - بي بي سي العربية. ألمتحف العراقي سيستقبل الزوار مجدداً 2009/2/23 .ـ عمان: مكتبة البشائر، 1988.

نهۆمی یەکەم/ بۆ هەڵگرتنی کتێب و سەرچاوەکان بوو.
نهۆمی دووەم/ بۆ نمایشکردنی کەرەستەو پارچە شوێنەوارییەکان بوو.

کتێبخانەکە پەیوەست بوو بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری[*]، توانرا لە ساڵی 1965دا تەلاری کتێبخانەی مۆزەخانەی ئێستا دروست بکرێت کە پێکهاتووە لە سێ نهۆم.

خانەی پاراستن – بەشی زمانەکان کە بە شێوەیەکی پیتی لاتینی دانراوە لەگەڵ بەشی زمانە عەرەبییەکان ، بە شێوەیەکی خێرا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، ئەویش بەهۆی ئەو دیارییانەی کە پێشکەش دەکرا بەم کتێبخانەیە، ئەوانیش خۆیان لەم چەند کۆمەڵە دیارییەدا دەبینییەوە کە لەو سەردەمەدا بە دەستیان گەیشتبوو لەلایەن ئەو خەڵکانەوە کە ناویان دەبەین.

1) کۆمەڵێك سەرچاوە کە دیاری (الاباء الكرمليين)ەکانی ناو شاری بەغدا بوو، کە زۆر دەگمەن و دانسقەن، وێنەیان نییە، لە کتێبخانەیەکی زۆر گەورە پێك دێت کە لەلایەن (انستاس ماری الكرملی) کۆکرابوونەوە، کتێبەکان لە چەند گورزە کتێبێکی چاپکراو و نووسراو و دەستنووس پێکهاتبوون کە ژمارەیان 7335 کتێب بوو کە (6000) شەش هەزاریان کتێبی چاپکراو بوو- و () 1335 کتێبەکەی تر هەموو دەستنووسی ڕەنگاو ڕەنگ و وێنەدار و دەگمەن بوون، سەرجەمیان بەرگداربوون، واتە (مجلد) بوون (چزوبەند کرابوون).

2) کۆمەڵەی دووەم دیاری شەریف حازم لەساڵی 1950دا، ئەم دیارییە زۆر دانسقەیەو سەرچاوەکانی کەم وێنەن و ژمارەیان نزیکەی (1000) هەزار مجەلەدە و چاپکراوی عەرەبین، بابەتەکانی بریتییە لە مێژوو، ئەدەب، ئایین، زمان.. لەخۆ دەگرێت.

---

[*] خوالێخۆشبوو (گۆرکیس عەواد) کە یەکەم ئەمینداری ئەم کتێبخانەیە بوو، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە عێراق لە سەرەتای دروستبوونی سەردەمی مێژووییەوە نەوەکانی گەیشتوون بە زانیاری کتێب و کتێبخانەیان هەبووە و کتێبیان تێدا خوێندۆتەوە، وەك نەتەوەیەکی کۆن و گەلێکی هۆشیار دروستکردنی گەنجینەی کتێبیان لە زوربەی شارەکاندا هەبووە وەك (ئور، لالش، ینبور، تللو، پانبیبالّ، ئاشوور) کتێبەکانی لە شێوەی تاتە قوڕدا بوون و بە نوێترین کتێبخانەی مێژوویی دادەنرێن، لەپاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق دەستکرا بە دروستکردنی کتێبخانە بە شێوەیەکی فراوان و کتێبخانەی مۆزەخانەش یەکێك بوو لەو کتێخانانەی کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو کاتە بوو.

3) کۆمەڵەی سێیەم دیاری مۆزەخانەی بریتانیایە کە لە ساڵی 1946دا کە مۆزەخانەی بریتانیا پێشکەشی مۆزەخانەی عێراقی کردووە کە ژمارەیان (400000) چوار سەد هەزار سەرچاوە بووە کە زوربەی تەجلید کراوبوون، و دەربارەی شوێنەوار و مێژوو دەدوێن سەرەرای کتێب دەربارەی پێرست و پۆلێن کردنی سەرچاوەکان و دەستنووسەکان.

4) دیاری وەزارەتی رۆشنبیری میسر کە (213) دوو سەدو سیازدە گۆڤاری چاپکراو بووە.

5) دیاری حکومەتی ئیسپانیا (کە نازانرێ چەندە).

گرنگترین سەرچاوە کە بەدیدەکرا لە سەردەمی یەکەم بەرێوەبەردا (گۆرکیس عەواد)، بریتی بوو لە (مكتبة المتحف العراقي ماضيها وحاضرها) و مامۆستا (عەبدولکەریم ئەمین) کە پسپۆری کتێبخانە بووەو مامۆستای بەشی کتێبخانە زانیارییەکانی کۆلێجی ئادابی زانکۆی موستەنسریە بوو، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەپێشخستنی ئەم کتێبخانەیەدا، کە تا ئێستا ئەوەی ماوە 233 هەزار چاپکراو لە خۆ دەگرێت، کە کراون بە سێ بەشەوە:

1- بەشی کتێبە عەرەبییەکان

2- بەشی بیانییەکان

3- بەشی کتێبە کۆنەکان

کتێب و سەرچاوەکانی ئەم کتێبخانەیە بە گشتی باس لەم بابەتانەی خوارەوە دەکەن:

1- کاروباری وڵاتانی خۆرهەڵات و ناوچەکە.

2- زانستی شوێنەوار بە تایبەتی شوێنەوار و پاشماوەی شارستانی عێراقی کۆن بە تایبەتی.

3- سەرچاوە دەربارەی زمانی بەکارهاتوو لە عێراقی کۆندا، لەگەڵ مێژووی گەلەکانیان و شارستانی سەردەمی سۆمەری و بابلی و ئاشووری و ساسانی و ئیسلامی.

4- سەرچاوە دەربارەی دورگەی عەرەب و باکووری ئەفەریقاو ئەندەلوس.

5- کۆمەڵێ سەرچاوەی بەپێز دەربارەی مێژووی وڵاتی یۆنان، رۆمان و شوێنەوار و شارستانیەتییەکانیان.

## 1-دەستنووسەکان (المخطوطات)

دەستنووسەکانی ناو ئەم کتێبخانەیە کە بەشێکی گەورەی کتێبخانەکە پێکدەهێنن، مێژووەکەیان دەگەرێتەوە بۆ چەند سەدەیەك بەر لە ئەمرۆ، واتە لە دوای سەدەی شازدەهەمەوە.

ئەم دەستنووسانە بەپێی مێژووی تۆمارکردنیان سەرەتا دانراون، یەکەم دەستنووس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1359 هـ بەرامبەر 1940 ی زاینی، یەکەم کتێب کە تۆمارکراوە لەم کتێبخانەیەدا (سجل تزوید) دەستنووسە بەناوبانگەکەی (یاقوتی حموی) بووە بەناوی (معجم البلدان)، پاشان هەندێ دەستنووسی تر تۆمارکراوە کە لەلایەن خوالێخۆشبوو ڕەشید عالی گەیلانی- یەوە پێشکەشکراوە، کە ناوبراو سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو لە سەردەمی پاشایەتیدا.[189]

دەستنووسەکانی ئەم کتێبخانەیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بووە، ئەویش بەهۆی تەرخانکردنی پارە بۆ کڕینیان، جگە لە دیاری کە کەلێنێکی باشی پڕ کردۆتەوە لەلایەن خەڵك و بەرپرسانی ئەو کاتەوە. ئەم دەستنووسانە زۆر بابەتی بەپێزو پڕ بایەخی لە خۆ گرتووە لەوانە بواری (مێژوویی – ئاینیی – شوێنەوار – ئەستێرە ناسیی - بیرکاریی – دەرمانگرتنەوە – ڕووەك ناسیی ... هتد).

لە بیرمان نەچێت خوالێخۆشبوو (گۆرکیس عەواد) کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی مۆزەخانەی نیشتمانی عێراق بووە پێڕستێکی بۆ دەستنووسەکانی بواری پزیشکیی و ئەدەبیی و مێژوویی کردووە، کە لە گۆڤاری سۆمەردا بڵاو کراوەتەوە و ئەم گۆڤارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتیی بەغداوە دەرچوو، هەروەها (ئوسامە ناسر ئەلنەقشبەندی) فەهرەستێکی بۆ دەستنووسەکانی کردووە کە تایبەتن بە زمانەوە، لە بابەتەکانی وەك (**النحو – الصرف – البلاغة – العروض – القوافي - المعاجم- فقة اللغة**) کردووە کە ژمارەیان (503) دەستنووسە.

ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی زمانە کۆنەکانی ناو عێراقە ژمارەیان نزیکە لە (4000) چوار هەزار سەرچاوە و گۆڤارەوە، کە تایبەتن بە شارستانییەتە کۆنەکان، لەو کتێبە گرنگانەش کتێبی (مختارات الكتابات من اشور) کە لەلایەن راولنسون بە چاپ گەیەندراوە لە لەندەن ساڵی 1866، ئەم پیاوە باڵیۆزی بەریتانیا بووە لە عێراق لە نێوان ساڵی 1852- 1855.[190]

وە کتێبی (**History of Esarhaddon**) مێژووی سەرحەدون کە لەلایەن (ئارنست لوج) ەوە دانراوە و نووسراوە لە ساڵی 1880 دا، هەروەها کتێبی (اعمال المنقبين الاوائل فى المدن العراقيه اشور و نينوى) لە دانانی لیاردو برتر لە ساڵی 1898 دا نووسیویەتی و زۆر کتێبێکی گرنگە، ئەمە جگە لەوەی بە سەدان سەرچاوەی زۆر بە پێزو دەگمەنی تری تیایە کە بە زمانەکانی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ڕوسی و ئینگلیزی نووسراوەتەوە لەسەر ئەم وڵاتە.[191]

---

189 - مصطفى مرتضى الموسوي و(الأخرون). . المخطوطات العربية. بغداد: مطبعة العمال المركزية، 1986.

190 - بي بي سي العربية. ألمتحف العراقي سيستقبل الزوار مجدداً 2009/2/23. ـــ عمان: مكتبة البشائر، 1988.

191 - عبدالرحمن شعبان عطيان. أمن الوثائق والمعلومات. رياض: مركزللبحوث، 2004.

ئێستا کاری وێنە گرتنەوەی فیلمی بۆ دەکرێ بە تایبەتی دەستنووسە گرانبەها و وێنەدارە ڕەسەنەکان دەخرێنە سەر مایکرۆفیلم و دەپارێزرێن لە فەوتان و لە لەناوچوون.

جگە لەمە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی عێراقی کۆنی تیایە هەر لە سەرەتای هاتنی چاپخانەوە تا سەرەتاکانی جەنگی جیهانی دووەم بە بێ کەموکوڕی لەوانە، (ڕۆژنامەی ئەلزەورا) کە یەکەم ڕۆژنامەی عێراقی بووە بە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی دەرچووە.[192]

ئەمە جگە لە مێژووی سەرجەم پارتە سیاسییەکانی عێراق و بڵاوکراوەکانیان.

2- بەشی عەرەبی/ پانتاییەکی فراوانی لەم کتێبخانەیە داگیرکردووە، زۆر سەرچاوەی دەستنووسی تێدایە کە بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان نووسراوە لەوانە، نووسراوە عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی ... هتد، لە گرنگترین کتێبە ناودارە کۆنەکان کتێبی گەشتنامەیە لەوانە گەشتەکەی (**ابن بطوطة**) کە لە ساڵی 1528ی زاینی نووسراوەتەوە، زۆر سەرچاوەی گرانبەهای تێدایە تایبەتە بە کەسایەتییە ناسراوەکانی مێژوو، ژمارەی سەرچاوەکانی ئەم بەشە (132) کتێب و گۆڤارە.

3- بەشی زمانە بێگانەکان/ ئەمانەش سەرچاوەی وەك کتێب و گۆڤار لە خۆ دەگرن کە بە زمانی بیانی جیاجیا نووسراون، سنووری باسکردنیان بابەتەکانی شوێنەوار و مێژوو دەگرێتەوە بە شێوەیەکی گشتیی، لە گرنگترین کتێبەکان کتێبی گەشتنامەی (ئەلمس بیل) کە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە کە تیایدا یادداشت و نامەکانی ناوبراوی لە خۆ گرتووە.

لە کتێبە ناودارەکانی تر وەك ئینسایکلۆپیدیای بریتانیا بە سەرجەم ژمارەکانییەوە.

## گرنگی کتێبخانەی مۆزەخانە

1- پاراستنی سەرجەم بەرهەمی فیکری لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ، بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندییان بە بوارەکانی شوێنەوار و مێژوو- و مێژووی شارستانییەتەکانەوە هەیە لەناو وڵاتدا، ژیانی ئەو خەڵکانەی کە لەو سنوورەدا ژیان، و ئەو داهێنان و پێشکەوتنانەی کە ئەنجامیانداوە و ئێستا ئێمە پەندی لێ وەردەگرین لەگەڵ ئەو هەموو سەروەرییەی بۆیان بەجێ هێشتووین، ئەمانە هەموو نووسراونەتەوە و پارێزراون، کە ئێستا لەم جێگەیەدا هەموو لەبەر چاوە.

---

[192] - عامر ابراهيم قنديلجي والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982

2- یارمەتیدەرێکی زۆر گرنگەو پاڵپشتێکی زۆر بە هێزە بۆ ئەو توێژەرەوانەی دەیانەوێت لەسەر بابەتەکانی ئەم کتێبخانەیە توێژینەوە بکەن.

3- پێدانی زانست و زانیاری دروست بە هەر کەسێك کە سەردانی ئەم کتێبخانەیە دەکات.

4- دەتوانین بڵێین ڕۆڵی کتێبخانەی مێژوویی نیشتمانی دەگێڕێت.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی مۆزەخانە :

1) کارکردن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەو مرۆڤانەی کە سەردانیان دەکەن، ئامانجی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیاری بۆ ناو کتێبخانەکە لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە دەکەونە سنووری کارکردنییەوە.

2) گێڕانەوەی هەموو ئەو کەرەستە ئاسارییانەی کە پێناسەن بۆ کولتوورو شارستانییەت و قەومییەت.

3) دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی لای ئەو کەسانەی کە سەردانی دەکەن لە پێناو پاراستن و گێڕانەوەی پاشماوە بە نرخەکان.

4) هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی کەشێکی گونجاو بۆ ئەو خوێنەرانەی کە ڕوو دەکەنە کتێبخانەکە لە پێناو دروستبوونی سۆزی خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنەوە.

5) ئامانج لەم کارە هەوڵدانە بۆ پارێزگاری هەموو سەرچاوەکانی کتێبخانەکە لە پێناو لەناو نەچوونیان و گواستنەوەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

6) لەبەرگرتنەوە یان کۆپی کردنی ئەو سەرچاوانەی کە لە کتێبخانەکانی تردا هەیە، تایبەتە بە مێژووی شارستانییەتی عێراق.

7) بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوانەی کە لە لایەن مێژوونووسان و ڕۆژهەلات ناسەکانەوە نووسراوە لەسەر سەرجەم شارستانییەکانی عێراق.

8) هەوڵدان بۆ کڕینەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە لای خەڵکە و تایبەتە بەم وڵاتە.

9) پارێزگاریکردن لە سەرجەم سەرچاوەکان لە هەموو بار و دۆخێکدا.

10) لەبەر گرتنەوە و وێنەگرتنی ئەو سەرچاوانەی کە بەرەو فەوتاندن دەڕوات بە ئامێری نوێ (مایکرۆ فیلم – مایکرۆفش)

## دوا وشه :

ئاواته خوازم كه تۆی خوێنەر له خوێندنەوەی ئەم كتێبه سودێكت چنگ كەوتبێ، چونكه وەك دەڵێن، هیچ كتێبێك نییه سوودێكی تێدا نەبێت، هیوادارم سوودمەند بوبێتی لەم سەرچاوەیه و بە زانیارییەكانی ئەزمونێكت بۆ دروست بكات و له كەم و كووڕی و ناتەواوییەكانی ژیانی نێو كتێبخانەكەت بە ئاگای هێنابێتیتەوە، و بتوانی سوود لەو ڕێنمایی و ئەو بۆچوونانه وەربگریت كه خراوەته پێش چاوت، هیچ كاتێك كتێبخانه بۆ بەرژەوەندی خۆت بەكارنەهێنیت كه زیان به بەرژەوەندی خەڵكانی تر بگەیەنێت، جیاوازی له نێو خوێنەرەكاندا نەكەیت به لەبەرچاو گرتنی ڕەنگی پێست و بیرباوەڕ و زمان و ئایین و نەتەوە و نەژادەوە، چونكه مرۆڤ شایەنی ڕێزە، تۆش ئەمیندای زانیارییەكانیت، بۆیه پێویسته به یەك چاو تەماشایان بكەیت، و كادرێكی به وەفا و به ئەمەك بیت بەرامبەر بەو كتێبخانەی كه كاری تێدا دەكەیت و به ماڵی دووەمی خۆتی بزانی، چونكه له باو و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بۆیه پاراستن و ڕاگرتن و پارێزگاری كردنیان، ئەركی سەرشانی نەك تۆ، بەڵكو هەموومانە.

## پاشكۆ :

ئەم خشتەیەی خوارەوە، کە بە ژمارە (000) دەست پێ دەکات و بە ژمارە (999) کۆتایی دێت، دەتوانین وەك پێویست سودی لیَ وەربگرین لە کاتێکدا:

1) ئەگەر بەشی پێڕست و پۆلێنمان نەبوو.

2) ئەگەر سەرچاوەی پۆلێنی دیوی دەیی (دیوی عشری) لە بەردەستدا نەبوو.

3) ئەگەر پسپۆڕی شارەزا لە کتێبخانەکەدا نەبوو بۆ بەکار هێنانی سەرچاوەی پۆلێن.

4) ئەگەر ژمارەی کتێبەکان چەند سەد دانەیەك بوو.

لەم کاتەدا دەتوانین سەرچاوەکانیان بە بابەتەکانیان پۆلێن بکەین و نەچینە ناو وردەکاریەکانی پۆلێنەوە. تاوەکو پسپۆڕی بواری کتێبخانە پەیدا دەبێت بۆ کتێبخانە. دواتر دەتوانێت گۆڕانکاری لە ژمارەکانیاندا بکات.

ئەم خشتەیە زیاتر بۆ کتێبخانەی قوتابخانەو کەسایەتی و کتێبخانە گشتیەکانی (شارۆچکەکان) سوودی لێوەردوگیرێت،

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە لە کتێبخانەدا ئەم کارە ئەنجام دەدات، سەرجەم ژمارەکانی پۆلێن لەبەر بکات (دەرخی بکات) تاوەکو زۆر بە ئاسانی بتوانێت بە خوێندنەوەی ناونیشانی کتێبەکان نزیك بوونەوە لە نێوان ناونیشان و ژمارەی پۆلێنەکەدا بکات، هەروەها دەردەکەوێت کە زۆر بابەت بەیەك ناونیشان دەچن، یان نزیك بوونەوە هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نمونە: سەرچاوە لەسەر تاوان سەرەتا بڕیار دەدات کە تاوان پەیوەندی هەیە بە یاساوە، بەڵکو دەبێت بزانین جۆری تاوانەکە چی یە، ئەو کاتە بڕیار بدات دەخرێتە ژمارە (340) یان (360)، چونکە (340) یاسایە و (360) دوای بە دوادا گەڕانی ژمارەکانی دواتر خۆی لە ژمارە (364) دا دەبینێتەوەکە تاوانە ، بەشێوەیە دەتوانێت پۆلێنێکی سەرەتایی بۆ سەرچاوەکانی بکات .

*******

000

**المعارف العامة**

زانیاریە گشتییەکان

001

**المعرفة**

زانست - زانیاری

002

**الكتاب**

کتێب – پەڕتوك

003

**النظم**

سیستەم – بنەما کان- ڕژێمەکان

004

**الحاسوب**

زانستی کۆمپیوتەر

005

**برمجة الحاسوب**

پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر

006

**طرق استخدام حاسوبية خاصة**

ڕێگاکانی بەرهێنانی کۆمپیوتەری تایبەت

007

**الأبحاث**

توێژینەوەکان

008

غير مستخدم

بەکار نەهاتووە

009

**الجائزة**

خەڵاتەکان - پاداشتەکان

010

**الببلوجرافيا والفهارست**

ببليوگرافياو پێرستەکان

011

**الببلوجرافيات**

ببليوگرافيا

012

**ببلوجرافيا الأفراد**

ببليوگرافياى تاکەکان

013

**ببلوجرافيات فئات محددة من المؤلفين**

ببليوگرافياى دەستەيەکى دەستنيشانکراو لە نوسەران

014

**ببلوجرافيات الاعمال المجهولة ذوي الاسماء المستعارة**

ببليوگرافياى ئەوانەى دانەرەکانيان بەناوى خوازراوەوەن

015

**ببلوجرافيات وفهارست الاعمال محددة المكان**

ببليوگرافياى ئەو کارانەى کە شوێنەکانيان دياريکراوە

016

**الببلوجرافيات الموضوعية**

ببليوگرافياى بابەتى

017

**الفهارس الموضوعية العامة**

پێرستى بابەتە گشتيەکان

018

**فهارس المؤلفين والعناوين**

پێرستى نوسەران و ناونيشان

019

**الفهارس القاموسية**

پێرستی فەرهەنگی

020

**علم المكتبات والمعلومات**

زانستی کتێبخانەو زانیاریەکان

021

**العلاقات مع المكتبات**

پەیوەندیەکانی نێوان کتێبخانەکان

022

**ادارة موقع المبنى**

بەڕێوەبردنی شوێنی باڵەخانەی ( کتێبخانەکان)

023

**ادارة الأفراد**

بەڕێوەبردنی تاکەکان (کارمەندانی کتێبخانە)

024

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە.

025

**الأجراءات والعمليات الفنية**

گرتنەبەری ڕێو شوێن بۆ کارە هونەریەکان

026

**المكتبات المتخصصة**

کتێبخانە تایبەتمەندەکان

027

**المكتبات العامة**

کتێبخانە گشتیەکان

028

**قراءة وإستخدام مصادر المعلومات الأخرى**

خوێندنەوەو بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیاری تر

029

**خدمات وفعاليات القراءة**

خزمەتگوزاری  خوێندنەوەو چالاکیەکان

030

**الموسوعات  ودوائر المعارف**

ئینسایکلوپیدیا

031

**دوائر المعارف والموسوعات**

ئینسایکلوپیدیا گشتیە عەرەبیەکان

032

**دوائر المعارف والموسوعات العامة  الأمريكية والأنكليزية**

ئینسایکلوپیدیا ئینگلیزی و ئەمەریکیەکان

033

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغة  الألمانية**

ئینسایکلوپیدیا بە زمانی  ئەڵمانیەکان

034

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغة  الفرنسية**

ئینسایکلوپیدیا بە زمانی   فەرەنسیەکان

035

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغة  الأيطالية**

ئینسایکلوپیدیا بە زمانی ئیتاڵیەکان

036

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغة  الأسبانية والبرتغالية**

ئینسایکلوپیدیا بە زمانی ئیسپانی و  پورتوگالیەکان

037

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغات  السلافية ( الروسية )**

ئینسایکلوپیدیا بەزمانی  سلاڤیەکان  ( روسیەکان)

038

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغات  الأسكندنافية**

ئینسایکلوپیدیا بە زمانی ئیسکەندەنافیەکان

039

**دوائر المعارف والموسوعات  العامة باللغات  الأخرى**

ئینسایكلوپیدیا بە زمانەكانی تر

040 – 049

**غير مستخدم**

بەكار نەهاتووە

050

**الدوريات العامة**

خولاوەكان و زنجیرەكان ( گۆڤارو  ڕۆژنامەكان )

051

**الدوريات العامة باللغة العربية**

خولاوە  گشتیەكان بەزمانی  عەرەبی

052

**الدوريات العامة الأمريكية والأنكليزية**

خولاوە گشتیەكان بە زمانی ئینگلیزی و ئەمەریكی

053

**الدوريات العامة باللغة اللمانية**

خولاوە گشتیەكان  بە زمانی ئەڵمانی

054

**الدوريات العامة باللغة الفرنسية**

خولاوە  گشتیەكان بە زمانی فەرەنسی

055

**الدوريات العامة باللغة اليطالية**

خولاوە گشتیەكان بە زمانی  ئیتالی

056

**الدوريات العامة باللغة السبانية والبرتغالية**

خولاوە گشتیەكان  بە زمانی ئیسپانی و پورتوگالی

057

**الدوريات العامة باللغات السلافية ( الروسية )**

خولاوە گشتیەكان بەزمانی سلافی ( روسی )

058

**الدوريات العامة باللغات أسكندنافية**

خولاوە گشتیەکان بە زمانی ئیسکەندەنافی

059

**الدوريات العامة باللغات الأخرى**

خولاوە گشتیەکان بە زمانەکانی تر

060

**المنظمات وعلم المتاحف**

ڕێکخراوەکان و زانستی مۆزەخانەکان

061

**المنظمات العامة في العالم العربي**

ڕێکخراوە گشتیەکان لە جیهانی عەرەبیدا

062

**المنظمات في انكلترا والجزر البريطانية**

ڕێکخراوەکان لە شانشینی یەکگرتوودا

063

**المنظمات في وسط أوروبا – المانيا**

ڕێکخراوەکان لە ناوەڕاستی ئەوروپاو ئەڵمانیا

064

**المنظمات في فرنسا وموناكو**

ڕێکخراوەکان لە فەرەنساو مۆناکۆ

065

**المنظمات في ايطاليا والمناطق المجاورة**

ڕێکخراوەکان لە ئیتالیاو ناوچەکانی دەورو پشتی یان دەوروبەری

066

**المنظمات العامة في شبه جزيرة ايبريا والجزر المجاورة في اسبانيا**

ڕێکخراوەکان لە نیمچە دورگەی ئیبریاو دورگەکانی دەورو بەری ئیسپانیا

067

**المنظمات في أوروبا الشرقية - روسيا**

ڕێکخراوەکان لە ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپا- ڕوسیا

068

**المنظمات في المناطق الأخرى**

ڕێکخراوەکان  لە ناوچەکانی تر
069
**علم المتاحف**
زانستی مۆزەخانەکان
070
**الصحافة والنشر**
ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری و بلاّو کردنەوە
071
**الصحافة والنشر في الدول العربية**
ڕۆژنامە گەری لە وولاّتە عەرەبیەکاندا
072
**الصحافة والنشر في انكلترا والجزر البريطانية**
ڕۆژنامەگەری لە دورگەکانی  شانشینی یەکگرتودا
073
**الصحافة والنشر في اوربا الوسطى  والألمانية**
ڕۆژنامە گەری لە ئەوروپای ناوەڕاست و ئەڵمانیا
074
**الصحافة والنشر في فرنسا وموناكو**
ڕۆژنامەگەری لە فەرەنساو مۆناکۆ
075
**الصحافة والنشر في ايطاليا ومناطق  المجاورة**
ڕۆژنامە گەری  لە ئیتالیاو ناوچەکانی دەورو بەری
076
**الصحافة والنشر في شبه جزيرة ايبريا والجزر المجاورة**
ڕۆژنامەگەری لە نیمچە دورگەکانی  ئیبریاو دورگەکانی دەوروبەری
077
**الصحافة والنشر في اوربا الشرقية والروسية**
ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەلاّتی  ئەوروپاو  ڕوسیا
078
**الصحافة  والنشر في الدول  الأسكندنافية**

ڕۆژنامەگەری  لە وولآتانی ئیسکەندەنافیا
079
**الصحافة والنشر والمناطق الأخرى**
ڕۆژنامەگەری  لە ناوچەکانی تری جیهان
080
**المجموعات العامة**
کۆمەڵێك  زانیاری  جۆراو جۆر لە نێو یەك بابەتدا ( کۆمەڵە بابەتە گشتیەکان ).
081
**المجموعات  باللغة العربية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی عەرەبی
082
**المجموعات باللغة  الأنكليزية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی ئینگلیزی
083
**المجموعات باللغة  الألمانية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی ئەڵمانی
084
**المجموعات باللغة  الفرنسية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی فەرەنسی
085
**المجموعات باللغة  الأيطالية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی ئیتاڵی
086
**المجموعات باللغتين  الأسبانية والبرتغالية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی ئیسپانی و پورتوگالی
087
**المجموعات باللغة  السلافية**
کۆمەڵێك  زانیاری  بە زمانی سلافی
088
**المجموعات باللغة  الأسكندنافية**

کۆمەڵێك زانیاری به زمانی ئیسکەندەنافیا
089
**المجموعات باللغة الأيتاليقية ، الهلينية ، ولغات أخرى**
کۆمەڵێك زانیاری به زمانەکانی ئیتالیقی هیلینی و زمانەکانی تر
090
**المخطوطات والكتب النادرة**
دەستنووسەکان و کتێبە دەگمەنەکان
091
**المخطوطات**
دەستنووسەکان
092
**كتب القوالب**
کتێبە پیت هەڵاوگێڕاوەکان .
093
**اوائل المطبعات**
کتێبەکانی سەرەتای داهێنانی چاپ (چاپکراوەکان)
094
**الكتب المشهورة بسبب طباعتها**
کتێبە بە ناوبانگەکان بەهۆی ناوبانگی چاپەکانیانەوە
095
**الكتب المشهورة بسبب تجليدها**
کتێبە بەناوبانگەکان بە هۆی چزو بەندکردنەوەکانیانەوە ناسراون
096
**الكتب المشهورة رسومها**
کتێبە بەناوبانگەکان بە هۆی وێنەکانیانەوە ناسراو( دەگمەن و بەناوبانگن )
097
**الكتب المشهورة بسبب تمليكاتها**
ئەو کتێبانەی ناوبانگیان بەهۆی خاوەنداریەتیەکانەوەیە
098
**الكتب المنوعة والمزورة**

کتێبە قەدەغەکراوەکان – ساختەتیاکراوەکان (فێڵتیاکراوەکان)
099
**الكتب المشهورة بسبب أحجامها وأشكالها**
ئەو کتێبانەی ناوبانگیان بۆ قەبارەو شێوەکانیان (شێوازەکانیان) دەگەڕێتەوە
100
**الفلسفة وعلم النفس**
فەلسەفەو دەروون ناسی
101
**نظرية الفلسفة**
تیۆری فەلسەفی
102
**متفرقات الفلسفة**
جۆراو جۆرە فەلسەفیەکان(هەمەجۆرەکان).
103
**المعاجم ودوائر المعارف**
وشەدان و فەرهەنگەکان
104
**غير مستخدم**
ووتارەکان
105
**الدوريات**
خولاوەکان (زنجیرە و گۆڤارە فەلسەفیەکان ).
106
**المنظمات والأدارة**
ڕێکخراوەکان و کارگێڕی (ریکخراوە فەلسەفیەکان )
107
**التعليم والبحث للموضوعات ذات الصلة**
فێرکردن و توێژینەوەی بابەتە فەلسەفیە پەیوەندیدارەکان
108
**معالجة أنواع من الأشخاص**

چارەسەری  کەسایەتیە فەلسەفیە جۆراو جۆرەکان
109
**المعالجة التاريخية**
چارە سەرە  مێژوویەکان
110
**ما وراء الطبيعة ( الميتافييزيكا )**
میتافیزیکا (ئەو دیوسروشت )
111
**علم الوجود**
زانستی بوون
112
**مباديء الفلسفة**
ڕێبازەکانی فەلسەفە
113
**فلسفة الطبيعة**
فەلسەفەی سروشت
114
**الفضاء**
زانستی گەردوون (بۆشایی ئاسمان)
115
**الزمان**
ڕۆژگار (کات)
116
**التغير**
گۆڕان
117
**البنية والتكوين**
دروست بوون و پێکهاتن (بونیاد)
118
**القوة والطاقة**

هێزو ووزه

119

**العدد والكم**

ژمارەو چۆنیەتی (پێوانە)

120

**المعرفة ، السببية والجنس البشري**

زانست ، هۆكاری و ڕەگەزی مرۆیی

121

**علم المعرفة**

زانستی زانیارییەكان

122

**السببية**

هۆكارەكان

123

**الحتمية واللاحتمية**

بوون و نەبوون (ئەگەر و نا ئەگەرەكان )

124

**الغايات**

مەبەستەكان

125

**المتناهي واللامتناهي**

كۆتایی و نا كۆتایی

126

**الذات**

خود

127

**اللاوعي ودون الوعي**

بیّ هەستی و نا هەستی (هەست نەبوون )

128

**الانسان**

ئادەمیزاد - مرۆڤ

129

**أصل ومصير نفس البشرية**

ڕەچەڵەك و چارەنووسی خودی مرۆڤ

130

**الظواهر غير الطبيعية**

دیاردە ناسروشتیەکان (جادوگەری)

131

**طرق التخاطر والسعادة**

ڕێگای مەترسی و بەختەوەریەکان (بەکارهێنانی ڕێگای مەترسیدار بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانی)

132

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

133

**التخاطر والاعتقاد للقوى الخفية**

مەترسیەکان و باوەڕ بە هێزە نادیارەکان (جادوو)

134

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتوو

135

**أحلام وأسرار**

خەون و نهێنیەکان

136

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

137

**الكهانة والتنبؤ**

کاهینەکان و پێشبینیەکان

138

**علم الفراسة**

زانستی ڕوکەش ناسی (ڕووناسی)

139

**علم دراسة الدماغ والجماجم البشرية**

زانستی لێکۆڵینەوە لە مێشك و کاسەی سەری مرۆڤ

140

**المدارس الفلسفية**

قوتابخانە فەلسەفیەکان

141

**المثالية والنظم والمذاهب ذات الصلة**

فەلسەفەی نمونەیی و بنەماو ڕێبازە پەیوەندیدارەکان

142

**الفلسفة النقدية**

فەلسەفەی ڕەخنە گرانە (ڕەخنەیی )

143

**الحدثية والبرجسونية**

ڕووداوەکان (زوو بۆ شت چوون بێ بیرکردنەوە — پەی بردن )

144

**الأنسانية والموضوعات ذات الصلة**

مرۆیی وئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن

145

**المذهب الحسي**

ڕێبازی هەست

146

**المذهب الطبيعي والموضوعات ذات الصلة**

ڕێبازی سروشتی و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن

147

**مذهب وحدة الوجود والموضوعات ذات الصلة**

ڕێبازی یەکێتی بوون و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن

148

**الليبرالية الأنتقائية والتقليدية**

ئازادی خوازی

149

**نظم الفلسفية أخرى**

سیستەمی فەلسەفی تر

150

**علم النفس**

زانستی دەروون زانی

151

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

152

**الأدراك الحسي والحركي والدوافع**

زانینی هەست و جوڵە و پاڵنەرەکانی

153

**العمليات العقلية والذكاء**

پرۆسەی کارەکانی ژیری و زیرەکی (لە مێشکدا)

154

**العقل الباطن**

زانستی ناوەکی

155

**علم النفس التفاضلي والنمو**

زانستی دەرونزانی جیاکاری و گەشەکردن

156

**علم نفس المقارن**

زانستی دەروونزانی بەراوردکاری

157

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

158

**علم نفس التطبيقي**

دەروونزانی جێ بە جێکردن

159

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

160

**المنطق**

لۆژیك

161

**المنطق الأستقرائي**

لۆژیکی فرە گر

162

**المنطق المستل**

لۆژیکی هەڵهێنجان

163

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

164

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتووە

165

**الخطأ و مصادره**

هەڵەو سەرچاوەکانی (سەرچاوەکانی هەڵە)

166

**المنطق القياسي**

لۆژیکی پێوانەیی

167

**الفروض**

گریمانەکان

168

**الجدل والأقناع**

لێکدانەوەو ڕازیکردن

169

**قياس التمثيل**

پێوانەی نواندن

170

**علم الأخلاق**

زانستی ڕەوشت و ئاکار(خووڕەوشت)

171

**النظم الأخلاقية**

سیستەمە ئاکارییەکان

172

**الأخلاق السياسية**

ئاکاری ڕامیاری

173

**أخلاق علاقات عائلية**

ئاکاری پەیوەندی خێزانی

174

**الأخلاق والمهن والوظائف**

ئاکاری پیشەو کارەکان

175

**الأخلاق الترفيهية والتسلية**

ئاکاری کات بەسەربردن

176

**أخلاق جنسية والتناسلية**

ئاکاری سێکسی و زاو زێ

177

**أخلاق العلاقات الاجتماعية**

ئاکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

178

**أخلاق الإستهلاك**

ئاكاری بەکاربەر

179

**أخلاقيات أخرى**

ئاكارەكانی تر

180

**الفلسفة القديمة والوسيطة والشرقية**

فەلسەفەی كۆن و ناوەندو ڕۆژهەلاتی

181

**الفلسفة الشرقية**

فەلسەفەی ڕۆژهەلاتی

182

**الفلسفة يونانية قبل سوقراط**

فەلسەفەی یۆنانی پێش سوقرات

183

**الفلسفة السفسطائية والسوقراطية**

فەلسەفەی سفستائی و سوقرا تی

184

**الفلسفة الأفلاطونية**

فەلسەفەی ئەفلاتۆن

185

**الفلسفة الأرسطويية**

فەلسەفەی ئەرستۆیی

186

**الفلسفة الشكلية والأفلاطونية الحديثة**

فەلسەفەی شێوە ئەفلاتۆنیە نوێیەكان

187

**الفلسفة الأبيقورية والرواقية**

فەلسەفەی ئەبیقوری و ڕەواقی

188

**الفلسفة الغربية في العصور الوسطى**

فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە چەرخەکانی ناوەڕاست

189

**الفلسفة الأسلامية**

فەلسەفەی ئیسلامی

190

**الفلسفة الغربية الحديثة**

فەلسەفەی ڕۆژ ئاوای نوێ

191

**الفلسفة الحديثة في الولايات المتحدة والكندا**

فەلسەفەی نوێ لەئەمەریکاو کەنەدا

192

**الفلسفة الحديثة في جزر بريطانيا**

فەلسەفەی نوێ لە دورگەکانی شانشینی یەکگرتوو

193

**الفلسفة الحديثة في المانيا والنمسا**

فەلسەفەی نوێ لە ئەڵمانیاو نەمسا

194

**الفلسفة الحديثة في فرنسا**

فەلسەفەی نوێ لەفەرەنسا

195

**الفلسفة الحديثة في الأيطاليا**

فەلسەفەی نوێ لە ئیتالیا

196

**الفلسفة الحديثة في الأسبانيا والبرتغال**

فەلسەفەی نوێ لە ئیسپانیاو پورتوگال

197

**الفلسفة الحديثة في الإتحاد السوفياتي**

فەلسەفەی نوێ لە یەکێتی سوڤیەت

198

**الفلسفة الحديثة في الدول الأسكندنافية**

فەلسەفەی نویٚ لە وولاٚتانی ئیسکەندەنافیا

199

**الفلسفة الحديثة في المناطق الأخرى**

فەلسەفەی نویٚ  لە ناوچەکانی تر

200

**الديانات**

ئایینەکان

201

**الاهوت الطبيعي**

ئایینی سروشتی

202

**طبيعة الاله**

خواوەند (تیٚگەیشتن لە خوا)

203

**الخلق**

دروست کراو (بوون و هیٚزی خوا)

204

**الأيمان بالله**

برِوا بوون بە خوا

205

**الدين والعلم**

ئایین و زانست

206

**الخير والشر**

چاکەو خراپە

207

**التعبد والصلاة**

خوا پەرستی و نویٚژ

208

**الأنسان والبشرية**

مرۆڤ و مرۆڤایەتی

209

**قياس التمثيل والتشبيه**

پێوانەی نواندن و لەیەکچوون

210

**الأسلام – الدين الأسلامي**

ئاینی ئیسلام

211

**مباديء الدين الأسلامي**

بیروباوەڕەکانی ئاینی ئیسلام

212

**الأخلاق والأداب الأسلامية**

ئاکارو ئادابی ئیسلام

213

**الدعوة الأسلامية**

بانگەوازی ئیسلام

214

**المساجد والأماكن المقدسة**

مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان

215

**دور العبادة والزيارة**

جێگاکانی خوا پەرستی و مەزارەکان

216

**الدفاع عن الأسلام ودفع المطاعن عنه**

بەرگریکردن لە ئیسلام و بەرپەرچدانەوە

217

**الدعوات السلفية**

بانگەوازە سەلەفیەکان ( توند ڕەوەکان)

218
**الدعوات الدينية السياسية ( الأسلامية السلفية )**
بانگەشە ئاینیە سیاسیەکان
219
**قضايا الأصلاح الأجتماعي والأقتصادي والسياسي**
بابەتەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی
220
**القرآن الكريم وعلمه**
قورئانی پیرۆز و زانستەکانی
221
**المصاحف**
قورئانەکان
222
**جمع القرآن الكريم**
کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز
223
**نزول القرآن الكريم**
هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز
224
**الألفاظ القرآنية**
مامەڵەی زمانەوانی لەگەڵ ئاخاوتنە قورئانیەکاندا
225
**ألفاظ القرآن وبلاغته وإعجازه**
ڕەوانبێژی بەڵگەی قورئانی و سەرسام بونیەکانی
226
**فقه القرآن الكريم**
فیقهی( قورئانی پیرۆز)
227
**تفسير القرآن**
**ڕاڤە کردنی قورئان**

228
**القرآن والتجويد**
قورئان و چۆنیەتی خوێندنەوە (تەجوید)
229
**مباحث قرآنية عامة**
باسە قورئانیەکان بە گشتی
230
**الحديث الشريف وعلومه**
فەرمووده پیرۆزەکانی پێغەمبەر وزانستەکانی
231
**المباحث العامة**
فەرمووده گشتیەکان
232
**علم الأسناد والرواية**
زانستی پشت پێ بەستن و گێڕانەوە (فەرمووده‌کان)
233
**علم الرواية**
زانستی گێڕانەوە
234
**علم الجرح والتعديل**
زانستی ڕەخنەو ڕاستکردن
235
**كتب الصحاح الستة**
کتێبی شەش ڕاستکە رەوەکان
236
**مسند الأئمة الأربعة**
پشت پێ بەستراوی 4 ئیماکەکە
237
**مجموعات الأحاديث الأخرى**
کۆمەڵێك فەرموودەی تر

238
**أحاديث الطوائف غير السنية**
فەرموودەی هۆزە نا سونیەکان
239
**السيرة النبوية**
ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن
240
**العقيدة وإصول الدين (التوحيد)**
باوەڕ و بنەماکانی ئایین
241
**المسائل والأمور الكلامية**
مەسەلەی قسە کردن
242
**الألهيات**
خواوەندەکان
243
**النبوات**
پێغەمبەران
244
**الكتب السماوية**
کتێبە ئاسمانییەکان
245
**اليوم الأخر**
ڕۆژی دوایی
246
**الأيمان**
باوەڕ
247
**مسائل الأمامة والخلافة**
مەسەلەی ڕابەری و نوێنەری (جێ نشینەکان)

248

**الخوارج**

لادەرەکان

249

**الألحاد والملاحدة**

بێ باوەڕەکان

250

**الفقه الأسلامية**

فقی ئیسلامی

251

**اصول الفقة الأسلامي**

بنەچەی  فیقهی ئیسلامی

252

**العبادات**

خواپەرستی

253

**المعاملات**

مامەڵەکردن

254

**الأحوال الشخصية**

باری کەسیەتی

255

**الجنايات**

تاوانەکان

256

**السير والجهاد**

خۆبەخت کردن

257

**النضم الأسلامية**

سیستەمی ئیسلامی

258

**المذاهب الفقية**

ڕێبازە فیقیەکان

259

**الفتاوي الأسلامية**

بڕیارە ئیسلامیەکان

260

**التصوف**

سۆفی گەری

261

**التصوف السلفي**

سۆفیگەری سەلەفی

262

**التصوف السني المعتدل**

سۆفیگەری سونی مام ناوەند

263

**التصوف الثيوسوفي**

سۆفیگەری ڕێبازە زمانەوانیەکان

264

**مصادر التصوف بالمكان**

سەرچاوەکانی سۆفیگەری به پیٚ ی شوێن

265

**مصادر التصوف بالطريقة**

سەرچاوەکانی سۆفیگەری بە پیٚ ی ڕێگا

266

**مصادر التصوف التراثية**

سەرچاوەکانی سۆفیگەری کەلەپورەکان

267

**مقامات التصوف**

تەواشیحی سۆفیگەری (ئەو سوٚزانەی لە زیکردا دەبچڕێت)

268

**أحوال العارفين**

بارودۆخی زانایان

269

**الطرق الصوفية الحالية**

ڕێگاکانی ئێستای سۆفیگەری

270

**الديانة المسيحية**

ئایینی گاورەکان

271

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

272

**إنجيل والعهد القديم**

ئینجیل لەسەردەمی کۆندا

273

**العقيدة المسيحية**

بیرو باوەڕی مەسیحی وگاور

274

**الأخلاق المسيحية ، العبادات**

ئاکاری مەسیحی ، خواپەرستی

275

**الكنائس المحلية ، النظام الديني الكنسى**

کڵێسا ناوخۆییەکان و سیستەمی ئاینی کڵێسا

276

**الكنيسة المسيحية**

کڵێسە مەسیحیەکان

277

**التثقيف والتعليمي الديني المسيحي**

ڕۆشنبیری و فێرکردن لە ئاینی مەسیحی

278
**النهضة الكنسية الروحية**
ڕاپەرینی کلێسە ڕۆحانیەکان
279
**المعالجة التاريخية ، الجغرافية ، معالجة الأشخاص للكنيسة المسيحية**
چارەسەر مێژووی ، جوگرافی ، چارەسەری کەسانی کلێسا مەسیحیەکان
280
**الكنائس والفرق والمذاهب المسيحية**
کلێسەو گروپە مەسیحیەکان
281
**الكنائس الأولى والكنائس الشرقية**
کلێسە سەرەتایی و گروپە خۆر هەڵاتیەکان
282
**الكنيسة الرومانية الكاثوليكية**
کلێسەی ڕۆمانی و کاپۆلیکی
283
**الكنائس الأنجليكانية**
کلێسە ئینگلیکانیەکان
284
**البروتستانت**
پرۆتستانتەکان
285
**الكنائس البرسبتارية ، الأصلاحية ، المؤتلفة**
کلێسەی بەرسبتاری و چاکسازی
286
**الكنائس المعمدانية ، تلامذة المسيح، الأدفنتست**
کلێسەو معمدانیە قوتابیە مەسیحیەکان
287
**الكنائس المثودية والكنائس ذات الصلة**
کلێسەی میپودی کلێسا پەیوەندی دارەکان

288

**الطوائف الموحدة**

هۆزە یەکگرتووەکان

289

**طوائف مسيحية أخرى**

چەن گروپی مەسیحیەکانی تر وەك ئەستۆریەکان

290

**الديانات الأخرى والدين المقارن**

ئاینەکانی ترو ئاینی بەراوورد

291

**الدين المقارن**

ئاینی بەراووردکاری

292

**الديان الكلاسيكية**

ئاینی کلاسیکی ( کۆن )

293

**الديانات الألمانية**

ئاینە ئەڵمانیەکان

294

**الديانات الهندية**

ئایینە هیندیەکان

295

**الزرادشتية**

ئاینی زەردەشتی

296

**اليهودية**

ئاینی جوولەکە

297

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

298

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

299

**ديانات أخرى**

ئاینەکانی تر

300

**العلوم الأجتماعية**

زانستی کۆمەڵایەتی

301

**علم الأجتماع والأنثرو بولوجيا**

زانستی کۆمەڵناسی ( ئەنترۆبولوجیا)

302

**التفاعل الأجتماعي**

کارلێکی کۆمەڵایەتی

303

**العمليات الأجتماعية**

کردارە کۆمەڵایەتیەکان

304

**العوامل المؤثرة في السلوك الأجتماعي**

هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕەوشتی کۆمەڵگا

305

**الجماعات**

کۆمەڵەکان (گروپە کۆمەڵایەتیەکان)

306

**الثقافة والمؤسسات الأجتماعية**

ڕۆشنبیری و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان

307

**المجتمعات**

کۆمەڵگاکان

309 – 308

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

310

**الأحصاء**

ئامار

311

**طرق الأحصاء**

ڕێگاکانی ئامار

312

**علم الأحصاء السكاني**

زانستی ئاماری  دانیشتوان

313

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

314

**إحصاءات  أوروبا**

ئامارەکانی ئەورووپا

315

**إحصاءات  أفريقيا**

ئامارەکانی ئەفریقیا

316

**إحصاءات  أسيا**

ئامارەکانی ئاسیا

317

**إحصاءات  أمريكا الشمالية**

ئامارەکانی ئەمەریکای باکوور

318

**إحصاءات  أمريكا الجنوبية**

ئامارەکانی ئەمەریکای خواروو

319

**إحصاءات مناطق أخرى**

ئامارەکانی ناوچەکانی تر

320

**السياسة**

ڕامیاری

321

**أنظمة الحكومات والدول**

سیستەمی حکومەت و دەوڵەتان

322

**علاقة الدولة بجماعات المنطقة**

پەیوەندی دەوڵەت به ڕێکخراوەکان

323

**الحقوق السياسية والمدنية**

مافە ڕامیاری و شارستانی

324

**العملية السياسية + الأحزاب + الأنتخابات**

کارە سیاسیەکان ، پارتەکان ، هەڵبژاردن

325

**الهجرة العالمية والأستعمار**

کۆچکردنی جیهانی و ئیستعمار

326

**العبودية ، وتحرير العبيد**

کۆیلایەتی ، ئازادکردنی کۆیلەکان .

327

**إحصاءات أمريكا الجنوبية**

سەرژمێری لە ئەمەریکای باشوور

328

**التشريع السياسي ( السلطة التشريعية )**

یاسادانی سیاسی ( دەسەڵاتی یاسادانان )

329

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

330

**الأقتصاد**

ئابووری

331

**إقتصاديات العمل والعمال**

ئابووری یەکانی کارو کرێکار

332

**إقتصاديات  المال والبنوك**

ئابووری دارایی و بانکەکان

333

**إقتصاديات الأراضي**

ئابووری زەوی و زار

334

**التعاون والتعاونيات**

هاوکاری و هەرەوەزی یەکان

335

**الأشتراكية والنضم  ذات الصلة**

سۆشیالست و  سیستەمە پەیوەندیدارەکان

336

**المالية العامة**

دارایی گشتی

337

**الأقتصاد الدولي**

ئابووری نێو دەوڵەتی

388

**أنتاج**

بەرهەم هێنان

339

**إقتصاديات الأنتاج الكلي ذات الصلة**

ئابووری بەرهەم بە گشتی و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن

340

**القانون**

یاسا

341

**القانون الدولي**

یاسای نێودەوڵەتی

342

**القانون الدستوري والأداري**

یاسای دەستوری و کارگێڕی

343

**القانون العام – العسكري – المالي - الصناعي**

یاسای گشتی - سەربازی - دارایی - پیشەسازی

344

**القانون الأجتماعي والتعليمي والثقافي**

یاسای کۆمەڵایەتی و فێرکاری و ڕۆشنبیری

345

**القانون الجنائي**

یاسای تاوان

346

**القانون الخاص**

یاسای تایبەت

347

**القانون المدني والمحاكمة**

یاسای شارستانی و دادگایی کردن

348

**القوانين واللوائح والقضايا**

یاساو پەراوێزەکانی دادوەری

349

**القوانين في البلدان المختلفة / قانون السلطة القضائية في أماكن خاصة**

یاسا له وولاّته جۆر بەجۆرەکاندا ، یاسای دەسەلاّتی دادوەری له شوێنه تایبەتەکان

350

**الأدارة العامة والعلوم العسكرية**

کارگێڕی گشتی و زانستی سەربازی

351

**الأدارة العامة**

کارگێڕی گشتی

352

**إعتبارات عامة للأدارة العامة**

جەند هەڵسەنگاندێکی گشتی بۆ کارگێڕی

353

**مجالات معينة للأدارة العامة**

بواری دەستنیشانکراوی کارگێڕی گشتی

354

**إدارة العامة للأقتصاد والبيئة**

کارگێڕی گشتی ئابووری و ژینگه

355

**العلوم العسكرية**

زانستی سەربازی

356

**قوات المشآة**

هێزی پیادە

357

**القوات المحمولة أو الراكبة**

هێزی سوارە ( سوار چاکی)

358

**القوات البرية والمدرعة والجوية**

هێزی ووشکانی و زرێ پۆش و ئاسمانی

359

**القوات البحرية**

هێزی دەریایی

360

**الخدمة الأجتماعية والجمعيات**

خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و هەرەوەزی یەکان

361

**المشاكل والرعاية الأجتماعية**

گرفتە کان و چاودێری کۆمەڵایەتی

362

**المشاكل الأجتماعية والأنعاش الأجتماعي أخرى**

کێشەوگرفتەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی تر

363

**الخدمات والمشاكل الأجتماعية أخرى**

خزمەتگوزاریەکان وکێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی تر

364

**علم الأجرام**

زانستی تاوان

365

**علم العقاب والمؤسسات**

زانستی سزاکان و دامەزراوەکان

366

**الجمعيات**

کۆمەڵەکان

367

**الأندية العامة**

یانە گشتیەکان

368

**التأمين**

دڵنیایی

369

**متفرقات من الجمعيات**

کۆمەڵە جیاوازەکان  لە ڕێکخراوەکان

370

**التربية والتعليم**

پەروەردەو فێرکردن

371

**المدرسة والمدرسون والأدارة المدرسية / التعليم الخاص**

قوتابخانەو ماموٚستاکان و کارگێڕی قوتابخانەکان  /خوێندن و فێرکردنی تایبەت

372

**التعليم الأساسي ( الأبتدائي والأعدادي )**

خوێندن وفێرکردنی بنەڕەتی

373

**التعليم الثانوي**

خوێندن وفێرکردنی ناوەندی و ئامادەیی

374

**تعليم الكبار**

خوێندن وفێرکردنی گەورەکان (بەتەمەنەکان)

375

**المناهج**

پرۆگرامەکان

376

**التعليم النسوي**

خوێندن وفێرکردنی ئافرەت

377

**التعليم الديني ( المدارس والدين )**

خوێندن وفێرکردنی ئایین ( قوتابخانە ئاینیەکان )

378

**التعليم العالي ( الجامعي )**

فێرکردنی(خوێندنی باڵا) زانکۆ – زانستگا

379

**قضايا السياسة العامة في التعليم / قرارات تعليمية  خاصة**

كاروباری ڕامیاری گشتی لە فێرکردندا / بڕیارەکانی فێرکردنی تایبەت

380

**التجارة والنقل  والأتصالات**

بازرگانی و گواستنەوەو گەیاندن

381

**التجارة الداخلية**

بازرگانی ناوخۆ

382

**التجارة الدولية ( الخارجية )**

بازرگانی دەرەکی نێو دەوڵەتی

383

**الأتصالات  البريدية**

پەیوەندییە پۆستەییەکان (گواستنەوو گەیاندن)

384

**الأتصالات السلكية واللآسلكية**

پەیوەندی یە  تەلدارو بێ تەلەکان

385

**النقل بالسكك الحديدية**

گواستنەوە  بە هێڵی ئاسندا

386

**النقل المائي الداخلي**

گواستنەوەی  ئاوی  (ناوخۆ)

387

**النقل البحري والجوي والفضائي**

گواستنەوە بەڕێگەی ئاوی و ئاسمانی و  گەردونی

388

**النقل البري**

گواستنەوەی ووشکانی ( سەر زەوی )

389

**الأوزان والمقاييس**

زانستی پێوانەکردن ( کێش و پێوانە )

390

**العادات والتقاليد والأزياء والأدب الشعبي**

داب و نەریت و جلو بەرگی میللی

391

**الملابس والأزياء والمظهر الشخصي**

جل و بەرگ و  ڕوخساری کەسیەتی

392

**العادات  اليومية والحياة المنزلية**

داب و نەریتی ڕۆژانەو ژیانی ناوماڵ

393

**عادات الموت أو الوفاة  والتعزية**

داب و نەریتی مەرگ و پرسە(نەریت لە مردن و پرسەدا)

394

**العادات والتقاليد العامة**

داب و نەریتە گشتیەکان

395

**آداب السلوك**

داب و نەریتی هەڵسوکەوت

396

**غير مستخدم**

بەکار نەهێنراو

397

**العادات  والتقاليد الأرياف والرحالة**

داب و نەریتی گوند نشین و ڕەوەندەکان

398

**التراث الشعبي ( الفولكلور )**

کەلە پوری  میللی ( فۆلکلۆر)

399

**عادات الحرب والدبلوماسية**

داب و نەریتی جەنگ و دیپلۆماسیەت

400

**اللغات**

زمانەکان

401

**علم اللغة المقارن**

زانستی زمان و بەراوردی زمانەکان

402

**الأشتقاق**

وتە سازی ( بنەمای ووشە)

403

**علم المعاجم**

زانستی فەرهەنگ و ووشە

404

**الأصوات اللغوية**

دەنگە زمانەوانیەکان

405

**النحو والصرف**

زانستی ڕێزمان و وشە سازی

406

**علم العروض**

(زانستی ڕێکخستنی هۆنراوە )

407

**اللهجات العامية**

زارە گشتیەکان ( زمانەکانی ناو خەڵك)

408

**التطبيقات اللغوية**

ڕاهێنانی زمانی (جێ بەجێکردن)

409

**اتصال اللفظي غير المكتوب / اللغة غير المنطوقة أو المكتوبة**

پەیوەندی زاری نەك نووسراو (هێما کردن)

410

**اللغة العربية**

زمانی عەرەبی

411

**الكتابة والأصوات العربية**

نوسین و دەنگەکان لە زمانی عەرەبیدا

412

**علم الأشتقاق في اللغة العربية**

زانستی پەرت ببون لە زمانی عەرەبیدا

413

**المعاجم العربية**

فەرهەنگی ووشەدان

414

**البلاغة العربية**

ڕەوانبێژی

415

**النحو والصرف العربي**

ڕێزمان و ووتە سازی عەرەبی

416

**العروض والقوافي العربية**

کێش و سەروا

417

**اللهجات العامية العربية**

زمانە گشتیە (ناوخۆییەکان) عەرەبیەکان

418

**التطبيقات اللغوية العربية / الأستخدام اللغوي المعياري**

پراکتیزە کردنی زمان

419

**تأريخ اللغة العربية**

مێژووی زمانی عەرەبی

420

**اللغة الأنكليزية**

زمانی ئینکلیزی

421

**الكتابة والأصوات الأنكليزية**

نوسین و دەنگەکانی زمانی ئینکلیزی

422

**الأشتقاق في اللغة الأنكليزية**

وتە سازی لە زمانی ئینکلیزی دا

423

**المعاجم الأنكليزية**

فەرهەنگە ئینگلیزیەکان

424

**الكلمات المرادفة**

ووشە هاوتاکان

425

**اللهجات العامية والأنكليزية**

زاری زمانەگشتیەکان و ئینگلیزیەکان (زمانەکانی ناو خەڵك)

426

غير مستخدم

بەکار نەهاتووە

427

**اللهجات العامية الأنكليزية الفروق التاريخية والجغرافية / الأختلافات والتغييرات اللغوية**

زاراوە ئینگلیزیە گشتیەکان و جیاوازی مێژووی و جوگرافی / جیاوازی و گۆڕانکایە زمانەوانیەکان

428

**التطبيقات اللغوية والأنكليزية**

پراکتیزە کردنی زمان
429
**الأنجلو ساكسونية ( الأنكليزية القديمة )**
ئەنگلو ساکسۆنی ( ئینگلیزی کۆن )
430
**اللغة الألمانية**
زمانی ئەلمانی
431
**الكتابة والأصوات الألمانية**
نوسین و دەنگە ئەڵمانیەکان
432
**الأشتقاق في اللغة الألمانية**
وتەسازی لە زمانی ئەلمانی
433
**المعاجم الألمانية**
وشەدان و فەرهەنگەکان
434
**غير مستخدم**
بەکار نەهاتووە
435
**قواعد اللغة الألمانية**
ڕێزمانی زمانی ئەڵمانی
436
**غير مستخدم**
بەکار نەهاتووە
437
**اللهجات العامية الألمانية / الأختلافات - التغيرات اللغوية**
زاراوە گشتیە ئەڵمانیەکان و جیاوازی یەکان و گۆڕانە زمانەوانیەکان
438
**التطبيقات اللغوية الألمانية**

پراکتیزە کردنی  زمانی ئەڵمانی
439
**لغات المانية أخرى**
زمانە ئەڵمانیەکانی تر
440
**اللغة الفرنسية**
زمانی فەرەنسی
441
**الكتاب و  والأصوات**
نوسین و دەنگەکان
442
**الأشتقاق**
ووتە سازی
443
**المعاجم**
فەرهەنگەکان
444
**غير مستخدم**
بەکار نەهێنراوە
445
**قواعد اللغة الفرنسية**
ڕێزمانی زمانی فەرەنسی
446
**غير مستخدم**
بەکار نەهاتووە
447
**اللهجات العامية الفرنسية**
زاراوە گشتیەکان لە زمانی فەرەنسیدا
448
**التطبيقات اللغوية /  الأختلافات والتغييرات  اللغوية**

پراکتیزە کردنی زمان و جیاوازییەکان و گۆڕانکارییە زمانەوانیەکان

449

**لغات البروفيشنال والكاتلان**

زمانەکانی پرۆفیشناڵ و کاتلان

450

**اللغة الأيطالية والرومانية**

زمانە ئیتاڵی و ڕۆمانیەکان

451

**الكتابة والأصوات الأيطالية**

نووسین و دەنگە ئیتاڵیەکان

452

**الأشتقاق في اللغة الأيطالية**

وتەسازی لە زمانی ئیتاڵی

453

**المعاجم الأيطالية**

فەرهەنگی ئیتاڵی

454

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

455

**قواعد اللغة الأيطالية**

ڕێزمانی زمانی ئینکلیزی

456

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

457

**اللهجات الأيطالية العامية**

زاراوە ئیتاڵی گشتی

458

**التطبيقات اللغوية**

پراكتيزە كردنی زمان
459
**اللغة الرومانية والريتورومانية**
زمانی بە ڕەچەڵەك ڕۆمانی
460
**اللغة الأسبانية والبرتغالية**
زمانی ئیسپانی و پورتوگالی
461
**الكتابة والأصوات للغة الأسبانية**
نوسین و دەنگەكانی زمانی ئیسپانی
462
**الأشتقاق في اللغة الأسبانية**
ووتە سازی لەزمانی ئیسپانی دا
463
**المعاجم الأسبانية**
فەرهەنگی ئیسپانی
464
**غير مستخدم**
بەكار نەهاتووە
465
**قواعد اللغة الأسبانية**
ڕێزمانی زمانی ئیسپانی
466
**غير مستخدم**
بەكارنەهێنراو
467
**اللهجات العامية الأسبانية**
زاراوە گشتیەكانی ئیسپانی
468
**التطبيقات اللغوية الأسبانية**

پراکتیزە کردنی زمانی ئیسپانی

469

**اللغة البرتغالية**

زمانی پورتوگالی

470

**اللاتينية**

زمانی لاتینی

471

**الكتابة والأصوات**

نوسین و دەنگەکان

472

**الأشتقاق**

ووتەسازی

473

**المعاجم**

فەرهەنگ

474

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

475

**القواعد**

ڕێزمان

476

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

477

**اللاتينية القديمة والفولجارية**

لاتینی کۆن و گشتی

478

**التطبيقات اللغوية**

پراکتیزە کردنی زمان
479
**لغات لاتينية أخرى**
زمانە لاتینیەکانی تر
480
**اللغات الهلينية ، اليونانية الكلاسيكية**
زمانەکانی هیلینی و یۆنانی و کلاسیکی
481
**الكتابة والأصوات لليونانية والكلاسيكية**
نوسین و دەنگەکان لە یۆنانی و کۆندا
482
**الأشتقاق في اليونانية والكلاسيكية**
ووتە سازی لە یۆنانی و کۆندا
483
**معاجم اليونانية الكلاسيكية**
فەرهەنگی یۆنانی کۆن
484
**غير مستخدم**
بەکار نەهاتووە
485
**قواعد اليونانية الكلاسيكية**
ڕێزمانی یۆنانی کۆن
486
**غير مستخدم**
بەکار نەهاتووە
487
**اليونانية الحديثة**
زمانی یۆنانی نوێ
488
**تطبيقات اليونانية الكلاسيكية**

پراكتیزە كردنی یۆنانی كۆن
489
**لغات هلينية اخرى**
زمانەكانی  هیلینی تر ( گریك )
490
**اللغات الأخرى**
زمانەكانی تر
491
**اللغات الهندو أوروبية والكلتية**
زمانەكانی هیندو ئەوروپی
492
**اللغات الحامية السامية ( الأفرو اسيوية )**
زمانەكانی حامی و سامی و  ئەفریقی و  ئەسیایی
493
**اللغات الفرو اسيوية غير السامية**
زمانەكانی  ئەفریقی و ئاسیاوی كە سامی نین
494
**اللغات الالتية ، الأورالية ، السيبرية القديمة**
زمانەكانی  ئۆرالی  فلەندی و ئۆكرانی كۆن
495
**لغات شرق وجنوب شرق اسيا ، اللغات الصين – تبتية**
زمانەكانی   ڕۆژ هەڵات و باشووری  ڕۆژهەڵاتی  ئاسیا ، زمانەكانی چین و تبت
496
**اللغات الفريقية**
زمانە ئەفریقیەكان
497
**لغات أمريكا الشمالية الأصلية**
زمانی ڕەسەنی ئەمەریكای باكوور
498
**لغات أمريكا الجنوبية الأصلية**

زمانی ڕەسەنی ئەمەریکای باشوور

499

**لغات غير استرونيزية للأقيانوس ، لغات استرونيزية**

زمانە ئەسترونیزی و نائەسترونیزی ئۆقیانووس

500

**العلوم الطبيعية**

زانستە سروشتیەکان

501

**الفلسفة والنظريات**

فەلسەفەو تیۆرییەکان

502

**المنوعات العلمية**

زانستە هەمە ڕەنگەکان

503

**المعاجم العلمية والدوائر المعارف**

فەرهەنگە زانستی و ئینسایکلۆپیدیایەکان

504

**غير مستخدم**

بەکار نەهێنراو

505

**الدوريات العلمية**

خولاوە زانستیەکان

506

**الجمعيات والمنظمات العلمية**

کۆمەڵە و ڕێکخراوە زانستیەکان

507

**التعليم والبحث والموضوعات المتصلة**

خوێندن وفێربوون و توێژینەوەوبابەتە پەیوەندیدارەکان

508

**التأريخ الطبيعي**

مێژووی سروشتی

509

**المعاملة التاريخية والجغرافية والأشخاص**

مامەڵەی مێژووی و جوگرافی و کەسایەتی

510

**الرياضيات**

بیرکاری

511

**المبادئ العامة**

بنەما گشتیەکان

512

**الجبر ونظرية العدد**

جەبر (بیرکاری) و تیوری ژمێرە

513

**الحساب**

ژماردن

514

**التوبولوجيا / الخصائص الهندسية للأشكال**

تایبەتمەندی وێنە ئەندازیاریەکان

515

**التحليل الرياضي ( التفاضل والتكامل )**

جیاکاری و تەواوکاری

516

**الهندسة**

ئەندازیاری

517

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

518

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

519

**الأحتمالات والرياضيات التطبيقية**

گریمانەو بیرکاری پراکتیزەکردن

520

**الفلك**

گەردوون

521

**الفلك النظري**

گەردونی  تیۆری

522

**الفلك  العملي ( الأجهزة والمعدات )**

تەکنەلۆجیاو ئامێرو کەل و پەلە گەردونیەکان

523

**الفلك الوصفي الأجرام السماوية وظواهرها**

گەردونی باسکراو دیاردە ئاسمانیەکان

524

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

525

**الجغرافية الفلكية ( الأرض )**

جوگرافیای گەردوونی

526

**الجغرافية  الرياضية ( المساحة )**

جوگرافیای بیرکاری( ڕوپێوی)

527

**الملاحة الفلكية**

کەشتی وانی گەردوونی (گەشتکردن بۆ ئاسمان)

528

**التقاويم البحرية**

ڕۆژمێری  کەشتیوانیە ئاوی یەکان

529

**التوقيت**

دیارکردنی کات

530

**الفيزياء**

فیزیك

531

**ميكانيكا الأجسام الصلبة**

بارو دۆخی تەنە ڕەقەکان

532

**ميكانيكا السوائل  والموائع**

بارودۆخی  شلەوەبوەکان

533

**ميكانيكا الغازات**

میکانیکی گازەکان

534

**الصوت  والأهتزازات**

دەنگ و لەرینەوەکان

535

**الضوء**

تیشك - ڕووناکی

536

**الحرارة**

گەرمی

537

**الكهرباء والألكترونيات**

کارەبای و ئەلکترۆنیەکان

538

**المغناطيسية**

موگناتیسی

539

**الفيزياء الحديثة والذرية**

فیزیای نویَ ( ئەتۆم و گەردیلە)

540

**الكيمياء**

کیمیا

541

**الكيمياء الفيزيائية والنظرية**

کیمیاو فیزیای تیۆری

542

**المختبرات الكيميائية/التقنيات**

تاقیگەی کیمیاو ئامێرو کەل و پەل

543

**الكيمياء التحليلية**

کیمیای شیکاری

544

**الكيمياء النوعية**

کیمیای جۆری

545

**الكيمياء الكمية**

کیمیای هەند

546

**الكيمياء غير العضوية**

کیمیای نائەندامی

547

**الكيمياء العضوية**

کیمیای ئەندامی یان ئۆرگانی

548

**علم البلورات**

زانستی کریستاڵ – بلوری
549
**علم المعادن**
زانستی کانزاکان
550
**الجیولوجیا ( علوم الأرض )**
زەوی ناسی
551
**علم الأرض والأرصاد الجویة والمیاه**
زانستی زەوی ناسی و کەش و هەوا
552
**تكوین الصخور**
دروستبوونی بەردەکان ( چینەکانی بەرد)
553
**الجیولوجیا الأقتصادیة**
جیولوجیای ئابووری
554
**جیولوجیا أوروبا ودولها**
جیۆلۆجیای ئەوروپا و وولاتەکانی
555
**جیولوجیا اسیا ودولها**
جیولۆجیای ئاسیاووولاتەکانی
556
**جیولوجیا أفریقیا ودولها**
جیولوجیای ئەفەریقاو وولاتەکانی
557
**جیولوجیا أمریکا الشمالیة ودولها**
جیولۆجیای ئەمەریکای باکوور و وولاتەکانی
558
**جیولوجیا أمریکا الجنوبیة ودولها**

جیولۆجیای باشوورە وولاّتەکانی
559

**جيولوجيا مناطق أخرى**

جیولۆجیای ناوچەکانی تر
560

**علم الأحافير والمستحاثات / الحفريات النباتية والحيوانية**

زانستی هەڵکۆڵینی و چاڵ کردن :( هەڵکوڵینی ڕووەك وئاژەڵ )( زانستی بە بەردبووەکان دەگرێتەوە)
561

**متفرقات حفريات اللأفقريات البحرية والشاطئية**

هەڵکۆڵینی جۆارو جۆر لە بربڕەدارەکانی ناو ئاو و قەراخ ئاو
562

**أحافير الحيوانات اللآفقرية**

( جێ ماوە) پاشماوەی هەڵکۆڵینی زیندەوەرە بێ بربڕەکان
563

**مستحاثات الأولية**

( جێ ماوە) پاشماوەی زیندەوەرە سەرەتاییەکان
564

**مستحاثات الرخويات**

( جێ ماوە) پاشماوەی نەرمۆڵەکان
565

**حفريات المفصليات**

( جێ ماوە) پاشماوەی هەڵکۆڵینی زیندەوەرە جومگە دارەکان
566

**حفريات الحبليات**

( جێ ماوە) پاشماوەی هەڵکۆڵینی زیندەوەرە پەتکدارەکان
567

**احافير ذوات الدم البارد**

( جێ ماوە) پاشماوەی هەڵکۆڵینی زیندەوەرە خوێنساردەکان
568

**احافير الطيور**

( جێ ماوه)  پاشماوەی هەڵکۆڵینی  باڵندەکان

569

**احافير  الثديات**

( جێ ماوه)  پاشماوەی هەڵکۆڵینی زیندەوەرە شیردەرەکان

570

**الأحياء / بايۆلۆجی**

زیندەوەر زانی

571

**الفسيولوجيا والموضوعات ذات الصلة**

فرمانزانی و زانستە پەیوەندیدارەکان

572

**الكيمياء الحيوية**

کیمیای ژیانی

573

**اعضاء  فسيولوجية معينة في الحيوانات**

ئەندامە فیسیولۆجیە دەستنیشانکراوەکان لە زیندەوەراندا

574

**غير مستخدم**

بەکارنەهاتوو

575

**أعضاء فسيولوجية في النباتات**

ئەندامە فرمان زانیەکانی ناو ڕووەك

576

**الوراثة  والتطور العضوي**

بۆماوەیی و پەرەسەندنی  ئەندامی

577

**علم البيئة**

زانستی ژینگە

578

**التاريخ الطبيعي للكائنات الحية**

مێژووی سروشتی گیاندارە زیندووەکان

579

**الحياء الدقيقة**

زیندەوەرە هێجگار بچووکەکان ( ڤایرۆس ، میکرۆب ،.........)

580

**النبات**

ڕووەك

581

**علم النبات**

زانستی ڕووەك

582

**النباتات المعروفة لخصائص النباتية**

ئەو ڕووەکانەی ناسراون بە تایبەتمەندی ڕووەکیەکان

583

**النباتات الزهرية مغطاة البذور ذات الفلقة**

ڕووەکە گوڵدارە داپۆشراوە یەك پەلەکان

584

**النباتات الزهرية مغطاة البذور ذات الفلقتين**

ڕووەکە گوڵدارە داپۆشراوە دوو پەلەکان

586

**النباتات عادية البذور**

ڕووەکە تۆودارەکان

587

**النباتات اللآبذرية**

ڕووەکە بێ تۆوەکان

588

**الحزازيات**

ڕووەکە لوولەدارەکان

589

**الثالوسيات**

ئەو ڕووەکانەی  بێ ڕەگ و گەڵان — وەك قارچك و دوومەڵان  و قەوزە .

590

**الحيوان**

ئاژەڵناسی

591

**علم الحيوان**

زانستی  ئاژەڵناسی

592

**اللآفقريات**

بێ بڕبڕەکان

593

**لافقريات بحرية وشاطئية متفرقة**

بێ بڕبڕە جیاوازە ئاویەکانی ناو دەریاو قەراخ ئاو.

594

**الرخويات  وشبه الرخويات**

نەرمۆڵەکان و هاو شێوەکانیان

595

**لافقريات أخرى / حيوانات المفصلية**

بێ بڕبڕەکانی تر

596

**الحبليات**

پەتکدارەکان

597

**الفقاريات ذات الدم البارد**

بڕبڕەدارە خوێن ساردەکان

598

**الطيور**

باڵندەکان

599

**الثدييات**

شيردەرەکان

600

**العلوم التطبيقية والتكنولوجية**

زانستە پراکتیکیەکان

601

**فلسفة ونظريات**

فەلسەفەو تیۆرییەکان

602

**منوعات**

جۆراو جۆر

603

**معاجم وموسوعات**

فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا

604

**التقنيات العامة / والموضوعات الخاصة**

تەکنەلۆژیا بە گشتی لەگەڵ بابەتی تایبەتیدا

605

**الدوريات**

خولاوەکان

606

**المنظمات**

ڕێکخراوەکان

607

**التعليم والبحث والموضوعات المتصلة**

فێر کردن و توێژینەوەو بابەتە پەیوەندیدارەکان

608

**الأختراعات وبراءات الأختراع**

داهێناکەکان

609

**المعالجة التاريخية والجغرافية والأشخاص**

چارەسەری مێژووی و جوگرافی و کەسایەتیەکان

610

**الطب**

پزیشکی ( نۆژداری )

611

**التشريح والخلايا والأنسجة**

توێکاری خانەو شانەکان

612

**علم وظائف الأعضاء ( الفسيولوجيا )**

زانستی فرمانزانی

613

**تعزيز الصحة**

چاودێری تەندروستی

614

**الطب الشرعي ، حدوث المرض**

پزیشکی دادوەری ، شیکاری ڕووداوی مردن

615

**علم العقاقير وعلم المداواة**

زانستی دەرمانسازی

616

**علم الأمراض**

زانستی نەخۆشیەکان

617

**الجراحة**

نەشتەرگەری

618

**فروع أخرى من الطب /أمراض النساء والولادة**

لقەکانی تری پزیشکی وەك نەخۆشیەکانی ژنان و منداڵبوون

619

**الطب التجريبي**

پزیشکی ئەزموونگەری

620

**الهندسة**

ئەندازیاری

621

**الهندسة الفيزياء الميكانيكية والكهربائية والألكترونية**

ئەندازەی فیزیائی

622

**هندسة التعدين**

ئەندازیاری کانەکان

623

**الهندسة العسكرية والبحرية**

ئەندازەی سەربازی و دەریایی

624

**الهندسة المدنية**

ئەندازەی شارستانی

625

**هندسة السكك الحديدية والطرق**

ئەندازەی هێڵی ئاسن و ڕێگاکان

626

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

627

**الهندسة الهيدروليكية المائية**

ئەندازەی ئاوی

628

**الهندسة الصحية**

ئەندازەی تەندروستی

629

**فروع الهندسة الأخرى**

لقەکانی تری ئەندازە

630

**الزراعة**

کشتوکاڵ ( چاندن )

631

**تقنيات معينة ، الأجهزة ، المعدات ، المواد**

تەکنەلۆژیای ئامێرو کەرەستە کشتوکاڵیەکان

632

**ألصابات والأمراض والأفات الزراعية**

دەردو نەخۆشیە لەناو بەرە کشتوکاڵیەکان

633

**المحاصيل الحقلية**

بەرو بوومی کێڵگەیی

634

**الأشجار المثمرة والفواكة والغابات**

درەختی بەردارو میوەو دارستانەکان

635

**الخضراوات**

سەوزەوات

636

**تربية المواشي والحيوانات الداجنة**

پەروەردەکردنی مەڕو ماڵات و گیاندارە چینەکەرەکان

637

**الألبان وصناعاتها**

پیشەسازی شیرەمەنی

638

**تربية الحشرات الأقتصادية**

پەروەردە کردنی مێرووە سوود بەخشەکان

639

**الحيوانات والنباتات البرية ، التكنولوجيا ذات الصلة**

ئاژەڵ و ڕووەکی خۆرسك و تەکنەلوژیای پەیوەندیدار

640

**الأقتصاد المنزلي**

ئابووری ناوماڵ

641

**الطعام والشراب**

خواردن و خواردنەوە

642

**الوجبات وخدمة المائدة**

ژەمە خۆراك و خزمەتگوزاری سەر خوان

643

**المنزل والأدوات المنزلية**

ماڵ و کەرەستەکانی ناوماڵ

644

**المنافع المنزلية**

سوود بەخشەکانی ناوماڵ

645

**التأثيث والديكور المنزلي**

کەل و پەل و دیکۆراتی ناو ماڵ

646

**الخياطة والملابس**

دروومان و جل و بەرگ

647

**إدارة المنازل والمساكن العامة**

بەڕێوەبردنی ماڵ و شوێنە گشتیەکان

648

**العناية بشؤون المنزل**

بایەخدان بە کارو باری ناوماڵ

649

**رعاية الأطفال والمرضى والعجزة**

چاودێری منالّ و نەخۆش و پەککەوتە

650

**إدارة الأعمال**

کارکێڕی کارەکان ( بەڕێوەبردنی ئیشو کار)

651

**خدمات المكاتب**

خزمەتگوزاری نوسینگەکان

652

**أعمال الأتصالات الكتابية**

پرۆسەی پەیوەندیکردن بە نووسین

653

**الأختزال**

کەمکردنەوە

654

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

655

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

656

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

657

**المحاسبة**

ژمێریاری

658

**إدارة وتنظيم الأعمال**

بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان

659

**العلاقات العامة والأعلانات**

پەیوەندی یە گشتیەکان و پرۆ پاگەندەکان

660

**هندسة الكيمياء الصناعية (التكنولوجيا الكيميائية )**

ئەندازەی کیمیای پیشە سازی

661

**تكنولوجيا الكيمياويات الثقيلة**

تەنکنولۆژیاری کیمیاگەری قورس

662

**تكنولوجيا الوقود**

تەکنەلۆژیای سووتەمەنی

663

**تكنولوجيات المشروبات**

تەکنەلۆژیای خواردنەوە

664

**الصناعات الغذائية**

پیشەسازی خۆراك

665

**تكنولوجيا الزيوت والدهون**

تەکنەلۆژیای ڕۆنی شل و ڕەق

666

**الصناعات الخزفية**

تەکنەلۆژیای سیرامیك ( چینی و شووشە)

667

**التنظيف صناعات الأصباغ والألوان**

پاکردنەوەی پیشە سازی بۆیاخ و ڕەنگەکان

668

**تكنولوجيا منتجات عضوية أخرى**

تەکنەلۆژیای بەرهەمە ئەندامیەکانی تر

669

**التعدين ( الميتالورجيا )**

بەکانزا کردن (کانزاسازی)

670

**الصناعات الثقيلة**

پیشەسازیە قورسەکان

671

**صناعات المعادن**

پیشە سازی کانزاییەکان

672

**الحديد ، الصلب ، المصنوعات الفولاذية**

ئاسن و دروستکراوە پۆڵاییەکان

673

**المصنوعات المعدنية غير الحديدية**

پیشە سازیە کانزاییەکان جگە لە ئاسن

674

**صناعات الأخشاب**

پیشە سازی تەختە

675

**صناعة الجلد والفرو**

پیشە سازی پێستەو فەرو

676

**صناعة الورق**

پیشە سازی کاغەز

677

**صناعات النسيج**

پیشە سازی یەکانی چنین

678

**صناعة المطاط**

پیشە سازی لاستیك

679

**منتجات أخرى لمواد معينة**

بەرهەمەکانی تری بابەتە دیاریکراوەکان

680

**تصنيع المنتجات ، الصناعات الخفيفة**

دروستکردنی بەرهەمەکان و پیشە سازیە سوکەکان

681

**الأجهزة والالات الدقيقة**

ئامێرو کەرەستە وردبینیەکان

682

**إشغال الحدادة**

کاری ئاسنگەری

683

**الأسلحة الخفيفة والأدوات المنزلية**

چەکی سوك و کەرەستەی ناوماڵ

684

**الأثاث**

کەل و پەل

685

**صناعة الجلد والفرو**

پیشە سازی پێستەو فەرو

686

**الطباعة**

چاپەمەکیەکان

687

**صناعة الملابس**

پیشە سازی جل و بەرگ

688

**منتجات نهائية أخرى وتقنيات التعبئة والتغليف**

پیشە سازی بەهەم هێنراوەکانی تر وەك لە قوتوونان و داپۆشین

689

**غير مستخدم**

بەکار نەهێنراو

690

**البناء والمباني**

کۆشك و باڵەخانەکان

691

**مواد البناء**

کەرەستەکانی باڵەخانە

692

**الأعمال الأنشائية المساندة**

ڕێگاکانی  کاری بینا سازی

693

**البناء بمواد معينة**

بیناسازی  بەکەرەستەیەکی  دیاریکراو

694

**الأنشاءات الخشبية**

بینا سازی  تەختە

695

**إنشاء السقوف**

دروستکردنی بان ( سەقف )

696

**إنشاء المنافع والمرافق الصحية**

دروستکردنی  ئاوەڕۆ و تەوالیت

697

**هندسة  التدفئة والتهوية والتكييف**

ئەندازەی  ساردی و گەرمی فینك کەرەوە

698

**تشطيب الأجزاء الثانوية ، تشطيبات المباني**

تەواوکردنی بەشە لاوەکیەکانی ناو باڵخانە .

699

**غير مستخدم**

بەکار نەهێنراو

700

**الفنون**

هونەرەکان

701

**فلسفة ونظريات الفنون الجميلة**

فەلسەفەو تیۆری هونەرە جوانەکان

702

**منوعات للفنون الجميلة**

جۆراو جۆر لە هونەرە جوانەکاندا

703

**معاجم وموسوعات**

وشەدان و فەرهەنگەکان

704

**موضوعات خاصة**

بابەتە تایبەتەکان

705

**الدوريات**

خولاوەکان

706

**المنظمات والجمعيات**

ڕێکخراو کۆمەڵەکان

707

**البحث والتعليم والموضوعات ذات الصلة**

توێژینەوەو فێرکردن و بابەتی پەیوەندیدار بەیەکەوە

708

**المعرض والمتاحف الفنية الدائمة**

پێشانگاو مۆزەخانە هونەرییە هەمیشەییەکان

709

**المعاملة التاريخية والجغرافية**

مامەڵە مێژووی و جوگرافیەکان لە هونەردا

710

**تخطيط المدن والعمران**

پلاندانانی شارەکان و ئاوەدانکردنیان.

711

**تخطيط المناطق والمساحات**

پلاندانانی ناوچەکان و ڕوبەرەکان

712

**عمارة أو هندسة المناظر الطبيعية وتصميمها**

باڵەخانە و ئەندازەی دیمەنە سروشتیەکان و وێنە کێشان

713

**تخطيط الطرق**

پلاندانانی ڕێگاو بان

714

**تخطيط المعالم المائية**

پلاندانانی جیهانی ئاوی

715

**تخطيط الأشجار كمناظر طبيعية**

پلاندانانی دارو درەخت و دیمەنی سروشتی

716

**تخطيط المساحات الخضراء – الأعشاب**

ر پلاندانانیڕ و پێوی سەوزایی

717

**المباني والأنشاءات كمناظر طبيعية**

پلاندانانی باڵەخانە وەك دیمەنی سروشتی

718

**تخطيط المقابر**

پلاندانانی گۆڕستانەکان

719

**المناطق الخلوية والطبيعية**
ناوچه  چۆڵەوانی و سروشتیەکان
720
**الهندسة المعمارية**
تەلارسازی
721
**الهندسة المعمارية الأنشائية**
بونیادی  تەلارسازی باڵەخانەکان.
722
**الهندسة  المعمارية القديمة والشرقية**
تەلارسازی  کۆن و ڕۆژ هەلاّتی
723
**العمارة في العصور الوسطى**
تەلار سازی  لە چاخەکانی  ناوەڕاستدا
724
**العمارة الحديثة  1400 م**
تەلارسازی لەسەردەمی 1400 ز
725
**الهندسة  المعمارية للمباني العامة**
تەلارسازی  لە باڵەخانە  گشتیەکاندا
726
**الهندسة المعمارية للمباني الدينية**
تەلارسازی  لە باڵە خانە ئایینیەکاندا
727
**مباني  المؤسسات  التعليمية**
باڵەخانەی  دامەزراوە  فێرکاری یەکان
728
**المباني السكنية**
باڵەخانەکانی نیشتە جێ بوون
729

**تصميم وزخرفة المباني**
دیزاین و نەخشی تەلارسازی
730
**الفنون التشكيلية والنحت**
هونەری شێوەکاری و هەڵکۆڵین
731
**عمليات نحت التماثيل**
پرۆسەی پەیکەر سازی
732
**النحت البدائي والقديم والشرقي حتى عام 500 م**
پەیکەر سازی سەرەتایی کۆن و ڕۆژ هەڵاتی ساڵی 500 ز
733
**النحت اليوناني والروماني والاتروسكي**
پەیکەر سازی یۆنانی و رۆمانی و ئەترۆسکی
734
**النحت في العصور الوسطى من عام 500 حتى عام 1399 م**
پەیکەرسازی لە چاخەکانی ناوەڕاست
735
**النحت الحديث 1400 م**
پەیکەرسازی نوێ 1400 ز
736
**النقش والمنقوشات**
نەخش و نەخشە سازی
737
**النميات ( المسكوكات ) والأختام**
سکە — پارەی کانزایی و مۆر
738
**الخزف**
فەخفوری ( شوشەوات - سقلّ)
739

**الأشغال المعدنية**

ئیشی کانزاکان

740

**الرسم والفنون الزخرفية (الديكور)**

نەخش و هونەری نیگار کێشان

741

**الرسم والرسومات**

وێنە و وێنە کێشان

742

**الرسم المنظوري**

وێنە گرتنی بینراو ( کامێراو ڤیدیۆ )

743

**الرسم حسب الموضوعات**

نیگار کێشان بە گوێرەی بابەتەکان

744

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

745

**الفنون الزخرفية**

هونەری زەغرەفە نیگارکێشان

746

**أشغال النسيج اليدوية**

ئیشی دەست (چنینی دەست )

747

**الديكور الداخلي**

نەخش و جوانکاری ناوەکی

748

**الفنون الزجاجية**

هونەری شووشە – کارکردن لەسەر شووشە

749

**الأثاث وملحقاته**

کەل و پەل و پاشکۆکانیان

750

**التصوير ( الرسم ) الزيتي**

تابلۆ بە بۆیاخی چەور (وێنەکردنی ڕۆنی)

751

**عمليات وأشكال التصوير**

پرۆسەی وێنە کێشان بەکەرەستەو شمەك

752

**الألوان ونظرية اللون**

ڕەنگەکان و تیۆری ڕەنگ

753

**اللوحات الزيتية المجردة والرمزية**

تابلۆ ڕۆنیەکان (هێماییەکان)

754

**لوحات الحياة اليومية**

تابلۆی ژیانی ڕۆژانە

755

**اللوحات الدينية**

تابلۆ ئاینیەکان

756

**اللوحات التاريخية**

تابلۆ مێژووییەکان

757

**لوحات الجسم البشري وأعضائه**

وێنەی جەستەو ئەندامەکانی مرۆڤ

758

**موضوعات أخرى**

بابەتەکانی تری وێنە کێشان

759

**المعاملة التاريخية والجغرافية**

مامەڵە مێژوویی و جوگرافیەکان

760

**الفنون التخطيطية الطباعة**

هونەری پلاندانانی چا پ و چاپکردن

761

**الطباعة البارزة**

چاپی دیار (بەرز)

762

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

763

**الطباعة المستوية**

چاپی یەك ئاست ( تەخت)

764

**الطباعة المستوية الكرومية**

چاپی ڕووکەشی یەك ئاست

765

**طباعة الحفر على المعادن**

چاپ هەڵکۆڵین لەسەر کانزا

766

**طباعة النقش على النحاس**

هەڵکۆڵین لەسەر مس

767

**طباعة الحفر بالابر على المعادن والكليشيهات**

هەڵکۆڵین لە ڕێکای دەرزیەوە لەسەر کانزاکان

768

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

769

**المطبوعات**

وێنە چاپكراوەكان

770

**التصوير الفوتوغرافي**

وێنە گرتنی فۆتۆگرافی ( كاميرا )

771

**تقنيات أو معدات وأجهزة ومواد التصوير**

كەرەستەو ئامێرەكانی وێنە گرتن

772

**عمليات الأملاح المعدنية**

پرۆسەی ترشەلۆكە كانزاييەكان لە وێنە گرتندا

773

**عمليات الطبع والتحميض الملون**

پرۆسەی چاپكردن و شتنەوەی ڕەنگاو ڕەنگ

774

**التصوير بالموجات الضوئية**

وێنە گرتن بە شەپۆلی تيشك

775

**غير مستخدم**

بەكار نەهاتووە

776

**غير مستخدم**

بەكار نەهاتووە

777

**غير مستخدم**

بەكار نەهاتووە

778

**مجالات تصوير معينة**

بوارەكانی وێنە گرتن بە دياريكراوی (سنوردار)

779

**الصور ومجموعات الصور**
وێنەو کۆمەڵە وێنەی فۆتۆگرافی
780
**مباديء الموسيقى العامة**
بنەماکانی مۆزیکی گشتی
781
**قواعد عامة وأشكال موسيقية**
بنەما گشتیەکان و شێوازی مۆزیك
782
**الموسيقى الغنائية**
مۆزیکی گۆرانی
783
**موسيقى الغناء الفردي**
مۆزیکی دەنگی تاك
784
**الالات والفرق الموسيقية**
ئامێرو تیپە مۆزیکەکان
785
**الفرق الموسيقية ذات الاله الواحدة**
تیپە مۆزیکیەکان ئەوانەی یەك ئامێر بەکار دێنن
786
**الالات الموسيقية ذات المفاتيح**
ئامێرە مۆزیکیە کلیل دارەکان
787
**الالات الموسيقية الوترية**
ئامێرە مۆزیکیە ژێدارەکان
788
**الات النفخ وموسيقاها**
ئامێرە فودارەکان
789

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

790

**الفنون الترفيهية**

هونەرەکانی  کات بەسەر بردن

791

**الترفية العام ( السينما ،  الاذاعة ، التلفزيون )**

کات بەسەربردنی گشتی وەك ( سینەما ،  ڕادیۆ ،  تیڤی )

792

**العروض المسرحية**

نمایشکاری شانۆ

793

**الالعاب المنزلية**

یاریەکانی ناوماڵ

794

**ألعاب  المهارة المنزلية**

یاریی  لێهاتوەکانی ناوماڵ

795

**العاب الحظ**

یاری بەخت

796

**الالعاب الترفية الرياضية**

یارییەکانی کات بەسەر بردن لە دەرەوەی ماڵ

797

**الالعاب  المائية والجوية**

یاری یە  ئاوی و هەواییەکان

798

**الفروسية  وسباق الحيوانات**

سوارچاکی و پێشبڕکێی  ئاژەڵان

799

**الصيد والرماية / صيد الأسماك والحيوانات**

ڕاوکردن و  نیشان شکاندن ( ڕاوکردنی ماسی و ئاژەڵەکان )

800

**الأدب**

وێژە

801

**فلسفة ونظريات**

فەلسەفەو تیۆرییەکان

802

**منوعات الادب**

جۆراو جۆرەکانی  ئەدەب

803

**معاجم وموسوعات الادب**

وشەدان و فەرهەنگەکان

804

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

805

**الدوريات الادبية**

خولاوە  ئەدەبیەکان

806

**الجمعيات  الادبية**

کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئەدەبیەکان

807

**التعليم والبحث والموضوعات ذات الصلة**

فێر کردن و توێژینەوەو بابەتی پەیوەندیدار

808

**فن  الكتابة  والانشاء**

هونەری  نوسین و داڕشتن / ڕەوانبێژی

809

**تاريخ  وصف ونقد الادب بشكل عام**

ميْژووى ڕەخنەى ئەدەبى بە شێوەيەكى گشتى

810

**الادب العربي**

ئەدەبى عەرەبى

811

**أشكال  الادب العربي**

جۆرەكانى ئەدەبى عەرەبى

812

**المسرحيات العربية**

شانۆگەريە عەرەبيەكان

813

**القصة والرواية  العربية**

چيرۆك و ڕۆمان

814

**المقالات الادبية العربية**

وتارى ئەدەبى

815

**الخطب العربية /الخطابة**

وتاربێژى

816

**الرسائل  الادبية  العربية**

نامە ئەدەبيە عەرەبيەكان

817

**الاهاجي النوادر والفكاهات العربية**

بابەتى هەجو كردن و گاڵتەو گەپى عەرەبى دەگمەن

818

**المنوعات الادبية العربية**

هەمە چەشنە ئەدەبيەكان وەك پەند ، ئامۆژگارى ، يادداشت

819

**النثر العربي**

پەخشانی عەرەبی

820

**الادب الا نجليزى والامريكى**

ئەدەبی ئینکلیزی و ئەمریکی

821

**الشعر الا نجليزى**

هۆنراوەی ئینکلیزی

822

**المسرحية الا نجليزية**

شانۆ ئینکلیزیەکان

823

**القصة الا نجليزية**

چیرۆك

824

**المقالات الا نجليزية**

وتارە ئینگلیزیەکان

825

**الخطب الا نجليزية / الخطابة**

وتار بێژی

826

**الرسائل الا نجليزية**

نامە ئینگلیزیەکان

827

**الاهاجي والفكاهات الا نجليزية**

بابەتی هەجو کردن و گاڵتەو گەپ

828

**متفرقات ومنوعات الادب الا نجليزى**

هەمە چەشنەکانی ئەدەبی ئینگلیزی

829

**الاداب الا نجلوسكسونية**

ئەدەبی  ئەنگلۆسکسونی

830

**اداب اللغة الالمانية**

ئەدەبی ئەڵمانی

831

**الشعر**

هۆنراوە

832

**المسرحية**

شانۆ

833

**القصة**

چیرۆك

834

**المقالة**

گوتار

835

**الخطب**

ووتار بێژی

836

**الرسائل**

نامەکان

837

**الاهاجي والفكاهات**

داشۆرین و گاڵتەو گەپ

838

**منوعات الادب الالماني**

هەمە چەشنەکانی ئەدەبی ئەڵمانی

839

**الاداب الالمانية الاخرى**

ئەدەبی ئەڵمانی تر

840

**آداب اللغة الفرنسية**

ئەدەبی فەرەنسی

841

**الشعر**

هۆنراوە

842

**المسرحية**

شانۆ

843

**القصة**

چیرۆك

844

**المقالة**

گوتار

845

**الخطب**

وتار بێژی

846

**الرسائل**

نامەكان

847

**الفكاهات والاهاجي**

گاڵتەو گەپ

848

**المنوعات**

هەمە چەشنە

849

**الاداب الفرنسية الاخرى**

ئەدەبی فەرەنسی تر

850

**آداب اللغة الايطالية**

ئەدەبی ئیتالّی

851

**الشعر**

هۆنراوه

852

**المسرحية**

شانۆ

853

**القصة**

چیرۆك

854

**المقالة**

گوتار

855

**الخطب**

وتار بێژی

856

**الرسائل**

نامەكان

857

**الفكاهات والاهاجي**

گالّتەو گەپ و قسەی خۆش

858

**المنوعات**

هەمە جۆر / جۆراو جۆر

859

**الاداب الرومانية**

ئەدەبی ڕۆمانی

860

**الادب الاسباني**

ئەدەبی ئیسپانی

861

**الشعر**

هۆنراوە

862

**المسرحية**

شانۆ

863

**القصة**

چیرۆك

864

**المقالة**

ووتار

865

**الخطب**

ووتار بێژی

866

**الرسائل**

نامەكان

867

**الاهاجي والفكاهات والنوادر**

داشۆرین و گاڵتەو گەپ و قسەی خۆش و دەگمەن

868

**المنوعات**

جۆراو جۆرەكان

869

**الادب البرتغالي**

ئەدەبی پورتوگالی

870

**ادب اللغة اللاتينية**

ئەدەبی لاتینی

871

**الشعر**

هۆنراوە

872

**الشعر المسرحي**

هۆنراوەی شانۆیی

873

**الشعر الملحمي والروائي**

هۆنراوەی داستانەکان

874

**الشعر الغنائي**

هۆنراوەی  گۆرانی

875

**الخطب**

وتار بێژی

876

**الرسائل**

نامەکان

877

**الاهاجي والفكاهات**

داشۆرین و گاڵتەو گەپ

878

**المنوعات**

هەمە چەشنە

879

**اداب لغات لتينية اخرى**

ئەدەبی لاتینی تر

880

**الاداب الهلينية والادب اليوناني**

ئەدەبی هیلینی و ئەدەبی یۆنانی کۆن

881

**الشعر اليوناني القديم**

شیعری یۆنانی کۆن

882

**المسرحية ليونانية القديمة**

شانۆی یۆنانی کۆن

883

**الشعر الملحمي اليوناني القديم**

هۆنراوەی داستانی یۆنانی کۆن

884

**الشعر الغنائي اليوناني القديم**

هۆنراوەی گۆرانی یۆنانی کۆن

885

**الخطب اليونانية القديمة**

وتار بێژی یۆنانی کۆن

886

**الرسائل اليونانية القديمة**

نامە یۆنانیە کۆنەکان

887

**الاهاجي والفكاهات اليونانية القديمة**

گاڵتەو گەپی یۆنانی کۆن

888

**منوعات اليونانية القديمة**

هەمە چەشنە لە ئەدەبی یۆنانی کۆندا

889

**الادب اليوناني الحديث**

ئەدەبی یۆنانی کۆن

890

**اداب اللغات الاخرى**

ئەدەبی زمانەکانی تر

891

**اداب اللغات الهند اوروبية**

ئەدەبی زمانەکانی هندو ئەوروپی

892

**الاداب الافرو اسيوية ( الحامية – السامية )**

ئەدەبی ئەفرۆ ئاسیاوی

893

**الاداب الحامية التشادية ( اللاسامية )**

ئەدەبی حامی تشادی ( نا سامی یەکان )

894

**اداب اللغات الاورالية والدرافيدية**

ئەدەبی زمانی ئۆرالی و درافیدییەکان

895

**الاداب الصينية التبتية**

ئەدەبی صینی و تبتی

896

**الاداب الافريقية**

ئەدەبی ئەفریقی

897

**اداب اللغات الوطنية في امريكا الشمالية**

ئەدەبیاتی زمانی نیشتمانی لەئەمەریکای باکوور

898

**اداب اللغات الوطنية في امريكا الجنوبية**

ئەدەبیاتی زمانی نیشتمانی لە ئەمەریکای باشووردا

899

**اداب لغات اخرى**

ئەدەبی زمانەکانی تر

900

**التاريخ والجغرافيا العامة**

مێژوو جوگرافیا گشتیەکان

901

**فلسفة التاريخ العام**

فەلسەفەو مێژوو بە گشتی

902

**منوعات التاريخ العام**

بابەتی جۆراو جۆر لە مێژوودا

903

**معاجم التاريخ العام**

وشەدان و فەرهەنگ لە مێژوودا

904

**الوقائع المجمعة عن الاحداث**

ڕووداوە کۆکراوە مێژووییەکان

905

**دوريات التاريخ العام**

خولاوەکانی مێژووی گشتی

906

**منظمات التاريخ العام**

ڕێکخراوەکان

907

**البحث والتعليم والعلوم المتصلة**

توێژینەوەو فێرکردن و زانستی پەیوەست بە مێژووەوە

908

**التاريخ المرتبط بانواع معينة من الاشخاص**

مێژووی پەیوەست بە جۆرە کەسایەتیەکانەوە

909

**التاريخ العام للعالم وحضارته**

مێژووی جیهان و شارستانیەتەکان بە گشتی

910

**الجغرافية العامة والرحلات**

جوگرافیای گشتی و گەشتەکان

911

**الجغرافية التاريخية**

جوگرافیای مێژووی

912

**الخرائط والاطالس**

نەخشەو ئەتڵەس و ڕووبەری زەوی

913

**جغرافية العالم القديم**

جوگرافیای جیهانی کۆن ( شوێنەوارە دێرینەکان)

914

**جغرافية ورحلات اوروبا**

جوگرافیاو گەشتەکانی ئەوروپا

915

**جغرافية ورحلات اسيا**

جوگرافیاو گەشتەکانی ئاسیا

916

**جغرافية ورحلات افريقيا**

جوگرافیاوگەشتەکانی ئەفریقیا

917

**جغرافية امريكا الشمالية**

جوگرافیای ئەمەریکای باکوور

918

**جغرافيا امريكا الجنوبية**

جوگرافیای ئەمەریکای باشوور

919

**جغرافية المناطق الاخرى**

جوگرافیای ناوچەکانی تر

920

**التراجم والأنساب**

ژیاننامەی کەسایەتیەکان - ڕەچەڵەك ناسی

921

**ترجم الفلاسفة وعلماء النفس**

ژیاننامەی فەیلەسوفەکان و زانایانی بواری دەروناسی

922

**رجال وعلماء الدين**

پیاوان و زانایانی ئایینی

923

**رجال العلوم الأجتماعية**

پیاوانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

924

**اللغويون**

زمانەوانان

925

**العلماء**

زانایان ( زانستکار)

926

**التكنولوجيون**

پیاوانی تەکنە لۆجی

927

**الفنانون والرياضيون**

هونەر مەندان و وەزرشکاران

928

**الادباء والنقاد والمؤرخون والجغرافيون**

ئەدیب و ڕەخنە گران و مێژوو نووسان و جوگرافیا ناسان

929

**الانساب والاسماء والشارات**

بنەچەو ڕەچەڵەك

930

**تاريخ العالم القديم**

مێژووی جیهانی دێرین

931

**تاريخ الصين القديمة**

مێژووی چینی دێرین

932

**تاريخ مصر العربية**

مێژووی میصری عەرەبی

933

**تاريخ فلسطين القديمة**

مێژووی فەلەستینی دێرین

934

**تاريخ الهند القديمة**

مێژووی هندی دێرین

935

**تاريخ العراق وايران القديمة**

مێژووی عێراقی و ئێرانی دێرین

936

**تاريخ شمال اوروبا وغرب ايطاليا**

مێژووی باکووری ئەوروپاو ڕۆژ ئاوای ئیتالیا

937

**تاريخ ايطاليا القديمة والمناطق المجاورة حتى عام 476م**

مێژووی ئیتالیای دێرین و ناوچەکانی دەوروبەری تاساڵی 476 ز

938

**تاريخ اليونان القديمة حتى عام 323 م**

مێژووی یۆنانی دێرین تا ساڵی 323 ز

939

**اجزاء العالم  القديم الاخرى حتى عام 640 م**
ناوچەکۆنەکانی تری جیهان تاساڵی 640 ز
940
**تاريخ اوروبا ودولها**
مێژووی  ئەوروپاو  وولاَتەکانی
941
**الجزر البريطانية**
دورگەکانی شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
942
**ا نجلترا وويلز**
ئینگلەراو وێلز
943
**اوروبا الوسطى – المانيا –**
ئەوروپای ناوەڕاست – ئەڵمانیا
944
**فرنسا وموناكو**
فەرەنساو مۆناکۆ
945
**شبه جزيرة ايطاليا والجزر المجاورة**
نیمچە دورگەی ئیتالیاو دورگەکانی دەوروبەری
946
**اسبانيا والبرتغال**
ئیسپانیاو پورتوگال
947
**الا تحاد السوفياتي ( اوروبا الوسطى )**
یەکێتی سۆفیەت ( ئەوروپای ناوەڕاست )
948
**الدول الاسكندنافية**
وولاَتانی  ئەسکەندەنافیا ( سوید – نەرویج – دانیمارك – فلنەندا )
949

**أماكن أجزاء أخرى من اوروبا**

ناوچەکانی تری ئەورووپا

950

**تاريخ أسيا ودولها ( الشرق الأقصى )**

مێژووی ئاسیاو وولاتانی ( خۆر هەلاتی ناوەڕاست )

951

**الصين والمناطق المجاورة**

چین و ناوچەکانی دەوروبەری

952

**تاريخ اليابان**

مێژووی یابان

953

**تاريخ تركيا وقبرص**

مێژووی تورکیاو قوبروس

954

**تاريخ الهند وجنوب اسيا**

مێژووی هندو باشووری ئاسیا

955

**تاريخ ايران**

مێژووی ئێران

956

**تاريخ الشرق الاوسط**

مێژووی خۆر هەلاتی ناوەڕاست

957

**تاريخ سيبريا ( روسيا الاسيوية )**

مێژووی سیبریا ( ڕوسیای ئاسیاوی )

958

**تاريخ اسيا الوسطى**

مێژووی ئاسیای ناوەڕاست

959

**تاريخ  جنوب شرق اسيا**
میژووی خۆر هەلاتی ئاسیا
960
**تاريخ افريقيا ودولها**
میژووی  ئەفەریقاو  وولاتەکانی
961
**تاريخ تونس وليبيا**
میژووی  تونس و لیبیا
962
**تاريخ  مصر**
میژووی میسر
963
**تاريخ  السودان  وأثيوبيا وأريتريا**
میژووی  سۆدان و حەبەشەو ئەریتریا
964
**تاريخ المغرب وجزر الكناريا**
میژووی  مەغریب و  دورگەکانی (کەناریا)
965
**تاريخ الجزائر**
میژووی جەزایر
966
**تاريخ افريقيا الغربية  والجزر الساحلية**
میژووی ئەفەریقیای خۆر ئاواو دورگەکانی  کەناری
967
**تاريخ افريقيا الوسطى والجزر الساحلية**
میژووی ئەفەریقیای ناوەڕاست و دورگەکانی کەناری
968
**تاريخ  جمهورية جنوب افريقيا ، افريقيا الجنوبية**
میژووی  کۆماری باشووری ئەفەریقیا ، ئەفەریقیای باشوور
969

**تاريخ جزر المحيط الهندي الجنوبية**

مێژووی دورگەکانی زەریای هێمنی خواروو

970

**تاريخ امريكا الشمالية ودولها**

مێژووی ئەمەریکای باکوورو وولآتەکانی

971

**تاريخ كندا**

مێژووی کەنەدا

972

**تاريخ المكسيك وامريكا الوسطى**

مێژووی مەکسیك و ئەمەریکای ناوەڕاست

973

**تاريخ الولايات المتحدة الامريكية**

مێژووی وولآتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

974

**تاريخ الولايات الشمالية**

مێژووی ولایەتە یەکگرتوەکانی باکوور

975

**تاريخ الولايات الجنوبية**

مێژووی ولایەتە کانی باشوور

976

**تاريخ الولايات الوسطى الجنوبية**

مێژووی ولایەتەکانی ناوەڕاست و باشوور

977

**تاريخ الولايات الوسطى الشمالية**

مێژووی ولایەتەکانی ناوەڕاست و باکوور

978

**تاريخ الولايات الغربية**

مێژووی ویلایەتەکانی خۆر ئاوا

979

**تاريخ  ولايات ساحل المحيط الهادي**

مێژووی  ولایەتەکانی  کەنار زەریای هێمن

980

**تاريخ امريكا الجنوبية ودولها**

مێژووی  ئەمەریکای  باشوورو وولاتەکانی

981

**تاريخ البرازيل**

مێژووی  بەرازیل

982

**تاريخ الأرجنتين**

مێژووی ئەرجەنتین

983

**تاريخ  تشيللي**

مێژووی  شیللی

984

**تاريخ  بوليفيا**

مێژووی  پۆلیڤیا

985

**تاريخ  بيرو**

مێژووی  پیرۆ

986

**تاريخ  كولومبيا والاكوادور**

مێژووی  کۆلۆمبیاو  ئەکوادۆر

987

**تاريخ  فنزويلا**

مێژووی  فەنزەویللا

988

**تاريخ  جوايانا**

مێژووی  جوایانا

989

**تاريخ البارا جواي والاوروغواي**

مێژووی پاراگوای و ئۆرگوای

990

**تاريخ اجزاء العالم القديم**

مێژووی بەشەکانی تری جیهانی دێرین

991

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

992

**غير مستخدم**

بەکار نەهاتووە

993

**تاريخ نيوزيلندا وميلانيزيا**

مێژووی نیوزیلەندا و میلانیزیا

994

**تاريخ استراليا**

مێژووی ئۆستراليا

995

**تاريخ جوايانا الجديدة وميلانيزيا**

مێژووی جوایانای تازەو میلانیزیا

996

**تاريخ مناطق اخرى في المحيط الهادي**

مێژووی ناوچەکانی تری زەریای هێمن

997

**جزر المحيط الاطلسي**

دورگەکانی زەریای ئەتڵەسی

998

**تاريخ الجزر القطبية والقارة القطبية الجنوبية**

مێژووی ناوچەی دورگەکان و کیشوەری بەستەڵەکی باشوور

999 **تاريخ العوالم غير الأرضية** مێژووی بۆشایی ئاسمان .

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان**

- ئەسعەد جەباری، سەرەتایەك بۆ مێژووی ئامێری چاپ- چاپی 1، کەرکوك(ب، ب) 2009
- جەمال نەبەز ،وەرگێڕانی هونەرە . (ب-ش)(ب.ب) 1958
- حوسێن یەعقوبی، زمانی وەرگێڕان و پەیوەندییە کلتوورییەکان
- حەمەدیان ، مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لە کتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا-سلێمانی:مەکتەبی بیروهۆشیاری کۆمەلایەتی، 2008.
- روپاك غفور سعید، بەرەو کتێبخانەیەکی سەردەمییانە – کۆنفرانسی یەکەمی کتێبخانەو زانیارییەکان ، هەولێر 2006
- سوند دال. مێژووی کتێب - وەرگێڕانی ئەدهەم ئەمین. هەولێر: دەزگای موکریان، 2008.
- سەریاس عەلی، هەژاریی کتێبخانەی کوردی لەڕووی دەستنووسەوە، لێکۆڵینەوە
- شاهۆ عوسمان ، دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری – هەولێر، چاپخانەی شەهاب 2009
- فەهیم مستەفا،وەرگێرانی یاسن قادر بەرزنجی ، پۆلێنی کتێب.- هەولێر : چاپخانەی شەهاب ،2012.
- فەرهاد پیربال ، باسێك لە رۆژنامەی کوردییەوە
- لەتیف هەڵمەت ، باخی کتێب – کەناڵی ئاسمانی کوردسات
- کمال مظهر احمد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا - بەغداد / 1978.
- کەیوان ئازاد. کورد لەنێوان چەك و قەڵەم. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی2006
- مارف ناسراو، مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی. سلێمانی) ب. ب( ، 2009
- مەحموود عەزیز حەسەن. ژیانی فەقێ و دەنگی فەقێ.ـ سلێمانی: چاپخانەی شڤان ، 2008
- هەژار موکریانی. چێشتی مجێور/ هەژار موکریانی - پاریس:﴿ب. ب﴾، 1991

# گۆڤارو ڕۆژنامەکان


- ئەرخەوان. کتێبخانە گشتییەکان لەبەردەم سەدەی بیستەمدا. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی، 2006
- ئەرخەوان. لە بەردەم دەروازەکانی سەدەی 21دا. گۆڤاری دژنبشت، ژمارە 4، ساڵی 2007
- بهنام اوند. (گەڕان بەدوای حەقیقەت و وشەدا). گۆڤاری سەردەم، ژمارە 24ساڵی 200
- تەها ڕەئوف کەریم. منداڵ و میدیا و کتێبخانە. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی 2006
- حەمەد محەمەد ، گە نجینەی نوزێ ، گۆڤاری دژنبشت – ژ (1) ، سأڵی 2004
- رزگار حسن غفور، کتێبخانەی گەڕۆك –گۆڤاری دژنبشت، ژ3 ساڵی 2004
- رو پاك غفور سعید ، مێژووی کتێبخانەکانی کوردستان- گۆڤاری دژنبشت ، ژ 4 ساڵی 2007
- کەیوان ئازاد. کورد لەنێوان چەك و قەڵەم. گۆڤاری دژنبشت ژمارە 3، ساڵی2006
- مەحمود ئەحمەد محەمەد ، گۆڤاری رۆشتنبیری نوێ – ژ 102 ساڵی 1984
- هاشم ساڵح، . (وەرگێڕان و زانستە مرۆڤایەتییەکان) دەزگای سەردەم ژمارە (19) ساڵی 2002
- یاسین فەقێ سەعید، تیۆرە مێژووی وەرگێڕان – گۆڤاری سەردەم، ژ 2 ساڵی 1999


# چاوپێکەوتن وسوود وەرگرتن لە تیڤیەکان


* باخی کتێب، /کەناڵی کوردسات کتێبخانەی تایبەت، 2009

* چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاکە حەمەی مەلا کەریم ڕۆژی 2010/2/14

* عیزەددین مستەفا رەسوڵ ، بەرنامەی باخی کتێب – بەشی دووەم ، کەناڵی کوردسات ، -2009

* PUK TV ناسری حیسامی، چاوپێکەوتن لە کەناڵی سلێمانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان

*2010 مکتبه السجن - www. Google.com /Arabic info. Com


# سەرچاوە عەرەبییەکان


- أحمد بدر، المكتبات الجامعية – القاهرة ، (د.ت).
- إنترنيت - حج نيوز- مسجلة معلوماتية ــ المكتبة المستنقلة
- برنامج من العراق- قناة الجزيرة الفضائية، 2004
- بي بي سي العربية. ألمتحف العراقي سيستقبل الزوار مجدداً 2009/2/23. ــ عمان: مكتبة البشائر، 1988.

- ربحى مصطفى عليان، تنقية وتقييم المجموعات فى المكتبات ومؤسسات المعلومات – ط1 – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع
- ربحى مصطفى عليان، مبادىء ادارة المكتبات ومراكز المعلومات – عمان دار صفاء للنشر والتوزيع 2005
- حسن رشاد ، المكتبات العامة في القاهرة- القاهرة- المؤسسة العربية العامة 2003
- حسان حلاق ، الارشيف والوثائق والمخطوطات – ط 1 – بيروت، دار النهضة العربية 2008
- حسن عبدالله ، الاجرائات الفنية في المكتبات ومراكز المعلومات، التزويد، الفهرسة ، التصنيف – عمان : مكتبة البشائر 1988
- سعيد محمد السعيد ، مكتبات السجون والموسسات الاصلاحية - القاهرة -1997
- سلوى نظيف الشاوى، المكتبة فى خدمة الفكر القومى التقدمى –مكتبة فى المستشفى و الردهة، جامعة السليمانيية، 1980
- فؤاد يوسف قزانجـي. ألمكتبــة الوطنيية و إفــاق تطـورهـــا/ تـأليف فؤاد يوسف قزانجـي، بغــداد: دارالحريــة، 1977
- سعد محمد الحمجرسي. المكتبـــات و المعلـــومـــات بالمـدارس و الكليـات ـ ط2. قـاهرة: دار المصريـــــة اللنانيية، 2001.
- شعبان عبدالعزيز خليفة. ألعلاج بالقراءة أو البيليوثيـرابـيـا ـ ط1. قـاهرة: دارالمصرية اللبنانيية، 2000
- عامر ابراهيم قنديلجى والاخرون، الكتب والمكتبات، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – بغداد، مكتبة الرواد – 1982
- عبدالكريم الامين والاخرون ، الاجرائات المكتبية / الموصل، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، 1980
- عبدالله اسماعيل الصوفي، التكنولوجيا الحديثة ومراكز المعلومات – عمان ، دار المسيرة للنشر والتوزيع – 2001
- عبدالله انيس الطباع ، علم المكتبات ، الادارة والتنظيم – بيروت ، دار الكتاب اللبنـانـي – (د.ت
- عبدالحافظ سلامة، اساسيات علم المكتبات والمعلومات – عمان ، مطبعة الاصلية للنشر، 2002
- عبدالحافظ سلامة، تنمية المجوعات المكتبية – عمان ،اليازورى، 2003
- عبدالرحمن شعبان عطيان. أمـن الوثائـق والمعلـومـــات. ريـــاض: مـركــزللبحـــوث، 2004.
- علي بن سيب السباعي. مكتبــــات المســاجـد ـ الريـــــاض: مركز الملك فيصـل للبحـــوث والدراســات الإسلاميـــة، 2006
- عمر احمد هنشهرى ، مدخل الى علم المكتبات والمعلومات – عمان دار الصفاء – 2008

- **غالب عوض النواسية ، تنمية المجموعات المكتبية – ط** 2 **– عمان، دار الفكر** 2002
- **فضل كليب، المخطوطات والدليل العلمي والعملى للفهرسة**
- **ماجد مصطفى شامان الدبيسي ، علم المكتبات وما يحتاجه امين المكتبة – عمان – دار الفرقان** 2004
- **محمد ابراهيم الشيباني، المخطوطات العربية فى العالم واماكن وجودها –ط** 1**- الكويت ، دار العربية** 1988
- **محمد فتح عبدالهادى،المكتبات و المعلومات فى العالم الجديد. –قاهرة ، دارالمصرية اللبنانيية –** 2007
- **محمد عوض العايدى ،موسوعة فى التصنيف العشرى .ط** 1 **.-الجيزة : مكتبة الاكادمية ،**2000
- **محمود صالح اسماعيل، محاضرات في علم المكتبات والمعلومات- عمان ، الاهلية للنشر** 2004
- **محمود صالح ئيسماعيل. محاضرات في مبادئ علم المكتبات ـ ج**2**. بغداد: مكتب الرواد للطباعة،** 1982
- **مصطفى مرتضى ،المخطوطات العراقية – بغداد، مطبعة العمال المركزية ،** 1986
- **مصطفى مرتضى الموسوي و(الآخرون). . ألمخطوطات العربية- بغداد: مطبعة العمال المركزية،** .1986
- **مصطفى مرتضى موسى ، المخطوطات العربية – بغداد مطبعة العمال المركزية،** 1986
- **نزار محمد القاسم ، اختيار المواد المكتبية – بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر،د.ت**
- **هانم عبدالرحيم ابراهيم ، تأريخ الكتابة والمكتبات وأوعية المعلومات – مركز الاسكندرية للكتاب- الاسكندرية ،** 2005

* **الموقع الاليكترونى – المكتبة المتنقلة الامريكية،** 2011